

مەحموود دەوڵەت ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی نۆیەم



ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# گەلیدەر

وەرگێڕانی: سـیامەند شاسـواری

## زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ــ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی نۆیەم

٢٧٠٩

**کەلیدەر**

بەرگی نۆیەم

٢٧١٠
کەیدەر
بەرگی نۆیەم

# بەشی بیست و پێنجەم

٢٧١٢
کەلیدەر
بەرگی نۆیەم

## بەندی یەکەم

کاتی جۆی ئەسپەکە؛ کازیوە.

ئەسپە سپیەکەی نادعەلی، بە سەرجلە شینکیە پەشمینەکەی داپۆشرابوو. لە ناو ئاغەڵەکەی قەراخ چاخانەی مەلەک مەنسوور، لە بوولێڵی بەیانیدا، چاوەڕوانی جۆی بەیانی، دەمی ئەملچاند، کلکی ڕائەوەشاند و ملی بۆ دەرگای ئاغەڵەکە خوارکردبوو. جۆی بەیانی. بۆ تێکردنی جۆ و ئالیک و هەروەها بۆ نوێژی بەیانی، نادعەلی ئەبوا لە خەو ڕابێت؛ بەڵام هێشتا هیچ نیشانەیەکی دیار نەبوو. نە نیشانەی بەرەک و هەنگاوەکانی خاوەن ئەسپ و، نە نیشانێک لە دەنگ و کۆکەی. بۆیە ئەسپە سپی، تامەزرۆی دیداری خاوەنەکەی هەروا چاو و گوێی لە دەرگاکە بوو. ئەسپەکە پیٚئەچوو وردە وردە جاڕس ئەبێ. بە دڕدۆنگیەوە لە سەر لێواری دیوارەکەوە سەری ڕائەکێشا بۆ مەیدانەکەی بەر چاخانەکە و ملچەی ئەکرد. لە سەر ناڵ و سم، ئەجووڵا و ئۆقرەی نەمابوو. خاوەن ئەسپ بەڵام هێشتاش دیار نەبوو و وەک بڵێی خوماری نەشەی دوێشەو لە ناو جێگەدا تل ئەدا.

لێرە و لەوێ هەندێ دەنگ ئەبیسرا، بەڵام ئەو دەنگانە بە گوێی ئەسپەکەی نادعەلی غەوارە بوون. ئەو دەنگانە جیاواز بوون لە دەنگی هەنگاوە ئامۆکانی نادعەلی لە گوێی ئەسپەکەدا. دەنگەکان پەرش و بڵاو؛ بە نیشانەی دەسپێکردنی

کاری چاخانە؛ قەنەفەکانی بن دارتووە دێرینەکە ڕێک ئەخران. خەڵووزی ناو تاوڵەمە ئەسووڕایەوە و وژژەی ئەهات. ئاوپرژێنی سەکۆ و مەیدانی بەر چاخانەکە ئەکرا. دەنگی شۆردنی پیاڵە و ژێرپیاڵە، شنەی با لە سەر جۆگەکەوە لەگەڵ خۆی ئەیهێنا؛ دەنگی وشکە کۆکەکان سروە لەگەڵ خۆی ئەیهێنان، بەڵام هیچکام لەمانە نیشانە و دیاردەی نادعەلی نەبوون.

ئەو کەسەیبەر لە خۆرهەڵات ڕابووو و بۆ وەڕێخستنی کاروباری چاخانەکە کەوتبوویە هاتوچۆ، موغیلان بوو. شاگردە تەمەن ناونجی و بە ئەزموونەکەی چاخانەی مەلەک مەنسوور. پیاوێکی سپیکەڵانەی وردیلە بە لووتێکی بچووک و باریک، چاوانی ڕوون و هۆشمەند، هەنیەی ساف، گوێی ناسک و پان، ملی باریک و سمێڵی کورت و نەرم.

موغیلان لە کارکردندا نەرم وسووکەڵە بوو و، گورج و چالاک. گیوەکانی هەرچەند کۆن بوون، بەڵام چەسپی پێی بوون و لە هەموو کاتێکدا پاژنەکانی هەڵکێشرابوو. جلوبەرگی شۆڕاو و، هەمیشە تازەنما بوو. زستان و هاوین سەرقۆڵەکانی تا بن ئانیشک هەڵکردبوو و، دەستە سپیەکانی ئامادەی کار بوون. دەسرە گەورە هەورێشمەکەی کە بە زۆری بە سەر شانی چەپیەوە بوو، لە بەر ئەوەی هەموو شەوێک و جارجارە لای نیوەرۆش شۆڕابوو، شی ببوویەوە و ناوبەناو کونیش ببوو. مەلەک مەنسوور نەک هەر لە بەر کارشیرینی و وردبوون لە کارکردندا، بەڵکوو بە هۆی هۆش و زیرەکی لە کرداردا، لە چاخانەکەی خۆی ڕایگرتبوو و ئەکرێ بوترێ نیشتەجێی کردبوو. چونکە موغیلان بە هەمان ڕادە کە گورج و خاوێن بوو، سرکیش بوو. ئەوترا موغیلان تا گەیشتۆتە ئەم تەمەنەی، هەر ساڵە، کار و پیشەیەکی هەبووە. بەڵام ئەمجارەیان مەلەک مەنسوور، بەپێی ئەوەی کە بە بوونی موغیلان ئەیتوانی بیری لەمەڕ چاخانەکەی ئاسوودە بێ، ئەتوت بڕیاری داوە موغیلان پێبەند بکا و لە سەر کارەکەی

بیهێڵێتەوە.

موغیلان مەنگەڵە تەنکەکەی لە سەر پێشخانەکە ڕاوەشاند. قۆریە گەورەکەی خستە بن شێری سەماوەرەکە و لای خۆڵەمێشی مەنگەڵەکە جێگەی بۆ کردەوە و سەری بەرەو ئەو دەنگەی لە سووچی چاخانەکە، لە پشت پەردەی دەرگاکەوە هاتبوو، سووڕاند و بەیانی باشی لە نادعەلی کرد.

نادعەلی چوارگوێشلی پەردە سوورە چڵکنەکەی لادابوو و باوێشک بە دەمیەوە لە ناو دەرگاکەدا ڕاوەستابوو. پشتی دەستی گرتبوو بەبەر دەمیەوە و پێڵووەکانی نیشتبوون و برۆکانی کۆوە ببوون. باوێشکەکەی درێژەی هەبوو. بۆیە سەر و کاکۆڵ و سینە و شانەکانی کشاندەوە، چەند جارێک مستی کوتا بە تەختی سینەیدا و لە ئەنجامدا لە ناو دەرگاکەوە پێی نایە ناو چاخانەکە. پەردە سوورە چڵکنەکە لە پشت سەریەوە بەربوویەوە و دادرایەوە. بە ناو چاخانەکەدا بە مەبەستی چونە دەرەوە، بە تلاوتل بە ناو کورسی و قەنەفەکاندا بە چەند هەنگاو تێپەڕی و نزیک پێشخانەکە، دەستی گرت بە باڵشمەی دەرگاکەوە و ڕاوەستا تا لە بەر سروەی بەیانیدا باوێشکەکەی تەواو بکات. باوێشک و دیسانیش باوێشک. گێژ بوو و قورس بوو. چاوەکانی لە لێڵەوە ئەهات و بە ناچاری تەوێڵی خەواندە سەر قۆڵی و بەو جۆرە تاوێک مایەوە بەڵکوو لێڵایی لە چاوان و، کاسیی لە سەری بتەرێنێ و خۆی لە بەیانی بەرئاوەڵەدا ببینێتەوە.

ـ پیاڵەیەک ناشتاییت بۆ بهێنم ئەرباب؟!

نادعەلی سەری لە سەر قۆڵی و، دەستی لە چوارچێوەی دەرگاکە کردەوە، پێی نایە سەر سەکۆی بەر چاخانەکە و لەشی ماندووی بەردایەوە بۆ مەیدانەکە. بەڵام نەیتوانی بڕوا و نزیک پیرە دارتوو کە ئیتر گەلای پێوە نەمابوو، بە دژواری خۆی گرتەوە. جارێکیدی چاوەکانی بە هەر دوو دەست داپۆشی و ئەمە لە کاتێکا بوو کە بەژنی کشاوی بە لەرەیەکی نەرم، ناخودئاگا بەر

و دوای ئەکرد؛ وەک نەمامی شمشاڵ لە بەر سروەی با.

شنەی با، فریادرەس بوو. فێنکی بەیان، پێوە بوو تا کاسیی لە سەر و، سستی لە لەشی پیاو دوور بکاتەوە. نادعەلی هەستی کرد ئەتوانێ بە چاوی ئاوەڵەوە ڕابوەستێ. دەستەکانی لە ڕوومەتی کردەوە، پێڵوەکانی ڕێک هێنا و ئاوی تێزاوی برژۆڵەکانی سڕییەوە. دەستی دایە هەڵکردنی قۆڵی و بەرەو پیرە دارتوو ڕۆیشت. لە سەر جۆگەی ئاوەکە، لە پشت قەدی دارەکە کەوتە دەسنوێژگرتن، بە دەم هەڵکردنی قۆڵی ڕاستیەوە.

مڵچە مڵچی ئەسپەکە، نادعەلی ڕاگرت. ئاوڕی دایەوە و ڕوخساری ئەسپەکەی لە سەر دیواری ئاغەڵەکەوە سەیر کرد. ئەسپەکە، تیژ و پرسێنەر لە خاوەنەکەی ئەڕوانی. نادعەلی دوو سێ هەنگاوێک بەرەو ئەسپەکە چوو، بەڵام نەچوو و گەڕایەوە بۆسەر جۆگەکە. ئەسپەکە دیسانەوە مڵچاندی و خاوەنەکەی دڕدۆنگ کرد و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشایەوە. ئەمجار ئەسپەکە گوێی قوت کردبوو ئەتوت بەس لە نادعەلی ئەڕوانێ. نادعەلی خۆی پێ ڕانەگیرا و ناخودئاگا بەرەو گەوڕەکە چوو، دەستی هێنا بە یاڵی ئەسپەکەدا، تەوێڵی بە نینۆک خوراند و پێی‌وت:

ــ خۆت ڕابگرە، برارەکەم. مووچە مووچ مەکە، تا چاشتەکەت بۆ ئەهێنم!

پاشان لە ئەسپەکە گەڕا. باڵەکانی کەسەخەکەی لە ناو دەستی‌دا گرت و تیژ خۆی کرد بە چاخانەکەدا و دەسبەجێ بەقاپێک جۆوە گەڕایەوە. چووە ناو ئاغەڵەکە، بۆی داکرد و هاتە دەرەوە و ڕۆیشت قاپەکە بخاتەوە شوێنی خۆی.

ئەمجار بیرئاسوودە و سووکەڵە لە چاخانەکە هاتە دەرەوە، لە سەر سەکۆکەی بەردەرگا ڕاوەستا، ڕوخسار و کاکۆڵی دا بە دەم گەستنی شیرینی شنەی باوە کە خۆش ئەشنیەوە. لە سەکۆکە دابەزی و لە ناو مەیدانەکە لە بن ئاسمانی بەربەیانی‌دا

ڕاوەستا. نیگای بڕییە سینەکێشی سامالّی ئاسۆی ڕۆژهەلأت کە نەرمە نەرمە ڕەنگی ئەگۆڕا و، ئەکرا ڕسکانی خۆش ڕسکی ڕەنگەکان لە ناخی شینی ڕۆژهەلأت، کە ئەوەندە سەرخۆش و شەنگ ئەرسکان، بەچاو ببینێ.

نادعەلی بەرەو ئاوەکە چوو و هەنیەی بە هەنیەی سپێدەی بەیانەوە، لە لێواری جۆگەکە دانیشت و دەستی بۆ ئاوەکە برد:

ـ «لاحول ولا قوة الابالله!»

سەروپێی تەڕ کرد. پاشان هەڵسایە سەر پێ و لە کاتێکا شاقەلەکانی بەرەکەکەی لە دەور بەلەکی ئەئالأن پێی نایە سەر سەکۆکە و چووە ناو چاخانەکە، بەردەمۆرەی لە موغیلان داواکرد. وەریگرت و لە سەر تەختەکە دەستی کرد بە نوێژ خوێندن:

ـ «اللەاکبر!»

موغیلان کەوتە پەرداختکردنی چەند کوتە کاشی سەر پێشخانەکە. لە سەر لاقە ناسک و چالاکەکەی ئەجوولا و جوولأنەکەی ڕیتمێکی نەرمی هەبوو. تەنەکەی پەنیر و سەلەی هێلکە و دەبەی ڕۆن و سفرەی نانەکەی ئەبوا سەیر بکردایەت. هەروەها مەنجەڵ و فڕنەکەی ئەبوا ئامادە ببێ بۆ ئاوگۆشتی نیوەڕۆ کە گۆشتەکەی ئەبوایە مەلەک مەنسوور لە ناو ئاواییەوە لەگەڵ خۆی بهێنێ. بەلأم ئەوەی کە ئێستا ئەبوا بکرێ، دەمکردنی چا، ئەمادەکردنی بەرچایی و هەڵکردنی پەرەمێزەکە بوو کە شەوی بەرێ پڕی کردبوو لە نەوت و داینابوو. سەرەتا ئەبوا پەمپی لێبدا و پاشانیش بە تەڵە شەمچەیەک دایگیرێنێ. چونکە زۆربەی شۆفێری لۆرییەکان بۆ بەرچایی هێلکەورۆنیان ئەویست لەگەڵ ماست، یان هێلکەورۆن بە دۆشاوەوە.

موغیلان پیاڵەی چاکەی لە بەر ڕووناکی دەرگاکەدا ڕاگرت و سەیری کرد، نیو سووڕێکی دا و چاکەی نایە بەردەمی نادعەلی لە سەر مێزە تەختەکە و لێی پرسی چاشتی بۆ دابنێ؟ نادعەلی بەردەمۆرەکەی نا بە تەوێڵیەوە و دایەوە بە موغیلان. خۆی لە ناو

بەرەکەکەیدا کۆکردەوە و وتی:

ــ ئەم کون و کەلەبەرانە چ بایەکی لێوەدێ! جارێ مەنگەڵێک ئاگر بهێنە، پاشانیش، هێلکەورۆن.

موغیلان بەرەو پێشخانەکە گەڕایەوە و وتی:

ــ دەرگاکان توەندەرتوون ئەرباب، بۆیە ئەبێ بە کووران!

نادعەلی کلۆ قەندەکەی خستە سەر زمانی و دەور و دەروونی چاخانەکەی -وەک بڵێی پێشتر بە وردی سەیری نەکردبێ- هەڵسەنگاند. ئەمسەر بۆ ئەوسەری بن دیوارەکان سەکۆی پەیوەست و ناپەیوەست، ناوبەناو چەند تاق بە پەردەی جۆراوجۆرەوە. یەک دوو کوڵەکەی گەچکاری کراو و چەند کورسی و قەنەفە. شوێنێکی وەکوو تەختی ناو گەرماو بە هەشت سووچەوە.

ــ بۆ قەلاچیمەن ئەچی ئەرباب؟

نادعەلی لە وەڵامی موغیلاندا کە خەریکی هێلکەورۆن چاکردن بوو، وتی:

ــ گەرەکمە وا بکەم!

موغیلان وتی:

ــ دەنگۆ هەیە بابقولی بوندار بۆ زەماوەنی ئەسلان خان ئەیەوێ سێ شەو و سێ ڕۆژ شایی بگێڕێ! سێ شەو و سێ ڕۆژ خواردن و سەما و دەهۆڵ و زوڕنا؟!

ــ وایە ئیتر، مرۆڤ کە هەیبوو لێی ئەوەشێتەوە!

موغیلان سینی بەرچاییەکەی نایە بەردەست نادعەلی و وتی:

ــ شەوی زاوایی، واتە پاشایی - بەو مەرجەی کە باوک بگێڕێ شایی! خۆ بیستووتە ئەمە؟

نادعەلی سینیەکەی ڕاکێشا بەردەمی و وتی:

ــ فەرموو، پارووپەک!

ــ نۆشی گیان، نۆشی گیان. بڕۆم ئاگر بهێنم.

موغیلان چووە دەرەوە و بە مەنگەڵی پشکۆوە گەڕایەوە؛ لە بەر پێی نادعەلی داینا و لەکاتێکا دەستەکانی لە بەر هاڵاوی ئاگرەکە پێکدا ئەهێنا، پرسی:

ــ دەم درێژی نەبێ وابزانم ئێوەش بانگکراون بۆ زەماوەن؟

ــ بەڵێ، بەڵێ!

موغیلان وتی:

ــ خۆشە، شایی و زەماوەن زۆر خۆشە. زۆر چاکە!

نادعەلی سەیری کرد و وتی:

ــ ئەڵێی تا ئێستە نەبوویت بە زاوا؟!

موغیلان نیگای لە ئاگرەکە و تۆزێ بە شەرمەوە وتی:

ــ خۆ وتم ئەرباب. بەو مەرجەی کە باوک کوڕەکەی بکا بە زاوا!

رانەوەستا و چوو بۆ لای پێشخانەکە، پیاڵەیەک چای بۆ خۆی تێکرد و لە بەر پێشخانەکە بەرامبەر بە نادعەلی بە پێوە ڕاوەستا و وتی:

ــ ئێوە زەماوەنتان کردووە، ئەرباب؟

ــ نەء!

موغیلان کڵۆ قەندەکەی خستە سەر زمانی، چاکەی خواردەوە و لە کاتێکا هەڵئەسا، دەمی تەقاند و وتی:

ــ دوێشەو زۆر درەنگان بوو کە هاتی، زۆر زوویش خەوت لێکەوت. ئارەقەکەی کاریگەرە. ئەوە نییە خودی میرزاغا ئەیخا، زۆر زوو ئەیگرێ. ئەڵێن لە ئارەقی دەرەگەزیش بەهێزترە.

نادعەلی سینیەکەی دایە دواوە و وتی:

ــ تاقیم کردۆتەوە، ئەزانم!

وەڵامەکەی نادعەلی قورس بوو. ئەوەندە قورس کە ڕێگەی بۆ درێژەدان بە ئاخافتنەکە نەئەهێشتەوە. بۆیە موغیلان سینیەکەی لە بەردەمی نادعەلی هەڵگرت و بردی. نادعەلی چای ویست و دەستی گرت بە سەر هاڵاوی مەنگەڵەکەدا. موغیلان

چای نایە بەردەستی و خۆی لە دەرگای چاخانەکەوە چووە دەرەوە. نادعەلی لە ناو دەرگاکەوە چاوی بڕیبوویە دەرەوە. موغیلان بە مەسینەیەک ئاوەوە گەڕایەوە و کەوتە ئاوپرژێن کردنی ناو چاخانەکە:

ـ ئەبوا پێشتر گەسکم بدایەت، بەڵام تۆ خەوتبوویت. وتم با دەنگە دەنگ نەکەم. ئێستەش وا باشترە تاوێک لە دەرەوە دابنیشی تا گەسکی ئەدەم. حەز ئەکەی ئاگرەکەشت بۆ ئەهێنم.

ـ خۆم ئەیبەم.

نادعەلی هەڵسا، بەرەکەکەی دایەوە بە شانیدا، کڵاوە خوریەکەی تاسەر گوێی داکێشا، لە سەر قەنەفەکە هاتە خوارەوە، مەنگەڵی ئاگرەکەی هەڵگرت و لە دەرگای چاخانەکە چووە دەرەوە. لای چەپی دەرگاکەوە، لە بن دیواری چاخانەکە لە سەر قەنەفەیەک دانیشت و باڵی بەرەکەکەی بە دەور مەنگەڵەکەدا ڕاگرت و باوەشی کرد بە ئاگرەکەدا. دەنگی گەسک لێدانی موغیلانی ئەبیست، هەروەها گزنگی تۆزەکەی ئەبینی، کە لە دەرگاکەوە ئەهاتە دەرەوە. بەڵام ئاگای نەبوو لەوەی ئەیدی و ئەیبیست. بێدەنگی بەرە بەیان و لێل بوونی بەیانی و خەڵوەتی بیابان و ڕێگە، وای کردبوو نادعەلی چوارگوێشلی زیاتر بچێتە ناو خۆیەوە؛ تا چاخانە و شاگرد چاخانە و ئەو تۆز و خۆڵەی لە ناو دەرگای چاخانەکە ئەهاتە دەرەوە.

ئاسمان ناوچەوانی کردبوویەوە و هەتاوی سووک و بێباری بەیانی پایز، بە سەر بەرد و کلۆ و لم و پووش و پەڵاشی بیاباندا ئەپووچایەوە. هەموو شت لە نیگای کوڕی چوارگوێشلیدا پچڕابوو. ئەتوت پساندنێک لە پەیوەند و یەکگرتوویی گەردیلەکاندا بەدی هاتووە. هەتاو نە ئیتر تاقانە، بەڵکوو ئەوەندە قورس و ڕووت بوو، لە غەوارەی ئەکرد لە پەردەدا. لێڵ و تۆزاوی و مەنگ، وەک بڵێی لە تێریی خۆیدا بە سەر بنچکە وشک و چاڵ و چۆڵی ڕێگە و تاقەدارە ناوبەناو و بێبەرەکان و، شەپۆلگەی خاک و

بیاباندا بڵاو ئەبێتەوە. وابوو یان وا دیار بوو! بەم جۆرە پساو و بێ تەون و هۆنە، ئەوەندە بێواز و لێڵ. وەک بڵێی خوێنی هەتاو لە شوێنێکدا کێشرابێ کە ئەوەندە بێ پێز و بەتاڵ، خوڵوەت و بێبار، بێزار و بێتاقەت گێژە گێژیەتی. کە هەتاو ئەتوت هیچ نییە، ئەتوت هیچ نەبوو.

«نییە، هیچ نییە! چییە ئەوەی وا وەکوو هیچ وایە؟!»

لەسەر ئاوەکە سێ مراوی، وەک بڵێی وشک ببوون. دیوارە کۆن، یاڵی شکاوی دیوارەکە بە هۆی گزنگی پووکاوی هەتاوەوە ڕەنگی جەڕەی لێ نیشتبوو. پیرەدار بێرەنگتر لە کازیوە و ئاوی ڕەوان ساردتر. خاک و هەتاویش سارد. ئەتوت هیچیان یەکدی ناگرنە خۆ و، هیچ دیاردەیەک شەوقی ئەویدی و هیچ دیاردەیەک کێشەری ئەویدی نەبوو. هەموو شت، سارد. هەموو شت بێواز و بێزار. هەموو شت، بەرهەڵدا.

نادعەلی زیاتر بە سەر ئاگرەکەدا دانەوییەوە و دەستەکانی گرت بە سەر هاڵاوی پشکۆکەدا.

چ کارێکی لە بەر بوو؟ لە کوێوە هاتبوو و بۆ کوێ ئەچوو؟ لەمە هێشتا، لە هیچ کاتێکدا، نەئەگەیشت. بۆ زەماوەن بانگ کرابوو. لێیان گێڕابوویەوە. بە بیانووی زەماوەن. بە هەمبانەی ناحەزییەوە، کەوتبوویە ڕێ. کەوتبوویە ڕێ و لە ناو ڕێگە مابوویەوە. بۆ کەوتنە ڕێ و بۆ مانەوە؟ شەو توانیبووی یەکسەر بچێتە قەڵاچیمەن. بەڵام نە ڕۆیشتبوو و لە نیوەی ڕێ لەغاوی شل کردبوو و خۆی دواخستبوو. بۆ کوێ بچێ؟ شەو! بیابان و شەو و ئاسمان. کزە ڕووناکیی درزی چاخانەکەی مەلەک مەنسوور. لەغاوی وەرگێڕابوو و دابەزیبوو. شەوێکیتر. بۆ لێرە نا و بۆچی لەوێ؟ ڕۆیشتن بە چ مەبەستێک و بە چ تامەزرۆییەکەوە؟ کامە تاسە لەو لاوە و کامە حەز لەم لاوە؟!

«حەزت لە چییە ئەرباب؟»

«چیت هەیە؟»

«شەو تەواو بووە. نان و ماست و ئارەق و خۆشیت!»

«بیانهێنە پیاو!»

پاشانیش خەو. حۆل بوون و کاسی خەو. خەو و پرخەی خەو!

باشە مرۆڤ بۆ ئەبێ بچێ بۆ زەماوەن؟ بۆچی، بۆ و بە چ مەبەست و نیازێک؟ چی ئەبێ، چی ڕوو ئەدا ئەگەر نەچێ؟ ئەم چەرخە ناگەڕێ؟ یان ڕۆژگار، لەنگی بوون و نەبوونت ئەبێ؟ کێیت و چیت لەم نامۆییە بێ کۆتاییەدا؟ کێیت و بوون و نەبوونت چ جیاوازییەکی هەیە؟، ئەگەر هەیت ئایە زیاتر لە بوون و نەبوونی مێرووییەکە لە ناو کۆمەڵی مێرووەکاندا، بە کوێرە کوێر بە هەموو لایەکدا بەڕێوەن؟ زەرگەتەیەک بەم بەیانیە زووە گیزە گیزیەتی؛ بڕوانە! ئەگەر لەخەو ڕانەبوایەت، ڕەنگە هەتاو هەڵنەئەهات؟ ون ئەبوو؟ چەندە حەزی لە تەرسەقولی تازەیە! بوون، بوون! هەموو شتێک لە بەر چاوم ئەخولێتەوە، ئەخولێتەوە! جگە لە دەنگی سمی ئەسپ، هیچ دەنگێک لە بیابانەوە نابیسم. جگە لە دەنگی ونبوونی سمی ئەسپ، جگە لە ونبوونی دەنگ، ونبوون. نەمان! هەر شتێک کە ئەجووڵێ، هەر بوونەوەرێک کە ئەبزوێ، مەرگی ئەبینم. پێشاوپێش مەرگی ئەبینم. چەند خۆنەگر! گەنجێتی بە پیری پێوانە ئەکەم و مناڵی بە مەرگ! با، با. بوون و نەبوون؛ خەریکە ناو چاخانەکە بۆ خۆی گەسک ئەدا. نامرێ؟ هەر ئێستە خەریک نییە ئەمرێ؟! بۆچی، بۆچی، بەس خۆی ئەمە نازانێ؟ شیاوی پێکەنینە، شیاوی گریانیشە. وای گەسک ئەدا ئەڵێی نە خەریکی مردنە و نە ئەشمرێ! سات بە سات و هەنگاو بە هەنگاو خەریکە ئەمرێ، بەڵام خۆی بە خۆی نازانێ. ئەمەی جێی پێکەنینە، ئەگەریش بیزانیبا، ئەبوا بۆی بگری. هەر دوو ڕووەکەی گاڵتەجاڕییە. مەرگ و بەس مەرگ! لەم بوونەدا تەنها یەک شت هەیە کە وەرجایە و پایەدارە، یەک شت هەیە مسۆگەرە، یەک شت هەیە ڕەهایە و ڕاستەقینەیە

و ئەویش مەرگە؛ مەرگ! بەڵام ئەم بوونەوەرە وا هەڵسوکەوت ئەکات وامەزانە مردنی هەر هەشە! چەندە قیرسیچمە؟! زەرگەتەکە دیسانەوەش گیزە گیزیەتی. دیسانەوەش پەیدای بوویەوە! ئێستە ئەیکوژم. هەر ئێستە ئەیکوژم بۆ ئەوەی بڕوا بکەی کە تۆ بۆ مردن گیانت کراوە بەبەردا! ئا!

چالاکانە کڵاوەکەی لە سەر داگرت و بە زەبرێکی توند کوتای بە دەعباکەدا، گیزە گیزی زەرگەتەکە خامۆش بوو. نادعەلی کڵاوەکەی کردەوە سەری. قاچی باریکەلەی دەعبا نیوەگیانەکەی بە دوو نینۆک گرت و بەرزی کردەوە و لە بەر چاوی ڕایگرت. دەعباکە دواین هەوڵدانی ئەدا بۆ گیان دەربازکردن، گیانی ئەدا و زۆر بە ئاستەم ئەجووڵا. نادعەلی خەرەنگێزەکەی هەڵدایە ناو ئاگرەکە و وتی:

ــ «ئەگەر ئێستەش نەمردایەتی، هەر ئەمردی. دڵنیابە!»

ــ زۆر لە نزیک دەرگاکەوە دانیشتووی ئەرباب. توزوخۆڵەکە دێ بە سەرتا!

ــ «تۆزوخۆڵم لا باشترە تا گفتوگۆی بێ جێ و ڕێ!»

لە بێدەنگی بەواتا و ڕەقی نادعەلی چوارگوێشلیدا، موغیلان بە مەسینەیەکەوە لە ناو تۆزەکەوە هاتە دەرەوە و یەکسەر بەرەو جۆگەی ئاوەکە چوو، مەسینەی پڕکرد لە ئاو و گەڕایەوە. بە بەردەم نادعەلیدا تێپەڕی و خۆی کردەوە بە ناو چاخانەکەدا، ڕەنگە بۆ ئەوەی تۆزەکە بە ئاوپرژێن دامرکێنێتەوە. نادعەلی جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و نووکەکەی لە ئاگرەکە نزیک کردەوە. پاشان جگەرە داگیراوەکەی نا بە لێویەوە، سەری بەرز کردەوە و چاوی بڕییە بیابانی چۆڵ و ئەو کوێرە ڕێیەی ئەکشا بەرەو زوورانەکەی لای خوارەوە. لە کاتێکا هێشتا لە گیری گرێی ئەندێشەکەی خۆیدا ئەخولایەوە:

«بۆ ئەبێ بچین بۆ زەماوەن؟، بۆ ئەبێ نەڕۆین؟ خوزگە یەک لەم دوو کارە واتایەکی هەبوایە! ئاو، ئاوی ئەسپەکەم لە بیر

نەچیّ! ئاوی ئەسپەکە، لە بیر ناچیّ. بلا خۆر چاو بکاتەوە. بلا خۆر بکەوێتە بن دەست و پیّ. تۆزێک، تۆزێکی‌دی، هەتاو، هەتاوی قەراخ دیواری بانوو. ڕەنگ و باری وەکوو هەمان ئەو ڕۆژانەیە. ڕەنگی خاک. ڕەنگی دیوارە کۆنی قوتابخانە. بەیانی زوو کە ئەچووینە ژوورەوە بانوو سەرەتا سەیری بوخچەی خواردنەکەی ئەکردین. پاشان شووڵە درێژەکەی لە سووچی دیوارەکە هەڵئەگرت و هەر لە خۆڕا ڕای ئەوەشاند. ئەوسا ئەیوت دۆشەکڵەکانمان لە ناو ژوورەکە هەڵگرین، بیبەینە دەرەوە و لە بەر خۆرەکە لە بن دیوارەکە دای بنێین و دابنیشین. جا خۆی ئەکەوتە سەیر کردنی سفرەکانمان. زۆربەمان نان و گۆشتی کوتراومان پیّ بوو. بانوو، دڵنیا بووم بەرچایی نەئەخوارد تا ئێمە بێین و بوخچەکانمان بپشکنیّ. نازانم، ئێمە کە لە بەر هەتاو، هەر کاممان لە سەر جێگەی خۆمان، لە بن دیوارەکە دانیشتبووین و خەریکی کردنەوەی پەرتووکەکانمان بووین بۆ ئەوەی وانەی ئەو ڕۆژەمان بکەینەوە. بۆچی تەنها هەتاوە بێوازەکەیم لە بیر مابوو؟ بۆچی تەنها یەک ڕەنگی هەتاو، بەس هەمان ڕەنگە بێگیانەکەیم لە بیر مابوو؟ نازانم، نازانم! بەڵام وەکوو ئەوە وایە کە لە هەر شتێکی ئەم دنیایە، تەنها بیچمێکی تایبەتی، لە کاتێکی تایبەتدا لە بیری مرۆڤ ئەمێنیّ. وەکوو ئەوە وایە لە سەر مێشکی مرۆڤ، ئەو بیچم و دارەتە تایبەتە تۆمار ئەبیّ. هیچ ڕوون نییە بۆچی ئەو ڕەنگ و ئەو دارەتە و ئەو کاتە؟! پاشانیش تۆ هەتاو ئەبینی، هەموو ڕۆژ ئەی بینی، زۆر زۆر ئەی بینی، بەڵام، بەڵام تەنها یەک خۆر، یەک ڕەنگی تایبەتی خۆر لە بیرتدا هەیە کە تا یەکێک ناوی هەتاو ئەبا، هەمان بیچم و ڕەنگ و هەمان دارەتی هەتاو لە بیرتدا زیندوو ئەبێتەوە. تەنانەت بۆی هەیە سیّ دارەت و ڕەنگ و شێوازی هەتاو لە مێشکدا هەبیّ، بەڵام هەر کام لەم ڕەنگ و بیچمانە لە یەک کاتی تایبەتدا کە تۆ هۆکەی نازانی لە مێشکتدا تۆمار بووە. هەندیّ هەتاو بە تینوێتی ئەناسن و

هەندێ بە سەما. من، من، هەتاو بە پفی بن چاوەکانی بانوو ئەناسم. پفی بن چاوەکانی بانوو من ئەخەنەوە یادی هەتاو. بێگیان و بێواز و سارد. وەکوو ئاوی دەمی گاسن! ڕەنگی ڕوومەتی وەکوو پێستی پەتاتە بوو. ڕەش ـ زەرد. ئاوساو. چرچ و لۆچەکانی پێستی ڕوومەتیشی سەیر و سەمەرە بوو. ئەتوت هیچ دارەتێکی تایبەتی نییە. وەکوو چرچ و لۆچی قوماشی نەشۆراوی چڵکن کە چەندین ساڵ لە ناو بوخچەیەکدا گرێ درابێ و سەرئەنجام ڕۆژێک دەری بهێنی. پارچەیەکی خام کە سپی نییە و زەردیش نییە. شتێکە لە نێوان ئەم دوو ڕەنگەدا. بۆیەش ڕوومەتی بانوو ڕەنگێکی تایبەتی نەبوو. لە هەمان کاتدا کە ڕەشتاڵە بوو، زەردیشی ئەکردەوە. زەردیەکەشی وەکوو ڕەنگی پێستی پەتاتە وابوو. زەردەڵە نەبوو. غەمگین نەبوو. ماندووش نەبوو. بەس بێواز بوو. حەزی لە کارەکەی نەبوو. ئەیوت شوێنی وانەکە بدۆزینەوە و پەڕتووکەکە بخەینە سەر ڕانمان و دانەوینەوە بە سەر پەڕتووکەکەدا و بەس سەیری وشەکان بکەین و وانەکە فێر ببین. نەئەبوا سەیری ئەملا و ئەولا بکەین. بەڵام خۆ بزۆزی چاوەکانمان بەدەست خۆمان نەبوو. بۆیە هەم ڕێکردنی بانوومان ئەبینی، هەم دەستە درێژ و سێبەر ڕەنگەکەی، هەم شووڵە درێژەکەی کە ـ کاتێکە دەستەکانی لە پشتیەوە قفڵ ئەکرد ـ لە عەرز ئەخشا. هەم چارشێوە چرچەکەی کە لە ناوقەدی گرێ ئەدا، هەم باڵی سەوزی سەرپۆشەکەی کە زۆر جاران لە سەر سینگیەوە ئەسووڕا بۆسەر شانی. کاتێکە ئەگەڕایەوە سەرمان دائەخست. پێویستیش نەبوو سەیری بکەین. چونکە ئەمانتوانی لێوە مۆرەکانی کە پێکەوە لکابوو، بەچاوی ئەندێشە ببینین. هەروەها ئەگریجەکەی کە لە بن سەرپۆشەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە، ئاخۆ چ ڕەنگ بێ. ئەمەش بەسترابوو بە بیری هەر کاممان کە بە چ ڕەنگێکی ببینین. چونکە هیچ ڕنگێکی دیاریکراوی نەبوو. ڕەنگە ڕۆژگارێک خەنەی تێگرتبوو. بەڵام

ئێستە لە دەسکێک گسک ئەچوو کە لیتەی بن جۆگەکەی پێ گەسک درابێ و لە بەر خۆرەکەی سووچی حەوشە دانرابێ بۆ ئەوەی وشک ببێتەوە. ئەو کاتانەش ئەبێ ئەوم بە مردوو هاتبێتە بەرچاو. مردوویەک کە لێی ئەترسام. چونکە ئەڕۆیشت بەڕێدا و ئەیڕوانی و شووڵی بە دەستەوە بوو. زۆر جاران دەستێکی ئەنایە لاکەلەکەی و دەرەلنگەکانی دەرپێکەی بە سەر خشت و خۆڵی حەوشە بچووکەکەدا ئەخشا و بە ئەندازەی بستێک لە ئاستی پزوەکەیەوە وەکوو چەرم شەقیلەی بەستبوو. وا پێ ئەچوو بیری ئەوەی نەبوو باوەڕ بکات کە مردووە! ڕۆژێک کە تابووتەکەیان لە ناو دەرگا ڕزیوەکەیماڵەکەی هێنایە دەرەوە، سەرپۆشی سەیدیەکەی بە دوای تابووتەکەدا کەوتبوە ڕێ؛ وەکوو ئێمە کە کەوتبووینە ڕێ و حەزمان ئەکرد بگرین و گریانمان نەئەهات. باوکم هەر ئەوکات لە شانشینەکە دانیشتبوو و درۆی ئەڕست و بە هەر درۆیەکی هەنگاوێکی بەرەو مردن ئەنا و خۆشی -رەنگە- هیچ پێی وانەبوو. سەگەکەمان حەوحەوی بوو و کلکەسووتێی ئەکرد و هیچ لە بیری ئەو گوللەیەدا نەبوو کە مەرگ بۆی لە بەرچاو گرتبوو. پاشانیش کە لە سەر گۆڕی دایکم ئەگەڕامەوە گەوجەکان دڵیان ئەدامەوە: خۆت خۆش بی! ئیتر لەوە نەئەگەیشتن من بە سەر تێخی مەرگدا ئەڕۆم. تێ نەئەگەیشتن کە من مردبووم؛ من کوژرابووم بە گوللەی خۆم! هەناسە ئەدەم و دەنگی هەناسەی خۆم ئەبیسم و هەموو ساتێکیش چاوەڕێم ئیتر ئەو دەنگە نەبیسم. بۆ هەناسە نەدان چ نیشانەیەک هەیە ئاشکراتر لە خودی هەناسەدان؟ بۆ نەبوونیش چ نیشانەیەک ڕوونتر لە خودی بوون؟! چەندە قیرسیچمەن ئەم دیوارانە؛ چەند قیرسیچمە! دیواری قوتابخانەکەی بانووش هەر ئەوەندە قیرسیچمە ئەهاتنە پێش چاو. ئەو سەرپۆشە سەوزە چۆن بە دوای ئەو تابووتەوە کەوتبوویە ڕێ؟! من بۆ نەمئەتوانی بگریم و بۆ نەمئەتوانی بڕوا بکەم و دڵنیا ببم کە مرۆڤ ئەتوانێ

هەمیشە مردنی لە چاوەکانیا هەبێ. چونکە بە هەر نیگایەکی!»

ـ ئەم پەڕتووکە کەونە لێرە کەوتبوو، ئەرباب! لە بن ئەو سەکۆیەی کە دوێشەو لە سەری خەوتبووی، لە پاشخانەکە. من خۆ خوێندەواریم نییە، وتم نەکا گوناح بێ کە کەوتۆتە سەر عەرزەکە. مسۆگەر هی ئێوەیە، فەرمووو!

«دیسانەوەش ئەم مێشە!»

ـ پیاڵەیەک ناشتاییم بۆ بهێنە!

ـ سەیرێکی بکە بزانە چییە؟ ئەگەر هی خۆت نییە، بزانە چی تیا!

ـ وتم پیاڵەیەک ناشتام بۆ بهێنە، کاکە گیان!

ـ بەچاوان، بەچاوان، وتم نەکا شتێکی بەنرخ بێ!

«نە کەس دێ، نە کەس ئەڕوا! باشــە، من بۆ ئەبێ بچــم بۆ زەماوەن؟، بۆ!»

موغیلان ڕۆیشتبوو و ئەوا ئەهاتەوە دەرەوە. سینیەک بە دەستیەوە. قاپی ئارەق و پیاڵە و پیاڵەی ماست و کەوچکێکی فافۆن لەسەری:

ـ نیو قاپەکەی دوێشەوی خۆتە، ئەرباب. هیچی کە!

ـ نەخێر!

موغیلان چووە ژوورەوە. نادعەلی قنچکە سیگارەکەی لە ناو خۆڵی مەنگەڵەکە کوژاندەوە و دەستی برد بۆ ملی شووشەکە. موغیلان جارێکیتر سەری لە ناو باڵشمەی دەرگای چاخانەکە هێنایە دەرەوە و پرسی:

ـ نەتزانیوە بابقولی بوندار کام دەستە لە لۆتیەکانی بانگ کردووە، ئەرباب؟

ـ نەء!

موغیلان سەر و شانی بردەوە ژوورەوە. نادعەلی تاڵیی گەرووی بە کەوچکێک ماست بڕی. گرێی ناوچەوانی کردەوە و دەنگی موغیلان لە ناو چاخانەکەوە بیست ئەتوت لەگەڵ خۆی

ـ بەڵام لەگەڵ نادعەلیـ ئەدوا:

ــ زەماوەن، زۆر حەزم لە زەماوەنە. ئایی، کە دەهۆڵ و زوڕنا چۆن کار ئەکاتە سەر دەروونی مرۆڤ! بە ڕاستی مرۆڤ گەش ئەکاتەوە! چەند خۆشە شادمانی! چەند خۆشە شەوق و شادیی ژیان! ئایی، ئایی، چەندە حەیفە، چەندە غەم لەدڵ سوار ئەبێ کاتێک هەموو شت خامۆشە. چەندە حەیفە!

چاوەکانی نادعەلی ئەتوت نمی لێنیشتووە. نەی ئەتوانی کارتێکردنی دەسبەجێی ئەلکولەکە بێ. نەشی ئەتوانی بەرەنجامی غەمێکی نامۆ و کتوپڕ بێ. پەژارەیەک کە لەپڕ و لە نکاو دڵی ڕاژەندبێ. خۆشی تامەزرۆی ناسینەوەی ئەم و ئەو، خولیای ناسینەوەی ئەم لە ئەو نەبوو. پیاڵەیەکی دی و جادووی مەرگ:

...تەنانەت گەڵا، گەڵایەک هەمانکات کە ئەڕوێ واتە گیان ئەکرێ بە بەریدا هەمان دەمیش کە گیان ئەکرێ بە بەریدا، واتە مەرگیش لەگەڵ خۆی ئەخولقێنێ و لەگەڵ خۆی ئەیگەڕێنێ و؛ لە هەموو شوێن و کاتێکدا مەرگی لەگەڵ دایە! گەڵاکانی ئەم درەختە و، مەرگ. چییە ئەم مەرگە کە لە خودی ژیان بە ئاشکراتر ئەیبینم؟! چییە ئەم مەرگە؟!»

درەختەکە لە نیگای مەنگی نادعەلیدا، یەکجار پیر و مەرگسار بوو. با، هەرچەند نەتوند، بەڵام ڕایئەشەکاند. پەنجە ڕووت و وشکەڵاتووەکەی بە ڕقەوە لە سینەی سپێدە چەقیبوون. دەرکەوتووەکان چەند دابڕ و دژبەر دیار بوون! پیاڵەیەکیتر و خەمێکیتر بە سەر ئاگرێکدا کە ئەتوت ئیتر ئاگرە نییە؛ ئەوەندە بێپێز ببوو. ئەمجار ئەسرین، بە بێ شاردنەوە چاو و ڕوومەتی جەوانەکەی تەڕ کردبوو و خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی وا بەکوڵ ئەگری. حەزیشی لێنەبوو هۆکەی بزانێ. نەء. ئەتوت بە غەوارەیی، تەنانەت لە سروشتی خۆیدا خووی گرتبوو. ئەگریا؛ لە بەر هەرچی و بە هەر سونگەیەک بێ. نادعەلی ئەگریا و بە

خامۆشی ئەگریا. پیاڵەیەکیتر...

ئەوا ئەو گەرما جەوان و دڵخوازە، لە خوێنی لاجانگەکانی خزابوو و هاتن و چوونێکی بەئوقرەی هەبوو. چاوەکانی ڕێگەیان بە گەرما و سووڕی کارتێکردنی ئەلکولەکە ئەدا. ڕەنگ و ڕووی ببوو بە گوڵە بەهێ و بیبیلەکانی ئەسووڕان و ئەگەڕان بە دوای شتێکدا کە دیار نەبوو چییە و لە دوو تولە مار ئەچوون فڕکە فڕکیان بوو لە سەر بەستێنی خاکێک کە ناشنا نەبوو:

«ئەڵێن چەندە بە سەروزمان بووە، مەدیار! ئەڵێن چەندە خۆش ئەیخواردەوە و هەڵئەپەڕی و ئەجەنگا! چەندە خۆش بوو ئەگەر هاوپیاڵە بوایەتین پێکەوە؛ چ خۆش هاودەمێک! ئایی، بۆ کوێم ئەبەی تۆ، پیاو؛ بۆ کوێم ڕاکێش ئەکەی؟! مەگەر لە شوێنێک هەم کە بۆ لایەکیترم ڕاکێش بکەی؟ لە شوێنێک، کوێ، لە کوێم من؟ وام لە کوێ؟!»

ئەمەش دوا پیاڵە. پیاڵە بەتاڵ. هەڵسا. ئەبوا لەنگەری خۆی لە پێ هەڵگرتندا ڕابگرێ و، ڕایگرت. لە سەر قەنەفەکە هاتە خوارەوە و مەنگەڵ قڵمەوە بوو. چەند هەنگاوی نا و ڕاوەستا. کەسەخی لە دەوری شانی ئالاند و سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە. ئاسمان، چەند تەماوی! سووڕا. گوێکانی ئەسپەکەی لە سەر یاڵی دیواری ئاغەڵەکەوە ڕوو لەو قوت ببوو. نادعەلی وەک بڵێی ڕێگەیەکی دۆزیوەتەوە، بەرەو ئاغەڵەکە چوو و لەوێ چاوی بڕییە چاوی ئەسپەکەی. سینەی نا بە دیوارەکەوە و وەستا. قۆڵی نایە سەر یاڵی دیوارەکە و گوێ نەرمەکانی ئەسپەکەی بە بەری دەست نەوازش کرد و دەم قووچاو و خامۆش:

«خۆزگە تۆ نەمردایەتی، ئەسپەکەم!»

دەنگی تانکەری نەوت. دەنگێک کە نزیک ئەبوویەوە. نزیک بوویەوە. بێدەنگیەکی کورت و دیسا، دەنگی تانکەری نەوت. دەنگێک کە دوور ئەکەوتەوە. دوور کەوتەوە. نادعەلی گوێی نەدایە هاتن، ڕاوەستان و ڕۆیشتنی تانکەرەکە. بەڵام لە لای

شانیەوە تارمایی پیاوێکی بینی وەکوو توورەکەیەکی بە شانەوە و بە هەنگاوی ماندوو بەرەو چاخانەکە ئەچوو:

«هەر کەس هەیە بابێ. چم لێداوە!»

نادعەلی خۆی پێی نەزانی تاکەی و، بۆچی لەو دارەتەدا وەستاوە. بەڵام ئەوەندە ڕابردبوو کە گەڕایەوە ناو چاخانە، ستاری پینەچی، چا و پارووپەک نانی خواردبوو و سەری نابوویە سەر دەزگای کارەکەی و پێڵوەکانی خەریک بوون گەرم ببن. وا پێ ئەچوو کابرا پێویستی بە سەرخەوێک هەیە بەڵکوو ماندوێتی بەردەوامی چەندین شەو و ڕۆژەی لەلەش دەربکات.

نادعەلی دەست و شانی لە سەر چوارچێوەی دەرگاکە، کەسەخ بە شانەوە، کاکۆڵی بە دەرەوە، ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی خۆرە زەردەڵە و تەماوییەکەی بۆ ناو چاخانە گرتبوو. وەستابوو و ئەیڕوانیە ستار کە لە سەر قەنەفەی نزیک دەرگاکە، لە سەر لا خەوتبوو و ئەژنۆکانی کۆ کردبوویەوە. موغیلان لە بەر پێشخانەکە بوو و خەریکی خاوێنکردنەوەی پیاڵە و ژێرپیاڵە، ڕووی وەرگێڕابوو و بە ئاقاری نیگای نادعەلیدا سەیری نیوروخی شەکەتی ستاری ئەکرد. نادعەلی بێ هەست و بە بێ گوێدانە نیگای دزی موغیلان، هەروا لە ستار ورد ئەبوویەوە کە ئیتر لە سنووری مەخمەڵی خەو و شەکەتی تێپەڕیبوو و بەجارێک خۆی دابوو بە دەستەوە و نموودێکی بێ ئازاری مرۆڤ بوو. ڕێک لە کۆرپەیەک -نەء- لە ئاولەمەیەک ئەچوو شەڵاڵی خوێناوی لەشی دایکی:

...لە هەموو ڕێگە و لە هەموو چوار ڕێیانێکدا ئەیبینم. لە هەر کوێ و لە هەموو شوێن ئەبینرێ. ئەتوانێ ببینرێ و ئەشتوانێ نەبینرێ. هەیە و نییە. نییە و هەیە. بە ئاوێنەی ژیان و مەرگ! لە خزر ئەچێ، خزری زیندوو! چ کارێکی لەم دنیایەدا هەیە ئەم کابرایە؟ چی لێی ئەوێ؟ ئەڵێی ئەندێشەی مردنی لە سەردا نییە. چەند قیرسیچمەیە! شتێک، شتێک، وادیارە

شتێکی لەم ژیانەدا نیشانە کردووە. شتێکی دیاری کردووە و بە دوایدا ئەگەڕێ. بەڵام چی، چ شتێک؟! جگە لەو شتەی کە ئەو نیشانەی کردووە و بە دوایدا ئەگەڕێ، چەندە لە من ئەچێ! چەندە سەیر لەیەک ئەچین من و ئەو. بەڵام ئەو شتە. چەندە شێوەمان! تەنها، تەنها، ڕاست وەکوو ئەوە وایە لە بن بنچک سەوز بووبێ. ڕاست وەکوو من کە ئەڵێی هەرگیز کەسم نەبووە! ئادەمیزادەکان چەندە لێک ئەچن و چەندە لەگەڵ یەک جیاوازن؛ چەندە! هەر ئەم چەندە، بە تۆزێک بەر و دوا و جیاوازی، لە کاری منیش و ئەویشدا هەیە. ئەسپەکەم! ئای، لەقەز چووبووم ئەسپەکەم بهێنم بۆ سەر جۆگەکە. ئەسپەکەم، ئەسپ! نازانم لە کوێم و چی ئەکەم!»

نادعەلی هەڵکەنرا و کشایەوە و لێگەڕا هەتاو، هەرچەند بێ ڕەنگ‌وڕوو، بدا لە شان و شەوێڵی ستاری پینەچی. بە نیو سووڕێک بەرەو ئاغەڵەکە چوو و پاش تاوێک ئەسپەکە، ئەسپە سپیە شەنگەکەی داپۆشراوی سەرجلی شینکی، لە دەرگای ئاغەڵەکە هێنایە دەرەوە و دەستی بە یاڵی بژی ئەسپەکەوە، بەرەو جۆگەی ئاوەکەی برد.

بۆ خواردنەوەی ئاو و هەتاو، ئەسپ سمدەستەکانی لە قوڕی قەراخ جۆگەکە چەقاند و لێوی نا بە ئاوە فێنکەکەوە. ئاو خواردنەوە، نەرم و بە هەنجار. بێ پەلە و بە ئیشتیا. ئاو خواردنەوەی کەر و ڕێکردنی گا، پیرەکان بۆیان گێڕابوویەوە. بەڵام بەو جۆرەی ئەو ئەیبینی، ئەسپەکەی زۆر لەبار و بەحەزەوە ئاوی ئەخواردەوە. تامەزرۆ و بە دڵخواز و، نادعەلی ئەیبینی تەڕادی پاتاڵەکە چەندە نەرم و ڕیتمیک بەرز ئەبێتەوە.

نادعەلی خەوش و خۆڵی لە سمت و سینەی ئەسپەکەی بە سەری پەنجە سڕییەوە و هەم بە نینۆکیش؛ قەشاوی کرد.

ئەسپ سەری لە سەر ئاوەکە بەرز کردەوە و مراوییەکان کەوتنە مەلە کردن. نادعەلی ئەسپەکەی گێڕایەوە، بردییە

گەوڕ و لە سەر ئاخوڕەکە بەستیەوە. هاتە دەرەوە و هەر لە دەرەوە کۆزەرەیەکی هەڵگرت و لە سەر دیوارەکەوە هەڵیدایە ناو ئاخوڕی ئەسپەکە و خۆی بەرەو چاخانە چوویەوە. لە سەر سەکۆی بن کۆڵەکەکە دانیشت و داوای ئاوی کرد. ستاری پینەچی خەوتبوو و تەختەی هەتاو، ناو دەرگا و بەشێک لە قەنەفە و خەوتووی ستاری گەرم ئەکردەوە. موغیلان زەرکی پڕی دا بە دەستی نادعەلیەوە و بۆ هێنانەوەی سینی و بتڵ و پیاڵە چووە دەرەوە. نادعەلی تینوێتی و گڕی دەروونی بە خواردنەوەی ئاو هەندێ دامرکاندەوە. موغیلان سینیەکەی هێنایە ژوورەوە و لەسەر پێشخانەکە داینا. وەرگەڕا بۆ لای نادعەلی و لە کاتی وەرگرتنی زەرکەکە، ئەماژەی بە خەوتووی ستار کرد و وتی:

ـ لەو فێڵەبازانەی ڕۆژگارە. ئەو جۆرەی کە خەوتووە مرۆڤ دلی بۆی ئەسووتێ. چەند ڕەبەن خۆیا ئەکا. بەڵام بەو جۆرە سەیری مەکە. ڕند و عەیارێکی تەواوەتیە! ئەبێ پێشتر لەم دەوروبەرانە دیبێتت؟!

چاوی لە تاوە تەماوییەکە، بێ شەوقی ئاخافتن، نادعەلی وتی:

ـ دیومە!

موغیلان شوێن کارەکانی خۆی گرت و لە نادعەلی گەڕا. لە خۆیدا و لە زەریای ئەندێشەکانی خۆیدا. بەڵام نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ بێ و سەری بەکاری خۆیەوە. شەوق و ئەندێشەی زەماوەن وەهای ورووژاندبوو کە بە حەز و ناحەز، خودئاگا و ناخودئاگا بە دەم کارکردنەوە، شتێکی ئەوت و هەڵوەستەیەکی ئەکرد؛ بەڵکوو قسەکەی بەر گوێی نادعەلی بکەوێ و سەرنجی ڕاکێشێ. چونکە خامۆشی جەوانی چوارگوێشلی وردە وردە موغیلانی بێتاقەت ئەکرد:

ـ ئەڵێن بابقولی بوندار هەموو دەوڵەمەند و گەورەکانی ئەم ناوەی بانگ کردووە بۆ زەماوەنی کوڕەکەی!

ــ ئا، وا ئەڵێن!

ــ ڕەنگە ئەیەوێ دوو بەرامبەری خەرجی زەماوەنەکە لە شاواشی زاوا دەس بخاتەوە! جا بزانە ئەو خانانە، چ سیپ و وشتر و تەگەیەکی بە پێشکەشی بۆ بهێنن. بیستوومە جەنابی سەعیدیشی بانگهێشتن کردووە! هەه، بەڵام خۆ جەنابی سەعیدی بۆ ئەو جۆرە جێگایانە ناچێت. ڕەنگە یەکێک لە سەرکارەکانی ئەنێرێ مشتێک پارە بکا بە سەر زاوادا! خۆ ئەبێ ناوی خۆی بەرز ڕابگرێ ئیتر.

ئیتر وەڵامی لە نادعەلی نەبیست. بەڵام موغیلان وا دیار بوو بۆ وتنی هەموو ئەو شتانەی لە دڵیدا بوو، هەمان وەڵامەکەی یەکەمی نادعەلی بەس بوو. چونکە ئەوەی لەمەولا ئەیوت، ڕووی لە کەس نەبوو. ئەیوت و ئەیوتەوە و لەگەڵ خۆی بوو هەرچەند بە دەنگ بەرز:

ــ ئایی، ئایی، چەند خۆشە زەماوەن، چەندە باشە شایی. سەما و شایلۆغان. چەندە خۆشە مرۆڤ دەستی ئاوەڵە بێ و دەستی بچێ بۆ گیرفانی و بتوانێ سەری لە ناو سەراندا بێ! ئای دووکەڵی کەباب! خۆزگە بمتوانیبا بەشداری بکەم. زۆر حەزم ئەکرد بتوانم هەبم و لانیکەم ببینم. خۆشە. زۆر خۆشە. دەهۆڵ و زوڕنا و شانیەشەکێ و خۆشی و شادی زۆر باشن. زۆر تامەزرۆی ئەم شتانەم. ئای، کە خۆشە، هەرچەند مرۆڤ، هەرچەند مرۆڤ هی خۆیشی نەبێ، دەیجا چییە؟ بە هۆی خەڵکیشەوە شادبوون، چ خراپیەکی هەیە؟! باش، باشە ئیتر. بەڵام بەداخەوە، بەداخەوە مرۆڤ نازانێ شەو و ڕۆژی چۆن تێپەڕ ئەکات. چۆن؟ مرۆڤ خەریکە تیا ئەچێ و خۆیشی ئەبینێ کە خەریکە ئەفەوتێ، بەڵام نازانێ چی ئەتوانێ بکات! حەیفی ئادەمیزاد، ئەرباب؛ حەیفی ئادەمیزاد!

نادعەلی ئەگەر چاوی لە بزووتنی ئارام و لەسەرخۆی هەتاو نەبوایە، چاوی لە شوێنێک، کەرپووچێکی تەختی چاخانەکە

بکردایە؛ یان ئەگەر نیشانەیەکی لە قەراخ چەپی تیرێژی هەتاوەکە لە بەرچاو بگرتایەت، ئێستە ئەیتوانی ئەوە بزانێ کە چ ماوەیەکە ڕۆچووە بە ناخی خۆیدا و چاوی لە بزووتنی پێواری خۆرەکە ماوەتەوە، بە بێ ئەوەی گفت و ئاخافتنە ناوبەناوەکەی موغیلانی بیستبێ. هەروەها بەو هەموو ئەندێشە جۆراوجۆرەش کە لە مێشکیدا بە شێوەیەکی ڕەوان و بەردەوام لە گەڕدا بوون. بەڵام جەوانی پیر، هەستی ئەکرد ملی خوار بووە و کۆڵنجی کردووە. بۆیە بە تەکانێکی لەسەرخۆ دەمار و کرۆژنەی ملی تەقاند. لە هەمان کاتدا چاوی کەوت بە خەوتووی ستاری پینەچی کە خۆرەکە لێی لادابوو و کابرا لە سەرمای سێبەرەکەدا خەریک بوو وەرئەگەڕا سەر ئەو شانی.

ستار لە خۆ هەڵگەڕانەوەدا، وەک ڕاهاتبوو چاوی نوارین بکاتەوە، پێڵوەکانی هەڵێنا، بەڵام مێشکی ماندوو و کاسی نەیتوانی لە یەکەم ساتدا هەست بە بوونی نادعەلی بکات. بۆیە وەک خەوی بینیبێ، دەستی کرد بە ستوونی سەر و شانی و لە ناباوەڕی خەو و بێداریدا چەند جار چاوی ترووکاند، ڕاما و لە ئەنجامدا توانی نادعەلی چوارگوێشلی بناسێتەوە. بزەیەکی شەرم لە گەوجێتیدا نیشتە سەر لێوی، ڕاست بوویەوە، ڕۆژباشی کرد، پێڵوەکانی بە سینەی دەستی پرواند و قاچی لە سەر قەنەفەکە نایە خوارەوە و بە دەم هەڵسانەوە، وەک لەگەڵ خۆی بێ، بە تەوسەوە وتی:

ـ چەنێک خەوتم!

نادعەلی چوارگوێشلی، ستاری پینەچی بەچاو تا دەرەوەی چاخانەکە بەڕێ کرد و چاوی لە شۆپی ڕۆیشتووی ئەو، نیگای لە چوارچێوەی دەرگاکەدا مایەوە. موغیلان شوێن خەوتنەکەی ستاری بەچاو گەسک دا و هاتەوە یادی کە تای گیوەکەی لە پێ دەرهێنا وە و بە هیوای سوژن و درەوشەکەی ستاری پینەچی، لە بەر چاوی ڕایگرتووە.

ستار ئەوا قیت و قۆز ئەگەڕایەوە ناو چاخانە. دەست و چاو و دەور ملی شۆردبوو و بە دەسرێکی گەورەی چوارخانە، هەنیە و برۆ و سمێڵ و ریشی چەند ڕۆژەی وشک ئەکردەوە. کڵاوەکەی تۆزێ هەڵدابوو بۆ سەرەوە و ناوچەوانی ئەبریسکایەوە. قۆپچەی یەخەی کرابوویەوە و بە ڕۆژباشی دووبارەی لەگەڵ هاتنە ژوورەوەدا، قۆڵەکانی دادایەوە. لە سەر جێگەکەی، لە لێواری قەنەفەکە دانیشت و دەسرەکەی، لە بەر تیرێژی خۆرەکە هەڵخست و وتی:

ــ موغیلان، جا چاکەمان لەگەڵ بکە و پیاڵەیەک چای سەر بە مێشوولەم بدەرێ. بزانە ئەگەر نادعەلی خانیش ئیشتیای لێیە، جووتی بکە!

موغیلان، بێدەنگیەکەی نادعەلی چوارگوێشلی بە حەزی ئەو لە فەرمووەکەی ستار دانا و پیاڵەیەک چای بۆ ئەویش دانا. پاشان سیگارێکی بە پۆلووی بن قۆرییەکان بۆ خۆی داگیراند، سیگارەکەی کرد بە دەمنەوە و لە بەر پێشخانەکە دانیشت بۆ جگەرەکێشان.

ستار بەدگومانی ئەو بێدەنگیەی کەوتبوویەوە و نەکا ئەو خامۆشیە بە خراپە کار بکاتە سەر نادعەلی، قومێکی دا لە چاکەی و بە بزەیەکەوە ڕووی کردە نادعەلی و وتی:

ــ دیسانەوەش بە تەنها سەفەر ئەکەی نادعەلی خان!

نادعەلی چڕوبڕ و، دەسبەجێ وتی:

ــ وەکوو خۆت!

بزەکەی ستار ڕەنگێکی شیرینتری گرت و وتی:

ــ لەم لایەنەوە وەکوو یەک واین. بەڵام من، حەزم لە سەفەرکردنی بەتەنها نییە. من ناچارم.

نادعەلی وتی:

ــ من حەزم لێیە! من حەزم لە تەنهاییە.

ستار دوا قومی چاکەی خواردەوە و پیاڵەکەی لە سەر

ژێرپیاڵەکە دانا. نادعەلی کلۆ قەندێکی نا بە لێویەوە، دەستی برد بۆ پیاڵەکەی و وتی:

ــ دەمێکەیە یەکدیمان نەدیوە، وانییە؟

ــ لە زستانی پارەوە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم!

نادعەلی بە مایەیەکی گاڵتەوە وتی:

ــ پێم وانییە بە هەڵەدا چووبێتی! وایە، پارەکە بوو. پارەکە یەکدیمان بینی. لانیکەم من تۆم بینی. وانەبوو؟! ئای، بزانە تەمەن چەند زوو ئەڕوا! چۆن ڕۆیشت؟

پاشانیش وەک بڵێی لەگەڵ خۆی، وتی:

ــ چیم کردووە من لە پارەوە هەتا ئەمساڵ؟ چیم کردووە من؟! ئای، ماڵت خەرا بێ نادعەلی حاجی حسێنی چوارگوێشلی!

ــ هەوایەک شکاوی نادعەلی خان!

نادعەلی سەری هەڵێنا، ڕوانیە ستار و وتی:

ــ شکاوم؟ هەه، بۆ زمانت ناگەڕێ بڵێی پیر بووم؟!

ــ نا، نا! پیر نەبوویت؛ وا مەکە لەخۆت. پیر نەبووی!

ــ تۆ خۆیشت پیر بووی. کاکیلەکانت دەرپەڕیوە! لاجانگەکانیشت هەروەها!

ستار بە تەوسەوە وتی:

ــ من پێشتریش پیر بووم!

نادعەلی ناگیری تەشەرەکەی ستار، درێژەی بە قسەکەی خۆی دا:

ــ بۆ پاروە نانێک، ئەرێ؟، نەخێر، من باوەڕ ناکەم ئادەمیزادێکی وەکوو تۆ بۆ پارووە نانێک بەو جۆرە خۆی پیر و پەککەوتە بکات. نا، ستار خان، هیچ لەوە ناچێ لە خەمی پارووە نانێک عەوداڵ بووبێتی!

ستار لە وەڵامی نادعەلیدا لێی پرسی:

ــ کەی لە منت بیستووە وتبێتم بۆ پارووە نانێک خەریکم خۆم پیر ئەکەم؟

نادعەلی وتی:
ــ نەموت ئەم قسەیەم لە تۆ بیستووە. نەخێر! بەڵام وا دەر ئەکەوێ.
ــ باشی بۆ چووی. وایە! بەڵام من حەز ناکەم بۆ پارووە نانێک خۆم پیر بکەم.
ــ مەبەستی منیش! بەڵام حەز ئەکەم بزانم بۆ چی تەمەنی خۆت خەسار ئەکەی؟ ئەوە ئەزانم لاجانگەکانت بۆ پارووە نانێک نییە دەرپەڕیون. بەڵام ناشزانم بۆ چی؟ بۆ خۆت کردووە بە دەسکە تەشی؟ بۆ چی؟
ستار نیوە سیگارێکی لە گیرفانی دەرهێنا. لەسەرخۆ دایگیراند، دووکەڵی مژی یەکەمی حەوا دا و وتی:
ــ لەراستیدا خەریکی لە من ئەپرسی بۆ و لە بەر چی ئەژیم، وایە؟
ــ وایە، وایە!
ستار پرسی:
ــ بۆ ئەبێ پرسیارێکی وا لە لای مرۆڤ قیت ببێتەوە؟
نادعەلی پرسی:
ــ بۆ ئەبێ پرسیارێکی وا لە لای مرۆڤ قیت نەبێتەوە؟
ستار پاش ڕامانێکی کورت، بە پێکەنینێکی پوختەوە پرسیارەکەی نادعەلی سەلماند و وتی:
ــ راستیش ئەکەی! بۆچی پرسیارێکی وەها بە بیری مرۆڤدا نەیەت؟
پاشان بە ئارامی پێکەنی و وتی:
ــ چ قسەیەکی بێجێم کرد منیش! هەه، ئەم پرسیارە ئەبێ زۆر زۆر کۆن بێ. زۆر کۆن و دێرین!
نادعەلی وتی:
ــ نازانم، ئەمەیان نازانم. بەڵام هەر کەس بەو پرسیارە بگات، وەکوو ئەوە وایە ئەو یەکەم کەسە بەو پرسیارە گەیشتووە. من

لانیکەم وا بیر ئەکەمەوە کاتێکە مرۆڤ، هەر مرۆڤێک بەو پرسیارە بگات، ئەبێ لە ڕێگەی دڵی خۆیەوە پێیگەیشتبێ. ئەو پرسیارە ئەبێ لە ناخی خودی مرۆڤدا چەکەرە بکات بۆ ئەوەی واتای هەبێ بۆی، نەک ئەوەی لە زمانی ئەم و ئەوەوە بیستبێتی؛ یان لە شوێنێک خوێندبێتیەوە. نازانم توانیم مەبەستەکەم بگەیەنم یان نا!

ستار وتی:

ــ زۆریش بەجێ گەیاندت. وابزانم لەمەڕ ئەو بابەتە زۆر بە ناخی دەروونەدا ڕۆچوویت و بە کۆمەڵاندا گەڕاویت؟

ــ گاڵتەکردن بخەرە لاوە پیاو! من بیرم لە هەموو شتێک ئەکردەوە جگە لەوەی تۆ لێرە دەربکەوی. ئێستە کە وای لێهاتووە نامەوێ قسەکانم لەگەڵ خۆم بکەم. لەبری ئەوەی لە بەر خۆمەوە وڕاوە بکەم، ئەمەوێ لەگەڵ تۆ مشتومڕ بکەم یەکیان لە بەر ئەوەی کە تێئەگەی و لە دەردی مرۆڤ ئاگاداری، یەکیشیان کاتێکە لەگەڵ تۆ ئەدوێم دڵم پێم ئەڵێ وا خەریکم لەگەڵ ڕازدارێک ئەدوێم. واتە لەگەڵ کەسێک گفتوگۆ ئەکەم کە گاڵتەم پێ ناکا. کەسێکە تەنانەت لە ناو دڵیشیدا گاڵتەم پێ ناکا. دڵنیام، لەوە دڵنیام کە تۆ تەنانەت لە ناو دڵیشتدا قەشمەری بە قسەکانم ناکەی، نەء، نایکەی. من لەوە دڵنیام. دلنیام سەبارەت بە تۆ بە هەڵەدا نەچووم! بە هەڵەدا چووم؟!

ــ ئەوە نیشانەی دڵپاکی خۆتانە نادعەلی خان.

ــ نەء! ئەوە پەسن نییە. من ئەبێ کەر بم ئەگەر جیاوازی نیوان ئینسانەکان تێنەگەم. بۆ وێنە جیاوازی تۆ و کوڕەکانی کەلایی خواداد. بە پێچەوانە، ئەم شتانە زۆر باش تێ ئەگەم. ئەزانم ئەوانە بەچکەی شەیتانن، بەڵام تۆ!

ــ ڕەنگە هی دۆزەخی خوام!

هەر دووکیان بە شۆخی و خۆشی پێکەنین و چاوەکانی موغیلانیش بە پێکەنین بریسکایەوە.

نادعەلی، بە دوای پێکەنینەکەیدا وتی:

ـ ئەوەندە هەڵم مەدە بەملا و ئەولادا! من لە کاری تۆدا بۆ شتێک ئەگەڕێم، تیا ماومەتەوە و ئەمەوێ ڕاستیەک بدۆزمەوە. جارێکیتریش لێت ئەپرسمەوە بۆچی ئەو هەموو ڕەنج و ئازارە ئەکێشی؟

ـ تۆ پێت وایە ئەمە ڕەنج و ئازارە؟ ئەڵێی چی، ژیانی منیش ئەمەیە ئیتر.

ـ ژیانی من!

نادعەلی بزەیەکی تەوساوی کرد و پاش تۆزێ ڕامان وتی:

ـ ئەزانی ئەمەوێ بڵێم چی؟ من، من چاوم بە هەر مناڵێکیش ئەکەوێ، دەسبەجێ، مەرگ و تیاچوونی ئەو مناڵە دێتە پێش چاوم. هەر گەڵایەک بە لقەکەیەوە چرۆ ئەکا، من پایزی دارەکە ئەبینم. هەر بەرخێک لە مەڕێک ئەبێ، من کێرد لە سەر ملی ئەبینم. ڕێ ڕۆیشتن، بەر لە هەموو شتێک کەوتن ئەخاتەوە بیری من. مەرگ و نەمان، نەمان و مەرگ. ئەوەی منی تەوق داوە، مەرگە! بەڵام تۆ، بەم جۆرە ژیانەت، بەم جۆرە بوونەت، وام تێ ئەگەیەنێ بە هیچ کلۆجێک بیر لە مردن ناکەیتەوە! وەک بڵێی مەرگ بۆ تۆ هەر نەبێ، هەر واش نازانی مەرگ بەرەو ڕووت دێت! بۆ؟!

ستار وتی:

ـ ئەوە نییە خۆت ئەڵێی مەرگ بەرەو ڕووی منیش دێ؟ باشە، کاتێکە لەوە دڵنیاین کە مەرگ دیاردەیەکی مسۆگەرە و بەرەو ڕوومان دێ، ئیتر بۆ ئەبێ سوور بین لە سەر ئەوەی کە هەمیشە بیری لێ بکەینەوە؟ هەر ئەوەندە بەسە جارێک بیری لێ بکەینەوە، تەواو! من یەکجار بیرم لە مەرگ کردەوە و پێم وابێ یەکجار بیرکردنەوە لە دیاردەیەکی مسۆگەر بۆ من بەسە.

ـ ئەی من بۆچی، من بۆچی بە یەک جار، بە سەد جار و بە هەزار جار بیرکردنەوەش دەربارەی ڕازی نابم؟ بۆچی ئەم

بیره لە مندا کۆتایی نایەت؟ کێ و چی لە مندا هەیە کە بەرەو ئەو ئەندێشەم پەلکێش ئەکات؟ کێ و چی لە ناخی مندا هەیە؟! بۆچی ئەوەندەی چاوم بە زەماوەن ئەکەوێ، ئەبێ پرسەم بکەوێتەوە بیر؟! پەردە و بووکێنی بۆچی خەمخانە ئەخاتە بیری من؟ ئاوی زەلاڵ و ڕەوان، بۆچی وشکاڕۆی بیابان و تینوێتی ئەخاتە بیرم؟ گۆپکە و چرۆی بەهارەی درەختەکان بۆچی پاییز!؟

نادعەلی وەکوو پێشتر لەگەڵ خۆی دوابێ، ڕوانیە چاوەکانی ستار و پرسی:

ـ تۆ، تۆ کاتێک بەم شتانە ئەگەی، چیت دێتەوە بیر؟

ستار وتی:

ـ لە نێوان دوو وچاندا، مرۆڤ ڕێیەک ئەبڕێ. لە نێوان بوون و مردندا مرۆڤ ژیانێک ئەژی. بۆچی ئەبێ بیری خۆم بە شتێکەوە خەریک بکەم کە درەنگ و زووی هەیە، بەڵام پێداویستی نییە؟! مەگەر بڕیار وانییە کە خۆی بێت و دەرگام پێ بگرێ؟ ئیتر من بۆ ئەبێ بچم بە پیریەوە؟ من لەسەرمە ڕێگەکە ببڕم و ژیانەکە بژیم، هەر ئەوەندە! کارێک کە بە من ئەکرێ؛ ڕەنگە ئەو تەنها کارەی کە ئەتوانم بیکەم.

ـ بۆچی، چۆنە کە تۆ توانیوتە ئەو دیاردە ئاڵۆزە بەو جۆرە بۆ خۆت سادە بکەیتەوە؟ مێشکی تۆ چۆن توانیوێتی ئەو گرفتە بۆ خۆی شیکار و شرۆڤە بکات؟ تۆ ئەبێ لەم نێوانەدا شتێکت دۆزیبێتەوە کە بە چوارناڵە داژوویت و ئەندێشەی مەرگ گرفتارت ناکا! ئەو شتە، چییە؟

نادعەلی ئارام بوو و ستاریش هیچی نەوت. ستار قنچکە سیگارەکەی لە دەرگای چاخانەکەوە توور دایە دەرەوە و نادعەلی جارێکیتریش سەری بەرز کردەوە و چاوە ئاگراوییەکانی بڕییە ستار و وتی:

ـ ئەزانم، ئەمە ئەزانم، بوونی خۆم نیشانەی ئەوەیە کە مرۆڤ بە بێ ئەوین، ناتوانێ بژی. ئەمە ئەزانم. ئەمەم نە لە

کەس بیستووە و نە لە شوێنێک بینیوە کە لە بیرم مابێ. ئەمەم لە ناخی خۆمەوە، بە هەست و نەستی خۆم، بەو ژیانەی کە بە فیڕۆم داوە تێگەیشتووم. ڕاستە! مرۆڤ بە بێ ئەوین ناتوانێ بژی! مێشکی سەرم بووە بە هێلانەی مێروو ئەوەندە بیرم لەم چەمکە کردۆتەوە. بیرم لەوەش کردۆتەوە کە ئەوین بۆ هەر کەسێک بیچم و واتایەکی هەیە. لەمەش باش گەیشتووم. تێم ئەگەی ئەمەوێ بڵێم چی؟

ـ ئەزانم. تێ ئەگەم، تێ ئەگەم. ئینسان بە بێ ئەوین ناتوانێ بژی. لە چەمکی قسەکەت بە هەموو گیانم تێگەیشتم!

ـ دڵنیام کە تێ ئەگەی، دڵنیام. ئەوەش کە بۆی ئەگەڕێم ئەوەیە کە تۆ، تۆ بە چ ئەوینێکەوە بەو جۆرە ئەژی؛ بە چ ئەوینێکەوە؟ ئاخر خۆ من کوێر نیم؟ ئەتبینم کە تۆ سەد جاران لە من تەنهاتر و بێ کەستری. ژنت نییە و ئەزانم گراوی ژنیش نیت. چونکە ئەو جۆرە هەوالانە لەم مەڵبەندەدا ناشاردرێتەوە. باوک و دایکت نییە. سوود و سەرمایەت نییە. زەوی و ماڵت نییە. ئاژاڵ و پاتاڵیشت نییە. تەنانەت کڵۆیەکت نییە قوڵتەیەک لە سەری بنیشێتەوە! خۆتیت و بەرگی بەرت. نەک ئەمانەت نییە، ئەوەش کە هەتە -لە گیان و ئابڕوو- لێ ئەگەڕێی چی لێ ئەکەن، لێی بکەن. گوێت لێ نییە حەزیان لێ بوو بت بەستنەوە بە ئاخوڕی ئەسپەوە و دارکاریت بکەن. گوێت لێ نییە ئەگەر ویستان ئابڕووت بەرن. گوێت لێ نییە چی ئەبێ با ببێ. ئاخر تۆ بە من بڵێ پیاو؛ تۆ لە نێوان ئەو دوو مەزڵەدا، بە چ ئەوینێکەوە ئەژی؟ بە چ ئەوینێکەوە؟!

کورت و پوخت، ستار وتی:

ـ لەگەڵ خودی ئەوین!

نادعەلی لە سەر سەکۆکە ڕابوو و چووە سەر قەنەفەکە، بەرامبەر ستار دانیشت و بە جەختەوە پرسی:

ـ چییە خودی ئەوین؟!

ـ خودی ئەوین!

نادعەلی هەژاو و تینوو لە سەر لێواری تەختەکە هەڵسا و بەرەو دەریزانی دەرگاکە چوو. دەرگاکەی بە بەژن و بەرەکەکەی داپۆشی و ڕوو لە بیابانی بێ پایان ڕاوەستا و لە بەر خۆیەوە وتی:

لە کوێیە ئەو ئەوینە، لە کوێی هەبووندا؟!

وەڵام هاتەوە:

ـ لە خودی بووندا!

کاتێکە نادعەلی وەرگەڕا و ڕێگەی بە خۆر دا تیرێژی بڕژێنێتەوە ناو چاخانەکە، ستاری پینەچی دەستی کردبوو بە دوورینەوەی گیوە دڕاوەکەی موغیلان. نادعەلی بەرەو سەکۆکەی پێشتر لە سەری دانیشتبوو، ڕۆیشت. خامۆش دانیشت. ئانیشکی خستە سەر ئەژنۆی و چەناگەی نایە سەر مشتی قووچاوی و لە دەستە چالاک و لەڕەکانی ستار ورد بوویەوە:

ـ تۆ، قەلەندەری؟!

ـ رازداریشم خۆش ئەوێ، زۆر!

ـ تۆ کێی؟ پێم بڵێ!

ستار دەست و درەوشەکەی ڕاگرت، ڕوانیە نادعەلی و پرسی:

ـ ئەتەوێ چی لە من تێبگەی؟

نادعەلی وتی:

ـ لە تۆ، خۆت!

ستار بە دەمخەندەیەکی سووکەڵەوە درەوشەکەی خستەوە کار و وتی:

ـ ئا لەم دەمەدا!

نادعەلی ڕابوو و بێ ئوقرە، بەڵام نەک بە تۆراوی لە دەرگاکە فڕکەی کردە دەروە.

ستار ڕوانیە شۆپی ڕۆیشتوو و، ڕوانیە موغیلان و تێی ڕاما

و بە بزەیەکی مەنگەوە پێیوت:
ــ وردە وردە ئەبێ جووتێک پێڵاو بۆ خۆت دابین بکەی.
ــ خەریکم پارەی بۆ کۆ ئەکەمەوە، چات بۆ بێنم؟
ــ چاکە و پرسیار؟!
موغیلان ڕابوو و لای پێشخانەکە کەوتە چاتێکردن. ستار هەروا بەردەوام بوو. موغیلان پیاڵەی چاکەی لای دەستیەوە دانا و وتی:
ــ زەماوەنە وەستا ستار. بیستووتە؟
ــ هەندێ شتم بەرگوێ کەوتووە، بۆچی مەگەر؟
ــ هیچ، هەروا! شەوی پەردە ـخۆ بیستووتە؟ـ ئەڵێن لە پاشایەتی کەمتر نییە! ئای کەباب، ئای کەباب، دووکەڵەکەت بدە بە لووتی ئێمەشدا! ئەو دەهۆڵ و زوڕنایەی، وەستا ستار. زۆرم حەز لەو دەهۆڵ و زوڕنا کوتانەیەتی.
ستار بە بێ ئەوەی سەر لە سەر کارەکەی بەرز بکاتەوە، وتی:
ــ منیش حەزم لێیەتی، زۆر! شادی و شەوق زۆر باشە.
موغیلان وتی:
ــ وا پێ ئەچێ زۆریش بەشکۆ بەڕێوەی ببەن بەو جۆرەی بوندار گەلاڵەی بۆ داڕشتووە!
ــ منیش پێم وایە.
موغیلان پرسی:
ــ تۆ ئەچی بۆ زەماوەن؟
ــ کێ چووزانێ، ڕەنگە منیش پێم کەوتە ئەو ناوە.
موغیلان سەری بردە ناو شانەکانیەوە و وەکوو مناڵێک وتی:
ــ ئەگەر مەلەکە بیهێڵابا، بەهەر جۆرێک بوایەت خۆم ئەگەیاندە قەلاچیمەن. ئەڕۆیشتم و بەس سەیرم ئەکرد. خۆ زەریانەئەکردم! ئەڕۆیشتم لە سووچێک ئەوەستام و سەیرم ئەکرد، ئای کە خۆشە زەماوەن و سەیرکردنی!

ستار بنی گشتەکەکەی بە دەمبڕەکە بڕی، تای گیوەکەی دایەوە بە موغیلان و وتی:

ــ خۆشە، کەیف سازئەکا، زۆر!

ــ دەستت نەڕزێ وەستا ستار، دەسخۆش. چاکەت ساردەوە نەبێ.

موغیلان ئەمەی وت و گیوەی لەپێ کرد، شانی ڕاست کردەوە، نیگای لە دەرەوەی دەرگاکە تۆزێ ڕاما و وتی:

ــ هاتن!

ستار لە ناو دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد. لەو بەر شاڕێکەوە، لە سەر ئەو شەقامە ڕێیەی ئەهاتە سەر شاڕێکە و بەرەو چاخانە ئەهات، دوو کەس ئەهاتن. ژنێک و پیاوێک. مەلەک مەنسوور و عەباسجانی کەلایی خواداد کە بەژنی چەفت و ناقۆڵای لە فرسەقێکەوە ئەناسرایەوە. مەلەک بوخچەیەکی لە سەر سەری دانابوو و دەستەکانیشی بەتاڵ نەبوون. قنج و باڵابەرز بەرەو چاخانەکە ئەهات. عەباسجانی کەلایی خوادادیش توورەکەیەک بە پشتیەوە و دوو کوزوو بە دەستیەوە بوو و دیار بوو لە بن ئەو بارە قورسەدا بە دژواری پێ هەڵئەگرێ.

مەلەک مەنسوور ژنێکی باڵابەرز و تێکسمڕاو بوو، بەڵام ڕێکردنی لەتەنیشت عەباسجانی کەلایی خوادادەوە، ئەویش بوخچەیەک لە سەر سەری، زۆر باڵابەرزتر ئەهاتە پێش چاو. مەلەک مەنسوور بەناوبانگ بوو. بەناوبانگی مەڵبەندەکەی خۆی. نەک هەر شۆفێر و ڕێبوارانی ڕێ، بەڵکوو خەڵکی دەوروبەریش چاک ئەیانناسی. مەلەک لەو ژنانە بوو کە مل بە پیاو نادەن و لە بن پیاوا ڕاناکشێن. ئەگەریش بڕیار وابێ لەگەڵ پیاوێک بژین، خۆیان ئەو پیاوە هەڵئەبژێرن. پیاوێک کە هەبێت و نەبێت. هەبێت لە کاتی پێویستدا و نەبێ لەکاتی نەویستدا. لەو بابەتەی کە ئەگەر پێویست بوو دەستی قامچی وەشاندنیشی هەبێ. بۆیەش بوو مەلەک مەنسوور، میرزاغای

کەڵاتی بۆ هاوسەرینی خۆی هەڵبژاردبوو و ماوەیەک ئەبوو ئەوی لە تەنیشت خۆیەوە ڕاگرتبوو. پیاوێک کە هەش‌بێ و نەش‌بێ. هەبێ، بۆ ئەوەی دەزگای دڵۆپێنەری ئارەقگرتن لە مەلەک‌ئاوا بەڕێوە ببات و؛ هەر کات پێویست بوو ئێوارەیەک بێ بۆ چاخانە، لە سەر قەنەفەکەی قەراخ جۆگەی ئاوەکە دابنیشێ و موغیلان نیوقاپ ئارەق و پیاڵەیەک و جامێک ماستی بۆ دابنێ بۆ ئەوەی بەدڵی خۆی بخواتەوە. نەش‌بێ، بۆ ئەوەی مەلەک مەنسوور بتوانێ کارەکانی چاخانە ڕێکوپێک بکات و کەین و بەینی خۆی بە دڵخواز بەڕێوە ببات و ڕێک بخات. کاری لەو بابەتەی ـ ئەگەر بە باش و بەسوود زانی ـ بۆ ماوەیەک خانمێک لە چاخانە ڕابگرێ و لە ڕێگەی ئە خانمەوە، ڕێبواران و بەچکە خانە تازە پێگەیشتووەکان، کوڕە بازرگان و هەندێ تازە پێگەیشتووی شاری ڕاکێش بکات بۆ بەزمگە نهێنیەکەی خۆی و بیاندۆشێ. لەم بوارەدا میرزاغای کەڵاتی ئەو کەسە بوو کە مەلەک مەنسوور پێویستی بوو. هەبوو، ئەوسا کە مەلەک ئەیویست و نەبوو، ئەگەر مەلەک نەیویستایەت!

پێش ئەوەی مەلەک مەنسوور و هاوپێکەی بگەنە سەر شارێکە، موغیلان دەرچووە دەرەوە و چوو بە پێشوازیانەوە. تیکلەی ماست و سەلەی هێلکەکەی لە دەستەکانی ژنە وەرگرت و پێشاوپێش گەڕایەوە بۆ چاخانە. ستار پیاڵە بەتاڵەکەی نایە سەر ژێرپیاڵەکە کە موغیلان هاتە ژوورەوە؛ کەلوپەلەکەی نایە سەر شوێنی خۆی و جارێکی‌تر گەڕایەوە و لە نزیک دەرگاکە بوخچەی لە سەر سەری مەلەک داگرت و بەرەو ناندێنەکە بردی.

عەباسجانی کەلایی خواداد لە دەرەوەی دەرگاکە کووزەکانی لە بن دیوارەکە دانا و توورەکەی بە وریایی لە پشتی کردەوە و داینایە زەوی. هەناسەی ڕاستکردەوە. لە کاتێکا ئارەقەی هەنیە و دەور ملی بە دەسرە چڵکنەکەی ئەسڕییەوە، ماندووی ڕێگە و قورسی بارەکەی، لە سەر لێواری قەنەفەکە دانیشت و داوای

زەرکێک ئاوی کرد:

ــ زووبە کە لێبوومەوە موغیلان!

مەلەک مەنسوور ئەوا لە پشت پێشخانەکە وەستابوو، سەری قۆرییەکەی هەڵگرتبوو و بەرامەی چاکەی هەڵئەمژی. ڕەنگە لە بەر ئەوەی تازە و کۆنەیی چای ناو قۆرییەکە بۆ خواردنەوە تاقی ئەکردەوە:

ــ لەویٚ، لە بەر باکە دامەنیشە، عەباس! گیانت ڕەق ئەبیٚ. هەڵسە وەرە ژوورەوە!

دەنگی ژنە گڕ ببوو و قسەکردنەکەی گن ببوو. لە درێژەی دواندنی عەباسجان، وەک لەگەڵ کەسی نەبیٚ، وتی:

ــ ئەوە نییە زۆریش قورس و قۆڵە! وا ئەزانیٚ بەهێزی خۆی تا ئێرە هاتووە؟

پاشان داخوڕی بە سەر موغیلان‌دا کە خەریک بوو ئاوی بۆ عەباسجان ئەبرد، وتی:

ــ ئاوی مەدەریٚ موغیلان! دەمی لە تینوێتی‌دا وشک بووە. لێیگەڕیٚ بێتە ژوورەوە!

موغیلان زەرکی ئاوەکەی لە سەر پێشخانەکە دانا و قەندانەکەی نایە بەردەس مەلەک مەنسوور کە چای بۆ خۆی تێکردبوو. مەلەک کلۆیەک قەندی هەڵگرت و لە سەر سەکۆی بن کۆڵەکەکە دانیشت. گرێی باڵەکانی چارشێوە چیتەکەی لە پشتێنەی کردەوە. قەندەکەی لە چاکە هەڵژەند و خستیە سەر زمانی و لێوە لەبار بەڵام شین هەڵگەڕاوەکانی بۆ خواردنەوەی چاکە کردەوە.

ستاریش، لە هاتنە ژوورەوەی مەلەک مەنسوور بۆ ناو چاخانەکە، خۆی و ڕەفتاری خستبوویە بن چاودێری. ئێستە ئەیتوانی نیو ڕوخی کشاوی ژنە بە چەپکێک لە کەزیە ڕەشەکەیەوە کە ڕەگەیەکی خۆڵەمێشی قەوارەیەکی شەنگی پێدابوو، ببینیٚ. نیو ڕوخی درێژکۆڵە، گۆنای ئاستەم و لووتی ڕێک و بە ئەندازە.

ئەمە نە یەکەمجار بوو کە ستاری پینەچی، مەلەک مەنسووری ئەبینی. بەڵام پێشتر دەربارەی ئەوی بیستبوو ئەوا بە سەرنج و وردبینیەکی زیاترەوە تێی ئەڕوانی. ژنێکی پەنجا ساڵان، وەرسەڵی درشت، ڕوخساری کشاو و تەواو، ماینی کوێت. خاڵێکی شین لە سەر چاڵی چەنەی، بڕۆی ڕەش و کلکی بڕۆکانی دابەزیو بەرەو گۆنای. چاوەکانی گۆشپاقی ڕەش، چرچی ورد لە قەراخی چاوەکانی و کیسەی بن پێڵووی تۆزێ هەڵمسابوو. زەردییەکی کاڵی ئاوێتەی مۆر لە پێستی ڕوومەتیدا، هەنیەی بڵیند و ڕازاوە بە چەند هێڵی ئەسپایی و دوو چاڵی درێژۆکەی شاوڵی لە نێوان دوو برۆیدا.

لە خواردنەوەی دوا قومی چاکەدا، چاوە قەڵەو و بێپەرواکانی مەلەک مەنسوور بە ناوچەوان و نیگای ستاردا تێپەڕی. ستار نیگای دزییەوە و مەلەک ئیسکانەکەی خستە سەر ناڵبەکیەکە و دایە لاوە. قوتوە سیگارە وەرشەوەکەی بە پەنجە کشاوەکانی لە گیرفانی جلیسقەکەی دەرهێنا، لۆی سەرپۆشە بوخارییەکەی هەڵدا بۆ پشتەوە و لە کاتێکا سیگارێکی لە ناو قوتوەکە هەڵئەگرت، جارێکیتر بانگی لە عەباسجان کرد، بێتە ژوورەوە:

ــ وەرە ژوورەوە تا گیانت وشک نەبووە، کاکە گیان! وەرە پیاڵەیەک چا بخۆرەوە. ئەبێ کەڕەتێکی تریش بکەیت!

موغیلان شەمچەی بۆ گرت و مەلەک مەنسوور سیگارەکەی داگیراند و لە بەر خۆیەوە کەوتە ورتە:

ــ کێ ئەیخواتەوە ئەم هەموو قوزەڵقورتە! ئەڵێی بابقولی بوندار هەموو مەڵبەندەکەی بانگ کردووە بۆ زەماوەنی کوڕەکەی؛ چاوچنۆکی دانسپی!

ستار بۆ سەیرکردنی عەباسجان، ملی کێشا بۆ لای دەرگاکە. عەباسجان هەڵسابوو و توورەکەکەی گرتبوو بە باوەشەوە کە بیهێنێتە ژوورەوە. توورەکەی لەسەرخۆ هێنا و یەکسەر چوو بۆ سەکۆکەی لای سەرووی پێشخانەکە. توورەکەی لە بن دیوارەکە

دانا و گەڕایەوە بۆ کووزوەکان.

کاتی هاتنە ژوورەوە وەکوو ستاری نەدیبێ، کاتێکە بە بەر دەمیا تێئەپەڕی، هەڵبلۆقایەوە و وتی:

ــ وەو! جەنابیشی خۆ لێرەیە!

هەڵبەت چاوەڕێی وەڵامی نەکرد، چووە دەرەوە و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ مووی جنۆکەی هەیە بێ دایک و باب!

ئەمجار کووزوەکانی هێنایە ژوورەوە و بە وریاییەوە چوو بۆ لای توورەکەکەی و کووزوەکانیشی لە ڕیزی توورەکەکەدا دانا. مەلەک مەنسوور لە ئارەقخانە کووزوو و قاپەکانی ناو توورەکەکەی دابوویە دەس عەباسجان و ئەوە لە سەر ئەو بوو بیانپارێزێ. کووزوەکانی کە دانا، ئاوڕی لە مەلەک مەنسوور دایەوە و وتی:

ــ تەنەکە پووتی مەلەک خانم، ئەگەر هەبوایە کارەکەم زۆر ئاسانتر ئەبوو. بە ترۆمبێلی ئاغە و بەم ڕێگە پڕ لە تاسەیە نازانم چۆن ئەم شووشانە بگەیەنمە جێ. ئەگەر نەتوانم ئەوا زۆر خراپ ئەبێ. خۆت خۆ ئەزانی، لە ماڵ و مەزڵی خۆیانەوە کە ئەکەونە ڕێ بەرەو قەڵاچیمەن، بە ئەوینی ئەم ئارەقانە سابوون ئەدەن لە سکیان! ئەبێ یەک دوو تەنەکە پووتیم بۆ پەیدا بکەی. ئەو شووشانەش جێیان ناو توورەکە نییە. ئەوەندەی ترۆمبێلەکە بکەوێتە ناو یەک دوو قووڵکەوە، تەنەکە پووتی موغیلان. بگەڕێ بزانە یەک دوو تەنەکەم لەو کون و کەلەبەرانەدا بۆ نادۆزیتەوە!

موغیلان پیاڵەی چاکەی لە سەر سەکۆکە، لای عەباسجانەوە دانا و بۆڵاندی:

ــ تەنەکە پووتی لە کوێ بهێنم، کاکە گیان! ئەو کاتەی کە هاتی مەگەر نەت ئەزانی بۆچی ئەچی؟! ئەبوا بیرت لێ بکردایەتەوە!

عەباسجان، ڕانە مەڕێکی پێچراوە لە چارۆکەیەکدا، لە ناو

توورەکەکە دەرهێنا و لە کاتێکا لە سەر پێشخانەکە دای ئەنا وتی:

ــ تۆ جارێ ئەمەیان بگرە با لەگەڵ خۆم نەیبەم! چونکە ئەمەیان هی خۆتانە. مەلەک خانم!

موغیلان گۆشتەکەی هەڵگرت و عەباسجان لە سەر جێی خۆی دانیشتەوە. دەستی برد بۆ ژێرپیاڵەکە و لە کاتێکا چاوی لە مەلەک مەنسوور بوو وتی:

ــ بابقولی بوندار، ڕەنگە لە تۆیشی گێڕاوەتەوە وەستا ستار، وایە؟!

ستار گوێی نەدایە؛ بەڵام عەباسجان ئەمجار ڕووی تێکرد و وتی:

ــ دیسانەوەش دێی بۆ قەڵاچیمەن، ئەرێ؟!

ستار بە بێ وەڵامدانەوە سەیری عەباسجانی کرد و خامۆش تێی ڕوانی. عەباسجان بە ناچار بێدەنگ بوو و بە چا خواردنەوە خەریک بوو. لەم کاتەدا مەلەک مەنسوور ڕابوو، قنچکە سیگارەکەی لە ژێر پێیدا کوژاندەوە و بەرەو دەرگای چاخانەکە چوو. لای پێشخانەکە وەستا و هەواڵی خاوەن ئەسپەکەی پرسی:

ــ ئەی خۆی لە کوێیە؟!

موغیلان بە دەم گۆشت بڕینەوە وەڵامی دایەوە کە ئەسپەکە هی کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلیە:

ــ تاوێک بەر لەمە لێرە بوو! وەکوو جنۆکەی بینیبێ دەرپەڕییە دەرەوە. وابزانم ناسازە! وا پێ ئەچێ شتی لە بیر ئەچێ، وانییە وەستا ستار؟، وەستا ستار باشتر ئەزانێ!

ستار لە نیگای پرسای مەلەک مەنسووردا کە موغیلان سەرنجی پێدابوو، چاوی لە چاوە داچەقاوەکانی عەباسجان، وەڵامی دایەوە:

ــ وانییە! ناساز نییە، گیرۆدەیە. ونبووی هەیە!

عەباسجان کە بیانوویەکی بۆ خۆ تێ هەڵقورتاندن دەس کەوتبوو، بە پێکەنینێکەوە کە لەخۆڕا خوێڕیانە بوو و بە ناچار قێزەون، وتی:

ــ نادعەلی چوارگوێشلی؟! هەهـ، ئەو تەنها خۆشەویستەکەی ون نەکردووە، ئەو جەوانی خۆی ون کردووە! ژیانی ون کردووە. دار و نەداری بوو بە دووکەڵ و چوو بە حەوادا! هەهـ، بەهاری ئەمساڵ، جووتیارەکانی ئێمە زەوییەکانیان کێڵا. ئاوەکەشی جووتیارەکانی ئاغەی ئێمە وەریانگێڕا سەر زەوییەکانی خۆیان. لە داراییەکەی بۆی مابوویەوە پەزەکانی، ئەوانیش پێنج و دە فرۆشران، یان بزەباقەیان گرت و مردن. ئەو ڕەبەنە بەو جۆرە سووتا و بوو بە خۆڵەمێش. خۆی هێشتاش بە خۆی نەزانیوە. ئای، ڕەبەنی نەگبەت! ڕەنگە هێشتاش گێژەگێژ بە دوای سەوقیدا ئەگەڕێ!

مەلەک مەنسوور گەڕایەوە ناو دەرگاکە و بە موغیلانی وت:

ــ دەستت بەتاڵ بوو چایەک بۆ منیش تێکە.

عەباسجان نیوە سیگارێکی داگیراند و بە دوای قسەکەی خۆیدا وتی:

ــ زەویداری و پەزڕاگرتن لێوەشاوەیی ئەوێ. هەموو کەس شیاوی ئەوە نییە. ئەبێ زۆر گورگ بی بۆ ئەوەی بتوانی میراتی باوکت ڕابگری. چونکە ئەگەر بتەوێ میراتی باوکت بپارێزی ئەبێ بتوانی زۆرتری بکەی. ئەگەر نەتوانی لێی زیاد بکەی، خۆبەخۆ کەم ئەبێتەوە. وەکوو چڵکی پشت دەست. ئەشۆرێتەوە و ئەڕوا بە دوای کاریدا! بەڵام هیچکەسم نەدیوە ئاوا کوڵوگورج میراتی باوکی دابێ بە دەم باوە! زۆر زوو دار و نەداری خۆی تیابرد ئەو جەوانە! حەیف، دایکیشی -ڕەبەنە- دیقی کرد و مرد. خۆ بیستووتە مەلەک خانم؟

مەلەک مەنسوور پیاڵەی چاکەی نایەوە سەر پێشخانەکە

و وتی:

ــ بیستوومه، بیستوومه! خوا تۆزێ ویژدان بدا به بابقولی بوندار!

ــ پاره، مەلەک خانم! پارەی بێباوک، باوک و فرزەندیش نازانێ، چ بگات به خزمایەتی! پاره هیچ دینێکی نییه! من لەم بابەتەش تێگەیشتووم. زۆر باش. پاره هیچ دینێکی نییه! نەمانزانی کەی ئەگەنە ئێره ئەم لۆتیانه؟ ڕەنگە دوێشەو تا دەمەو بەیان بەزمیان هەبووه. ئەمڕۆش تا لە خەو ڕابن و خۆیان ساز بکەن ئەبێ بە چەقی نیوەڕۆ! ئەگەر ئەو تەنەکە پووتیانەم دەس بکەوتایەت ئەندێشەم ئاسوودە ئەبوو. ئەچووم نۆرەیەکی ترم ئەهێنا!

مەلەک مەنسوور وتی:

ــ گەڕایتەوه بۆ ناو ئاوایی بڵێ میرزاغا بۆت پەیدا کات.

عەباسجان کەوتە بەتاڵکردنی توورەکەکە. شووشەکانی دەرهێنا، بەریز لە بن دیوارەکە دایانان و توورەکەکەی هەڵگرت و ئامادەی ڕۆیشتن، بە موغیلانی وت ئاگای لێیان بێ:

ــ هەر هەموویان ساخی ساخن، ها!

موغیلان سەیری ڕیزی شووشەکانی کرد و عەباسجان بەر لەوەی پێ بخاتە دەرەوه. لای ستارەوه وەستا، دانیشت و وتی:

ــ با چایەکیتریش لە لای وەستا ستارەوه بخۆم پاشان بڕۆم! بابێ موغیلان، چایەکی تریشم بۆ بێنه. دەمم وشکه!

موغیلان چایەکی لە بەردەم عەباسجان دانا و وتی:

ــ کا هی خۆت نییه، خۆ کادێنەکە هی خۆتە بێ ویژدان! بەری بەیانی نواڵەیەک شیرەت کێشاوه و هێشتاش دەمت وشکه؟!

عەباسجان بە بێ گوێدانە پلارەکەی موغیلان، کلۆ قەندێکی لە ناو چاکە تەڕ کرد و خستیه سەر زمانی و بە ستاری وت:

ــ ئیتر چ ئەندێشەیەک لەو کاژەره وشکەتدا خولەی

دێ، ئەی پیاوی سەرەڕۆ! ئیتر خەریکی چ نەخشەیەکی؟ ئەمڕا ئەتەوێ کوێ بورووژێنی؟ ئەتەوێ کوێ بنێی بە سەر ئاگرەوە، ها؟، بۆسەت بۆ کێ ناوەتەوە؟ خۆت لە کێ حەشار داوە؟ تێرت نەخوارد لەوەی لە قەڵاچیمەن بە سەریان هێنای؟!

ستار ئەماژەی بەو هەموو قاپە ئارەقەی عەباسجان لە بن دیوارەکە ڕیزی کردبوون، بەڵام بە دەم پێکەنینێکی مەنگەوە وتی:

ــ ئەو هەموو ئارەقە کێ ئەیخواتەوە؟ ڕەنگە خۆت بە تەنها کووزوویەکی، ئەرێ؟

ــ لایەنگری زۆرن، زۆری زۆر. ئەوەندە زۆر بەڵێنت پێ ئەدەم هیچی بە من نەگات. گاڵتە نییە خۆ، سێ شەو و سێ ڕۆژ شایی و هەڵپەڕکێیە مەشتی ستار! سەرەتا پێم وابوو سەرەلەقێتە سەر لە کارەکە دەربهێنی، بەڵام پاشتر، بۆم دەرکەوت نەء، لەوە ناچێ لەو ناوە پەیدات ببێتەوە. چونکە هەموانی لێیە، هەموو ئەوانەی تۆ لە دەسیان هەڵدێی. هەم سەرۆکی جەندەرمە، هەم سەرۆکی ئاسایش، هەم خانی ئێمە و هەم زۆریتریش. هەموو ئەوانەی تۆ ئەمری بۆ ئەوەی بیانبینی! هەڵبەت من نازانم، ڕەنگیشە کاسەیەک لە بن نیو کاسەت هەبێ تۆ؟! بەس خوا لە ئادەمیزادی وەکوو تۆ ئاگادارە!

ستار بە تەشەرەوە وتی:

ــ سەرت گەرمە عەباسجان! ئەگەر بەرت پێ نەگرن تا ئێوارە قسەی قۆڕ ئەکەیت و نایبڕیتەوە. بڕۆ کارەکانت بکە، بڕۆ نیوەڕۆیە!

عەباسجان بە بێ ئەوەی بە تەشەرەکەی ستار تەڕ ببێ، بە دژایەتی ئاشکراوە وتی:

ــ هەموو خەڵەکانی ئەرباب لە قەڵاچیمەنەوە ڕاکێش کرا بۆ زەعفەرانی! نەخشەکەشتمان پووچەڵ کردەوە!

ستار هەمدیسان بە تەشەرەوە وتی:

ــ وا دیارە تۆیش یەک دوو شەڵتە کرێ پێت وەرگرت، ئەرێ؟!

ــ عەباسجان هەڵسا، پیاڵە و ژێرپیاڵەکەی نایە سەر پێشخانەکە و لە کاتێکا کە توورەکە بەتاڵەکەی ئەدا بە شانیدا بە مەلەک مەنسووری وت:

ــ ئەڕۆم ئەوی کەشی بهێنم!

عەباسجان چووە دەرەوە و بیسرا سڵاوی لە یەکێک کرد:

ــ سڵاو ئەرباب گیان، چۆنی باشی؟! بۆ وا ڕەنگت پەڕیوە، ئەرباب؟

وەڵامێک لە لایەن نادعەلیەوە نەبیسرا و دەسبەجێ بە سەروقژی شۆڕاو و تەڕ، چاوی سوور و دەرپەڕیوەوە، لە کاتێکا کڵاوەکەی لە ناو دەستیدا ئەگووشی هاتە ژوورەوە و بە لەتردان چوو بەرەو هەوێشخانەکەی دوێشەو لەوێ خەوتبوو. بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەسی بێ، وتی:

ــ کوانێ، کوانێ؟، سەرما، زۆرم سەرمایە. سەرما!

لە پشت پەردەی هەوێشخانەکە کە ون بوو، هاواری کرد:

ــ ئاگر! لێفەیەکیتریش موغیلان! ئاگر، ئاگر!

مەلەک مەنسوور ناخودئاگا و شەڵەژاو لە سەر جێ ڕابوو و لە کاتێکا بە دوای نادعەلیدا ئەچوو بۆ هەوێشخان، بە موغیلانی وت:

ــ چییەتی؟! بێنە، ئاگر سازکە و بیهێنە!

مەلەک مەنسوور لە پشت پەردەکە ون بوو. موغیلان کەوتە سازکردنی ئاگر و بە ستاری وت:

ــ نازانم چ سیحرێکت بە گوێی کوڕی خەڵکدا خوێند کە بەو جۆرە تێکت دا!

ستار لە کاتێکا هەڵئەسا بۆ ئەوەی ماندوێتی ڕەگ و دەمار و ئێسکەکانی بە خۆکێشانەوەیەک لە خۆی دوور بکاتەوە، بە دەم باوێشکەوە چووە دەرەوە و وتی:

ــ زۆر دەمێکەیە تێک چووە، تێکیان داوە!

لە دەرەوە موغیلان کەوتبوویە باوەشێن کردنی مەنگەڵەکە. ستار چوو بەرەو جۆگەکە، دانیشت و دەستی خستە ناو ئاوەکە و دڵ و دیدەی دایە مراوییەکان کە سووکەڵە و ئارام سینەیان ئەساوییە سینەی ئاوەکە.

مەلەک مەنسوور سەر و شانی لە دەرگاکە هێنایە دەرەوە و بە موغیلانی وت:

ــ برۆ لێفەیەک بدە بە سەریدا، لەرزی کردووە. من ئاگرەکە ئەهێنم!

موغیلان ڕۆیشت و مەلەکە هاتە دەرەوە و خۆی بۆ باوەشێن کردنی ئاگری ناو مەنگەڵەکە لە سەر قەنەفەکە دانیشت. ستار شڵپێک ئاوی دا بە دەموچاویدا، ڕابوو و لە کاتێکا دەسڕی لە گیرفانی دەرئەهێنا، هات بۆ لای مەلەک مەنسوور. لە سەر لێواری قەنەفەکە دانیشت و سیگارێکی لە گیرفانی دەرهێنا بە ئاگری مەنگەڵەکە دایگیرێنێ. هەر لەو کاتەشدا وتی:

ــ هەتاوی پایز، خۆش ئەچەسپێ!

مەلەک مەنسوور سەری بە کاری خۆیەوە، وتی:

ــ ناسازە! زۆر نەخۆشە جەوانی ڕەبەن. ئەیناسی؟

ــ دووراودوور، کەموزۆر.

ــ ئەزانم کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلییە، بەڵام چییەتی؟

ــ کۆڵەوارە!

ــ بەچی؟

ــ گەردوونە ئیتر، مەگەر ژیان ناناسی؟ تۆ خۆ چاو و گوێت پڕە لەم قسانە و لەم ڕووداوانە! هەندێک خۆیان پێ ڕاناگیرێ. ناسک و تەرچکن. لە شوێنێکدا ئەشکێن. هەندێ جار لە سەر شتێکی بچووک وردوخاش ئەبن. ساڵی پێشوو کاتێکە بینیم بە دوای دەزگیرانەکەیدا ئەگەڕا. بەڵام ئەمساڵ، ئەمساڵ وەکوو شتێ بە دوای شتێکیتردا ئەگەڕێ!

مەلەک مەنسوور مەنگەڵ و باوەشێنەکەی هەڵگرت، چووە ژوورەوە و ستاری لەگەڵ خۆی بەجێ هێشت.

لە ناو چاخانەکە موغیلان هاتە بەرەوە مەنگەڵی پشکۆکە لە مەلەکە وەربگرێ، بەڵام مەلەک مەنسوور وتی:

ــ خۆم ئەیبەم!

موغیلان بە دوای مەلەکەدا ڕۆیشت و وتی:

ــ وڕێنە ئەکات؛ زۆر پیس کەوتۆتە وڕێنەکردن!

مەلەکە بە بێ بایەخدان بەوەی موغیلان وتی، پەردەکەی بە ئانیشک لادا و لە ناو هەوێشخانەکە لەچاو ون بوو.

موغیلان گەڕایەوە و چووە پشت پێشخانەکە کاری گۆشت لێنانەکەی ڕاپەڕێنێ. گۆشت و ئێسقانی، جگە لە نەرمەکەی ئەبوایە بکردایەتە مەنجەڵێکی گەورە، نۆک و فاسۆلیاشی تێ بکا. ئاو بکا بە سەریدا و بیخاتە سەر بۆ ئەوەی بکوڵێ. کوانووە گەورەی بن پێشخانەکەی سووچی دیوارەکە. موغیلان ساورمە و گەونی لە بن تاقەکە، کوانووی داگیرساند و مەنجەڵی نایە سەر، بە بەری دەست ئاوی سوچی چاوەکانی لە قەراخ لووتی سڕیەوە.

حیلەی ئەسپ. وەڵامی حیلە بە حیلە. موغیلان گوێی هەڵخست و سەری بەرەو دەنگەکە سووڕاند. ئەمەیان ئەسپەکەی نادعەلی چوارگوێشلی بوو، ئەیحیلاند. موغیلان چوو بەرەو دەرگای چاخانەکە. ستار لە سەر قەنەفەکە هەڵسابوو و بەرەو دەنگەکە، ملی ئەکێشا. موغیلان هاتە دەرەوە و شوێن نیگای ستاری گرت. ستار ئاوڕی لە موغیلان دایەوە و وتی:

ــ هاتن!

موغیلان هەڵاتە ژوورەوە و یەکسەر چوو بۆ هەوێشخان:

ــ هاتن!

مەلەکە پەردەکەی لادا و لە بەر چاوی شەڵەژاوی موغیلاندا کە دەرەوەی پیشان ئەدا، پرسیاری کرد:

ــ هاتن، کێ؟

موغیلان لە کاتێکا سەرنجی مەلەکی ڕاکێشابوو و بە دوای خۆیدا ئەیهێنا جارێکیدی وتیەوە:

ــ هاتن!

لای خواری ڕێگەکەوە، دوو سوار ئەهاتن. دوو غەوارە، بە سواری دوو ئەسپی چوارهەنگڵی سوور و بەڵەک. جووتە سوار تفەنگەکانیان بە دەستەوە و لۆخەندانی ڕاست و چەپ بە سینەیانەوە. لەغاویان بەردابوو، لەسەرخۆ و ئارام. شان بە شان و مەنەک بە مەنەک. یەکی جەوان و یەکی بەئەزموون و سەرەپیاو. هەر دوو سوار سەر تا پێ بە جلی بەلووچیەوە. جەوان تەقیلەی ئەفغانی بە سەرەوە بوو و شاڵ بە دەور ملیەوە کە ڕیشکەی کارەبایی دووسەری لفکەی شاڵەکەی ئەیدا لە زینی ئەسپەکە. بەرگی جەوان خاکی سوور و هی سەرەپیاو یەکپارچە سپی بوو، مەگەر ئێلەکێک بە ڕەنگی زەیتوونی و چوار گیرفان کە قۆپچەی زیوین ئەیڕازاندەوە. کابرا، مێزەری سپی بە سەرەوە بوو و ڕوخساری ڕەشتاڵەی بە ڕیشێکی باریک و ڕەش ڕازابوویەوە. ڕیشێک لە ڕەنگی چاوەکانی کە لە قووڵایی کالانەوە وەکوو دوو ئەڵماس ئەدرەوشانەوە. جەوان ڕەنگی ڕوخی ڕوون، گۆنا و ناچەوانی، وەکوو چاوەکانی کە هەندێ خوار بوو، نیشان و ڕەگەزی ئەبردەوە بۆ تەتەرەکان.

ــ ئێمە مرۆی جیهەنخانی سەردارین؛ چاخانەی مەلەک مەنسوورمان ئەوێ. ئێرە خۆیەتی؟

مەلەک مەنسوور بۆ پێشوازی هەنگاوی نایە پێشەوە و وتی:

ــ بەخێر بێن کاکی برا، مەزڵی خۆتانە، فەرمووون!

دوو پیاو دابەزین، جەوان لەغاوی بۆ لای دارەکە ڕاکێشا. دەسکەوساری لە لقی دارەکە گرێ دا و هات لای هەڤاڵەکەیەوە وەستا. کابرا بە بەردەم مەلەک مەنسووردا تێپەڕی، دەستی نا

بە باڵشمەی دەرگاکەوە و سەری بردە ناو چاخانەکە، نیگای بە ناو چاخانەکەدا گەڕاند و ڕووی دەمی لە مەلەک مەنسوور، وتی:

خەنیمەکانی ئێمە هێشتا نەهاتوونەتە جێ ژوان؟

مەلەک مەنسوور بە پرسەوە سەیری ستاری کرد و وتیەوە:

ـ خەنیمەکانمان؟!

کابرا لە تەنیشت ستارەوە لە سەر قەنەفەکە دانیشت و وتی:

ـ گوڵمحەمەدەکان! بڕیار وابوو بێن بۆ ئێرە، لەم کاتەدا.

دیسانەوەش مەلەک مەنسوور بە داماوی سەیرێکی ستاری کرد. ستار وتی:

ـ ئەگەر بڕیار وا بووبێ بێن بۆ ئێرە، دێن ئیتر. بڵێ چا بهێنن بۆ سەردار.

کابرا ڕووی وەرگێڕا و بە خواری سەیری ستاری کرد و لێی ڕاما. ستار لە سەر قەنەفەکە کشابوویە دواوە و پشتی دابوو بە دیوارەکەوە، لە بن نیگای بەدگومانی کابرای بەلووچدا خۆی پێ ڕانەگیرا. بۆیە قاچەکانی لە سەر قەنەفەکە شۆڕ کردەوە، سەری خوار کردەوە بۆ ناو چاخانەکە و وتی:

ـ چا بێنە بۆ سەردارەکان، موغیلان!

هێشتا ستار سەر و شانی وەر نەگێڕابوو کە کابرای بەلووچ لێی پرسی:

ـ تۆ لەوانی، خۆت؟!

ستار لە وەڵامی کابرای بەلووچدا پێکەنی و وتی:

ـ نەخێر سەردار، من ڕێبوارم!

موغیلان چای هێنا و لە سەر مێزەکە داینا. ستار لە سەر لێواری قەنەفەکە هەڵسا و جێی بۆ جەوانەکە چۆڵ کرد. جەوان لە سەر لێواری قەنەفەکە دانیشت و تفەنگەکەی نایە سەر ڕانی. ستار دەزگای کارەکەی لە چاخانە هێنایە دەر، لەو بەر

دەرگاکە، لە بن دیوارەکە داینا و لە سەری دانیشت. موغیلان لەپەنای دیواری ئاغەڵەکە باوەشێک کۆزەرەی وشکی هێنا و کردیە بەر ئەسپی بەلووچەکان. کابرای بەلووچ ددانە تۆکمە و سپیەکانی بە پێکەنینێک پیشان دا و بە موغیلانی وت:

ـ دەسخۆش پیاو، ئەی کە ژیری! جا نان و ماست و هێلکەیەکیشمان بۆ بهێنە.

ـ بەڵێ سەردار!

موغیلان چووە ناو چاخانەکە و کابرای بەلووچ لە ستاری پرسی:

ئەسپی ناو گەوڕەکە هینی کێیە؟

ستار وتی:

ـ وابزانم خاوەنەکەی لە ژوورەوە خەوتبێ!

ـ کێیە خاوەنەکەی؟

ـ چوارگوێشلی.

ـ چوارگوێشلی؟!

ـ کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلی، نادعەلی!

ـ کێ بێ ئەم نادعەلیە؟!

ستار فریا نەکەوت وەڵامی کابرای بەلووچ بداتەوە، چونکە مەلەک مەنسوور شپرزە و شەڵەژاو بانگی کرد بۆ یارمەتیدان:

ـ ئەم جەوانە زۆر خراپ وڕینە ئەکات وەستا، زۆر پەرێشانە، نەکا لێرە تیا بچێ لەپڕ!

ستار هەڵسا و چووە ژوورەوە و بە دوای مەلەکە بەرەو هەوێشخانەکە چوو. موغیلان نان و ماست و ئاوی لە ناو سینیەکە داچنیبوو، هێنای و لە نێوان دوو بەلووچەکە داینا و وتی:

ـ هێلکەکانم کردۆتە ناو ڕۆن، دەڵەمە بێ باشە؟

بەلووچ وتی:

ـ هەر چۆن کە زوو پێ بگات!

ــ سەرچاو، سەرچاو!

موغیلان جارێکیتر گەڕایەوە ژوورەوە و ستار لە پاشخانەکە هاتە دەرەوە و بە مەلەک مەنسووری وت:

ــ ئەبێ بخەوێ. چارەی بەس خەوە. نیگەران مەبە!

لە پێش مەلەکەوە، ستار هاتە دەرەوە و بینی قەنەفەکە بەلووچەکانی لێ نەماوە. بەلووچەکان ئەسپەکانیشیان لە بەرچاو ون کردبوو. مەلەک مەنسوور بە حەپەساوییەوە ڕوانیە ستار. ستار لای سەرووی ڕێگەکەی پیشان دا. لە بەری سەرووی ڕێگەکەوە، دوو سوار بەرەو چاخانە ئەهاتن. مەلەک مەنسوور کە چاوە قەڵەو و پڕ سپێنەکەی زیاتریش داچەقابوون، مەنگ و حەپەساو پرسی:

ــ ئەمانە ئیتر ئەبێ کێ بن؟!

ستار وتی:

ــ ئەبێ مرۆی گوڵمحەمەدی سەردار بن!

ــ ئەی ئەوانیتر بۆ کوێ چوون؟! چ باسە لێرە ئەمڕۆ؟!

ستار بە دزیکەوە پێکەنی و وتی:

ــ ئەوان، هەر لەم دەور و بەرەن. دیارە ئەیانەوێ پارێز بکەن!

ــ لە چی؟، تۆ ئاگات لە هیچ هەیە. ئەیانناسی؟!

ستار پرسی:

ــ تۆ چی، ئەیانناسی؟

ــ نەء، لە کوێوە بیانناسم؟

ستار وتی:

ــ یەکیان عەلی چەخماخە!

ــ ئەویتر چی؟

ــ بەگمحەمەد!

دوو سوار، شان بە شان و مەنەک بە مەنەک هاتن و لە بەرامبەریان وەستان. تفەنگ بە دەستەوە و زەر و ڕەختی حەمبەل کراو:

ـ ئێمە مرۆی گوڵمحەمەد خانی سەردارین، چاخانەی مەلەک مەنسوور ئەبێ ئێرە بێ، وایە؟

مەلەک مەنسوور بۆ پێشواز هەنگاوی نا و وتی:

ـ بەخێر بێن کاکی برا، مەزڵی خۆتانە. فەرموون!

دوو سوار دابەزین. چەخماخ دەسکەوساری لە دەست بەگمحەمەد وەرگرت و ئەسپەکانی برد بۆ لای دیواری ئاغەڵەکە. دەسکەوساری لە سنگەکەی دەرەوە گرێ دا و گەڕایەوە. دوو پیاو لە سەر لێواری قەنەفەکە دانیشتن. چا و نان و سینی لە نێوانیاندا بوو. چەخماخ و بەگمحەمەد تفەنگەکانیان خستە سەر ڕانیان. مەلەک مەنسوور چووە ناو چاخانەکە و ستار، بە بیانووی میزکردن، چوو بۆ پشت دیواری ئاغەڵەکە. بەگمحەمەد سەری بردە ژوورەوە و وتی:

ـ ئێمە لە دوورەوە دوو ئەسپمان لێرە بینی مەلەک!

موغیلان لە کاتێکا تەپڵەکێکی لەگەڵ خۆی ئەهێنا، لە دەرگاکە هاتە دەرەوە و لە وەڵامدا وتی:

ـ هەر ئێستە لێرە بوون! دوو بەلووچ بوون!

ستار گەڕایەوە و لە کاتی چوونە ژوورەوەدا بە ئەماژە تێی گەیاندن کە بەلووچەکان وان لە پشت دیوارەکاندا.

موغیلان تەپڵەکەکەی نزیک جۆگەی ئاوەکە و لای دارەکەوە دانا و ڕۆیشت تا قۆری و قەندان و پیاڵەکان لە مەلەک مەنسوور وەربگرێ کە لە ناو سینیەکی وەرشەودا دایناببوون. وەریگرت و لە بەردەم بەگمحەمەد و چەخماخ داینا و خۆی لە ناو چاخانەکە ون بوو. ستار هاتە دەرەوە و لە سەر جێی خۆی، لە بن دیوارەکە دانیشت، ئانیشکی خستە سەر ئەژنۆی و گوێی قوڵاخ کرد. بەگمحەمەد سەیری ستاری کرد. ستار وتی:

ـ پارێز ئەکەن. خۆیان ئێستە دێن!

چەخماخ پیاڵەکانی پڕکرد لە چا و موغیلان بە سینی هێلکەورۆنەوە هاتە دەرەوە. سینی نان و ماستی بەلووچەکانی

لای دەستی بەگمحەمەدەوە هەڵگرت و لەگەڵ سینی هێلکەوڕۆنەکە لە سەر تەپڵەکی کەنار درەختەکە داینا و بانگی کرد:

ــ هێلکەوڕۆن ئامادەیە سەردار، خواردنەکەتان ئامادەیە!

دوو بەلووچ، لە دوو لای چاخانەکەوە، دەرکەوتن و وریای ئەو کەسانەی ئێستە لە سەر جێگەکەی ئەوان دانیشتبوون، سەیریان کردن. بەگمحەمەد و چەخماخ دەست و دەمیان خەریکی خواردنەوەی چا بوو و وایان دەرئەخست گوێیان لە خەنیمەکانیان نییە. سەریان داخستبوو و بەس بە سیلەی چاو لە بەلووچەکانیان ئەڕوانی. بەڵام ستار بە ئاشکرا چاودێری ئەکردن. بەلووچەکان لە دوو لاوە هاتن. ئەسپەکانیان بە دوای خۆیاندا ئەکێشا. لە سەر قەنەفەی بن دارەکە دانیشتن و تفەنگەکانیان لە سەر ڕانیان دانا و بە نۆرە کەوتنە خواردنی ئەو خواردنەی بۆیان دانرابوو.

بێدەنگی تەواو. خواردن و خواردنەوە لە بێدەنگیدا ڕاگیراوە. پیاوەکان بێدەنگ دانیشتوون. دوو بە دوو لە سەر قەنەفەی تەختە. هەر کامەو وەک پەیکەرێکی بەردین. کەس لێوی نابزێوێ. تەنانەت چاو ناترووکێنێ. ڕەقی و مۆنییان هەراس ئەخاتە دڵی ستارەوە. قۆری چاییەکان سارد بوونەتەوە، بەڵام هیچ دەستێک ناچێ بۆ قۆرییەکە. دەستەکان لە سەر تفەنگەکان ڕچاون و جووڵە و چرکە نییە، مەگەر لقەکانی دارەکە و کلکی ئەسپەکان. خۆر کەوتۆتە گاڵتە لەگەڵ گەواڵە هەورەکان. هەتاو ون ئەبێ و دەرئەکەوێتەوە، هەموو چاخانە لە بن قورسایی بێدەنگیدا هەناسەی خۆی خنکاندووە. لێوەکان قەپات و زمانەکان لاڵ، هیچکەس قسەی نییە و ئەڵێی ئەو بیابانە زەبەلاحە لەو بێدەنگیەی لە نێوان پیاوەکاندا کەوتۆتەوە، تەنگەبەر ئەنوێنێ.

خەنیمەکان بە ڕوونی یەکدیان ناسیوە و لێ ئاشکرا بووە. لە هەر دوولا ڕوونە کە پێشەنگ هاتوون. بەڵام ئەتوت ئەوە

نازانن ئەبێ چی بە یەکدی بڵێن. بەڵام مەگەر ئەبوا شتێک بڵێن یان ببیسن؟ نەء. وا پێ ئەچوو هیچ لایەک پەیام و گوتەیەکی بۆ ئەویتر نییە. هەر ئەوەندەی -ڕەنگە- بۆ بینینی یەکدی هاتبوون. هەر ئەوەندەی بۆیان ڕوون ببێتەوە خەنیم هاتووە بۆ ژوانگە و تەواو! ئەمایەوە درێژەی کارەکە تا چی ڕووبدات.

بە ئەماژەی بەگمحەمەد، عەلیخان چەخماخ لە سەر قەنەفەکە هەڵسا، بەرەو ئەسپەکەی چوو، دەسکەوساری لە سنگەکە کردەوە، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا، دەستی بە بەرکۆی زینەکەوە، پێی لە ئاوزەنگی نا.

لەبن نیگای کابرای بەلووچیشدا، جەوانی تەقیلە لەسەر، لە سەر قەنەفەکە هەڵسا، لەغاوی هەڵدایە سەر زینەکە، سەری ئەسپەکەی وەرگێڕا، پێی لە ئاوزەنگی نا و لە سەر زینەکە دانیشت.

عەلیخان چەخماخ کڵاوەکەی لە سەری توند کرد، تفەنگەکەی بە دەستی ڕاست گرت و لەغاوی ڕاوەشاند.

جەوانی بەلووچ لەغاوی ڕاوەشاند و ئەسپەکەی ئامادەی ڕۆیشتن ڕاگرت.

ئەسپەکان کەوتنە ڕێ، شەفتووری یەکیان بڕی و هەر کامە بە ڕێگەی هاتووی خۆیدا. چەخماخ بەرەو ژوور و بەلووچ بەرەوخوار. نیگای هەر کام پشت و پەنای یارەکەی خۆی کە خەریک بوو ئەیدایە غار؛ تۆز و دوومان بە شوێن هێڵی ئەسپ و سوارەوە.

بەگ و بەلووچ سەریان لە شۆپی ڕۆیشتووەکان وەرگێڕا و لێکیان ڕوانی. دوو ئاوێنەی شکاو یەکدیان ڕووشاند، بەگمحەمەد دەستی برد بۆ قۆری چاکە و بەلووچ کلۆ قەندێکی نایە سەر زمانی. موغیلان پیاز و خوێدانی بۆ بەلووچ هێنا و لە بەر دەستی لای سینیەکەوە داینا. کابرای بەلووچ چاییە شلەتێنەکەی یەک بین هەڵقوڕاند و لە سەر قەنەفەکە چوارمشقی دانیشت.

دەستی هێنا بە ڕیشیدا و تفەنگەکەی لای ڕانی ڕاستیەوە دانا و پەنجەی بۆ نانەکە برد. نانەکەی لە سەر سینیەکە هەڵگرت و وەک بڵێی بیری بە شتێکەوە خەریک بووبێ، ساتێک ڕاما، پاشان سەری هەڵێنا، خاچ لە چاوەکانی بەگمحەمەدی ڕوانی و وتی:

ــ فەرموو!

بەگمحەمەد لە سەر قەنەفەکە هەڵسا، بە خامۆشی چووە بەرەوە، دەستی برد بۆ نانەکە تۆزقاڵێکی لێکردەوە. قەراخە ناناکەی نایە سەر زمانی و وتی:

ــ نمەک!

بەلووچیش بە هەمان واتا وتی:

ــ نمەک!

پاشان سەیری ستاری کرد. ستار بە نیشانەی سپاس دەستی نا بە سینەیەوە و وتی:

ــ نۆشی گیانتان!

بەلووچ کەوتە خواردن و بەگمحەمەد گەڕایەوە سەر جێگەی خۆی. موغیلان لە کۆکردنەوەی قۆری و پیاڵەکاندا، نزیک بەگمحەمەد وەستا و پرسی نانی بۆ بهێنێ. بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی نا. موغیلان ڕۆیشت و بەگمحەمەد ڕوانیە ستار و لە خاوەنی ئەسپەکەی ناو ئاغەڵەکەی پرسی. ستار لە وەڵامدا وتی:

ــ نادعەلی؛ نادعەلی چوارگوێشلی.

ــ نادعەلی؟! ناوەکەی لام ئاشنایە! کوڕی حاجی حسێن، ئەرێ؟ ئێستە لە کوێیە؟

ــ خەوتووە؛ خەو.

ــ جا کەی ئێستە کاتی خەوە؟

ستار شادمانی ئەوەی بیانوویەکی بۆ وتووێژ دۆزیوەتەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ پەرێشان بوو، کفت و شپرزە.

بەگمحەمەد بن باخەڵی خوراند، باوێشکێکی دا و بە ستاری وت:

ـ وەرە پێشترەوە، چایەک بخۆرەوە. بڵێ قۆرییەک چای تازە بهێنن، کاکی برا، چا بێنە!

ستار هەڵسا و لە سەر جێگەی چەخماخ، نزیک بەگمحەمەد دانیشت. موغیلان قۆری چای تازەی هێنا. ستار چای تێکرد و بەگمحەمەد هەواڵی کاکەی خانمحەمەد و قوربان بەلووچی پرسی. ستار تێیگەیاند هێشتا هیچیان نەهاتوون. کابرای بەلووچ ئەوا ئاوی ئەخواردەوە. بەڵام بە جۆرێک کە بتوانێ لە سیلەی چاویەوە بەگمحەمەد و ستار ببینێ. بەگمحەمەدیش بێ دڵەڕاوکێ نەبوو و لە هەر دەرفەتێکدا لە بن چاوەوە بەلووچی سەیر ئەکرد:

ـ شوێنی هەرە بەرز کامەیە، لەمناوە؟

ستار لە وەڵامدا وتی:

ـ گردەکەی لای سەرووی چاخانە!

بەگمحەمەد وتی:

ـ بانی چاخانەکەش ئەبێ بە دەست خۆمانەوە بێ. تۆ هەر لێرە بە!

وتی و نەیوت، بەگمحەمەد پیاڵە بەتاڵەکەی دانا، ڕابوو و گورجوگۆڵ چووە ناو چاخانەکە و بەر لەوەی نیگای ستار لە بەر خەنجەری چاوەکانی بەلووچدا تێک بشکێ، کون و کەلەبەری چاخانەکەی سەیرکرد، گەڕایەوە و لە کاتێکا بە بەردەم ستاردا تێئەپەڕی، بەرەو ڕێگەکە چوو و وتی:

ـ ئەی بۆ نەهاتن؟!

کابرای بەلووچ کە بۆ ساتێکیش نیگای لە کرداری بەگمحەمەد نە ئەگواستەوە، ئارام و لەسەرخۆ خەمی ئەژنۆکانی کردەوە، بەری پێی نایە سەر عەرزەکە، دەستی بۆ تفەنگەکەی

برد و لە سەر ڕانی داینا و ئامادە بوو. ڕواڵەتێکی ئارام و بە دوور لە نیگەرانی هەبوو. بەڵام بەو جۆرەی کە دانیشتبوو وا دیار بوو لە چاوترووکانێکدا ئەتوانێ تفەنگە ئینگلیسیەکەی بەرەو هەر لایەک بخاتە گەڕ.

بەگمحەمەد وریای کاردانەوەی پچڕ پچڕ و بەدگومانی بەلووچ، بە ئەنقەست و بە مەبەست بەو جۆرە ئازاد و بێپەروا ئەجووڵایەوە. وەک بڵێی خەنیمێکی لێ نییە ئەوی خستبێتە بن نیگای خۆیەوە. بۆیە بە بێ گرنگیدان بە بەلووچ، سووڕا و بە بەردەمی ستاردا تێپەڕی، دەسبەجێ بای دایەوە پەنای ئاغەڵەکە و چالاکانە وەکوو پڵینگ لە دیوارەکە سەرکەوت و بە قەڵەمبازێکی تیژ خۆی گەیاندە سەربان. بە سەر ورگی گومەزەکەدا سەرکەوت و دەستی کرد بە سەیوانی چاوەکانی، بە سووڕانێکی لەسەرخۆ هەموو پانتایی بیابان و سەر و خواری گرد و تەپۆڵکەکانی بە چاو تاقیکردەوە و لای بەری خوارەوە، لە سەر شوێنێک هەڵوەستەی کرد و سەرنجی ڕاگرت.

کابرای بەلووچ کە لەوە زیاتر توانای شاردنەوەی شەڵەژاویی دەرونی نەمابوو، بە ئاخێزێک لە سەر لێواری قەنەفەکە ڕابوو، گورج و چالاک خۆی گەیاندە بن دیوارەکە و بن تاقۆچکەی سەر دەرگای چاخانەکە و لەکن ستارەوە، گورگانە هەڵترووشکا. تفەنگەکەی خستە نێوان هەر دوو ئەژنۆی -قۆناخی لە سەر قەنەفەکە- بە هەر دوو دەست ڕاگرت و بە ئاشکرا کەوتە لێ پێچانەوەی ستار:

ـ تۆ ئەوت ئەناسی؟

ـ من؟! من زۆر کەس ئەناسم لەم مەڵبەندەدا، سەردار!

بەلووچ گوتەکەی خۆی خواردەوە و وتی:

ـ کێیە، ئێستە کە ئەیناسی؟ چکارەی گوڵمحەمەدە؟، برایەتی؟!

ـ ئەوەندە لە نزیکەوە نایناسم. هەر ئەوەندە ئەزانم لە

گوڵمحەمەدەکان بێ!

بەلووچ تفێکی هەڵدا بۆ دوور و وتی:

ــ زۆر چەمووشە، خۆی ڕاناگرێ! بەڵام، ئەگەر پیلکە ببزێوێ من لێرە مێشکی تۆ ئەپژێنم!

ستار ئاوڕی لە بەلووچ دایەوە و، بە پێکەنینێکی ڕۆشنەوە تێی ڕوانی و وتی:

ــ من تا بە ئەمڕۆ باسی ناجوامێری گوڵمحەمەدەکانم نەبیستووە. نەم بیستووە ئەوان دەس پێشخەریان کردبێ!

بەلووچ وتی:

ــ من گوێم لە پەسنی ناجوامێری نییە؛ من دەمی ناجوامێری پڕ ئەکەم لە قورقوشم!

ستار بە ئەنقەست ڕاما و پاشان بە پرسەوە وتی:

ــ وا پێ ناچێ بۆ شەڕ هاتبێتن بۆ ئێرە! سەرەتا وامزانیبوو بۆ ئاشتی هاتوون بۆ ئێرە؟!

ــ جەنگ و ئاشتی کەی لێک جیا بوون؟! زمانمان بۆ ئاشتیە و تفەنگیش بۆ جەنگ بە دەستمانەوەیە. شێوازی پیاوەتی ئەمەیە!

ستار بە دەمخەندەیەکی تەوساەییەوە وتی:

ــ ڕەنگیشە شێوازی زەمانە!

بەلووچ خۆی بە وەڵامدانەوەوە خەریک نەکرد بۆ ئەوەی لە کارە سەرەکیەکەی خافڵ نەبێ. هەروا کە هەڵترووشکا بوو، سەری بەرز کردەوە و هاواری کرد:

ــ دابەزە خوارەوە پیاو، دابەزە لەو سەر بانە! وەرە خوارەوە، کارێک مەکە نێوانمان تێک بچێ!

بەگمحەمەد کە تا ئەم کاتە توانیبووی بە دەست و کڵاو ڕاوەشاندن گردەکەی لای سەرووی چاخانەکە پیشانی سوارەکانی خۆیان بدات، کاری خۆی کردبوو. خۆی خزاندە خوارەوە بۆ قەراخ بانەکە و دەم بە پێکەنین پرسی:

ـ لەگەڵ کێتە سەردار؟
بەلووچ شان و سەری بەمێزەری، لکاند بە دیوارەکەوە و نیگای بۆ تاقی سەردەرگاڵە، لە وەڵامدا وتی:
ـ لەگەڵ تۆمە، تۆ!
ـ ئا، ئەڵێی چی؟
بەلووچ وتی:
ـ وتم وەرەخوارەوە لەو سەربانە، جەوانی مەکە.
بەگمحەمەد کە ئەتوت حەزی لە گاڵتەیە، وتی:
ـ من فێرە بەرزاییم، پیاو!
بەلووچ وەڵامی دایەوە:
ـ ئەوەی کە ئەترسێ ئەکاتە سەر بەرزایی!
بەگمحەمەدیش بە هەمان خەندە و سەرخۆشی وتی:
ـ بۆیە پڵینگ بە ترسنۆکی ناوی دەرکردووە!
لە وەڵامی بێدەنگیەکەی بەلووچیشدا، درێژەی دا:
ـ ئەی تۆ کە ناترسی بۆ خۆت شاردۆتەوە؟!
بەلووچ وتی:
ـ تا لەو سەربانەی، مەیدانی گفتوگۆ ئەغەزرێنی!
بەگمحەمەد وتی:
من لەم سەرەم بۆ ئەوەی شوێنی گفتوگۆ هێمن بێ!
ـ مەرجی وا لە نێوانماندا نەبوو. هەبوو؟!
بەگمحەمەد وەک کۆتایی هێنان بە وتووێژەکە، وتی:
ـ ئەو مەرجە ئەوا ئێستە هەیە!
سەرنجی ستار بۆ سەیرکردنی تاقە سوارێک لە لای خوارەوە ئەهات، وتووێژەکەی بڕی و سەرنجی خەنیمەکانیشی، هەر کام لە شوێنی خۆی، بۆ لای خۆی ڕاکێشا. سوار، هەڤاڵەکەی بەلووچ بوو. جەوانی تەقیلە لەسەر. شاڵی دەور ملی و شەرواڵەکە بەلووچیەکەی کاتی غاردان بە دەم باوە ڕائەشەکا. کە گەیشتە بەرەوە، ناوچەوانی گرژ و ڕوخساری تووڕە دیار بوو. ناومەیدانی

بەر چاخانەکەش بە غار هات و بە بێ ئەوەی دابەزێ، بەرامبەر بە کابرای بەلووچ وەستا و بەزمانی بەلووچی پەیامەکەی پێوت و چاوەڕێی کرد.

کابرای بەلووچ جارێکیتر سەری هەڵێنا و ڕووی لە بەگمحەمەد وتی:

ــ گوێت لێیە؟! سەردار جیهەن ویستوویەتی دیدار لە تەنهاییدا بێ، دوو بە دوو! سەردار جیهەن لەگەڵ گوڵمحەمەدخان؛ دوو بە دوو. کێ پەیامەکە ئەگەیەنێ؟

ــ بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ گوێم لێبوو، غەمی گەیاندنەکەی نییە!

بەلووچی جەوان چاوی لە بەگمحەمەد کە لە سەربان ڕاوەستابوو، ئەسپەکەی تۆزێک بردە دواوە و لێی وردبوویەوە. بەگمحەمەد بەرەو لای سەرەوە وەستا و بە ڕاوەشاندنی دەست، خەریک بوو ئەماژە و هێمای ئەدا. ئەماژەی کرد و وەرگەڕا و لە نیگای جەوانی بەلووچدا وتی:

ــ هەر ئێستە!

بەلووچی جەوان ئاژووت بۆ بەردەرگای چاخانەکە و داوای ئاوی کرد. موغیلان بە زەرکێکەوە هاتە دەرەوە. زەرکەکەی دا بە جەوان لە سەر ئەسپەکە و چاوەڕێی کرد. جەوان ئاوەکەی خواردەوە و پاشماوەکەی هەڵدایە سەر خاکەکە و زەرکەکەی دایە دەست موغیلان و لە ئەسپەکە گەڕا خۆی ڕاوەشێنێ. ستار قاچی لە سەر قاچی هەڵگرت و بەو باردا خستیەوە سەر قاچی.

جەوانی بەلووچ لە سمکوتی سوارێک کە لە لای ژوورەوە ئەهات، ناچار بوو لەغاوی ئەسپەکەی بکێشێ و ئەسپەکەی ڕابگرێ و چاوەڕوان بێ. سوارەکە کە هەمان تفەنگچیەکەی پێشوو نەبوو لە مەیدانی بەر چاخانەکە لەغاوی کێشایەوە و ئەسپە شەکەرییەکەی بە نیو سووڕێک ئازاد کرد. سوارەکە کورد بوو و نیگای لە سەربان و بەگمحەمەد کە لەوێ جێگیر

ببوو، بە زمانی کوردی کەوتە ئاخافتن. بەگمحەمەد پێی وت جیهەن داوای چی کردووە و پەیامەکەی چییە. پاشان بە کابرای بەلووچی وت:

ـ سەردار جیهەن ئەبێ پێشتر بێت؛ باشە؟

هەرچی چۆن بێ بە پڕتاو خۆی دایە پەنای درەختەکە و با نارەزاییەوە وتی:

ـ چەندەی لە سەر ئەڕۆی تۆ، پیاو!

بەگمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ـ ئەوە مەرجی ئێمەیە! ئێمە خۆ داوخواز نەبووین، بووین؟! سەردار جیهەن داوای دیداری کردووە، خۆیشی ئەبێ یەکەمجار بێت بۆ ژوانگە!

بەلووچ لە پشت سمتی ئەسپەکەیەوە سەیری بەگمحەمەدی کرد و وتی:

ـ ئەگەر جگە لە جیهەنخان یەکی‌دی لە جیاتی ئەو هات چی؟ ئەگەر فێڵ و گەڕێک لەکاردا بوو؟! تۆ چۆن ئەتوانی جیهەنخان بناسیتەوە؟

بەگمحەمەد وتی:

ـ ئەو جیهەنخانەی یەکی‌دی بتوانێ خۆی بخاتە جێگەی، ئیتر شیاوی ناو و ناوبانگی جیهەنی سەردار نییە! ئەوە دەوەنی گزیچارن کە هەموویان وەکوو یەکن! منیش ئەگەر نەتوانم جیهەنخانی سەردار بناسمەوە ئەبێ بدەم چاوەکانم کلی لێبدەن؛ چونکە شیاوی خۆم نیم! ئێمەت چۆن ناسیوە سەردار؟ ئێمە پیاو و خەڵکمان زۆر بینیوە، وامەزانە هەردەگێڵین. مەرجەکانمان پەسەند بکە، بەڵێنت پێ ئەدەم جیهەن هەر بە شێوەی ئەسپ ئاژووتنەکەیدا بناسمەوە! مەرج، قەبووڵ؟!

بەلووچ وتی:

ـ قەبووڵ!

دوو سوار ئەوا چاوەڕوانی پەیام بوون. جارێکی‌تر زمانەکان

گۆڕا. بەلووچەکان بە بەلووچی و کوردەکان بە کوردی. هیچکامیان غەمی ئەوەیان نییە گوتەکەیان لەگەڵ ئەوەی دی تێکەڵ ببێ. هەر دووکیان گەرمی گەیاندنی پەیامەکەی خۆی و هەر کامەش گوێڕایەڵی تێگەیشتنی پەیامەکەی خۆی. سواران لەغاویان وەرگێڕا و ڕێی خۆیان گرتەبەر و بە دوولادا ئاژووتن.

ستار پێی گۆڕی لە کاتێکا لە ناخەوە جێی قوربان بەلووچی بە چۆڵ ئەبینی. نەک لە بەر ئەوەی کە قوربان زمانی بەلووچی ئەزانی، چونکە بەگمحەمەدیش ئەیزانی. بەڵکوو لەو ڕووەوە کە دواکەوتنی قوربان بەلووچ، ستاری تووشی ئەو دڵەڕاوکەیە کردبوو کە نەکا بوندار لە قەڵاچیمەن ڕایگرتبێ. چونکە ئەگەر وا نەبوایەت قوربان بەلووچ هەتا ئێستە ئەبوایە خۆی بگەیاندایەت و ئێستە!

ــ وەرە دەرەوە لە پەنای ئەو دارە سەردار! من نمەکی تۆم خواردووە. سوێند بەو نان و نمەکە مەگەر بۆ داکۆکی لە خۆم پەنجەم نەچێتە سەر پیلکە. خۆت چاوت لێیە خۆ سونگەرم لێ‌نەگرتووی. لە پەنجەی پێمەوە تا تەوقی سەرم وا لە سیرەی تفەنگتدا. لە پەنای ئەو ئەسپ و درەختە دەرکەوە!

کابرای بەلووچ هەروا لە سەر جێی خۆیەوە پرسی:

ــ ئەمەوێ بزانم ناوت چییە؟

بەگمحەمەدیش وتی:

ــ منیش ئەمەوێ ناوی تۆ بزانم!

بەلووچ وتی:

ــ من بە زەفەر محەمەد بناسە.

بەگمحەمەد وتی:

ــ تۆیش من بە بەگمحەمەد بانگ بکە!

بەلووچ لە پشت ئەسپەکە هاتە دەرەوە. لە سەر شوێنی پێشووی خۆی دانیشت. پشتی دا بە قەدی درەختەکەوە و لوولەی تفەنگەکەی بە ئاشکرا بەرەو سەربان ڕاگرت و وتی:

ـ ناوبانگتم زۆر بیستووه. ئەڵێن زۆر گورج و چالاکی! تیژپێ و دەسکەرەوە!

بەگمحەمەدیش دەمی بڕنەوەکەی بە خواری بەرەو بەلووچ ڕاگرت و وتی:

ـ نەک بە دەسکەرەوەیی براکانم و، نە بە تیژپێیی خانئاپۆم!

زەفەرمحەمەد وتی:

ـ پەسنی ئەوانیشم بیستووە، ناوبانگیان بەرزە!

بەگمحەمەد وتی:

ـ ئێمەش ناوبانگی جیهەن سەردارمان زۆر بیستووە. بەڵام، سەردار جیهەن خوویەکی خراپی هەیە، ئەویش ئەوەی کە هەژارکوژە!

ـ ئەمە لە کوێوە ئەزانی کە بەو جۆرە بڕیار ئەدەی؟

ـ بینیومە بەرەنجامی ڕەشەکوژییەکەی و بیستووشمە. یەکیان ئەوەی قەڵاچیمەن. گەدەی بونداری لە سەر بانەکەوە هەڵدایە خوارەوە و پشتی شکاند. لەو سەفەرەدا ڕەنگە لەگەڵی نەبووبێتی!

ـ ئاخر زۆر چەقاوەسوو بوو ئەو سەیدە، خۆم لەوێ بووم. کارەکەی ئەئاڵۆسکاند. ئێمە ڕێگە بەکەس نادەین بەرامبەر سەردار جیهەن بوەستێ و دەمەدەمی لەگەڵ بکات. بەختی یار بوو نەمرد!

ـ ڕەنگیشە بەختی ڕەش بوو کە نەمرد!

بەگمحەمەد ئەبوایە خۆی لە وتووێژ بدزێتەوە و ڕێی هاتوان بخاتە بن چاودێری. بەڵام لوولەی تفەنگەکەی بەلووچ هەروا ڕووی لێی بوو و ئەلوا بە کەمترین کەمتەرخەمی گوللەیەک بدا لە ورگی و لە سەر بانەکە هەڵیداتەوە خوارەوە. هەرچەند جێگەی مەترسی نەبوو، بەڵام ئەگەری هەڵە هەبوو. هەرچەند بەلووچ تەتەری شەڕ نەبوو، بەڵام کار جارێک ئەقەومێ. کە وا بوو ئەبوا ڕێگەیەک ببینێتەوە. واتە سەرنجی بەلووچ بۆ ڕێگە و

هاتنی سەردارەکان ڕابکێشێ و خۆی بە نیو سووڕێک بابداتەوە بۆ نێوان دوو گومەزی بانەکە و خۆی لە دەسپێک دوور بکاتەوە. کە وای کرد و لە پەنای بانەکەوە بانگی کرد:

ــ بە دڵیەوە مەگرە زەفەرخان، بە دڵیەوە مەگرە! متمانەم نییە! چونکە ئەم پەنجە بێپیرە هەندێ جار بە خوو لە سەر پیلکە ئەترازێ!

ئەوەندەی ئەو خۆی ون بکات، زەفەرمحەمەدی بەلووچیش جارێکیتر بەرەو قەنەفەی بن دیوارەکە فڕکەی کرد و لە بن تاقی سەردەرگای چاخانەکە گورگانە چیچکانی کرد و تفەنگەکەی -قۆناخی لە سەر تەختەی قەنەفەکە- لە نێوان هەر دوو ئەژنۆیدا، بە دەست ڕاگرت. بزەیەکی بۆ ستار کرد و سەروملێکی بەنەرمی بزواند. ستاریش پێکەنی، جێ پێی لە سەر ئەژنۆی گۆڕی و بەنەرمی سەری لەقاند و بە خۆی وت:

...حەک لە گەمەی ئادەمیزاد!»

لە بەرەگەی ڕوانیندا، کابرایەک لای سەرەوە ئەهات. پیادە بوو و لە چەقی ڕێگەکەوە نزیک ئەبوویەوە. توورەکەیەک بە پشتیەوە و دارەدەستێک بە دەستیەوە. لە شوان نەئەچوو. چێوار، ڕەنگیشە ڕێبوارێک. نائاشنا نەبوو، بەڵام ئەوەندەش نزیک نەبوو بە نیگایەک بناسرێتەوە. بەگمحەمەد خۆی بەویشەوە خەریک نەکرد، سەری وەرگێڕا و بەرەولای خوارەوە، ئەو ڕێگەیەی سەردار جیهەن ئەبوا لەوێوە بێ، کەوتە چاوگێڕان. بەڵام لەو دەوروبەرە هیچ نیشانەیەک دیار نەبوو. نە سوارە و نە پیادە. لە کوێرە ڕێکەی بەرامبەرەوە بەڵام، ئەو ڕێگەیەی ئەچوو بۆ مەلەکئاوا، یەکێک ئەهات. پیادەیەک، توورەکە بە پشتەوە و دەفریش بە دەستیەوە. بەگمحەمەد نەی ئەتوانی بزانێ کە ئەوە عەباسجانی کەلایی خوادادە و بەر لە هاتنی ئەو چووە بۆ مەلەکئاوا و ئێستەش گەڕاوەتەوە. سەری وەرگێڕا و ڕوانیە گردەکەی لای سەرووی چاخانەکە. گوێی قوتی ئەسپەکان لە

پشت تەپۆڵکەکە ناوبەناو دیار بوو و لە سەر چەقی ڕێگەکە کابرایەکی پیادە ئەهات. لەوە زیاتر بیابان چۆڵ بوو و لەو لایەوە کە جیهەن سەردار ئەبوایە دەربکەوێ، مێشێکیش نەئەفڕی.

عەباسجانی کەلایی خواداد بەر لە شارێکە، تەنەکەکانی دانا و ڕووی لە قوربان بەلووچ کە لاری کردبوویەوە بەرەو چاخانەکە، هاواری کرد:

ــ وەرە یارمەتیەکم بکە لانیکەم،ماڵکاول! ئەم قوزەڵقورتانە هی ئەربابەکەی تۆیشە!

قوربان بە لووچ گەڕایەوە. بەرەو عەباس چوو. داری لە پەتی توورەکەکەی گیر دا و لە کاتێکا دەسکی چەلەنگەکانی ئەگرت وتی:

ــ قەت بووە کارێک خۆت تا ئاخر بیکەی؟! ئەی ئەمەیان بۆ بەتاڵە؟

عەباسجان بە دوای بەلووچدا کەوتە ڕێ و وتی:

ــ بۆ ژەقنەمووتەکەی وا لە شووشەکاندایە، لە چاخانە. ئەمە کەڕەتی دووەمە لە مەلەکئاواوە ئەیانهێنم!

لەمبەر ڕێگەکە و بیمێنێ بۆ مەیدانی بەر چاخانەکە، عەباسجان پێی سست کرد و وتی:

ــ تفەنگ ئەبینم! تۆزێک بەر لەمە لێرە ڕۆیشتم لەو شتانەی لێنەبوو.

قوربان بەلووچ هیچی نەوت و بەهەمان ڕەوت درێژەی پێدا. عەباسجان خۆی گەیاندەوە قوربان و لە بن گوێیدا وتی:

ــ وابزانم ئەفغانی بن!

قوربان بەلووچ بە بێ ئەوەی نیگای لە بەردەمی خۆی بگوازێتەوە، وتی:

ــ بەلووچە. لە پیاوەکانی سەردار جیهەنە! مەترسە. تفەنگەکانیان پسووڵەی هەیە.

لە نێوان مەیدانەکە، قوربان و عەباسجان دەنگدران.

زەفەرمحەمەدی بەلووچ سیرەی لە هاتوان گرت و وتی:

ــ هەر لەوێ دایانبنێ ئەو تەنەکانە. توورەکەکانیشیان بکەنەوە و لە سەر عەرزی دابنێن!

وایان کرد کە بەلووچ ویستبووی. لە وەڵامیشدا وتیان چییان لە توورەکە و لە تەنەکەدا هەیە. هەروەها قوربان بەلووچ لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە تۆ هەمان بەلووچەکەی لە قەڵاچیمەن لای بابقولی بوندار کار ئەکات، بە زمانی خۆیی وەڵامی دایەوە بەڵێ:

ــ ئێستە ئەتوانم پێ هەڵگرم؟

ــ لە توورەکەکەی خۆتدا چیت هەیە؟

ــ نان و ئاو و ئەمەش داردەستەکەمە.

ــ هەڤاڵەکەت کێیە؟

ــ عەباسجان، ئەویش بۆ بوندار کار ئەکات، ئیتر؟!

ــ هیچ، خەم نییە. سەربەست بە.

بەلووچ توورەکەکەی لە سەر خاکەکە هەڵگرت و دای بە شانیدا. تەنەکەکانی بۆ عەباسجان بەجێ هێشت و لە کاتێکا کەوتبوویە ڕێ، بە گاڵتەوە پرسی:

ــ بە ڕۆژی ڕۆشن، ها؟ چی ڕووی داوە؟

لەسەر بانەوە، بەگمحەمەد ماندوونەبینی لە قوربان بەلووچ کرد و پرسی:

ــ دەنگوباس؟

قوربان لەکاتی سەیرکردنی سەرباندا سێوکەی بن ملی دەرپەڕی و لە وەڵامدا وتی:

ــ هەواڵی خۆش، خان. زەماوەنی ئەسلانی بونداره ئەمشەو. هاتووم بۆ یارمەتیدانی عەباسجان و بردنی ئەم کەلوپەلانە! ئەگەر فەرمانێک نەبێ ئەمەوێ پیاڵەیەک چا بخۆمەوە و پشوویەک بدەم.

ــ خاوەن فەرمانی کاکی برا!

بەگمحەمەد ئەمەی وت و ئیتر سەرنجی نەدا کە بەلووچ چووە ژوورەوە یان لە دەرەوەی چاخانە لە سەر قەنەفەکە دانیشت. هەروەها جگە لە ڕۆژباشێکی کورت، هیچی لە قوربان بەلووچ و ئەوانی خوارەوە نەبیست و دەرفەتی ئەوەی نەکرد گوێ لەوان ڕابگرێ. چونکە جیهەن وەکوو لەپڕ، پەیدای ببوو. جیهەن؟ ئەبێ خودی جیهەن بێ، خودی سەردار جیهەنی سەرحەدی. لە پێچی گردەکەوە دەرکەوت، بە سواری ئەسپ، ئارام و لەسەرخۆ، نەک بە غار و نە بە خاوی. بەڵکوو بادیهەوا و دفرە، لەغاوی بە چەپ ڕاگرتبوو و بە ڕێدا ئەهات.

جیهەن؛ خودی جیهەن. سەردار جیهەنخانی بەلووچ. بە سەر ئەسپێکی سپی چوارهەنگڵەوە وەکوو کێو. لەغاوی بە چەپ ڕاگرتبوو و ملی ئەسپەکەی کەوانی، نەکا لەپڕ پێ هەڵگرێ و بیداتە غار. کەوانی مل و یاڵی پەخشانی ئەسپەکە، هەنگاوی کورت و بەبڕشت؛ وزەی لەغاوکراو. یاڵی سپی و پەخشان. گرێی کلک و شەپۆلی سمتەکانی. قایشی باریکی سینەبەند و بریسکانەوەی ئاوزەنگی. خەنجەری گوێ و خاڵی تەوێڵی. مینەگی شیاوی سوار. سواری وشیار، بە بەژن و باڵا، ڕاوەستاو. تەختی سینە و گرێی شانەکان. قەفی ڕان و جمگەی ئەژنۆ لە سەر خاڵێی ئەسپەکە. ناوقەد بەستراو و زۆر باڵا بەرز. بەڵام بۆ بە بەرگی سەربازییەوە؟!

دڕدۆنگی و بەدگومانی بەگمحەمەد لە پەرەسەندندا بوو و بۆ ساتێک هەستی کرد توانای بڕیاردانی لێبڕاوە.

کارەکە ئەیویست لە سەر چ تەوەرێک بسووڕێ؟ لەهەموو قێزەونتر کڵاو پەهلەوییە گەڕگەڕیەکەی جیهەن بوو بەو لێوارە کورت و نالەبارەیەوە کە بە سەری جیهەنخانی سەردار تەنگ بوو. ئەی مێزەر و کراسە سپیەکەی چی لێهاتووە؟ دوانەیی ڕۆژەڤ و ئەندێشە، بەگمحەمەدی داگرتبوو. ئەو بیچمی جیهەنخانی بەو قەڵافەتەوە لە ئەندێشەدا نەنەخشاندبوو.

سەردار جیهەن لە ئەندێشەی بەگمحەمەدی کەلمیشیی‌دا جگە بە بەرگی بەلووچیەوە نەخش نەکرابوو. ڕەختی بەلووچی، بەرگێکی بێ‌ئەندازە لەبار و خۆشیک. مێزەر و باڵ و پێڵاو، قایشێکیش حەمبەلی سینە. بەڵام بەگمحەمەد، ئەوا پیاوێکی ئەبینی خنکاو لە جلی تەنگی سەربازی‌دا، جلی چەسپ و جلْف و نەشیاو. بەرگێک لە ڕەنگی کای تەڕ و کڵاوێکی گەڕگەڕی بچووک بۆ سەرە زلەکەی جیهەن‌خانی سەردار! ئەی لۆی مێزەرەکەی، لفکەی سپی مێزەر و شاقەلی سپی و شۆڕەوە بوو و ئازادی کراسەکەی لە خواری ئێلەکەکەیەوە، زەندانەی بازووی چەپی بۆ چاوەزار و ئەو حەمبەلە جوانەی کە ـکێشەرێکی لە بەر دڵانی بۆ بەگمحەمەدی جەوان هەبووـ ئەوا ون ببوو. ون ببوو و شوێنی خۆی دابوو بە دیاردەیەکی‌تر و؛ جیهەن، ئیتر ئەو جیهەنە نەبوو بەگمحەمەد بە شەوقی دیتنی، هەرچەندە وەکوو خەنیم، هاتبوو. ئەو خەنیمەی کە ڕەگ و نیشانێکی لە تیرە و هۆزی خۆی بە مزگێنی هێنابێ. جیهەن نەک ئەو جیهەنە، بەڵکوو بەلووچێک بوو کە لەشی بە غەوارە فرۆشتبوو و خۆی هاویشتبوویە زیندانی بێگانەوە.

بەڵام هەرچی چۆن بێ ئەبوایە ئێستە شتێک بکات. ئەوە جیهەن بوو کە ئەهات و نزیک ئەبوویەوە و لەهەر هەنگاوێکی‌دا بە نیگا بۆ خەنیمی ئەگەڕا. ئەوەی لە بەگمحەمەد ڕوون بوو ئەوە بوو کە دەرفەتی ئەوە بە بەلووچ نەدات دڕدۆنگ ببێ، چونکە بۆ بەلووچ ئەندێشەی دەسخەڕۆ بوون ئەیتوانی کاردانەوەیەکی قورسی هەبێ. نەئەبوا دەرفەتی بەدگومانیان بۆ بهێڵێتەوە و، ئەمەش مایەیەک نەبوو لەگەڵ سروشت و ئەزموون و زانستی بەگمحەمەد بێگانە بێ. چونکە سروشت و خود و خووی باش ئەناسی. بۆیە ئەبوایە کارێک بکات. شین لە لایەک و شەپۆڕ لە لایەک. دەستەکانی بە ئەماژە هەڵێنا بۆ حەوا و بە ڕاوەشاندن، هێمایەکی لە حەوادا کێشا، کە بێگومان دوربینەکەی

گوڵمحەمەد لەم کاتەدا بچووکترین جووڵەی چاو لێبوو.
ئەوەتا! دەرکەوتنی ئەسپە ڕەشی سەردار لە سەر پشتی تەپۆڵکەکە. وەک جورەیەکی بێ ئوقرە و شەیدای فڕین. دابەزین. سەرەولێژی نەرمی سینەی گردەکە. غار. غاردانی ڕێکانیەکە. وابزانە هێڵێکی ڕەش وەکوو قامچی دەشتەکە شێ وەرد ئەکات. نزیک شاڕێکە، سەر شاڕێکە. لەغاو، تەختی سینە و سەروملی قەرە ئەشکێتەوە. سمدەستەکان بە حەواوە. سووڕێک بە دەور خۆیدا. ئەکەوێتە سە ڕێگە. شەقاو ئارام. بەرامبەری سوار؛ جیهەن، لەبەری لای خوارەوە لەسەرخۆ بەرەو چاخانە دێ. شەقاو ئارام و ڕووبەڕوو. لەغاوی بە قورسی ڕاکێشراوە، کەوانی گەردن، خۆی لە پشیلەیەکی ڕەش ئەچێ مەلاسی بازدان و نیگای ئەسپەکە وا خوار بووە بەس خاکی بەر سمدەستەکانی ئەبینێ. پیاوان بەڵام پەرۆشی گووشرانی گەردنی ئەسپەکان نین. نیگا لە نیگا وەرناگێڕن، نەخوازە بەچاوترووکاندنێکیش. وریا و خولیا. هاوسەنگ کردن. ئەم لە نیگای ئەودا و، ئەو لە نیگای ئەمدا. خەرمانەی ئەندێشە، بۆچوونی خەنیم لە خەنیم، ئەبێ بە ڕۆژەڤ. ڕۆژەڤی بێپەردە و ڕووت. ئەمە گوڵمحەمەد و ئەوەش جیهەن. پیاوێک و ئەسپێک؛ ئەسپێک و پیاوێک. سوارێک بەرامبەر بە سوارێک. جیهەن قیت، دفرە، بە سواری کێو. گوڵمحەمەد بووە بەیەک لەگەڵ شەودێز، گرمۆڵەیەکی گرێدراو بە دژواری. جیهەن بازووی ئەستوور؛ گوڵمحەمەد ڕوخساری ڕەق. جیهەن وەکوو سپەر، سووری مسین؛ گوڵمحەمەد شانی ڕەقەڵە و دەرپەڕیو. جیهەن چاوانی قەڵەو و نیگای دژوار. گوڵمحەمەد لووتی باریک و چاوانی تیژ. جیهەن گەردنی ئەستوور و کەوگ. گوڵمحەمەد پەنجەکانی باریک و زبر. جیهەن قایشێکی پان لە پشتێندا. گوڵمحەمەد حەمبەلی ڕیزە فیشەکی لە سەر یەک. جیهەن قاڵبی بەرگی تەنگی سەربازی. گوڵمحەمەد، لەشی ئازاد لە چۆخەی مەرەزە. جیهەن، پاپۆشی

پۆستاڵی ئینگلیزی. گوڵمحەمەد پێی کلاشی مەلەکی. بنەکەی دەسکاری پیاوانی خوراسان و ڕووەکەی دەسچنی ژنانی کلاشچن. دوو پیاو، لێو بەسراو و چاو کراوە. نیگایان لێک گیراو. ئەم و ئەو. گوڵمحەمەد و جیهەن. پێک گەیشتن. کاکۆڵ بە کاکۆڵ. ڕوو بە ڕوو؛ پیاوان.

مەیدانی بەر چاخانە. بینەران هەناسە لە سینەیاندا تاساوە. کەس چاو ناترووکێنێ. ستار و زەفەرمحەمەد دەنگی ترپەی دڵی خۆیان ئەبیسن. چاوانی شادی بەگمحەمەد لە نوارینی خۆیدا لەنگەری گرتووە. چاوە پرسێنەرەکەی مەلەک مەنسوور لە تاریک و ڕوونی دەریزانی دەرگای چاخانەکەدا ئەبریسکێتەوە. ورتە نییە. دابەزین. دوو پیاو. پیاوان ئاوزەنگی بەتاڵ ئەکەن. یاڵی ئەسپەکان دەور ئەدەنەوە. تەوقە. دەستی یەکدی ئەگووشن. دەستی ڕەقەڵەی گوڵمحەمەد لە ناو دەستی پان و گەورەی جیهەن دێتە دەرەوە. دەستەکان بەتاڵ. هەنگاو و هەنگاو، بەرەو چاخانە. دەسکەوسار بە دەستەوە، دەسکی قەمچی بە دەستەوە و قەمچی بەرەلا، شۆڕەوە بوو.

دانیشتوان، هەڵساون. زەفەرمحەمەدی بەلووچ ئەچێتە بەرەوە دەسکەوسار لە سەردار وەرئەگرێ و سەربان بە ئەماژە پیشان ئەدا. جیهەن سەر بەرز ناکاتەوە بۆ سەربان. دەسبەجێ، قوربان بەلووچ لە دەرگای چاخانەکە دێتە دەرەوە و دەسکەوساری قەرە لە گوڵمحەمەد وەرئەگرێ. هەر بەلووچە و ئەسپێک بە لایەکدا ئەبا. زەفەرمحەمەد بۆ لای درەختەکە و قوربان بۆ لای دیواری ئاغەڵەکە.

جێ، لە کوێیە؟

دوو پیاو لە بەر دەرگای چاخانەکە ڕاوەستان. دیاریکردنی شوێنی دانیشتن و گفتوگۆ. جیهەن سەیری سەرەوەی کرد و گوڵمحەمەد سەیری ستار. ستار ڕوانیە قەرەوێڵەی بن دیوارەکە. جیهەن نیگای لە ئاسمان وەرگێڕا. مەلەک مەنسوور هاتە

دەرەوە و سەردارەکانی بانگهێشتن کرد بۆ ژوورەوە:

ــ هەواکەی کزەی هەیە، سەردار!

گوڵمحەمەد لە سەر قەنەفەی بن دیوارەکە، لای دەرگاکەوە دانیشت و قەنەفەی بن درەختەکەی پیشانی جیهەن دا:

ــ چایەک بخۆینەوە، تینوومانە. هەورەکەش لا ئەچێ.

جیهەن سەردار وەک بە ناچار لە لێواری قەنەفەی بن درەختەکە دانیشت و لە بن قورسایی لەشیدا، جیڕەی قەنەفەکە بوو بە زیڕە. جیهەن کە دانیشت زەفەرمحەمەد لای درەختەکەوە لە پشت سەردارەکەیەوە وەستا و چاوی لە چاو و تەوێڵی گوڵمحەمەد چەقاند. گوڵمحەمەد تفەنگەکەی لە حەمبەلی سینەی کردەوە و لە سەر ڕانی دانا. جیهەن بزەیەکی کرد و گوڵمحەمەد تێیڕوانی. جیهەن دەستەکانی کردەوە. گوڵمحەمەد زانی کە سەرداری بەلووچ تفەنگی دووراوێژی لەگەڵ خۆی نەهێناوە و ئەیەوێ ئەوەی پیشان بدات. گوڵمحەمەد بڕنەوەکەی خۆی گرت بۆ قوربان بەلووچ کە لە لای ستارەوە ڕاوەستابوو. قوربان تفەنگەکەی وەرگرت و کشایە بن دیوارەکە، نزیک ستار کە لە سەر دەزگای کارەکەی دانیشتبوو. گوڵمحەمەد و جیهەن ئەوا هەر کامیان تەنها دەمانچەیەک بەبەر پشتوێنیانەوە بوو.

موغیلان کورسیەکی هێنا و لە گۆشەی دوو قەنەفەکەدا داینا. بە دوایدا مەلەک مەنسوور بە سینیەکی وەرشەو، قۆری، دوو فنجان و قەندانێکەوە هات. سینیەکەی نایە سەر کورسیەکە. فنجانەکانی بە ئاوی گەرم شۆرد و پڕی کردن لە چا و هەر فنجانەی نایە بەردەم یەکیان. خۆی چووە ژوورەوە و لە دەریزانی ناو دەرگاکە، لای عەباسجانەوە وەستا.

عەباسجانی کەلایی خواداد هێشتاش لە حەپەساویی پەیدابوونی لەپڕی جیهەن و گوڵمحەمەد دەرباز نەببوو. بۆیە کاری دامەزراندنی شووشەکان لە ناو چەلەنگە بەتاڵەکە وەک خۆی مابوو. عەباسجان هەرچەند سەری لە ناو دەرگاکەوە

نەئەهێنایە دەرەوە، بەڵام لە بن دەرگاکەدا هەڵترووشکابوو و گوێی ڕادێرابوو. مەلەک مەنسووریش لە عەباسجان کەمتر نەشەڵەژابوو. مەلەکە بەو هەموو ئەزموون و تاقیکردنەوەی لە ژیانی نائارامی‌دا بەدەستی هێنابوو، نەی ئەتوانی ئەو ڕووداوە لە سنووری کار و پیشەی خۆی‌دا بە ساکار بگرێ. بۆیەش نەی ئەتوانی دڵەخورپە و شپرزەیی خۆی لە بوونی ئەو دوو پیاوە، ئەو دوو بەردەچەخماخە، سەردار جیهەن و گوڵمحەمەدی سەردار بشارێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو دووانە، بەخۆشی و ئاشتیش هاتبێتن، دڵی بە کۆتایی ئاشتیانەی گفتووگۆکەیان خۆش ببوایەت. چونکە ئەوەی کە مەلەک مەنسوور لەم جۆرە پیاوانە بیستبووی و ناسیبووی، بە ناچار نیگەرانی ئەکرد و ئەیخستە گومانەوە. بۆچوونی مەلەک مەنسوور لەم جۆرە پیاوانە، لە بەرد و شووشەدا خۆی ئەبینیەوە. چۆڕاوی بەردەشووشە. پیاوانی سەختتر لە بەرد و ناسکتر لە شووشە. دڵیان لە شووشە و گیانیان لە بەرد. بە بیانوویەک ئەتوانن مرۆڤێک وەکوو بزن سەر ببڕن و بە گوتەیەکیش ئەتوانن گیانی خۆیان بەخت بکەن. کینە بە زۆری و سۆز بە ئەندازە. ڕق و کینە لە دڵیان‌دا ڕائەگرن، بەڵام لە بەرامبەر سۆز و خۆشەویستی‌دا بێ‌توانا و تەنانەت لاوازن. ئەو دڵەی لە سینەیان دایە، وا پێ ئەچێ لە پەڕۆیەکی لم و قسڵ‌دا حەپس کراوە و بە پڵتۆکێک شەقار ئەبا؛ ئەشکێ. بە گوتەیەک خوێن بەرپا ئەکەن و بە وشەیەک خوێن ئەبەخشن. ڕاستەکەی ئەوەیە کە لە سەر یەک هەوا و یەک بۆچوون نین. ناتوانن لە نێوان‌دا بڕۆن و لە سەر یەک بار نین. بەس ڕەش یان سپی. ئەڵێی ڕەنگێکی‌تر ناناسن. گیرۆدەی تووڕە بوونن یان زەبوونی سۆز. بەوەی داوەری ئەکەن، بە هەمانیش ژێوان ئەبنەوە. توند و تیژن، تریشقەن. بەدکرداری ـ ئەوەی کە لە تێگەیشتنی ئەوان‌دا کرداری خراپەـ نابەخشن. بێزار یان هۆگرن. هۆگر و بێزار.

بۆیە نیگەرانی مەلەک مەنسوور زۆریش بێ‌جێ نەبوو.

کەمترین هەڵە لە گوتار و کرداردا، بچووکترین تەوس و تەشەر یان دوورترین ڕەخنەگرتن لە گوتەی خەنیمێکدا ئەیتوانی تەڵە شقارتەیەک بێ لە خەرمانێکی شاراوەی تووڕەیی. توڕەییەک کە ئەیتوانی دار و نەداری مەلەک مەنسوور بە خۆیەوە بسووتێنێ. جا بۆیەش بوو دڵی مەلەک مەنسوور بەهەر نیگایەک و هەر گوتەیەکی سەرداران، وەکوو سیر و سرکە ئەهاتە کوڵ. دەم هەراشیی، پلار تێگرتن، گوتار و بەیان بە ناسکی و لەباری دەرنەبڕین، خۆ بەرزگرتن نەکا بە چکۆلە بێتە پێش چاو. هەروەها کاردانەوە و پەرچدانەوەی ناشیرین، ئەو تایبەتمەندیانە بوون کە ڕوودانیان ترسی ئەهاویشتە دڵی مەلەک مەنسوور و هۆی دڵە خورپەکەشی ئەم شتانە بوون. دڵی تەرچک لە سینەی ئاسنیندا و، زمانی سارد لە دەمی سەختدا. خەنجەر. خەنجەر لە گوتە و نیگادا. ئەوا ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاسن و خەنجەر. بەڵام خزان بۆ ناخی ئەو جۆرە دڵانە زمانێکی ئەویست نەرم وەکوو مار و گەرم وەکوو گڕ؛ نەک شتێکی ڕەقی وەکوو خەنجەر. دژواری کارەکە، لەمەدا بوو. بەو جۆرەی کە پیاوەکان خۆبەخۆ یەکدیان ڕەت ئەکردەوە و پاڵیان بە یەکەوە ئەنا. هەر بۆیەش بوو چاوەکانیان لە ئەڵماسی تاشراو ئەچوو و نیگایان تاودەرەوەی بریسکی شیر بوو. زمانیان دڕکی پێوە بوو و گوتەیان تاڵ بوو وەک ناوکی گڕکەمارانە. بایی بوون و بەدگومانی، حەزیایەکی پۆپکەکردوو لە گەنجخانەی دڵدا و، بارینی شەڕ لە هەوری نیگا. گەستنی لێو و ددان. دڵ تریپەیەکی ناوازە ڕای ئەژەنێ. ژەهراوی دژواری وشە لە ڕیشەی چیڕی دەروون. هالاوی نیگا و گڕژیی ناوچەوانیش، هەر ئازاری بەرخستنی وشەیە:

ـ تاکەی ئەتەوێ ئەو ماوزێڕە بە بەر پشتوێنتەوە بێ و بە گژوگیای بیابان خۆت بژیەنی؟!

ئەمە دەنگی زەنگدار و زەلاڵی سەردار جیهەن بوو، هەرچەند بە بێ لەرزەش نەبوو، بەڵام لە کۆتەی چاڵووک ئەچوو. هەروەها

نیگای ڕەشیشی کە بە نەترسی لە هەنیەی گوڵمحەمەد چەقیبوو. ئەوا تەواوی هۆش و گۆش لە لای گوڵمحەمەد بوو و لە هەموو ئەو بیابانەدا ئەتوت تەنانەت باڵندەیەکیش ناوێرێ باڵ ڕاوەشێنێ. هەناسە لە سینەکاندا قەتیس ببوو و بێدەنگی لەناخی زەوییەوە هاواری ئەکرد و خاک ئەتوت گوێی لە وەڵامەکەی گوڵمحەمەد ڕاگرتووە تا چی بڵێت!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ تا ئەو کاتەی کە خۆر لە ڕۆژهەڵاتەوە سەر دەرئەهێنێ!

سەردار جیهەن لە بەر تیخی چاوەکانی گوڵمحەمەددا خۆی پێنەگیرا، ڕووی وەرگێڕا و وتی:

ــ لە ناوبانگتەوە وام بۆ دەرکەوتبوو!

جیهەن ماوەیەک ڕاما و پاشان وتی:

ــ حەسانەوەت حەز لێنییە؛ وا تێ ئەگەم!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ حەسانەوە باشە؛ ئاسایش بۆ مرۆڤ زۆر باشە!

ــ ئەی بۆ ڕووی لێ وەرئەگێڕی؟!

ــ رووی لێ وەرئەگێڕم؟، لە حەسانەوە؟!

ــ ئا، بەڵێ، لە حەسانەوە!

ــ ئەوە ئەڵێی چی؟!

ــ دەست لە حەسانەووە ئەنێی، بۆ؟! بۆ دەستی ڕەت بە سینەیەوە ئەنێی؟

گوڵمحەمەد بەو دەستەی هەڵی هێنا قسەکەی بە سەردار جیهەن بڕی و خۆشی لەپڕ بێدەنگ بوو. خامۆش بەو جۆرەی کە هاواری ئەکرد و پیشانی ئەدا حەزی لێ نییە گوێ لە بابەتێک بگرێ کە نە خۆی بۆ ئامادە کردووە و نە ئەتوانێ زەبری بە خۆیەوە ببینێ. لەپڕ ئەتوت، لەوە تێگەیشت سەردار جیهەنخانی بەلووچ باسی بابەتێک ئەکات کە پێشتر ئەماژەی پێ نەکرابوو. گفتوگۆیەک ئەگەر بۆنی بارووتیشی لێهاتبا بۆ

گوڵمحەمەد خۆشتر بوو تاکوو ئەوەی کتوپڕ و خافڵگیرکراو پرسیاری چاوەڕوان نەکراوی لێبکرێ. چونکە بڕیاریان ئەوە نەبوو. هەرچەند لەو ڕۆژەوە کە بڕیاری چاوپێکەوتن دانرابوو تاکوو ئەمڕۆ کە دیدارەکە ڕووی دابوو، زۆر گفت و ڕاوێژ کرابوو. زۆر کردەوە و ڕووداو ڕووی دابوو. بەڵام ئەوەی ڕووی دابوو چ پەیوندییەکی بە بابەتی گوتە و کۆبوونەوەکەی ئەمانەوە هەبوو؟ گوڵمحەمەد لە سەرەتاوە بۆ کاری بوندار و شەیدا ویستبووی جیهەن سەردار ببینێ. بەڵام، ئێستە، نەء! ئەو هەستی بەوە نەئەکرد سەردار جیهەن لە سەر سنووری سەرەخس تا بەری نەیشاپوور ئەسپ باژوێ بۆ ئەوەی لێرە لە سەر قەنەفەی چاخانەکە بە ئیشتیا باسی ماوزێڕ و گژوگیای بیابان و حەسانەوە بکات.

ــ چوویتە ناو بیرەوە گوڵمحەمەد خان؟

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و ڕوانیە بیابان. بیابان، بەربەرینی بێخەوشی بیابان. پەنای ئاسکان، ئاسکانی لە گوللە و داو و فێڵی گورگان دەرباز بوو. بیابان.

ــ راستەکەی بابەتەکە ئەوە نەبوو کە من بۆ بیستن و لێدوان بانگکرا بووم بۆ ئێرە!

ــ چی بوو ئەو بابەتە؟

ــ ئەوەندەی من لە بیرم بێ باسی قەرزاری و قەرداری بوو، باسی بارمتەگرتن و پیاو دزین بوو. باسی بازخانی ئەفغان بوو و مەبەست ئەوە بوو گرێی قرە و کێشەکە بکرێتەوە لێرە.

جیهەنخانی سەردار، خاو و ئەستوور پێکەنی و بە پێکەنینەکەی تێکڕای سینە و شان و مل و سەری ڕاوەشا و پاشان وتی:

ــ ئەو گرێیە کرایەوە! قسەی دوێنێ بوو ئەوە، قسەی ئەمڕۆ شتێکیترە! لەو بابەتەوە بازخان و ئالاجاقی لە یەکدی بووران. بەڵام ئەمڕۆ باسێکی ترمان پێکەوە هەیە!

گوڵمحەمەد ئەرخایەن ببوو کە بابەت، بابەتێکیترە. بەڵام

لەوەش دڵنیا بوو کە هەڵچوون و تووڕە بوون لەم دەم و شوێنە ـچ جایە داو بێـ خۆی ئەیتوانی بیانوو و دەستمایەیەک بەدی بهێنێ کە جیهەن سەردار بکەوێتە خۆ نواندن و پێ لە کەوشەن و سنووری خۆی تێپەڕێنێ. کە وا بوو هەم بۆ ئەوەی دەرووی مەترسی ببەستێ و هەم لە بەرامبەر جیهەنیشدا بە ناچار نەیەتە پێش چاو، بە مایەیەکی تەوس لە گوتەیدا وتی:

ــ هەمان سەرنجی یەکەم کە بەرگی جەندەرمەم لە بەرتدا بینی گومانم بۆ ئەوە چوو گۆڕابێتی و هەو نەبی! چونکە، من بیستبووم کە تۆ پیاوی خۆتیت و بۆ خۆت کار ئەکەی. بەڵام کە بەرگی دیوانیم لەبەرتدا بینی ئەندێشەم خوار بوو. هەرچەند، دیسانەوەش نەمویست بەدگومانی بکەم. مرۆڤ بۆ ئەبێ بەدگومان بێ؟!

جیهەن، ژەهری گوتەکەی، هەرچەند شاراوە و بە نەرمی وتراو، وەرگرت و بە بێ ئەوەی ڕێگە بە تەشەر بدات لە گوتەی خۆیدا، وتی:

ــ ئا، بەڵێ، کارکردن بۆ خۆمم ئیتر ناوەتە لاوە. ئەوا ئیتر یەکسەرە بۆ دەوڵەت کار ئەکەم، بۆ وڵات!

لێوەکانی گوڵمحەمەد بە تەوسخەندێک پشکووت و وتی:

ــ هەڵبەت، هەڵبەت! هەر کەس دەسەڵاتی کار و ژیانی خۆی هەیە. جا، ئێستە کە باسی دوێنێ کۆن بووە، ئەمڕۆش هیچمان پێکەوە نییە. چاکەمان ئەخۆینەوە و ئەڕۆین.

جیهەن بە بێ سەرنجدانە ئەوەی گوڵمحەمەد وتبووی، وتی:

ــ وابزانم حەزت لەم ڕەخت و بەرگەی من نەهاتبێ، وایە؟

گوڵمحەمەد فنجانی چاکەی هەڵگرتبوو و کڵۆ قەندەکەی ئەخستە دەمی، وتی:

ــ بەپێچەوانە! زۆریش لێت دێ؛ زۆریش پێت ئەکەوێ! پیرۆزت بێ. بەخۆشی و پیرۆزی!

جیهەن غەزریبوو و پەروای شاردنەوەی تووڕەییەکەی خۆی نەبوو. ئەوەی بە سەر زمانی خەنیمەکەیدا ڕابردبوو، ڕقی هەڵساندبوو و ورووژاندبووی. بەڵام کابرا هێشتاش ئەوەندەی لەخۆ ڕائەبینی بە بێ ئەوەی بە کەم جیقەڵدان دەربکەوێ، خۆی ڕابگرێ. بەڵام ئامادە نەبوو قبووڵی بکات گفتوگۆکە تەواو بووە و کۆتایی پێهاتووە، بۆیە زەق و سارد وتی:

ــ بە تەوسەوە قسە مەکە گوڵمحەمەد، ئاڵۆز مەدوێ! وا هەست ئەکەم حەزت لە سووک بوونی منە. من لێم پرسیت حەزت لەم ڕەخت و بەرگە هەیە لەبەری مندا، وەڵامم بەرەوە! حەزت لەم بەرگەی من کرد یان حەزت لێنەکرد؟

گوڵمحەمەد زۆر بە ڕاشکاوی و بە بێ سڵەمینەوە وتی:

ــ بیرەوەری خۆشم لەو جلوبەرگە نییە من!

ــ واتە خۆشت لێی نەهات؟!

ــ گریمان خۆشم لێی نەهات؟

جیهەن بێدەنگ بوو و گوڵمحەمەد چا شیلەوگەرمەکەی خواردەوە، فنجانە بەتاڵەکەی لە سەر جێی دانایەوە و چاوەڕێی وەڵامی جیهەنی کرد. چونکە دیار بوو جیهەن لە خامۆشیەکەی خۆیدا خەریکە دەرگایەکی تازە ئەکاتەوە:

ــ کە وا بوو گوێ ڕابگرە چیم بۆت هەیە، ببیسە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ گوێم لێتە!

جیهەن وتی:

ــ من حەز ناکەم قسە بئاڵۆسکێنم. بۆیە ڕاستەوخۆ ئەیڵێم. ڕووڕاست!

جیهەن ڕاما. لە چاوەکانی گوڵمحەمەدی ڕوانی، تاوێک چاوەڕوانی کرد و پاشان درێژەی دا:

ــ تۆ، هەرگیز توانیوتە خۆت لەم بەرگەدا بهێنیتە بەرچاو؟!

لە بێدەنگیە قورسەکەی گوڵمحەمەددا، جیهەن بە

جەختەوە پرسی:

ــ ها؟!

بە هەر گوتەیەک کە ئەوترا پێست و ڕووکەشی گوتار هەڵئەدرایەوە، ڕووکەش لائەچوو و گوتە دائەماڵرا. ڕووت و ئاشکرا. بەناچار گوتە دژوار ئەبوو. سەخت و تیژ و بێ بەزەیەی. سەرپۆشی نەرمونیانی لا ئەدرا و زبری و دژبەری لەش و پەیکەر لە ناخەوە سەری دەرئەهێنا. گوتە ئەبوو بە بەرد و بەرد شەقاری ئەبرد، ورد ئەبوو. چەوەکانیشی تیژ بوون و بە سووچ و گۆشە. بڕەر و بریندارکەر، تیژییان هەندێ جار ئەگەیشتە سەر ئێسقان. ژانی گوتە. ئازار لە حەوت بەندی لەشدا ئەگەڕا و لە دژواری خۆ ڕاگرتندا، گیان ئەیزریکاند و بەناچار پارچە بەردی فڕێ ئەدا:

ــ نەء!

ــ بۆ نا؟

ــ لەبەر ئەوەی نا!

ــ لەبەر ئەوەی حەزت نییە لەم بەرگە؟

ــ ئەمەم خۆ پێشتر پێوتی!

ــ بۆ حەزت لێی نییە؟ بۆ؟ ویستم بێ پێچ و پەنا گفتوگۆ بکەین. بۆمی بڵێ!

ــ تۆ خۆت ئەزانی!

ــ من هیچ نازانم!

ــ بە من چی؟

جیهەن ئارام و بە ڕەنگێک لە توانجەوە وتی:

ــ چونکە قەوارەیەکم بۆت ئامادە کردووە!

گوڵمحەمەد دەنگەکەی بە قاقایەک تەقاندەوە؛ کاردانەوەی تووڕەیی، بەڕادەیەک کە ئاو لە چاوەکانیدا ئاڵقەی بەست. جیهەن لە شەپۆلی قاقاکەی گوڵمحەمەدی سەردارداردا، بۆ تاوێک خۆی بە سووک و بێ بایی هەست پێکرد. بەڵام بۆ ئەوەی ڕێگە بە سووکی و دزێوی خۆی بگرێ، وتی:

ـ سەرت سووڕما؟
گوڵمحەمەد بە دوای قاقاکەیدا وتی:
ـ شاخ، خەریک بوو شاخم لێئەڕوا!
بە نەرمی، جیهەن پرسی:
ـ تا ئەو ڕادەیە؟
ـ زیاتریش!
ـ بۆچی؟!
ـ هیچ، هیچ!
گوڵمحەمەد دەسرەی هەورێشمی لە گیرفانی دەرهێنا و لە شەپۆلی پێکەنینێکی بێدەنگدا کە سەر و شانی ئەلەرزاند، ئاوی سیلەی چاوەکانی سڕی و خاچ لە چاوەکانی جیهەنی ڕوانی و وتی:
ـ ئەو کڵاوەی تۆ ناوتە بە سەرتەوە بۆ سەری من هەراوە، نایب جیهەنخان!
ـ نکووڵی لێ ئەکەی؟!
ـ نکووڵی لێ ئەکەم!
ـ شتێکت لێ کەم ئەبێتەوە؟
ـ هیچم لێ نامێنێتەوە!
ـ بۆ وا بیر ئەکەیتەوە؟
ـ ڕقم لە نۆکەری کردنە!
ـ کە واتە من نۆکەرم؟
گوڵمحەمەد تێی ڕوانی و وتی:
ـ خۆت ئەزانی!
ـ ئەمەوێ لە تۆی بزانم؟
گوڵمحەمەد وتی:
ـ تۆ خۆت ئەزانی!
جیهەن پاش چەند ساتێکی دژوار، شەڵەژاویی دەروونی پێکهێنایەوە و جارێکیتر چاوی بڕییە گوڵمحەمەد و ئەمجار بە

مایەیەکی دی وتی:

ــ ئەو واتایە لە کردارتدا ئەخوێنمەوە لەگەڵ دەوڵەت لە جەنگ دای. وا دەرئەکەوێ.

لێپرسینەوە! جیهەن بە ئاشکرا لێی ئەپێچایەوە و وای دەر ئەخست برج و شوورەی حکوومەتی لەم پرسیارەدا، بە دواوەیە. نیگای جیهەن ئەو پشتیوانەی لە خۆیدا ئەنواندەوە و هەمیش بەو ڕاشکاوییە وەڵامی لە گوڵمحەمەد ئەویست. گوڵمحەمەدیش ڕێی هەڵاتنی نەبوو، هەرچەند خۆشی ئەو دەرووەی لە خۆی گرتبوو. بۆیەش بوو کە نەی ئەتوانی دەستەکەی خۆی بشارێتەوە و نەی ئەویست و نەشی ئەتوانی نکووڵی بکات. بۆیە زۆر بێباکانە وتی:

ــ ئەگەر حکوومەت بیەوێ جەنگ لەگەڵ من بکات!

جیهەن وتی:

ــ بیستوومە حکوومەتت بۆ خۆت دروست کردووە. دادگا و دیوانت پێک هێناوە، دادگایی ئەکەیت و سزا ئەدەی؟، ڕاستم بیستووە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ نەک بەو هێڵ و هەراوییەی تۆ ئەیلێی، بەڵام مەبەست؟!

جیهەن وتی:

ــ گوێی مەدەرێ! ئەتوانرێ پشت گوێ بخرێ. ئێستە ئەگەر هات و دەوڵەت ویستی لێت ببورێ چی؟

گوڵمحەمەد ڕوانیە قژە کورت و خۆڵەمێشیەکەی لاجانگی جیهەن و وتی:

ــ تا ئەو کاتەی گەردی پیری لە سەرم بنیشێ، ڕەنگە ئاوەزی مووچە وەرگرتنیش پەیدا بکەم!

ــ تا پیری پەکی پێ نەخستووی بۆ ناتەوێ ئاوەز پەیدا بکەی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئاوەزی جەوانی جێی پێکەنینە، نایب جیهەنخان!

جیهەن لە سەر قەنەفەکە جێی خۆش کرد و جیرەی لە تەختە کۆنەکان هەڵساند، ئەوسا وتی:

ــ واتای ئەوەیە کە ناتەوێ ئەو ماوزێرە لە بەر پشتێنت بکەیتەوە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەو جۆرەش ئەتوانی لێکی بدەیتەوە!

جیهەن ئامادەی ڕۆیشتن بوو. دەستەکانی لە سەر ئەژنۆی وەک کۆتەداری دانا و هەڵسا، بۆ لای ئەسپەکەی چوو و لەغاوی وەرگرت. گوڵمحەمەدیش نەک بۆ ڕێزدانان، بەڵام بە پێی نەریت هەڵسا و لە شوێنی خۆی نیگای لە جیهەن وەستا و دەستە ماندووەکانی نایە کەلەکەی. جیهەن هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا و بەرەو گوڵمحەمەد هات. لە بەرامبەریدا وەستا و دەستی بۆ تەوقەکردن هێنایە پێشەوە. گوڵمحەمەد دەستی خستە ناو دەستی جیهەنەوە. دەستی یەکیان گووشی. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی بتوانێ چاو لە چاوی جیهەن بکات، ناچار بوو سەر و چەناگەی بەرز ڕابگرێ. جیهەن تاوێک ڕاما. لە چاو و ڕوخساری گوڵمحەمەد ورد بوویەوە و پاشان، وەک بڵێی بۆ دوا گوتە، وتی:

ــ گوڵمحەمەدی سەردار، ئەو ماوزێرە، یان ئەبێ بە بەر پشتێنی منەوە بێ یان هی تۆ!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ نایب جیهەنخان، ئەم ماوزێرە، بەبەر پشتێنی پیاوی خۆیەوە ئەبێ!

ــ ئەبینین!

ــ ئەبینین!

جیهەن قەڵافەتی قورسی، چالاکانە هەڵکێشا بۆ سەر پشتی ئەسپەکە و بۆ دوا جار لە گوڵمحەمەدی ڕوانی و بە بێ هیچ گوتە و کاردانەوەیەک لەغاوی ڕاوەشاند. ئەسپەکە کەوتە

سەر ڕێ و سمتەکانی وەک بڵێی هەر کامەیان بەقەد جێوبانێک، کەوتنە جووڵە. لەپاش جیهەن، زەفەرمحەمەدی بەلووچ لە شوێنی خۆی ڕاوەستابوو. گوڵمحەمەد دەستێکی ڕاوەشاند و ڕووی لە ڕۆیشتووی جیهەن وەرگێڕا و بە حەزێکی نامۆوە بەرەو قەرە ڕۆیشت و لای یاڵی ئەسپەکە و پشت لە مەیدان، ئەوەندە ڕاوەستا تا کابرای بەلووچ بە ئاسوودەیی سواری ئەسپەکەی ببێت و بکەوێتە ڕێ. بەڵام کاتی دوورکەوتنەوەی سوارەکە گوڵمحەمەد وەرنەگەڕا. هەروا لای یاڵی قەرە ڕاوەستابوو و حەزێکی خۆڕسک ئەتوت ڕای ئەکێشێ هەنیەی بنێ بە بن گوێی ئەسپەکەوە، چاوی ببەستێ و ماوەیەک بەو دارەتە بمێنێتەوە.

ڕەها بوون. حەزی ڕەها بوون. شتێکی وەک حەزی ئاسوودەیی بە هۆی گوشار و ماندوێتی بەردەوامەوە. یان ئارەزووی دوورکەوتنەوە لە ڕۆژەڤی ڕاستەقینە بۆ تاوێک. دابڕان لە ڕووداو بۆ دۆزینەوەی خۆی. یان سادەتر، پەناگرتن لە هاودەمی ئەسپەکەدا، بە گیانێکی ئارامەوە. گیانێکی ئەوەندە ئارام و لەسەرخۆ، ئارامبەخش و ڕام، وەک گۆلاوێکی پاقژ و زەلاڵ و هێور، بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد وەکوو منالێک خۆی پێ بسپێرێ. ڕوومەتی لە سەر نەرمەی بن گوێی قەرە دەستی لە ناو یاڵ و لە سەر شان و خالایی و سمتی ئەسپەکە، پاشان چنگی لە کلکی ولساتەکە وەردا و پەخشانی کرد و ئەوسا وەرگەڕا و سەیری سەربانی کرد و نیگای لە بەگمحەمەد، لێی پرسی لە سەر ڕێگە چی ئەبینیٚ؟

ــ ترۆمبێلێک، بەرەو ئێرە دێ!

ــ ئیتر؟

ــ هیچ!

ــ لە جیهەنەکان چی ئەبینی؟

ــ تۆزوخۆڵ، خەرمانێکی تەپوتۆز.

ــ بەرەو کام لا ئەڕۆن؟

ـ بەرەو ڕۆژاوا، وەکوو شتێک بەرەو سەبزەوار!

گوڵمحەمەد کە لەو کاتەدا گەیشتبوویە نزیک ستار و قوربان، سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ ئەڕوا ڕاپۆرتی کارەکەی بدا بە ناوەندی جەندەرمە، نایب جیهەن خان!

لە تاریکی قووڵایی چاخانەکەدا، چاوەکانی عەباسجان فرکەفرکیان بوو و لێوی خوارەوەی ئەتوت شیلاوکە شۆڕەوە بووە. گوڵمحەمەد چووە ناو چاخانەکە و ڕاست بەرەو عەباسجان چوو. عەباسجان لاڵ ببوو و ئەگەر بشی ویستایەت بۆ ماستاوکردن وشەیەک بڵێ، بۆی نەئەوترا. بۆیە لە کاتێکا بزەیەکی بێتام و سووتاوی ئەهێنایە سەر لێوی، چاوەکانی وەکوو دوو پوولی بێبایی، سووک و زەلیل بڕیبوویە گوڵمحەمەد و وەها خۆی دۆڕاندبوو کە لە بیری چووبوو لێوی خوارەوەی کۆ بکاتەوە. گوڵمحەمەد لە بەر تیژیی بۆنی ئەلکول، پەڕەی لووتی بە دوو پەنجە گووشی و ئەماژە بە تەنەکە پووتیەکە و شووشە ڕیزکراوەکان، پرسی:

ـ چییان لێ ئەکەی ئەمانە؟

عەباسجان بەناچار زمانی گرت و وتی:

ـ خەریکم دایانئەمەزرێنم سەردار!

ـ کە پاشان چییان لێ بکەی؟

ـ ئەمەوێ بیانبەم بۆ زەماوەنی کوڕەکەی بوندار، سەردار! زەماوەنی ئەسڵان.

ـ تێگەیشتم!

گوڵمحەمەد لێوی لێکنا، سەری ڕاوەشاند و وەرگەڕا. مەلەک مەنسوور بۆ خۆشامایی کردن پێکەنی و بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ ئەگەر حەزتان لێبێ سەردار!

ـ نا، نا!

لە بەردەم مەلەک مەنسوورەوە بەرەو دەرگاکە چوو و

بیستی مەلەکە وتی:

ــ چای تازەدەمیشمان هەیە، سەردار!

گوڵمحەمەد وەڵامی مەلەکەی نەدایەوە و گوێی لە دەنگی ترۆمبێلەکە ڕاگرت کە زۆر نزیک ببوو و چاوی بڕییە ئەو بەشەی ڕێگەکە، دیار بوو بۆ ئەوەی هاتنی ترۆمبێلەکە بە ئاشکرا سەیر بکات. ئەگەر بشکرێ بیناسێت و بزانێ لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ ئەچێ؟

ــ خەریکە با ئەداتەوە!

ئەمە دەنگی بەگمحەمەد بوو لە سەر بانەوە هات. ستار لەچاو تروو‌کانێک‌دا بینی کە بڕنەوەکە لە دەستەکانی قوربان بەلووچەوە کەوتە ناو دەستی گوڵمحەمەد.

ــ بە دوایدا هیچ نابینی؟

لە وەڵامی کاکەی‌دا، بەگمحەمەد وتی:

ــ نەخێر!

جیبەکە بای دایەوە بۆ گۆڕەپانی بەر چاخانەکە، هێڵی تۆزوخۆڵ بە دوای‌دا هات و لووتی بە دەرگای چاخانەکەوە، بەرامبەر گوڵمحەمەد وەستا. گوڵمحەمەد هەروا لە ناو دەرگاکە ڕاوەستابوو و بە سەرنجەوە ئەیڕوانیە کەسەکانی ناو جیبەکە. جیب هی ئالاجاقی و مسافیرەکانی دەستەی لۆتی ڕوخەک بوون و ماشینەکەش جەلیلی ئالاجاقی لێی ئەخوڕی. ڕوخەک، ژنەکەی، دوو گەنج و ژنێکی جەوان. جەلیل بە ڕوخسار و دەمی پڕ لە خەندە، تەوێڵی ئارەق کردوو و قژی تۆزاوی ئامادە ئەبوو لە پشت فەرمانەکە دابەزێ.

قوربان بەلووچ ڕاببوو و، بە بینینی کوڕی ئالاجاقی، ستار لە سەر شوێنەکەی خۆی جێی خۆش کرد. جەلیل بە بێ گوێدانە ئەم و ئەو بە پێش ترۆمبێلەکەدا وەرسووڕا و ئەوا لە بەر دەرگای لای شاگردەوە وەستا بوو و دەستی سەماکەرەکەی ڕوخەکی گرتبوو و لە دابەزین‌دا یارمەتی ئەدا. چونکە داوێنی پڕ لە چینی

سەماکەر بە تەختی شین وگوڵی ئەرخەوانی و، فیلای ناڵچە بەرزی ڤێڕنی ڕەشەوە، ڕێگەی ئەوەی لێگرتبوو خۆی بە ئاسانی بتوانێ دابەزێ. لەمەش زیاتر، لەچکە زەردە بوخارایی‌یەکەی بە ڕیشکەی درێژ و پەخشانی هەورێشمەوە بە سەر شان و بەر سینەی کراسە سەوزەکەیدا، ئەوەندەی تریش دەست و پێیان گرتبوو. پرچە ڕەشەکانی سەماکەر چین چین بوو و هەرچەند پەردەیەکی تۆزی لێ نیشتبوو، ناوبەناو لە بەر ڕۆنی خەمڵ ئەبریقایەوە. ڕوخساری وەکوو کولیچە خڕ بوو و سووراوێکی خەستی ساویبوو بە گۆنایدا. برۆ ڕەش و پەیوەستەکانی لە سەر چاوانی پڕ لە کلی ڕاکشابوون. دابەزینی بەناز و خۆنەوازییەوە و لێو و دەمی بە گاڵتە و خۆشزمانی کراوە بوون و ددانەکانی سپیان ئەکردەوە.

سەرەڕای ئەو کاتە زۆرەی بۆ دابەزین پێی چوو، پاژنەی تیژی فیلارەکەی کەوتە سەر پێی جەلیل ئاغە و جەوان بە بێ ئەوەی دەستی ژنە بەردا لە ئازاردا گرمۆڵە بوو قاچی بە پێڵاوە سپییەکەیەوە بەرز کردەوە و لە ناو دەستیدا گووشای و یەک دوو هەنگاو بە حەلواشەلێ ڕۆیشت. ژنە ئەوا چۆکی خەواندبوو و دەستی جەلیل ئاغەی ئەگووشی:

ــ کوێر بم خوایە!

ئازار زۆری نەخایاند. جەلیل پێی بەردا و بەژنی قەڵەو و کشاوی ڕاست کردەوە و لەم وەستانەیدا، نیگای لە نیگای گوڵمحەمەدی سەردار گیرا کە لە بەر دەریزانی دەرگاکەدا وەستابوو و سەیری ئەکرد. نائاشنا نەبوون. جەلیل ئاغەی ئالاجاقی گوڵمحەمەدی سەرداری لێرە و لەوێ، لەم زەوی و لەو باخی ئالاجاقی، جارنەجارە لە سەر سفرەی خۆیان بینیبوو. گوڵمحەمەدیش جەلیل ئاغەی ئەناسی. هەر بەو بەژن و قەد و باڵا و، گۆنای گەش و چاوی پڕشۆر و سروشتی تۆزێ تەپ و سست. جەوانێک کە زۆر زوو بڕوای بە باڵق بوونی زووڕەسی

خۆی کردبوو و ئەمەش وای کردبوو خوو بداتە ئارەقخۆری؛ سووریی تۆخی ڕوخساری لەم کاتەشدا نیشانەی بادە نۆشی پێیش وەختی بوو:

«تۆ هاوسەنگی ئەمانە نیت دایکەکەم گوڵمحەمەد، لەگەڵ داراکان پلاو مەخۆ کورم گوڵمحەمەد!»

ئەمە دەنگی بلْقیس بوو لە گوێی گوڵمحەمەددا ئەزرینگایەوە و نیگای بلْقیس بوو لە قووڵایی چاوەکانی گوڵمحەمەددا بلێسەی ئەکێشا و خەریک بوو تەوێڵی کوڕی ئالاجاقی کون بکات. بەڵام جەلیل ئاغە داخ و سەرخۆش بوو و گومانی ئەو جۆرە هەست و دارەتەی لە گوڵمحەمەد نەئەکرد. هەر بۆیەش ژنەی لەگەڵ خۆی بەرەو چاخانە برد و بە ڕۆژباشێکی کورت بە لای گوڵمحەمەددا تێپەڕی و وتی:

ــ ئەمانەوێ لێرە پیاڵەیەک هەڵدەین، لەگەڵمان ناخۆیتەوە؟

جەلیل نە چاوەڕوانی وەڵام بوو، نە پەرۆشی ئەوەی وەڵام چی ئەبێ. ژنەی سەماکەری بە پێچ و خەمی کورسی و قەنەفە و سەکۆکاندا تێپەڕاند و یەکسەر بەرەو سەکۆی بن چاخانەکە ڕۆیشت. قوربان بەلووچ کە بەچاو لەگەڵ کوڕی ئەربابەکەی ئەرۆیشت، بەشێک لە لۆی لەچک و چینی دامێنی ژنەی بینی بە سووڕێکی نەرم کەوتە سەر سەکۆکە.

ئێستە ئەبوا ماڵی لۆتی ڕوخەک تێپەڕن. ژنی ڕوخەک کە چارشێوە چیتە سپیەکەی کەوتبوویە سەر شانی، تەمبوورینەکەی بە دەستیەوە، ددانە زێڕەکەی بە واتای ڕۆژباش پیشانی گوڵمحەمەد دا و تێپەڕی. بە دوای ژنە لەڕ و لاوازەکەدا، ڕوخەک هاتە پێشەوە و نزیک گوڵمحەمەد بە ڕێزەوە سەری دانەواند و پاشان وەکوو بیەوێ تاوانێکی نەکراو لە پێشەوە بشواتەوە، دەمە بێ ددانەکەی کردەوە و وتی:

ــ جەوانیە ئیتر، خان. جەلیل ئاغە جەوانە. حەز ئەکا بکوتین و بژەنین، هەڵبەت بە یارمەتی!

لە بێدەنگی گوڵمحەمەددا، لۆتی ڕوخەک کیسەی تارەکەی بەرز کردەوە و پێی نایە سەر پلیکانی بەردەرگاکە و چووە ژوورەوە. بە دوای ڕوخەکدا، دوو جەوان، "کووچک" و "زەریف"، لەڕ و ڕوخسار زەردەڵە، قژ لوول و بنەگەون، شان ڕەقەڵە و مل باریک، هاتنە بەرەوە و بۆ دەرفەت وەرگرتن ڕەنگە، سەریان بۆ گوڵمحەمەد دانەواند و تێپەڕین.

جووتە برا پێ ئەچوو لفەدوانە بن. هەم بە باڵا، هەم بە قەڵافەت و هەم بە پرچ و ئێسکبەندی ڕوخسار. هەر دووکیشیان ددانێکی پێشەوەیان زێڕ بوو. تەنها جیاوازییان ڕەنگی قژیان بوو. پرچە زۆر و ئاڵۆسکاوەکەی کووچک ڕەش بوو، بەڵام زەریف خەنەی گرتبوویە قژی. کووچک دمەکێک بەبن باڵیەوە بوو و زەریفیش سەنجێکی ناسکی زەرد بە هەر دەستێکیەوە. زەریف کراسی هەورێشمی سوور، قایشێکی سەوز و، کووچک کراسی هەورێشمی سەوز و قایشی سوور. هەر کامیشیان گیوەی تەنک و سووکیان لە پێدا بوو. دەرەلنگی شەرواڵەکانیان کەژی تێ هەڵکێشرابوو بە خڕی.

گەنجەکانی ڕوخەک کە لە چاو ون بوون، قوربان بەلووچ ڕووی کردە ستار و بزەیەکی کرد. ستار سەری لەقاند و ئەماژەی بە گوڵمحەمەد کرد. گوڵمحەمەد چووە سەر ڕێگەکە و سەیری لای خوارەوەی کرد. تاوێک نیگای ڕاگرت و پاشان ئاوڕی دایەوە و سەیری سەربانی کرد. بەگمحەمەد بە نیشانەی ئەوەی کە هیچ گیانلەبەرێک نابینێ، سەری ڕاوەشان. گوڵمحەمەد چوو بەرەو ستار و قوربان بەلووچ کە لە لای یەکەوە لە سەر قەنەفەکە دانیشتبوون. هەر دووکیان هەڵسان و گوڵمحەمەد لە بەردەمیاندا ڕاوەستا. قوربان بەلووچ بە بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بڕوانێتە چاوەکانی گوڵمحەمەد پرسی:

ـ پێویستە لێرە بمێنیتەوە، سەردار؟

گوڵمحەمەد ڕوانیە ستار و وتی:

ـ ئێمە بەڵێنی دیدارمان هەیە لێرە. بڕیار وایە لەگەڵ کاکم خانمحەمەد یەکدی ببینین لێرە!

قوربان وتی:

ـ من ناتوانم ئەو کارە بکەم؟

گوڵمحەمەد بە پێکەنینێکی ئارام وەڵامی قوربانی دایەوە:

ـ پەرێشان دیاری قوربان گیان؟!

بەلووچ وتی:

ـ لە گزە و گومەت ئەترسم سەردار!

زەمزەمەی ساز. لەرینەوەی نەرمی ژێکانی تار. لەرینەوەی ژێکانی تار. لەرینەوەی نەرم و هێمن. زایەڵەی لەسەرخۆ و خۆش ئاوازی تار لە قووڵایی چاخانەکەوە ئارام ئارام ئەهاتە دەرەوە. گوڵمحەمەد ناخودئاگا دەستی بە نیشانەی بێدەنگی بەرز کردەوە. دەنگی سازەکە هێشتا کۆک نەبوو، ئەکەوتە ڕێ و ئەوەستا و سەر لەنوێ. تاوێکیدی بێدەنگ ئەبوو و دیسانەوە، بەڵام وردە وردە خەریک بوو ساز ئەبوو و بەردەوام. گوڵمحەمەد بەڵام بە بەردەوامی هەستی ڕاگرتبوو و تارەکەش ئەوا ئەیناڵاند. بێ ئەڤان وەکوو شتێ وتی:

ـ خۆشی لێ ئەدا، دەنگی خۆشە!

وادیار بوو گوتەکەی بەلووچ هێشتا تەواو نەببوو. گوڵمحەمەد بەڵام پاش بێدەنگیەک سەیری بەلووچی کرد و وتی:

ـ چۆنی بۆ ئەچی؟ پێت وایە، لێرە بدەن بە سەرماندا؟!

بەلووچ وتی:

ـ پێم وانییە ئەو کارە بکەن؛ ژیرانە نییە. بەڵام، متمانەم بە کرداری جیهەنخانی خۆمان نییە. دڵم بەرایی نادا! مرۆڤە ئیتر! گوڵمحەمەد سەرەڕای هەموو دڕدۆنگی وتی:

ـ تا خانمحەمەد ئەگاتە ئێرە، ئێمەش لێرە ئەبین! تۆ بە چ بیانوویەک هاتی؟

قوربان وتی:
ــ بە بیانووی پێشوازی کردن لە جەنابت!
گوڵمحەمەد قۆناخی زیوار زیوی تفەنگەکەی خستە سەر پێی، دەستی هێنا بە ڕوومەت و سمێڵیدا و پاشان وتی:
ــ هیچ ئەزانی بەگمحەمەدی ئێمەش زۆر چاک چگوور لێ ئەدا؟
ــ بەڵێ سەردار، ناوبانگم بیستووە.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ ئەزانم بە بیستنی دەنگی تارەکە هۆشی لە سەر نامێنێ. بەڵام لەوەش دڵنیام سەدساڵیش ئەگەر لە سەر ئەو بانە کێشک بێ، نەدەم ئەکاتەوە و نە لە جێی خۆی ئەبزوێ. ئەوەتا، باکەش ناهێڵێ بە دڵی خۆی دەنگی سازەکە ببیسێ. حەز ئەکەم بەگمحەمەد گوێی لەم تارە بێ، بە دڵی خۆی!
بەلووچ پێکەنی و وتی:
ــ تێگەیشتم خان؛ بفەرموو جێگەی لەگەڵ من بگۆڕێتەوە!
بەلووچ و گوڵمحەمەد و ستار، بۆ ئەوەی سەیری سەربان بکەن، کشانە دواوە. بەڵام بەگمحەمەد دیار نەبوو. چەن هەنگاویتر چوون بە دوادا تا هەموو بانەکەیان لێ دەرکەوێ. هەموو بان و بەگمحەمەد. گوڵمحەمەد سەیری بەلووچی کرد و هەردووکیان پێکەنین. گوڵمحەمەد وتی:
ــ ئەمجار لە مەبەستەکەم تێگەیشتی؟!
بەلووچ دەم بە پێکەنین، جارێکیتر ڕوانیە سەربان. بەگمحەمەد لە سەر تەختایی بانەکە لە سەر شان ڕاکشابوو و گوێی لکاندبوو بە کلاورۆژنەی بانەکەوە و چاوی بڕیبوویە لای خوارەوەی ڕێگەکە. گوڵمحەمەد بە پێکەنینەوە بە براکەی وت:
ــ بەو جۆرە خۆ تەنها لایەک ئەبینی برای شیرینم، ئەی دەور و بەرەکەت چی؟!
بە بانگکردنی شادی برا، بەگمحەمەد وەک مار هەڵبلۆقیەوە

و ڕەنگ بە ڕووەیەوە نەما. بە شەپڕێوی لە سەر پێ وەستا و وەک دێوانە کەوتە سووڕان بە دەوری خۆیدا و سەیرکردنی هەموو لایەک. لە وەستانەوەشیدا بە شەرمەزارییەوە وتی:

ــ لێم مەگرە کاکە گوڵ، بە خوا سووچی من نییە! ئەم بێ پیرانە نازانم لە کوێوە پەیدا بوون لەم کاتەدا. چ پەنجەیەکیشی هەیە، ها؟ ملم بشکێ؛ تاوانم نییە!

گوڵمحەمەدیش بە هەمان گاڵتە و خۆشزمانی وتی:

ــ جێگەکەت بدە بە قوربان. وەرە خوارەوە پیاڵەیەک چا بخۆرەوە!

ــ نا، نا، بڕوا بکە خۆم لێرە ئەبم. ئیتر چاو خافڵ ناکەم!

گوڵمحەمەد ڕانەوەستا و بە بەلووچی وت:

ــ بڕۆ لێی وەرگرە!

بەلووچ ڕۆیشت لە دیواری ئاغەڵەکەوە سەرکەوێ. گوڵمحەمەد ستاری برد بۆ لای قەنەفەی بن درەختەکە و دوو پیاو لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن و گوڵمحەمەد پرسی:

ــ چۆنی لێ تێگەیشتی؟!

ستار قاچی خستە سەر قاچی و وتی:

ــ هەر بەو جۆرەی بیرمان لێ کردبوویەوە! وا دەرئەکەوێ کارەکە لە سنووری چەن خان و دەرەبەگ تێپەڕیوە. ئەم جیهەنخانەی ئەمڕۆ هاتبوو لە زمانی حکوومەتەوە ئەدوا.

بەگمحەمەد لە سەربان هاتە خوارەوە. گوڵمحەمەد بە بێ گوێدانە دارەتی شەرمنانەی براکەی ناو چاخانەکەی پیشان دا و بە ستاری وت:

ــ مەبەستت ئەوەیە قسەی ئەوانی ئەکرد، بە فەرمانی ئەوان بەو جۆرە ئەدوا؟

ــ ڕەنگە فەرماننامەی ڕاستەوخۆی پێ نەبووبێ، بەڵام دیار بوو هاتبوو خەنیمەکەی بدا لە مەحەک، هەڵی سەنگێنێ.

ــ منیش وا تێگەیشتم. ئێستە وای دابنێ نەهاتبایەتین،

ئەوسا چی ئەبوو؟! ڕەنگە ئەو بهاتایەت بەرەو لامان و ئەوسا خراپتریش ئەبوو، وانییە؟!

ــ ڕاستە! ڕاستە و ئەو هاتبوو گوڵمحەمەد ببینێ. جا ئەبێ بە دوای ئەو دەستەدا بگەڕێین کە ئەو جۆرە دیدار و مەبەستە بەدی ئەهێنێ!

ــ مەبەستت ئەوەی کە ناوەرۆکی دیدارەکە بەراوەژوو ئەکات، وایە؟، ئەمەش خۆ گەڕانی ناوێ ئیتر؛ جگە لە بوندار و ئالاجاقی کێ ئاگای لە چۆنێتی کاری ئێمە هەبووە؟!

ستار وتی:

ــ مەبەستی منیش ئەوانە کە ئەیانەوێ یارییەکە بە ئارەزوو و حەزی خۆیان بگەڕێنن!

ــ ڕەنگە هەموو شتیش بە دڵخوازی ئەوان نەگەڕێ. کێ چووزانێ؟!

گوڵمحەمەد لەگەڵ گوتنی ئەم ڕستەیە، ڕووی کردە سەربان و بە بەلووچی وت:

ــ چی ئەبینی قوربان؟

ــ هیچ دیار نییە، سەردار.

ــ لە خۆییەکان کەس ئەبینی؟

ــ یەکێک لە سەر گردەکە کێشک ئەدا، گوێ و یاڵی چەن ئەسپێکیش لە پشت گردەکەوە دیارە.

ــ لای خوارەوە چی؟

ــ هیچ!

ــ لای بەرەوڕوو، بەری مەلەکئاوا؟

ــ هیچ!

گوڵمحەمەد ڕووی لە بانەکە وەرگێڕا و بە ستاری وت:

ــ بڕۆین گوێ لە ساز و ئاواز بگرین!

ستار هەڵسا و وتی:

ــ حەزم لێیە. زۆرم حەز لە مووزیک و گۆرانیە. من ئەڕۆم.

نیشانەمان تەقەیەک بە دەست.

ـ تەقەیەک بە دەست!

ستار لە سەر قەنەفەکەی لای دەرگاکە دانیشت و گوڵمحەمەد چووە ناو چاخانەکەوە.

لۆتی ڕوخەک بە بینینی سەردار بە بێ ئەوەی تارەکە دابنێ، بە ڕێزی سەردار ئاخێزی کرد و بە کڕنۆش سەری دانەواند. گوڵمحەمەد دەستی بەرز کردووەوە و ڕوخەک ئاسوودە لە سەر جێی خۆی دانیشتەوە و بە خۆشی سەردار ئاوازەکەی دووپات کردەوە و بە دەنگێک وەکوو شیرەی دادڕینی کووتاڵ هاواری کرد:

ـ ئالات شەکاوە، گوڵمحەمەدی سەردار!

گوڵمحەمەد لە سەر قەنەفەکەی ژوورەوەی دەرگاکە، بەرامبەر پێشخانەکە دانیشت، قۆناخی بڕنەوەکەی نایە سەر عەرز و لوولە پەرداخت کراوەکەی نا بە شانیەوە و گوێی لە سازەکە، هەم بۆ ئەوەش بەزمەکە بە بوونی خۆی نەهەژێنێ، سەری داخست و لە بنەوە سەیری دەستەکانی مەلەک مەنسوور کە پیاڵەی چاو قەندانەکەی لە ناو سینی وەرشەودا لای دەستیەوە دائەنا، کرد و هیچی نەوت.

بەگمحەمەد لەو بەری پێشخانەکە، لە سەر ئەو سەکۆی عەباسجان شووشە ئارەقەکانی دانابوو، دانیشتبوو و چاوی لە پەنجە ناسک و باریکەکانی وەستا ڕوخەک بوو. لای چەپی ڕوخەک کوڕەکانی وەک دوو کاکۆڵ بە سەر دانیشتبوون و، لە ڕاستیشیەوە سەماکەر وەک دەوەنی هەورێشمی زەڕبەفت. لەتەک سەماکەرەوە جەلیل خانی ئالاجاقی دانیشتبوو و سینیەکی ڕازاوەی لە بەر دەسدا بوو بە سێ شووشە ئارەق، چەند پیاڵە و ماستی مەزە و چەند کەوچک و یەک دوو پارچە نانەوە. گەنجی ساویلکە نەک بە هۆی هونەرمەندی تارژەن و، نەک بە هۆی پسپۆڕی شارەزایانە و پیرانەسەری ئوستاد ڕوخەک ـلە گەڕانی لە هەوایەکەوە بۆ هەوایەکیترـ بەڵکوو

لە توانای خۆی بۆ وەڕێ خستنی ئەو بەزم و شەرەنگە و، لە ئەنجامی هەستی خۆ بەزلزانی و دەسەڵاتەوە شادمان بوو و سەر و سینەی بە نەرمی ڕائەوەشاند. هەر بەم بیانووەشەوە لە کاتی ئارەق تێکردندا جار جار لەشە جەوانەکەی خۆی ئەخست بە سەر شانی سەماکەرەکەدا و سەری بە گوێی ژنەوە شتێکی ئەوت و خۆی -بەر لەوەی بزەیەک بکەوێتە سەر لێوی ژنە- لە پێکەنیندا ئەلەرییەوە و ئارەقەی هەنیە و گۆنای ئەسڕییەوە. جار جارەش سیگارێکی بە ددان ئەگرت و سەر و شانی وەرئەگێڕا بۆ ئەوەی ژنەی سەماکەر سیگارەکەی بە گڕی شقارتە بۆ داگیرێنێ.

عەباسجان و ژنەکەی ڕوخەک نەبوون و مەلەک مەنسووریش تاوێک پێشتر ون ببوو. بێگومان لە سووچی پاشخانێک و لە پشت پەردە خۆیان حەشار دابوو. بەڵام موغیلان، خەریکی خزمەتکردن بوو. لە بن سەکۆی لای پێشخانەکە وەستابوو و دەستی وەک چەلیپا گرتبوو بە سینگیەوە. موغیلان هەرچەند بە گوێرەی خوو و خدە هۆش و گوێی لەو فەرمانە بوو کە ناچاری ئەکرد لەپڕ فرمانێک ڕاپەڕێنێ، بەڵام هەموو هەست و نەستی لە لای ئەو نەوایە بوو لە تار و دمەکە بچووکەکەوە بڵاو ئەبوویەوە و بە ناخیدا ڕۆ ئەچوو. ئەو شتەی ئاوا کتوپڕ ڕووی دابوو، لادانی ئەم موزیک ژەنانە لە چاخانە، لە ڕوانگەی موغیلانەوە وەکوو مووزاتێک وابوو. چونکە تەنها شتێک ئەو بیری لێ نەکردبوویەوە ئەوە بوو کە زەماوەن بە پێی خۆی بێ بۆ لای ئەو. بەڵام ئەمەشی لا بەس نەبوو. ئەو بە دوای ئەو کاتەدا ئەگەڕا بتوانێ سەما بکات. سەمای داروازی. بەو مەبەست و ئارەزووەشەوە، خەریک بوو لە مێشکی خۆیدا هەموو کون و کەلەبەری چاخانەکە ئەگەڕا بە دوای چوار چڵ داردا. خەنیمەکەشی -زەریفی ڕوخەک- لە پێشەوە هەڵبژاردبوو. زەریف، سەما کەرێکی پسپۆڕ، لێزان و چالاک.

ــ بیگێڕە موغیلان، پیاڵەکان بگێڕە!

بە دەنگی جەلیلی ئالاجاقی، موغیلان تەزێکی پیاهات و دەسبەجێ وەکوو کەروێشکێکی تیژپێ چووە بەرەوە، پیاڵەکانی لە سەر سینیەکی بچووک ڕیز کرد و بۆ ئەوەی پیاڵە بگەڕێنێ، سینیەکەی سەرەتا بۆ خودی جەلیل ئاغە گرت. جەلیل دوو پیاڵە، یەک بۆ خۆی و یەک بۆ ژنەی سەماکەر، هەڵگرت و موغیلان کەوتە گەڕاندنی سینیەکە.

وەستانێکی کورت. ڕوخەک پەنجەی لە سەر ژێی تارەکە لابرد، پیاڵەیەکی هەڵگرت و «خۆشیتان» بە یەکجار هەڵیدایە ناو گەرووی و بەپێی ڕاهاتن، پەنجەی بە سەر تەلەکاندا خزاند بۆ ئەوەی ڕشتەی هەواکە ون نەبێ. کووچکیش لە کاتێکا بە پەنجەی دەستی چەپ درِنگی لە دمەکەکە ئەهێنا، پیاڵەکەی لە سەر سینیەکە هەڵگرت و وەکوو باوکی بە فرێک هەڵیدایە بن گەرووی و پیاڵە بەتاڵەکەی گەڕاندەوە و لە سەر سینیەکە داینا. بەڵام زەریف وای نەکرد. پیاڵەکەی لەسەرخۆ برد بۆ لێوی، چەشتی و لە بەر چۆکی لە سەر سەکۆکە داینا و درێژەی بە سەنج لێدانەکەی دا.

موغیلان شەوق لە هەر هەنگاو و جووڵانێکی لەشیدا، نیو سووڕێکی دا و لای کۆڵەکەکەوە بە نەرمی بای دایەوە، بەرەو قەنەفەی قەراخ دەرگاکە چوو و سینیەکەی لە بەردەم گوڵمحەمەدی سەردار ڕاگرت. گوڵمحەمەد هێشتا نەیتوانیبوو لە سەر خواردنەوە و نەخواردنەوە ساخ ببێتەوە. بۆیەش بوو سینیەکە لە بەردەمی گوڵمحەمەددا گیری کرد و موغیلان بە ناچار ئاوڕی لە جەلیل ئاغە دایەوە تا ئیجازە لەو وەربگرێ. جەلیل پیاڵەکەی کردبوو بە دەم ژنەی سەماکەرەوە، پیاڵەکەی خۆی بەرز کردەوە، بە خواری سەیری گوڵمحەمەدی کرد و وتی:

ـ بۆچی دووری ئەکەی گوڵمحەمەد خان؛ بە خۆشی! فەرموو پیاڵەیەک هەڵگرە. من هەمانم کە ئەمناسی. میوانی منی. هەموو میوانی منن. بە خۆشی ئەخۆینەوە؛ خۆشیتان!

پەردەکە لادرایەوە و مەلەک مەنسوور هاتە دەرەوە و، بەگمحەمەد بۆ ساتێک توانی قاچی ژنی ڕوخەک و قاچی عەباسجانی کەلایی‌خواداد ببینێ و، بە داکەوتنەوەی پەردەکە، بەگمحەمەد جارێکی‌دی سەیری براکەی کرد، تا بزانێ چی لەگەڵ ئەو پیاڵەیە ئەکا، پێشکەشی کرابوو. گوڵمحەمەد پیاڵەکەی لە سەر سینیەکە هەڵگرت. بەڵام نەیخواردەوە و لای دەستی خۆیەوە، لە سەر قەنەفەکە داینا و وتی:

ـ من بەرۆژ ناخۆمەوە ئەرباب، نۆشی گیان!

موغیلان لە گەڕانەوەدا سینیەکەی بەرەو بەگمحەمەد برد کە دەستی درایە دواوە. موغیلان گەڕایەوە بۆ جێگەکەی خۆی، لای سەکۆی پێشخانەکە و دوا پیاڵەی لە سەر پێشخانەکە دانا و سینیەکەی نایە لاوە، دەستەکانی وەک خاچ نا بە سینگیەوە و چاوەڕوان بوو لە دەرفەتێکدا پیاڵەکەی خۆی هەڵدا.

لۆتی ڕوخەک ئەوا وردە وردە کەوتبوویە خوێندنی گۆرانی:

مەی بخۆرەوە تاکوو نەزانی لە کوێوە هاتی
خۆشبە، نەزانی بەرەو کوێ ئەڕۆی، نازانی کاتی

دەنگی ڕوخەک هەڵبەت پیر و شکاو بوو. ڕاکێشەر نەبوو و زەلاڵ نەبوو و ژەنگی هێنابوو. بەڵام کام مووزیک ژەن هەیە لانی کەم دوو دانگ دەنگی لە خۆیدا پەروەردە نەکردبێ و، کام سازژەن هەیە نەتوانێ لەگەڵ گەڕانی پەنجەکانی زەمزەمەیەک بکات؟ هەرچەندە پیریش بووبێ و دەنگی لە شکانی لقەداری وشکەڵاتووی پایزیش بچێ. کە بوو و واش بوو. بەڵام هەر ئەم دەنگە بەرایی و توانای خۆی و میانەی هەناسەکانی خۆی پسپۆڕانە ئەناسێ، ئێستە و لەم کات و هەوای بەزمەدا نەک هەر ناساز و نالەبار نەبوو، بەڵکوو لە دڵیش ئەنیشت:

دەسکەوتم لە ژین چی بوو، زانی: هیچ
گەڕیدە و خولیا، پەی نهێنی: هیچ
مۆمی ئەو بەزمەم، وەم کوژێنی: هیچ

گەر جامی جەمم، بم شکێنی: هیچ

گەرووی بەگمحەمەد وشک بوو. نەک هەر وشک، ئەتوت یەکێک قورقوڕاچکەی گرتووە و ناهێڵێ هەناسە بدات. لە خۆڕا کۆکی. بەڵام ئەمە چارەی دەردەکەی نەبوو. قوڵپی هاوار لە سینەی جەواندا، دەشتێکی ئەویست؛ بەربەرین بیابانێک و چڕینی چریکە!

قاچەکانی موغیلان بە هەر درمێکی دمەک و درینگی تارەکە، لە جێوە ئەجووڵا. ماسوولکەکانی بە شەوقەوە ئەکشان و بە بێ ئەوەی خۆیشی ئاگای لێبێ، پەنجەکانی پێی لە ناو گیوەکانیدا دیلانەیان ئەکرد و چاودێرێک ئەگەر ئاگای لێبوایەت ئەیتوانی نیشانەکانی جووڵانی ڕیتمێکی ژێر پێستە سپی و ناسکەڵەکەی ببینێ؛ لەو ڕووەوە کە سەماکەرێک لە دەروونی موغیلاندا، سەمای ئەکرد.

بە فەرمانی جەلیل ئاغە، موغیلان پیاڵە پڕکراوەکەی هەڵگرت و دای بەدەست مەلەک مەنسوورەوە. مەلەکە بە خۆشی و سەربەرزی ئاغەزادە خواردیەوە، سیگارێکی نا بە سووچی لێویەوە و بە چەند پل تەقاندنی شارەزایانە و بە شریخە، شێوازی تارلێدانەکەی گۆڕی بە هەوای دیلۆک و بە کەمەر بادانەوە هاواری کرد:

ــ سەما، سەما، سەما!

نیگای دانیشتوان فڕی بۆ لای سەماکەر، بەڵام زەریفی ڕوخەک بە کراسی قەنەوسی سوورەوە، وەک باڵندەیەکی ڕەنگین خۆی هەڵدایە ناو مەیدانەکە و کەوتە سەمای سەرچۆک. سەنجە بچووکەکانی بە پەنجەکانی هەر دوو دەستیەوە و پیاڵەی سەرپڕ لە سەر تەوێڵی، سەرووی نێوان هەر دوو برۆی.

ــ چەپ چەپ، چەپ چەپ!

دەنگی چەپڵەلێدان، ڕیتمی چەپ و سەنجە بچووکە خۆش ئاوازەکەی زەریف، دەنگی دمەک لێدانی پەنجە بچووکەکانی

کووچک، درەڕن، درەڕن، چاخانەکەی پڕ کرد لە شادمانی و هەڵچوونێکی لەپڕ. زەریف ئەوا لە بەردەم جەلیل ئاغەی خولیای سەنج و تار و دمەک و چەپڵەلێدان، بە سووڕانی ئەژنۆ و لەشی نەرمی لەگەڵ یاریکردن بە دەست و شانی خەریک بوو پانیەی سەری بدا لە زەوی و، ئەمەش ئەوی کردبوو بە چەقی هەموو نیگایەک. چاوانی داچەقاو و بێ بڕوا لێی ئەڕوانی و ترسی ئەوەی مۆغەرەی پشت و ملی جەوان هاکا خرمەی لێوە هات. چونکە زەریفی ڕوخەک هەرچی بوو، خومار نەبوو کە لەشی ئەوەندە نەرم و لەباری هەبێ. تەنانەت جووڵەیەکی نابەجێش لەشی مارئاسای جەوانەکەی نەلەراندەوە کە ببێتە هۆی لەرینەوەی پیاڵەی سەرپڕی سەر تەوێڵی و تاقە دڵۆپێکیش نەڕژایە سەر ڕوخساری.

پاژنەی باوەشە گەونی قژی زەریف ئەوا کەوتبوویە سەر خشت و خۆڵی تەختی چاخانەکە و ئەو هەروەها بە نەرمی یاری بە دەستی و سەنجە پچووکەکانی ئەکرد. بزە لە سەر لێوانی بوو و چاوی لە پیاڵەکە بوو و یاری لەگەڵ پیاڵەکەش ئەکرد.

ــ ئالاّت نەنەویّ ئەرباب ئالاجاقی!

لەگەڵ شاباشەکەی لۆتی ڕوخەکدا، جەلیل ئاغە دانەویەوە و دەستی برد بۆ پیاڵەکە، لە سەر هەنیەی زەریف هەڵیگرت و بۆ سەلماندنی گەورەیی خۆی ئەسکەناسێکی خستە دەمی سەماکەر و زەریفیش بەو نەرمی و لەبارییەی بەپشتدا چەمابوویەوە، خۆی بەرز کردەوە و ڕاست بوویەوە و درێژەی دا بە سەماکردن.

قریشکە و هەرا و چەپڵەلێدان و سۆزی تار و بەزمی دمەک:

ــ هەر بژی کوڕ، بژی بۆ سەمات. ئەوەی ئەیخۆی نۆشی گیانت!

جەلیل ئاغە ئەبوایە پیاڵەی مەیەکە بخواتەوە، بەڵام ئەو ـ ڕەنگە لە بەر ئەوەی دڵی گرتبووی ـ پیاڵەکەی بۆ سەماکەرەکە

ڕاگرت و زەریفیش بە سەما و خۆ بادان هات بەرەو کوڕە ئەرباب و بە دەم ڕێوە ئەسکەناسەکەی کرد بەبەر قایشەکەیدا و لێواری پیاڵەکەی بە ددان گرت و بە سووڕدان و بە هەڵدانی سەر و کاکۆڵی، ئارەقەکەی هەڵدایە بن گەرووی و بە خولێک خۆی گەیاندە لای شانی براکەی کووچک، پیاڵە بەتاڵەکەی دا بەو و کەوتە گۆرانی خوێندن:

مە خوێنی ڕەزان ئەخۆین و تۆ خوێنی کەسان
پێم بێژە مە یان تۆ، کێهە خوێن خۆرترین!
پێم بێژە مە یان تۆ، کێهە خوێن خۆرترین!

لۆتی ڕوخەک بۆ زەریفی کوڕی سەندەوە و خوێندی:

وەک من ئەگەر تۆیش لەو داوە کەوی[1]
بە بادە و پیاڵە گیرۆدە و کەوی[2]
ئێمە شەیدا و مەست و کەلەلا
خۆتمان لێ لادە ئەبی بە کەوی[3]
خۆتمان لێ لادە ئەبی بە کەوی

زەریف پێیەکی نایە سەر لێواری سەکۆکە، سەری بە سەر تارەکەی باوکیدا خەواند و دەنگی هەڵێنا:

تافی لاوییە، کاتی شەراب و بادە
سەوزەی گوڵڕوومەت بە مەی دڵ شادە
دنیا سەربە سەر کاروانسەرای چەپ
لە چەپخانەی چەپ، بادە بە با دە!
لە چەپخانەی چەپ، بادە بە با دە!

موغیلان چوار داری دەس خستبوو و ئوقرە لە بەر براو، چاوی لە مەلەک مەنسوور بڕیبوو، بەڵکوو مەلەکە ڕێگەی بدا ئۆخەی دڵی بشکێنێ و بکەوێتە مەیدانداریی ـداروازیـ لەگەڵ زەریف. بەڵام مەلەک مەنسوور لەم کاتەدا دەنگی بەرزکردەوە و وتی:

ــ جەیران، جەیران، سەمای جەیران! جەیران، سەمای جەیران... جەیران!

جەلیل ئاغە کە بە تەمای ئەو داواکارییە بوو، قۆڵی جەیرانی گرت و هێنایە ناو گۆڕەپانەکە و ئەوەندەی سەما دەستی پێکرد، خۆی بە چەپڵە لێدان و بە نەرمی کشایەوە، نوقم و مەستی سەمای ژنە، لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت. جەیران لە کارەکەیدا زۆر شارەزا نەئەهاتە پێش چاو. بەڵام ژن ژنە و، شەنگی و ناسکی تایبەت بە خۆی هەیە. جلوبەرگی شۆخ و چاوی تامەزرۆ و پڕ لە تاسەی دانیشتوان، ئەویش کاتێکە ڕوخساری گەش و گەنج بێ و بزەیەکی نازدار لە سەر لێوە تەڕ و تەرچکەکەی دڵ بخاتە جۆش، شارەزا نەبوون لە سەماکردن زۆر بەرچاو ناکەوێ. نەخوازە کە ئەم سەماکەرە هێشتا گەردی ماندوێتی کاری بەردەوام و درێژخایەن لە ڕوخساری نەنیشتبێ و شۆر و گوژمی گەنجێتی تیا مابێ و -زێدە لەمەش- چاو و گونای گەشی بە مەی سوور بووبێ؛ بەو جۆرەی کە جەیران بوو. بە جۆرێک کە لە هەر بزووتنێکی دەست و قۆڵی و، گەڕانی هەر نیگایەکیدا، ئەتوت گوڵ لە ڕوخساری ئەپژێنێت و، لە هەر بزەیەکیدا، نوقڵ لە دەمیدا ئەشکێنێ و ئاگر لە لێوان ئەبارێنێ:

ئەمشەو لە غەمتا لە ناو خوێن ئەنووم
سەر بێ سەرین و بێ نوێن ئەنووم
بڕوام پێ ناکەی، بیرت بنێرە
بنوارێ بێ تۆ لە کام شوێن ئەنووم
بنوارێ بێ تۆ لە کام شوێن ئەنووم

ــ هۆیی، تارژەن! هۆیی، تارژەن، وەرە. وەرە بۆ ئێرە و پەنجەیەک بژەنە! ئەهایی، تارژەن!

دەنگەکە گلەئامێز و ماندوو و هێشتاش خەواڵوو بوو:

ــ هۆیی، تارژەن، وەرە بۆ ئێرە، وتم!

نەک ئەوەی سەما بوەستێ یان مووزیک لە نەوا بکەوێ، بەڵام چاو و گوێی بینەران ڕاکێشرا بۆ لای دەنگە غەوارەکە. دەنگ لە پشت پەردەی پاشخانی چاخانەکەوە ئەهات. دەنگی

نادعەلی چوارگوێشلی بوو کە هێشتاش مایەی سەرخۆشی پێوە دیار بوو. مەلەکە بۆ ئەوەی بەڵکوو دەنگی نادعەلی بخەوێنێ، گورج و خێرا بەرەو پاشخانە چوو و لە پشت پەردەکە ون بوو.

جەلیل ئاغە ڕەنگە بە هۆی دەنگی تار و دمەک و سەنجەوە، دەنگی نادعەلی نەبیست. یانیش بیستی و نەیخستە خۆی. ڕوخەک دڵ و جەربەزەی ئەوەی نەبوو گوێی لێڕابگرێ. چونکە ئەو لە سەر ویست و داوای جەلیل ئاغە بەزمی بەرپا کردبوو و ئەیژەند و ئەیخستە سەما و، دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو لەم کاتی بەزم و هەرایەدا بیر لە ڕەزامەندی یەکیدی بکاتەوە. لەم نێوانەدا، لە هەموان زیاتر، بەگمحەمەدی کەلمیشی سەرنجی بەرەو دەنگ و پەردەی پاشخانە ڕاکێشرابوو و چاوی بڕیبوویە پەردەکە و تەمایەری هاتنە دەرەوەی خاوەن دەنگەکە بوو.

زۆری پێنەچوو پەردەکە بە پەنجەی مەلەک مەنسوور لادرا و نادعەلی چوارگوێشلی لە ناو دەرگاکە دەرکەوت. وا دیار بوو یاوی هەیە. ژاکاو و لەخت، چاوانی ئەتوت لە ئاگردا ئەگرێن. بەرەکی دابوو بە شانێکدا و کڵاوەکەی بە بێوازی لە سەر نابوو، بە جۆرێک کە پرچی ڕەش و ئاڵۆسکاوی لە هەموو لایەکەوە لە دەرەوە بوو و هەر شاخێکی بە لایەکدا چووبوو. لە ناو دەریزانەکەوە هاتە بەرەوە و شانی نا بە دیوارەکەوە، وەستا و چەند جار چاوی ترووکاند. لێی ئاین نەبوو ئەم سەما و بەزم و شەرەنگە لە خەوندا ئەبینێ یان نا؟ وەکوو شتێ هەوڵی ئەدا هەندێک بەرلەمە، کاتی پێش خەوتن بهێنێتەوە بیری خۆی. بۆیەش بوو دوو سێ جار سەر و شانی خۆی ڕاشەکاند بە شێوەیەکی نابەجێ و نارێک و، دیسانەوە ڕاما لە سەر ئەوەی ئەیبینی و لە کۆتاییدا نیگای لە سەر جەیرانی سەماکەر گرسایەوە و چەقی بەست.

جەیران، هەرچەند نەک وەکوو پێشتر کە دەستی پێکردبوو، بەڵام لە سەماکردن بەردەوام بوو و سەنجە بچووکەکانی سەر

پەنجەی ئەتەقاند و جارجارەش چاوێکی لە جەوانی غەوارە ئەکرد. جەیران تا ڕادەیەک بەدمەستی پیاوانی لە کۆتایی شەودا بینیبوو و لەم کاتەشدا نەی ئەتوانی تەنها بە گۆڕانێکی سادە ئەویش لە پشت پەردەوە ـئەویش لە لایەن کەسێکەوە کە نەیتوانیوە دۆخی بەزمەکە لە پشت پەردەوە بناسێتەوەـ کۆڵ بدات و بەر لەوەی ساز و مووزیک ڕابوەستێ، لە سەماکردن بوەستێتەوە. بینەرانیش بیریان وانەبوو و کۆڕەکە جارێکیدی خەریک بوو ئاسایی ئەبوویەوە. بەڵام نادعەلی گوایە پێی وانەبوو و گوایە لە دارەت و هەوای بەزمدا نەبوو.

چاو و نیگای هەروا لە سەر خول و پێچی سەماکەر و لێوە گرگرتووە قفڵ کراوەکەی بوو و، قاچەکانی ئەتوت خۆبەخۆ کەوتنە ڕێ و هێنایەوە ناو کایەی سەماکردن. نادعەلی ڕاوەستا و ساتێک لە سەماکەر ڕاما و پاشان لە بەر چاوی ترساو و ڕمۆکی جەیراندا، نادعەلی دەستی برد و کەزیە چین چینەکەی لە سەر و ڕوومەتی ڕاگرت و سەری خۆی ئەوەندە لە ڕوخساری ژنە نزیک کردەوە، وا زانرا ـشێتەـ خەریکە دەم بخاتە ناو دەمی. بەڵام نادعەلی مەبەستی ماچکردنی ژنە نەبوو، پرچی بەردا و بە لەرزینێکی ترسناک لە پەلکی کەپۆ و گۆنایدا، مەچەکی جەیرانی لە ناو پەنجەی تووڕە و بەهێزی خۆیدا ڕاگرت و بە بێ هیچ گوتەیەک، لە بەر چاوانی حەپەساو و داچڵەکاوی بینەراندا بەرەو دەرگای چاخانەکە پەلکێشی کرد و وتی:

ــ خوایە گیان، خوایە گیان!

دەرفەت نەبوو و خاوەخاو کردن نەی ئەتوانی بەرەنجامێکی باشی هەبێ. ئەبوا کارێک بکرێ و ئەویش لەو بابەتە و بەو جۆرە دێوانەسەر. ڕوخەک بڕابوو، دەستەکانی وشک ببوون و نیگای لە جەلیل ئاغە و پڕ لە پاڕانەوە:

ــ ئەرباب، ئەرباب!

جەلیل ئاغە پێویستی بە هاندەر نەبوو بۆ ئەوەی ببزوێ. ئەو

ـ بە بێ ئەوەی خۆی پێ بزانێ ـ چاوەڕوانی پڵتۆکێک بوو لە خەوی ناباوەڕی وەئاگای بێنێ. کە ڕوخەک ڕایچڵەکاند، خۆیشی نەیزانی چۆن ئامبازی نادعەلی چوارگوێشلی بوو و چۆن لێک ئالان و پێک وەرگەڕان! لە ساتێک وەکوو برووسکە، سەربە سەر بوون و کڵاویان لێک گیرا و بەزمی چاخانە بوو بە ئاژاوە.

ساز ژەنەکان پێکهاتن، بەگمحەمەد قنج بوویەوە و ڕوانیە شوێنی بەتاڵی کاکی. گوڵمحەمەد نەبوو. وا دیار بوو پێشتر لە چاخانە دەرکەوتووە. عەباسجان و ژنەکەی ڕوخەک لە پاشخانە هاتنە دەرەوە و مەلەک مەنسوور بە تکا و لالانەوەوە لفکەی چارشێوەکەی لە پشت ملی گرێ دا و لە کاتێکا داوای یارمەتی لە هەموان ئەکرد، خۆی گەیاندە دوو جەوانەکەی لێک ئالابوون و بە قەستی کوشت لێکیان ئەدا. جەیران بەردرابوو. ئەوا داوێنی کراسەکەی گرتبوو بە دەستیەوە و ئەیویست خۆی دەرباز بکات. بۆ ئەم مەبەستەش شان و قۆڵی موغیلانی ڕائەژەند و لێی ئەپاڕایەوە دەروویەکی پیشان بدات بۆ هەڵاتن یان خۆ وەشێران. موغیلانیش سەماکەرەکەی برد و ونی کرد.

نادعەلی و جەلیل ئاغە بە بێ دەنگ لێکیان ئەدا و بەس. هەر جارەش کە دەرفەتێک بەدی ئەهات، جنێوێک لە دەمی جەلیل دەرئەپەڕێ. تۆزوخۆڵی تەختی چاخانەکە چووبوو بە حەوادا و مەلەک مەنسوور بێهوودە هەوڵی ئەدا لێکیان جیا بکاتەوە. ترسی مەلەکە زیاتر لەوە بوو نەکا قۆری و سەماوەری کوڵاتوو قڵم ببێتەوە و گرفتێکی ترسناکی تر بەدی بهێنێ. هەرچەند ئەگەر شەڕەکە هەروا بەردەوام بوایەت مسۆگەر یەکیان ئەوی‌تری تیائەبرد. بۆیە مەلەک مەنسوور کە لە لایەن بەگمحەمەدی کەلمیشی، عەباسجانی کەلایی خواداد و سازژەنەکانەوە نائومێد ببوو، غاری دایە دەرەوە و قیژاندی:

ـ کارێک بکەن باوکەکەم، کارێک بکەن! یەکدیان کوشت!

ستار و گوڵمحەمەدی سەردار کە چووبوونە سەر ڕێگەکە،

خۆیان بە بیستنی قیژە و هەراکە گەڕابوونەوە و بەرەو ئەوێ ئەهاتن. بەڵام تازە درەنگ ببوو. خوێن ڕژابوو و دەمی چەقۆکەی جەلیل ئاغە شەلاڵی خوێن بوو. ستار و گوڵمحەمەد هاتنە ژوورەوە و بەگمحەمەدیش لە هەمان کاتدا چوو بۆ نێوبژی و جەلیلی لە سەر ملی نادعەلی چوارگوێشلی بەرز کردەوە. بەڵام کار لەکار ترازابوو. دەست و دەمی چەقۆکەی جەلیل ئاغە خوێناوی بوو و نادعەلییش بە هەردوو دەست لاجانگ و سەرگوێی ڕاستی گرتبوو و لە سەر خاکەکە ئەتلایەوە. جەلیل ئاغە کە بەو قەڵافەتە زلحۆرتەیەوە کەوتبوویە هەناسەبڕکێ و جنێوەکان لە سەر زمانی کوت کوت ئەبوون، گوێی نادعەلی لە ناو دەستی چەپیدا ئەگووشی و خوێن لە نێوان پەنجە مستکراوەکەیەوە نەرم نەرم ئەتکایە سەر چۆکی پانتۆڵ و سەر کەوشە سپیەکانی.

نادعەلی ئەوا لە سەر قەنەفەکە دانرابوو و هەرچەند نەی ئەزریکاند، بەڵام شوێنی گوێ بڕاوەکەی بە هەر دوو دەست گرتبوو و سەر و شانی وەک کەژاوە بەملا و لادا ڕائەژەند. نیوەی ڕوخسار و ملی خڵتانی خوێن بوو و خوێنی ڕژاو بە سەر شانی چەپی، کراس و جاکەتەکەی سوور کردبوو. هەموو ڕوومەتی ئەلەرزی و نیگای خوار ببوو و دەمی، ئەوەندە لێوی بە ددان کرۆشتبوو، خوێناوی بوو. لەبری هەموو کاردانەوەیەکیش لێوی بەددان ئەگەست و سەر و شانی بەملا و ئەولادا ڕائەوەشاند.

گوڵمحەمەد لای شانی نادعەلیەوە لە سەر لێواری قەنەفەکە دانیشت و بەگمحەمەد بەرەکەکەی کوڕی چوارگوێشلی هەڵگرت و هێنای. جەلیل ئاغە هێشتاش وەستابوو و وەک بڵێی چاوەڕوانی بیستنی قسە و گوتەیەک بوو لە زمانی گوڵمحەمەدی سەردار. بەڵام گوڵمحەمەد وەک بڵێی دلی تێکهەڵاتبێ، ڕووی لێوەرگێڕا، سەری داخست و خامۆش ڕاما. جەلیل ئاغە لە بەر نیگای نەفرەتباری ستاری پینەچیدا، گوێ بڕاوەکەی نادعەلی هەڵدایە سەر باوەشی خودی نادعەلی و لەکاتێکا دەمی چەقۆی

ئەبەست، بە فڕکە و خێرایی گوولـلەیەک لە دەرگاکە چووە دەرەوە و لە پشت فەرمانی جیبەکە دانیشت و وتی:

ــ سواربن تا ورگیم نە کردووە بە سفرەی سەگ، سواربن!

موزیکار، هەموو جگە لە جەیران و ڕوخەک، خۆیان گەیاند و سوار بوون، عەباسجانی کەلایی خوادادیش تەنەکە پووتی و قاپ و شووشەکانی خستە ناو جیبەکە و لە داوێنی کێشەکەدا، لە کاتێکا وەکوو سەگ کلکی خستبوویە ناوگەڵی و بە ئاشکرا خۆی لە نیگای ستار ئەشاردەوە، لە دەرگاکە چووە دەرەوە و بە ڕەنگ و ڕوویەکی وەکوو خۆڵی دیوار، لە بن جیبەکە سوار بوو و لای تەنەکە پووتیەکانەوە هەڵتڕووشکا. ترۆمبێلەکە هەڵکرابوو و بەرووداوی ئەکرد بکەوێتە سەر ڕێگەکە. لەم کاتەدا جەیران و ڕوخەکیش لە دەربیجەی پشت چاخانەکەوە هاتنە دەرەوە و بەرەو جیبەکە هاتن. پیرە لۆتی دەستی جەیرانی گرتبوو و ژنەی بە پاژنەی تیژ و بەرزی فیلارەکانیەوە بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا و بە ئاشکرا جنێوی بە خۆی بە پیشەکەی خۆی ئەدا.

جەلیل ئاغە لە کاتێکا مەلەک مەنسووری بانگ ئەکرد، دەستی سەماکەرەکەی گرت و ڕایکێشایە سەر. ڕوخەکیش کیسەی تارەکەی دا بە دەستی ژنەکەیەوە و بەر لەوەی جیبەکە هەڵکەنرێ، وەکوو دووپشک سەرکەوت و لای دەستی جەیرانەوە جێی خۆی کردەوە. جەلیل ئاغە لە دەرگای کراوەی جیبەکەوە، چەند ئەسکەناسی بۆ مەلەک مەنسوور حەوا دا و وەک بلێی جیبەکەی فڕاند و هەورێکی تۆزوخۆڵی لە حەوای گۆڕەپانی بەر چاخانەکەدا بەجێ هێشت و دەسبەجێ ون بوو.

مەلەک مەنسوور کە خۆیشی نەی ئەزانی جنێو بە کێ ئەدا، ئەسکەناسە گرمۆڵە بووەکانی لێرە و لەوێ کۆکردەوە و لە بیری دەرمانکردنی برینەکەی نادعەلیدا، پێی نایە ناو چاخانەکە و لە بەر چۆکی جەوانەکەدا لە سەر عەرزەکە پان بوویەوە.

نادعەلی خێسەی لە هیچ کوێ و ڕووی لە هیچ کەس وتی:

ــ سەوقی بوو؛ ئەوە سەوقی بوو!

موغیلان کوتە لبادێکی داخی هێنا و مەلەک مەنسوور کەوتە بەستنی برینەکە و وتی:

ــ زەرکێک ئاوی بۆ بهێنە!

موغیلان چوو بۆ ئاو و مەلەک مەنسوور شوێن برینەکەی بە لبادی گەرمکراو بەست و دوو سەری دەسرەکەی لە بن چەناگەی نادعەلیدا گرێ دا. موغیلان زەرکی ئاوەکەی هێنایە پێشەوە و دای بەدەست نادعەلیەوە. نادعەلی ئاوەکەی وەرگرت و خواردییەوە. زەرکەکەی گەڕاندەوە و ڕوو لە گوڵمحەمەد وتی:

ــ لەگەڵ خۆت بمبە. گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد سەری هەڵێنا و بە سەر سووڕمانەوە ڕوانیە کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلی و تێی ڕاما. جارێکیتریش، نادعەلی بە بێ ئەوەی نیگا لە خاک هەڵگرێ وتی:

ــ لەگەڵ خۆت بمبە گوڵمحەمەد؛ من ئیتر هیچکەس و هیچ شتێکم نییە! من بە دواتدا ئەگەڕام کە پێت بڵێم، پێت بڵێم ئەوانە سوێندیان خواردووە خوێنی تۆ بڕێژن. ئەوانە، داویان بۆ ناویتەتەوە گوڵمحەمەد. من بە دواتدا ئەگەڕام ئەمەت پێ بڵێم. ئەو کارەی لەگەڵ میرات و دارایی من کردیان، ئەیانەوێ لەگەڵ سەری تۆی بکەن. بلا من قەرزی خۆم دابێتەوە بە کەلمیشیەکان، گوڵمحەمەد!

بە هاواری بەلووچ، گوتەکەی نادعەلی بێ وەڵام مایەوە. هەر سێ پیاو بە دوای یەکدا لە دەرگاکە چوونە دەرەوە و نادعەلییان ماندوو و شکاو لە ناو چاخانەکە بەجێ هێشت. لۆرییەکە لە لای سەرەوە ئەهات. نزیک بوویەوە و بەبەر چاخانەکەدا تێپەڕی. بەرداوێژێک دوور کەوتەوە و وەستا. خانمحەمەد، لەوێ دابەزی و بەرەو چاخانەکە هات. گوڵمحەمەد و ستار چوون بە پیریەوە. خانمحەمەد بە هەنگاوی بڵیند هات و نزیک کەوتەوە. شەکەت، تووڕە و تۆزاوی. ئەمە خووی خانمحەمەد بوو و گوڵمحەمەد لێی

نەگرت. ماندوو نەبینی لێکرد و وەڵامی وەرگرتەوە و شان بە شانی براکەی بەرەو دەرگای چاخانەکە کەوتە ڕێ. بەگمحەمەد و ستاریش بە دوایاندا ئەهاتن.

خانمحەمەد لە سەر قەنەفەی بن درەختەکە دانیشت و داوای ئاوی کرد. بەگمحەمەد فڕکی کرد بۆ ژوورەوە بۆ ئاو هێنان. نادعەلی چوارگوێشلی بە کزۆڵەیی لە دەرگای چاخانەکە هاتە دەرەوە، بە دژواری تا سەر جۆگەی ئاوەکە چوو. لە سەر جۆگەکە دانیشت و قۆڵی هەڵکرد. دەست و چاوی شۆرد و هەڵسا. بەهەمان دژواریش گەڕایەوە بۆ چاخانە و داوای خاولی کرد. خاولیان دایە. نادعەلی دەست و ڕووی وشک کردەوە و پاشان سەرکەوتە سەر قەنەفەی قەراخ دیوارەکە. دەستی کرد بە گیرفانیدا، بەردە مۆری نوێژکردنی دەرهێنا و لە سەر قەنەفەکە داینا و لە کاتێکا بە زۆر خۆی بە سەر پێوە ڕاگرتبوو، نوێژی دابەست.

بەگمحەمەد خۆی زەرکی ئاوی بۆ کاکی گەورەی هێنا. خانمحەمەد نیگای مۆڕ و حەپەساوی لە سەر جەوانی چوارگوێشلی گواستەوە. زەرکی ئاوەکەی لە بەگمحەمەد وەرگرت، دەستی گرت بە پشت سەر و کڵاوەکەیەوە و زەرکی ئاوەکەی نا بە سەرەوە. زەرکە بەتاڵەکەی لە لاوە دانا و دەستی هێنا بە ڕوومەتیدا و چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی لە ناو کالانەدا سووڕاند و وریای براکانی تینووی چاوەڕوانی، بە بێ ئەوەی بڕوانێتە گوڵمحەمەد، ڕووی گوتەی لەو، وتی:

ـ ئەوان تۆیان ئەوێ! حکوومەت گوڵمحەمەدی کەلمیشی ئەوێ، نەک خانمحەمەدی!

# بەشی بیست و شەشەم

٢٨١٥
کەلیدەر
بەرگی نۆیەم

**بەندی یەکەم**

قەدیر بە پلیکانەکانی گەرماودا هاتە سەر و پێی نایە ناو مەیدانەکە. بای دایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە و لەگەڵ جۆگەی ئاوەکە بەرەوماڵی خۆیان ڕۆیشت.

ئاوی ڕەوانی جۆگەکە لە تاودانەوەی ئاسمانی بە گەواڵەی دەمەو بەیان، سارد و لێڵ ئەینواند. دەر و بانی قەڵاچیمەن لە ڕەنگاڵەی خۆڵەمێشی سپێدەدا، ڕەنگ و ڕواڵەتێکی بەڵەکی وەرگرتبوو و لە یەکەم نیگادا لە ڕانێکی گورگ و مەڕ ئەچوو، مۆزیان کردبێ و بەیەکا بێن. پەڵە هەوری بە تۆپەڵ ئاسمانی خافڵگیر کردبوو. کۆمەڵەی گەواڵە هەورەکان بە بێ ئەوەی گرمەیان لێ بەرز بێتەوە سوار شانی یەکدی ئەبوون و باوەشیان بە یەکدا ئەکرد. هەوا خەفە بوو و زەوی وشک لە بن تەختی گیوە تازەکانی قەدیردا بە ئەسپایی دەنگی ئەهات.

قەدیر، گیوە تازەکانی لە هەمان کاتی کڕیندا، دابوو بە شیرازەگر بۆ ئەوەی پەرگەمای لێ بدا و شیرازەی بگرێ و نەخشی گوڵی لێبدا و پاژنەی چەرمی تێبگرێ. ئێستەش بە سەیرکردنی گوڵی سێ پەڕی سەر نووکی گیوەکانی هەستی بە ڕەزامەندی ئەکرد. هەستی ئەکرد گیوەکان پڕ بە پێیەتی و هەنگاوەکانی بە تەواوەتی وان لە بن فەرمانیدا.

قەدیر جگە لەوەی بە گیوە تازەکانیەوە گورجوگۆڵ ببوو،

بەڵکوو هەستی ئەکرد وزەیەکی تازەی حەز لە ژیان لە هەموو گیانیدا بڵێسە ئەکێشێ. بۆیە ئەمجۆرە پێ هەڵگرتنەی هەرچەند تا ڕادەیەک بەرەنجامی گیوە خۆشپێکانی بوو، بەڵام زیاتر ـو لەبنەڕەتداـ هۆی ئەو گەوهەری شەوقە بوو کە لە دەروونیدا سەری هەڵدابوو. شەوقی ڕوانگەیەکی ڕوون و دیار کە ئەیویست بەرەڵڵایی و سەرگەردانی لە ژیانی قەدیردا، بەجێ بهێڵێ. ڕوانگەیەک کە قەدیر ئەیویست و ئامادە بوو سەروپێی لە پێناویدا دابنێ.

قەدیر بە قەراخ دیواری ماڵی گۆدەرزی بەڵخیدا تێ ئەپەڕی، ناخودئاگا بە دزییەوە سەرێکی کێشایە ناو حەوشە و بیرەکانی وەستانێکی تێکەوت. بەڵام قەدیر دەرفەتی بەو هەڵوەستەیە نەدا، هاتەوە بە خۆیدا و ڕووی لە خانووەکە وەرگێڕا و چاوی بڕییە گوڵە جوان و دڵخوازەکانی سەر گیوەکانی. گوڵە تیمانجی سووری ڕازاوە کە لە هەر هەنگاوێکیدا لە بن دەرەلنگی پانتۆڵە ڕەشە ئەتڵەسەکەیەوە دەرئەکەوت و دیسانەوە، وەک چاوشارکێی لەگەڵ بکات، ڕووی خۆی دائەپۆشی و هەڵئەهات.

قەدیر لە یاری گوڵی گیوەکانیدا، سەرنجی بە ڕەشایی دەرەلنگی بریقەداری پانتۆڵەکەیدا سەرخست بۆ سەر چۆکی و، شاقەلی شینکی کراسەکەی بە حەزێکی خۆشەوە سەیر کرد. پاشان دەستی بۆ گوڵە گەورەکەی قایشە کۆنەکەی کە لە نێوان دوو ئاتەکی ئێلەکەکەیەوە دیار بوو، برد و بە خۆشیەوە دەستی پیاهێنا. بوخچە چوارخانەکەی گەرماوی لە بن باخەڵیدا ڕێک کرد و بە پەنجە درێژ و ڕەقەڵەکانی باڵی پاڵتاوەکەی بە شانیەوە هەڵکێشا و بە هەستێکی نامۆوە کە پێی ئەوت کڵاوە ڕەش و خاوێنەکەی خراپ لە سەر ناوە، دەستی برد بۆ سەری و کڵاوەکەی لە سەر کاکۆڵی ڕێکخست و لە بن تاقی شکاوی بەردەرگای خۆیاندا وەستا. دەرگاکەی کردەوە و لەگەڵ جیرە وشک و ئاشناکەی گرێجەنەکە، پێی نایە ناو داڵان و دەرگاکەی

به هەمان جیرە وشکەکەیەوە بەست و چووە حەوشە. بە لای بیرەکەدا تێپەڕی و لە پشت دەرگای کورتی هەمارەکە، دەستی بۆ دەرگاکە برد و ڕاوەستا.

دیسانەوەش دەنگی کوند!

قەدیر بە شانی ڕاستیدا ئاوڕی دایەوە و ڕوانیە سەربان. کوندەبەبوو لە سەر تاقە کۆڵەکەی نیوە ڕووخاوی باڵەخانە کۆنەکە هەڵ نیشتبوو و وا دیار بوو چاوی بڕیوەتە خانووەکە. بە درێژایی شەوی ڕابردوو کوندەکە ناوبەناو قیژاندبووی و قەدیر لە هەر تل دانێکیدا قیژەی کوندەکەی بیستبوو و بە جنێودانێک لە بەر خۆیەوە، پێڵووی لێک نابوویەوە و هەوڵی دابوو بە دوور لە ئازاری قیژەی کوندەکە بخەوێتەوە. بەڵام کوندەبوو بۆ تاوێکیش لە قیژە نەکەوتبوو و شەویش ڕێگر بوو لەوەی قەدیر بتوانێ ڕابێ و بیتەرێنێ. هەرچەند ئەگەر واشی بکردایەت، کوندەکە ئەگەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی هەڵیبژاردبوو.

بەڵام ئێستە؛ ئێستە چی؟ قەدیر دیبووی و بیستبووی کوند هەرچەندە تا بەیانی ئەناڵێنێ، بەڵام دەنگە شوومەکەی بە ڕووناکی بەرە بەیان ئەبڕدرێت و خۆیشی ون ئەبێ. بەڵام ئەمڕۆ بەو هەموو هەورە ڕەشەوە، وا پێئەچوو شەو ئەیەوێ لە دڵی ڕۆژیشدا بەردەوام بێ. ڕەنگە بەهۆی ئەم لێک ئاڵۆسکانەی شەو و ڕۆژ بوو کە کوندەکەش نەی ئەویست ئارام بگرێ.

قەدیر کاکیلەکانی بە ڕقەوە ڕێک گووشا، جنێوێکی فڕێ دا و چەمایەوە، بوخچەی گەرماوەکەی لە سەر سندۆڵە شکاوی بن دیوارەکە دانا، خڕەبەردێکی لە قەراخ بیرەکە هەڵگرت و گرتیە کوندەکە، کوندەبوو بەڵام لە جێی خۆی نەبزووت. ئەتوت خۆی کلۆیەکی بۆرە لە سەر نووکی کۆڵەکە ڕووخاو هەڵنیشتووە و جووڵە و کاردانەوەی نییە.

قەدیر پاڵتاوەکەی هەڵگرتەوە کە لە شانی بەربوویەوە، ددانی لە کیرەوە هێنا و بە ناچاری چوو بە دوای کاریدا. بوخچەی

گەرماوی هەڵگرت، دەرگاکەی کردەوە و چووە ناو هەمارەکەی. لە تاریک و ڕوونی بنمیچەکەدا لە بەر ئاوێنەی هەڵواسراوی دیوارەکە ڕاوەستا و هەوڵی دا چڕوچاوی خۆی لە ئاوێنەکەدا بدۆزێتەوە. ئاوێنە بەڵام لێڵ و هەوا تار بوو. ئاوێنەی لە دیوار کردەوە، چووە بەر دەرگا و ڕوانیە ئاوێنەکە. نەک زۆر بە ڕوونی بەڵام توانی ڕوخساری لەڕ و تازە تاشراوی لە ئاوێنەکەدا ببینێ. دەستی هێنا بە چەناگەی تاشراویدا. وابوو، ڕوومەتی سافی ساف بوو. میرزای دەلاک لە گۆترە ڕیشی نەتاشیبوو. پەنجەی هێنا بەبن سمێڵە قەیتانیەکەیدا و سەری تۆزێ خوارکرد تا جارێکیتر مووە سپیەکانی لاجانگی سەیر بکات. ڕەگەی سپی مووی لاجانگی، بەتایبەت ئێستە کە شۆرابوون و شانە کرابوون نەک هەر ناشیرین نەبوون، هەستی ئەکرد زۆریش لە قاپ و قەوارەی -بەگۆنای دەرپەڕیو و کاکیلەی ڕەقەڵەوە- هاتووە و ڕواڵەتێکی دڵخوازی پێداوە. لێوەکانی لە سەر ددانە قفڵ کراوەکانی کردەوە، ددانەکانی سپی و ڕێک بوون، بە بێ ئەوەی خاڵیان تێکەوتبێ. جارێکی دی سمێڵە نەرمەکانی بە قەراخ دەستی بەهەر دوو لای لێویدا خەواند و گەڕایەوە و ئاوێنەکەی کردەوە بە بزمارەکەدا.

ئەبوا دەس پێبکات. پاڵتاوەکەی لە شانی کردەوە، نووشتایەوە و لە سەر جێگەی خەوەکەی داینا و چووە سەر یەخدانەکە. لە بەر یەخدانەکە چۆکی دادا، قفڵی یەغانەکەی کردەوە، سەر و دەستی کرد بە ناو یەغاندا و ئەوەی بۆی ئەگەڕا دۆزییەوە و هێنایە دەرەوە. قفڵی دایەوە لە یەغانەکە. هەڵسا و نزیکی ناودەرگاکە لە سەر کورسیەکە دانیشت. گرێی دەسرە چەور و چڵکنەکەی کردەوە، کێرد و هەسانی لە ناو دەسرەکە دەرهێنا و لە بەر ڕۆشنایی لێڵی بەرەبەیاندا لێی ڕوانی. هەسان و کێرد کەونارا بوون، بەڵام ژەنگیان نەهێنابوو. قەدیر کێرد و زوورەکەی لە سەر دەسرەکە و لای دەستیەوە دانا. قۆڵی لە سەرەخۆ هەڵکرد، کێرد و زوورەی گرت بە دەستیەوە و ڕاست

و چەپ وەکوو دوێرد هێنایانی بەیەکدا. کێردە کۆنە دوو دەمی هەبوو و ئەبوایە هەر دوو دەمی کێرەدەکەی لە هەسان بدایە و بە ئەندازەی پێویست تیژیان بکات.

دیسانەوەش قیژەی کوندەکە!

بەدەم قیژەی یەکباوی کوندەکەوە، تای دەرگای هۆدەی باوکی قەدیر، لێکترازا و قەدیر نە زۆر بە جەربەزە سەروملی لە دەرگای هەمارەکە هێنایە دەرەوە و ڕوانیە دەرگای ژوورەکە. عەباسجان باوکی گرتبوویە باوەش و ئەیهێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی -ڕەنگە- بیبات بۆ سەرئاو. قەدیر خۆی تیٚهەڵنەقورتاند. کشایەوە، لە سەر جێی خۆی دانیشتەوە، کەوتەوە تیژکردنی کێردەکە و بزەیەکی بەئەسپایی نیشتە سەر لێوەکانی.

ماوەیەک بوو عەباسجان بە سات لە باوکی خافڵ نەئەبوو. سەرەڕای ئەو نەفرەتە دێرینەی لە نێوان باوک و فرزەنا هەبوو. عەباسجان ئەتوت کردوویە بە ئەرک لە سەر خۆی چاو لە باوکی خافڵ نەکا. ئەمە وای کردبوو کاری سەروخوار کردن و هێنان و بردنی پیرەمێردیش بکەوێتە ئەستۆی عەباسجان. عەباسجان گلەمەند نەبوو و بە حەزەوە خزمەتی باوکی ئەکرد. لە یەکەم سەرنجدا وەها ئەهاتە پێش چاو کە عەباسجان ئەیەویٚ لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی باوکیدا داوای لێبوردنی لیٚبکات. بەڵام ڕاستیەکەی ئەمە نەبوو و قەدیر دڵنیا بوو عەباسجان باوەڕی بەو شتانە نییە. بەڵکوو ماندوو بووە و لانیکەم بە خۆی سەلماندووە مەرگی باوکی نزیک بۆتەوە. ڕاستیەکەی لە ئەندێشەی خۆیدا پیرەمێردی ئەمراند. چونکە بەڕواڵەت هیچ گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی کەلایی خوادادا بەدی نەهاتبوو، کە ببێتە مایەی هیواداری. بەڵام عەباسجان لە بەرامبەر ئەو گیان سەختیەی پیرەمێرددا بەزیبوو و تەنها ڕێگەی بەوە زانیبوو کە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پیرەمێرد بگۆڕیٚ، بەو هیوایەی ماوەیەکیش خۆی بەو هیوایەوە بخلافێنیٚ. ئەو لە ئەندێشەی خۆیدا ئەوەندە

چووبوویە پێشەوە کە لەملا و ئەولا قاوی نزیک بوونەوەی مەرگی پیرەمێردی بڵاو ئەکردەوە. وەک بڵێی ئەیویست خەڵکی ئامادە بکات بۆ ئەوەی مردنی پیرەمێرد لە لایان ئاسایی بێ.

خێراکردنی پرۆسەی ئەو ئارەزووەی عەباسجان لە ناخی خۆیدا پەروەردەی ئەکرد، کارێک بوو کە گرتبوویە بەر. بەڵام ئەو خێرابوون و پەلە کردنە بەر لەوەی لە دەرەوەی عەباسجاندا بوونی هەبێ، لە ناخ و دەروونی ئەودا بەڕێوە بوو. چونکە ئارەزووی مردنی کەلایی سەرەڕای ئەو خۆگرییەی باوک لە بەرامبەر مەرگدا، وەها ناخی عەباسجانی داگیرکردبوو کە ئەو ببوو بە خولیا و ئەوینداری ئەندێشەی خۆی. لە لای ئەو، پیرەمێرد مردبوو و ئەگەر هێشتا زیندوو بوو بۆ ئەوە بوو شوێنی پارە و ئەسکەناسەکان بە عەباسجان پیشان بدات:

«خۆ لەگەڵ خۆی نایباتە قەبرەوە!»

ئەم گەنجینە وێناییە، ببوو بە ئومێد و ئەڤینی عەباسجان. ئەو دراو و پارەیەی پشتیان سەوز و پشتیان سوور بوو و، بە درێژایی ساتەکانی تەمەنی عەباسجان لە ئەندێشەی خۆیدا بەراوەژوو و سەروبنی کردبوون. ڕەنگ و ئەندازەیان لە زیندەخەونی عەباسجاندا نەخش ببوو و شەو و ڕۆژی عەباسجانیان پڕ ئەکردەوە. چونکە لە ئەندێشەی خۆیدا نیگارستانێکی سکە و ئەسکەناسی ئافراندبوو. نیگارستانێکی زۆر خۆشڕەنگ و لەبار و دڵخواز. شتێکی دارماڵ جیاواز لەگەڵ خوو و خدە و ڕەنگ و ڕوخساری خودی ئەو. نەک پیاوێکی دۆزەخی، بەڵکوو پیاوێک بە دۆزەخی دەروون و دەرەوەی خۆیەوە، ڕوانگەیەکی بەهەشتی لە ئەندێشەی خۆیدا بەدی هێنابوو و ئەوەندەش لە بەر چاو و دڵی جوان و خۆشڕەنگ بوو، هەر لە ئێستەوە خۆی تیا ئەبینی.

ـ ئەمەوێ سەیری دەرەوە بکەم! هەر لێرە. لێرە دام بنێ، ئێرە باشە!

قەدیر جارێکیدی سەری دەرهێنا. پیرەمێرد هەرچەندە دیار

بوو سەرمای پایز بە ئاشکرا ئازاری ئەدا، بەڵام ورکی گرتبوو کە عەباسجان لە ناو باڵشمەی دەرگاکەدا دایبنێ. عەباسجان بەناچار کۆڵی دا و هەر لەوێ داینا و لە کاتێکا دەستەکانی ئەهێنا بەیەکدا، بە دەنگی بەرز وتی:

ــ ئاخر سەرمات ئەبێ لێرە!

کەلایی خواداد کە سەروملی بە شاڵە چڵکنە ڕەنگ وشترییەکە داپۆشابوو، وەک بڵێی هیچی لە کوڕەکەی نەبیستبێ، وتی:

ــ دۆشەکڵە!

عەباسجان چووە ژوورەوە، دۆشەکڵەی هێنا کە وەکوو سەرچۆکی وشتر ڕەق و چیڕ بوو، بە دژواری خستیە بن سمتی ڕەقەڵەی پیرەمێرد و لێی پرسی کارێکی هەبێ بۆی بکات. پیرەمێرد وتی:

ــ جێوبان!

عەباسجان جارێکیتر چووە بن ژوورەکە، جێوبانەکەی هێنا و لە پشت کەلایی خواداد داینا و وتی:

ــ ئەوەتا ئەلەرزی!

پیرەمێرد وتی:

ــ کەوڵپۆس. کەوڵپۆسەکەم!

عەباسجان ڕۆیشت و کەوڵپۆسە شڕەکەی باوکی هێنا. دای بە شانی پیرەمێرددا و قۆڵەکانی لە بن ئەژنۆ ئیفلیجەکەی گیردا و وای هێنایەوە یەک کە سینە و قاچی داپۆشی. پاشان پرسی:

ــ ئیتر؟!

پیرەمێرد وتی:

ــ هیچ، هیچ!

عەباسجان وتی:

ــ ئێستە پیاڵەیەک چات بۆ دەم ئەکەم!

پیرەمێرد هیچی نەوت و عەباسجان کترییە ڕەشی لە

سووچی ژوورەکە هەڵگرت و ڕۆیشت تا کوانووی بن تەنوورەکە داگیرێنێ.

دیسانەوەش قیژەی کوندەکە!

قەدیر هەڵسا بڕواتە دەرەوە. بەڵام ناخودئاگا لە شوێنی خۆی ڕاوەستا. تاوێک دڕدۆنگ ڕاما. پاشان گیوەی داکەند و دەسبەجێ کەوتە کردنەوەی قۆپچە و پەتەکان و سەرتاپێ خۆی لە جلە کۆنەکانی هەڵکێشایەوە. پۆستاڵی نیوداشت، پشتوێن لە پشت، جاکەت و تەقیلەی لە سەر کرد و ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتن. بەڵام ئەبوایە کراس و ئێلەک و پاڵتاو و گیوە خۆشەویستەکانی وەها بشارێتەوە کە براکەی نەتوانێ لێی بدزێ. جارێکیتر دەرگای یەغانەکەی کردەوە، خستیانیە ناو یەغانەکە و دەرگاکەی قفڵ کردەوە و بەباشی زانی دەرگای هەمارەکەش قفڵ بکات.

بەڵام، دیسانەوەش دەنگی کوندەکە!

کوندەکە ئەمجارەیان ڕاست لە بەر چاوی کەلایی خواداد هەڵنیشتبوو و خاچ لە چاوە بۆر و بێزارەکەی پیرەمێردی ئەڕوانی و وا پێئەچوو لە کاژەرەی ئەودا ئەقیژێنێ. قەدیر لە سەر پێ وەرگەڕا و بەر لە ڕۆیشتن بوخچەی گەرماوەکەی کردەوە، فۆتە و خاولیە تەڕەکەی دەرهێنا و بە بزماردا هەڵیواسین و پاشان چووە دەرەوە و کەوتە داخستنی دەرگای هەمارەکە.

عەباسجان کوانووەکەی داگیراندبوو و فووی لێئەکرد بەڵکوو کڵپە بکات و دووکەڵەکە بڵاو بکاتەوە. قەدیر قفڵەکەی بەست و کلیلەکەی خستە گیرفانی، بەقەراخ بیرەکەدا تێپەڕی و چووە ناو دالان. عەباسجان یان ئاگرەکەی بۆ دانەئەگیرسا یان خۆی خەریک کردبوو کە گوێ نەداتە قەدیر. بۆیە هەرچەند پۆستاڵە قورس و پیناوییەکەی قەدیر لە هەر هەنگاوێکدا بە قورسی دەنگی ئەدایەوە، بەڵام عەباسجان وای دەرئەخست هیچ دەنگێک نابیسێ. لە لای دژوار بوو ئەگەر نە بە بەیانی باش و بەگوتە، لانیکەم بە نیگا و سەر لەقاندنێک براکەی بەڕێ بکات.

ئەمەشی نە لە ڕووی ڕق و مەبەستەوە، بەڵکوو لە کۆنەوە ببوو بە خووی و ڕەوشتی.

پارێزکردنی کەسانی نزیک لە یەکدی؛ نیشانەی سەرمای ژیان.

قەدیر لە ناو دالانە تاریکەکە ڕاوەستا، هەنگاوێک کشایەوە و بە عەباسجانی وت:

ــ مەنگەڵێک ئاگریش سازکە و بیخەرە بەردەستی! هەر لە ئێستەوە کۆم بۆتەوە؛ تاوێکیتر ئەڕچێ!

عەباسجان هەر بەو جۆرەی بە سەر ئاگرەکەدا چەمابوویەوە بە خاوی ئاوڕی دایەوە و لەبان شانیەوە ڕوانیە قەدیر و بە ئەرێ سەری لەقاند. قەدیر جارێکیدی دەستی کردەوە بە بەر پشتێنەکەیدا. هەسان و کێردەکەی بە سەر کردەوە، نەکا لە بیری چووبێ. پاشان کەوتە ڕێ، تای دەرگاکەی کردەوە و پێی خستە ناو کۆڵان.

قیژەی کوندەکە هەرچەند لە هەموو قەڵاچیمەندا دەنگی ئەدایەوە، بەڵام قەدیر هەستی ئەکرد بە هەر هەنگاوێکی لە چەقی دەنگەکە دوورتر ئەکەوێتەوە و دڵنیا بوو ئەوەندەی سەری بە کارەکەیەوە گەرم ببێ، دەنگی کوندەکە نابیسێ. بەڵام کار ئەبوایە لەگەڵ ڕۆژبوونەوەدا دەس پێبکات و ئەم ڕۆژە، لەم هەوا ناوچاو ترشاوەدا ڕوون نەبوو کەی دەرئەکەوێ. ئێستە چ کات بوو؟ هیچ دیار نەبوو. ڕەنگە قەدیر کاتی ون کردبوو؟ ئەوە نەبوو بە شەوقی کارەوە، شەو تا درەنگانێک لە گومان و ئەندێشەدا ڕای بواردبوو؟ گومان و ئەندێشە، وەک بڵێی بیری لە ئەرک و کاری زاوایەتی خۆی ئەکاتەوە! کازیوەی بەیانیش ـبۆ دەرکردنی شەکەتی سەگخەوی لە لەشی- چووبوو بۆ گەرماو و یەکەم کەس بوو پێی خستبوویە سەر گۆڕەپانی گەرماوەکە.

«ئەڵێی شەیتانی بوویت بەم نیوەشەوە!»

«تۆ چت لە بەهەشت و دۆزەخەکەی داوە؟ ئاوی گەرماوەکەت

ئەبێ گەرم بێ، گەرمە؟!»

لە چوونی قەدیر بۆ ماڵی بوندار، کابرایەک لە پلیکانی گەرماو ئەهاتە سەر کە ئەو باش نەیناسیەوە. چۆخەی دابوو بە سەریدا و تۆزێ خۆی کۆم کردبوویەوە و وا دیار بوو بوخچەی گەرماوی داوەتە بن باخەڵی چەپی. کاتی ڕۆیشتن پاژنەی پێی دیار بوو و قەدیر بە قەڵەشی پاژنەیدا قرسی لێدا ڕەنگە سالار ڕەزاق بێ.

سالار ڕەزاق لە ماڵەوە کاتژمێری هەبوو. چونکە دابەشینی ئاو لە زەوییەکانی قەڵاچیمەن بە گوێرەی کاتژمێرەکەی ئەو ڕێک ئەخرا. ئەوە بوو قەدیر ئەیتوانی لێی بپرسێ چ کاتە؟ بەڵام سالار ڕەزاق دوور کەوتبوویەوە و خەریک بوو بای ئەدایەوە بۆ کۆڵانی خۆیان. قەدیر بەناچار درێژەی دا بە ڕێگەی خۆی.

سالار ڕەزاقیش یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ماڵەکەی بۆ میوانەکانی زەماوەنی کوڕی بوندار ـبۆ خەوتنی میوانەکانـ ڕازاندبوویەوە وئامادە کردبوو. شوێنێکیتر کە بۆ پەزێرایی میوانان ئامادە کرابوو، ماڵی سەیدی تەلەفوونچی بوو. بەڵام بە بۆچوونی قەدیر کە لەخۆڕا حەزی ئەکرد زەماوەنەکە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچێ، جێی خەو بە ئەندازەی پێویست نەبوو و ئەبوایە ماڵێکی ئابڕوومەندی تریش ئامادە بکرایە. یەکێک لەو جێگانەش ئەیتوانی ماڵی ئەولحسێنی مێلوورە بێ.

قەدیر گەیشتبوویە قەراخ دیواری ماڵی بوندار. دەرگای حەوشەیان هێشتا داخرابوو. لای دیوارەکە وەستا. سەری هەڵێنا و لە سەر دیوارەکەوە ڕوانیە حەوشە. حەوشە چۆڵ بوو. وشترەکە، تەنها وشتر لەوانەی کەلایی خواداد کە مابوویەوە، دەستی چەپی بە پاشوەن کرابوو و لە سەر سێ پێ ڕاوەستابوو و سەیری کۆڵانی ئەکرد. لە خەڵکی ماڵەکە کەس دیار نەبوو. هونەرمەندەکان ئەبێ لە باڵەخانە خەوتبێتن. جەلیلی ئالاجاقییش نەبوو. شەوی دی، لای نیوەشەو سواری جیبەکەی

ببوو و ڕۆیشتبوو کە ئەمڕۆ ئالاجاقی و هەڤاڵەکانی لە شارەوە بهێنێ. دلاوەر و قوربان بەلووچیش ڕەنگە وەکوو پێشتر لە توونی گەرماو سەریان نابێتەوە.

وشترەکە بەرەو قەدیر هات. نیگای لە قەدیر، ئاشنای دێرین، ملی کێشا و هەنگاوێک شەلی. قەدیر تاوێک لە بەرامبەر وزەی نیگای وشترەکەدا خۆی ڕاگرت و پاشان وەک بڵێی ئەیەوێ خۆی دەرباز بکات دەستی بە دەسکی کێردی بەر پشتێنیەوە گرت و لە دیوارەکە دوور کەوتەوە و بەر لەوەی ناچار ببێ جارێکیتر سەیری وڵساتەکە بکاتەوە، بازی دا بە سەر جۆگەکەدا و بەرەو کاروانسەرای کۆنە تێیتەقاند.

لەبن هەوری ڕەشتاڵە و هەوای قورقوشمینی بەیانیدا، کۆنە کاروانسەرای بچکۆلە، تاق و تەنها ڕاوەستابوو و ئاوی ڕەوان لە گرێی پێچ کردنەوەیدا خۆڕەیەکی یەکباوی هەبوو. گرد و چەم و لێڕ و گۆڕستان، لە هەموو لاوە و لە هەموو شوێنێکدا چۆڵ بوون. بیابان و بنار و ئاسمان و خاک خامۆش بوون. باڵندەیەکیش بە حەواوە نەبوو. ئەتوت هیچ گیاندارێک ئاگای لەو ڕۆژەی لەپێش بوو، نییە. زەمان بۆ کاتێک دوا کەوتبوو.

قەدیر لە سەر سەکۆی بەردەرگای کاروانسەرا، لە بن تاقە شکاو دانیشت. کاهوور و هەسانی لە بەر پشتێنەی دەرهێنا و خۆی بە تیژکردنی دەمەکانی کێردەکەوە خافڵاند. هیچ کەیفی لەوە نەبوو بیر لە خۆی بکاتەوە. بە ئاشکرا ئەسڵەمیەوە لەوەی بیر لە خۆی بکاتەوە. هەوڵی ئەدا زیاتر بیر لە دەوروبەر و ئەوەی بەچاو ئەیبینی بکاتەوە. نەی ئەویست ئیتر دەرفەت بە خۆی بدات. ئەو ڕۆژە؛ ڕۆژی شەوەکەی سووتاندنی کێڵگەی گەنمەکە بۆ قەدیر سنوور بوو. خاڵێک بوو لە خولێکی تەمەن و ژیانی ئەودا. لەو دەورە و بەگوێرەی ئەو مایەیە، قەدیر نەی ئەویست لەو سنوورە تێپەڕێ، یان تەنانەت بیری لێبکاتەوە. بەیانی ئەو شەوە، قەدیر هەستی کرد بەراوەژوو بووە. کاردانەوەی بوندار و

ئەربابەکەی سەبارەت بەوەی ڕووی دابوو و بە بێتاوان ناساندنی ئەو، دەسبەجێ هەموو ڕق و بەربەرەکانێی قەدیری گۆڕی بە ملکەچی. ملکەچی و فەرمانبەری. هەمان کاتیش ئەو ڕاستیەی لە خۆیدا ناسیەوە و دانی پێدا نا کە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. ڕاستەکەی ئەوە بوو کە قەدیر بە حەز و بەدڵی خۆی چوو بە پێشوازی ئەو ئاڵوگۆڕەوە و قەدیری کەلایی خواداد سەر لەنوێ لەدایک بوویەوە. بوو بە پیاوێکی دی. پیاوێک کە لە هەموو ساتە گیانکێشەکانی ململانێ و بەرهەڵستی کە لە ناخیدا پەروەردەی کردبوو و بە دوور لە چاوی ئەو ئەخەملێن بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا خۆ بنوێنن و، خۆیان نواند. قەدیرێکی دی، دەرکەوتوو لە خودی قەدیر. یان باشترە بوترێ ئەدگارێکیتر، تاودانەوەیەکی زۆر بەهێز.

لەوە پاش قەدیر خۆی دۆزیەوە و، وەک بڵێی ونبووی خۆڕسکی خۆی لە خۆیدا بینیەوە. قەدیر، قەدیری دۆزییەوە. پاشان هەوڵی دا شوێنی خۆی وەکوو یەک کەس، وەکوو کەسێکی سەربەستراو بەوانیدی بەدەست بهێنێ. لەم ڕێگەیەدا هەموو هۆش و توانای خۆی بەکار هێنا. بڕوای ئەمڕۆ، هەوڵدان بوو بۆ ئەوەی وەکوو هەموانی لێبێ و لە بیری دواڕۆژی خۆیدا، ئەمڕۆ قبووڵ بکات. ئارەزوە بچووکەکانی ڕۆژانە بە گرنگ بگرێ و دڵی لە بوغزی دوژمنی بەهێز خاوێن بکاتەوە. چەرخ بە شۆپی مانگەشەودا بسووڕێنێ و، ئاو بکاتە ئاشی دەسەڵاتدارانەوە. یەکەمین هەنگاو بەدەسهێنانی کارێک بوو بۆ ئەوەی لەو بەرەڵایی و سەرگەردانیە ڕزگاری ببێ. کاری دەشتەوانی. لە لایەن بوندار و ئەربابەکەیەوە بەڵێنی پێدرابوو بکرێ بە دەشتەوان. ئەم پیشەیەش نەک هەر شیاوی سروشت و خووی قەدیر بوو، بگرە قەدیر زۆریشی حەز لێبوو. چونکە دڵنیا بوو بەباشی کاری دەشتەوانی پێئەکرێ. دەشتەوانی! کارێک کە وەک جووتیار نەی ئەبەستەوە، وەک دەلاک و توونچیەتی سووک نەبوو، بەقەد کوێخایەتیش

سەرئێشەی نەبوو. مزی ساڵانەی، لە سەر خەرمان. بەشداری ئالیک و سەوزی و تەرەکاڵی بەراو. کارێکی سوار بە سەر خەڵکیدا، ترسێنەر بۆ خەڵکی. گۆپاڵی پاسەوانی! دەشتەوان وەڵام دەرەوە نییە، پرسیار ئەکات. کە وا بوو جەماوەر ـ ئەگەر پێویستی بکردایەت ـ ئەبوایە وەڵامی بدەنەوە. لەم نێوانەدا، دەشتەوان ئەو گەزمەیە لە هەموو بوارێکدا ئەتوانێ خەڵکی تاوانبار بکات و بیخاتە بن لێکۆڵینەوە. دارەدەستی ئاشکرای دەسەڵات بۆ پاسەوانی بەرهەم و بەروبووم:

«قولاپەیان ئەشکێنم. ناهێڵم مەل بە ئاسمانی دەشتی ئاغەدا بفڕێ!»

مزی ساڵانە، لە سەر خەرمان. دارێک و توورەکەیەک و چەقۆیەک. دەشتی پەموو و کێڵگەی گەنم. جۆ و کەموون و وێنجە. هەموو ساڵێک ئەتوانێ دە بەرخ بە گیا و ئالیکی دەشتی ئاغە پەروار بکات.

هەنگاوێکیتر ئەوەی کە پاش مردنی باوکی، بەشی عەباسجان بکڕێ و بکەوێتە چاککرنەوە و دروستکرنەوەی خانووەکە. ئەگەر بۆی لوا باڵەخانە دروست بکات و بکەوێتە خۆ بۆ کڕینی پەڵاس و جێوبان، مەنجەڵ و دەفر و ئامان و سەماوەر و جارێکیتر وەجاخی ماڵی باوکی ڕوون بکاتەوە. ئەنجامەکەشی ئەبوا سەروسامان بگرێ، هەرچەند ئەو کارە بە نرخی ماڵوێرانی هی وەکوو عەلی خاکی و گۆدەرزی بەڵخی تەواو ببێ:

«بە من چی؟! ئەوان لە لایەکی ترەوە ئەو بەڵایان بە سەر هاتووە! هەر کەس بە مژی خۆی ئەژی.»

ــ نەخێر پیرەمێردی سەگباب کۆڵ نادا! سیگارت هەیە؟

قەدیر دەستی لە هەسانکاریی هەڵگرت و ڕوانیە بەرامبەری خۆی. عەباسجان وەستابوو. لە ناو جاکەتە هەراوەکەیدا کۆمەوە ببوو و بە شێوەیەکی دەماخ پرواو هەڵئەلەرزی. کڵاوە چڵکنەکەی تاسەر بڕۆی هێنابوویە خوارەوە. شەویلکەکانی

ڕێکهێنابوو و دەستەکانی لە ناو گیرفانیدا قۆچاندبوو. قەدیر هیچی نەوت. عەباسجان لووتی هەڵلووشی ، تەڕایی سیلەی چاوەکانی بە لەپی دەست سڕییەوە و بە بەردەم قەدیردا تێپەڕی و لە سەر سەکۆی ئەوبەر بە خامۆشی دانیشت. قەدیر کێردەکەی دا بە دەستی چەپیەوە، پاکەتی سیگارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و سیگارێکی بۆ عەباسجان هەڵدا. عەباسجان سیگارەکەی لە سەر قۆڵی کراسەکەی هەڵگرتەوە، نای بە لێویەوە و بۆ دۆزینەوەی شەمچە دەستی کرد بە گیرفانیدا. قوتوە شەمچەکەی دەرهێنا و سیگارەکەی پێکرد و نەک هەر بە ئیشتیا و حەزەوە، بەڵکوو بە هەڵلووشین هەڵیلووشی، یەک دوو قەف دووکەڵی قووتدا و لە کاتێکا شەمچەی ئەخستەوە گیرفانی درێژەی بە قسەکەی دا:

ــ داری بیە و ئاخوێرکی لێ نابێتەوە! ئەلف تا یێ وشەیەک نادرکێنێ. ئەڵێی ئەو زمانە بیخاوەنەیان بڕیوە؛ قوڕڕڕ و قەپ! ئەڵێی بە بێ باقی گوێکانیشی بە سایەی خواوە کەڕ بوون! چەندەی ئەدەم بە گوێدا، وامەزانە لەگەڵێشی دواوم!

قەدیر جارێکیتر کەوتەوە تیژکردنی کێردەکەی و عەباسجان تووتنی لکاو بە زمان و لێوە شینەکانیەوە تف کردەوە و بە بێزارییەوە وتی:

ــ تامی دەمم ئەڵێی ژەهری مارە! ئەمە ئیتر چ زەماوەنێکی بێخاوەنە؟ ڕۆژی زەماوەن، سەماوەری ماڵی بووک و زاوا هەر لە سەرەتای شەوەوە ئەبێ قوڵتەقوڵت بکوڵێ، نەک ئەوەی، سەیرکە، ئەڵێی هەموو لایەک گۆڕستانە! سەیرکە ڕۆژەکەش بە توانای ئەو خوایە چۆن ناوچەوانی تێکناوە!

قەدیر سەری لە سەر کارەکەی، کە پێئەچوو زۆر گرنگیش نییە، بەرز کردەوە. تاونەتاوێک دەمی چەقۆی بە پشتی نینۆکی تاقی ئەکردەوە و گوێی لەوەی براکەی -لە هەر بارەیەکەوە- ئەیوت، نەبوو. لە ئەنجامدا عەباسجان ڕاستەوخۆ ڕووی تێکرد

و لێی پرسی:
ــ تۆ ئەڵێی چی؟ چی بکەین ئاخرەکەی؟!
ــ سەبارەت بە چی؟
ــ تازە ئەپرسی سەبارەت بەچی؟ باوکت بێتەوە لە کانی!
ــ بە خوا گاڵتە ناکەم، مەبەستت چییە؟
ــ مەبەستم پیرەمێردە! بەو جۆرەی کە من ئەیبینم، وادیارە نایەوێ وەکوو ئادەمیزاد سەر بنێتەوە و بمرێت! خەریکە یاریمان پێئەکا و دڵنیام لە دڵەوە پێمان پێئەکەنێ. ئەوەتا ئا لەم ڕۆژەدا هەوەسی هەڵساوە خۆی بداتە بەر تاو! بەڵێنت پێئەدەم ئەگەر هەروا لێی بگەڕێن سەری منیش و تۆیش ئەخوات و لەوە پاشیش "ئەگەر" بمرێ! هەه، من و تۆیش ئەو سێ قەرانەی ئەومان خۆ بۆ کفن و قەبرکەن ناوێ. بۆ ئەوەمان ئەوێ کە هێشتا هەناسەمان بە بەردا دێ و ئەڕۆین بە ڕێدا، برینمانی پێ خۆشەوە بکەین. تا ئەو کاتەی کە ددانەکانمان نەوەریوە، ئەمانەوێ. کاتێکە مرۆڤ ددانی نەبێ گریمان دە هەمار دانەوێڵەشی هەبێ؟ بۆ چیمانە ئەوسا؟! ئێستە تۆ ئەڵێی چی؟ ها؟، سەرتاپێی پەناباتێک ناهێنێ. بەڵام خەریکە شان دائەداتە سەر سامان و دارایی عەلیئەکبەری حاجی پەسەندی خوالێخۆشبوو! مفت و خۆڕایی! تۆ پێت وایە بۆچی؟ شۆڕەلاوە یان کارزان و بەئاوەزە، یان کۆمەڵێک هونەری تری هەیە؟! ئائەم ئەسلانی بوندارە ئەڵێم! لە بەر چییەتی؟، جگە لەوەیە کە باوکی ئەو توانیوێتی کڵاوە لە کڵاو بگیرێنێ و سەرێک لە ناو سەراندا دەربهێنێ؟ بەڵێ! بە هەقی ئەو خوایە لەوە زیاتر نییە! بەڵام من و تۆ چی؟ من خۆ تازە لێم گوزەرا و ڕابرد، بەڵام من بیر لە جەوانی و ژیانی تۆ ئەکەمەوە. هێشتا هیچ نەبووە لاجانگت ئارداوی بووە! ئەمەوێ بزانم براکەی من چی لە ئەسلانی بوندار کەمترە؟ لاو چاکیەکەی یان مژی و ئاوەزی؟ جگە لەوەیە کە تەنها دەستی بەتاڵە؟ جگە لەوەیە کە باوکی ئەسلان دارونەداری خۆی کردووە بە پشتیوانە و ڕەسیدی

کوڕەکانی، بەڵام من و تۆ! حەزم ئەکرد بەم ڕۆژ و ژیوارەی کە ئەم پیرەمێردە بۆ ئێمەی پێک هێناوە، ئەمشەو بڕۆیشتایەتی بۆ خوازبێنی کچی بەندەی خوایەک. بە هەقی خوا پیاڵە چایەکی بێبایەخیش ناخەنە بەردەمت و سوور سوور دەس ئەنێن لە ڕووتەوە. حەز ئەکەم داوای چوار قەران پارە بکەی بە قەرز، حەز ئەکەم پێنج مەن ئارد!

ـ بەم بەیانییە زووە ئەو هەموو وێرد خوێندنەت لە چییە عەباسجان؟ ساخی بکەرەوە بزانم ئەتەوێ بڵێی چی؟

عەباسجان لە چاوەکانی قەدیر مۆڕ بوویەوە و وتی:

ـ ئەمەگ بۆ بەڵێن؛ ئیتر کاتیەتی!

ـ بەم شایی و هەڵپەرکێ و قەرەباڵخیەوە کە خەریکە بەرپا ئەبێ؟

ـ ئەمە خۆی زۆر باشترە. بۆ کارەکەی ئێمە باشترە. من ئیتر ناتوانم ئەم زستانەش وەکوو سەگ هەڵلەرزێم و بەشەو و ڕۆژ قنی بشۆم. من ماندوو بووم. هەم لەمکارە ماندوو بووم و هەم لە چاوەڕوانی کردن! تۆ خۆت ماندوو نەبوویت؟!

ـ چۆن ماندوو نەبووم؛ زۆر دەمێکەیە ماندوو بووم. زۆر دەمێکەیە! بەڵام خۆ!

ـ بەڵام خۆ چی؟ هێشتا جەربەزەت پەیدا نەکردووە؟!

ـ جەربەزە!

ـ ئەی چی؟ مەگەر پاش خەرمان سووتاندنەکە بڕیارمان لێنەدا؟ مەگەر تۆ نەتوت باشە؟ ئێستەش، سەرینێک قەدیر، تەنها سەرینێک. ئەو خۆ ئیتر هەناسەی نەماوە، قەدیر. بڕوانە قەدیر ئەوەتا لێت ئەپاڕێمەوە. ئەوەیان لە ئەستۆی من! سەرینەکە ئەخەینە سەر دەمی و تاوێک لە سەری دائەنیشین. نیو خولەکیش نابات. ئەو لە خواییەوە مردووە، بەڵام کەوتووە بە قینا کە نەمرێ. لە ئێمە کەوتووە بە قینا! بەس نیو خولەکی پێ ئەچێ، تەنها نیو خولەک! من، لە ئەستۆی من!

قەدیر کێرد و هەسانەکەی خستەوە بەر پشتێنەکەی، پێی خستە سەر پێ و بێدەنگ بوو، سیگارێکی بۆ خۆی داگیراند. عەباسجان زیاتر لە پێش بە هۆی دەمارگرژییەوە ئەلەرزی. ئاوی چاو و لووتی نەئەوەستایەوە. هەڵسا و لە پشت کۆڵەکەکە لووتی دالووشی و گەڕایەوە. لە سەر شوێنەکەی دانیشتەوە و قنچکە سیگارەکەی لە بن پێیدا تلیقانەوە و بە دەنگێک کە بە ئاشکرا ئەلەرزی و زایەڵەی هەبوو، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ژیانمان تیاچوو و دەمارمان بە ئاخ و ئۆفەوە دەرهات! تف!

دیسانەوە لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی و کەوتە گریان:

ــ تەمەنی خۆت کردووە، دە بمرە ئیتر کوڕخودا! مەگەر ئادەمیزاد چەن ساڵ ئەژی، هەزار ساڵ؟ خۆ هەزار ساڵ ناژی!

لەم کاتەدا عەباسجان ڕوانیە قەدیر و بە بێ شەرمکردن لەو فرمێسکەی لە چاویدا ئاڵقەی دابوو، وتی:

ــ لەم ئەشکەنجە خودابیەش ڕزگاری ئەکەین. خێریشی هەیە، بەخوا خێریشی هەیە. ئا، وتت چی؟

داوەر، خاڵی قەدیر و عەباسجان، وەک بڵێی لە سەر پەنجەی پێ ئەڕوا بەڕێدا، لای سەرووی جۆگەی ئاوەکەوە دەرکەوت. داوەر، درێژ و لۆق، بە جاکەتێکی ناسکەوە، دەستەکانی کردبوو بە گیرفانیدا و شانە ڕەقەڵەکانی دەرپەڕیبوون. گوڵنگی کڵاوە کەللەقەندییەکەی بەرەو پانیەی سەری شۆڕەوە ببوو و لە هەر هەنگاوێکی بڵیندی ئەودا وەکوو زەنگۆڵە ئەلەرییەوە. داوەر بە سەر جۆگەی ئاوەکەدا بازی دایە ئەو بەرەوە و وەک بەپێی ڕاهاتن شەویلکەکانی ڕێک ئەگووشی، بە خواری سەیرێکی لای کاروانسەرای کرد و بە بێ گوێدانە خوشکەزاکانی، بە بەردەمیاندا تێپەڕی و خۆی کرد بە ناو کۆڵانەکەدا و بەرەو لای خوارەوەی قەڵاچیمەن ڕۆیشت.

عەباسجان و قەدیر بۆ ساتێک ڕوانیانە یەک: خاڵۆیان بەم بەیانیە زووە لە کوێوە ئەهات و بۆ کوێ ئەچوو؟ نە هیچکامیان

ئەو پرسیارەی کرد و نە هیچکامیان وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە دۆزییەوە. عەباسجان سیلەی چاوەکانی پاک کردەوە و قەدیر هەنیەی بە بەری دەستی نەرمەشێل کرد. هەڵسا و لە کاتێکا سەیری ئاسمانی ئەکرد، لە بەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە هات:

«چ کاتی ڕۆژ بێ باشە؟»

عەباسجان کە پێبەپێی قەدیر هەڵسابوو، پرسی:

ــ ئاخرەکەشی وەڵامت نەدایەوە، ها؟

قەدیر دەستەکانی یەک دوو جار لە ئاستی شانیەوە سووڕاند و پاشان دەستەکانی کردەوە، قەفەسەی سینەی دایە بەرەوە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە بێ ئەوەی هیچ بڵێ بەرەوخوار بوویەوە بۆ ناو گوند. عەباسجانیش لەگەڵی کەوت و لە کاتێکا بە دزییەوە سەیری دەوروبەری ئەکرد، وتی:

ــ من لێت ئەگێڕمەوە!

قەدیر لە وەڵامی عەباسجاندا هیچی نەوت. نەبە ئەرێ و نەبە نەرێ. عەباسجان بەو ئەندێشەوە کە دواین گوتە گوتراوە و پەسند کراوە، لە قەدیر جیا بوویەوە و قەدیر بەرەو ماڵی بوندار چوو.

مردنی باوک، مراندی باوک. کوشتن، باوک کوشتن!

تۆوی ئەو گومانە، ئاولەمەی ئەو ویستە، شەوێکی سارد لە مێشکی عەباسجاندا گرسابوو. لەو سەروبەندەوە تا ئێستە، بابەتەکە بۆ هەمیشە لە بیر و ئەندێشەی عەباسجاندا ژیابوو: کوشتنی باوک، مراندنی پیرەمێرد. لادانی کەلایی خوادادی جڵەودار وەکوو لابردنی لەمپەرێک لە سەر ڕێگەی ژیاندا. بۆیە لە هەمان کاتەوە کەلایی خواداد لە مێشکی عەباسجاندا کوژرابوو. باوک کوژرابوو و لەوە پاشیش تەرمەکەی بە دوای عەباسجاندا تلی ئەدا و ئەکشا و هێشتاش نەیتوانیبوو بینێژێ.

ئەو شەوە، بەفر عەرزی داپۆشیبوو و بەستبووی. هەوا کزەی هەبوو و با لە ئاقاری سەهۆڵ ـ بەفرەکەوە ئەهات. لای

نیوەشەو بوو کە عەباسجان لە مەشهەدەوە گەیشتبوویە قەڵاچیمەن. لە ڕێگەی شۆراوەوە بە قەراخ جادەکەدا بە پێی پیادە هاتبوو و ئەوا گەیشتبوویە قەڵاچیمەن.

عەباسجان، لە قەڵاچیمەن جگە لە ماڵی باوکی کوێی هەبوو؟ ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵەوە چوو و دای لە دەرگا. نەیەک جار و نە دەجار. بەڵام کەس دەرگای لێنەکردەوە. گەڕایەوە و چوو بۆ توونی گەرماو، بەڵام ناکات بوو. دەرگای توون داخرابوو و ـ ڕەنگە ـ گوڵبێنە هێشتا دانەیسابوو. بەرەو ماڵی میمکە سەنەما چوو، خانوو کپ و خامۆش بوو. جێگەیەکی دی نەئەزانی دەرگای لێبکەنەوە. بە کۆڵانەکاندا کەوتە گەڕان و هەڵلەرزی، بەڵام کەسی نەبینی. جارێکیتر بەرەو ماڵی باوکی چووەوە و خۆی گەیاندە بن تاقە شکاوی بەردەرگا، بەڵکوو لەوێ ئاگرێک بکاتەوە. بەڵام دار و چیلکەی وشکی دەس نەکەوت. هەوڵیدا بەڵکوو لە کەلاوەکەی پشت تەنوورەکە سەرکەوێ، بەڵام دەست و پێی سڕ ببوون و دەرەقەت نەهاتن. بۆیە بە ناچاری لە سەر سەکۆکەی بەردەرگا، هەڵتووتا. پشت و شانی لکاند بە سووچی ساردی دیوارەکەوە و دەستەکانی خستە بن باخەڵی، چەناگەی خستە نێوان دوو کەشکەی ئەژنۆی و بە بێ ئەوەی بتوانێ لە شەقە شەقی ددان و لەرزینی ئێسکەکانی کەم بکاتەوە. وەکوو سەگ خامۆش و هەڵتووتاو.

نائومێدی لای عەباسجان غەوارە نەبوو، بەڵام ئەو شەوە نائومێدیی، بە چرکە چرکەی کاتەکانی ژیانی هەست پێکرد و ناسی. ئەوەتا لەو شارە زلەی مەشهەد ڕاونرابوو و پەنای بۆ ماڵی باوکی هێنابوو. بەڵام ئەیدی دەرگای لێ ناکرێتەوە و بە هەموو گیانی تێئەگەیشت کە هیچ کەسی نییە. هیچ کەس لە هیچ شوێنێک!

نەیزانی کەی بوو قەدیر گەڕایەوە و، نەشی زانی لە کوێوە قوت بوویەوە. ئەوەی کە لێی ڕوون بوو ئەوە بوو کە کووڕ ببوو و

لەگۆ کەوتبوو و خەریک بوو ڕەق هەڵئەهات. بە چوار چڕنووک بە سەکۆکەدا خزایە خوارەوە و بەرامبەر قەدیر وەستا. کۆم و چەماوە، چەماوە و وشکەڵاتوو و بەس ڕوانیە قەدیر. قەدیر بە بێ چاک و چۆنی، خستیە بەر پرس و جۆ:

ـ «بەم نیوەشەوە لەکام دۆزەخەوە قوت بوویتەوە. بۆ وەکوو دزان خۆت ئەکەی بە ناو گونددا؟، خوا ڕۆژی ڕووناکی لێوەرگرتووی؟!»

عەباسجان زۆر بە دژواری توانی بڵێ:

ـ «زەوی گەرم، لەپی دەستێک زەوی گەرم. ڕەقم بوویەوە، برام! دڵم خەریکە ئەڕچێ!»

قەدیر کلیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە کاتێکا پەنجە باریکەکانی لە درزی دەرگاکەوە، بۆ دۆزینەوەی قفڵەکە ئەبردە ژوورەوە وتی:

ـ «وەڵامی پیرەمێرد چۆن ئەدەیتەوە؟! کەمت خراپە لەگەڵ نەکردووە!»

عەباسجان کە وەکوو زەروو خۆی لکاندبوو بە قەدیرەوە، هەروا گۆچ و گرمۆڵە، وتی:

ـ «شوێنی دیکەم نییە قەدیر، هیچ کوێم نییە. دەرگای دنیام لێداخراوە. خۆت، خۆت کارێکم بۆ بکە. لە سووچێکا جێگەم بکەرەوە. پەنایەک، سەری بێ خاوەنم بنێمەوە. لەم سەرمایەدا ئەمرم ئەمشەو. حەوت گیانیشم هەبێ، یەکیانم بۆ دەرباز نابێ ئەمشەو. ئێمە خۆ براین قەدیر، کارێکم بۆ بکە براکەم!»

قەدیر قفڵەکەی کردەوە و پێی نایە ژوورەوە و بەکپی وتی:

ـ «هێواش! چاوەکانی پیرەمێرد شەو و ڕۆژ ئاواڵەیە!»

عەباسجان بێ توانای بەرگری کردن لە لەرزینی چەناگە و شەقە شەقی ددانەکانی، بە دوای قەدیردا خزایە ناوداڵان و ڕاوەستا براکەی قفڵەکە داخاتەوە. قەدیر دەرگاکەی داخستەوە و

پاشان شانی عەباسجانی گرت. بردییە بن دیواری دالانە تاریکەکە داینا و خۆی چوو بۆ حەوشە. کۆکەی لەپڕی عەباسجان کە هەموو گیانی ڕائەشەکاند، قەدیری گەڕاندەوە و دەستی نا بە دەمی براکەیدا. کۆکەی عەباسجان دامرکایەوە. قەدیر جارێکیدی کەوتە ڕێ و بە سەر بەفری کوتراوی قەراخ دیوارەکەدا بەرەو دەریزانی هۆدەکەی کەلایی خواداد چوو. لە بن تاوی دەریزانەکەدا وەستا، بنی پۆستاڵەکانی کوتا بە زەویدا، دەستی نا لە دەرگاکەوە، تایەکی کردەوە و ڕوانیە ناو ژوورەکە.

ـ «کێت لەگەڵە؟!»

قەدیر ڕاچڵەکا و لە سەر جێی خۆی وشک بوو. کەلایی خواداد لە بن دەرگاکە، لای کەوشکەنەکە تەپ دانیشتبوو و خەریک بوو بەنەخوێنەکەی ئەبەستەوە. پیرەمێرد خۆی ڕاهێنابوو لە نەبوونی قەدیردا بە قنەخشکێ خۆی بگەیەنێتە کەوشکەنەکە، میزەکەی بکات و بە قنەخشکە خۆی بگەینێتەوە ژێر قورسیەکە.

ـ «ئێستە کە هاتوویت، بمبەرەوە سەر جێگەکەم!»

قەدیر جارێکیتر بنی پۆستاڵەکانی کوتا بە عەرزدا، پێی نایە ناو ژوورەکە و بن باخەڵی پیرەمێردی گرت و لە کاتێکا قاچە گۆچەکانی باوکی وەکوو دوو فەردەی شل و شەوێڵ بە تەختی ژوورەکەدا ڕائەکێشا، بردییەوە سەر جێگەکەی و لای قورسیەکەوە داینا و لێفەکەی دا بە سەر قاچی و سینەیدا.

ـ «پشتیەکەم بۆ ڕێک بکە، بیهێنە سەرترەوە!»

قەدیر باڵنجەکانی لە سەر جێوبانەکە دانا و کەلایی خواداد پاڵی پێوەدا:

ـ «پلێتەی لامپاکە هەڵکێشە!»

لامپا لە ناو سینی و سینی لە سەر قورسیەکە بوو. قەدیر پلێتەی لامپاکەی هەڵکێشا. باوکی وتی:

ـ «برۆ ئەو بێغیرەتەش بهێنە بۆ بن قورسیەکە. پێی بڵێ بابێ خۆی گەرم بکاتەوە. برۆ بیهێنە!»

قەدیر هەڵسا و سەری لە ناو کەوشکەنەکە و خەریکی کردنەوەی قەیتانی پۆستاڵەکانی، ڕووی کردە حەوشە و بانگی کرد:

ــ «وەرە ژوورەوە!»

دەنگی عەباسجان، بە هەمان لەرزینەوە وەڵامی دایەوە:

ــ «من ئەچم لە هەمار ئەخەوم.»

قەدیر سەری لە ناو دەرگاکە بردە دەرەوە و وتی:

ــ «باوکم ئەڵێ وەرە بۆ ئێرە، هەڵسە وەرە ئیتر!»

عەباسجان هاتە ناو دەریزانی دەرگاکە و لە بەر دەرگاکە، بە جۆرێک کە باوکی بتوانێ بیبینێ، ڕاوەستا و خۆی کزکرد.

قەدیر وتی:

ــ ...ئەمەوێ دەرگاکە داخەم. وەرە ژوورەوە ئیتر! بۆ لەوێ خۆت کرِ کردووە؟ ئەوە نییە سەرما لە گۆی خستووی؟ دەوەرە دەی!»

عەباسجان هەروا وشک و هەڵتووتاو، لە کاتێکا سەری بە سەر شانیدا لارەوە ببوو، خزایە ژوورەوە. سڵاوێکی کپ و نیوەکارە بە زمانیدا هات و بە بێ چاوەڕوانی وەڵام، بەرەو قورسیەکە چوو و لای خوارەوەی پاچکەی قورسیەکە دانیشت و لێفەکەی دا بەخۆدا. هاڵاوی بن قورسیەکە دزەی کردە ناو گیانی، لەپڕ و بە دوای یەکدا موچوڕکەی پیاهات، جارێکیتر باڵەکانی لێفەکەی دایەوە بە خۆیدا، شانەکانی کۆ کردەوە، دەستەکانی لە بن لێفەکەوە خستە سەر تەختەی قورسیەکە و نووکی کەپۆ و گۆنای هێنایە بن لێفە گەرمەکە. چاوەکانی ئاوی پیادا ئەهاتە خوارەوە و تا پشت سمێڵە شووش وەستاوەکانی ڕەتی بەستبوو. بەڵام عەباسجان لە گەرمای سەمەرەی بن قورسیەکەدا، نەک هەر ئاوی چاوەکانی، خەریک بوو خۆیشی لە بیر ئەچوویەوە. نیگای لە گڕی لامپاکە گیراندبوو و چاوەکانی تەڕ و بە ئاو قەتیسمابوو و لە بەر تیشکەکە ئەبریسکایەوە.

نەئەجوولا و وا دیار بوو نەی ئەویست بە کەمترین بزووتن ئەو هەست و حەزەی خۆی تێک بدات. هەستی ئەکرد باوکی چاوی تێبڕیوە و جگە لە عەباسجان، لەم دەمەدا بیر لە هیچ کەس و هیچ شتێک ناکاتەوە. بەڵام عەباسجان، نە حەزی لە تێکدانی دۆخەکەی خۆی بوو و نە جەربەزەی ئەوەی هەبوو بڕوانێتە نیگا ڕەش ڕەژووەکەی باوکی. بەڵام ئەمە ڕێگەی لەوە نەئەگرت کە عەباسجان نووکی نەشتەری نیگای باوکی لە ناوچەوانیدا هەست پێنەکا و ژەهری چاوەکانی ئەو قووڵایی دڵی نەیەشێنێ. بەڵام ئەوەندە خۆی بە بەزیوی چاو و نیگای پیرەمێرد ئەزانی کە وای ئەزانی توانای جووڵەکردنی نییە. بە شێوەیەک کە پێی وابوو ڕەنگە بە کەمترین جووڵە، دڵی شەق بەرێ.

بەڵام وانەبوو. ئەمە گومانی عەباسجان بوو کە وای ئەبینی. کەلایی خواداد پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە، چەناگەی چەقاندبوویە چاڵی سینەی و نیگای بڕیبوویە کونگرەی قەراخ سینیەکە و وەکوو گۆڕمارێکی پیر ئەیفیشکاند و بە هەر فیشکەیەکی پەلکی لووتی ئەکرایەوە و ئەنیشتەوە. ڕوخساری، گۆنا و لاجانگی دەرپەڕیو و تەوێڵی چینچین بە کونی چاوەکانیەوە، سەری تاشراو، چەناگەی وشک و ڕەق بە شەویلکەی ڕێکگووشراوی، ئەوی کردبوو بە بنچڵی بنەگرێی درەختێک کە لە کوورەی خەڵووزدا نیوسووت بووبێ. وشک و ڕەق و ڕەش، بە دوو چاوی بەدگومان و پەلکی ئەستووری کەپۆی کە کاتی تووڕە بوون، لەگەڵ گۆنای چەپی ئەکەوتنە لەرزین و ئێستە هێشتا ئارام بوون.

قەدیر لە بنەوە ئەیڕوانیە هەردوو پیاوەکە. ئەو، لای شانی چەپی کەلایی خواداد و، بەرامبەر عەباسجان دانیشتبوو و لێفە قورسیەکەی تاسەر سکی دابوو بە خۆیدا و بە ڕواڵەت خامۆش بوو. بەڵام جارجارە بە دزییەوە سەرێکی باوک و برای ئەکرد و دیسانەوە ئەچووەوە ناو بیر و ئاخۆ ئەمشەو چی ئەقەومێ؟ ئەمڕۆ خودی قەدیر دەلاکی بانگ کردبوو و میرزای دەلاک سەر و

ڕیش و سمێڵی پیرەمێردی تاشیبوو و سافی کردبوو. ئەمە وای کردبوو گۆنا، لاجانگ، هەنیە، چەناگە، سێوکەی بن گەروو، ئێسکی ژێر برۆ و شەویلکەکانی پیرەمێرد ئەوەندە دەرپەڕیبوون کە قەدیر -بەهەر جار بینینیان- بیری کەللەسەر ئەکەوتەوە. کەللەسەرێک کە بە ڕەگی وەک دوو ڕەشمە ئەلکا بە چاڵی شانە هەڵتۆقیوەکانی کەلایی خوادادەوە.

قەدیر جارێکیدی پلێتەی لامپاکەی هەڵکێشا و پاشان -بۆ ئەوەی مەگەر بێدەنگیەکە بشکێنێ- وتی:

ـ «ئەمشەو، هەوای دەرەوە یەکجار ساردە!»

نە وەڵام هەبوو و نە کاردانەوەیەک، چ بەنیگا یان سەر ڕاوەشاندنێک. باوک و کوڕ لە بێدەنگی خۆیاندا، لە دوو کلۆی ڕچاو ئەچوون. قەدیر حەپەسا. مۆزی کرد، ناوچاوی تێکنا، لێوی بنەوەی کرۆشت و پاڵی دا بە سەرینەکەوە. ئەو شەکەتی دەڵەیی بێئاکام و بێهوودەی خۆی حەزی لەوە بوو بخزێتە بن قورسیەکە و لێی بخەوێ، بەڵام ئاسوودە نەبوو. جۆرە نیگەرانیەکی نامۆ دڵی ئەکراند. شەوانی دی ئەگەر بێخەوییش بیدایەت لە سەری پیرەمێرد -کە ئەیدا- ئەو بۆ خۆی هەروا ڕائەکشا و تەنها چاوەکانی ئەکردەوە و وەکوو دوو پووڵەکەی کۆن ئەیبڕییە بنمیچەکە و جووڵەی نەئەکرد. بەڵام ئەمشەو بۆ قەدیر ڕوون نەبوو پیرەمێرد بۆچی داویە لە سەری پاڵ بدات بە جێوبانەکەوە، بێدەنگ دابنیشێ و بەبوونی وشک و مڵۆزمی خۆی ئەوانی دی ئازار بدات! لەو خراپتر و ئازاردەرتر عەباسجان بوو. ئەویش هەروا لە بن پاچکەی قورسیەکە وشک و خامۆش دانیشتبوو و گورپی کردبوو. لانیکەم پاڵیشی نەئەدا بە دیوارەکەوە بۆ ئەوەی ڕوخساری لە تاریکیدا لە چاوان ون بکات. مەگەر ئەوە ئەو نەبوو کە بۆ بستێک زەوی گەرم، شوێنێک کە بتوانێ لێی بخەوێ، خەریک بوو گیانی دەرئەچوو؟

«فەرموو سەیری کە! ئەڵێی کوندە دانیشتووە. یەک لە

یەک خراپتر، دوو دانە کوند! ئەڵێی وشکەڵاتوون. قەبری بابی هەر دووکتان. من کە لار ئەبمەوە و سەر ئەنێمەوە، بەڵکوو خەوتم!»

ــ «میرزا ئەمڕۆ باسی پەیوەندی نێوان بوندار و حاجی پەسەندەکانی ئەکرد. هەواڵی پەیوەندی ئەسڵان و کچەکەی حاجی پەسەند!»

قەدیر لە کاتێکا خۆی بادابوو، دەستی لە سەر باڵنجەکە و ڕووی لە باوکی مایەوە. پیرەمێرد سەرەنجام هاتەوە دوو:

ــ «بۆ بێدەنگن؟ مەگەر منی گۆچی کەوتوو، لە کونجی ئەم کاولبووەدا، لە ئێوە زیاتر ئاگام لە کاری ئەم دنیایە هەیە؟! واتە ئێوە یەکی وەکوو میرزای دەلاکیش نابینن؟ واتە لەگەڵ تاقە کەسێکیش ناودێن؟»

پیرەمێرد تاوێک بێدەنگ بوو پاشان وتی:

ــ «ئەشبێ لە خۆتان تریق ببنەوە!»

قەدیر جارێکی‌دی کەوتە ڕێککردنی باڵنجەکەی و وتی:

ــ «هەزاران دەنگوباس لەم دنیایەدا هەیە، بە ئێمە چی؟! مەگەر ئێمە بەرپرسی بەهەشت و دۆزەخی کاری خەڵکین؟»

کەلایی خواداد وەک بڵێی نە لە درێژەی گوتەکەی خۆی و کاردانەوەکەی قەدیردا، کەوتە دوو:

ــ «ئەندێشە، ئەندێشە، ئەندێشە هەڵم ئەگرێ کە ئەم دنیایە چۆن بەو جۆرە سەروبن بوو و ئێمە پێمان نەزانی؟! چۆن ؟، ئای، زەماوەن. زەماوەنێکی بەشکۆ و مەزن ئەبێ! دیارە، دیارە! زەماوەن، بانگهێشتن، خەرج و خواردەمەنی، میوانی دەمڕاست، پێشکەشی، دیاریی، بەڵێ، گەشەی کاروبار و ڕۆژگار! حەقیانە، حەقی خۆیانە! شیرین بێ کامیان! دەنگبێژ ودیلان، ساز و زوڕنا، شایلۆغان، وایە، چاک یەکدی ئەدۆزنەوە. باش گیریان لەیەک هێناوە. دەرگا و تەختە، بوندار و حاجی پەسەندەکان، دوو گورگ! پیرۆزیان بێ، پیرۆز. مەڵبەندەکە تاپۆ ئەکەن. کیسە کیسە

برنج، هیزە هیزە ڕۆن، جووت جووت بەختە. ئەبێ، ئەبێ واش بێ! هیممەت، هەر کەس بە هەر کوێ ئەگات بە هیممەتی خۆی، بە غیرەتی خۆی و بە هەوڵی بێوچانی خۆی ئەگات. بوندار، بابقولی بوندار ئەشبێ خۆی بابدات. ئەگەر ئەو خۆی بانەدات، ئەی کێ ئەبێ خۆی بابدات؟ هەقی خۆیەتی چل جێ دابەستەی قسر ڕابگرێ، وشتر ڕیز بکات، باڵەخانە ئاوەدان بکاتەوە، شایی بگێڕێ، کە دنیا بخوات و ڕایبگرێ. هەقی خۆیەتی؛ ئەی هەقی منە؟! نەخێر، هەقی من نییە! هەقی من مەرگە، مەرگ! بەڵام مەرگ، دیاری نییە، دەرناکەوێ! عیزرایل، عیزرایلیش لە من بێزارە. لەو نەگبەتی و چڵک و چەپەڵیەی من، عیزرایلیش ئەبێ لێم بێزار بێ! بەڵام ئاخرەکەی هەر ئەبێ کارەکەی بکات. چونکە مردن، هەقی منە! هەقی من، نەک لە بەر ئەوەی نەمتوانیوە کوڕەکانم بکەم بە زاوا؛ کوڕەکانم! نەخێر، خەمی ئەوە ناخۆم. ئەفسووسی ئەوە ئەخۆم بۆچی لەگەڵ سەگ جووت نەبووم لەبری خوشکی خاڵی ئێوە. خوشکی داوەر! بە ڕاستی کە حەڵاڵ زادەن؛ بە ڕاستی کە حەڵاڵ زادە ئەچێتەوە سەر خاڵۆی خۆی! هەر دووکتان چوونەتەوە سەر ئەو درێژە بێڕەگە. چوونەتەوە سەر هەمان داوەر. لە گەوهەری من، داخ! چوار ڕۆژیتر ئەبێ لێرە، لەم کاولستانە، وەکوو کوندەبوو دابنیشم و گوێ لە دەهۆڵ و زوڕنای زاوایەتی کوڕی بوندار بگرم. دەهۆڵ و زوڕنا و شایلۆغانی ئەو ناپیاوە دزەی ڕێگرە! دیق ناکەم؟! دیق ناکەم؟! بۆ نا، دڵم ئەتۆقێ. خەمم لێئەبارێ. گەرووم ئەپەنەمێ، دڵم ئەوەستێ، جەرگم کوت کوت ئەبێ، ئای، خوایە، خوای من! هەر کامتان خەریکن لە گۆڕێکدا بەرباد ئەبن. هەر کامتان خەریکن بە جۆرێک تووناوتوون ئەبن. فەوتاون. هەر کامتان، خوایە بمکوژە! زووتر بمکوژە! بەر لەو ڕۆژە، بەر لەو ڕۆژەی دەنگی شایی دوژمنەکەم لەم وێرانەیەدا ببیسم، بمکوژە! خوایە گیان، بەس ئەوەت لێداوا ئەکەم!»

قەدیر لە بن نیگای زەقی عەباسجاندا بە باوکی وت:

ــ «ئەگەر تۆ مێشکت پووکاوەتەوە، سووچی ئێمە نییە! یان بخەوە یان بهێڵە ئێمە بخەوین! چاوت لێ نییە؟ بەم نیوەشەوە گەوهەر هەڵئەرێژی! ئەگەر ئەمەت پێ باش نەبوو، وات بە سەر خۆت نەهێنابا!»

کەلایی خواداد کە هاوگفتی ڕاستەوخۆی خۆی دۆزیبۆوە، سەری بۆ لای قەدیر وەرگێڕا و بە تەشەرەوە تەوسخەندێکی کرد و وتی:

ــ «ئای لە دەوری ئەو کوڕە گەڕێم. دەک لە دەورت گەڕێم! هەی قوربانی ئەو کوڕە بە جەرگەی خۆم! باشە، باشە لانیکەم ئەوێری وەڵامی باوکت بدەیتەوە. لانیکەم جەربەزەی ئەوەت هەیە! بەڵام من، بۆ کەوتمە ئەم ڕۆژە و بۆچی وام بە سەر هات؟ ها؟ کێ منی ئاوا لێکرد؟ بۆ چی؟ خۆ ئێوە کارتان بە سەر ئەو کارانەوە نەبوو، ئێوە واتان ئەویست! ئەتانویست ئیفلیج ببم و لە ماڵەوە بکەوم. ئەوەتان ئەویست بۆ ئەوەی بەدڵی خۆتان چی ئەکەن بیکەن. ئەوساش کە زانیتان من خانەنشین بووم، لەپڕ باڵتان لێڕوا. پەتی باڵتان کرایەوە. داتان لە شەقەی باڵ و کەوتنە گیانی دارونەداری من. دەستی ناپاکیتان بۆ دارایی من درێژ کرد. حەرام و حەڵاڵتان تێکەڵ کرد و ئاخرەکەشی ئاگرتان بەردایە سەروماڵم. لام کردەوە بووم بە مریشکی ئاوەڕووت کراو و تیسک و پەڕم پێوە نەمابوو. دارونەداری من لە چیدا خەرج کرا؟ خەرج کرا بۆ سفلیسیەکانی ناو کاروانسەراکانی بنشەقام! کوانێ داراییەکەی من؟ لە ئێوە ئەپرسم کوڕەکانم، لە ئێوە؟! کوا وشترەکانم؟ کوانێ شان و شکۆم؟ بگرە و بەردەی من چی بە سەر هات؟ کەلایی خوادادی جڵەودار چی بە سەر هات؟ کوا کەلایی خواداد؟! هۆش لەسەرم فڕیوە، چاوەکانم کوێراییان داهاتووە، کاژەرەی سەرم پووکاوەتەوە. ئیتر ئەگەر یەکێک کڵاوەکەشی بکەوێتە ئەم ماڵەوە نایەت هەڵیگرێتەوە!

ئەڵێی من گول بووم و ئەمماڵەش، ماڵەکەی منیش بووە بە کەلاوەی شام. بووە بە هێلانەی مار و مێروو، مار و مێروو! بووم بە زلحورتی بێشاخ و کلک! دەی، دە وەڵامم بدەرەوە عەباسجان، شا کوڕەکەم! تۆ کە وەکوو قالاوەرەشە کسکەت کردووە و خۆت ڕاگرتووە. دە وەڵامم بەرەوە! چەن جار، چەن جار سفلیس و سووزەنکت بە پارەی من چارەسەر کردبێ باشە؟ چەن جار، ها؟ چەن جار؟

عەباسجان بە دەنگێکی وەکوو لەرینەوەی زەلێکی پووک، وتی:

ــ «ژنەکەم لە مەشهەد نەخۆشە. یەکجار نەخۆشە. من، ئەگەر ژنەکەم ئاوا نەخۆش نەکەوتایەت، خۆ ئا بەم جۆرە قوڕم نەئەچوو بە سەرا. ئەژنۆی خەزووریشم شکاوە. لە هەمان کاروانسەرای کە کار ئەکا. فەردەی لۆکە کەوتووە بە سەریدا، قاچی لە بنیدا ماوەتەوە و ئەژنۆی شکاوە. ئێستەش ئەو خەزوورە چۆک شکاوە مناڵەکانم بەخێو ئەکات. ژنەکەم وا لە نەخۆشخانە، بەڵام خۆشم نازانم لە چ نەخۆشخانەیەکە. هاتووم بۆ ئێرە، بۆ ئەوەی پاشان بگەڕێمە و هەر جۆرێک بووە ئەبێ بچم بە لایانەوە.»

کەلایی خواداد بە هەمان وشکی پێکەنی و وتی:

ــ «ژنەکەت؛ ژنی تۆ؟! هەهـ هەهـ، کچی هەمان دالاندارە بەربەرییەکە؟، کچی ئەو ڕەبەنە! بەربەری قوڕ بە سەر! ئەو ژنە هێشتاش ناوی تۆی لە سەرە؟ نە، پێت وانەبێ من بڕوا بەو قسەیە ئەکەم، قەت پێت وانەبێ! بیری خاو هەڵیگرتوویت، خەون و هەڵۆسە، نەء! تۆ ژنت نییە باوکەکەم. ئەگەر ژن و مناڵت هەبوایە، نەخێر. تۆ خۆیشت بینیوتە، بەڵام من لە تۆ زیاترم بینیوە. ژنە، ڕەنگە سووزەنکی گرتووە و بە بیانوویەکی‌تر لە نەخۆشخانە خەواندوویانە. دیارە ئیتر!»

عەباسجان ددانی لە کیرەوە هێنا و بە توندی وتی:

ــ «جنێو بە ژنی من مەدە! من ئەگەر خراپەشم دژی ژنەکەم کردبێ خۆم سزاکەی ئەکێشم. خۆم، هەرچی بوو ڕابرد و ئێستەش ئەمەوێ بچم ژنەکەم لە ناو کۆڵان و شەقامان هەڵگرمەوە. ئەو کارەش خۆ بەدەستی بەتاڵ ناکرێ!»

کەلایی خواداد دیسانەوەش بە قدۆشی پێکەنی و وتی:

ــ «کەر لێرە نییە ڕۆڵەگیان؛ کەر وا لە ناو کاروانسەراکان! ڕابە، ڕابە بڕۆ بتۆپە و بەیانی زوویش بچۆ بە دوای بەخت و شانسی خۆتدا. ڕۆژێ لە ڕۆژان کوڕی من بووی. گەورەم کردی. فێری هێسر سواریم کردی. پارەی زیوم خستە گیرفانتەوە و بە دنیادا گەڕانتم. پاشانیش، پاشانیش کە من پەکم کەوت تۆ وەکوو مشکە کوێرە ڕیشەت جاویم. قەیناکا، هەرچی بوو ڕابرد. بەڵام ئیتر بڕۆ. بڕۆ ددانت لە شوێنێکیتر گیردە. لە لای من هەموو ڕەنگەکانت ئاشکرا بووە. تازەودوا منت پێ ڕەنگ ناکرێ. بڕۆ بە دوای بەختی خۆتدا!»

ــ «تۆ خۆ نەتهێشت من قسەکەم تەواو بکەم!»

ــ «ئا، بەڵێ. فەرموو!»

عەباسجان وتی:

ــ «من ئەمەوێ کارێک دەس پێبکەم. کاسپیەک. ئەزانم باوەڕم پێناکەی، بەڵام بە ئەبولفەزڵ ئەمەوێ کاسپیەک دەس پێبکەم. ئەگەر دەسمایەم هەبێ پێنج مەن کولێکە، دە دانە پێستە و ڕیخۆڵە، دە مەن ناوکە شووتی و لەو بابەتە بکڕم و بیفرۆشمەوە ئەتوانم نانی خۆم پەیدا بکەم. بەڵێنت پێ ئەدەم نانی خۆم دەرئەخەم. ئەگەر وای لێبێ خۆ ئیتر چاولەبەر نابم. من تازە لەوە تێگەیشتم کە ئیتر ئەو ئاغەزادەیە نیم کە باوکم کاروانکێش بوو. من تێگەیشتووم ئەبێ وەکوو خەڵکی کار و کاسپی بکەم. ئەبێ کارێک بکەم بە ئەندازەی داهاتم خەرج بکەم. بەڵام ئەمکارە دەسمایەی ئەوێ. بەتایبەت ئەگەر بمەوێ بگەڕێمەوە بۆ لای ژن و مناڵەکەم. خوا ڕازی نابێ هەروا بەجێیان

بهێڵم. ئەو پیرەمێردەش گرفتارە. دەستی بەتاڵە و ناتوانێ خەرجی کچەکەشی بکێشێ. گریمان بە هەر ڕۆژە ڕەشیەک بوو بتوانێ، بەڵام، بەڵام ئاخر ئەو ژنە، ژنی منە. ئەو منداڵە منداڵی منە. من ئەمەوێ خۆم ئاگام لە ژن و منداڵەکەم هەبێ!»

ـ «دەیجا کێ ڕێگەی لێگرتووی؟ مەگەر من پێم وتوویت مەگەڕێوە بۆ لای ژن و منداڵەکەت؟!»

ـ «تۆ بە ئاشکرا ناڵێی. بەڵام ڕێگە ئەگری. تۆ ڕاناوەستی من دوو وشە بڵێم. کاتێکیش ئەکەویتە دوو وا لەگەڵم ئەدوێی ئەڵێی من کوڕی تۆ نیم. لە بێگانەش بێگانەتر ئەڵێی و ئەبیسی. بۆ سەیری ئەوە ناکەی کە من لەم قەڵاچیمەنە هیچم نییە؛ هیچم بۆ نەماوەتەوە! ئەگەر باش بیریشی لێبکەیتەوە، ئەزانی کە ئەو ژنەی من بە بۆنەی تۆوە ئاوارەی هەندەران بوو. تۆ دەرت پەڕاند. پارووە نانێک بۆ ئەو ژنە خۆ قات نەبوو. بەڵام تۆ ئەوەندەت بۆڵاند بە سەریدا و ئەوەندە پلاری ناشیرینت تێگرت، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت. ئاخر ئادەمیزادیش ئادەمیزادە، خۆ دیوار نییە! ئێستە من نە ئەوێم هەیە و نە ئێرە! دەرگای تونی گەرماویشم لێناکەنەوە؛ لە شیرەکێش خانەش ڕێگەم نادەن. ئەمەش ماڵی باوکم! بەقەد سەرە دەرزییەک حەزم لێنەبوو بێم بۆ ئێرە، بەڵام چی بکەم! ئەبێ چی بکەم؟ دیسانەوەش لە ناچاریدا دەرگای ماڵی باوکمم تەقاند. دیسانەوەش لە ناچاریدا هاتم ڕوو لە باوکم بخەم و ملم خوار کەم. پێت وایە نازانم خەریکم خۆم سووک ئەکەم؟ بەڵێ ئەزانم، ئەوە ئەزانم. ئەزانم خەریکم ئەپاڕێمەوە، خەریکم ئارەقەی ئابڕوو دەرئەدەم بەڵکوو کارەکەم بۆ ڕێ بخەیت و بچم بە دوای ماڵ و ژیانی خۆمدا. تۆ باوکی منی، من کوڕی تۆم. ئیتر خۆت ئەزانی. حاشا لە ویژدان و بەزەیی باوکایەتیت، حاشا لەو خوێنەی لە دەمارەکانی من دایە! ئەتوانی بە شەپێک فڕێم بدەیتە دەرەوە و ئەشتوانی دەستم بگری و لە خاک هەڵمسێنیتەوە. بەڵام،

بەڵام ئەوەش لە بەرچاو بگرە کە من هیچ کەسم نییە. ئەوەش لە بەرچاو بگرە کە من دیسانەوەش ڕووم لەم ماڵە، لە ماڵی باوکم کردووە. بەزەییت هەبێ و دڵت بۆم بسووتێ، دەستی من، دەستی کوڕەکەت بگرە و هەڵیسێنەوە! من خەرجی ڕێگە و دەسمایەیەکم ئەوێ بۆ کار و کاسپی، خەرجی نەخۆشینی ژنەکەم ئەوێ. دوو پارچە جل و پاڵتاوێکم ئەوێ بیکەمە بەرم. جووتێک پۆستاڵم ئەوێ! ئاخر بە دەستی بەتاڵ و پێی پەتی خۆ ناتوانم بکەومە ڕێ و بچم بۆ لای ژن و مناڵەکەم. هەرچی چۆن بێ من لە مەشهەد بێگانەم. خۆ ئەبێ ڕووم هەبێ سەیری ئەو پیرەمێردە بەربەرە بکەم لە ناو داڵانی کاروانسەرادا؟! ئاخر چەندە ئەتوانم ببم بە تەوقی ملی لە خۆم ڕەبەنتر؟ بەزەییت پێمدا بێتەوە. تۆ ئەگەر یارمەتی من بدەی بۆ شوێنێکی دوور ناچێ. من لە پشتی خۆت کەوتوومەتەوە! بەڵێنت پێئەدەم قەردەکەت پێ ئەدەمەوە. ئێستە نەبێ ساڵێکیتر، شەش مانگیتر کە دەستم ئاواڵە ئەبێ قەردەکەت بۆ ئەهێنمەوە بە ئومێدی داونزە ئیمام و چواردە مەعسووم. ئیتر نازانم چۆن و بە چ شێوەیەک ئەبێ مەبەستەکەم بگەیەنم!»

ـ «تەواو بوو؟!»

ـ «نەء، تەواو نەبوو! کاتێک تەواو ئەبێ کە تۆ سەد و پەنجا - دووسەد تمەن بخەیتە ناو دەستم کە من بتوانم بە هیوایەوە بەرەو ماڵ و ژیانی خۆم بچم. ئاخرەکەی تێگەیشتی؟!»

کەلایی خواداد سەری وەرگێڕا و خاچ ڕوانیە ناوچەوانی عەباسجان و پاش ڕامانێکی سمێنەر و کوشندە، پرسی:

ـ «تەواو بوو؟!»

عەباسجان تەوێڵی لە ناو دەستەکانیدا گووشی و وتی:

ـ «ئا، قسەکانی من تەواو بوو!»

کەلایی خواداد ڕووی لە کوڕەکەی وەرگێڕا، سەروملی خستە سەر سەرینی سەر جێوبانەکە، چاوەکانی لێک نا و وتی:

ــ «پارە، پارە! لە هەر کوێ بە پارە گەیشتی لە لایەن منەوە هەواڵی بپرسە!»

عەباسجان کە پێشتر قوڵپی ئەدا، لەپڕ تەقیەوە، مشتەکانی کردەوە و لە کاتێکا پەنجەکانی لێک هەڵئەپێکا، لە باوکی زیتەوە بوو وتی:

ــ «تۆ ئەگەر پارەت نەبێ خۆ ناتوانی هەناسە بدەی. خۆیشت ئەمە باش ئەزانی!»

پیرەمێرد بە بێ ئەوەی خۆی تێک بدا یان چاو هەڵبڕێ، وتی:

ــ «کە وابوو هەر ئێستە هەناسەدان لە بیر ئەبەمەوە بۆ ئەوەی تۆ باوەڕم پێبکەی کە پارەیەکت بۆ نەهێشتوومەتەوە کە من بیدەم بە دەم ئاوەوە!»

ــ «ئەتەوێ لەگەڵ خۆت بیبەیتە گۆڕەوە؟ یان جگە لە ئێمە دوو میراتگری تریشت هەیە و ئێمە پێی نازانین؟ ڕەنگیشە ئەوەندە ئیشتیات کراوەتەوە پێت وایە سەد ساڵی تریش ئەژیت؟ نەخێر! زۆر بمێنی ساڵێکی دی، تاقە یەک ساڵ! بەڵام بەم قیرسیچمەییەی خۆت ئەتەوێ سەرەتا من لە گۆڕ بنێی پاشان خۆت بمری! زۆر چاکە، من لەگەڵت ڕێک ئەکەوم. حەسێبی بکە، چیم بەرئەکەوێ، بە نیوەیی بەڵکوو بیدەم لە دەرد و برینەکانم. هەر ئێستە!»

کەلایی خواداد چاوی هەڵێنا و نیگای دژوار و مێملی خۆی چەقاندە ناوچەوانی عەباسجان کە نووشتابوویەوە بە سەر قورسیەکەدا، سەر و شانی هەڵێنا و وتی:

ــ «بڕۆ ون بە لەم ماڵە! بڕۆ سەرت دای لە بەرد. من قەرانێکیشم نییە بیدەم بە تۆ. دارونەداری من تۆ تیاتدا برد. هیچت بۆ نەهێشتوومەتەوە کە ئێستە بتوانی بیخەیتە سەر برینەکانت. خەنازیری نەگبەت! من نامەوێ تا ئاخری دنیا بژیم. بەڵام ناشمەوێ کاتێکە مردم تەرمەکەم بۆن بکات. نامەوێ ئاگر لە گۆڕەکەم بباریێ. ئەمەوێ تابووتەکەم بە ڕێزەوە لە ماڵەکەم

بچێتە دەرەوە. لە ماڵی خۆمەوە، لەم ماڵەوە! ئەمەوێ پارەی کفن و ناشتنم لە گیرفانی خۆم بدەم و هەر بەیانیش ئەو کارە ئەکەم. ئەم بەیانیە! چوار دەمڕاست بانگ ئەکەم، ئەدەم ڕاسپاردەم بۆ بنووسن. پارەی پرسە و ناشتنم ئەدەمە دەسیان بۆ ئەوەی تەرمەکەم لە سەر عەرز هەڵگرنەوە. من ئیتر ناهێڵم تۆ وەکوو سیسارکە کەچەڵ بە دەور ئەم دوو چڵە ئێسقانەی لێم ماوەتەوە باڵ ڕاوەشێنی! ون بە و بڕۆ لەم ماڵە، ون بە و بڕۆ! من و تۆ ئیتر باوک و فرزەندیمان پێکەوە نییە! تۆ بەس بە ناو کوڕی منی و منیش بەس بە ناو باوکی تۆم! ناشمەهەوێ ئیتر چاوم بەو سەر و قەپۆزە نگریسەت بکەوێ. لێدە لەم ماڵە بڕۆ. خودای محەمەد ئەگرم بە شایەت ئەگەر بە سەرەوە خۆت هەڵدەیتە ناو بیرەوە، فرمێسک بە چاوما نەیەتە خوارەوە! ئەو جارەش کە ویستبووت بە دەسکاڵە دەماری خۆت ببڕی، کاتێکە بیستم دڵم دانەچڵەکا. لە بەر ئەوەی دڵنیام بووم نەبوونت باشترە لە بوونت! نەبوونت زەری بۆ هیچ کەس نییە، بەڵام هەبوونت بۆ خاکی ناو کۆڵانیش زەرەدی هەیە. کە وا بوو هەمان باشتر کە نەبی. چونکە جگە لە زەرەد و نەگبەتی بۆ خۆت و خەڵکیدی هیچت لێ هەڵناوەرێ! ئەمشەویش بڕۆ لە هەمار سەری مەرگت بنێرەوە و بخەوە. لەوە زیاتر نەتبینم. بەیانی زووش بڕو و لامەکەرەوە. بڕۆ بۆ هەر گۆڕێک ئەچی بچۆ! قەدیر! وەرە ئەو جێوبانە لابەرە و بن سەرم بۆ ڕێک بکە، ئەمەوێ بخەوم!»

قەدیر هەڵسا و وایکرد. کەلایی خوادادیش بە هەمان تووڕەییەوە لە سەر جێگەکەی ڕاکشا و وتی:

ـ «سینیەکە لە سەر قورسیەکە لابە با لێفەکە بێتە بەملادا، پڵیتەی ئەو باوان کاولەش داکێشە!»

قەدیر لامپاکەی هەڵگرت، نایە سەر تاقەکە و کزی کرد. سینیەکەی لە سەر قورسیەکە هەڵگرت، لە بن دیوارەکە داینا و لە بن چاوەوە سەیری عەباسجانی کرد. پیرەمێرد لێفەکەی

ڕاکێشابوو بۆ لای خۆی و عەباسجان تا لای چۆکی لە بن لێفەدا بوو. سەرنجی لای نیگای براکەی نەبوو. سەری چەقاندبوویە ناو شانی و لە پاچکەی تاریکی قورسیەکەدا، گرمۆڵە ببوو. چەناگە و لێوی لکابوون بە پشتی دەستیەوە و چاوەکانی لە ناو تاریکیدا ون بوو و وات ئەزانی هەناسەش نادا!

قەدیر نەی ئەزانی چ هەستێکی هەیە. ئەو کابرایەی لە پاچکەی قورسیەکەدا لە بەر چاوی خەریک بوو ئەتوایەوە، برای بوو. بەڵام چەندەی هەوڵ ئەدا وەکوو برای ببینێ، نەیئەتوانی. بەو جۆرەی کە پێویست بوو دڵی پێی نەئەسووتا. ئەوە هیچ هەر بڕوای بە برایەتی عەباسجانیش نەبوو. هەر ئێستەش لە بوونی عەباسجان لە ماڵەوە، ڕازی نەبوو، هەرچەند ناڕازی بوونەکەی زۆریش نەبوو. ئەیبینی براکەی تێکشکاوە و بە گەنجی وەها پیر بووە، پێ ئەچی ئەوەندەی بە سەر دنیاوە نەمابێ. بەڵام لەم گومانەی خوی غەمگین نەبوو. شادمانیش نەبوو. تەوس و پلاری ئەم و ئەو بۆ عەباسجان زۆر نەی ئەشەمزاند. بەڵام زۆریشی پێخوش نەبوو کە براکەی بەو جۆرە کەنفت و لاکەوتە بووە. عەباسجان لەچاوی قەدیردا نە برا بوو، بەو جۆرەی کە ئەبوایە بێ و، نە ئادەمیزادیش بوو، بەو جۆرەی کە ئەبوایە بێ. لە لای قەدیر، عەباسجان بونەوەرێک بوو. بوونەوەرێک کە ئەگەر هەبوایە، هەبوو و، ئەگەریش نەبوایەت نەبوو.

قەدیر، هەر کات بیری لەوە ئەکردەوە کە ئەگەر سەر لە بەیانی ڕۆژێکی زستان کەلاکی عەباسجانیان لە کەلاوەیەک هێناوەتە دەرەوە و ناشتوویانە و هەواڵەکەیان هێناوە بۆ قەدیر، نەیئەتوانی هیچ هەستێکی جگە لە بێزاری لە خۆی دەربڕێ. وەک بڵێی هەموو ساڵانی ڕابردوو و هەموو ڕۆژانی برایەتی لە ناو تۆزی خۆڵەمێشدا ون بووە و بەناوی عەباسجان، هیچکات هیچکەس لە سەر ئەم زەوییە نەژیاوە. ئێستەش قەدیر ئەیزانی و بە ئاشکرا ئەیبینی عەباسجان خومارە و پەکی کەوتووە، بەڵام

دڵی بەرایی نەئەدا تۆزقاڵێک تریاکی بۆ دەس بخات، بەڵکوو بە گەرمای ئەو تریاکە بگاتە بەیانی. بۆیە لە کاتێکا کە سەری ئەخستە سەر باڵنجەکە و لێفە قورسیەکەی ئەدا بە شانیدا ـبۆئەوەی عەباسجان نەبینیـ پێڵوەکانی نایە سەریەک و بیری کردەوە:

«شەوی ئەمشەویش بەجۆرێک هەر تەواو ئەبێ!»

عەباسجان چاویشی نەئەترووکاند. چاوەکانی وەکوو قەلە ڕەشێکی مردوو وشک ببوون. هەناسەدان و ترپەی دڵ و پلی خوێنیشی هەست پێنەئەکرد. لە ورگی تاریکی ناو پاچکە قورسیەکەدا ڕێکگووشرابوو، بە جۆرێک کە لە ناو ڕەشایی دیوارەکەدا ون ببوو. برا و باوکی خزابوونە بن لێفە قورسیەکە و ئەو نە بە ڕواڵەت، بەڵکوو وێنەی خەوتووی ئەوانی بە هەڵۆسە ئەبینی. ددانەکانی قفڵ ببوون و ڕیشە کورتەکەی شووش وەستابوو. وشک و خامۆش بوو. بەو ڕادەیەی کە خۆیشی نەی ئەزانی هەیە یان نییە. هەروەها وەکوو شتێ وزەی هەبوون و نەبوون تێیدا مرابوو. جگە لەو جارەی کە ویستبووی بەدەمی دەسکاڵە دەماری خۆی ببڕێ، ئیتر بیری لە خۆ کوشتن نەکردبوویەوە. ئێستەش بیری لە کوشتن یان مردنی خۆی نەئەکردەوە. ئەتوت چەندە زیاتر مەرگ خۆی بخزێنێتە ناو ژیانی مرۆڤەوە، مرۆڤ زیاتر پارێزی لێئەکا. تەنانەت بە نەبوو و نابووتیشی ئەزانێ. لە هەموو زیاتر، ئادەمیزاد لە پەککەوتەیی و بێ دەرەتانیدا لە مەرگ بێزارە و ـهەرچەند بە زمان ئارەزووی مەرگیش بکاتـ بەڵام باوەڕی پێی نییە. بەم جۆرەیە کە خۆکوشتن، خۆبڕین و نکووڵی کردن لەخۆ، تەنها لە لووتکەی دەسەڵات و توانایەکی لەپڕدا ئەلوێ، نەک لە سەر جێگەی زەلیلی و ڕۆژەڕەشی. لە لووتکەی توانایی هەڵچوونێکی لەپڕدا، بەو جۆرەی کە عەباسجان وابوو. نەک لە سەر جێگەی لاوازی و کات بەفیرۆدان، بەم جۆرەی کە عەباسجان ئێستە تێیدا بوو.

ئێستە بەڵام، عەباسجانی کەلایی خواداد خەریک بوو خۆی باشتر بناسێ. بەو ڕادەیەی تاق و تەنها بوو، بەو جۆرەی سەرگەردان و بەرەڵڵا و ئاوەها زێدە و بێکارە کە ئەو بوو، خەریک بوو بوون و سروشتی دزێوی خۆی بە قووڵی بناسێ و بدۆزێتەوە. سروشتێکی کرێت، دابڕاو، بێگانە، بێخود و بێپەیوەندی؛ بەو جۆرەی لەگەڵی جووڵابوونەوە کەمترین بڕواشی تێدا ڕووخابوو و، عەباسجان ئەیتوانی بەس بیر لەوە بکاتەوە کە ئایە بە ڕاستی زیندووە و هەناسە ئەدا؛ یان پێی وایە کە زیندووە، چونکە هەناسە ئەکێشێ. ئەگەریش زیندووە، ئەی بۆ لەم سووچە دانیشتووە؟ سەرما و تەنها سەرما؟ بۆ هاندەری ئەم جۆرە بوونە ئەبوایە تەنها لەسەرمادا بگەڕێ و سەری خۆی پێوە خەریک بکات؟ بەس سەرما؟

ئەی بۆ نەیئەتوانی بجووڵێ؟

نەی ئەتوانی بجووڵێ و خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی ناتوانێ بجووڵێ. ئەتوت دادووراوە بە عەرزەکەدا. بیری کردەوە بەجۆرێک خۆی ڕاکا، بچێ بۆ هەمار و بخەوێ. بەڵام ترسێک دەرەتانی لێبڕیبوو. ترسی سەرما، ترسی تەنهایی و ترس لەخۆی. ئەوەندە داماو و ئەوەندە بێواز، کە ئەیتوانی تەنها هەستی ترسی لە خۆیدا ببینێ و بڕوای پێبکات. لە گیانی تەفروتووناى عەباسجاندا بەس هەستی ترس ئاشکرا بوو. ئاشکرا بەو جۆرەی کە زایەڵەی قیژەی کوندەبەبوو لە کەلاوەکاندا. ئەترسا. لە ئێستە، لە بەیانی و لە مەودای نێوان ئەمشەو و بەیانی ئەترسا. لە ناوماڵەکە و لە دەرەوەی ماڵەکە ئەترسا. لە ناوەوە لە باوکی ئەترسا. لە ناو ماڵەکە و لە دەرەوەی ماڵەکە ئەترسا. لە ناوەوە لە باوکی ئەترسا و لە دەرەوە لە سەرما. بەر لەمە بیستبووی و دیبووی کە شەوانی پاش بەفر، گورگەکان بۆ دەسخستنی نێچیرێک لە ناو دێ نزیک ئەبنەوە. بەڵام زیاتر لە مەترسی گورگەکان کە لە قسەڵۆک ئەچوو، لە خوودی سەرما و لە تەنیایی خۆی و لە

کەلاکی خۆی ئەترسا.

تاقە ڕێگە، بیر نەکردنەوە بوو و شکاندنی باڵی ئەندێشە. ئەبوا ڕاکا. ئەبوا هەڵێ لە بیری سەرما و هەمیش لە ئەندێشەی بەیانی؛ بەڵام ئەمکارە پێ ئەچوو زۆر ئاستەم بێ. هەڵاتن لە بەیانی وەکوو شتێ ئەلوا. بیر و هۆشی عەباسجان بەدەر لە ئەڤان و ویستی ئەو و لە پێش ئەوەوە، لە سێبەرەکانی سارد و نەزۆکی نائومێدیدا لۆقەی ئەهات و سەری بە هەموو کونێکدا ئەکرد. ئەتوت چاوشارکێی لەگەڵ ئەکات ئەم هۆشە دڕدۆنگە و، پێچەوانەی ویستی ئەو و بە کەڵەگایی وەپێشی کەوتووە.

ژنەکەی لە نەخۆشخانە بوو. لەکام نەخۆشخانە؟ پیرەمێردی بەربەر، دالانی کاروانسەرا و منالێکی بێزمان. بن شەقام، محاجەرە و گومەزی زێڕی ئێمام ڕەزا، فایتوون، عەرەبانە و قەرەباڵخی. ژنەکەی لەکام نەخۆشخانە بوو؟!

نەء؛ ئەمە نەبوو و وەها نەبوو!

عەباسجان ئەبوایە بتوانێ جیاوازی دابنێ لە نێوان ئەو غەم و پەژارەی بۆ باوک و برای هەڵڕشتبوو، لەگەڵ ئەوەی کە بە ڕاستی لە ئارادا بوو. ئەوەی کە ئەو بە شانۆگەری پیشانی دابوو، وا پێ‌ئەچوو خۆیشی باوەڕی پێکردووە و خەریک بوو کاری تێ‌ئەکرد، لە کاتێکا ئەگەر دەرفەتی بە خۆی بدایە خۆی بدۆزێتەوە لە سنووری ئەو دوو بەرەکیەدا، کارەکە ڕواڵەتێکی دیکەی بە خۆیەوە ئەگرت. لە ڕاستی‌دا کاتی ئەوە بوو کە عەباسجان ئەو نەخش و دەمامکەی بۆ باوکی لە خۆی دابوو، فڕێ بدا و خۆی بەو جۆرە بدۆزێتەوە کە هەبوو. نەک ئەوەی لە بن کاریگەری ئەو شتەدا بمێنێتەوە کە خۆی سازی کردبوو. هەرچەند ئەو نەخش و ڕۆڵەی بەو هەمووە توانایی و توندییە بە خۆی سەلماندبێ. ئەبوایە بێتەوە بە خۆی‌دا و لەوە تێبگا کە دەربڕینی ئەو هەموو لالانەوە و پاڕانەوەیە لەو ڕووەوە نەبوو کە ویژدانی ڕاچەنیبوو، بەڵکوو هەر هەموویان بڕوبیانووی ئەوە بوون کە ڕەوابوونی

داواکارییەکەی لە لای باوکی بسەلمێنێ.
ئەوە ڕاست بوو کە عەباسجان دوا تیری تیردانەکەی بە دوا ئومێدەوە هاویشتبوو. ژن و منداڵ و خێزان. بەڵام ئێستە ناچار بوو بێتەوە بە خۆیدا. چونکە ڕۆڵ بینین وەکوو سەرخۆشی وایە و سەرخۆشی کاتیە و بەردەوام نابێ. سەرەنجام، خۆی! سەرەنجام، تووشی خۆی! کۆتایی هەر شانۆگەرییەک خودی کەسەکەیە کە لە دەروونی کۆمەڵی هەڵسووکەوتەکاندا بە ئاشکرا دەرئەکەوێ و ڕووبەڕووی خۆی ئەبێتەوە، هەڵوەستە ئەکا و بەناچار چاو ئەبڕێتە چاوی خودی ڕاستەقینەی خۆی، چاوی لە چاوی خۆیدا:
«چیت ئەوێ لەو هەمووە شانۆگێڕانە، چیت ئەوێ؟!»
عەباسجان هاتبوویەوە بە خۆیدا و ئەیبینی ئەتوانێ نەشچێ بۆ مەشهەد، ئەتوانێ ژنەکەشی لە نەخۆشخانە نەبینێت و، کۆتاییەکەی ئەیتوانی ژنە هەر نەبینێ. قبووڵکردنی ئەوەی کە دەرکەوتن لە قەڵاچیمەن نەک ئەرکێکی خێزانی، بەڵکوو ئەرکێکی ناچارییە. چونکە ئەو نەی ئەتوانی لە زادگە و لە ناو بنەماڵەی خۆیدا دەوام بکات. ئەوە ڕاستە دەرگایان لە عەباسجانی کەلایی خواداد نەئەکردەوە و ئەو پێی وابوو ئەمە ڕەنگە لە بەر ئەوەیە کە چڵک و نەگبەتی لە سەروبەچکی ئەبارێ.
عەباسجانی کەلایی خوادادی جڵەودار، ڕۆژانی گەشە و نەشەی خۆی لە چەپەڵیدا ون کردبوو. بەڵام ئەگەر وای دابنێین ڕۆژگارێک شکۆیەکی هەبووبێ، بیرکردنەوە لەو خاڵە زۆر بەژان بوو. چونکە عەباسجان ئێستە لە ئاڵایەکی خۆڵاوی، شڕی شکست خواردوو ئەچوو. ئاڵایەک کە جگە لە بەستنی برینی سەری بۆ هیچیتر بەکار نایەت. جیاوازییەک ئەگەر هەبوو، ئەوە بوو کە ئەیتوانی بجووڵێ و خۆی ڕاوەشێنێ. بە قنەخشکەش ئەگەر بووبێ، ئەملا و ئەولا بکات و زەروو ئاساش ئەگەر بووبێ

خۆی ببزێوێ. ئاخێزێک بکات و ئەگەر بۆی لوا، خوێنی کەس یان کەسانێک بمژێ. لە پێستی بۆقەوە تا گوانی سەگ. ئەوکارە بکات لەگەڵی کراوە؛ هەرچەند خۆی بە خۆی کردبێ. بۆیە مژینی خوێنی خۆی، خواردنی خۆی، تا ئەبێ بە چزڵیک. لە چزڵیکیش خراپتر. تا ئەبێ بە عەباسجانێکیتر، عەباسجانێکی دزێوتر و کرێتتر.

«سەرما، بەس سەرما!»

عەباسجان چەناگە و دەستەکانی لە سەر قورسیەکە هەڵگرت و وەک کۆتەدارێکی وشک خۆی ڕەتاندە دیوارەکە، ون بوو و بەو دڵنیاییەوە کە خەو نایەتە لای، پێڵوەکانی لێکنا. ژان، بەڵام ژان. ئێسکەکانی هەرچەند گەرم ببوون، بەڵام ژانیان ئەکرد. سەری لە گێژەوە ئەهات و دڵ و ڕیخۆڵەی تێک هەڵئەچوون. کز ببوو و خۆیشی ئەوەی ئەزانی. هەروەها ئەوەشی ئەزانی کە مۆخی ناو ئێسکەکانی پووکاونەتەوە. قالۆرە، وەک قالۆرە. نەخێر! لەوە زیاتر نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ. نەی ئەتوانی بمێنێتەوە. ئەبوا چارەیەک وەبینێ. چارەیەک تا کارەکەی بێشۆپ نەبووە. چونکە ئەگەر بەو پێیە بڕۆیشتایەت، بێگومان ـبەمزوانەـ کەلاکەکەیان لە کەلاوەیەکدا ئەدۆزییەوە و وەکوو سەگێکی گلاو ئەیانشاردەوە. مردن؛ مەرگێکی کرێت و قێزەون. مردن خۆی دزێوە. بەڵام ئەو جۆرە مردنە لەچاوی دزێوترین خەڵکانیشدا دیمەنێکی نەفرەتباری هەیە. مردنی دزێو، ئەوپەڕی سووک و چرووکی مرۆڤ؛ مەرگ! لەپێناو چیدا چوونە بن خاک؟!

نەء! عەباسجانی کەلایی خوادادیش نەی ئەتوانی مەرگی خۆش بوێ. ئەویش مەرگێکی ئاوەها سەرشۆڕانە. بۆیە ئەبوا دەروویەک بەرەو ژیان بدۆزێتەوە. ڕێگەیەک بە ناو ئەو هەموو دار و پەردووەی نەگبەتی و خوێڕیەتیدا ـکە تەنها لە بەر ڕێزی ترپەی دڵ و جووڵانی لاقـ لە چاکترین مردن، لەبارتر بوو. ژیان و ژیان. ژیان بە هەر نرخێک! سەگی ژیان لە مردن باشترە. ژیان بوو،

هەرچەند عەباسجان تیایدا ڕووخابوو و پێشێل کرابوو. کە وا بوو ژیان؛ بوون، بەڵێ هەبوون. ڕێیەک، کوێرە ڕێیەک لە ناخی ئەم ژیانەدا ئەبوایە بدۆزێتەوە و دیمەن و ڕواڵەتێکی لەم بابەتەشی لە ئەندێشەی خۆیدا ئەخەملاند. بوار و بەستێنێک کە بتوانێ بە هۆیەوە پێ ببزێوێ. بەهەر بیانوویەک و بەهەر بەهایەک عەباسجان ئەبوا توانای جووڵان پەیدا بکات و بکەوێتەوە ڕێ.

بوون و زیندوو بوون، ئەگەر نە ژیانیش. هەندێ سات هەیە کە دەرباز نەبوون لێیان ئەشکەنجەی مەرگە. ئا لەو کاتانەدایە کە ژیان ئەبێ بە ناچاریی. بۆچی؟ چونکە ڕزگاریی بەس لە ژیان دایە. زیندوو بوون، هەرچەند ژیانیش نەبێ. زیندوو بوون بە ئەندێشەی ژیانەوە؛ هەرچەند بە ئەوینی ژیانیش نەبێ. خۆ دەربازکردن لە چڕنووکی مەرگ؛ لە ئەشکەنجەی مەرگ. ژیان و، کوا لە کوێیە ژیان؟

عەباسجان ناچار و شێلگیری ئەوە بوو بیانوویەک بدۆزێتەوە بۆ ڕسکانی خۆی لەم گەنداوی کات و ساتە، کە هەر چرکەیەکی زیاتر نوقمی ئەکرد. بیانوویەک ساز بکات و ڕوانگەیەک بخەملێنێ؛ لانیکەم بۆ ڕزگارکردنی خۆی لەو گێژەنە ترسناکە. ئەبوایە لەت و کوتەکانی ژیان بدۆزێتەوە، لای یەکەوە دایانبنێ و بیان لکێنێ بەیەکەوە و چاویان تێ‌ببڕێ. ئەبوایە شتێکی خۆش بویستایەت. ئەگەر بە درۆ و دەلەسەش، ناچار بوو بە خۆی بسەلمێنێ و بیکا بە مێشکی خۆیدا کە شتێکی ئەم ژیانەی خۆش ئەوێ. چونکە لە لای ئەو درۆ و گزی، کزی و کەنفتی و نەگبەتی و دزێوی سەدجار لە خاکی پواوی گۆڕ دڵخوازتر بوو. بۆیە ئەبوایە پارچەیەک لە ژیان دەسنیشان بکات و لە نێوان ئەو هەمووە کەلاوەیەوە، ڕەهۆڵێک لێ‌بدات. شتێک ئەبوایە بدۆزێتەوە و ئەوەی عەباسجان ئەیتوانی بۆی بگەڕێ ئەوە بوو کە نیشانەیەکی لەمێشکی ئەودا هەبوو. یەکەمین نیشانە و شوێنەوار. کابرای بەربەر بە جووتێک چاوی ڕەش و مێزەری سپی، ڕیشی ماش و

برنجی و جاکەتی کۆنی ئینگلیزی، پەنجەی شین هەڵگەڕاو و بەری دەستی سواو. کچی کابرای بەربەر، کاروانسەرا، خەربوزە، دەروازەی قۆچان و گەڕەکی سیستانیەکان. دزی، دەڵاڵی، قاچاخ فرۆشی، یان ئەگەر بکرایەت قومارخانەیەکی بچووک. بۆ وێنە هۆدەیەک لە دالانی هەمان کاروانسەرا.

«ئەبێ بۆ ئەو کابرا بەربەرە کەوڵپۆسێک بکرم. ئەو زۆری بە سەرمەوە هەیە.»

بەڵام بە کامە دەسمایە؟!

گرێ کوێرە، دیسانەوەش نهالیەکەی ژێر کەلایی خواداد بوو. ئەو شتەی کە بۆ تاوێکیش لە چەقی ئەندێشە و بیرکردنەوەی عەباسجان دوور نەئەکەوتەوە. پارەکان ئەبوا لە کوێ بن جگە لە ناو دۆشەکڵە؟ کابرایەکی ئاوا بەد گومان، پیاوێکی ئیفلیج و بێ لاق کە بڕوای بە چاوەکانی خۆیشی نییە، جگە لەو ڕایەخەی کە هەموو ساتەکانی ڕۆژ و شەو لە سەری دانیشتووە یان ڕاکشاوە، لە کوێیتری ئەم ماڵەدا ئەتوانێ پارەکانی شاردبێتەوە؟ بەس دۆشەکڵەکە و تەنانەت نە سەرینەکەی بن سەریشی. ئەگەر وانییە ئەی بۆ تەنها ساتێکیش لە سەر ئەو دۆشەکڵە هەڵناسێ، مەگەر ئەو کاتەی کە هیچ کەسی بە دەورەوە نەبێ؟ بۆیە مسۆگەر جێگەی گەنجەکە وا لە ژێر پیرەمێرددا. جێگەی گەنج؛ گەنج!

«کەوەماری پیر؛ کەوەماری پیر، ئەتکوژم!»

عەباسجان خۆبەخۆ پشتی لە دیوارەکە کردبوویەوە و لە پشت قورسیەکە هەڵسابوویە سەر چۆک. ئانیشکەکانی لە سەر قورسیەکە کردبوو بە کۆڵەکە و بە چاڵی چاوەکانی، لە تاریک و ڕوونی بن بنمیچەکەدا لە کاژەرەی باوکی مۆڕەوە ببوو. پیرەمێرد، لە سەر پشت لێی خەوتبوو، لێفە قورسیەکەی تابن چەناگەی هەڵکێشابوو و ئەتوت هەناسەیش نادات. یان لەو سێبەرە ڕەشەدا هەناسەکێشانەکەی نەی ئەدا بەچاودا.

پیرەمێردی خەوتوو لە چاوی عەباسجاندا لە مردوو ئەچوو. مردوو و خامۆش. ئێسکبەندی ڕوخساری کە بە گوێزان لە بنا تاشرابوو لە تۆڵای مەفرەق ئەچوو. چەناگە و گۆنا و برۆکانی نیشانەی ئاشکرا بوون لە بەربەرەکانەی پیرەمێرد لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجە. لەوپەڕی خامۆشی و بێدەنگیشدا، وا دیار بوو لەو هەموو بەدبەختیەی بە سەری هاتبوو سەدجار زیاتریشی بەهیچ نازانێ. چرنووک و ڕوخساری پیرەمێرد، لە زۆری چارەڕەشی، وا پێئەچوو شەقاری بردبوو. شەقار شەقار و سەخت، سەخت و قیرسیچمە. قیرسیچمە. قیرسیچمەیی زیندوومانەوە. زیندوو بوون لە شوێن و کاتێکدا کە کوڕەکەی خۆی، ئەوی بە لەمپەری ژیان و مانەوەی خۆی ئەزانێ. ئەو ڕێگرەی بە هەر ڕۆژێکی ژیانی خۆی، ڕۆژێکی لە تەمەنی عەباسجان کەم ئەکردەوە. کەسێک کە تەنانەت مانەوەی لە هەر ساتێکدا، قەپاڵێکی لە ناوشانی عەباسجان ئەپچڕی. بۆیە مانەوەی عەباسجان لە مردنی باوکدا ئەخەملا و لە مردنی باوکدا بوو کە گەنداوی بۆگەنی ژیانی عەباسجان ڕێگە و ڕۆچنێکی بۆ دەرەوە ئەبینیەوە و ئەکەوتە ڕێ. ئەکەوتە ڕێ. مسۆگەر وەڕێ ئەکەوتەوە و ڕەوان ئەبوو. ڕەوان ئەبوو و ئەم بۆگەنە، ئەم بۆ گەنیوەی کە ژیانی عەباسجانی گەندەڵ کردبوو، لەبەین ئەچوو.

خەباتی مان و نەمان. ململانێی مەرگ و ژیان. دوو ڕێگری سەر بە سەر و شاخ بە شاخ. یەکیان ئەبێ بڕوات. گرێ و گرێش ئەبێ بکرێتەوە. بۆ بوون و ژیان ڕەنگە ڕێگەیەک، هەندێ ڕێگە هێشتا هەبێ. بەڵام مێشکێکیتری ئەویست تا ئەو ڕێگە و دەروانە بدۆزێتەوە. ئەوەی کە بیر و هۆشی عەباسجان دۆزیبوویەوە، بەس ئەم تاقە ڕێگەیە بوو:

«قوتاری ئەکەم؛ ئەبێ قوتاری بکەم!»

قەدیر؛ ئەی قەدیر چی؟ ئەو چی لێ بە سەر دێ؟

«کاتێکە کار تەواو بوو. ئەویش بەشی خۆی ئەبات. لەوە

زیاتر مەگەر چی ئەویٚ؟!»

سەرین!

نەرم و چالاک وەک پشیلەیەک، عەباسجان هەڵسا و لە شوێنی خۆی وەستا. بە سەر قورسیەکەدا چەمایەوە و تاوێک لە ڕوخساری باوکی ڕاما. عەباسجان هەناسەی نەئەدا، بەڵام دەنگی لێدانی دڵی خۆی بە ژمارە ئەبیست. هەستی لەرز و ترس و دوودڵی. نەئەبوایە دەرفەت بە خۆی بدات. لەوە زیاتر خۆی بخافڵاندایەت بۆی هەبوو دڕدۆنگی کاری تێبکات و ڕێی پیٚبگریٚ. بۆیە ئەبوایە لیٚنەویٚ. سەرینی سەر جێوبانەکە. جێوبانی بن دیوارەکەی تەنیشت کەلایی خواداد. عەباسجان سەیری دەستەکانی خۆی کرد و پەنجەکانی بەست و کردییەوە. هەنگاوی هەڵێنا و لای تاقەکە وەستا. هەستی کرد سێبەرەکەی هەموو ژوورەکەی پڕ کردووە. گەڕایەوە، چاوی لە لامپاکە کرد و هەنگاوێکی دیکەی نا. ئەوا لای جێوبانەکە بوو و ئەیتوانی لە تاریک و ڕوونی کزی لامپاکەدا، نیو ڕوخی قەدیری برای ببینیٚ.

«با بۆ خۆی بخەویٚ!»

بە ئارامی دانەویەوە، سەرینەکەی بە هەر دوو دەست هەڵگرت و بەژنی ڕاست کردەوە. ڕێگەی ئەوە بوو بچێتە سەر باوکی، لەپڕ سەرینەکە بخاتە سەر دەمی باوکی، خۆی لە سەری دابنیشیٚ و دەست و باسکی باوکی لە بن ڕکێفی چۆکەکانیدا ڕابگریٚ. بۆیە ئەبوایە بە لای جێوبانەکەدا تێپەڕیٚ و بە هەمان نەرمی و سووکەڵەیی بچێتە سەر سەری باوکی و لە هەمان کاتدا هەوڵ بدات قەدیر دانەچڵەکێنیٚ. هەنگاوێکیتر و هەڵوەستەیەک، لە سەر پەنجەی پێی. لەرزینی ئاشکرا لە ئەژنۆکانیدا. خامۆشی و خەو. خەو و خامۆشی. هەنگاوێکیتر لە سەر سەری کەلایی خواداد. هەناسەی قەتیسماوی ناو سینگی بە بێدەنگی دایە دەرەوە و بەر لەوەی دڵی بتۆقیٚ، هەر دوو سەری سەرینەکەی توند لە ناو چنگیدا گووشی. بیٚئاگا لەوەی کە بە هەمان توندی

لێوەکانیشی ئەکرۆژێ و پەلکی لووتی لە هەر هەناسەیەکدا ئەکرێنەوە و دێنەوە یەک. چی توانای شاراوەی هەبوو لە خۆیدا کۆی ئەکردەوە، هەموو توانایی و وزەی. ئەوەی ئەزانی پەلەقاژەی مەرگ ئەتوانێ خۆی و سەرینی ناو دەستی بە لایەکدا حەوا بدات. بۆیە ئەبوایە هەر دوو سەری سەرینەکە بە هەموو هێز و وزەیەوە ڕابگرێ و وەها خۆی بدات بە سەریدا و وەها گوشار بخاتە سەری کە بتوانێ کەمترین کاردانەوەی پیرەمێرد پووچەڵ بکاتەوە؛ بەجۆرێک کە قەدیر ڕانەچڵەکێ. تاوێکیدی، تاوێکی دیش. زاڵبووی کات و کۆکردنەوەی هێز و وزە. نابێ دەرەنگ بێ. نابێ دەرەنگ ببێ. گەرووی وەکوو خشتی سوور وشک ببوو و هەستی ئەکرد لەرزینی چۆکی بە هەموو لەشیدا بڵاو بۆتەوە و لە هەموو زیاتر تەپەی دڵی لە ڕادە تێپەڕیبوو. تاوێکی دی، هەناسەیەکی دی. لێوەکانی هەروا لە بن ددانەکانیدا، چاوەکانی بەست و سەرینەکەی وەکوو گەواڵە هەورێکی ڕەش دانەواند، دانەواند و، دانەواند.

ــ «زۆڵی زۆڵەزا ئەوە چی ئەکەی، ئەتەوێ بمکوژی؟»

ڕێگەی گەڕانەوە نەبوو. ئەبوایە دەنگی باوکی، دەنگدانەوەی داڕووخانی ڕیزێک خشتی کاڵ، لە ناو لۆکەی گورپ کردووی سەرینەکەدا بخنکێنرێ. عەباسجان نەی ئەتوانی جگە لەمە بیر لە هیچیتر بکاتەوە. هۆش و کرداری ئیتر لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبوو. مەرگ، بەس مەرگ و مەرگ. پەلەقاژەی مەرگ و گێژبوونی ئەندێشە. چاوەکان لە بەربەرەکانێی مەرگدا لە ڕەشەوە ئەهاتن و دەستەکان، دەستەکان!

دەست و مەچەکی ڕەقەڵەی قەدیر لە دەوری مل و ژێر چەناگەی عەباسجان ئاڵابوو. ئەوی لە سەر سینگی باوکی ڕائەکێشا و بێبەزەییانە مشتی لە ورگ و پەراسووی ئەدا و خەریک بوو عەباسجان لەپێ بخا. قەدیر، عەباسجانی کوتا و لەپێی خست. سەرینەکەی حەوادا و، قیژەی شێتانەی باوک،

تەزێکی ترسناکی لە بەند بەندی ئێسک و ژێ بە ژێی دەمارەکانیدا بەدی هێنا:

ــ «باوک کوشتن... باوک کوشتن!»

جێی جنێو گۆڕینەوەی نەبوو. کار لە سنوور و ئاستی وشە تێپەڕیبوو. ڕق و تووڕەیی، ددانەکانی قفڵ کردبوو و ڕەگ و دەماری لەشی لە بن گوشارێکی کوشندەدا گرژ ببوون. قەدیر هەروا ملە لەڕ و لاوازەکەی عەباسجانی لە کەڵەوەی دەست و بازووی‌دا ڕاگرتبوو و عەباسجان لە بن گوشاری کەڵەوەی سەختی دەستی برادا هەناسەی سوار ببوو. قەوچەی ئەکرد و لەوانە بوو هەناسەکێشانی لە بیر بچێتەوە. عەباسجان ئیتر هیچ هێز و وزەیەکی بۆ نەمابوویەوە و هەوڵی بەرپەرچدانەوەشی نەئەدا، جگە لەوەی خۆی لە خنکان ڕزگار بکات. ئەوە بوو لە کاتێکا بە دوای قەدیردا خول و پێچی ئەخوارد، پەنجەکانی لە باسکی قەدیر گیر دابوو و بەو تۆزە هێزەی تێیدامابوو هەوڵی ئەدا لە بن گوشاری مەچەکی برا لە سەر بینەقاقای کەم بکاتەوە.

قەدیریش بە هەمان ڕق و تووڕەیی، بە بێ گوێدانە لاقەفرتێی عەباسجان، بەرەو دەرگاکە ڕایکێشا و بەر لەوەی دەرگاکە بە پەنجەی پێی بکاتەوە، ناوچەوانی براکەی توند کوتا بە دیوارەکەدا، هەر دوو تای دەرگاکەی کردەوە و عەباسجانی ـکە ئێشی تەوێڵی، زیادە لە سست بوونەکەی حۆلی کردبووـ وەک بزنێکی بێگیان، لە ناو دەرگاکەوە هەڵدایە ناو چاڵە پڕ لە بەفرەکەی حەوشە و تاکانی دەرگاکەی شەق پێوەدا:

ــ «سەگی باوک کوژ! بمرە دەی، سەگی باوک کوژ؛ سەگێک لەم دنیایە کەمتر!»

**بەندی دووەم**

تایەکی دەرگای حەوشەی ماڵی بوندار کرابوویەوە و هێڵی ڕژانی ئاو لە ناو کۆڵانەوە تا ناو حەوشە دیار بوو. قەدیر خۆی نا بە باڵشمەی دەرگاکەوە و سەیری ناو حەوشەی کرد. شۆپی ئاوەکە بە قەراخ چاڵەکەدا چووبوو بۆ چێشتخانە. پێی نایە ناو حەوشە و بەرەو چێشتخانە چوو. وشترەکە هەروا لە سەر سێ پێ لە ناو حەوشەدا سەرگەردان بوو. قەدیر لای دەرگای چێشتخانە وەستا و ڕوانیە ناوەوە. لە ناو چێشتخانە قازانێک نرابوویە سەر و لالا خەریک بوو ئێزنگی بن قازانی دائەگیرساند. چێشتخانە هێشتا تاریک بوو و ئاگری کوانووەکە ڕووناکیەکی کزی بڵاو ئەکردەوە.

لالا لە بەر کوانووەکە هەڵسا و دەستی برد بۆ گۆزەکە، هەڵیگرت و بەرەو دەرگاکە هات. قەدیر خۆی لادا بۆ ئەوەی لالا تێپەڕێ. لالا تێپەڕی و قەدیر چووە ژوورەوە و لای کوانووەکە وەستا. پاش تۆزێک لالا گەڕایەوە و گۆزەی ئاوەکەی بەتاڵ کردە ناو قازان و گۆزەکەی لە لایەکەوە دانا. گرێی باڵەکانی سەرپۆشە شەکەرییەکەی لەپشت ملی توند کرد و بێگانەئاسا لە قەدیری پرسی:

ـ هیچت خواردووە؟

قەدیریش بە هەمان دارەت وەڵامی دایەوە:

ـ نەء. ئەگەر پارووەیەک هەبێ ئەخۆم. یانیش پیاڵەیەک چا.
پیاڵەیەک چا ئەگەر هەبێ، خراپ نییە.

نان و ناندێن لە ژووری نوورجیهان بوو. ماست و ڕۆن و ئازووقەش هەر لەوێ بوو. لالا لە دەرگای چێشتخانە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێ بۆ ژووری نوورجیهان. قەدیر لە بەر کوانووەکە دانیشت و دارە سووتاوەکانی بە چیلکەیەک خستە سەریەک. لالا بە نان و تۆزێک ژاژیەوە هاتەوە. سینیەکەی لای دەستی قەدیرەوە دانا و وتی:

ـ دیسانەوەش ئەبێ هەویر بشێلم. تەنووری ماڵی تەلەفوونچییش ئەبێ پێکەم ئەمڕۆ. دوێنێ سی تەنوور[1] نانم کردووە.

قەدیر سینیەکەی نایە سەر بەردە هارەکە و لە بەرامبەریدا هەڵترووشکا و پرسیاری کرد:

ـ چاکەی نوورجیهان وادیارە هێشتا نەخراوەتە سەر؟

لالا باوەشێک داری نا بە کوانووەکەوە و وتی:

ـ ئێستە بۆت ئەهێنم.

ماڵ، وردە وردە لە خەو هەڵئەسا. یەکەم نیشانەی لەخەوڕابوون دەنگی کۆکەکانی بابقولی بوندار بوو. بوندار بە کۆکەکۆکی بەردەوام لە کاتێکا سینگی لە بەڵغەم پاک ئەکردەوە، لە بانیجەوە بەرەو پلیکانەکان هات. قەدیر شانی چەماندەوە و لە ناو دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی کرد. دەنگی پێی بوندار لە ناوداڵان بەرزەوە بوو. قەدیر سەر و شانی بردەوە ژوورەوە. بوندار لە ناوداڵان هاتە دەرەوە. دوگمەی کراسە سپیە بێ یەخەکەی کرابوویەوە. کڵاوبۆرەی نابوو بە تەوقی سەریەوە و پاڵتاوە درێژە خاکیەکەی دابوو بە شانیدا. گیوەکانی خستبوویە سەرپێ، پێی ئەخشاند و بەرەو ئاودەسخانە ئەچوو. ڕووی لە هەموان و لە هیچکەس وتی:

١ ـ یەکەی نانکردن؛ سی تەنوور نان واتە سی دەستە نان، سی دەستەبەرە نان.

ـ ئەتانەوێ لای نیوەڕۆ لە خەو ڕابن؟!

قەدیر لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و لە حەوشە وەستا بۆ ئەوەی کاتێکە بوندار لە ئاودەسخانە تەنگەبەرەکە هاتە دەرەوە، بەیانی باشی لێبکات. بوندار بە دەم دۆخین بەستنەوە هاتە دەرەوە. بەڵغەمی سینەی هەڵدایە ناو چاڵەکە و وەڵامی ڕۆژباشەکەی قەدیری کەلایی خوادادی دایەوە. پاشان کەوتە هەڵدانەوەی قۆڵی کراسەکەی و بەرەو دەرگای حەوشە چوو. وشترەکە هەروا چاوەڕوان و سەرگەردان لە حەوشە وەستابوو و هەر کەس بە بەردەمیدا تێئەپەڕی ملە درێژەکەی بە دوایدا ئەسووڕاند و سەیری ڕۆیشتنەکەی ئەکرد. بابقولی بوندار لای شانی وشترەکە خاوی کردەوە و سەیری قەدیری کرد کە بە دوایدا ئەهات، وتی:

ـ ماشەڵڵا باش قەڵەو بووە!

قەدیر نانە جاوەکەی لکابوو بە پووکیەوە بە نووکی زمانی ڕادا و وتی:

ـ سەد ماشەڵڵا!

بابقولی بوندار کەوتبوویەوە ڕێ. لە دەرگاکە چووە ناو کۆڵان و لە سەر جۆگەکە دانیشت بۆ شۆردنی دەسوچاوی. قەدیر کە ناخودئاگا بە دوای بونداردا ئەڕۆیشت، لای دەرگاکە لە پشت سەری بوندار وەستا بۆ تەماشا کردن. ڕۆینی ئاوەکە، سەر و شانی چەماوە و شاقەلی پاڵتاوە درێژەکەی بوندار، لە بەر چاوی قەدیر شان و شکۆیەکیان ئەنواند. بوندار هەڵسا و لە کاتێکا ئاسەڕی پاڵتاوەکەی بۆ سڕینەوەی دەموچاوی بەرز ئەکردەوە وتی:

ـ مووسا هەڵسێنە! پێی بڵێ یارمەتی لالا بدا و چوار باوەش دار ببات بۆ سەرتەنووری ماڵی تەلەفوونچی.

قەدیر وەرگەڕا و بە دوای فەرمانەکەدا چوو، بوندار چوو بۆ لای چێشتخانە و ڕووی لە لالا کە خەریکی کار بوو وتی:

ـ بەرچایی مووزیکارەکان ئامادە بکە. سەماوەرەکەش لە

سەر داگیرسێنە. چەن هێلکەشیان بۆ بکە ناو ڕۆن!
پاشان بەرەو دەربیجەی دووکانەکەی ئەسلان کە بۆ حەوشە ئەکرایەوە چوو و لە بەر خۆیەوە وتی:
«بەلووچیش دەرنەکەوتەوە. وادیارە یاخیەکان پێشاوپێش نایەن بۆ ئەمجۆرە کۆڕانە!»
لەبەر دەرگا داخراوەکە وەستا. بە نووکی گیوەکەی دای لە دەرگا و وتی:
ــ بۆ ڕانابی شازاوا؟! کارەکانی دنیا بەراوەژوو بووە؟!
دەنگی خەواڵووی ئەسلان لە وەڵامدا، بونداری ڕازی کرد کە ئەو بە ئاگایە. پاشان بەرەو ژوورەکەی نوورجیهان وەرگەڕا و هەر لە دوورەوە وتی:
ــ شەیدای تۆ نایەوێ لەخەو هەڵسێ؟ هەڵیسێنە ئیترا!
دەنگی بە گلەیی نوورجیهان لە قووڵایی تاریکی ژوورەکەوە هات کە وتی:
ــ لێیگەڕێ با بخەوێ کوڕەکەم. دەمەو بەیان بوو گەیشتەوە. شەکەت و ماندووە!
بوندار لە نزیکی دەرگاکە ڕاوەستا و وتی:
ــ هەڵیسێنە، تێگەیشتم! خۆ بڕیار نییە پوورم بێت و ئەم هەموو کارە ڕاپەڕێنێ.
نوورجیهان لە ڕووناکی لێڵی ناوەوەی دەریزانەکەدا چارشێوەکەی لە سەر پەلاسەکە ڕاخستبوو، کەللە قەندەکانی لە سەر بەردەکە دائەنا و بە قەندشکێن لەتی ئەکردن بۆ ئەوەی جارێکیتر وردتر بیانشکێنێ؛ کلۆ، کلۆ.
لە قووڵایی ژوورەکە و لای هەرزاڵەکە شەیدا لە ژێر لێفەکەدا خۆی ئەکێشایەوە و خۆی بائەدا. لە بن دیوارەکە دۆڵی هەویری شێلراو کە شەوی پێشوو لالا شێلابوونی، بۆ ئەوەی هەڵبێن لە ژێر لێفە و تێڕ و جەواڵدا، شارابوونەوە. لای دەستی نوورجیهانیشەوە کتری چا و پیاڵەکانی لێبوون و بوندار

ئەگەریش بیویستایەت بچێتە ژوورەوە و لێفە لە سەر شەیدا هەڵداتەوە، ڕێگەی نەبوو. جارێکی دی. ئەمجارەیان ڕووی لە شەیدا هاواری کرد:

ــ رابە و خۆت کۆکەرەوە لە ناو ئەو جێگایەدا. هەتاو دیار نییە، خۆ ڕۆژ هەیە! هەڵسە بزانم سەد کارمان هەیە! هەڵسە!

شەیدا سەر وقژی ئاڵۆسکاوی لە بن لێفەکە هێنایە دەرەوە و ڕوانیە باوکی کە لە دەرەوەی دەرگاکە وەستابوو. دەستی هێنا بە چاو و ڕوخساری پف کردوویدا و جووڵایەوە. لە سەر دۆشەکەکە دانیشت و ئەژنۆکانی کرد بە قورسی و هەر بەو دارەتە چاوی لێک نایەوە و مایەوە. بوندار لەوە زیاتر ڕانەوەستا، ڕووی وەرگێڕا و وتی:

ــ رابە، ئەو بەختە بەڕینگاڵەش ئەبێ سەر ببڕین، زووبە!

نیگای لە نیگای بوندار و بە ڕۆژباشەوە، ئەسڵان لە دەربیجەی دووکانەکەی هاتە دەرەوە، جاکەتەکەی لە بەر کرد و تێی تەقاند بۆ کۆڵان بۆ ئەوەی دەموچاو بشوات. بوندار کە لە هۆدەکەی نوورجیهان دوور کەوتبوویەوە، ڕووی دەمی لە شەیدا، دیسان وتی:

ــ پاشانیش ئەبێ لەگەڵ براکەت بچی بۆ گەرماو، یاڵڵا!

مووسا و قەدیر لە کەلێنی داڕووخاوی دیواری گەوڕەکەوە هاتن. مووسا ڕۆژباشی لە بوندار کرد و بەرەو چێشتخانە چوو بۆ ئەوەی بزانێ چ خزمەتێکی پێئەکرێ و هەروەها بۆ ئەوەی کە ئەگەر بۆ ساتێکیش بووبێ چاوی لە بوندار نەبێ. بەڵام بوندار لێی نەگەڕا. بەرەو چێشتخانە هات و وتی:

ــ ئێزنگت کە برد بۆ سەرتەنووری ماڵی سەید، ئەو دوو پەڵاسە بەلووچیەش ببە و لە سووچێکی ناو گەوڕ بیانتەکێنە. چوار داریان پیاکێشە با تۆزەکەیان لێبێتەوە. لە ڕاستیدا ئەوە کاری دوێنێت بوو.

پاشان بە لالای وت:

ــ تۆیش ئەگەر دەستت بەتاڵ بوو، سەرەتا چوار دەنک خەڵووز لە ناو تاوڵەمەکە بگەشێنەوە و مەنگەڵێک ئاگر ئامادەکە و بیهێنە سەر. سەماوەرەکەت پێکرد؟ یاڵڵا، یاڵڵا!

مووسا لە چێشتخانە بۆی دەرچووە دەرەوە، چوارشاخە دارینەکەی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و کەوتە جیاکردنەوەی باوەش باوەش لەو چیلکە و گەونەی لە بن دیوارەکە، لە سووچی دیواری کۆڵان و باخچە، لەسەریەک هەڵچنرابوون. قەدیر چووە بەرەوە، چوارشاخەی لە مووسا وەرگرت و وتی:

ــ من جیایان ئەکەمەوە، تۆ بیانبە!

لالا لە ناو چێشتخانەوە، بە بێ ئەوەی دیار بێ لەگەڵ کێیەتی، وتی:

ــ ئەی کوان کچەکەی سالار ڕەزاق و ژنی تەلەفوونچی کە بڕیار بوو بێن بۆ یارمەتیم؟! خۆ من دوو دەس زیاترم نییە!

بوندار خۆی ڕۆیشت بەرەو کۆڵان و وتی:

ــ خۆم ئەچم بانگیان ئەکەم!

ئەسڵان لە سەر جۆگەکە هەڵسا. بوندار لەوی لادا و بەرەو خوار بوویەوە. شەیدا هاتە دەرەوە و لەکاتێکا بە باوێشکێکی بەکێش باڵەکانی ئەکردەوە، بەرەو دەرگای حەوشە کەوتە ڕێ. ئەسڵان لە ناو دەرگاکەدا بە خێرایی دای بە لایدا و خۆی کرد بە ناو دووکانەکەدا و ون بوو. شەیدا پەنجەی لە کاکۆڵی وەردا و لە سەر جۆگەکە دانیشت و هەروا کە دانیشتبوو، پێڵوەکانی نایە سەریەک.

مووسا یەکەم باری ئاورودووی نا بە شانیەوە و لە بن نیگای وشترەکەدا لە دەرگای حەوشە چووە دەرەوە. لای شانی شەیداوە لە جۆگەکە پەڕییەوە و خۆی کرد بە حەوشەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچیدا. ئێزنگەکەی لای تەنوورەکە دانا و گەڕایەوە. مووسا جارێکیتر بە سەر جۆگەکەدا پەڕیەوە و شەیدا جوولا و دەستی کرد بە ناو ئاوەکەدا. مووسا گەڕایەوە ناو حەوشە و

شەیدا شڵپێک ئاوی دا بە ڕوومەتی‌دا و بە دەنگی بابە گوڵاو کە بە نزاکردن بە قەراخ جۆگەکەدا ئەهات، ئاوڕی دایەوە.

مووسا بارێکی‌تری نا بە شانیەوە و چووە دەرەوە. شەیدا لە کاتێکا دەسرە هەورێشمەکەی بۆ وشککردنەوەی دەست و چاوی لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەرئەهێنا، هاتە دەرەوە. لالا لە نزیک دەرگای ژوورەکەی نوورجیهان تاوڵەمەی هەڵئەسووڕاند و هەمیش لەگەڵ نوورجیهان ئەدوا:

ـ دۆڵەکەی هەویرەکان بەجارێک بە دەساودەس ئەبەینە ماڵی سەید. بەم قەرەباڵخیە بۆچی هاتووچۆی زیادی بکەین؟

نوورجیهان وتی:

ـ ئەگەر هەویرەکان ببەی، ئەبێ مەنجەڵی ئاوەکەش ببەی، سفرە و شتەکانی تریش ئەبێ ببەی! لانیکەم بە ژنی سەید بڵێ با تەنوورەکەی ئەوێ دابخا هەر لە ئێستەوە! بە مووسا بڵێ پێی بێژێ!

مووسا هاتەوە. لالا پێی‌وت:

ـ بڵێ تەنوورەکەیان داخەن؛ بە ژنی سەید بڵێ!

بە دوای بونداردا، سالار ڕەزاق و کچەکەی پەیدا بوون. کچە یەکسەر چوو بۆ چێشتخانە و ڕەزاق لەگەڵ بوندار لە کەلێنی داروخاوی دیواری گەورەکەوە چوونە ژوورەوە تا شوێنی کوانووەکان لە بن دیواری ئاغەڵەکە سەیربکەن. شەیدا چوو بۆ ژێرزەمین و ئەسلان لە دەربیجەی دووکان هاتە دەرەوە وبە دوای بوندار و ڕەزاقدا چوو بەرەو ئاغەڵ.

دەنگی بابە گوڵاو لە پێش خۆیەوە ئەهات. پاش تاوێک بە کوێرەکوێر لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورەوە و هەر لەوێ لای دیواری ناوەوە وەستا. سەری گۆچانەکەی بە هەر دوو دەست گرت و کەوتە خوێندنی زیکر و نزا. قەدیر دوا کۆڵی ئاورودووی جیاکردەوە و مووسا نای بە شانیەوە و تیژ لە دەرگاکە چووە دەرەوە.

بوندار و ڕەزاق لە ئاغەڵەکەوە هاتنە حەوشە. سالار ڕەزاق وتی:

ـ قازانەکان لە بن دیواری گەورەکە ئەخەینە سەر. جا گۆشتەکان لە کوێن کە من بزانم چی ئەکەم؟

ئەسڵان شاخی بەختە پەروارەکەی بە هەر دوو دەست گرتبوو و لە ئاغەڵەکەوە ئەیهێنا بۆ حەوشە. مەڕەکە سمەکانی لە قەڵەشی دیواری ئاغەڵەکە لە خاک چەقاندبوو و نەی ئەویست بێتە دەرەوە. شەیدا لە ژێرزەمین هاتە دەرەوە و چوو بە یارمەتیەوە. وشتر ملی بادابوو و سەیری کێشەکەیانی ئەکرد. ئەسڵان و شەیدا بەختەکەیان هێنایە حەوشە. مووسا گەڕایەوە و قەدیر چوو بە یارمەتی براکانەوە. شەیدا پاڵتاوە کورتەکەی داکەند و هەڵیواسی بە داری سێپاکەدا و دەستی برد بۆ سیکاردی بەر پشتێنەی و دەریکێشا. قەدیر و ئەسڵان، بەختەکەیان لە لێواری چاڵەکە دا بەعەرزا و جووت دەس و پێیان بە گوریس بەست. ئەسڵان داوای ئاوی کرد. مووسا دەسبەجێ بە مەسینەی پڕ لە ئاوەوە هاتە پێشەوە. سالار ڕەزاق هاتە لای چاڵەکە و بە بونداری وت:

ـ هەزار ماشەڵڵا، ئەرباب ئالاجاقی بەختەکەی خۆی پێشەکی پێشکەش کردووە!

بوندار لە وەڵامدا وتی:

مرۆڤ نازانێ چۆن چاکەی بداتەوە و لە خەجاڵەتی ئەو بێتە دەرەوە؟ بۆ تاوێکیش گیروگرفتی ئێمەی لە بیر ناچێتەوە. ڕاستەکەی ئەوە، ئەوە کە ئەسڵان ئەکا بە زاوا. مانگێک لەمەوبەر، سێ بەختەی دیاری کردووە کە هەر ڕۆژە و یەکیان سەرببڕین!

شەیدا کە کێردەکەی گرتبوو بە ددانیەوە، لوولەی مەسینەکەی بە زۆر کرد بە ناو ددانەکانی مەڕەکەدا و قومێک ئاوی کردە گەرووی. پاشان قورقوڕاچکەی مەڕەکەی دۆزییەوە

و کێردی لە ددانی کردەوە و هێنای بە ملی مەڕەکەدا. وشتری سەرگردان هەروا چاوی لێیان بوو.

ــ سڵاو و بەیانی هەموان باش!

لۆتی ڕوخەک بوو کە لەخەو ڕابووو و، لە بانیجەوە سەیری ئەکردن و تاو ناتاوێک لووتی هەڵئەلووشی. هەرچەند دیار بوو پیاڵەیەکی بە دڵی بەتاڵ هەڵداوە، بەڵام هێشتا نەهاتبوویەوە سەرخۆ و کەیفی ساز نەبوو. لە پشت سەری ڕوخەکەوە، کوڕەکانی زەریف و کووچک، لە بانیجە خەریکی ڕاهێنان و هەڵخە و داخە بوون. زەریف لە دوورەوە گوڕی ئەبەستەوە و سووکەڵە، پێی ئەخستە سەر قولاپی دەستەکانی کووچک، بە سینەیدا سەرئەکەوت و بەری پێی ئەنایە سەر شانی براکەی و لەو سەرەوە پشتە تەقڵەی لێئەدا و ڕێک لە سەر عەرزەکە ئەوەستایەوە. لە هەمان کاتدا پشتە تەقڵەیەکیتر و تا نزیک دیوارەکە بەردەوام ئەبوو و هەمدیسان بە تەقڵە لێدان بەرەو براکەی تا پێی بگاتەوە. پاشان ئەوەستا و دەستەکانی ئەکرد بە قولاپ بۆ ئەوەی کووچکیش هەمان یاری بکات کە زەریف کردبووی.

ژنەکەی ڕوخەک. ماندوو و خەواڵوو لە ناو داڵانەوە هاتە حەوشە و بە بێ گوێدانە کۆ کردنەوەی چارشێوە چیتەکەی، بە چاوی هەڵمساو و ڕوومەتی زەردکەڵەیەوە بەرەو کۆڵان چوو بۆ ئەوەی دەموچاوی بشوات. لالا مەنگەڵی ئاگرەکەی ئامادە کردبوو و خەریک بوو ئەیبرد بۆ باڵەخانە. بوندار بە پەنجەی ئەماژە بن لووتی خوراند و کەوتە دوای لالا.

شەیدا کێرد و پەنجە خوێناوییەکانی لە بن لوولوی مەسینەکەدا گرتبوو و مووسا ئاوی ئەکرد بە دەستیدا. قەدیر کەللەی بەختەکەی لەبنی شاخیەوە گرتبوو و ئەیبرد لە چێشتخانە دایبنێ. ئەسڵان پاڵتاوە کورتەکەی شەیدای لە سێپایەکە هەڵگرت و دای بە شانیدا و خۆی کەوتە دامەزراندنی

سێپایەکە. قەدیر و مووسا بە یارمەتی ئەسڵان کەڵەشی مەڕەکەیان بردە بن سێپاکە و لە داریان دا. شەیدا خۆی هاتە بەرەوە، بە زەبرێک ورگی مەڕەی هەڵدڕی و دڵ و جەرگ و ڕیخۆڵەی دەرکێشایە دەرەوە. وشترەکە ڕووی لێوەرگێڕان.

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە دوورەوە.

ــ هاتن؟!

بوندار لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و قەدیر بەرەو کۆڵان فڕکەی کرد. بابە گوڵاو سەری وەرگێڕا و وەکوو مێرووڵەیەک خزایە دەرەوە. بوندار خۆی گەیاندە کۆڵان و ملی کێشا. عەبدولە ڕەش، برای سەنەما، بە شانی کۆم و هەنگاوی بڵیند لای سەرەوەی کۆڵانەکە بەرەو ماڵی بوندار ئەهات. ڕیشە بۆرە چەند ڕۆژ نەتاشراوەکەی شووش وەستابوون و سەرچۆکی شەرواڵەکەی وەکوو جێ دەمی سەگ هەڵکەنرابوو و چەپکێک کاکۆڵی چڵکن لە پێش کڵاوە ڕزیوەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە. قۆپچەکانی ئێلەکەکەی کە بەبەری تەنگ بوو، خوار و نابەجێ داخرابوو و بە ڕەنگ و ڕوویدا دیار بوو بۆ دۆزینەوەی دەهۆڵ ژەنەکان زۆر گوندان بە پێی پیادە گەڕاوە. بیمێنێ بۆ بەردەرگا، ئاوڕی دایەوە لە دواوە و دەستە درێژەکەی بەرەو دەنگی لە دوور ڕاکێشا و وتی:

ــ ئاخرەکەی هێنایانم. دۆزیانمەوە و هێنایانم بوندار! ئەوەتانێن!

ــ دەس خۆش و بەخێر بێیتەوە!

بوندار ئەمەی وت و دەستەکانی لە پشتەوە لێک هەڵپێکا، سەر و چەناگەی بەرز ڕاگرت و چوو بەپیری دەهۆڵ ژەنەکانەوە. سالار ڕەزاق کەوتە تەک بوندار و لەو بەری جۆگەکەوە قەدیر و عەبدولە ڕەشیش بەرەو ژوور بوونەوە بۆ پێشوازیکردن. بە دەنگی دەهۆڵ و ئاوازی زوڕنا تاک و تەرا خەڵکیش لە دەرگا و پەنجەرەوە سەریان دەرهێنا. هەندێ کردیانە سەربانان و مناڵ ومێرمنداڵ

ڕژانە کۆڵان. عەبدولە ڕەش بۆ جاری سێهەم وتی:

ـ پێیانم وت هەر لە دەرەوەی ئاواییەوە لێدەن! لێدەن و لێدەن، ها، ها، ها!

چاوەشەکان بە لای دیواری کاروانسەرادا تێپەڕیبوون و ئەهاتن. بە کاوەخۆ هەنگاویان هەڵئەگرت و جارجارەش ئەوەستان. دەهۆڵکوت ئەیکوتا و زۆڕناژەن فووی پیائەکرد و بە گووپە پڕەکانیەوە، سەر و شان و زوڕناکەی بەرز ڕاگرتبوو، سووڕی ئەدا و دیسانەوەش بینی ئەخواردەوە؛ بەجۆرێک کە ئەیویست زایەڵەی زوڕناکەی لە هەموو قەڵاچیمەندا دەنگ بداتەوە. بوندار وەستا و بە عەبدولە ڕەشی وت:

ـ پێیان بڵێ پێهەڵگرن، بڵێ خێراتر. خۆ هێشتا چ باس نییە!

عەبدولە ڕەش لە کاتێکا منالانی لە سەر ڕێی خۆی لا ئەدا، بە خێرایی بەرەو ڕوویان چوو. بوندار ڕووی لە قەدیر کرد و وتی:

ـ بڵێ گەرماو تاپۆ بکەن. بە سەمەد بڵێ بەسیەتی ئیتر. بڵێ مشتەرییەکان بکاتە دەرەوە!

قەدیر گەڕایەوە و بە دوای فەرمانەکەدا بەرەو گرماو چوو. بوندار تووڕە و جاڕسی ئاسمانی تەماوی و ڕووترشاو، بە نەفرەتەوە سەیری ئاسمانی کرد و وتی:

ـ مرۆڤ ئەخنکێنێ ئەم هەوایە!

سالار ڕەزاقی پیر، کە هەندێ جار سەر و ملی ئەلەقی و چەناگەی ناخودئاگا ئەجووڵا، بە شادمانی بە بونداری وت:

ـ بیریشی لێمەکەرەوە! ئاغە و میوانەکان کەی ئەگەنە بەرەوە؟

ـ وابزانم بەر لە نانی نیوەڕۆ خۆیان ئەگەیەنن!

سالار ڕەزاق وتی:

ـ ئەگەر خەمی نانی نیوەڕۆمان نەبوایە، بەختەکەمان ڕائەگرت و لە بەر پێی ئاغەدا ئەمانکرد بە قوربانی. کارێکی

شیرین ئەبوو!

ــ بەختە؟! بەختە لە بەر پێی ئاغەدا قوربانی بکەین؟ ئەویش ئەوەی کە خۆی بەخشیوێتی؟، هەهـ، چەندە سادەی سالار! ئەی وشترم بۆچی دابەستووە؟ وشتر لە بەر پێیدا ئەکەم بە قوربانی!

چاوەشەکان پێیان هەڵگرتبوو و بەهەموو هێز ئەیانکوتا و بەرەبەرە خەڵکێکی زیاتر ئەهاتنە ناو کۆڵان و سەربانان. منالانی پێپەتی و نیوە ڕووت، هەندێک نەخوازە بە بێ دەرپێ، لە هەر دوو بەری کۆڵانەکە و بن دیوارەکان کۆوە ببوون و لە کاتێکا سەیری دەهۆڵ ژەنەکانیان ئەکرد و لەگەڵیان ئەهاتن، جارجارە پایان هەڵئەکەوت و سەرسمیان ئەدا. لەم نێوانەدا عەبدولە ڕەش بەو باڵا ناقۆڵا و دەست و لاقە درێژ و شانەکۆمەکەیەوە، بە سەمای وشتری خۆی، حەنەک و گاڵتەجاڕیی بۆ منالەکان بەدی هێنابوو. کەوتبوویە بەر چاوشەکانەوە و ـبەناوـ سەمای دوو دەسماڵەی ئەکرد و بەو خۆبادانە سەیر و سەمەرەیەی منالانی خستبوویە قاقای پێکەنین. خۆیشی لە کاتێکا سمێڵە بۆرەکانی لە ئاوی لووتی ئەبریقایەوە، پێئەکەنی و ددانە ڕزیوەکانی دەرئەخست.

چاوەش گەیشتنە بوندار و بۆ تاوێک دەست و دەمیان ڕاوەستا:

ــ سلاو بوندار، ئیشەڵڵا بە خۆشی و پیرۆزی. هەمیشە شادی و هەمیشە خۆشی. هەمیشە زەماوەن و زاوایەتی ئیشەڵڵا!

دەهۆڵ ژەنەکان بێگانە نەبوون. شرۆڵەی لانەوازی ئاشنای مەڵبەندەکە. مەرحەبا و کلۆ. کلۆ دەهۆڵی ئەکوتا و مەرحەبا زوڕنای ئەژەند. هەر دووکیان لە ناو جلەکانیاندا ون ببوون. کلۆ کورتە باڵا بوو بە ملێکی لکاو بە شانیەوە، چاوی خڕ و ڕوخساری هاولاوی، تەوێڵی پان و کەپۆی سەلکە شێلم. مەرحەبا لەڕ و لاواز، ملی درێژ و سێوکەی بن گەرووی تیژ، چاوی بادامی بەلووچی، لێوی شین و پەنجەی درێژ. کلۆ لە ناو پاڵتاوە کۆنە

سەربازییەکەیدا ون ببوو و دەستە کورتەکانی بە ئاستەم لە سەر قۆڵە درێژ و هەراوە سەربازییەکەوە هاتبویە دەرەوە. بەڵام مەرحەبا پاڵتاوی لەبەردا نەبوو. تەنها کلاوێکی پێستی دڕاوی نابوو بە لای سەرییەوە و باسکە شین و ڕەقەڵەکانی دەستی تا لای ئانیشک لە قۆڵەکانی جبە شڕەکەیەوە هاتبوونە دەرەوە و لە سەر پێستی چیڕی پشت دەست و باسکی وەکوو نەخشێکی وردتر ترەکیبوون.

ــ خوا پیرۆزی بکات ئیشەڵڵا، خوا پیرۆزی بکات!

مناڵان بەیەک دەنگ هاواریان کرد:

ــ ئیشەڵڵا، ئیشەڵڵا!

کلۆ و مەرحەبا دەست و دەمیان لە کار ڕاداشتبوو و لە ناو مناڵان و لەپشت سەری بوندار و سالار ڕەزاقەوە بەرەو ماڵی زەماوەنەکە ئەڕۆیشتن. لە بەر دەرگا تاوێک ڕاوەستان و دەستیان کردەوە بە لێدان. بوندار و سالار ڕەزاق چوونە ژوورەوە. ئەسلان واق و وڕ لە لای چاڵەکە وەستابوو و سەیری دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکانی ئەکرد و خۆیشی نەی ئەزانی ئەبێ چ بکات. شەیدا و مووسا نیوەی پێستی بەختەکەیان داماڵیبوو و بەردەوام بوون.

کلۆ لە ناو دەرگاکەدا، بەگوێرەی نەریت و باو دەنگی هەڵێنا:

ــ هەر پایەدار بێ زاوا زێڕینە؛ هەر پایەدار بێ ئەسلان خانی بوندار. ئالات شەکاوە، دەست و دڵت کراوە و سفرەت ڕاخراو!

بوندار بە مووسای وت:

ــ بە لالا بڵێ دڵ و جەرگەکەی هەر ئێستە سووربکاتەوە. هەر ئێستە! کوا، لە کوێیە لالا؟

لالا و ڕوخەک لە دالانەکە هاتنە دەرەوە. لۆتی ڕوخەکی ڕەقەڵە و چالاک، بازی دایە حەوشە و بەرەوپیری چاوەشەکان، کەوتە سەمای دوودەسماڵە. لالا لە بوندار نزیک بوویەوە و وتی:

ــ ئاگرەکە ئامادەیە. بردمە سەر، لە چاپەزخانەکە.

دەهۆڵ ژەنەکان بە سەمای ڕوخەک هاتنە حەوشە و بابە

گوڵاو لە سەر ڕێیان لاچوو. بوندار دەهۆڵ ژەنەکانی بە ئەسڵان سپارد و وتی نان و چا بە عەبدولە ڕەشیش بدەن و ڕایگرن و خۆی لە ناو داڵانەکە ون بوو. لە پلیکانەکان سەرکەوت و ڕۆیشت تا لە چاپەزخانەی سەرێ دابنیشێ. کوڕەکانی ڕوخەک و جەیران لە بەر محاجەرەی بانیجە ڕاوەستابوون بۆ سەیرکردن. ژنی ڕوخەک لە چاپەزخانە، لای سینی دەمودەزگاکەی بوندار دانیشتبوو و خەریکی گەرمکردنی هۆقەی وافوورەکە بوو. بوندار پێی نایە ناو هۆدەکە و هەر لە ناو دەرگاکەوە بە کوڕی ڕوخەکی وت:

ــ باوکت بانگ کە بێتە سەر خۆی گەرم بکات!

کووچک لە پلیکانەکانی بانیجە بەرەوخوار بوویەوە و عەباسجان وەکوو سەگێکی برسی لە کۆڵانەوە خۆی کرد بە حەوشەدا و بەو سڵاو سڵاوانەی کە زۆربەی بێ وەڵام مانەوە، یەکسەر چوو بۆ لای عەبدولە ڕەش و لە بن گوێیدا وتی:

ــ وەرە بڕۆ بۆ ماڵەوە براگیان، خوشکت خەریکە دیق ئەکات! ئەوە دوو شەو و دوو ڕۆژە تۆ ڕۆیشتیت چاوەش بهێنی. خۆ نەچووبووی بۆ هەورێشمی چین کە ئەوەندەت پێ بچێ! بڕۆ لانیکەم خۆت پیشانی خوشکت بدە!

عەبدولە ڕەش ئەماژەی بە چێشتخانە کرد و بە قۆشمەیی وتی:

ــ بۆنی ناکەی ماڵکاول؟! ئەوە دڵ و جەرگی بەختەیە خەریکە سوور ئەکرێتەوە. سەنەما خۆ ناکەوێتە قیامەت بە تۆزێ زووتر یان درەنگتر!

بابە گوڵاو لە پشتی عەبدولە ڕەشەوە چرپاندی:

ــ خێر و خۆشی، خێر و خۆشی، خێر و خۆشی ئیشەڵڵا! بابە گوڵاویش لە بیر مەکەن گەنجەکان!

کووچک باوکی بردە سەر و بوندار جارێکیتر هاتبوویە دەرەوە و لای جەیران و زەریف، لە بانیجە وەستابوو:

ــ یەکتان بچێتە سەربان کێشک ڕابوەستێ! ئەوەندەت

نەزانی ئاغە و میوانەکان گەیشتن و ئێمەش دەستمان لە خەنەدا مایەوە؛ یاڵڵا!

ئەسڵان بەرەو داڵان هەڵات و بابقولی بوندار لەپڕ بە سەر محاجەرەی بانیجەدا چەمایەوە و لەکاتێکا لە داخا ددانەکانی لە کیرەوە ئەهێنا، وتی:

ــ کەس لەگەڵ تۆی نەبوو -لەقەز- زاوا زێڕینە! خوانەخواستە تۆ زاوای، کەرە! خۆ تۆ نابێ ئەو کارانە بکەی زانای گەورە! یەکێکم ئەوێ لەو سەر بانە دابنیشێ و کێشک بدات. ئاخخخ، ئاگر خۆڵەمێشی لێ ئەبێ، ئەڵێی چی ئیتر! تۆ عەباسجان، بکەرە سەر ئەو بانە و کاتی هاتنی ئاغە ئاگادارمان بکە! ئەوەندەی تۆزی ترۆمبێلت بینی ئاگادارمان بکە. بە قەدیریش کە گەڕایەوە بڵێ بێتە سەر، بۆ لای خۆم!

ــ بەڵێ بە چاوان، بوندار!

بوندار لە کاتێکا لە بانیجەوە بەرەو چاپەزخانە ئەچوو، نەڕاندی:

ــ کەی ئەیانەوێ خۆیان بناسن ئەم کوڕانەی من؟! کەی ئەیانەوێ شوێنی خۆیان وەبینن؟ کەی ئەیانەوێ لە نرخ و پایەی خۆیان تێبگەن؟ ئاخخخ، کە ئاگر خۆڵەمێشی لێ ئەبێت!

دەنگی بوندار خامۆش بوو و ئەسڵان کە ترێق کرابوویەوە لە چێشتخانە خۆی لە چاوان ون کرد. شەیدا ڕوانیە شۆپی براکەی و بزەیەکی ڕوو لە مووسا لێدا و لە ناو جاکەتەکەیدا شانە و شانێکی کرد و ناوشانی خوراند. عەباسجان لەوە ڕازی نەبوو پێی سپێردرابوو، بەڵام نەشی ئەتوانی جگە لەوە وەڵامی بوندار بداتەوە. لە سەربان هەڵترووشکان و چاو لە ڕێ بڕین، ئەویش لەو هەوا ڕیقاوییەدا، هیچ بە دڵی عەباسجان نەبوو. کزەی سەرماکە لە لایەکەوە، دوور خستنەوەی لە قاچاندن و لستنەوەش بەجێی خۆی، بەڵام دوور کەوتنەوەی لەو کۆڕەی کە هەرچی چۆن بێ شەوق و شۆرێکی هەبوو، بۆ عەباسجان کە

خۆی بۆ هەڵسووڕانی ڕۆژانە ئامادە کردبوو، زۆر ناخۆش بوو؛ بەڵام چاریشی نەبوو. کارێک بوو و ئەبوایە ئەنجامی بدات. پاشان بە قەراخ دیوارەکەدا، خۆی گەیاندە بەر دەرگای چێشتخانە و سەری بردە ژوورەوە و بە لالا و سالار ڕەزاق و ئەسلان کە لە دەور کوانووەکە خڕببوونەوە، وتی:

ــ خۆ گوێتان لێبوو؟ من ئەبێ بچمە سەربان. بەشەکەم بدەن با بڕۆم!

لالا چەند پل سی لە ناو نانێکدا بۆ کرد بە بابۆڵە و دایە دەستی و وتی:

ــ مێوژێک و چل قەلەندەر خۆ نابێ! جگەری مەڕێک مەگەر چەنێکە! خۆی لەو سەرە لەگەڵ مووزیکارەکانی چاوەڕێن! چوویتە سەربان بڕوانە ڕێگەی شۆراویش بزانە سوغرا شۆراوی دیارە یان نا؟ ئێمە لەقەز بە هیوای ئەو ئەو هەموو هەویرەمان شێلاوە.

عەباسجان هەروا چاوی بڕیبوویە چزەچزی پلە جگەری ناو مەنجەڵەکە و گوێی لە گوتەکانی لالا نەبوو. لالا دوو پل جگەری سوورەوەکراویشی بە کەوچکە دارەکە هەڵگرت و خستیە ناو بابۆڵەکەی بە دەست عەباسجانەوە بوو و وتی:

ــ سێبەرت لادە ئیتر!

عەباسجان کشایەوە و بابۆڵەکەی جارێکیتر لوول دا و لە کاتێکا بە هەر دوو دەست گرتبووی، بردی بۆ دەمی و بۆ ئەوەی سەری پارووەکە لە ناو دەمیدا بجاوێ، چاوەکانی بە نائاگا کەوتنە پرتە و پەلکی لووتی لێک هەڵپچڕا. عەبدولە ڕەش خۆی گەیاندە عەباسجان. بەڵام ئەو -وەک بڵێی عەبدولی نەدیوە- ڕووی کردە ئاغەڵەکە و بە لای دەهۆڵ ژەنەکاندا کە لە بن دیوارەکە دانیشتبوو و خامۆش ببوون، بەرەو ناوداڵان هەنگاوی نا.

شەیدا پێستی بەختەکەی داماڵی و هەڵێدایە بن دیوارەکە و مووسا پاچکەکانی مەڕەکەی هەڵگرت و بردی بۆ چێشتخانە.

عەباسجان پێی نایە ناودالانەکە کە قەدیر و میرزای دەلاک لە کۆڵانەوە هاتنە ژوورەوە. میرزا جانتا تەنەکەکەی بە دەستەوە بوو و قنچکە سیگاری سووچی لێوی خەریک بوو ئەکوژایەوە. میرزا، دیار بوو لە گەرماو هاتۆتە دەرەوە. بنی ڕیش و پێستی ڕوومەتی هێشتا تەڕ بوو. پاڵتاوێکی هەراوی کۆنی دابوو بە شانیدا و مێزەری لە سەر پێچابوو. هاوشانی قەدیر، یەکسەر بەرەو هۆدەی نوورجیهان هات و جانتاکەی لە بن دیوارەکە دانا، لە سەر سوندۆڵە وەرگەڕاوەکەی بەردەرگا دانیشت، شەمچەی لە گیرفانی دەرهێنا و بنە جگەرەی پێکردەوە.

عەباسجان کە لە بەر ناودالان پێی سست کردبوو، بە ئەماژەی دەست قەدیری بانگ کرد و لە کاتێکا بە دژواری پارووەکەی قووت ئەدا، ئەماژەی کرد بە باڵەخانە و هەوڵی ئەدا وتنەکەی مایەیەکی خزمایەتی و دڵسۆزی تیابێ، وتی:

ــ چاوەڕێتە. کاری پێتە. وتی بە گەڕانەوەت بچی بۆ لای!

قەدیر خۆی هاتبوویە ناودالانەکە و ئەیویست بچێ بۆ لای بوندار. بەڵام عەباسجان بۆ ئەوەی وای دەربخات ئەوە ئەوە کە قەدیر ئەبا بۆ لای، شان بە شانی قەدیر کەوتە ڕێ و لەگەڵی بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. کە گەیشتنە بانیجە، تا بەر دەرگای باڵەخانە لەگەڵ قەدیر ڕۆیشت و خۆی گەڕایەوە بۆ لای محاجەرەی بانیجەکە و هەر لەو سەرەوە، بە میرزای دەلاک کە خەریکی تیژکردنی گوێزانەکەی بوو، وت:

ــ نۆرە، منیش وام لە نۆرەدا وەستا میرزا!

میرزا بە خواری سەیری سەرەوەی کرد و وتی:

ــ تۆ پەتێکی مفتە بدۆزەرەوە و خۆتی پێ هەڵواسە باشترە!

دەنگی بوندار لە چاپەزخانەکەوە بە تەوسەوە بەرزەوە بوو کە بە عەباسجانی ئەوت:

ــ ئەی کەی ئەتەوێ بچیتە سەربان تۆ عەباسجان! پاش ئەوەی کە میوانەکان گەیشتن؟!

عەباسجان غاری دا و بە پلیکانەکانی سەربان‌دا سەرکەوت و بە دەمی پڕەوە لە وەڵامدا وتی:

ــ من لەم سەرەم بوندار، من هام لەسەر. ئاوەتا، قەدیرم بۆ هێنای. ئەوەتا لە ژوورەوە چاوەڕێی تۆیە!

عەباسجان خۆی گەیاندە سەر بان. بەڵام پاش ئەوەی سەیرێکی ڕێگەکەی کرد، جارێکی‌تر چاوی بڕیەوە ناو حەوشە. ئەتوت نایەوێ لەوەی لە حەوشە ڕوو ئەدا، خافڵ ببێ.

ــ هێشتا خۆ زەماوەن دەستی پێ‌نەکردووە براگیان. زەماوەن شەوە. شەو نان ئەدەن. بڕۆنە ئەولاترەوە. ئەوەندە لەم ناوە خولەتان نەیەت! بڕۆنە ئەولاترەوە بابەگیان.

سەیدی تەلەفوونچی بە ناو مناڵەکان‌دا هاتە حەوشە و ڕاست بەرەو چێشتخانە چوو و بە لالای وت:

ــ سوغرا کوێری شۆراوی هاتووە. خەریکە دەس ئەکا بە نانکردن. وەرە خۆت بڕۆ بزانە چی ئەکەن. هەڵبەت مناڵەکانی ئێمە و خوشکەکەی بەراتعەلیش وان لە بەردەستی‌دا. بەڵام دیسانەوەش خۆت ببی خراپ نییە. دۆڵەکانی‌تر لە کوێن؟

لالا لە ناو چێشتخانەوە وتی کە دۆڵەکان لە ژووری نوورجیهانە. سەیدی تەلەفوونچییش بەرەو هۆدەکەی نوورجیهان چوو و داوای یارمەتی کرد بۆ ئەوەی دۆڵە هەویرەکان ببات بۆ ماڵی خۆیان بۆ لای تەنوورەکە. عەبدولە ڕەش چوو بۆ یارمەتی سەید و ئەسلان بە سینیەک پڕ لە نان و یەک دوو پیاڵە ماستی خەسەتوورەکە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە، سینیەکەی لە بەردەم مەرحەبا و کلۆ دانا و بەوانی‌تریشی وت:

ــ فەرموون هەر کەس نانی نەخواردووە!

بابە گولاو بە گۆچان ڕاوەشاندن هاتە بەرەوە. سەید و عەبدولە ڕەشیش لە کاتێکا دوو دەسکی دۆڵی هەویرەکەیان بە دەستەوە بوو لە هۆدەکەی نوورجیهان هاتنە دەرەوە. عەبدولە ڕەش لە کاتێکا پاشەوپاش هەنگاوی ئەنا و نیگای بە خواری لە

سینی نانەکە بوو، بە دەنگی بەرز وتی:
ـ بەلاوە میوانەکان، بەلاوە میوانەکان. من ئەوانەم لە پێنج فرسەقەوە هێناوە ماڵ کاولانە!
سەیدی تەلەفوونچی شانێکی دا لە بابە گوڵاو و بە گاڵتەوە وتی:
ـ ئاگات لە خۆت بێ بە سەرەوە نەکەویتە ناو قازانەکە، ئاگات لێبێ!
شەیدا و مووسا دەستیان لە کار هەڵگرتبوو. مووسا پاروویەک نانی گرت بە دەمەوە و چوو مەسینە پڕ بکاتەوە بۆ شۆردنی دەستەکانی شەیدا. شەیدا مەڕەکەی بەجێ هێشت سالار ڕەزاق بۆ ئەوەی بەو جۆرەی خۆی ئەیەوێ، لەت و کوتی بکات. سالار ڕەزاق بە پاروە نانێکەوە لە سەر سینیەکە هەڵسا و بۆ هێنانی سوێنەیەکی گەورە، چوو بۆ ژوورەکەی نوورجیهان. نوورجیهان بەردەوام بوو لە قەند شکاندن. مووسا بە مەسینەی ئاوەوە گەڕایەوە بۆ حەوشە و شەیدا لە لێواری چاڵەکە هەڵترووشکا و دەست و سیکاردی گرت بەبەر لوولەی مەسینەکەوە. میرزای دەلاک پاروویەک نان و ماستی هەڵگرتبوو و لە سەر جێی خۆی دانیشتبوویەوە. سەیدی تەلەفوونچی و عەبدولە ڕەش هاتنەوە. عەبدولە ڕەش ڕاستەوخۆ چوو بۆ لای سینی نان و ماستەکە و لە کاتێکا نانێکی لەت ئەکرد، بە کلۆ و مەرحەبای وت:
ـ خافڵ مەبن، خافڵ مەبن کە بە برسێتی ئەمێننەوە!
لالا لە چێشتخانە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی دڵ و جگەری سوورەوەکراو ببات بۆ باڵەخانە. شەیدا خەریکی شۆردنی دەسوپلی بوو. لالا بە لایدا تێپەڕی و بێ پەروای مووسا کە ئاوی ئەکرد بە دەستی شەیدادا، وتی:
ـ خۆت ون مەکە، بەشی تۆم خستۆتە لاوە!
لەبەر دەرگای باڵەخانە قەدیر قاپی جەرگ و دڵەکەی لە لالا

وەرگرت و بە جەیران و زەریفی وت کە هێشتا لە بەر بانیجە وەستابوون:

ــ فەرموون. فەرموون ئێوەش. فەرموون بۆ دیو.

لالا، بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە بۆ ئەوەی بچێ بۆ سەردانی نانکردنەکە. قەدیر ڕێگەی بۆ جەیران و زەریف کردەوە بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە. عەباسجان لە سەربانی باڵەخانە، ڕاست بە سەر سەری قەدیردا چەمابوویەوە و بە دەنگێکی وەکوو سیکەسیکی سینە شتێکی بە قەدیر ئەوت. بەڵام قەدیر بە بێ گوێدانە عەباسجان بە دوای زەریفدا چووە ناو ژوورەکە و قاپی جەرگ و دڵەکەی لە ناو کەشەفەکە دانا و خۆی گەڕایەوە و لای دەرگاکە، لە بەر سەماوەرەکە دانیشت.

کووچک، زەریف و جەیران لەدەور کەشەفەکە بوون. ژنی ڕوخەک، بوندار و ڕوخەک لە چاپەزخانە بوون. چاپەزخانە دیوار بە دیواری دیواخان بوو. کووچک هەر لەوێوە کە دانیشتبوو بە مشتە ڕەقەڵەکەی دای لە دیوارەکە و باوک و دایکی بانگ کرد بۆ بەرچایی خواردن. ڕوخەک و ژنەکەی هاتن و لای کەشەفەکە دانیشتن. ڕوخەک دەستی برد بۆ قاپەکە و چەند پل جەرگی سوورەوەکراوی بۆ خۆی جیاکردەوە و وتی:

ــ هەرچەن هێلکەورۆنیشمان خوارد، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ لەم جەرگ و دڵە لابدات.

ژنی ڕوخەک بە لالووتی تیکەیەکی گرت و بە مێردەکەی وت:

ــ ئەی چرای شیرەکە چی لێهات؟ تۆ خۆت ئەزانی من بە وافوور ساز نابم. لانیکەم یەکێکم لەگەڵ بنێرە بچم بۆ شیرەخانە!

ڕوخەک ئەیزانی ژنەکەی لەگەڵ کێیەتی، بۆیە وتی:

ــ قەدیرخان هەر ئێستە جێبەجێی ئەکات! بۆ نایەیتە بەرەوە پارووێەک بخۆی قەدیرخان؟، بوندار چی؟ بۆ ئەویش تۆزێک

بەرە، وەرە!

روخەک چەند پل دڵ و جەرگی خستە ناو دەورییەک و لە کاتێکا ڕای ئەگرت بۆ قەدیر، وتی:

ــ ئەمە بەرە بۆ بوندار و پەیامەکەی دایکی زەریفیشی پێبگەیەنە. بڵێ دۆعای خێری بۆ ئەکات!

لەم کاتەدا بوندار قەدیری بانگ کرد بۆ چاپەزخانە:

ــ پیاڵەیەکی بەتاڵ بۆ من بهێنە، قەدیر!

قەدیر دەفری جەرگ و دڵەکەی لە لۆتی ڕوخەک وەرگرت. پیاڵەیەکی خاوێنیشی هەڵگرت و بۆ بونداری برد. بوندار وافوورەکەی خستە لاوە، دووکەڵی لە کونە لووتیەوە دایە دەرەوە و دەفری جەرگ و دڵ و پیاڵەکەی لە قەدیر وەرگرت. قۆری لای مەنگەڵەکەی هەڵگرت و لە کاتێکا چای تێئەکرد بە قەدیری وت:

ــ بۆ دانانیشی؟، دانیشە!

قەدیر دانیشت و بوندار دەورییەکەی پاڵ پێوەنا بۆ لای ئەو وتی:

ــ پاروویەک بخۆ. خۆ ناشتات نەخواردووە؟! بخۆ!

ــ ئەمە بەشی ئێوەیە.

ــ تۆیش بخۆ، پێکەوە ئەیخۆین. با جارێ ئەم چا بخۆمەوە من!

بوندار پیاڵەی چاکەی برد بۆ لێوی و قەدیر ڕاوەستا تا بوندار دەس پێبکات. بوندار پیاڵە بەتاڵەکەی لای سینیەکەوە دانا، جنچکێک جەرگی برد بۆ دەمی و وتی:

ــ ئەمەوێ بە تیرێک دوو نیشانە بپێکم. ڕەنگیشە سێ نیشانە! بخۆ!

قەدیر دەستی برد بۆ خواردنەکە و چاوی بڕییە دەمی بوندار. بوندار پارووەکەی جاوی و قووتی دا، دەستی هێنا بە دەور دەمیدا و وتی:

ــ خوێن ئەبێ بڕژێتە سەر عەرز کاتێکە زاوا لە گەرماو دێتە دەرەوە. زاوا ئەبێ کاتێک لە گەرماو بێتە دەرەوە کە ئاغە و میوانەکانیتر گەیشتبێتنە بەرەوە. لەم کاتەدا لە بەر دەرگای ماڵەوە خوێن ئەڕێژین، نەک لە بەر دەرگای کاروانسەرا. نەزرم کردووە. جارێ بەرچاییەکەت بخۆ و بە میرزا بڵێ سەری ئەسڵان چاک بکات و ڕیشی جوان بتاشێ. شەیداش ئەبێ لەگەڵ براکەی بچێ بۆ گەرماو. ئەم کارانە ئەبێ خۆت ڕێکیان بخەی. ئەمانە هێشتا خاون. سەریان لەگەڵ کلکیان یاری ئەکا. خۆیشم تاوێکیدی دێمە خوارەوە!

قەدیر هەڵسا و بوندار وتی:

ــ بە ڕوخەکیش بڵێ چاشتەکەی خوارد بابێ بۆ ئێرە.

قەدیر بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، وتی:

ــ ژنی ڕوخەک چراــ نێرگەلەی شیرەی ئەوێ. خۆی دەمووەزگاکەی هەیە. وابزانم کووچکیش پێی ناخۆش نییە!

ــ بە کووچک بڵێ با بێت بۆ ئێرە. عەبدولە ڕەشیش بنێرە چرای شیرە بهێنێ. لەم سووچە، لێرە دای ئەنێین.

قەدیر پەیامی بە مووزیکارەکان گەیاند و خۆی لە پلیکانەکان چووە خوارەوە.

سالار ڕەزاق چووبوو بۆ ئاغەڵ و لە بن دیواری ئاغەڵەکە خەریکی دانانی کوانوو بوو بۆ قازانەکان. سێ کوانووی گەورە بە خشتی کاڵ. بۆ ئەمکارە عەبدولە ڕەش و مووسا خشتیان ئەهێنا. مووسا و عەبدولە ڕەش خشتە کاڵەکانیان لە دەرەوەی گەوڕەکە ئەهێنایە ژوورەوە و نزیک دیوارەکە ڕیزیان ئەکرد. سالار ڕەزاقیش لە سەر یەکی دائەنان و ئەیکردن بە کوانوو. قەدیر لەبری ئەوەی عەبدول بنێرێ بە دوای ڕاسپاردەکەی بوندار‌دا، ئەوی نارد بۆ لای بوندار و خۆی کەوتە خشت کێشان، لەگەڵ مووسا.

عەبدولە ڕەش دەست و جاکەتی تەکاند، لە قەڵەشی

دیوارەکەوە چووە حەوشە و بەرەو باڵەخانە سەرکەوت. لالا و سەیدی تەلەفوونچی دۆڵی دووەمی هەویریان لە هۆدەی نوورجیهان هێنایە دەرەوە بۆ ئەوەی ماڵوماڵی پێبکەن. کلۆی دەهۆڵکوت لە بن دیوارەکە هەڵسا و هات بۆ یارمەتی تەلەفوونچی، لێواری دۆڵەکەی لە دەستی لالا وەرگرت. لالا ئەو شرە و شاتاڵەی پێویستی بوو لە چێشتخانە هێنای و بە دوای پیاوەکاندا بەرەو ماڵی تەلەفوونچی کەوتە رێ.

عەباسجان لە سەر بانەوە هاواری کرد:

ــ وا خەریکن دێن، بوندار. دوو سوار و یەختەرمەیەک. لە رێگەی زەعفەرانیەوە دێن!

بونداریش لە شوێنی خۆیەوە، لە وەڵامی عەباسجاندا وتی:

ــ ئەوە کوێخا حەسەنە. ئەبوایە بەیانی زوو لێرە بوایەت ئەو سەگبابە!

عەباسجان وتی:

ــ یەختەرمەکەشیان باری بە کۆڵەوەیە!

بوندار وتی:

ــ دەفر و ئامان و مەنجەڵە. خۆم داوام کردوون!

عەباسجان بێدەنگ بوو و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ پیاڵەیەک چاش نادەن بە مرۆڤ! نانی جیر لە ناو گەروومدا گیری کردووە و هەر لەوێ ماوەتەوە؛ پیاڵەیەک چا، بابەگیان!

عەبدولە رەش لە باڵەخانە هاتە خوارەوە و لە حەوشە دەرکەوت. قەدیر کە مووسای لە بەر دەستی سالار رەزاق دانابوو، لە گەورەوە هات بۆ حەوشە و بۆ شۆردنی دەست و پلی چوو بۆ سەر جۆگەکە. لە گەڕانەوەدا سەمەدی توونچیشی لەگەڵ بوو. سالار رەزاق کارەکەی بەجێ هێشتبوو بۆ مووسا و خۆی هاتبوو بۆ حەوشە و لەگەڵ ئەسلان خەریک بوون مەرەکەیان لەت ئەکرد. قەدیر کێردی لە ئەسلان وەرگرت و دای بە سەمەد و بە زاوای وت بچێ لە بەر دەستی سەرتاش دابنیشێ:

ــ دانیشە دەوری سەرت چاک بکە. ئەبێ بچن بۆ گەرماو. سەمەد گەرماوەکەی بۆ پاوان کردوون.

سالار ڕەزاق سوێنەیەکی گەورەی لە بن کەڵەشی مەڕەکە دانابوو کە بە قاچ هەڵواسرابوو و بە کاهوورەکەی ئەسڵان خەریکی پارچەکردنی بوو. مووسا لە ئاغەڵ هاتە دەرەوە و بەرەو خەرمانی ئاورودوو چوو. باوەشێک چاڵووکی نا بە شانەوە و بردی بۆ ئاغەڵ. سەیدی تەلەفوونچی گەڕایەوە و چوو بۆ چێشتخانە. کترییە گەورەی چاکەی هێنا و دەورێکیتر چای تێکرد. نوورجیهان دەفرێکی مەزن قەندی شکاوی لە دەرگای ژوورەکەوە نایە دەرەوە. شەیدا کە لە بن دەرگاکە دانیشتبوو قەندەکەی لە دەستی دایکی وەرگرت و بەڕێی کرد. قەدیر چوو بۆ هۆدەی نوورجیهان و هەواڵی تەشتی خەنەی پرسی. میرزای دەلاک فۆتەکەی لە دەور ملی ئەسڵان ئالاند. شەیدا دوو سەری دەسرە هەورێشمەکەی گرتبوو بە دەستەوە و پشت ملی پێئەخوراند. قەدیر بە تەشتی خەنەوە لە هۆدەی نوورجیهان هاتە دەرەوە، لای دەستی میرزاوە کە خەریکی چاککردنی قژی ئەسڵان بوو وەستا و وتی:

ــ ئەم تەشتە خەنەیە ئەدەمە دەس تۆ!

میرزا، سەمەدی توونچی پیشان دا و وتی:

ــ بیدە دەس سەمەد. لە گەرماو لێی وەرئەگرمەوە. بوخچەی گەرماوی زاوا ئامادەیە؟

نوورجیهان لە ناو ژوورەکەوە وەڵامی دایەوە:

ــ لێرەیە دایکەکەم. لە بەردەسایە.

قەدیر سەری کرد بە ناو گەوڕەکەدا و بەرەو سالار ڕەزاق ئاوڕی دایەوە و وتی:

ــ کوانووەکان خۆ ئامادەن ماشەڵڵا!

سالار وتی:

ــ دیارە کە ئامادە ئەبن، بۆ ئەتویست ئامادە نەبێ؟! کار گەر بیکەی جێبەجێ ئەبێ.

مووسا باوەشێکیتر داری نا بە شانیەوە و بردی بۆ ئاغەڵ.

ـ هاتن، میوانەکان هاتن!

سەیدی تەلەفوونچی چوو بە پێشوازەوە. کوێخا حەسەنی زەعفەرانی و میرخانی دزمینی لە هێسرەکانیان دابەزین. شەیدا هاتە کۆڵان و هەوساری وڵساتەکانی گرت. کوێخا حەسەن شەڵتەی لە پشتی هێسرەکە داگرت و دای بە شانیدا. بەڵام باری هێسرەکەی میرخان قورس بوو. دووتا کشمیشی بەدیاری هێنابوو. هێسرەکەیان بە بارەوە برد بۆ حەوشە و بارەکەیان داگرت. مەنجەڵ و دەفر و ئامان بە پشتی کەرەکەوە بوو. عەبدولە ڕەش گەیشت. سەمەدی توونچی و عەبدول بارەکەیان لە پشتی کەرەکە داگرت. شەیداش هێسرەکانی برد بۆ گەوڕ، بەستیانیەوە و هاتە دەرەوە و بەرەو دیواخان تێی تەقاند. فەردە کشمیشەکانیان برد بۆ هۆدەی نوورجیهان و مەنجەڵ و قاپ و دەورییان لە بن دیواری چێشتخانە دانا. سەیدی تەلەفوونچی میوانەکانی بۆ دیواخان خستە ڕێ و بوندار لە دەرگای چاپەزخانە هاتە دەرەوە بە پێشوازیانەوە. مووزیکارەکان لە دەرگای دیواخان هاتنە دەرەوە و چوون بۆ چاپەزخانە. بوندار میوانەکانی برد بۆ میوانخانە.

ـ پیاڵەیەک چا بدەن بە منیش ماڵکاولانە!

کەس گوێی لە پاڕانەوەی عەباسجان ڕانەگرت. سالار ڕەزاق پارچە گۆشتەکانی لە ناو سوێنەکە هەڵچنی. مووسا و سەمەدی توونچی سوێنەکەیان برد بۆ چێشتخانە. سالار ڕەزاق بن قازانێکی هەڵکرد و وتی قازان و مەنجەڵە بارمتەکان بهێنن بۆ ئاغەڵ و بیخەنە سەر بۆ شێوی شەو:

ـ باوەشێک ئێزنک بهێنە بۆ ئێرەش، مووسا، کوڕم!

میرزا فۆتەی لە دەور ملی ئەسڵان کردەوە، لە ناو چاڵەکە تەکاندی، پشت ملی زاوای سڕی، فۆتەکەی دا بە شانی زاوادا و وتی:

ـ یەکی دی!

شەیدا دەسرە هەورێشمەکەی لە ملی ڕاکێشا و خستیە گیرفانی. نیو پاڵتاوەکەی لە شانی کردەوە و لای دەرگای ژووری دایکیەوە لە سەر هاوەنەکەی بن دیوار داینا. دانیشت و بە میرزای وت:

ـ بەس دەور ملم ڕێک بکە کاکە میرزا!

میرزا فۆتەی لە دەور ملی شەیدا گرێ دا. سەمەدی توونچی دوا قومی چاکەی خواردەوە، تەشتی خەنەی هەڵگرت و وتی:

ـ من ئەڕۆم بۆ گەرماو. ئەڕۆم بەڵکوو چوار دەنک ئەسپەندەر پەیدا بکەم.

بابە گوڵاویش کەوتە ڕێ و وتی:

ـ منیش بڕۆم هەوڵی خۆم بدەم. منیش چوار دەنک ئەسپەندەر بکەمە سەر ئاگر!

عەبدوڵە ڕەش لە ناو دالانەکە هاتە دەرەوە و لە کاتێکا بەرەو گەوڕ ئەچوو پرسی:

ـ چی بکەمە ئاخوڕی هێسرەکان، ئەرباب؟

شەیدا وتی:

ـ کۆزەرەیان بۆ تێکە. بڵێ مووسا هەمارەکەت پیشان بدات. شتێکی تریش، عەبدول!

ـ بەڵێ ئەرباب!

ـ لە ئێستە بەملاوە چارەوای میوانەکان لە دەرگای پشتەوە ببە بۆ گەوڕ.

ـ تێئەگەم ئەرباب. بەڵێ باشە.

سالار ڕەزاق بە ئارەق ڕشتن لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و هەر لەوێوە هاواری کرد:

ـ چوار دەنک ئەسپەندەر بکە بە سەر ئاگردا، نوورجیهان! چوار دەنک ئەسپەندەر!

ژنی سەیدی تەلەفوونچی بە سینی ئەسپەندەر سووتەوە

لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورەوە و سەیدی تەلەفوونچی کەوتە خوێندن:

ــ «سەوزە ئەسپەندەر، سەوزە زارە ئەسپەندەر؛ ڕێ کەرەوەی سەد هەزار کارە ئەسپەندەر!»

عەباسجان لە سەر بانەوە بە سەر گەوڕەکەدا شۆڕ بوویەوە و بە عەبدولە ڕەشی وت:

ــ پیاڵەیەک چا ئاخر، بێ بەزەییانە. دەمم وشکە، وشک!

عەبدولە ڕەش گوڵە جۆکانی لە سەر دەستیەوە کردە ناو ئاخوڕەکە و لە وەڵامدا وتی:

ــ دڵت خۆشە تۆیش لەم بگرە و بەردەیەدا. سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە، براگیان! ئەوەندە خومارم ئاو لە نۆ کونمەوە کەوتۆتە ڕێ، دەرفەت ناکەم؛ ئەوسا سواری تەل ببم و چا بهێنم بۆ تۆ لەو ئاسمانە؟! نووکە پێیەک وەرە خوارەوە، چاکەت بخۆ و بگەڕێوە سەر ئیتر، پیاوی خۆش غیرەت!

عەبدولە ڕەش پاش لێبوونەوە لە ئالیک پێدانی وڵساتەکان بە بێ گوێدانە خورتە و بۆڵەی عەباسجان هاتەوە بۆ حەوشە، لە شەیدا نزیک بوویەوە و وتی:

ــ من بە سەر پێوە ئەچمەوە بۆ ماڵەوە و ئەگەڕێمەوە، ئەرباب!

عەباسجان هاواری کرد:

ــ حاجی خورسوفی، حاجی خورسوفی و چەن کەس لە هەڤالانی. یەک دوو ژنیشیان لەگەڵە، لە ڕێگەی قەڵاتەوە دێن!

بوندار لە دیواخانەوە هاتە بانیجە، سەیری عەباسجانی کرد و پرسی:

ــ چۆن ئەزانی حاجی خورسوفیە؟

عەباسجان وتی:

ــ بە خێزانەوە هاتووە. هێسرێکی یەختەرمەشیان لەگەڵە. وابزانم باریان پێیە!

بوندار سەری بردە ژوورەوە، وا دیار بوو دەرفەت لە میوانەکان وەرئەگرێ. هاتە دەرەوە و بۆ بەپیرەوە چوون بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. بەر لەوەی پێ بخاتە ناو کۆڵان بە ژنی تەلەفوونچی وت:

میوانی ژن لە ماڵی ئێوە شوێنیان بۆ دانراوە. وەرە خۆت بیانبە ژوورەوە!

ژنی سەید سینی ئەسپەندەرەکەی لە بن دیوارەکە دانا و لەگەڵ بوندار لە دەرگای حەوشە چووە دەرەوە.

میرزای دەلاک فۆتەی لە دەور ملی شەیدا کردەوە، کەرەسەکانی کۆکردەوە، جانتاکەی داخست و چوو بۆ هۆدەکەی نوورجیهان بۆ ئەوەی بوخچەی گەرماوی زاوا وەربگرێ. لالا لە نێوان هەردوو ماڵەکەدا بەردەوام لەهاتوچۆدا بوو. ئەو نانانەی لە تەنوورەکەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی ئەکرا، ئەیهێنا بۆ ماڵی بوندار، ئەیبرد بۆ ژێرخان و لەوێ لە سەر ئەو چارشێوانەی ڕاخرابوون هەڵێ ئەخستن.

قەدیر عەگالی وشترەکەی کردەوە، قەمتەری کردە سەری و وڵساتەکەی برد بۆ ئاغەڵ. میرزای دەلاک بە بوخچەی گەرماوی زاواوە لەژووری نوورجیهان هاتە دەرەوە. ئەسلان و شەیدا ئامادەی ڕۆیشتن بوون. سەیدی تەلەفوونچی سینی ئەسپەندەرەکەی هەڵگرت، ئاگرەکەی نوێ کردەوە. ئەسپەندەری کردە ناو ئاگرەکە و بە دەوری سەری زاوادا گێڕای و سەڵەواتی لێدا و بۆی سەنرایەوە. دەهۆڵ ژەنەکان دەستیان پێکردەوە و کەوتنە بەر زاوا و برازاوا و کردیانە کۆڵان. قەدیر لە ئاغەڵ هاتە دەرەوە. ئەسلان و شەیدا، سەیدی تەلەفوونچی بە سینی ئەسپەندەر سووتەوە، میرزای دەلاک کە بوخچەی گەرماوی دابوویە بن باخەڵی و جانتاکەی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ قەدیری کەلایی خواداد لە نێوان کۆمەڵێک مناڵ و مێرمنداڵدا بەرەو گەرماو کەوتنە ڕێ. دەهۆڵ و زوڕنا لێیان ئەدا و بابە گوڵاو هێشتا دیار نەبوو.

بەرەو ڕوویان بابقولی بوندار و میوانەکان ئەهاتن. حاجی

خورسوفی و زاواکەی لە هێسرەکانیان دابەزیبوون و هەوساریان ڕائەکێشا. لە ناو مەیدانی بەر گەرماو چارەواکانیان لادا بۆ ئەوەی دەهۆڵ و زوڕنا تێپەڕن. حاجی خورسوفی دەسکەوساری دا بەدەست زاواکەیەوە، هاتە پێشەوە و لەگەڵ زاوا ماچ و مووچی کرد. ئەسلان لە کاتێکا دەستی لەگەڵ زاواکەی خورسوفی لێئەدایەوە، لە بن چاوەوە سەیری ئەو گوێرێژەی کرد کە دیارییەکانی بە کۆڵەوە بوو. ژنی تەلەفوونچی کچەکانی حاجی خورسوفی بە ناو ئاپۆرەکەدا تێپەڕاند و بەرەو ماڵەوەی بردن. بوندار و میوانانی پیاویش بەرەو ماڵە بوندار. بابە گولاو لە کاتێکا پیاڵەیەک ئەسپەندەرسووتی لە سەر دەوریەکی کۆنی زەرد بە دەستەوە گرتبوو، لە بن دالانە کۆنەوە پەیدای بوو و بە گۆچان کوتان هات. بەڵام تازە درەنگ ببوو. چونکە زاوا و براکەی بە پلیکانەکانی گەرماودا چووبوونە خوارەوە و دیار نەمابوون و ئەو ئەبوایە خۆی بگەیەنێتە ناو جلکەنی گەرماوەکە. چاوەش لە ناو گەرماو کوتایان و فوویان پیاکرد بۆ ئەوەی بەزمەکە خۆش بکەن.

ورده ورده خەڵکێکی زیاتر لە مەیدانی بەر گەرماو کۆبوونەوە. هەرچەند هەتاو هێشتاش لە پەنای هەورەکاندا بوو و ئەتوت مەبەستی ئەوەی نییە خۆی دەربخات، بەڵام هەرچی چۆن بێ ڕۆژ دەستی پێکردبوو. کە وا بوو ئەبوایە لە ماڵ دەرکەون و بەرەو کۆلان بینەوە. دەرباز بوون. بۆ خۆ دەربازکردن لە قورسایی گوشاری خێزان، هەم بۆ کەمکردنەوەی قورسایی سێبەری خۆ لە سەر ماڵ و خێزان. لە بەر ئەوەی کە بێکاری و دەستەنگی لە تەنهاییدا ئاسانتر ڕائەبووری و ئەچێتە سەر. هیچ پێویستیش نییە ڕۆژی هەڵاتوو بە لەشگرانی و بێهوودەیی و بێن تەنگکردن لە خۆیان تەنگتر بکەن.

سەرەتای پایز کاری هەرەوز نییە. کاری دەس بەنان نییە. لانیکەم بۆ دانیشتوانی خۆشنشین کارێکی دیاریکراو لە ئارادا

نییە. ئەگەر هەبوایە بیانوویەک بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە بێکاری. سنووربەندی نێوان دێمەکان، ئەگەر زەوییەک لە ئارادا بوایەت. دارکێشان، یان سواخدانی سەربان. کاری ڕوون، شێف کردنی زەوی بەراو بوو. کێڵانی زەوییەکانی ئاغە. ئەویش تەنها کاری ئەوانە بوو کە گاکانی ئاغەیان ئەبرد بۆ کێڵانی زەوی. تاکوتەرا وردەمالیکیش هەبوون کە وڵساتەکانیان بۆ جووتکردن لێک ئەبەست و بە نۆرە ئەچوون بۆ دەشت. کە وا بوو ئەو کارە گشتیە، کاری وەکوو دروێنە و تەنانەت دەسکەنە کە زۆربەی دەستەکانی قەڵاچیمەنی بۆ لای خۆی ڕائەکێشا، نەبوو. بەم پێودانگە بێکاری درێژخایەنی ڕەشایی و خۆشنشین دەستی پێکردبوو. ئەویش بۆ ئەوەی سێبەری قورسی خۆی لە سەر خێزانەکەی کەم بکاتەوە، مێرووله ئاسا لە دەرگاکە ئەخزایە دەرەوە و نائاگا بەرەو مەیدانی بەر گەرماو ئەکەوتە ڕێ، بەو هیوایەی سووچێک لە بەر خۆرەتاوەکە دەس بخات. قن دانێتە سەر عەرز و چاوەڕوانی نیوەڕۆ بکات. پاشان ڕابێ، خۆڵی نافەکی شەرواڵەکەی بتەکێنێ و دیسانەوە بەگوێرەی ڕاهاتن بەرەو ماڵ بێتەوە. بۆ ئەوەی جارێکیدی پاش نیوەڕۆ بێتەوە دەرەوە. بەڵام ئەمجار نەک بەرەو مەیدانی گەرماو. چونکە گەرماو لە نیوەڕۆوە ئەبوو بە ژنانە و دانیشتن لە بەر گەرماوی ژنانە شیاو و جوان نەبوو. بەم پێیە کاری بێکاران، پاش نیوەڕۆ ئەبوو بە چەند بەشەوە. هەندێک ئەچوون بۆ شیرەکێش خانە. هەندێک کونێکیان ئەدۆزییەوە بۆ قوماركردن و هەندێکیش ئەچوون بۆ مەیدان و چەمی لای گردەکە بۆ مێشێن یان بۆ دابڕانێ و قەلەمنارێ. کە ئەو بەشە زۆرتر گەنج و مێرمندالّ بوون. ئەمڕۆش وابوو کە ئەو خەڵکە بەحەز و ناحەز ڕاکێشرابوون بۆ مەیدانی بەر گەرماو.

زەماوەن بوو و شایلۆغان بوو و هەڵڵا بوو. هەرچی بوو ڕۆژێکیدی بوو. ڕۆژێک کە زرمەی دەهۆڵ و زیرەی زوڕنا، بتەوێ و نەتەوێ، سستی یەکنەواختی ژیانی تێک ئەدا و ئەمەش خۆی

لە خۆیدا، بچووک و ئاسایی نەبوو. شایلۆغان و بیستنی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، هەروەها بینینی لق و پۆپی نەریتی زەماوەن دڵنەواز بوو. تەنانەت ئەگەر لەگەڵ خێزان و بنەماڵەی بووک و زاواش هاودڵ و کۆک نەبی، بگرە نەتەوێ زاوا و کەسوکاری سەر بە لەشیانەوە بێ. بەڵام سەیرکردنی زەماوەن و کەلەپووری شادمانی خۆ نابێ سووکایەتی پێبکرێ. ئەویش کاتێکە زەماوەنەکە وا لە ناوەڕاستی گوندەکەتدا. ئەوپەڕی ئەوەیە کە یارمەتی نادەیت و ناچیتە ناو دیواخان. بەڵام خۆ سەیرکردنی بەزم و ڕێوشوێنەکە تا ئەو جێگەیەی کە گشتیە، تەنانەت بە بزەیەکی تەوساوی یان بوغزێکی لە ڕقەوە -ئەگەر چاوی بینینت هەبێ- خۆ هیچت لێ کەم ناکاتەوە.

بۆیە لە زەماوەن و شایلۆغاندا دوژمنایەتیش شوێنی خۆی هەیە. بەشدار بوون بە دوژمنی. لەم جۆرە هەڵڵایانەدا، دوژمنان ئەگەر هەل و دەرفەت و دەسەڵاتیان هەبێ، دەرەتانێکی زۆر لەبارە بۆ پیشاندانی ڕوخساری دوژمنایەتیەکەیان. هەوڵدان بۆ بەرگری کردن لە گەرمبوونی بەزمەکە و دۆزینەوەی کەموکووڕی و کێماسی. ڕەنگە دوژمنان بەزمێکی جیاوازیان ساز ئەکرد، سەریان بە ئەلکول گەرم ئەکرد و بەمەبەستی تێکدانی زەماوەنەکە ئەهاتنە ناو مەیدان و لە نەیار و ناکۆک ئەگەڕان و ئەگەر دەرەقەت بهاتایەتن گۆڤەند و دامودەزگایان ئەدا بەیەکا.

بۆیە بوون لە گۆڤەند و ئەوەی لە کۆڵان و مەیدان دابوو، شیاو بوو. جا چ بزەی تەوست لە سەر لێوان بێ، بەو جۆرەی گۆدەرزی بەڵخی، یان گوژمی قین لە ناوچەوانتدا، لەبابەتی عەلی خاکی.

گۆدەرزی بەڵخی پاڵتاوی شڕ بە شانیەوە، کڵاوی خوری تاسەر ئەبرۆی و تەزبێحی دەنک درشتی کارەبای بە ئارامی لە ناو پەنجەکانیدا ئەگێڕا. دەنکێک مێوژی خستبوویە بن ددانی و نیگای تەوساوی لە گۆڕەپانی یارییەکە بوو و، لە هەموان و

هەموو شت زیاتریش، لە قەدیری کەلایی خواداد.

مەیدان بە ئاڵقەی حەشاماتی بەر گەرماو ڕازابوویەوە. کلۆ و مەرحەبا لە لە بن دیواری گەرماو ڕاوەستابوون و ئەیانکوتا. قەدیری کەلایی خوادادیش داری سەمای بە دەستەوە بوو و گەنجەکانی ڕائەکێشا بۆ ناو مەیدانەکە، بۆ ئەوەی بە هەر کلۆجێک بووە بیانخاتە سەماکردن:

ــ دە بگرە دەی باوان وێران، خوات نەماوە بۆ تۆزێ خۆبادان! بیگرە ئیتر، وەرە، بگرە!

خاکی بەڵام بەو جۆرەی کە بەڵخی چاوی بڕیبوویە مەیدانی سەما و یاری و بەزمەکە، نەی ئەڕوانی. شانی دابوو بە دیوارەکەوە، دەستەکانی خستبوویە ناو جبە دەزووە ڕێڕێکەی و ئەوەندە توند کاکیلەکانی ڕێکگوشیبوو ئەتوت ئەیەوێ ددانەکانی خۆی ورد بکات. ڕیشی کورتی شووش وەستابوون. هێڵی شاوڵی نێوان هەر دووک برۆی چاڵ داکەوتبوو و نیگای ئەتوت ئەلەرزێ و بێ ئوقرە ئەڕوانێ. کاکۆڵی بەر سەری وەک هەمیشە لە بن تەقیلەکەی هاتبوویە دەرێ و بە نیگایەکی ورد و تیژ ئەزانرا کە لە سەرەتای وەرزی بێکاری خۆیدا، عەلی خاکی پیر بووە. ئەمە یەکەمین ڕۆژی خولی بێکار بوونی عەلی خاکی بوو. وەرزێک کە بۆی سەلماندبوو پێمەڕەی ئیتر لە سەر ئاوی ئاغە نەماوە و ناشبێتەوە. پاش ئەو قامچی کاری و سووکایەتی پێکردنە، عەلی خاکی خانەنشین کرابوو و ئەبوایە خانەنشینیش بمێنێتەوە. ئەمە کابرای جووتیاری پیر کردبوو. پیر، نەک لەو بابەتەی تێکی بشکێنێ، بەڵکوو لەو جۆرەی کە بەجیری کردبوو، بەجیرتر لەوەی کە پێشتر هەبوو. تێکەڵەیەکی نەفرەت و بەرەنگاربوونەوە، لە داهێزانی بە ناچاریی و باڵ بەستراویدا.

لە نیگای خاکیدا مەیدانەکە و قەدیری کەلایی خواداد و هەموو شتەکانیتر ڕواڵەت و نموودێکی ئازارزەریان هەبوو و هەستی ئەکرد مستەکۆڵەی دەستەکانی لە ناو گیرفانیدا

بەستراون. بەستراون و کۆت و زنجیری ئەوەی کە ناتوانیٚ هیچ کارێک بکات. گریٚ و ئازاری ئاستەمی گریٚ. ڕاست بوو کە ئەو هێشتا نەیتوانیبوو ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو قینە ڕەشەی خۆی بدۆزێتەوە. ڕێگەیەکی بێوەی. لە سروشتی خاکی خۆیدا، خاکی وا بار هاتبوو کە ڕێز بە ڕێز و ستەم بە ستەم وەڵام بداتەوە. ئەگەر نەشی توانیبوو وابکات، بەڵام بڕوای بەوە هێنابوو. بۆیە نزیکترین هەستێک کە پاشی قامچی و سووکایەتی لە گیانیدا دەنگی هەڵێنابوو، بەرپەرچدانەوەی هاوسان بوو. ئەو شتەی کە ئەیتوانی ئاوێک بکات بە سەر گڕی نەفرەتیدا، شەلاق لێدان و سووککردنی دوژمنەکانی بوو، بەتایبەت و لەهەموان زیاتر ئالاجاقی و جەلیلی ئالاجاقی و، ئەسڵانی بونداریش بەڵام نە بەو ئەندازەیە. گیانی پێشێلکراوی جووتیار، ئەیویست ستەم بە ستەم قەرەبوو بکاتەوە. قامچیان لێدابوو، بەناوی نانبڕی خەڵک بەدناویان کردبوو، جووت بەشەکەیان قاچاندبوو و بەهیوای خوا بەرەڵڵایان کردبوو. خاکی هەستی بەوە ئەکرد کە پێمەڕەی جووتێریەکەی ئیتر پاڵەپشت و نوێڵی ڕەوتی ژیانی نییە.

ستەم لە وەڵامی ستەمدا. ئەمە تەنها واتایەک بوو کە لە هەر هەنگاو و هەر نیگایەک و هەر هەڵوەستەیەک لە خۆیدا بەدی ئەکرد. ستەم لەبری ستەم. بەڵام ئەو دەستبەندێکی دیکەی بە دەست و پێی خۆیەوە ئەبینی و ئەویش ئەوانیتر بوون. لەگەڵ کەسان بوون. لە پەیوەندیدا بوون و پەیوەستە بوون بەوانیترەوە. خۆی لە ئاڵقەیەکدا ئەبینی کە ئەگەر ببزویٚ، زنجیرێک ئەکەوێتە بزاوتن. دەست ئەگەر بۆ کارێک ببات، پێی ئەوانیتریش دێتە ناو کارەوە. بەم بڕوایەوە، کارێکیشی ئەگەر بویستایەت بکات، تەنها بە دەستی ئەو نەئەکرا. بەڵام ڕەوتی کاری گشتی، کەی ئەیتوانی ئەو ئاگرەی لە دەروونی عەلی خاکیدا ئەگڕا، دامرکێنێتەوە؟

بابقولی بوندار، بە گوێرەی پێش بینی و ویستی ئالاجاقی

ئەرباب، دانەوێڵەی دەشتی گواستبوویەوە بۆ زەعفەرانی و شار و موغیسە و جێی تۆکمە کردبوون. لەم گێرە و کێشەیەدا، هەوڵدانی جووتیارەکان بە تەواوەتی نامراد ببوو. تا ئەوەی ئەوان بجووڵێنەوە و گفتیان بکەن بەیەک، فەرمانی ئالاجاقی جێبەجێ کرابوو و عەلی خاکی و هەڤالانی لە قوڕدا مابوونەوە. ئالاجاقی، بوندار و دەسکەلاکانیان کارەکانیان بە دڵخوازی خۆیان ڕاپەڕاندبوو و ئێستەش بە بەرپا کردنی ئەم بەزمە، وا پێئەچوو بە ڕیشی عەلی خاکی و یەکێتی جووتیاران پێئەکەنن!

ئەی، چی؟!

پرسیارێکی وەها بۆ خۆی گرێیەک بوو کە عەلی خاکی خۆی تێدا بە گرفتار ئەزانی. تووش و گرفتار. تا ئەو ڕادەیەی کە خۆی ـ لانیکەم بەو باری دەروونی و دارەتە ئاڵۆزەوە کە پەیدای کردبووـ بە لاوازتر لەوە ئەزانی بتوانێ ئەو گرێیە بکاتەوە. بۆیەش بوو چەندە کارەکان ئەچوونە بەرەوە و ڕۆژان ڕائەبوون، دژواری ئەندێشەی پیاوی جووتیار پتر ئەبوو و بەناچار قین و نەفرەتیشی ڕواڵەت و مایەیەکی بەجیرتر و دوژمنانەتر و بەردەوامتری پەیدا ئەکرد. بڕوای نەتوانین ـ بزانی نەزانیـ خەریک بوو ڕیشەی لە دەروونیدا دائەچەقاند. ئەم بڕوایەش بوو کە کابرای تۆقاندبوو. بڕوای نەتوانین. بۆ پووچکردنەوەی ئەو بڕوایەش چ جایە خۆی بخاتە مەترسیەوە و کاری وەها بکات کە پێوەری ئاسایی نەیگرێتەوە. چ جایە خاکی بە کارێکی وەها بیەوێ، بڕوای بێدەسەلاتی و کز و لاواز بوون لە خۆی دوور بکاتەوە. بەو کارەی کە خۆیشی نەی ئەزانی چ کارێک ئەبێت، عەلی خاکی بەرگری لە ڕووخان و گلانی خۆی ئەکرد. کارێک کە بڕوای توانینی بۆ بگێڕێتەوە. دەسپێشخەری بەرامبەر بە شالاوی نەتوانین؛ ڕێگە بەستن لە توونا بوون. کە ترسی تیاچوون نابێ بە کەم بگیرێ؛ هەروەها شێتێتی مەترسی کردن بۆ بەرگرتن لە تیاچوون، نابێ بەکەم بگیرێ.

«ئاخرەکەی، ئاخرەکەی!»

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟، ها؟!

بەڵخی خۆی کێشابوویە بن دیوارەکە و شان بە شانی عەلی لە لای دیوارەکە وەستابوو. عەلی خاکی هاتەوە بە خۆیدا، جووڵا و نیگایەکی ڕمۆکی بە نیوروخی بەڵخیدا تێپەڕاند و ئەماژەی بە قەدیر، وتی:

ــ چ گیانفیدایەکی لێدەرچووە!

لە وەڵامی خاکیدا، بەڵخی تەوسخەندێکی پوختی هێنایە سەر لێوی. خاکی وتی:

ــ گفتی دەشتەوانیان پێداوە!

بەڵخی وتی:

ــ ئەگەر وایە بۆ پێت سەیرە کە بووە بە گیانفیدا؟! دەشتەوانی خۆ کارێکی کەم نییە. بەواتایەک، ئەبێ بە ئاغەی دەشت و بیابان! کەسێکی داری دەشتەوانی بدەن بە دەستیەوە، ئەتوانێ ڕێگە بە تۆیش نەدات توورەکەیەک گیا بۆ کاژیلەکانت ببەیتەوە.

خاکی کە چاوی لە ئاست کارگێڕانی قەدیر هەڵنەئەگرت، بێغەمی دەنگە ئەسپاییەکەی لە هەڵڵای دەهۆڵ و زوڕنا، هەر بەو سووکیە وتی:

ــ سەرەتا پێم وابوو ئەیانەوێ جێگەکەی منی بدەنێ!

بەڵخی کە بۆ بیستنی قسەی خاکی گوێی هێنابوویە پێشەوە، سەری هەڵتەکاند و لە کاتێکا هاورێکەی لە قەراخ ئاپۆرەکەدا بەرەو داڵانی قەڵات ئەبرد، وتی:

ــ بۆچوونی هەڵە! قەدیر کەی توانای کاری جووتیاری هەیە. یەکی وەکوو ئەو بۆ دەشتەوانی زیاتر بەکار دێت. چۆنی بڵێم، جووتیاری هی ئەوانەیە کە قانیع و ملبەکوێنن و ئەتوانن بلکێن بە گەرووی خۆیانەوە. ئارام و سەرلەبەر و کلک بزوێن بن. بەڵام قەدیر ئەوە نییە. بە ئیشتیا و بەرزەفڕە. مرۆڤی وا زیاتر بۆ

دەشتەوانی بەکار دێ. هەر بۆ دەشتەوانی ئەشێ. دەشتەوان هەرچەند لە ماڵی دنیا لە دارقەیسیەک زیاتری نییە، بەڵام کارەکەی بە جۆرێکە کە پێی وایە دەشت و کێڵگە هی خۆیەتی. واتە لە خۆی ئەگەیەنێ کە خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کە دراوەتە دەستی. ڕەوشتی گزیر و قۆڵچی پەیدا ئەکات. بۆیەشە حەزی لە خۆی ئەبێ. ئەتوانێ باڵی فش بکاتەوە و باڵیشی فش ئەکاتەوە. وردە وردە بڕوا ئەکات کە کوێخای قەڵاتە، لە ڕاستیدا کارەکەی ئەبێ بە ئاغەیی کردن بە گیرفانی بەتاڵ. وەکوو خۆ بادان بە شتی خەڵکیەوە. خۆ تێم ئەگەی؟!

خاکی بە دژواری بزەیەکی هێنایە سەر لێوی و ڕوانیە بەڵخی. ئەوا لە بن کۆڵەکەی کۆنەدالان، لە سەر بەرزاییەکە وەستابوون و هەرچەند وتووێژەکەیان لە تەماشای بەزمەکە خۆشتر بوو، بەڵام وەها وەستا بوون کە ئەیانتوانی لە سەر سەری حەشاماتەکەوە ناو مەیدان ببینن. خاکی دیسانەوەش نیگای لە دەمی بەڵخی بوو. بەڵخی لالەغاوەی بە دڵی پەنجەکانی سڕی و درێژەی دا:

ــ دەشتەوانی، زۆریش لێی ئەوەشێتەوە ئێستەکانێ! کەوگیرەکەی داویە لە بنی مەنجەڵەکە و هیواشی لە باوکی بڕاوە و چارەیەکیتریشی نییە. دروێنە کردنەکەشت خۆ بینی. پاشانیش ئەو چەپکە گوڵەی دای بەئاوا و ئەو فەرتەنەیەی سازی کرد. خوێڕی نارەسەن! بۆیە زۆرباش پێی ئەکەوێ لە خوت و خۆڕایی ببێ بە خاوەن دەسەڵاتی دەشت و بیابان و بەروبووم و خەلە و خەرمان! هەهـ، بە سووتاندنی کێڵگە و گەنمەکە بە هەموانی سەلماند چەندە خوێڕی و بێڕوومەتە. ئەوەندە خوێڕییە کە ئامادەیە لەبری کڵاو، سەر ببات بۆ ئاغەکەی. جگە لەمانە دەشتەوانی باشەی تریشی هەیە. یەکیان ئەوەی کە دەشتەوان گەڕۆکە و ناچار نییە لە شوێنێک خۆی ببەستێتەوە. بۆ خۆی بە هەموو لایەکدا خولەی دێ. قەدیریش ئەوەی بەدڵە.

چونکە بە جڵفی و گەڕاڵی ڕاهاتووە. چ باشتر کە دارێکیشی بە دەستەوە بێ. وانییە؟ ئەوەتانێ ئەوانەی کە ئەو کارە ئەدەن بە ئەو، باش بیریان لێکردۆتەوە و بۆچوونەکەشیان ڕاستە. دەشتەوان ئەبێ یەکێکی بێ بڕوای خوێڕی و بێ چاو و ڕوو بێ. لە ناو سەد دەشتەواندا یەکێکیش نادۆزیتەوە لەگەڵ خەڵکی بگونجێ. چونکە ناتوانێ! چونکە خۆی وەکوو قۆڵچیە، وەکوو جەندەرمەیە. دەسەندە خۆرە و ئەو دەسەندە بێباوکە بۆ ئەوە وەرئەگرێ کە خەڵکی پێ بترسێنێ.

خاکی کە سەری داخستبوو و بە لووتی گیوەکەی خۆڵەپووتی قەڵەشە کۆنەکەی ئەورووژاند، شانەکانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ بەڵام هێشتاش دوودڵم. ناتوانم بڕوا بکەم کە ئەو بەو ئاسانییە لەگەڵ بوندار ڕێکەوتبێ. ئەو هەموو ڕقەی قەدیر لە بوندار و کوڕانی بوندار هەیبوو، ئەو هەموو کینەیە تۆ ئێژی بە لوێچێک ئاو شۆرایەوە و ڕۆیشت؟ نەء! هێشتاش لە دڵەوە گومانم لەوە هەیە کە قەدیر بەو جۆرە بووبێت بە نۆکەری بوندار. مەگەر ئەوەی کە نیوکاسەیەکی لە بن ئەو کاسەیەدا شاردبێتەوە. نەء، من گومانم هەیە. من ناتوانم باوەڕ بکەم!

بەڵخی تەزبێحەکەی بە دەنگەوە دەستاودەست کرد. چەند جاری تریش لەم دەست بۆ ئەو دەست هەڵیدا و پاشان وتی:

ـ من بڕوا ئەکەم. تۆ هەقتە گومان بکەی؛ بەڵام من باوەڕ ئەکەم. بۆچی نا؟! مەگەر ئەوانەی کە ئەبن بە جاش و نۆکەر، لە دنیایەکی ترەوە دێن و ئەبن بە دەسکەلا؟! نەخێر، هەر هەموویان ئەوانەن لە دەوروبەری مرۆڤدا دێن و ئەچن. زۆر هەبوون، هێشتاش هەن و دیسانەوەش ئەبن ئەوانەی کە ئەتوانن بگۆڕێن. ئادەمیزاد خۆ هەمیشە لە سەر یەک دارەت و هەوا نییە! ئەوانەی کە تێخیان گەرووی دوژمنەکەیان نەبڕێ، بە هەر دوو دەست ئەو تێخە پێشکەشی دوژمنەکەیان ئەکەن تا سەری هی وەکوو خۆیانی پێ ببڕێ! لە ڕاستیدا دەمی کاهوورەکەیان

وەرئەگێڕن بۆ لای خۆیان. قەدیر کە ئیتر جێی خۆی هەیە! من ناتوانم بڵێم ئەمە چ جۆرە دارەت و بارێکە و بۆ وەهایە، بەڵام ئەزانم کە بەم جۆرەش ئەلوێ. ئەزانم مرۆڤ کاتێکە بە چۆکدا هات، کاتێکە خۆی ئەوەی قبووڵ کرد کە ئەبێ ببێ بە ملکەچی ستەم، نزیکترین داڵدە و پەناگە سێبەری دوژمنەکەی خۆیەتی. قەدیر بە ئاگردانی دەشت ڕادەی ڕقی خۆی پیشان دا. خۆ کاری لەوە گەورەتری پێ نەئەکرا. لە خۆی ڕانەئەبینی. لە ڕاستیدا نەی ئەتوانی ئەندێشەی کاری لەوە گەورەتر بکاتەوە. بۆیەش ئەوکارە کۆتایی ڕێگەی قەدیر بوو. خەنیمەکانیشی ئەوەیان زانی و فێڵیان لێکرد و بە بێ هەرا و هوریا خەنجەریان لە دەستی دەرهێنا بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا بیدەنەوە دەستی. کە گەیشتە ئەوە، ئیتر چ کارێکی پێ ئەکرا جگە لەوەی پەنا بباتە بەر دوژمنایەتی؟ ئەوانیش جێ خاڵیان دا و ڕێگەیان بۆ کردەوە. قەدیریش بە سەرەوە خۆی هاویشتە ناو کۆشیان! چ کارێکی پێ ئەکرا جگە لەمە؟! ها؟

لەبری وەڵام، عەلی خاکی پرسی:

ـ ئەیانەوێ کێ لە شوێنی من دابنێن بە ڕای تۆ؟

بەڵخی وتی:

ـ وابزانم ئەولحسێنی مێلوورە!

ـ باشە بۆ ئەو؟! من پێم وابوو ئەسڵان ئەخەنە شوێنەکەی من.

بەڵخی وتی:

ـ لەبەر ئەوەی کە ئەولحسێنی مێلوورە بەو بستە زەوییەی لە چەقی دەشتی ئاجین هەیەتی، بووە بە دڕکی چاوی ئالاجاقی. ئەوسا کە پێمەڕەی جووتیری ئەدەن بە دەستیەوە ئەتوانن وەکوو بڕوێش هەڵیقوڕێنن. ئەو مێلوورە گەن خۆرەش ئەگەر بە بیستنی هەواڵەکە لە خۆشیانا دڵیشی نەتۆقێ، باشە. لە هەوڵاندا بە سەرەوە خۆی هەڵئەداتە ناو مەنجەڵی حەلیمەکە. ئیتر ئاگای

لەوە نییە کە ئەویش و سەید سەرمەزاریش ئەبێ زەوییەکانیان بەجێ بهێڵن و بچن بە دوای بەختی خۆیاندا. بۆ ئەولحسێنی مێلوورە دڵنیام ئەیکەن بە جووتیاری بەردەستی خۆیان، بەڵام بۆ زەوییە پاوانەکەی سەید سەرمەزاری چ نەخشەیەکیان کێشاوە، نازانم.

خاکی پێی وانەبوو و وتی:

ــ نەخێر! من هێشتاش لەو گومانە دام کە ئەسلان ببێ بە جووتیار.

بەڵخی بە لێبڕاوی وتی:

ــ ئەگەر نەبوایەت بە زاوای حاجی پەسەندەکان، ڕەنگە. بەڵام ئەسلان ئەبێ قەڵاتی خوێناڵ ببا بەڕێوە. ئەسلان ئەبێ ببێ بە ئاغەی قەڵات. مەگەر چاوەکانت نابینن؟!

بوندار، بە شیپ وەشاندن خۆی گەیاندبوویە ناو مەیدانەکە، قۆڵی قەدیری گرتبوو و بەرەو گەرماوەکە ئەیبرد. ئەم هاتنە لەپڕەی بوندار خۆبەخۆ بەزمەکەی لەو شەوقەی کە نەیبوو، خست! سەما ساردەوە بوو و چاوەشەکان کە لە دەرفەت ئەگەڕان، دەست و دەمیان خاو بوویەوە و پێکەنینی پچڕ پچڕ شوێنی دەهۆڵ و زوڕنای گرتەوە و بوو بە ورتە ورت. بەڵخی و خاکی هاتنە پێشەوە و لەبان شانی خاڵۆی قەدیرەوە ڕوانیانە ئەوەی لە ناو مەیدانەکەدا لە ئارادا بوو. ڕووداوێکی تایبەت ڕووی نەدابوو. بوندار لەگەڵ قەدیر بە پلیکانەکانی گەرماودا چووبوونە خوارەوە و ئەبوایە چاوەڕوان بکرێ چۆن ولە چ دۆخێکدا لە گەرماو دێنە دەرەوە.

راستیەکەی ئەوە بوو کە بوندار بە دوای سەیدی تەلەفوونچیدا هاتبوو و تووڕەی ئەو خافڵ بوونەی ئەو بەرەو گەرماو دابوویە غار. ئێستەش لە کاتێکا قەدیری لەبری سەید لە لای زاوا دانابوو کە بە یارمەتی ئەو ڕووتەوە بیێتەوە، لەگەڵ سەیدی تەلەفوونچی لە پلیکانەکانی گەرماو ئەهاتنە سەر و

یەکبەند سەرکۆنەی ئەکرد و ئەیوت:
ـ ئاخر هزر و هۆشت چی لێهاتووە پیاو؟ کاژێرێکە تەلەفوونەکەت زەنگ لێئەدا و کەس نییە وەڵام بداتەوە. لە سەرەتاشەوە ئەبوایە قەدیرت لەگەڵ زاوا بناردایەت بۆ گەرماو. هەرچی بێ هاوشان و هاوددانن!
تەلەفوونچی، وشک و تەڕ خۆی لە بەر کردبوویەوە و لە کاتێکا پاڵتاوەکەی لە شانی ڕاستی داکەوتبوو و کاتی سەرکەوتن لە پلیکانەکانی گەرماودا مێزەرەکەی ئەبەست و جنێوی بە ژنەکەی ئەدا، وتی:
ـ مەگەر ئەو ژنەتیوە کەڕ بووە؟ من بە هیوای ئەو!
بوندار لە کاتێکا قۆڵی سەیدی گرتبوو و بە ناو حەشاماتەکەدا بەرەو کۆڵان پەلکێشی ئەکرد، گوڕاندی بە سەریدا:
ـ ئەویش وەکوو خۆت، خراپتریش لە خۆت! باشە کێ بە تۆی وت خۆت ڕووت بکەیتەوە پیاو؟، هەزار کارمان هەیە ئێمە! پێت وایە کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلیم بانگ کردووە بگێڕی زەماوەنی کوڕی خاڵی بێ؟ قەبری بابی هەرچی خزم و کەسی باشە، چ بگات بە شێتەکانی!
لە ڕاستەی کۆڵانەکە، ژنی سەیدی تەلەفوونچی بە هەڵاتن ئەهات و بونداری بانگ ئەکرد:
ـ هەڵێ بوندار. تۆزێک توندتر. لە شارەوە، لە شارەوە کاریان پێتە! ئەڵێن ئاغە چێشتەنگا بە دوو ترۆمبێلەوە کەوتوونەتە ڕێ. ئەی چۆن بووە هەتا ئێستە نەگەیشتوون؟
بوندار سەیدی لە ناو کۆڵانەکە بەجێ هێشت و خۆی بەرەو ماڵی تەلەفوونچی تێی تەقاند. سەیدیش تیژی کرد. بەڵام نەی ئەزانی لە یەک کاتدا چی لە مێزەرەکەی کە نەئەبەسترا و، پاڵتاوەکەی کە لە شانی دائەکەوت و، گیوەکانی کە کاتی هەڵاتن ناوبەناو لە پێی دائەکەنران، بکات؟ لەم هەوڵبوونەدا بوو کە گیوەی سەید لە پێی داکەنرا و ڕاست کەوتە ناو جۆگەی

ئاوەکە و سەرەڕای ئەو هەموو پەلەیەی هەیبوو بۆ گەیشتنەوە ماڵەوە، ناچار بوو بگەڕێتەوە بە دوای تا گیوەکەیدا ـ دەستێک بە پێچەوە و دەستێک بە یەخەی پاڵتاوەوە، بە قەراخ جۆگەکەدا بکەوێتە غار و لە ئەنجامدا بکەوێتە ناو جۆگەکە و بە دەرەلنگی تەڕ و پاڵتاوی تەڕ و گیوەی تەڕەوە بێتەوە دەرەوە و جارێکیتر بکەوێتەوە مێزەر بەستن و هەم لە ڕۆیشتنیشدا پێ هەڵگرێ.

ـ ئەی بۆ نەگەیشتوون هێشتا؟ ئەڵێ بەیانی چێشتەنگا کەوتوونەتە ڕێ؟!

سەیدی تەلەفوونچی نەگەیشتبوویە بەر پلیکانی دیواخانی ماڵی خۆیان کە بوندار لە پلیکانەکانەوە فڕکەی کرد و بە بەر سینەی سەیدا تێپەڕی و هەڵاتە کۆڵان:

ـ قەدیر، قەدیرم بۆ بانگ بکەن!

سەید کە بە دوای بونداردا گەڕابوویەوە بۆ کۆڵان، وتی:

ـ خۆت وتت قەدیر لە گەرماو بمێنێتەوە، هۆشت لە کوێیە؟!

بوندار شاقەلی پاڵتاوەکەی گرت و لە کاتێکا پاڵی پێوە ئەنا بەرەو لای خوارەوە، وتی:

ـ بە قەدیر بڵێ با بێتەوە، بڵێ با بێت! زووبە کاکە گیان! زووبە! بزانە چۆن بێ کەس کەوتووم، بزانە چۆن پڕووزەم با بردوویەتی؟ قیت قیت لە لای مەیدانەکە وەستاون و زەق زەق سەیر ئەکەن، بەڵام شتاقیان، شتاقیان... ئەی لە زەوی گەرم بدرێی نادعەلی، دەک بچی بۆ جەهەننەم خزم و کەسی بێکەڵک!

سەیدی تەلەفوونچی بەغار دوور کەوتبوویەوە و بوندار لە ناو کۆڵانەکەدا، لە کاتێکا لە بەر خۆیەوە بۆڵەی ئەهات، خۆی ڕائەوەشاند و لەمبەر بۆ ئەوبەری جۆگەکە ئەپەڕییەوە و جنێوی ئەدا. لەم کاتەدا عەباسجانی کەلایی خواداد کە وەکوو چەقەڵ لە سەر بان خۆی کز کردبوو، بانگی هەڵدا:

ـ عەرەبانەی جەنابی تالاوایی، بوندار! فایتوونی چوار

ئەسپە! بڕوانە چۆن تاوی داوە بێپیر، ئەڵێی تیرە دەرئەچێ! چ تۆز و دوومانێکی بە حەوادا بەرزکردۆتەوە!

بوندار بۆ ئەوەی بتوانێ چاوی لە چاوی عەباسجان بێ، چووە بن دیواری ماڵی تەلەفوونچی و پرسیاری کرد:

ــ چەن کەس دیارن؟

عەباسجان وەڵامی دایەوە:

ــ جمەی دێ!

ــ هیچیان بە دواوەیە؟ ئەسپێک، هێسرێک!

ــ هیچ، هیچ! بەس فایتوونی چوار ئەسپە!

قەدیر لە خواری کۆڵانەکەوە بە غار ئەهات. دەستێکی بە کڵاوەکەیەوە و دەستێک بە گوڵی کەمەربەندەکەیەوە و قەیتانی پۆستاڵەکانی لە بەر خۆیەوە هەڵیانئەخستەوە. کە گەیشتە نزیک بوندار دەستی کرد بە قۆڵی جاکەتەکەیدا، کێرد و هەسانەکەی خستە بەر پشتێنەی و پرسی ئەبێ چی بکات؟ بوندار کە خۆیشی نەی ئەزانی چی بکات، تاوێک لە سەر جۆگەکە ڕاوەستا و پاشان وتی:

ــ ئەوەندەت نەزانی ئالاجاقی ئەرباب گەیشت. بڕۆ خەریکی عەگال و گوریسی وشترەکەت بە. یەک دوانێکیش پەیدا کە لە بەر دەستتدا بن. ئەم عەبدولە ڕەشە چی لێهات؟! خۆزگە دڵاوەرم لێرە ڕاگرتبا و یەکیترم بناردایەت بۆ قەڵات. ئاخخ!

قەدیر خۆی بە بوندارەوە خەریک نەکرد و چوو بە دوای کاری خۆیدا بەرەو حەوشە و ئاغەڵ. بونداریش هات بۆ حەوشە و بە مووسای وت کە کۆڵێک داری بە گوریس بەستبوو و خەریک بوو ئەیبرد بۆ دیواخان:

ــ تۆ لەوێ چی ئەکەی بزنە قەنی؟ ئەو دارانە بۆ ئەبەیتە سەر؟

مووسا لە سەر شوێنی خۆی لە سەر بان مایەوە و عەباسجان لە کاتێکا دائەنەویەوە دارەکان لە مووسا وەربگرێ،

لە وەڵامی بونداردا وتی:

ـ من ئەمەوێ گرێک ساز بکەم بوندار. ڕچام لەم سەرما سەگەدا! سەیر ئەکەی چ هەوایەکە؟ ڕاست بووە بە زستان!

بوندار مووسای دایە بەر تەشەر و وتی:

ـ تۆ بڕۆ خوارەوە جنۆکە! بڕۆ بە چاوەشەکان بڵێ بچن بە پێشوازی جەنابی تاڵاواییەوە و بیکوتن! هەڵێ!

ناوی تاڵاوایی وەکوو دەنگی دەهۆڵ، نەک هەر لە ماڵی بوندار، بەڵکوو لە قەڵاچیمەندا دەنگی دایەوە. ڕوخەک لە چاپەزخانە دەرپەڕییە دەرەوە و بە شەوق و خۆشیەوە کوڕەکانی بانگ کرد:

ـ کوڕینە، جەنابی تاڵاوایی، هەڵێن بە پیریەوە! دمەکەت هەڵگرە کووچک! نا، نا. چێوبازی، چێوبازی. بە چێوبازی بچن بە پێشوازییەوە. چێوبازی، لەگەڵ دەهۆڵیەکان، زەریف، گورج بە!

ژنی لۆتی ڕوخەک بە دوای کوڕەکانیدا سەری لە دەرگای چاپەزخانە هێنایە دەرەوە و ڕوانیە عەباسجان و پرسی:

ـ دڵنیایت خودی خۆیەتی؟!

عەباسجان لە وەڵامی ژنی ڕوخەکدا وتی:

ـ دەسخۆش بابە گیان! تۆ بڵێی من ئەسپ و عەرەبانەی جەنابی تاڵاوایی نەناسمەوە؟!

ژنی ڕوخەک پەنجەکانی هێنایە یەک و ماچێکی دەنگداری نووکی پەنجەکانی کرد و لە کاتێکا خۆی ئەبردە ژوورەوە وتی:

ـ قوربانی ئەسپ و عەرەبانەکەی!

کوڕەکانی ڕوخەک پاژنەی گیوەکانیان هەڵکێشا و داری وازییان هەڵگرت و وەکوو دوو پشیلەی دەستەمۆ بە پلیکانەکاندا شۆڕبوونەوە و بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ـ ئاڵات هەر شەکاوە بێ جەنابی تاڵاوایی!

میوانەکانی بونداریش نەیان ئەتوانی هەر لەوێ دابنیشن و ڕاوەستن تا جەنابی تاڵاوایی بێت بۆ لای ئەوان. بۆیە هەڵسان و نە زۆر بەپەلە، هاتنە بانیجە تا بۆ پێشوازی لە جەنابی تاڵاوایی

گیوەکانیان لەپێ بکەن.

دەهۆڵ و زوڕنا لە بەردەم ئەو حەشاماتەی دوایان کەوتبوو، بەرەو کاروانسەرا ئەڕۆیشتن. بوندار بۆ خۆی لە پێش هەموانەوە ئەڕۆیشت و بە دەهۆڵ ژەنەکانی ئەوت گەرمتر بیکوتن. کوڕەکانی لۆتی ڕوخەک وردە وردە ئەکەوتنە سەما.

لە ماڵی بوندار سێ کەس مابوونەوە. یەکیان نوورجیهان کە قەندە کلۆکانی ئەکردە قەندان. یەک سالار ڕەزاق کە لە چێشتخانە لە بەر کوانووەکە دانیشتبوو. یەکیش قەدیری کەلایی خواداد کە قەمتەری وشترەکەی گرتبوو بە دەستیەوە و لە گەوڕ ئەیهێنایە دەرەوە. مووسایش کە لەگەڵ هەڵڵاکە ڕۆیشتبوو، گەڕایەوە. بەڵام قەدیر دەرفەتی نەدا و دەسبەجێ ناردی بە دوای عەبدولە ڕەشدا. مووسا نەگەیشتبوو، کەوتەوە ڕێ و قەدیر، وشترەکەی بردە سووچی دیوارەکە و کردیە سەر گەون.

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و قیژە و هەرا لە لای کاروانسەراوە ئەهات.

ــ ئەڵێن دەس لە ڕووی پارەوە ئەنێ ئەم جەنابی تاڵاوایییە! خوا دارایی و شکۆی زیاتر بکات.

ئەمە دەنگی بابە گوڵاو بوو کە کاتی تێپەڕین لە کۆڵان و بە بەردەم ماڵی بونداردا بیسرا.

عەباسجانی کەلایی خواداد، لە سەر بان، لە کاتێکا دەرەلنگەکانی لە بلێسەی بە هاشاوڵی ئاگرەکە ئەپاراست، لە تەوەنەی خەڵکەکە مۆر ببوویەوە و بە تامەزرۆییەوە ئەیوت:

ــ ماشەڵڵا، ماشەڵڵا! سەیری بکە. بە ڕاستی کە ئاغایەتی هەر لە خۆی ئەوەشێتەوە. هێشتا پێی لە ڕکێفی عەرەبانەکە نەخستۆتە سەر زەوی دەس بە گیرفانیدا ئەکا و ئەسکەناس ئەبەشێتەوە. ئەی بە قوربانی ئەو جۆرە پیاوانە بم! ئەزانم سەرخۆشە، دیارە. بەخشندە و دەسکراوە. خوا زیاتری پێ ڕەوا ببینێ. ماشەڵڵا بە کەولێۆسەکەی هەموو کۆڵانەکەی داگرتووە؛

دەک لەو فەروەیە! لەو کەوڵپۆسە چاکانەی قۆچانە! زەرد، وەکوو گوڵی گەنم. چ زێواریکی لە سەر چنراوە، چ قولاپکارییەک! ئەڵێی بە زەڕکەف نەخشێنراوە، فەرموو، ئەوە بەشی بابە گولاویش! ئیتر چ مایەوە؟ هەر کەس سڵاوی لێ‌ئەکا بێبەش نابێ. ئەی بەقوربانی ئەو جۆرە پیاوانە. دەک ئاڵات نەنەوێ جەنابی تالاوایی! دەک سەرفەراز بی هەمیشە. سەرفەراز بی جەنابی تالاوایی. پێت خێر و ڕێژەنە، ئاغە گیان. بەخێر هاتی جەنابی تالاوایی، بەخێر هاتی! سلاوت لێبێ و هەر پایەدار بی. سلاو، سلاو خانی تالاوە!

عەباسجان تا سینەی بە گوێسوانەی بانەکەدا شۆڕەوە ببوو و بە هەزار شێوە و زمان ئەیویست خۆی پیشانی خانی تالاوا بدات. بەلام جەنابی تالاوایی دەرفەتی وەلامدانەوەی ماستاو کردنەکەی عەباسجانی کەلایی خواداد نەبوو. لە ناو دەنگ و هەرای دەهۆڵ و زوڕنا، سەمای کوڕەکانی ڕوخەک کە لە هەر بزاوتنێکدا پرچی کڕووزیان لە حەوادا شەپۆلی ئەدا و لە قەرەباڵخی ئاپۆرەکە و دووکەڵی ئەسپەندەری بابە گولاو و ژنی تەلەفوونچی و، چاو و زمانی مەراییکەری بوندار و میوانەکاندا، خانی تالاوا هاتە حەوشە و بە ڕێنموونی بوندار بەرەو دالانەکە چوو.

ـ سەرفەراز بی جەنابی تالاوایی!

قەدیر لە پەنای وشترەکەدا ون بوو و لە بەتالایی کەوانی ملی وشترەکەوە ئەیڕوانیە ئەوەی لە بەرچاویدا ڕووی ئەدا. سالار ڕەزاق بە قۆڵی هەڵکراوەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و کڕنۆشی کرد. بوندار لە پێشەوە قرژاڵی بەرەو ناودالان ئەڕۆیشت لای ناودالانەکە ڕاوەستا، بۆ ئەوەی جەنابی تالاوایی تێپەڕێت. میوانەکان نێوانی خۆیان لەگەڵ قۆڵی کەوڵپۆسەکەی خان، ئەپاراست. خانی تالاوا، دەستەکانی گرت بە شاقەلەکانی کەوڵپۆسەکەیەوە، شانی چەماندەوە و چووە ناودالان. یەکێک وتی:

ـ ماشەڵڵا لە بەران ئەچیٚ!

بە دوای خانی تاڵاوا، بوندار و میوانەکان چوونە ناوداڵان و لە چاوان ون بوون. دەهۆڵ و زوڕنا ئەیکوتا و حەوشە پڕ ببوو لە مناڵ و میٚرمنداڵ. کوڕانی لۆتی ڕوخەک دارەکانی یاری کردنیان دابوویە بن باڵ و ئارەقەی تەویٚڵ و دەور ملیان بە دەسڕ وشک ئەکردەوە. ئەوان لە جەمسەری ڕاستە کۆڵانەکەوە تا حەوشەی بوندار لەبەردەم خانی تاڵاوادا سەمای چیٚوبازییان کردبوو و ئیٚستەش حەزیان لەوە بوو بچنە بانیجە بۆ ئەوەی ئەگەر جەنابی تاڵاوایی نەشە بوو، لە ناو دیواخان یان لە بانیجە دەس پیٚبکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە لۆتی ڕوخەک دارەکانی سەماکردنی کوڕەکانی وەرگرت و وتی شڵپیٚک ئاو بدەن بە سەروچاویاندا، پاشان بیٚنە سەر. خۆیشی لە پیٚشەوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی ڕادەی حەزی جەنابی تاڵاوایی بۆ کۆڕی سەماکردن، ئەویش بە بەشداری جەیران، تاقی بکاتەوە.

بابقولی بوندار پاش ئەوەی میوانەکانی لە دیواخان دامەزراند، هاتە بانیجە و بە دەهۆڵ ژەنەکانی وت بڕۆنە دەرەوە بۆ ناو مەیدانەکە و لەگەڵ هاتنە دەرەوەی زاوا گەرمی بکەن. مەرحەبا و کلۆ ئەیانکوتا و ئەیانژەند. لە دەرگاکە چوونە دەرەوە و بە کۆڵانەکەدا بەرەوخوار بوونەوە. مناڵیش بە دوایاندا و بابە گوڵاویش کە ئەسپەندەر سووتەکەی خامۆش ببوو، بە گۆچان کوتان کردیە کۆڵان و بە دوای دەنگەکاندا بەرەو مەیدان ڕۆیشت.

کوڕانی لۆتی ڕوخەک بەدەست و چاوی شۆراو و سەر و قژی ئاودەڵیٚنەوە لە سەر جۆگەکە هەڵسان و، عەرەبانەچی و گزیرەکەی خانی تاڵاوا دوو سەر بەختەی پیٚشکەش کراویان بردە ناو حەوشە. عەبدولە ڕەش پەزەکانی برد بۆ گەوڕ و لەگەڵ عەرەبانەچیەکە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەسپەکانی ئاغە بکەنەوە و لە ڕیٚگەی پشتەوەی قەڵاچیمەن بیانبات بۆ ئاغەڵ:

ـ خودی عەرەبانەکەش ئەتوانین لە ڕیٚگەی پشتەوە ببەین

تا بەر دەرکی ئاغەڵ. ڕێگەی عەرەبانەی هەیە.

گزیری خانی تالاوا، کابرایەکی وردیلە و تیژ ـئاشنای ماڵی ڕوخەکـ لەگەڵ کووچک و زەریف بەرەو باڵەخانە کەوتە ڕێ و بەڕێوە سیگاری دەرهێنا، فەرمووی لە کووچک کرد و پێی نایە ناودالان. گزیری خانی تالاوە کە گەیشتە سەر پلیکانەکانی بانیجە، عەباسجان بۆ بەخێر هێنانی بە لێواری بانەکەدا شۆڕ بوویەوە. قەدیر لە پشت وشترەکە هاتە دەرەوە، هەلات بەرەو کۆلان و بە دوای عەبدولە ڕەشدا هاواری کرد:

ــ تۆ ئەبێ لێرە بی، ڕەشە! ئەبێ دەس پێ بکەین. زوو بگەڕێوە، زوو!

مووسا جارێکیتر کۆڵەداری نا بە کۆڵیەوە بۆ تەنوورەکەی ماڵی تەلەفوونچی. عەباسجان کە لە سەر بان هەر دوو قاچی لەمبەر و ئەوبەری ئاگرە کز بووەکە ڕاکێشابوو و ئەتوت خۆی داچەماندووە بە سەر خۆڵەمێشدا، بە دەنگی بەرز بۆلاندی:

ــ بڕوانە چ هەوایەکە! دەک لە کاری ئەو خوایە! چ وشکە سەرمایەکە! دەریش ناکەون ئەم، خوایە تۆبە!

پاشان ڕووی لە قەدیر کە ئەگەڕایەوە بۆ حەوشە، وتی:

ــ بیبەسەوە ئیتر تۆیش، بە خۆت و ئەم وشترەتەوە!

قەدیر کە خەریکی هەڵکردنی قۆڵی کراسەکەی بوو، سەیری سەربانی کرد و بە تەوسەوە وتی:

ــ چاوەڕێ بووم تۆ فەرمان بدەی!

عەباسجان نەیخستە خۆی و ڕووی وەرگێڕا. قەدیر گوریسە ئاڵقەکراوەکەی کردە شانی و ڕەشمەی وشترەکەی ڕاکێشا و لە دەرگا بردیە دەرەوە. لە کۆلان وشترەکەی لە سەر ئاو ڕاگرت و هەر لەوێوە بانگی لە بوندار کرد کە لە دیواخان بوو. زیڕە و زرمەی زوڕنا و دەهۆڵ لە حەوای خۆڵەمێشی و ڕچاوی قەلاچیمەندا دەنگی ئەدایەوە و قیژەی کوندەبەبووەکەی قەدیر جارجارە لە نێوان ساز و دەهۆڵەکەدا ئەبیسرا. دەنگی نەرمی

تارەکەی ڕوخەکیش ـوەک بڵێی سازەکەی کۆک ئەکرد ـ ناوبەناو بەرز ئەبوویەوە. هەروەها دەنگی گفت و بێژ و پێکەنینی میوانەکانیش لە دیواخانەوە ئەگەیشتە کۆڵان. جارێکی دی قەدیر دەنگی بەرزکردەوە و بونداری بانگ کرد. بابقولی بوندار لە دیواخانەوە هاتە بانیجە و سەری بۆ کۆڵان نووشتاندەوە و بە قەدیری وت:

ــ ئا، بڵێ. گوێم لێتە!

قەدیر وتی:

ــ ئەمەوێ وردە وردە وشترەکە ببەستمەوە، یەکێک بنێرە بۆ گەرماو بە کوڕەکان بڵێ ئامادە بن.

بوندار ڕووی کردە بانی دیواخان و لە عەباسجانی پرسی:

ــ هیچت لێ دیارە؟

عەباسجان وەڵامی دایەوە:

نەخێر بوندار. هێشتا هیچ دیار نییە!

قەدیر بە بونداری وت:

ــ تا ئەو کاتەی کە دەرئەکەون!

عەبدولە ڕەش عەرەبانەکەی تا پشت دیواری ئاغەڵەکە لێخوڕی و شوێنی ئەسپەکانی ئامادە کرد. هەڵاتە حەوشە و یەکسەر هات بۆ کۆڵان، لای قەدیرەوە وەستا و گوێی لە وتووێژەکە ڕاگرت. عەباسجان لە سەر پەنجەی پێ بەرز بوویەوە، جارێکیتر ڕوانیە ڕێگەکە و هەر لەو دارەتەدا، بە بێ ئەوەی ئاوڕ لە بوندار بداتەوە، وتی:

ــ ئائەمانە ئەبێ خۆیان بن؛ خۆیانن. خەریکن دێن!

بابقولی بوندار، تیژ و چالاک بە پلیکانەکانی سەربانەدا سەرکەوت و لە ڕێگەی زەعفەرانی ورد بوویەوە. قەدیر لە جۆگەکە پەڕیەوە، لە بن دیواری ماڵی تەلەفوونچی ڕاوەستا، لە سەر پەنجەی پێ بەرز بوویەوە و ملی ڕاکێشا. مووسا لە دەرگای ماڵی تەلەفوونچی هاتە دەرەوە و لای شانی قەدیرەوە،

کەوتە سەیرکردنی بوندار و عەباسجان کە لە سەر بان چاوەدێر ڕاوەستابوون. قەدیر کە بە ئاشکرا جاڕس بوو و بەربینگی گیرابوو، بەرەو بان بانگی کرد:

ــ چی ئەبینن ئاخرەکەی؟ هیچتان ساخ کردەوە؟

بوندار لە سەر بان هاتە خوارەوە و لە سەر پلیکانەکان بە قەدیری وت:

ــ ئەبێ خۆیان بن. مسۆگەر خۆیانن. خۆ میوانی ترمان نییە کە بە ترۆمبێل بێن. دوو ترۆمبێل بە دوای یەکدا دێن. ئەگەر لە لایەن جەنابی سەعیدییەوە بوایەتن، ئەبوایە لە ڕێگەی شۆراوەوە بێن، پێم وابێ خۆیانن.

قەدیر لە جۆگەکە پەڕیە ئەمبەرەوە و وتی:

ــ ئەی خەوێنین!

وشتر باعاندی لە کاتێکا نەی ئەویست بە چۆکدا بێ و دەنگەکەی لەگەڵ دەهۆڵ و زوڕنا و هەراوهوریا تێکەڵ ئەبوو. وشتر سەر و ملی بە هەموو لایەکدا با ئەدا و نەی ئەویست ئەژنۆی بنووشتێنێتەوە. بەڵام قەدیر بنی قەمتەرەکەی توند ڕاگرتبوو و بە بێ گوێدانە لاڵانەوەی وشترەکە بە نووکی پۆستاڵ لە چۆکی ئاکوتا و عەبدولە ڕەشیش یارمەتی ئەدا. بابقولی بوندار خۆی گەیاندە کۆڵان و بە شەڵەژاوی وتی:

ــ یەکێک هەڵێ بۆ گەرماو، یەکێک هەڵێ بۆ گەرماو و بە مناڵەکان بڵێ جل لە بەر بکەن و ئامادە بن!

قەدیریش بە هەمان ڕووتاڵیەوە بە بونداری وت:

ــ کەس لێرە خۆ بێکار نییە، چاوت لێ نییە؟

بوندار خۆی بەرەوخوار بوویەوە و بە ئاشکرا ئەیبوڵاند:

ــ کەسم نییە، هیچ کەسم نییە! لەم ڕۆژەدا نەئەکرا جووتیارەکان نەچن بۆ دەشت؟ نەئەکرا ڕۆژێک پەک خەن؟ ئالەم جۆرە کاتانەدایە کە مرۆڤ ئەزانێ هیچ کەسی نییە، هیچ کەس! عەبدولە ڕەش بۆ ئەوەی ئەژنۆی وشترەکە بنووشتێنێتەوە،

مەچەکی بە هەر دوو دەست گرتبوو تا بە دوادا بی شکێنێتەوە و لەم گێرە و کێشەیەدا بە تەشەرەوە وتی:

ــ هێشتاش هیچ کەسی نییە، هەهـ، لەشکری ئەویٚ.

قەدیر لە کێشەی یخدانی وشترەکەدا، بە عەبدولە ڕەشی وت:

ــ کاری خۆت بکە پیاو باش، خەریکی کاری خۆت بە!

وشتر ئەپاڕایەوە و چۆکی نەئەدا پاشوەنی لێدەن. بەڵام قەدیر، گوێی لە پاڕانەوە و گریانی وشترەکە نەبوو و بە هەر دژوارییەک بوو، ئەژنۆی چەپی وشترەکەی -هەروا بەپێوە- لە عەگال خست و شەتەکی دا. ئەوسا نۆرەی ئەژنۆی ڕاستی بوو. قەدیر لە بن ملی وشترەکەوە هاتە ئەمبەر و دەستی دایە. مووسا چەڵمەی عەگالەکەی تاقی کردەوە، خۆی لای ڕانی وشترەکە کێشایە دواوە و وتی:

ــ دلاوەری ناردووە بۆ قەڵاتی خوێناڵ بۆ ئەوەی بە کارەکانی ئەویٚ ڕابگات. قوربانی نازانم ناردووە بۆ کویٚ. ماهدەروێشیشی بەو جۆرە ئاوارە کرد، شێرۆشی بە جۆرێکیتر درپەڕاند، ئەسڵان و شەیداش کە!

وشتر بەچۆکا هات. عەبدولە ڕەش عەگالەکەی لە دەستی مووسا وەرگرت و لە کاتێکا ئەیدا بە قەدیر، وتی:

ــ ئەی جووتیارەکان چی؟ ئەی ئەوان بۆ یەکیشیان خۆی پیشان نادا؟

قەدیر عەگالی ئەژنۆی ڕاستیشی جەڕاند و توند بەستی و بە عەبدولی وت:

ئەتەویٚ وەڵام لە کیٚ وەربگری کە ئەوەندە چەقەچەق ئەکەی؟! لە من؟!

عەبدولە ڕەش وتی:

ــ خەریکین قسە ئەکەین، ئیتر!

ــ قسە؟! ئێستە کاتی قسە نییە، کلکی وشترەکە بگرە

تا دوایی!

بوندار بە پەلە هات. لای وشترەکە کە هەروا ئەی بۆڕاند وەستا و بە قەدیری وت:

ـ ئەگەر زاوا زووتر گەیشت. هەروا لە دوورەوە ڕای بگرە تاخۆم لەملاوە میوانەکان ئەهێنم. لە هەر دوو لاوە کە هاتنە بەرەوە و گەیشتنە نزیکی ئێرە، ئەوسا. خۆ تێئەگەی؟ خوێنەکە ئەبێ لەکاتی خۆیدا بڕژێتە سەر زەوی. من خۆم ئەڕۆم بە بەرەوپیری میوانەکانەوە!

بوندار لە کاتێکا دەستی ئەبردە ناو قۆڵی پاڵتاوەکەیەوە بۆ ئەوەی داپۆشێ، هەر بەو لەزە لە جۆگەکە پەڕیەوە و بەرەولای سەرەوەی کۆڵانەکە هەنگاوی تیژ کرد. عەبدولە ڕەش سەیری دوور کەوتنەوەی بونداری کرد و لە کاتێکا ددانە ڕزیوەکانی بە پێکەنین پیشان ئەدا، وتی:

ـ بۆ پێشوازی ئەمەیان چاوەشی لەگەڵ خۆی نەبرد!

قەدیر قاچەکانی وشترەکەی خەواند، ئارەقەی ناوچەوانی بە قۆڵی سڕیەوە و لە کاتێکا ئاڵقەی گوریسەکەی لەشانی مووسا هەڵئەگرت، وتی:

ـ نابیسی ڕوخەک خەریکە تارەکەی کۆک ئەکا؟ سازژەن خۆ لە یەک کاتدا ناتوانێ هەم بۆ تالاوایی لێبدا و هەم بۆ ئالاجاقی سەما بکات!

عەبدولە ڕەش سەری گوریسەکەی لە دەستی قەدیر وەرگرت و بە گاڵتەوە وتی:

ـ لەبەر ئەوەی کە بوندار ئەیەوێ هەر هەموویان بەجارێک ڕابگرێ، پێموایە ڕەنگە ئەیەوێ مووزاتێک، شتێکی وابکات!

قەدیر قەمتەرەکەی لە سەر و بێقڵی وشترەکە کردەوە و کەوتە بەستنی قەپۆز و سەروملی وشترەکە و، بە عەبدولە ڕەشی وت:

ـ وا پێ ئەچێ ئەمڕۆ زۆر نەشەی. کەوت، کەڵەشێرانە

ئەخوێنیٚ! گوریسەکە لە بن ڕانی وشترەکەوە تێپەڕێنە تا خۆم دێم هەڵی ئەپێکم.

عەبدولە ڕەش چۆکی دادا و ئەماژەی بە عەباسجان، کە ئەهاتە کۆڵان بە پێکەنینەوە وتی:

ــ سەیری کە، بووە بە چۆنەری پیشاو!

عەباسجان هەڵئەلەرزی. تاڵ تاڵی ڕیشی شووش وەستابوو و چەناگەی ئەلەرزی و ددانەکانی لێکیان ئەدا و ئاو بە سیلەی چاوەکانی‌دا کەوتبوویە ڕیٚ. دەستەکانی خستبوویە گیرفانی و ئاتەکی جاکەتەکەی توند لکاندبوو بە ورگیەوە و لە کاتێکا پشتی ئەلکاند بە دیواری ماڵی بوندارەوە، بۆڵاندی:

ــ قومێک ئارەق، قومێک ئارەق! بە دەستی خۆم و بە شانی خۆم هێنام و دامە دەسیان. بەڵام، بەڵام، جا برۆ بزانە جەنابی تالاوایی چی بەو ژەهری مارە ئەکا! مرۆڤ خۆ ناوێریٚ پیٚ بخاتە دیواخان. خۆ ناوێریٚ!

عەبدولە ڕەش چۆکی ڕاست کردەوە و وتی:

ــ ئەگەر نێوانیت لەگەڵ لالا ناخۆش نییە، تاوێک بچۆ بۆ سەرتەنوور، بەو جۆرەی دەرئەکەویٚ بەو کێشک کێشانەت مسقاڵێک خومار بوویت!

ــ چار نییە، چار نییە! وەکوو شەقشەقە ئەلەرزم!

عەباسجان ئەوەی وت و لە جۆگەکە پەڕیەوە، پاژنەی پێی لە ئاوەکە ڕۆچوو. جنێوێکی حەوا دا و سەری کرد بە ماڵی سەیدی تەلەفوونچی‌دا.

عەبدولە ڕەش وتی:

ــ هێنایان! زاوا زێڕینەیان هێنا، بڕوا چ ئەمیر ئەرسەلانێکە!

بە دوای دەهۆڵ ژەنەکاندا، ئەسلان و شەیدا لەگەڵ سەیدی تەلەفوونچی کە دەرەلنگی شەرواڵ و گیوەکانی هێشتاش تەڕ بوون، بەرەو ڕوویان ئەهاتن. زاوا و هەڤاڵانی بە ئەسپایی هەنگاویان هەڵئەهێنا و مناڵ و مێرمنداڵیش لە هەموو لاوە،

لە بەر و دوا و لە ناو هاتواندا ئەهاتن. تەنها بابە گوڵاو بوو کە سینی خامۆشی ئەسپەندەرەکەی بە دەستەوە، دوابە دوای زاوا گۆچانی ڕائەوەشاند و ئەهات.

بە نزیک بوونەوەی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، عەباسجانی کەلایی خواداد کە خۆی کووڕ کردبوو و دەستەکانی هەر لە گیرفانیدا بوون، لە دەرگای ماڵی تەلەفوونچیەوە هاتە دەرەوە و ڕوانیە هەر دوو بەری کۆڵانەکە. لای سەرووی کۆڵانەکە، بابقولی بوندار، دیار بوو دڕدۆنگی هەڵاتن و وەستان، دەستی بۆ یەکێک لە بەر دەرگای ماڵی خۆیان ڕائەوەشاند. قەدیر لە کاتێکا گوریسی سەر و ملی وشترەکەی توند ڕائەکێشا، بە سوخورمەی عەبدولە ڕەش، ڕوانیە بوندار. بوندار ئەتوت لەگەڵ ڕاوەشاندنی دەستی قسەشی ئەکرد، بەڵام لە دەنگدانەوەی بانگی دەهۆڵ و شیوەنی زۆڕنادا، هیچی وا لە قسەکانی نەئەبیسرا. قەدیر ڕووی لە عەبدولە ڕەش کرد و لێی پرسی:

ــ تۆ هیچ تێ ئەگەی لەو هێما و ئەمازەیەی بوندار؟!

عەبدولە ڕەش شانی هەڵتەکاند و دەستی برد سیگارێکی لە گیرفانی دەرهێنا. عەباسجان چاوی لە دەستی عەبدولە ڕەش لە جۆگەکە پەڕییەوە و چووە نزیکیەوە و بە گلەییەوە وتی:

ــ دووکانەکەش نەکراوەتەوە پاکەتێک جگەرە بکڕین!

عەبدولە ڕەش سیگارەکەی کرد بە دوو لەتەوە و نیوەی سیگارەکەی پێدا و وتی:

ــ سیگاری مفتە کەیفی زیاترە!

قەدیر گوریسەکەی شەتەک دا و لە کاتێکا خەریک بوو گوریسەکە بەبن کلکی وشترەکەدا ببات، گوراندی بە سەر مووسادا بڕوات بزانێ بوندار ئەڵێ چی؟ مووسا بەرەو بوندار غاری دا و گەیشتە لای. پەیامەکەی وەرگرت و بەهەمان خێرایی گەڕایەوە و بە چاوەشەکان کە خەریک بوون نزیک ئەبوونەوە، وتی:

ـ هەڵێن بەرەو کاروانسەرا، بۆ پێشوازی ئالاجاقی، هەڵێن، یاڵڵا!

بوندار بۆ پێشوازی میوانەکانی گەڕابوویەوە و مووسا لە بەردەم دەهۆڵ ژەنەکانەوە، بەرەو لای ژوورەوەی ئەبردن. ئەوەندەی کلۆ و مەرحەبا خۆیان بگەیەننە لای سەرەوەی کۆڵانەکە، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بۆ تاوێک بڕا. مەرحەبا و کلۆ بەر لەوەی بگەن بە وشترە یخ دراوەکە لە جۆگەکە پەڕینەوە و عەبدولە ڕەش جرتێکی بۆ لێدان و وتی:

ـ لێت کەوت. کلۆ!

کلۆ بە لاقە کورتەکانیەوە بە دژواری لە جۆگەکە پەڕیبوویەوە، لە کاتێکا بە دوای لاقە درێژ و کۆچەک ئاساکەی مەرحەبادا هەڵئەهات، لە وەڵامی گاڵتەکەی عەبدولە ڕەشدا وتی:

ـ هەڵیگرەوە بیکە بەبەر پشتوێنەکەتدا، بێباوک!

بە دوای دەهۆڵیەکاندا، عەبدولە ڕەش وتی:

ـ ئەبێ بە حەفتا جۆر نازیان بکێشی بێباوکانە، تا گەیاندیانمە ئێرە کۆڵەیان کوتام.

قدیر بە بێ گرنگیدان بە وڕینەی عەبدولە ڕەش جەمسەری گوریسەکەی لە کلکی وشترەکە گیر دا و ڕایکێشا بەجۆرێک کە ملی وشترەکە لار بوو و سەری لکا بەبن شانی چەپیەوە. قەدیر پاشماوەی گوریسەکەی لە عەگالی چەپی وشترەکە تێپەڕاند و بە چەند گرێی توند بەستی. وشترەکە ئەوا ئەژنۆکانی عەگال کرابوون، عەگالەکان بە گوریس لێک بەسترابوون، لە تەڕادی چەپیشی ڕەتکرابوو و لە بن سینەیەوە لە کەڵەوەی ئاڵێنرابوو، سەر و ملی بە لای چەپدا چەمێنرابوویەوە و شادەماری، هەروەک چەڵەمەی بن قوڕقوڕاچکەی ئامادەی کاهوور بوو. قەدیر بە پاشی وشترەکەدا دەوری دایەوە و هاتە لای شانی چەپی وشترەکە، قۆڵەکانی پێچێکی تریش هەڵدایەوە، دەستی برد بۆ

بەر پشتێنەکەی و دەسکی کاهوورەکەی تاقیکردەوە.

هەندێ دوورتر لە قەدیر و وشترەکەی، ئەسڵانی بوندار، لە نێوان شەیدا و سەیدی تەلەفوونچیدا وەستابوو. یان لە ڕاستیدا وەستێنرابوو. مناڵان لە هەموو لایەکەوە کۆ ببوونەوە و لە قەراخ دیوارەکان چاوەڕێ بوون. بابە گوڵاو هاتە بەرەوە، ئاگری ناو ئەسپەندەر سووتەکەی گەشاندەوە و ئەسپەندەری کرد بە سەردا. عەبدولە ڕەش مناڵانی لائەدا و عەباسجان هەروا لە نزیک دەرگای ماڵی سەیدی تەلەفوونچی وەستابوو و سەیری لای سەرەوەی کۆڵانەکەی ئەکرد.

دەهۆڵ ژەنەکان لە ناوەڕاستی کۆڵانەکە وەستابوون و دەستیان پێکردبوویەوە و میوانەکانیش خەریک بوون دەرئەکەوتن. لەپێش هەموویانەوە ئالاجاقی ئەرباب بوو کە قیت و بەهێز هەنگاوی ئەنا. پاڵتاوە ماووتە قۆپچە داخراوەکانی ورگە هەڵمساوەکەی شاردبوویەوە و کڵاوە شاپۆ فەرەنگیەکەی بە ملپێچی قاوەیی و پێڵاوی بریقەدارەوە ئەوی -وەکوو هەمیشە- لەوانیتر جیا ئەکردەوە. کەموزۆر شان بە شانی ئالاجاقی، سەرتیپ فەربەخش ئەهات. پەڕینی بن چاوەکانی لە دوورەوە دیار بوو. جەلیل ئاغە و خوشکەزای ئالاجاقی لە پشت فەربەخشەوە ئەهاتن و بە دوایاندا ئەوانی دی -چ لەبەرگی سەربازی و چ ئاسایی- کە ئاشنا نەبوون، مەگەر شۆفێرەکەی ئالاجاقی. بوندار لای دەستی ئالاجاقیەوە قرژاڵی هەنگاوی ئەنا، دەستەکانی لە سەر ورگی دانابوو و بە دەم کورنش بردنەوە قسەی بۆ ئەکرد و بەخێرهاتنی ئەکرد. نزیکتر کە بوونەوە، زاوا و هاوالانیشی لە لای خوارەوە کەوتنەڕێ.

قەدیر جاکەتەکەی داکەند. دای بەدەس عەبدولە ڕەشەوە بۆ ئەوەی بیدا بە سەر چاوی وشترەکەدا. عەبدولە ڕەش قنچکە سیگارەکەی هەڵدایە جۆگەی ئاوەکە و بە جاکەتەکەی قەدیر چاوی وشترەکەی داپۆشی. قەدیر بە عەبدولە ڕەشی وت بۆ

قایمەکاری، سەری گوریسەکە بە هەر دوو دەست توند ڕابگرێ و عەبدوڵە ڕەش وەهای کرد. قەدیر دەستی برد بۆ بەرپشتێنەی و کێردەکەی دەرهێنا. عەباسجان تەزی پیاهات و هەنگاوێک کشایەوە و ڕووی لە براکەی وەرگێڕا.

دەهۆڵ و زوڕنا گەرمیان کردبوو. ڕەگەکانی ملی مەرحەبا ئەوەندە فووی کردبوو بە زوڕنادا، ئاوسابوون و دەرپەڕیبوون. لاجانگەکانی ئەتوت گڕیان گرتووە و دەمارەکانی لاجانگی وەکوو قژی لوول، بەرجەستە ببوون. سێوکەی بن گەرووی لە هەر بین خواردنەوەیەکدا سەر و خواری ئەکرد و، گوویەکانی زیاتر هەڵمسابوون و لە دوو شەمامەی پانەوەبوو ئەچوون. هاونەوای زوڕناکەی مەرحەبا، کلۆ سەر و ملە کوڵەکەی بە لای چەپدا خوار کردبوو و بە دارێک کە سەرەکەی وەکوو سەری کەوەمار چەمابوویەوە، ئەیکوتا بە دەهۆڵەکەدا و بە پەنجەکانی دەستی چەپی کە دارێکی باریکی ڕاگرتبوو، ئەیدا لە بنی دەهۆڵەکە.

هەموان لە دووبەری بەردەرگای ماڵ بوندار کۆ ببوونەوە و ڕاوەستابوون.

ئالاجاقی ئەرباب و هەڤالانی لای سەری وشتری شەتەکدراو، زاوا و هەڤالانی لای خوارەوەی و هەندێ لە میوانەکانیش لە بەر بانیجە ئەیانڕوانی بە سەر کۆڵاندا. کچانی حاجی خورسوفیش هاتبوونە بەر پاساری بانی ماڵی تەلەفوونچی و سەیریان ئەکرد. بابە گوڵاو بەو ناوەدا ئەگەڕا و بە بێهوودە هەوڵی ئەدا لە ئاگری کوژاوە، دووکەڵی ئەسپەندەر بەرز بکاتەوە. بۆیەش سەیدی تەلەفوونچی بەغار خۆی کرد بە ماڵدا، سینی ئەسپەندەر سووتەکەی لە دەستی ژنەکەی سەند و هاتەوە بۆ کۆڵان و بەر لەوەی بابە گوڵاو یەکەم بەندی «سەوزە ئەسپەندەر و سەوزە زارە ئەسپەندەر» کۆتایی پێ بهێنێ، بۆی سەندەوە خۆی کەوتە شایەری و لە نێوان کوتان و ژەندنی دەهۆڵ و زوڕنادا دەنگی سەڵەواتی حەشاماتەکە چوو بە حەوادا و قەدیر کێردەکەی تا

دەسک لە شاڕەگی وشترەکە چەقاند!

دەنگی دەهۆڵ، دووکەڵی ئەسپەندەر، سەڵەوات و نەڕڕەی وشتر.

قەدیر کێردەکەی هێنایە دەرەوە. فیچقەی خوێن، وەکوو ڕژانی ئاو لە لوولەی مەسینەوە. دەنگی دەهۆڵ، ناڵەی زوڕنا و سەڵەواتێکی دی. قەدیر جارێکی تریش کاهووری لە سینەی وشتر چەقاند. ئەمجارەیان وشتر گریا.

شایەری، دەنگی سێیەمی سەڵەوات و کوتانی دەهۆڵ لە ناو دووکەڵی ئەسپەندەردا. قەدیر کەوتە بڕینی قوڕقوڕاچکەی وشترەکە. خوێن بازرەقەی بەستە ناو جۆگەی ئاوەکە. گریانی وشترەکە دامرکایەوە. قوڕقوڕاچکەی بە تەواوەتی بڕدرا و خوێن ئاوی جۆگەکەی سوور کرد.

عەبدولە ڕەش جاکەتەکەی قەدیری لە سەر ڕوخساری وشترەکە هەڵگرت، بەڵام کەس سەیری چاوە تەڕەکانی وشترەکەی نەکرد. عەباسجان ڕووی لە بەزمەکە وەرگێڕا و بەرەو خوار بوویەوە و میوانەکان و زاوا بە سەر خوێنەکەدا ڕۆیشتن و چوونە حەوشە.

دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ کز بوو و قەدیر بە یارمەتی عەبدولە ڕەش کەوتە کردنەوەی گوریسی شەتەک. گرێکانی کردەوە و بە گەلەکۆمەکێ لەگەڵ چەند پیاویتر وشترەکەیان هەڵگێڕایەوە. قەدیر کێردەکەی دا لە هەسان بۆ ئەوەی بە تەواوەتی سەری وڵساتەکە لە لەشی جیا بکاتەوە.

٢٩٢٠
کەیدەر
بەرگی نۆیەم

**بەندی سێیەم**

ــ ئا، عەباسجان! هەموو بەرەو ماڵی بوندار ئەچن و تۆ پشتت کردووە لە ماڵی بوندار، بۆچی، چی بووە؟!

ئەوە گۆدەرزی بەڵخی بوو لە بن دیوارە ڕووخاوی ماڵەکەی پاڵی دابوویەوە و تەزبێحی ئەگەڕاند. بەرامبەر بەڵخییش عەلی خاکی دانیشتبوو و خامۆش بوو. خاکی چیچکانی کردبوو و بە چەقۆ دەسک شکاوەکەی زەوییەکەی هەڵئەکۆڵی و لە بێدەنگی عەباسجان‌دا سەری هەڵێنا و وەکوو بەڵخی سەیری کرد. عەباسجان ساتێک لە نێوان نیگاکانی دوو پیاودا حەپەسا و پاشان وەک بلێی هاتەوە بە خۆیدا، پێی بزواند و وتی:

ــ بە ئێوە چی! مرۆڤ ناتوانێ بچێتەوە بۆ ماڵی خۆیشی؟!

بەڵخی و خاکی پێکەنین و عەباسجان کە گەیشتە بەردەرگای ماڵەوە، تاوێک بە دڕدۆنگیەوە گوێی هەڵخست و پاشان لە درزی دەرگاکەوە چووە ژوورەوە و زنجیرەکەی کرد بە قوڵفەکەدا و هەر لەوێ تاوێک وەستا و هەناسەی هێنایەوە بەرخۆی. پاشان کەوتە ڕێ، لە دالآن تێپەڕی و چووە حەوشە. لای بیرەکە خاوی کردەوە و سەیری باوکی کرد.

پیرەمێرد چاوی نەئەترووکاند. بەو جۆرەی کە بەیانی، پاڵی بە جێوبانەکەوە بوو و مۆڕ ببوویەوە لە بەردەمی خۆی. ئەتوت لە سەر جێگەی خۆیدا وشک بووە. عەباسجان ویستی هەنگاو

هەڵبگرێ و بەرەو باوکی بچێ. بەڵام هەستی کرد ناتوانێ ببزوێ. ڕاستەکەی هەستی کرد جەربەزەی ئەوەی نییە کە هەنگاو هەڵبگرێ. باشە بۆچی و بەچ کارێک هاتبوویەوە بۆ ماڵەوە؟ بە مەبەستێکی تایبەتی هاتبوویەوە بۆ ماڵەوە یان لە فەرتەنەکە هەڵاتبوو؟ خۆ کاری ماڵی بوندار نەک هەر تەواو نەببوو، تازە دەستی پێکردبوو و خەریک بوو ئەکەوتە ڕێ. ئەی ئەو بۆچی هاتبوویەوە؟

عەباسجان ئێستە کە گەیشتبوویە ماڵەوە و لە سەر جێی خۆی چەقیبوو، ئەتوت هاتۆتەوە بە خۆیدا و ئەو پرسیارانە لە دەروونیدا سەریان هەڵداوە. هەم لە بەر ئەمەش بوو ئەگەر سام گرتبووی و هەستی ئەکرد خەڵوەت و بێدەنگی ماڵەکە، بەو تەرمە بەردینەی کە باوکی بوو ئەتوت ئەیانەوێ بیخۆن. جگە لەمانەش، ترس و بەدگومانی باوکی، ترسی ئەوەی کە کەلایی خواداد لێی وەشک کەوێ، وای لێئەکرد دەست بداتە کارێک و دەروویەک بدۆزێتەوە. ئەبوایە کارێکی بکردایەت بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بۆ ئەوکارە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە. کارێک کە هەم بە خۆی و هەم بە باوکی بسەلمێنێ بۆ ئەو کارە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە. ڕاستەکەی ئەوە بوو کە زیاتر لە باوکی ئەیویست ئەو مەبەستە بە خۆی بسەلمێنێ. بەڵام ئەتوت مێشکی ببوو بە گەچ و نەی ئەتوانی بیر لە هیچ کار و بیانوویەک بکاتەوە. بۆیە ـناخودئاگاـ بەرەو هەمارەکەی قەدیر کەوتە ڕێ. دەرگای هەمار بەڵام قفڵ بوو و کلیلەکەشی ـمسۆگەرـ لە گیرفانی خودی قەدیردا بوو. گریمان واش نەبوایەت، ئاخر ئەو چ کارێکی لە هەمار هەبوو؟ جارێکیکەش، بێهوودە، قفڵەکەی تاقی کردەوە و پاشان هەر لەوێ، لە پشت دەرگای هەمار ڕاوەستا و بە ناچار باوکی خستە بن چاودێرییەوە.

کەلایی خواداد هەروا خامۆش بوو و بێگومان ئاگای لە عەباسجان نەبوو. ڕەنگە کوڕەکەشی هەر نەدیبوو، چ بگات

بەوەی سەرنجی بداتێ. لەو دارەتەی پیرەمێردی تیابوو، ڕەنگە هەر بیریشی لە عەباسجان نەئەکردەوە. بەڵام عەباسجان ئەو هەست و بۆچوونەی نەبوو. ئەو پێی وابوو باوکی لەگەڵیەتی، ئاگای لێیەتی و بەگومانەوە تێی ئەڕوانێ. بۆیەش هەستی ئەکرد لە بن ئەو نیگا بەدگومان و کوشندەیەدا خەریکە ورد ئەبێ و، دەست و پێی خۆی وەها ون کردبوو نەی ئەزانی چ کارێکی پێ ئەکرێ و چ کارێک ئەبێ بکات بۆ ئەوەی بتوانێ ئارام و ئوقرە بگرێ. تاتەبەردی بن دیوارەکە. لەپڕ تاتەبەردی بن دیوارەکە. عەباسجان لە سەر تاتەبەردەکە دانیشت، سەری بردە ناو شانەکانیەوە و ئارەزووی ئەکرد باوکی -بەڵکوو- زمان هەڵبڕێ. بەڵام پیرەمێرد قسەیەکی نەبوو. کە وا بوو عەباسجان وەکوو بڵێی شتێکی بیر کەوتبێتەوە و وەک ئەو بیرەوەرییە مایە و هاندەری بۆ ماڵەوە هاتنەوەی بێ، لەپڕ وتی:

ــ کردی بە زاوا! ئەسڵانی کرد بە زاوا، بابقولی بوندار! زەماوەن، ئەمەش زەماوەن!

نەخێر، وەک هەر هیچیش نەوترابێ، کەلایی خواداد هەروا لە ناو خۆیدا بوو. وشک و خامۆش. عەباسجان ئاسانتر لە پێشوو و هەروەها بە دەنگێکی بڵیندتر، وتی:

ــ گوێت لێ نییە؟!

نەء! کەلایی خواداد هیچی نەئەبیست.

عەباسجان غیرەتی وەبەر هات و نیگای برییە باوکی. باوکی بێدەنگ و بەرد بوو. عەباسجان سەری هەڵێنا و سەیری ئاسمانی کرد. هەموو لا خۆڵەمێشی و تەختی ئاسمان ئەتوت هاتۆتە خوارەوە. سەری داختستەوە و بە خۆی وت:

ــ «لەو ڕۆژ و هەوایە!»

پاشان ڕوانیەوە باوکی و پرسی:

ــ ئاگرت بۆ دروست بکەم؟

نەء! هیچ وەڵام نەبوو. عەباسجان ویستی ڕابێ، بەڵام بە

ڕوونی هەستی کرد جەربەزەی ئەو کارەی نییە. هەستی ترس، هەستی ترسێکی نامۆ لە سەر بەردەکەی چەقاندبوو. ئەتوت خۆی بووە بە بەرد. شتێکی وەکوو باوکی. هەوڵی دا تا ئەوەی دەربارەی باوکی بیری لێ کردبوویەوە، ئەوەی دەربارەی باوکی بە خۆی وتبوو و بە قەدیری وتبوو، جارێکی دی بهێنێتەوە بیری و بۆ خۆی نوێی بکاتەوە. هیوای ئەوەی کە بیرکردنەوەی بیرەکان جەربەزە و بوێریەکی بداتێ بەڵکوو بتوانێ کارێک بکات. ئەگەر ئەو کارە خواردنەوەی قومە ئاوێکیش بووبێ. بەڵام ئەتوت ئەو کارەشی پێ ناکرێ. ڕاستەکەی ئەتوت بەردینە بوونی باوکی، دەسبەجێ و کتوپڕ کاری کردبوویە سەر عەباسجانیش و ئەوی لە سەر بەردەکە کردبوو بە بەرد.

کوندەبەبوو، کوندەبووەکە لە سەر کۆڵەکە ڕووخاو، هەروا نیشتبوویەوە و خامۆش بوو. خامۆش و زەق، بە دوو چاوی وەکوو مێشە سەگانەوە. ئەتوت لە هەموو ئەو شتانەی لە ناو ماڵی کەلایی خواداد ڕوو ئەدا ـ هەموو ئەو شتانەی لە ماڵی کەلایی خواداد ڕوونادا ـ ئەڕوانێ. کە کوندەبەبوو و ماڵەکەش بەیەک ئەندازە خامۆش و مڵۆزم بوون. جارێکی دی عەباسجان ڕوانیە ئاسمان. ئاسمان، ڕاست هەنگاوێک بوو تا سەربان. هاتبوویە خوارەوە و خۆی لە ڕەنگی کوندبەبوو و بان و دەرگاکە ڕەنگ کردبوو. ئەتوت هەموو شت لە ئاسمان ئاڵۆسکاوە. نە ئەباری و نە شەقڵی ئەشکا. نە ئەی ناڵاند و نە لێک هەڵئەپچڕا. خەفەخانی ئەهێنا. سەرماکەشی ناکات و بێتام بوو. ڕەنگ و باریشی، ڕەنگ و باری ڕۆژ نەبوو. نە ڕۆژ بوو و نە شەو. عەباسجان دیسانەوەش ئەیتوانی بڵێ:

ــ «لەو ڕۆژ و هەوایە!»

هەموو شت لەیەک ئەچوون. هەموو شت ساردی لێ نیشتبوو. تەنانەت دەستەکان بە ئاسانی نەئەهاتنەوە یەک و پەنجەکان لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نەبوون. پێستی ڕوخسار

و نیگایان، هاتوچۆ و چاک و چۆنی، خوێن و سەما و دەهۆڵ و، ئەو هەموو هەوڵەی چاوەشەکانی ڕوخەک بۆ گەرمکردنی بەزمەکە ئەیان دا، ئەنجام و بەرێکی نەبوو. ڕۆژی وەها تەنانەت بۆ پیاوانیش شیاو نەبوو. شووم، شووم بوو. هەموو شت شووم خۆیای ئەکرد. عەباسجان، هەرگیز مراندنی باوکی لە سەرما و ڕەچەڵەکێکی ئاوەهادا نەهێنابوو بە بیریدا. ئەم دوا هەنگاوە، ئەوەی کە عەباسجانی کەلایی خواداد لە درێژترین خولی تەمەنی گەورەساڵی خۆیدا بیری لێکردبوویەوە، هەرگیز و هیچکات بەرگێکی بەم جۆرە ساردی لە بەر نەکردبوو.

سەگ! ڕۆژی سەگ. سەگی! نە باران و نە بەفر و نە هەتاو. نە گەرمای بەر لە بەفر و نە سەرمای پاش بەفر. نە تەرچکیی پێش باران و نە ناسکی پاش باران. نە پێشینەی دەرکەوتنی هەتاو و نە پاشینەی زەڵاڵی ڕۆژ. نە شەوانگە و نە سپێدە کات. نە سبادرە و نە بەرەبەیان. نە ڕۆژ و نە نیوەڕۆ، نەشەو و نە نیوەشەو. زەمان ئەتوت لە بەستێنێکی بێڕەنگ و تەنگدا تووشی وەستان بووە. تا ئەو ڕادەیەی کە بۆ مراندنی پیاوێکی ئیفلیجیش دڵ بەرایی نادات.

نەء! بێهوودە بوو هەوڵدانی عەباسجان لە وەبیرهێنانەوەی بیرەکانی مراندنی باوکی. ئەو ئەندێشانەی کە کات و ناکات ئەهاتن و بە گەشە و نەشە و پڕ لە تامەزرۆیی بوون، ئەوا لە بیرەوەری عەباسجاندا ڕەنگیان نەئەدایەوە و قەتیس ببوون. تەنانەت بە ئەسپاییش نەئەجووڵان. ئەو وێنە نەشەهێنەرانەی کە گیانی چیڕ و گڵاوی عەباسجانیان ئەبردە ناو گەرمایەکی سازگار و لەبەردڵان و سەرتاپێ گڕی تی بەرئەدا، ئەوا ببوون بە پارچە سەهۆڵی ڕچاو. پارچە سەهۆڵی خۆڵ و خەوشاوی. ئەوەتا دوا ئومێدی عەباسجان، دێرینترین ئارمانجی ئەو -مراندنی باوک- خەریک بوو لە قەبارەی قێزدا ئەڕچا. جۆرێک ترسی قێزەون، جۆرێک هەستی دزێو و کرێت عەباسجانی کەلایی

خوادادی لە ماوەیەکی دیاریکراوی دوور لە باوکی لە سەر جێگەی خۆی چەقاندبوو. ڕەنگە یەکەمجار بوو کە خۆی لەو تەنگەبەرەدا ئەبینیەوە و ناچار بوو تاوێک بە خۆیدا بێتەوە. هەرچەند ئەوەی لە ناخیدا ڕائەبرد بە هیچ کلۆجێک پاکیزەتر لە کات و دەمەکانی تری ژیانی نەبوو، بەڵام ئەوی وا لێئەکرد بە خۆیدا بچێتەوە و لە خۆیدا، بڕوانێتە خۆی.

سەیری دەستەکانی خۆی کرد. ئەو دەستانەی کە هەتا ئێستا بێ ئەژمار گەرووی باوکی -لە ئەندێشەی عەباسجاندا- ڕێکگوشیبوو. ئەو دەستانەی کەوا ئێستە ڕچابوون. شتێکی وەکوو چەرمی وشک و شەقیلە بەستووی بیابان، ببوون بە چڕنووک. بزواندنی پەنجەکان. سەلماندنی ئەوەی کە لەکار نەکەوتوون. نەء! هێشتا لەکار نەکەوتبوون. قامکەکانی ئەجووڵن. بەڵام پێ ئەچوو کە ڕێگەی لای پەنجەکانی ئەو تا گەرووی پیرەمێرد، هەزار فرسەق بوو. بەری دەستەکانی خستە سەر ئەژنۆی بۆ ئەوەی بەڵکوو ڕابێ، بەڵام هەستی کرد توانای هەڵسانی نییە و تەنانەت حەزی لە هەڵسانیش نییە. گومانی ئەوەی کە خەڵکی چۆن دەربارەی بیر ئەکەنەوە هەڵیئەساند. هاڵاوی ئەو ئەندێشانەی کە لە کۆڵان چی ڕائەبرێ، هێرشی ئەو ئەندێشانەی بۆی هەبوو لە لای خەڵکی دروست ببێ، لە سەر بەردەکە هەڵیکەند. هەڵسێنرا و ڕاوەستا و تێکۆشا تا لە سەر لاقە لەرزۆکەکانی ڕاوەستێ. نەک هەر ئەژنۆکانی، بەڵکوو هەموو لەشی ئەلەرزی. ترس و ترس. خۆی ئەگەر لە ئاوێنەدا ببینیایەت زیاتریش تۆقانەی لەو ترسەی لە چاو و لە ڕوخساری نیشتبوو. بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بگەیەنێتە داڵان و لەوێوە بۆ دەرەوە، بە دوای کورتترین ڕێگەدا ئەگەڕا. کورتترین بۆ ئەوەی بتوانێ بە دوور لە نیگای ڕچاوی باوکی تێپەڕێ. نەی ئەویست تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بکەوێتە بەر تیرێژی نیگای پیرەمێرد. بن دیوارەکە. ئەبوایە بەبن دیوارەکەدا بە خشکەیی دزە بکات؛

وەکوو دزان. بەر لەوەی دڵی بتۆقێ، ئەبوایە خۆی بگەیەنێتە ناوداڵان و خۆی ون بکات.

ناوداڵان تاریکتر بوو. عەباسجان تاوێک هەستی ڕاگرت و دەستی گرت بە دیوارە پووکاوەکەی داڵانەوە. خۆڵەپووت لە شوێنی دەستی هەڵوەریە سەر پێڵاوە شڕەکانی:

ــ «ئەی ئەم قەدیرە نگریسە لە چ جەهەننەمێکە؟!»

لەبن ئەم بنمیچە و لە ناو ئەم داڵانەدا، قەدیر و عەباسجان وتووێژیان لە سەر مراندنی باوکیان کردبوو و ڕێکەوتبوون و بڕیاریان دابوو. بە ئاشکرا لەو بارەیەوە وتبوویان و بیستبوویان. بەڵام ئێستە و لەم دۆخەدا تەنها عەباسجان لە ناو داڵانەکە بوو، ئەویش بەو جۆرە داماو و کۆست کەوتوو.

ــ «ئەی ئەم قەدیرە لە چ جەهەننەمێکە؟!»

عەباسجان خۆی ئەیزانی قەدیر لە کوێیە و خەریکی چییە. بەڵام ئەوەی بە زمانیدا ئەهات خودئاگا نەبوو. بە بێ ئەوەی خۆشی بزانێ قەدیر هاتبوویە بیری. چونکە قەدیر تاقە ڕازدارێک بوو کە ئەیتوانی دەست بداتە بنباڵی براکەی.

تا دەرگای حەوشە دوو هەنگاو زیاتر نەبوو. هەروەها عەباسجانیش هێشتا زۆر لە دەرووی ناوداڵان دوور نەکەوتبوویەوە. لە نیگای کەلایی خواداد کە بۆی هەبوو بیبینێ، خۆی حەشار دابوو. بەڵام ئەمە لە ترسەکەی کەم نەئەکردەوە. ئەبوایە لە دەرگا بچێتە دەرەوە، بەڵام گومانی ئەوەی کە هەندێ چاوی ناحەز لەو هەست و دارەتەدا بیبینن، زۆرتر ئەیترساند. وازێکی نامۆ ڕایئەژەند بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە و جارێکیدی، بە دزیکەوە، سەیری باوکی بکات. بەڵام کارێکی وەها نەگونجاو بوو. ئەو جەربەزەیەی لە خۆیدا نەئەبینی هیچ، هەستی ئەکرد ناتوانێ پێ لە پێ ببزێوێ. بۆیە هەر لەو شوێنەی کە وەستابوو، بە بێ ئەڤان دانیشێنرا و خۆڵەپووتی دیوارەکەی بە شان و تەختی ناوپشتیدا داباراند. پانیەی سەری نا بە دیوارەکەوە و پێڵووەکانی

نایە سەریەک و لە بەر خۆیەوە کەوتە قسە:

ـ «خوایە، کە واتە من ئەترسم، کەواتە هێشتاش هەندێ شت هەیە من لێی بترسم. هەندێ شت، لەمندا هەیە! ترس، خوایە گیان، ترس. بۆ ئەبێ بترسم؟ بۆ ئەبێ لە باوکم بترسم؟ ئەویش لەو باوکە! هەزاران هۆم هەیە بۆ ئەوەی لێی بێزار بم، هەزاران سونگە. کەچی من لەو ئەترسم، لە کەلایی خوادادی جڵەودار ئەترسم! بۆچی، خوایە گیان؟!»

عەباسجان گرێی هەناسەی لە سینەی دایە دەرەوە و پانیەی سەری لە خۆڵەپووتی دیوارەکە کردەوە و لاجانگ و گوێکانی بە لەپی دەستەکان گووشی و بە سەری دوو پەنجە تووتەی پێڵووە داخراوەکانی ڕێک گووشی و گووشی. ئەمکارە ئەبووە هۆی ئەوەی ببینێ و ببیسێ. ئەگەر شتێک لە بەر چاویدا نەبوون، بەڵام زۆر شت لە بەر نیگای مێشکیدا بوون. ئەگەر دەنگێک نەئەهاتە بەرگوێی، بەڵام زۆر دەنگ لە مێشک و ئەندێشەی عەباسجاندا دەنگی ئەدایەوە و پاتە ئەبوویەوە و ئەم دەنگی ساز و دەهۆڵە بۆ ساتێکیش نەئەبڕا.

دەستەکانی بە ناچار لە سەر چاوی هەڵگرت و پێڵووەکانی هەڵێنا و هەستایە سەرچۆک، دەستەکانی نایە سەر عەرز و ویستی خۆی بگەیەنێتە بەردالان. هێزێکی سەمەرە بۆ سەیرکردنەوەی باوکی ڕای ئەکێشا. لە هەمان کاتدا هێزێکیش ڕێگەی لەوە ئەگرت کە عەباسجان سەر دەربێنێ و بڕوانێتە کەلایی خواداد کە هەروا لە دەریزانی دەرگای ژوورەکەدا دانیشتبوو و پاڵی دابوو بە جێوبانەکەوە. بۆیە لای ناوەوەی دالانەکە ڕاوەستا، دەست و ئەژنۆی لە خاک بەرز کردەوە، پاڵی دا بە دیوارەکەوە و جارێکیتر چاوی لێک نایەوە:

...باوک کوژیی، باوک کوژیی، ناجسنی نارەسەن!»

بۆچی ئەم وشانە، ئەم وشە شوومانە لەکۆڵی نەئەبوونەوە؟

بۆ ئەم مێشە مڵۆزمانە لە بیر و مێشکی نەئەبوونەوە؟ پچڕاو و تێکەڵ و پێکەڵ، پشت و پانیەی سەری لە خۆڵەپووتی دیوارەکە ڕەتاند، لە سەر خاکی بن دیوارەکە دانیشت و ئەژنۆکانی ئازاد کرد و هەناسەی بە گوتن بەردا:

ـ «ئەترسم، خوایە، بەڵێ من ئەترسم. من هێشتا لە هەندێ شت ئەترسم. ترس، خوایە! بەڵام من بۆ ئەبێ لە باوکم بترسم؟ ها؟ بۆ ئەبێ لە باوکم بترسم؟ ئەویش لەو باوکە، باوکێکی ئاوەها! هەزار سونگەم هەیە بۆ ئەوەی لێی بێزار بم! کەچی من لێی ئەترسم، لەوێک کە جارێک کوشتوومە. لە تۆ کە لە بەر چاوی من تەرمێک زیاتر نیت، ئەترسم! بۆچی، ئەی خوا؟!»

زمان و دەمی وشک ببوو، وەکوو خشت؛ تاڵ، وەک کەکرەی مار. سەرەڕای ئەمەش لە ناو گیرفانەکانی‌دا بە دوای سیگاردا ئەگەڕا. قنە سیگارێکی دۆزییەوە و بەو دەستانەی کە هێشتاش ناخودئاگا ئەلەرزین، سیگارەکەی پێکرد و جارێکی‌تر ئامبازی براکەی بوویەوە:

«ئیتر هیچی نەماوە خۆی بکات بە قوربانی بابقولی بوندار!»

دووکەڵی سیگارەکەی قووتدا، لە ناو سینەی ڕایگرت و پاش تاوێک لە کونەلووتیەوە دایە دەرەوە و لە بەر خۆیەوە وتی:

...خۆم نەمویست بیکوژم! باش کە بیری لێ ئەکەمەوە، ئەبینم خۆم نەمویست بیکوژم. دەستم لەرزا، دڵم لەرزا. نەفرەت لەم دڕدۆنگیە! دەسی دەسیم کرد و خۆم خافڵاند. بە بێ ئەوەی بزانم حەزم ئەکرد دوای خەم. بەڵکوو شتێک ڕوو بدات کە نەتوانم بیکوژم. شتێک ڕێگەی لێ ئەگرتم و نەم ئەزانی ئەو شتە چی بوو؟ ئەگەر وا نەبوایە، خۆ ئەو هەموو خنەخنەی نەئەویست. وەک ئاوخواردنەوە وابوو، بەقەد ئاوخواردنەوەیەک. شتێک! خوێن، خوێن! ڕەنگە ئەو شتە خوێن بوو. ئەو خوێنەی ئەو کە لە دەمارەکانمدان. خوێنی باوک و فرزەنی. من کوڕی

باوکمم. باوکم، باوکم، بەڵام، بەڵام بۆ ئەبێ مرۆڤ نەتوانێ باوک بکوژێ؟ یەکی دی بۆ ئەبێ و ئەکوژرێ، بەڵام باوک نابێ؟، چ جیاوازییەکی هەیە؟ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان کوشتن و کوشتندا؟ بەس غەوارەیی. مەگەر من و باوکم لەگەڵ یەک بێگانە نین؟ مەگەر ئێمە چ خوو و خدەیەکمان بەیەک گرتووە؟ چ حەزێک و چ هەڤاڵەتیەک؟ تەمەنێکی دوور و درێژ یەکدی سووک ئەکەین. تەمەنێکە یەکدی ئەسووتێنین. تەمەنێکە نەفرەت لەیەک ئەکەین و جنێو بەیەک ئەدەین. ئەی چ هۆیەک هەیە کە دەستم سست ئەکاتەوە؟ خوێن؟ هەر ئەم خوێنە؟ بەس ئەم خوێنە؟!»

«گومان! گومانم هەیە و باوەڕ ناکەم! بۆچی، لە کوێوە دیارە؟ بۆ ئەبێ دڵنیا بم لەوەی خوێنی ئەو لە دەمارەکانم دایە؟ ئەبێ پێم وابێ؟ مەگەر کەم ڕووی داوە کە مرۆڤ زۆڵەزا بێ؟ کێ ئەزانێ، لە کوێوە دەرئەکەوێ؟ مەگەر هەرچی ئاشکرایە، ڕاستەقینەشە؟ مەگەر ڕاستەقینە بەس ئەو شتانەیە کە چاومان ئەیبینێ؟ نەء، نەخێر! زۆر ڕووداو هەیە کە چاوەکانی ئێمە نەیان دیون. تاوان، زۆر تاوانیش بووە کە هەروا سەرپۆشی بە سەرەوە ماوە و سەد ساڵی تریش ئەگەر هەبین، بۆ تاقە چرکەیەکیش بیری لێناکەینەوە. چۆن بکەومە بیری شتێک کە هیچ ئاگام لێی نییە؟! سەفەر، سەفەرەکانی گەنجێتی! سەفەرەکانی سەردەمی گەنجێتی کەلایی خوادادی جلّەودار لە سێ مانگ تا دوانزە مانگی پێچووە. هەندێ جاران زیاتر لە دوانزە مانگ. سفلیس. خۆی سفلیسی گرتبوو. دیبوویان گمیزەکەی وەکوو قیری لێهاتبوو، وەکوو لیتەی بن جۆگە! دایکی منیش، دایکی منیش خۆ فریشتە نەبووە؛ فریشتە بووە؟!»

«گومان ئەکەم! گومان لە هەموو شت ئەکەم. بۆ نابێ گومان لە دایکم بکەم؟ بۆ؛ لە کوێوە دیارە؟ بۆ ئەبێ لام مسۆگەر بێ کە من لە پشتی کەلایی خواداد کەوتوومەتەوە؟ بۆ نابێ گومان لەوە

بکەم؟ بۆ نابێ لەوە دڵنیا بم کە من تۆوی کەلایی خواداد نیم؟ بۆ ئەبێ لەوە دڵنیا نەبم؟ دڵنیام و گومانم نییە! جا با هەر بڵێن زۆڵەزام. با هەر بڵێن. چکارێک ئەکاتە سەر من؟ چ جیاوازییەک لە ژیانی منی ئاوەها نەگبەت و تۆرتۆرەدا دروست ئەبێ. گریمان، حەڵاڵ زادەش بم، دیسان چ جیاوازیی هەیە؟ ئەم شتانە بۆ ئەوە داهاتووە لە میرات و کەلەپوور بێبەش نەبن. کاتێکە من لە حەڵاڵزادە بوونمدا لە میرات بێبەش کراوم، کە وا بوو ئەم حەڵاڵزادە بوونە چ سوودێکی هەیە؟ نییەتی. زەرەدیشی هەیە. زەرەدەکەشی ئەوەیە کە دەستەکانی من ئەبەسێ. زەرەدەکەی ئەوەیە کە دەستەکانی بەستم و نەیهێشت کارەکەم تەواو بکەم. کە وا بوو گومان! گومان ئەکەم و دڵنیام کە شکەکەم بەجێ و بەهەقە. من توخمی حەرامم و ئەو ناپیاوە گۆچە باوکی من نییە! خواداد باوکی من نییە! من کوڕی خواداد نیم! کە وا بوو من و ئەو هاوخوێن نین! نین ئیتر! ئێمە بێگانەین، من و ئەو بێگانەین. بێگانەین و دوژمنی یەکین. کە واتە من ئەتوانم ئەو بکوژم! ئەتوانم بیکوژم و بە دوو بەردیش تەقەی نەیەت! مرۆڤ خۆ ئەتوانێ دوژمنەکەی بکوژێ. ئادەمیزاد دوژمنەکەی جاڕس ئەکات، گوشاری بۆ ئەهێنێ و ئەیکوژێ! منیش وا ئەکەم. خۆ ئەتوانم ئەمکارە بکەم و ئەیشیکەم. ئیتر ترسان لەو چ واتایەکی هەیە؟ ترسان لە غەوارەیەک، ترسان لە دوژمنێکی ڕەبەن و شەپلە لێدراو واتا چی؟ ترسی بۆچییە؟ هەھ، گاڵتەیە ترسان! ئەڕۆم و بەرامبەری ڕائەوەستم و سەیری ئەکەم و خاچ ئەڕوانمە ناوچەوانی و پێی ئەڵێم کە هیچ لێی ناترسم! بلا بەر لەوەی گیانی بکێشم ئەمەم پێ وتبێ. بلا بەر لە مەرگی ئەوەی زانیبێ، با زانیبێتی!»

عەباسجان هەڵسابوو و ڕاوستابوو. قنچکە جگەرەی لە بن تەختی پیلاوەکەیدا کوژاندوە و تلیقاندەوە. بە وزەیەک لە ئەژنۆکانیدا پێی نایە ناو حەوشە، تا لێواری چاڵەکە چووە بەرەوە،

دەستەکانی لە بن باڵەکانی جاکەتەکەی لە پشتەوە هەڵپێکا و زەق ڕوانیە پیرەمێرد. نیگای، ڕاوەستانی و بێشەرمیەکەی وای دەرئەخست لە کۆسپێکی دژوار، لە گێژەنێکی ترسناک پەڕیوەتەوە و ئەوا بڕوا بەخۆ و بە سەرکەوتن هاتۆتە مەیدانەوە. ئەوا لە خەنیم ئەگەڕێ.

بەڵام خەنیم، لە شەڕکەر نەئەچوو. نەک هەر لە کەشکەڵانی ئەندێشەی کوڕەدا، کە واپێ‌ئەچوو لەم جیهانەشدا نەبوو. بوو، بەڵام بەو جۆرەی کە هەبوو، وشکەڵاتوو، خامۆش و مۆڕەی لە جێگەیەک بوو کە هیچکوێ نەبوو و هەموو جێیەکیش بوو. مۆڕ ببوویەوە لە هەموو جیهان. نەک سەرە دەرزییەکیش، نە بە بچووکترین ڕادە، جووڵەی کردبێ. بەرد، بەردی بێدەنگ.

عەباسجان بەرەو باوکی هەنگاوی نا و لە بەر دەریزانی دەرگاکە، ڕاست ڕووبەرووی باوکی ڕاوەستا و تێی ڕوانی. چاوەڕوان ئەکرا عەباسجان سەرنجی پیرەمێرد ڕابکێشی و سەیری کوڕەکەی بکات. بەڵام وانەبوو. هەرواش مەزانە کوڕە بەو سەروبەچکە سەمەرەیەوە هاتۆتە بەرەوە و لێی زەق بۆتەوە. ئەتوت لەش و پەیکەری عەباسجانیش پەڵەیەک لەو هەوا تاڵ و مژاوییەیە و نیگای پیرەمێرد، بە بێ دژواری لێی تێ‌ئەپەڕێ.

عەباسجان دوابە دوای هەڵوەستەیەکی درێژخایەن، پێی نایە سەر بڵیندایی دەریزانەکە و دەست وباسکی لە سەر ڕانی، شانی چەماندەوە، ڕوومەتی لە ڕوومەتی پیرەمێرد نزیک کردەوە و بانگی کرد:

ــ منم. من. عەباسجان! نامبینی؟!

پیرەمێرد چاوی نەترووکاند. بە نیشانەی بیستنی دەنگی عەباسجان، هیچ کاردانەوەیەکی تریشی پیشان نەدا. وەک بڵێی قسەیان بۆ بەرد کردبێ. عەباسجان وای بۆچوو کە باوکی بە بێ باقی کەڕ بووە. بەڵام دڵنیا بوو کە کوێر نەبووە. ئەی بۆ هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو؟ چۆن پیاوێک، چۆن مرۆڤێک بوو ئەو

کابرایە؟ ببوو بە چ جۆرە بوونێک کەلایی خواداد؟ لە کوێ بوو ئێستە و بیری لە چی ئەکردەوە؟ هەستێکی ملۆزم عەباسجانی ڕائەدێرا لەوە بکۆڵێتەوە. حەزی ئەکرد لە ناخی پیرەمێرد بکۆڵێتەوە و دایچۆڕێنێ. ئەگەر بۆی کراوە هەموو مێشک و ئەندێشەی پیرەمێرد گەرد بە گەرد بگەڕێ بەڵکوو بۆی دەربکەوێ پیرەمێردی شەپڵەلێدراو لەم کاتەدا بیر لە چی ئەکاتەوە.

بەڵام کەلایی خواداد، تۆ بڵێی بیری ئەکردەوە؟ ئەگەر بیری ئەکردەوە بۆ هیچ نیشانە و شوێنەوارێک بە ڕوخساریەوە دیار نەبوو؟ چەرمی کۆنە! ڕوخساری پیرەمێرد بۆخۆی هەمان چەرمە کۆنە بوو کە بوو. ئەگەر بیری لە شتێکیش ئەکردەوە، ئەگەر بە تەواوی جیهانیشدا ئەگەڕا، ئەتوت جیهانیشی بە ئەندازەی کەوشەنی ئەندێشەی خۆی تەنگ و سەخت و بەرد کردووە. ڕواڵەتی هەموو بوونی بە ئەندازەی قاپی ڕوخساری خۆی ڕێکگووشابوو و وشک و تەنگی کردبوو. هەم وەک ڕەنگی دڵی خۆی ڕەشی کردبوو و هەم بەگوێرەی ژیانی خۆی تەفروتووناى کردبوو و بیری لێئەکردەوە و وا دیار بوو ڕێ دەرباز ناکات. ئەتوت -مەتەیەکە- لە بەردەبیرۆدا گیری کردووە و تیاماوەتەوە و وزە و توانای ئەوەی نییە لەو لەمپەرە دژوارە تێپەڕێ. وەستان؛ ئەمە بوو ڕەنگە ئەگەر وەستابوو و ئەمەش بوو ئەگەر خۆی ببوو بە بەردەبیرۆیەکی ڕەش، ئەم فیلەتەنە بەچۆکا هاتووە، ئەم پیاوە تێک شکاوە لە خاک گەوزاوە. ببوو بە پیاوێکی دی، ببوو بە شتێکی دی و ڕواڵەت و مایەی لە ئادەمیزادەوە ببوو بە شت. شتێک کە نەبوو. بۆچی، چونکە شتیش بۆخۆی شتێکە. چونکە شت، پێشینە و گەوهەری خۆی هەیە؛ پێشینە و گەوهەری خۆی هەبووە. شت بۆ کارێک بەکەڵک دێ، بەکارێک هاتووە. بەڵام مرۆڤ؟ کاتێکە مرۆڤ ئەبێ بە شت، ئیتر بە کەڵکی چی دێ؟ بەکەڵکی چی ئەتوانێ بێت و لە کوێی ئەم ژیانەدا ئەتوانرێ کەڵکی لێوەربگیرێ؟ مێخی دیوار؛ سەد خۆزگە بە مێخی دیوار!

...ئەی شیری پیس خواردووی، زۆڵەزا، ئەتەوێ بمکووژی؟!»

عەباسجان پشتی ڕاست کردەوە و ناخودئاگا بە دەوری خۆیدا سووڕا و پشتی لەباوکی، لە لێواری چاڵەکە وەستا. زایەڵەی ئەم گوتەیە بۆچی لە کەللەی سەری نەئەچوویە دەرەوە؟ زرینگەی ژەنگگرتووی ئەم گوتەیە، بۆ لە کۆڵی نەئەبوویەوە؟ بۆ ئەوی نەئەخستە گومانەوە؟ عەباسجان بۆ شک هەڵی نەئەگرت؟ ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێ گومانی نەئەکرد. بۆ گومانی ئەوەی نەئەکرد ڕەنگە گەنجینەیەک مابێت؟ ئەم گومانە گومانلێکراوەی خۆی بۆ نەئەدا لە مەحەکی گومان؟ چ هاندەرێک لەودا وزەی سەندبوو کە ئەو تا ئەم ڕادەیە لە سەر ئەو ویستەی خۆی سوور بوو؟ مەگەر ئەوە نەبوو کە یەک لایەنە، لە لای خۆیەوە و لەبری یەکێکی دی بڕیاری دابوو؟ ئەوە نەبوو بە بۆچوونی خۆی، خولی ژیانی پیرەمێردی بەتەواو بوو ئەزانی و گەیشتبوویە ئەو ئەنجامەی کە ئەبێ کۆتایی پێ بهێنێ؟ بۆچوونێکی بەو جۆرە، ئایە لەو ڕووەوە نەبوو کە لە قووڵایی بیری خۆیدا گەیشتبوویە ئەو باوەڕەی کە کەلایی خواداد بە بوونی خۆی لەم جیهانەدا، جێگەی بەو تەنگ و تاریک کردووە؟ جگە لەوەش، مەگەر ئەوە نەبوو کە بەو باوەڕەوە، مراندنی باوکی لە مێشکی خۆیدا جێبەجێ کردبوو و ئیتر نەی ئەتوانی کاری ئەنجام دراوی ناو مێشکی بە بێ ئەنجام بەجێ بهێڵێ؟ ئەوەی کە ئەو لە ویژدانی خۆیدا باوکی خۆی کوشتبوو و ئێستەش نەی ئەتوانی بە خۆ کشانەوە لە دواین زەبر، هەوڵدانەکەی خۆی بە بێ ئەنجام ببینێ و تەنها ڕووڕەشی و باری تاوانی ئەو کارە جێبەجێکراو و بێ بەهرەیە لەئەستۆ بگرێ. نامرادیی لەو تاوانەدا کە لە ویژدانیدا ڕووی دابوو و بە ئەنجام گەیشتبوو.

ئامانج. ئایە کەسێکی وەکوو عەباسجانی کەلایی خواداد ناتوانێ و نەیتوانیوە ئامانجێکی بۆخۆی دیاری کردبێ و بە دوایدا ڕۆیشتبێ؟ ئایە ئەو نەیتوانیوە ئامانج و ئومێدی خۆی، هیوای

شیاوی خۆی هەبووبێ؟ ڕەنگە خۆی بەوەی نەزانیبێ، بەڵام وەها بوو. ڕۆژ و شەوی ژیانی خۆی بە مراندنی باوکی ڕابردبوو و ئەگەر بۆ ساتێک بیرۆانیایەتە کاری خۆی، بۆی دەرئەکەوت کە لە توێ توێی ئەو هەموو قرێژیانەی ژیانی‌دا بە هیوای ئامانجێکەوە خولاوەتەوە و بە دەوری ئارەزووی تاساوی خۆی‌دا ـوەکوو داڵە کەرخۆرەیەک بە دەوری کەلاکەوە- سووڕاوەتەوە.

ـ «چ ئاسمانێکی تەنگە! چ تاریک و تەنگەبەرە! ئەڵێی ئەیەوێ بڕووخێ بە سەر سەری مرۆڤدا! نە ئەبارێ و نە ئەکرێتەوە!»

عەباسجان ڕوانیە کۆڵەکە داڕووخاوەکە. کوندەبەبوو هەروا لە شوێنی خۆی خامۆش و زەق دانیشتبوو. چاویشی نەئەترووکاند. چاوەکانی ئەتوت لە بەرد بوون و نیگای لە سەهۆڵ. عەباسجان ڕوانیە باوکی. پیرەمێرد هەروا بوو کە بوو. خامۆش و زەق. چاویشی نەئەترووکاند. چاوەکانی لە بەرد و نیگای لە سەهۆڵ بوو. ڕووی لە باوکی وەرگێڕا. هەنگاوێک کشایەوە و بە بێ مەبەستێکی ڕوون، بە دەور چاڵەکەدا کەوتە گەڕان.

هەنگاو و هەنگاو. هەنگاو بە دوای هەنگاودا. دەستەکانی لە ژێر باڵی جاکەتەکەیەوە لە پشت سەریەوە هەڵپێکابوو، سەری داخستبوو و لە ناو خۆی‌دا. هەستی خود. دۆزینەوە و تێگەیشتنی خود. بینینی خود و ڕاکێش بوون بەرەو بڕوای خود. هەنگاوی ئەنا. هەستی ئەکرد هەنگاو ئەنێ و هەنگاونانی خۆی هەست پێ‌ئەکرد. قاچەکانی، دەستەکانی، شانەکانی و کاژەرەی هەست پێ‌ئەکرد. هەروەها هەستی ئەکرد کە چەمانەوەی پشتی زۆریش بەرچاو ناکەوێ. وەک بڵێی پشت و ناوشانی ساف و ڕاست بوون. هەر وەکوو پشت و شانی پیاوێکی تەواو. سەیری ئەکرد و، هەستی ئەکرد سەیر ئەکات و ئەی بینی کە نیگای ئەبینێ. خۆی ئەبینی وماڵی خۆیانی ئەبینی. خۆی لە ناو ماڵەکەدا ئەبینی. خۆی لە ناو ماڵەکەیان‌دا ئەدی و ئەناسیەوە. ئەمە دووهەم جار

بوو کە ئەو هەستەی ئەناسی. جارێکیان ئێستە و، جارێکیش بەر لەمە. بەر لەمە بەڵام کەی؟ چ کات و چ ساڵێک؟ ئەوەی نەئەهاتەوە بیر، بەڵام هەستی پێئەکرد. هەستی ئەکرد جارێکی تریش لە ڕابردوودا، هەستێکی خۆشی ئاوەهای تاقیکردۆتەوە. هەستی نوێ، پشکووتوو و سەرسووڕهێنەر.

عەباسجان بەس تەنها دووجار خۆی دۆزیبوویەوە و بینیبوو؟ ئەی ئەو هەموو یادگارانەی ناو ماڵەکە، ئەو هەموو هاتن و چوونانە چۆن کرابوو کە عەباسجان هیچ نیشانەیەکی ئەوانەی لەیاد نەمابوو؟ ئەی چییان لێهاتبوو و بۆ کوێ چووبوون ئەو هەمووە ڕۆژ و شەوانە؛ ئەو هەموو مانگ و ساڵانە؟ لە هەموو ئەو ڕۆژ و مانگ و ساڵانەدا، ئەو ـرەنگەـ وەکوو بنی گیوەکانی هاتووە بۆ ئەم ماڵە و وەکوو شاقەلی جبەکەی لەم ماڵە چووەتە دەرەوە و دیسانەوەش!

بەڵام ئەمڕۆ وانەبوو. شتێکی سەیر بوو. پێوار و نامۆ ئەهاتەوە بیری کە جارێکی تریش ـکەی؟ خۆیشی نەی ئەزانیـ خانوو و خاک و دیوار و دەرگا و داڵان و تەنوور و ئێرە و ئەوێی ماڵەکەی بەم ڕووناکی و بەرجەستەییەی ئێستا هەست پێکردوو. بەڵام هەوڵدانی ئەو بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕۆژە، ئەو شەوە، ئەو ئێوارەیە، ئەو چێشتەنگایە، ئەو نیوەڕۆیە و ئەو چرکەیە بێ ئەنجام بوو، بێسوود بوو. زۆر بێ سوود بوو. بەڵام ساتێکی وەها بێگومان هەبووە. بۆچی؟ چونکە هەستی ڕوونی ئەو ساتە لە عەباسجاندا هەبوو. ئەوەش کە هەر ئێستە ئەی بینی و هەستی پێئەکرد شتێکی جگە لە دۆزینەوە و ناسینەوەی ئەو ساتە تاقیکراوانە نەبوو. ساتێک کە جارێکی دی ژیابوویەوە و هەر ئێستە لە ناخیدا ئەژیا.

چی ڕووی دابوو و چی قەومابوو؟ کامە ونبوو لە دەروونی عەباسجانی کەلایی خوادادا زیندوو ببوویەوە و کەوتبوە جووڵە؟ ئەم هەست بەبوونی خۆ کردنە چۆن سەری هەڵدابوو؟

چ مووزاتێک ڕووی دابوو کە ئەو ئەیتوانی هەست بە یەکە یەکەی ئەندامە ورد و درشتەکانی خۆی بکات و باوەڕیان پێ بهێنێ؟ چی ڕووی دابوو کە خۆیشی ئاگای لە هۆکارەکەی نەبوو؟ ئەڕۆیشت بەرێدا. ڕێ ڕۆیشتنەکەی خۆی هەست پێ ئەکرد و، هەستی بەوە ئەکرد کە ئیتر ئەو کەلاکە بزیوە، ئەو گیانەوەرە سەرشۆڕە و ئەو بوونەوەرە بێبوونە نییە. ئەڕۆیشت بەڕێدا و ئەینواڕی. ئەینواڕی و ئەیبینی. ئەیبینی و بیری ئەکردەوە. بیری ئەکردەوە و بۆنی ئەکرد. بۆنی هەوا، بۆنی خنکاوی هەوا، بۆنی دیوار، بۆنی گەنیوی زبڵی ناو چاڵەکە، بۆنی کۆنەی تەنوور، بۆنی چڵکی لەشی خۆی و بۆنی دووکەڵی ئەسپەندەر کە لە حەوای کۆڵان و بانان‌دا بڵاو بوو هەڵئەمژی و، ئەی‌بیست. ئەڕۆیشت بە ڕێگەدا و ئەی‌بیست.گوێکانی دەنگەکانی ئەبیست! نەک ئەوەی دەنگەکان بێن و بڕۆن و بە خۆڕسک ببیسرێن؛ نەخێر. ئەی‌بیست. دەنگەکانی ئەبیست. دەنگی هەناسەی خۆی، دەنگی هەوا، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، دەنگی حەشامات، دەنگی ئاوازی سەیدی تەلەفوونچی و دەنگی سەڵەواتی تەوەنەی ئاپۆرەکەی ئەبیست. ئەیتوانی بیقرسێنێ کە چاوەشەکان و حەشاماتەکە بەرەو ئەملا دێن بۆ ئەوەی بەرەوخوار ببنەوە، بۆ سەر ڕێگەی قەڵاتی خوێناڵ. دەنگی پێ. دەنگی هەڵڵا و قریشکەی پێکەنین و نوکتە گێڕانەوەی ئەبیست. چاوەکانی بینا و گوێکانی کراوە و لووتی بۆزەن ببوو. جیاوازی! بە ئاشکرا بۆی دەرئەکەوت کە پێشتر لەمە سەیری کردووە، بەڵام نەی‌دیوە. گوێی شلکردووە، بەڵام نەی‌بیستووە. بۆنی هەڵلووشیوە، بەڵام بە بۆنی نەزانیوە. بۆی چووە، بەڵام بیری نەکردۆتەوە. چی ڕووی دابێ؛ چ گرنگێک ڕووی دابێ؟

ـ ...ئەی شیری پیس خواردوو، زۆڵەزا، ئەتەوێ بمکوژی؟»

ـ «بەڵێ ڕاست خۆیەتی؛ ئەمەوێ بتکوژم!»

کوشتن، باوک کوشتن، مراندنی باوک، ئەم دەسکارییە

نەفرەتبارە هێزێکی لە دەروونی عەباسجاندا ڕاچەناندبوو کە خەریک بوو ڕێزاڵ ڕێزاڵی گیانی لە نەزانی و گێژی و خەوی سستی هێنەری ساڵان پاقژ بکاتەوە و ڕایچەنێنێ. ئەم دزێوترین کردارە هۆشی خەوتووی ئەوی هێنابوویەوە بەری و خستبوویە بەر تەماشا، وەک بڵێی ئەم هۆش و ئاوەزە لە خۆ ئامادەکردن و ڕاسان لە قەڵایەکی خۆڕاگردا خراونەتە بن ویست و ئەڤانیەوە. ویستێک کە لە ناو تۆز و دوومانی ئەندێشە و گومانی ساڵاندا شارابوویەوە، ئەوا خەریک بوو ڕووت و ئاشکرا، ئەبوو بە ویست و توانایەکی بەهێز. ویستی کار -تۆ بڵێ نەفرەتبارترین و کرێتترین- لە دۆزەخی گیاندا توانایەکی بەهێزی بەدی هێنابوو کە عەباسی خواداد، خۆیشی سەری لێی سووڕ مابوو. ماری کزی سەرما بردەڵە، کراژی ئەخست و نوێ ئەبوویەوە. عەباسجان ئەبوو بە ئادەمیزاد؛ بە ئادەمیزاد ئەبوو. مرۆڤ؛ سەرپڕی چێژ و هەستی بوون، تۆ بڵێ بە بەهای گرانبایی تاوان، بە نرخی ناپاکیەکی ناپاکتر. ئەو لە سەرانسەری تەمەنی خەنازیری خۆیدا، ئەوا ئێستە گیانی پڕاوپڕ لە بوون و وزەیەک ئەبینی کە هێز و بینین و هەستکردنی خۆی بە ئەو ئەبەخشی. ئەیتوانی هەست بە خۆی بکات و بڕوانێتە خۆی، بە بێ ترس و ملکەچی و ڕەبەنی. حەزی هەڵاتن لە خۆی. ئەیتوانی بەرامبەر بە خۆی بوەستێ و خاچ بڕوانێتە چاوەکانی خۆی:

«منم، من! دەنگی پێم نابیسی؟!»

وەستا. ڕاست و بەهێز لە بەرامبەر باوکیدا وەستا و دەستەکانی کە وەکوو مشت قونجاندبوونی لە پشتی کردەوە و چاوی لە ناو چاوانی باوکیدا، دایانی بەیەکدا. مشت بە سەر مشتدا. وەک بڵێی دوو خڕەبەرد بە گاڵتەوە بکوتی بەیەکدا. یاری خۆشی مشتەکان، بۆ تاوێک لەگەڵ دەهۆڵی کلۆ و زوڕنای مەرحەبا هاونەوا بوو و لەگەڵیدا، هەرا و قیژەی حەشاماتەکە بەرز بوویەوە و لەم کاتەدا عەباسجان هەنگاوێکی بۆ پێشەوە

نا، نیگای هاویشتە چاوەکانی پیرەمێرد و وتی:

ــ ئەتکوژم! ئەمەویٚ بتکوژم!

دەنگی کوشندەی دەرگا و بە دوایدا دەنگی قورس و بەتەپەی پۆستاڵەکانی قەدیر. عەباسجان کە ئەتوت لەپڕ دڵی هەڵکەنرا، بە هەست و دارەتێکی نیوەگیان وەرگەڕا و بە شانی داتەکاوەوە ڕووبەرووی قەدیر بوویەوە. خوێنی وشکەڵاتوو هێشتاش بە دەستەکانی قەدیرەوە مابوو. دەسکی کێرد و هەسانەکەی بەر پشتێنیشی خوێناوی بوو. لە بەر ناوداڵان وەستا بوو و ئەیڕوانیە براکەی. عەباسجان نەیتوانی و جەربەزەی ئەوەی نەبوو تا لە نیگای براکەیەوە، لە بۆچوون و دادوەری قەدیر بەرامبەر بە خۆی و ئەو کارەی دەستی دابوویٚ تێبگات. نەشی ئەویست بیزانیٚ. ڕاوەستابوو قدیر خۆی بکەوێتە دوو. بەڵام قەدیر هەروا خامۆش تێی ئەڕوانی و عەباسجانیش لە بەر بەرەگەی ڕوانینی باوک و برادا، مشتەکانی لێک چفت کردبوو و لەو دارەتەشدا ڕاوەستابوو. قەدیر نەجووڵا و هەروا مایەوە تا گرێی مشتەکانی عەباسجان لێک هەڵبڕا و بەجاریٚ تراو بوویەوە. شانەکانی وردە وردە وەکوو پێشوو چەمایەوە، دەستەکانی شلەوە بوو و نیگای خوێڕێتی پێشووی وەرگرتەوە و ڕوخساری ئامادەی وەرگرتنی هەموو جۆرە تەوس و پلار و سووکایەتیەک بوو. قەدیر زمانی هەڵبڕی:

ــ ڕۆژی ڕۆشنا؟!

عەباسجان ئاخێزی کرد و لە کاتێکا دەستەکانی بۆ ڕازی کردنی براکەی لێک هەڵپێکابوو، غاری دایە بەردەمی و وتی:

ــ لە گۆ کەوتووە! ئیتر قسە ناکات؛ لەوەتەی لێرەم وشەیەکیشی نەوتووە!

قەدیر بە بیٚ گرنگیدان بەوەی عەباسجان ئەیوت، سەیری باوکی ئەکرد. عەباسجان بە قەدیری وت:

ــ وتم کە ئەیکوژم!

ــ چی؟

قەدیر خۆی هەڵدا بۆ لای براکەی و لێی زەق بوویەوە. عەباسجان هەنگاوێک بەرەوپاش ڕۆیشت و وتی:

ــ گفتمان ئەمە بوو؛ نەبوو؟!

قەدیر دەستی لە درزی دیواری ناوداڵانەکە کردەوە و بەرەو تەنوورەکە چوو. پاڵی دا بە دیواری تەنوورەکەوە، دەستەکانی بە قۆڵی هەڵکراوەوە لە سەر سینگی کرد بە خاچ، پێڵووەکانی نایە سەریەک و سەری داخست. عەباسجان لە لایەوە وەستابوو و بۆ دۆزینەوەی شەمچە دەستی برد بۆ گیرفانی. قەدیر سەری هەڵێنا و جارێکیتر ڕوانیە باوکی. عەباسجان نیوە سیگارێکی نا بە لێویەوە و چاوی بڕییە قەدیر. قەدیر وەک بڵێی نەک لە براکەی، پرسیاری کرد:

ــ بە ڕاستی بیکوژین؟!

عەباسجان سیگاری لە لێوی کردەوە و وتی:

ــ ئاسوودە ئەبێ، خۆیشی ئاسوودە ئەبێ. گریمان چوار ڕۆژی دیش ئازاری چەشت!

قەدیر پشتی لە تەنوورەکە کردەوە و بەرەو لای باوکی کەوتە ڕێ. عەباسجان تا بەردەرگای هەمارەکە لەگەڵی چوو. قەدیر لە باوکی نزیک بوویەوە و لای چۆکی پیرەمێرد هەڵترووشکا، سەیری باوکی کرد و وتی:

ــ ئەمەوێ نان و خواردنت بۆ بهێنم، لە ماڵی بوندار!

پیرەمێرد لە دارەتی خۆیدا بوو. قەدیر بەرزتر وتی:

ــ خواردنی زەماوەن؛ حەزت لێیە؟

باوک بێدەنگ بوو. قەدیر ڕووی وەرگێڕا و سەیری عەباسجانی کرد. عەباسجان بە نیگا وەڵامی دایەوە و مژی دا لە سیگارەکەی. قەدیر بە درێخەوە سەری لەقاند و هەڵسا. عەباسجان شانی بە دیوارەکەوە ڕاوەستا بۆ ئەوەی قەدیر بێ بۆ لای. قەدیر بەرەو عەباسجان کەوتە ڕێ و لە بەرامبەریدا وەستا. عەباسجان چاوەڕێ بوو. قەدیر وتی:

ــ ئاگرێکی بۆ سازکە!

قەدیر چاوەڕێی کاردانەوەی براکەی نەکرد. ئەمەی وت و بەرەو دالان ڕۆیشت. عەباسجان لە شوێنی خۆیەوە وتی:

ــ هەر ئەوەندە؟!

قەدیر لە ناو دالان ئاوڕی لە عەباسجان دایەوە و وتی:

ــ نابینی چ هەوایەکی ناخۆشە؟ ڕەق ئەبێتەوە. ئاگرێکی بۆ ساز بکە و وەرە بۆ ئەوێ. ئەبێ یارمەتی بدەی کەلوپەلەکان لە پشتی هێسرەکان داگرین. خەریکن جیازی ئەهێنن لە قەڵاتەوە!

ــ ئێمە شتێکی‌ترمان وتبوو. گفت و بڕیارێکمان دابوو! لە بیرت چۆتەوە یان خەریکی لە گفتی خۆت پاشگەز ئەبیتەوە؟!

قەدیر بە بێ وەڵامدانەوە بە پرتە و بۆڵەی عەباسجان چووە دەرەوە. عەباسجان تاوێک ڕاوەستا. پاشان شێتانە بەرەو دالان فڕکەی کرد، بە خێرایی هەڵاتەوە بەرەو حەوشە، ونی ناو گرمەی دەهۆڵ و زیڕەی زوڕنا، کەوتە جنێودان:

ــ قەبری بابی جیازیدەر و سەد جاریش گوو بە ڕیشی باوکی جیازیگر!

پاشان هەر بەو خێراییە بەرەو باوکی تاوی دا و بەرامبەر پیرەمێرد بێ‌پەروا نەڕاندی:

ــ بمرە ئیتر، زاڵم! بمرە تا منت نەناردووە بۆ ئەو دنیا! تۆ خۆ خەریکی من شێت و هار ئەکەی، دێوانەی خوا!

کەلایی خواداد پێ نەئەچوو هیچی بیستبێ. چاوەکانی سارد و خامۆش بوو. عەباسجان وەک بڵێی ترسابێ کشایەوە و یەک دوو هەنگاو دوور کەوتەوە و وەستا. گێژ بوو. ئەوەی کە پیرەمێرد مردووە و گومانی ئەوەی نەمردبێ و هەموو قسەکانی ئەوی بیستبێ گێژی کردبوو. بەباشی زانی لێی بچێتە پێشەوە و بیری خۆی ئاسوودە بکات بە گرتنی مەچەکی پیرەمێرد و تاقیکردنەوەی لێدانی پلی. بەڵام هەستی کرد جەربەزەی ئەو کارەی نییە. هەنگاوێکی تریش کشایەوە، بە دوادا ڕۆیشت و

لای دیواری هەمار وەستا، بە بێ ئەوەی بتوانێ چاو لە پیرەمێرد بترووکێنێ.

جارێکی‌دی عەباسجان خۆی ئەدۆڕاند. شتێکی نامۆ، ـنەک هەر ترسـ شتێکی نامۆ و نەناسراو دزەی کردبوویە هەناویەوە و خەریک بوو لە ناوەوە پەرەی ئەسەند. خۆیشی نەی ئەزانی چۆن و تێ نەگەیشت بۆ، بەڵام ئەتوت خەریکە جارێکی دی ون ئەبێ. خۆی ئەدۆڕێنێ. ترس و دڕدۆنگی، بەتایبەت کە قەدیر بەو جۆرە بەجێی هێشتبوو و ڕۆیشتبوو، کاری خۆی کردبوو. ئەتوت قەدیر پشتی بەردابوو و ڕۆیشتبوو. قەدیر وەکوو ئەوەی سەتلێک ئاوی ساردی کردبێ بە سەر عەباسجاندا و ڕۆیشتبێ. قەدیر ڕۆیشتبوو و ئەوی لەگەڵ چارەرەشیەکانی بەجێ هێشتبوو. جارێکی‌تر سەرشۆڕی، خوێڕیەتی و گەڕانەوە بۆ خۆ، بە خووەکانی خۆی. خدە، خدەی خۆی. خووی فەرمانبردن و سووکایەتی.

دیوارەکان، خانوو، خاک و بان و دەر و دەروازە و شتەکانی‌تر وەکوو نەبن. بوون، بەڵام وات ئەزانی نەبوون. یەکجۆر بوون، ئاسایی و یەکباو. بێڕەنگ، تۆزی دڵتەنگی لێ‌نیشتبوو و ئاوێنەی ڕەنجان. بێدەنگی، دڵتەنگی و دڵێشانی وەستاو، لەو جۆرەی کە تەنانەت غەمیش ناورووژێنێ. جارێکی‌کە دابڕان و داڕووخان. جارێکی‌کە وەرەبەردان و بێ بڕوایی. دەستەکان، دەستەکان ئیتر بە هێز و لێبڕاوییەوە نەیان ئەتوانی بکرێنەوە و ببەسترێنەوە. قاچەکان نەیان ئەتوانی بە ویست پێ هەڵبگرن و چاوەکان دەوروبەریان بە زیندوو نەئەبینی. ئەندێشەی خۆش و بەپێز، ئیتر نەی ئەهەژاند و ژیان لە ناخی عەباسجاندا ئیتر باڵای نەئەکرد. دڵی بە هیواوە لێی نەئەدا و گیانی جارێکی‌تر بەرەو گەناوەکەی پێشوو ئەگەڕایەوە تا لە ناو سستی و وەستانی خۆیدا دابمرکێتەوە. خوو؛ جارێکی‌تر گەڕانەوە بۆ خووی هەمیشەیی، مل کەچکردن بە ڕەوتی وەک یەکی غەم و پەژارە. خود؛ دیسانەوە خود!

«نابینی چ هەوایەکی ناخۆشە؟ ئاگرێکی بۆ ساز بکە!»

ملکەچی. ملکەچ بوون بە ڕاهاتن. لە بن کۆتی ملکەچی‌دا عەباسجان جگە لەوە چی پێ ئەکرا؟ لە بەرامبەر فەرمانی برادا، تەنانەت گومانی سەرپێچی کردنیش سەری هەڵنەدا. وامەزانە تاوێک بەر لەمە ببوو بە یەکی دی. وامەزانە خۆی وەکوو ئادەمیزاد دۆزیبوویەوە. تێپەڕینی بەلەزی برووسکەی نێزەکێک، وەک بڵێی بۆ تاوێک، ساتێک ئەوی ڕاچەناندبوو و ڕۆیشتبوو. ساتێک، تەنها ساتێک؛ چاوەکانی تەنها ساتێک لە درەوشانەی سەمەرەی گیانی نواڕیبوو و پاشانیش هەموو شتێک کۆتایی پێهاتبوو. کۆتایی درەوشانەوەی بریسکە. ئارەقەی سارد، تەزێک بە مۆغەرەی پشتی‌دا، سەرما چ کزەیەکی هەیە! ئاگر.

عەباسجان ئەبوا بە دوای پەموو و پووش و دار و چیلکەدا بگەڕێ. ئەبوایە ئاگرێک بکاتەوە. خۆی گەرم بکاتەوە. ئەبێ چارێکی ئەو سەرمایە بکرێ. بە ئاشکرا ئەلەرزی؛ سەرمای دەرەوە و سەرمای ناوەوە. ڕوانیەوە ئاسمان. چەندە نزم بوو و چەندە مۆڕ. خنکێنەر بوو. دار و پووشی خستە ناو کوانووەکە و شقارتەی پێکرد. تازە لەوە گەیشت دەستەکانی لە سەرمان‌دا کۆڵ بووە. ئاگر کلپەی سەند. عەباسجان دەستەکانی گەرم کردەوە و هەڵسا بەڵکوو هەندێ تەپاڵەی وشک پەیدا بکات و بیخاتە سەر ئاگرەکە. بەس ئاگری تەپاڵە ئەیتوانی ماوەیەکی باش دەوام بهێنێ. کە ببوایە بە سوورەپنگر، هەر لە ئێستەوە تا کاتی شێوان ئەیتوانی خۆ بگرێ.

بەڵام ماڵی کەلایی خواداد خۆ تەپاڵەی لێ نەبوو. لە ڕۆژی وەهادا، ئەوانە تەپاڵەی وشک و ئامادەیان هەیە کە هاوین کۆیان کردبێتەوە، شێلابێتیان و پێژابێتیان و لە سەر بان هەڵیانخستبێ بۆ ئەوەی بۆ زستان وشک ببێتەوە. بەڵام ئەمکارە لەوە نەئەچوو لە هەلومەرجی ماڵ و ژیانی کەلایی خواداد و کوڕکانی‌دا جێبەجێ کرابێ. چونکە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە داهاتوو لە کەسانی ئەو خێزانە نەئەوەشایەوە. لە ماڵی کەلایی خواداد، ژیان تان

و پۆی نەبوو و ئەتوت ڕۆژگاریشیان نە دوێنێی هەبووە و نە بەیانیشی ئەبێت. دوێنێ لە بەر چاو و دڵی باوک و فرزەنەکانیدا ژاکابوو و مردبوو، بەیانیش جگە لە ترس و بەدگومانی نەبوو. لەم نێوانەدا، خۆزگە لانیکەم لە ئێستە تێ بگەیشتایەتن. بەداخەوە بەڵام ئەمەشیان وا نەبوو. چونکە ئەمڕۆش شتێکی ڕزیو بوو دەسڕێکی چڵکن و ئاوێتەی نەفرەت و ناحەزی. ئەم سیانە سێ پەڵەی چەپەڵ بوون کە هەر کامیان بە تەنهایی لە ناو تۆزی نەگبەتی و دڕدۆنگیدا بە دەور خۆیدا ئەخولایەوە.

«نابینی چ هەوایەکی ناخۆشە؟ ڕەق ئەبێتەوە، ئاگرێکی بۆ ساز بکە!»

عەباسجان تەنەکەی خۆڵەمێشەکەی لای دەستی باوکیەوە هەڵگرت و هێنای، ئاگری ناو کوانووەکەی تێکرد، لێوارەکەی بە ئاتەکی جاکەتەکەی گرت و بردی. تەنەکەی ئاگرەکەی نایەوە سەر جێی خۆی، لای دەستی پیرەمێردەوە. گەڕایەوە و لای پاشماوەی ئاگری کوانووەکە دانیشت و بە سەریدا کۆم بوویەوە. حەزی ئەکرد لەتە سیگارێک لە گیرفانی دەربهێنێ و بیکێشێ. لەتە سیگارەکەی هەڵکرد و نای بە لێویەوە. بە سەر کوانووەکەوە خۆی کۆم کردەوە و ناوچەوانی گرژ بوو. ئیتر هیچی لە هەمیشەی کەمتر یان زیاتر نەبوو. خودی خۆی بوو؛ بوویەوە بە خودی خۆی. خودی عەباسجان بە بێ هیچ کەموکووڕییەک. ئەوا ئەو کرمە بوو کە بوو. ئەبوایە دەس بکاتەوە بە خۆ خشاندن.

ـ عەباسجان، عەباسجان!

دەنگی مووسا بوو. عەباسجان ڕابوو، چووە پشت دەرگاکە و زنجیری دەرگاکەی کردەوە. مووسا لە بەر دەرگاکە وەستابوو. ڕوخساری عەباسجان ڕەنگی پێوە نەمابوو و هەستی ئەکرد شەڵەژاوە و قەڵسە. ناخودئاگا و بە بێ ئەوەی چاوەڕێی گوتە و قسەی مووسا بکات، وتی:

ـ هاتبووم، هاتبووم تەنەکەیەک ئاگر بۆ باوکم ساز بکەم!

چاوت لێیە چ ڕۆژ و هەوایەکی تاڵ و ناخۆشە؟!
مووسا وتی:
ــ کارەکان کەوتووە بە سەر یەکدا. بوندار کاری پێتە!
عەباسجان وەکوو تاوانبارێکی ئەیەوێ تاوانەکەی بشارێتەوە، دەرفەتی لە سەر ڕۆیشتن و لێپێچانەوەی بە مووسا نەدا. لە دەرگا چووە دەرەوە، دەرگاکەی بە دوای خۆیدا جووت کرد و شان بە شانی مووسا بەرەو ماڵی بوندار کەوتە ڕێ. ئەوەی لە بیری عەباسجان‌دا بوو و ڕەنگدانەوەی ئەو بیرە، هێشتاش لە نیگا و ڕەفتاری عەباسجان‌دا بەدی ئەکرا. دڵەخورپێ و شەڵەژان بە جۆرێکی دی تیایدا ئەبینرا. چووبوویە ناو خۆیەوە و خۆی کۆم کردبوویەوە، دەستەکانی کردبوو بە گیرفانی‌دا، بنە سیگارەکە بە لێویەوە بوو و وەکوو منداڵێکی ترسنۆک، بێ‌ئەڤان و نابەخۆ پێ‌بەپێی مووسا ڕێی ئەکرد. ئەگەر مووسا -بەڕێکەوت- فەرمانی بە عەباسجان بدایەت، بە بێگومان ئەو وەکوو کەسێکی جادوولێکراو بەقسەی ئەکرد. چونکە عەباسجان لەم کاتەدا لە بن بیری ترس و خۆف و شەڵەژانی ئەندێشەی کوشتنی باوکدا، تا ڕادەی منداڵێکی بچکۆلانەی دەمکوتکراو دابەزیبوو. ئەگەر تواناى تێگەیشتنی خۆیشی هەبایە، بۆی دەرئەکەوت کە هزریشی بە هەمان ڕادە تەنگ بۆتەوە. ئەم ساکارییە منداڵانەیە، تا سنووری خرەفان، لە نیگایشی‌دا تاوی دابوویەوە. ساکاریی و مەنگی، نیشانەی ئەوە بوو کە شوێنی خۆی -بەرامبەر بەوانی‌دی و لەم کاتە تایبەتەدا بەرامبەر بە مووسا- ون کردبوو و لە دەستی دابوو.
عەباسجان، ئێستاکانێ ئیتر نە ئەو سەگە خافڵگرە پەلاماردەرە ژەهر بەددانە بوو و، نە ئەو بوونەوەرە ئاڵۆزەی کە لەهەر دەرفەتێکدا پلارێک باوێژێ و چزوویەک لە یەکێک بچەقێنێ، یان پاروویەک بە لاڤ و هەڕەشە لە دەمێک بپچڕێنێ. بەڵکوو لەم کاتەدا لە سەگێک ئەچوو گورگ‌چاو، تۆقاو، گەزراو و بەزیو. بۆیە خزابوویە ناو خۆی، کلکی خستبوویە ناو

لاقی و لەو ترسەدا کە گیانی داگرتبوو، بە دەم ڕێوە، بەخێرا و بەدزییەوە، چەند جارێک پچڕ پچڕ ڕوانیە نیوڕوخی مووسا و دیسانەوە سەری داخستەوە و لە بن چاوەوە سەرنجی بڕییە ڕێ ڕۆیشتنەکەی مووسا. عەباسجان پێویست نەبوو و نیازی بەو کارە نەبوو، بەڵام خۆی پێی وابوو کە مووسای تەونکەر ئاگای لەوە هەیە کە بە گومان و مێشکیدا تێ ئەپەڕێ. لە خۆڕا پێی وابوو کە مووسا ئاگای لە ئەندێشەی ئەو هەیە. بۆیەش بوو کە مۆنی ڕوخسار و بێدەنگی لاوەکەی بە بەرەنجامی ئاگادار بوونی ئەو لە بیرکردنەوەی خۆی ئەزانی.

«ڕەنگیشە ماوەیەکی باش لە پشت دەرگاکە وەستاوە و گوێی هەڵخستووە و قسەکانی هەموو بیستووە؟ ڕەنگیشە خستوونیەتە بن چاودێری. لە بانەوە، لە کۆمانجەوە چاوی لێ بووە! قەدیر، کێ چووزانێ قەدیر تێی نەگەیاندبێ؟ کێ چووزانێ بە ئەنقەست نەی ناردووە بە دوای مندا؟ کێ ئەڵێ ڕاست و ڕەوان باسی مەبەست و ویستەکەی منی بە مووسا نەوتبێ؟ گریمان لە ناردنی مووسادا بەس شێوەی قسەکردنەکەی تۆزێ جیاواز بووبێ، بەڵام، بەڵام ئەم مووسایەی من ئەیناسم ئەوەندە زیتەڵە و وشیارە کە بتوانێ لە هەموو کارێک سەر دەربهێنێ. بۆن ئەکا، بۆن. وەکوو مشک بۆن ئەکا! لە ڕەنگ و ڕوخسارمەوە، لەم دارەتە شەڵەژاوەی منەوە، لە هەموو شت تێگەیشتووە. دڵنیام. دڵنیام کە پێی زانیوە. ئەزانم زانیوێتی!»

ــ «نابینی چ هەوایەکی ناخۆشە! ڕەق ئەبێتەوە، ئاگرێکی بۆ ساز بکە!»

عەباسجان خاوی کردەوە و بە بێ ئەوەی مەبەستی قسەکردن بێ، مووسای ڕاگرت و هێور و کز پێیوت:

ــ باوکم زۆر ناساخە، مووسا گیان! پیرەمێردی ڕۆژەڕەش زمانی لە گۆ کەوتووە. ئەڵێی لاڵ بووە. نەمرێت لەم ڕۆژ و هەوایەدا، زۆر باشە!

مووسا کەوتە ڕێ و وتی:

ـ بە هیوای خوا!

عەباسجان ئانیشکی مووسای گرت و وتی:

ـ تۆ، تۆ هیوات وایە نەمرێ؟! ها؟!

ـ ئیشەڵڵا هیچی لێنایەت!

ـ من، من، من کە ئومێدم لێی بڕاوە، مووسا گیان! من، سەیر ئەکەی چ ڕۆژ و هەوایەکە! تۆ سەرمات نییە وەستا مووسا؟

ـ سەرما!؟ دە تۆ ئەبوایە پیرەمێردت باش داپۆشیایەت. مرۆڤ ئەگەر نەجووڵێ، دیارە زوو سەرمای ئەبێ. ئەویش کاتێکە لاواز بێ و تەندرووستی تەواو نەبێ.

ـ منیش هەر ئەمەی پێ ئەڵێم! بەڵام مەگەر گوێ ڕائەگرێ؟ ڕقنە، ڕقن! درۆ ناکەم بەگیانی مووسا بەڵام زۆر وڕکاوییە. هەر گوێ ناگرێ، گوێ لە قسەی مرۆڤ ناگرێ. نە گوێ لە من ڕائەگرێ و نە قسەی قەدیر ئەبیسێ. قسەی ئێمەی هەر پێ هیچ نییە. قسەکانی ئێمە و تڕی کابرا لە لای یەکە! ئێمە دڵمان بۆ ئەو ئەسووتێ، بەڵام ئەو، ئەو دڵی بۆخۆی ناسووتێ! تێم ئەگەی؟

عەباسجان لەوەیدا کە ئەیوت، نەی ئەویست بە هیچ جۆرێک سەرنج و بەدگومانی مووسا بهەژێنێ. چ جایە هەوڵیشی ئەدا تا ئەوی گومان کە ڕەنگە لە لای درووست بووبێ، بە قسەکانی خۆی بسڕێتەوە. خافڵ لەوەی کە کردنەوەی گفتوگۆ دەربارەی باوکی و بەو جۆرە بە گەرموگوڕی، ئەویش لە لایەن عەباسجانێکەوە کە قەت دڵی بۆ کەس نەسووتاوە، ئەویش لە کاتێکا کە هەر کام لە پیاوەکانی بوندار بە کارێکەوە خەریک بوو، خۆی ئەیتوانی ڕێگە بۆ گومانلێکردنێکی دی خۆش بکات. بەڵام عەباسجان نەی ئەتوانی بیر لەوە بکاتەوە. چونکە هەڵچوون و هەژانی دەروونی ڕێگەی بە فرەوێژی ئەو نەئەگرت و بەختی لەوەدا یار بوو تەنها شتێکە مووسا بیری لێ نەئەکردەوە ئەو بابەتە بوو کە مێشکی

عەباسجانی بە خۆیەوە خەریک کردبوو.

چەنەبازی عەباسجان، لە چەند لایەنێکەوە سوود و قازانجی بۆی هەبوو. یەکەم ئەوەی کە گوشاری ئەو لەغاوەی لە خۆی دابوو، کەم ئەبوویەوە. پاشان ئەوەی کە خۆبەخۆ توانیبووی دەروویەک بدۆزێتەوە و گوتەکانی خۆی بە ئاقارێکدا ئاراستە بکات. ئەو ئاراستە و ئامانجەی کە بابەتی نەخۆشینی زۆر دژواری باوکی لە بگرە و بەردەی ئەم زەماوەنەدا، جارێکی دی بخاتە سەر زمانان. چونکە هەواڵی نەخۆشی پیرەمێرد، تۆوێک بوو کە لە بیری خەڵکدا ئەچێنرا و مایەیەک بوو بۆ ئامادەکردنی خەڵک بۆ باوەڕکردنی مەرگی کەلایی خواداد. گرفتەکە تۆزێک ئاسانتر ئەبوو. کردنەوەی گرێ بە دەست. بەر لەوەی کە عەباسجان بە دەستەکانی خۆی باوکی بمرێنێ، لە گومانی ئەم و ئەودا ئەیمراند:

ــ سەیر هەناسەی سوار ببوو مووسا گیان. ڕەنگ و ڕووی شین هەڵگەڕابوو. هەر وەک حەجەرلئەسوەد! باشتر وابوو بمایەتمەوە بە سەر سەریەوە. هەقی خۆی بوو. ئاخر ئادەمیزاد کات و ساتێکە ئیتر. مردن خۆ بە کەس ناڵێ کەی دێ! وەنییە؟

مووسا کە ئەتوت بیری بە شتێکی دی و لە شوێنێکی دی خەریکە، ئاوڕی لە عەباسجان دایەوە و وتی:

ــ ها؟!

عەباسجان بۆی وتەوە:

ــ وتم هەقی خۆی بوو بە سەر سەری باوکمەوە بمایەتمەوە. پیرەمێرد، هەقی بە سەرمەوە هەیە. من کوڕە گەورەی ئەوم. دوا کاتەکانی ژیانیەتی. کەوتۆتە هەناسەبڕکێ، لە زمان کەوتووە، لە سات و کات دایە. کەسی کەش خۆ بە لایەوە نییە! بێدایکی دەردێکی گرانە مووسا، تۆ خۆت ئەزانی چ دەردێکی گرانە. ئەزانم لە قسەکەم تێئەگەی. بەڵام بێباوکی، بێباوکی لەویش خراپترە. ئەم بونداره لەم کاتەدا چ کارێکی بە من هەیە؟ ئەگەر من نەبم

بووک و زاوا ناتوانن بچنە پەردەوە؟ ئەوەندە لەو سەرە مامەوە گونم چووەتە ناو سکم! من خۆ ئیتر پیاوی ئەوە نیم بکەمە سەر بان. با یەکیتر بچێ کە چاو و چارەی لە من باشتر بێ. من بیر و هۆشم وا لە لای باوکم. ناتوانم چاوی لێ خافڵ بکەم!
مووسا وتی:
ــ جیازی کێشانە. دلاوەر و محەمەمەدڕەزای گوڵخانم جیازییان هێناوە.
ــ هێنایان؟!
ــ ئەی چی؟ ئەتویست نەیهێنن؟ هۆشت لە کوێیە عەباس خان؛ زەماوەنە!
ــ هەموویان هێنا؟ مەگەر بڕیار نییە ئەسڵان بچێ بۆ قەڵاتی خوێناڵ و لە هەمان باڵەخانەی عەلیئەکبەری حاجیپەسەند دابنیشێ؟
ــ هەموو جیازییەکەیان نەهێناوە. بەڵام خۆ ئەبوایە ئاوێنە و یەغانی جل و قاڵیچە و دەستێک جێوبان بهێنن.
عەباسجان کە نەرمە نەرمە ئەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژەڤدا ڕائەبرد، پرسی:
ــ دەهۆڵ و زوڕنا دەنگی نایەت!
مووسا وتی:
ــ خەریکن نان ئەدەن. سەریان بە خواردنەوە گەرمە. دەمێکەیە کە تۆ ون بوویت!
لەبەر دەرگای ماڵە بوندار، عەباسجان ئەو منالانەی ئاپۆرەیان بەستبوو و لە ناو حەوشە زەق ببوونەوە، لادا و پێی نایە ژوورەوە:
ــ بڵێ چ دەردێکتانە کە بەو جۆرە دیواری گۆشتتان لە بەردەرگا ساز کردووە؟!
جارێکیکە عەباسجانی کەلایی خواداد کرابوویەوە. ئەو ئیتر نە عەباسجانە ئالۆسکاوەکەی تاوێک بەر لەمە، بەڵکوو عەباسجانەکەی ڕۆژانی پێشوو بوو. ئەو هەمان عەباسجان بوو

کە هەموو ئەیناسی. هەر ئەو جۆرەش وەریانگرتەوە:
ـ ئەوەتانێ هاتەوە؛ ئەی ماشەڵڵا لەو باڵایە!
ـ بۆ کوێ وا بەپەلە؟ سەیری کە یەکسەر غار ئەدا بۆ چێشتخانە!
ـ بەس ڕێگەی چێشتخانە ئەزانێ!
ـ ڕێگەی ورگ، ڕێگەی ورگی باش ئەزانێ!
ـ ئیتر بۆ گێژ بوویت و خولەت دێ؟!
ـ وەرە، وەرە بۆ ئێرە. بەم لادا، هۆی! وەرە سەری قازانەکە بگرە لە سەر کوانووەکەی ئاغەڵ بیهێنینە حەوشە!
قەدیر بوو براکەی بانگ ئەکرد. لەو بەری قەڵەشی دارووخاوی دیوارەکە وەستابوو و سەیری عەباسجانی ئەکرد. قۆڵەکانی هەڵکردبوو و، دەستەکانی ئیتر نە خوێناوی، بەڵکوو چەور و ڕۆناوی بوو. عەباسجان بە ناو خەڵکەکەدا بەرەو براکەی ڕۆیشت و لە پشت دیواری گەوڕ ون بوو.
ـ پەڕۆیەکت لەگەڵ خۆت بهێنابا، قازانەکە لە سەر ئاگرە.
عەباسجان گەڕایەوە. سفرەیەکی لە نوورجیهان وەرگرت و دایدڕی و کردی بە دوو کوتەوە. پارچەیەکی دا بە قەدیر و کوتێکی خۆی گرتی بە دەسیەوە و لە سەر قازانەکە وەستا. هەستی کرد قەدیر چاوی لێ ناتروکێنێ. واش بوو. قەدیر دەستی بە لێواری قازانەکەوە، چاوی لە عەباسجان بوو. عەباسجان هەستی ئەکرد گزنگی نیگای براکەی سووچی چاوەکان و ڕەگیژەی لاجانگەکانی ئەسووتێنێ. بۆیە بە ناچاریی چاوی بڕییە قەدیر و وتی:
ـ چییە؟ بۆ ڕاوەستاوی؟!
لاشەویلکەکانی قەدیر لە بن گوشاری ددانەکانیدا، دەرپەڕیبوون و چاوەکانی ژەهریان لێ ئەباری. کپ و لەهەمان کاتیشدا کوشندە بە عەباسجانی وت:
ـ چۆن توانیت بە ڕۆژی ڕووناک ئەو کارە بکەی؛ خوێڕی هیچ و پووچ؟!

دەرفەتی وەڵام و کاردانەوە بە عەباسجان نەدرا، چونکە سالار ڕەزاق، بە قۆڵی هەڵکراو و هەنیەی ئارەقاوی، سەر و شانی هێنایە ناو ئاغەڵەکە و وتی:

ــ ئەوە چی ئەکەن ئێوە جووتە برا؟ هێنانی قازانێک پڵاو ئەوەندەی گەرەکە؟

ــ هێنامان سالار، هێنامان!

هەر کام لێواری قازانەکەیان بە هەر دوو دەست گرتبوو، لە سەر کوانووەکە بەرزیان کردەوە و هێنایانە حەوشە. لە پێش قەدیر و عەباسجانەوە، سالار ڕەزاق بە ناو خەڵکەکەدا ڕێگەی بەرەو داڵان کردەوە. دوو برا قازانەکەیان بردە داڵان و بۆ سەر پلیکانەکان. سەرخستنی قازانی پڵاو بە پلیکانەکاندا، ئەویش بەو جۆرەی کە قازان داخ بێ، ، لە کارێکی دژوار ئەچوو. سالار ڕەزاق هات بە یارمەتیانەوە و قازان سەرخرا و بە تۆزێک دژواری لە ژوورۆچکەی چاپەزخانە جێی کرایەوە.

لالا، دەورییەکانی بە ڕێکی لە بن دیوارەکەدا ڕیز کردبوو و قاپە چینییەکانی پڕ کردبوون لە خۆرشت. شەیدا بە دەستی خۆشڕەنگی خەنەبەندانەوە، چاوەڕوانی ئامادە بوونی خواردن، لە دەرەوەی دەرگاکە لە سەر پێ ئەسووڕا. بابقولی بوندار بۆ خۆی، شەیدای بۆ خزمەتکردنی میوانە ئاغەکان دانابوو. بە بڵاو بوونەوەی بەرامەی پڵاو، بونداریش لە باڵەخانەوە هاتە بانیجە، سەری بردە ژوورەوەی چاپەزخانە و پرسی:

ــ بۆ ئەوەندە خنەخن ئەکەن؟

سالار ڕەزاق سەرگەرمی کاری خۆی وتی:

ــ سەرم لێ مەشێوێنە بوندار، سەرم لێ مەشێوێنە!

عەباسجان لە دەرگای چاپەزخانەوە هاتە دەرەوە. بە لای بونداردا تێپەڕی و لە کاتێکا بە سەری قۆڵی لووتی ئەسڕی بڕێک لە دەرگای باڵەخانە قیت بوویەوە. بۆنی ئەلکول بەرەو دیواخانی ڕاکیش ئەکرد و خەریک بوو زیاتر هەستی بە خومارییەکەی خۆی

ئەکرد:

«خۆزگە لانیکەم بە سەر پێوە سەرێکی ماڵی سەنەمام بدایەت!»

بوندار لە دەرگای چاپەزخانە وەرگەڕایەوە و عەباسجان لە سەر جێی خۆی وشک بوو. بوندار تێیڕوانی و عەباسجان کە خافڵگیر ببوو، ناخودئاگا پرسی:

ــ کار و فرمایشێکت بە من هەبوو بوندار!

بوندار ڕاما و عەباسجان وتی:

ــ خۆت مووسات ناردبوو بە دوامدا!

بوندار وتی:

ــ ئەریّ، تۆ لە کویّ خۆت ون کردبوو؟ ئەمویست بیرێک لە گۆشتی وشترەکە بکەینەوە. زیادییەکەی ئەبیّ بەجۆرێک بنێرین بەملا و ئەولادا، بۆ گوندەکانی دەوروبەر. هەمووی خۆ ناخوریّ. ئێستە، جاریّ بڕۆ سینیەک لە خوارەوە بهێنە ئەو قاپ و پەرداخانە کۆکەرەوە تا دوایی!

کۆکردنەوەی قاپ و پەرداخ، ئەو کارە بوو کە عەباسجان بە دوایدا ئەگەڕا. هەر نەبیّ، شتێک لە ئارەق و مەزە لە بن سفرەکەدا مابوویەوە. بە پلیکانەکاندا غاری دایە خوارەوە و سینیەکی پەیدا کرد و هینایە سەر و پێی نایە ناو دیواخان. بەڵام میرزای دەلاک، خۆی بۆ خزمەتکردن ڕاوەستابوو و کاری پەزێرایی میوانەکان لە ئەستۆی ئەو بوو. بۆیە بە خێرایی سینیەکەی لە دەستی عەباسجان وەرگرت و کەوتە خڕکردنەوەی قاپ و پەرداخ و عەباسجانی ناچار کرد لە سەر جێی خۆی بوەستیّ:

ــ بەردەرگاکە تاریک مەکە!

عەباسجان لە قەراخ کۆڵەکەی لای دەرگاکە وەستا و میرزای دەلاک لە ناو کۆڕەکەدا کەوتە کۆکردنەوە. ناو دیواخان پڕبوو لە هەڵم، دووکەڵی سیگار، قاقای پێکەنین و قسە و دووان. نیگاکان لە چاوی عەباسجاندا پچڕــ پچڕ و نا ڕوون ئەیان نواند. ڕەنگە

لەو ڕووەوە کە نیگای هێشتا ڕانەهاتبوو، یان لە بەر ئەوەی جەربەزە و غیرەتی بینینی نەبوو. نەی ئەتوانی هیچکەس بە ڕوون و ئاشکرا ببینێ. بۆیە نەخۆشانە چاوی تروکاند و هەوڵی دا بەڵکوو بتوانێ خۆی لە کۆڕێکدا کە غەوارە و نەشیاوی ئەو بوو، جێ بکاتەوە.

لە هەموان بە دەنگ و هەراتر جەنابی تاڵاوایی پێ ئەکەنی و لە هەموان خامۆشتر، سەرۆکی جەندەرمە، جەنابی فەربەخش بوو. ئالاجاقی ئەرباب وا دیار بوو ژیرانە خواردوویەتیەوە. ئاگا لەخۆ بۆ ئەوەی بتوانێ بوونی خۆی بە سەر سەری کۆڕەکەوە بپارێزێ. لە لایەکیشەوە ئالاجاقی ئەرباب ئەبوایە گوتە و پێکەنینەکانی جەنابی تاڵاوایی بە بێ وەڵام نەهێڵێتەوە و لە حەوادا بەرەڵڵای نەکات. چونکە تاڵاوایی هەرچەند بەتەمەن گەنجتر بوو، بەڵام ئەو دووانە لە کۆڕەکەدا هاوسەنگ و هاوشان بوون. بۆیە ئالاجاقی ئەرباب کە بە خاوەنی سفرەکەش ئەژمێردرا، نەئەبوایە سارد بێ بەرامبەری و زیزی بکات و لەوەش خراپتر تووڕەی بکات. چونکە بە هەمان ئەندازە کە ئالاجاقی ئەرباب لە پیشەی خۆیدا ژیر و وریا بوو، خانی تاڵاوایی بەو ڕادەیە سەرمەست و دێوانە بوو. جا کە وا بوو ئاوەز نەئەبوا مەیدان بەو دێوانەسەرییە بدات خۆی دەربخات.

سەرتیپ فەربەخش لە نێوان دوو خان ـەکەدا دانیشتبوو، سەری داخستبوو، جگەرەی ئەکێشا و نمەنمە ئەیخواردەوە. بە پێچەوانەی خانی تاڵاوا کە حەزی ئەکرد هەموو جارێک جەیرانی ڕوخەک پیاڵەکەی پڕ بکاتەوە و بیدا بە دەستیەوە، سەرتیپ فەربەخش شووشەیەکی لای دەستی خۆیەوە ڕاگرتبوو، بە کاوەخۆ بۆخۆی تێ ئەکرد، پیاڵەکەی بە ئارامی بەرز ئەکردەوە، ئەیڕوانیە ئەم و ئەو و، هەڵی ئەدا.

چاوەشەکان لای خوارەوەی بەری چەپی ژوورەکە دانیشتبوون. ڕوخەک لە نێوان کوڕەکانی، ژنەکەی و جەیراندا چوارمیلکان

دانیشتبوو و جارجارە کۆپلەیەکی لێئەدا. ڕەگەکانی لاجانگی لە زۆر خواردنەوە هەڵمسابوو و گۆنای بەقووڵاچووی سوور داگیرسابوو و لە هەموان زیاتر ئاگای لە جەلیلی ئالاجاقی و خانی تالاوایی بوو کە بەردەوام جەیرانیان بە مەتەی نیگا ئەسمی. ژنی ڕوخەک تەمبوورینەکەی خستە سەر ڕانی و کووچک بەڵام هێشتاش دمەکەکەی بەبن باخەڵیەوە بوو و جارجارە بە پەنجە نەرم و چالاکەکانی خۆی، ڕینگێکی نیوە تەواوی لێ ئەدا و شوێنی بیدەنگیەکانی پڕ ئەکردەوە. زەریف سەنجە بچوکەکانی لە پەنجەی دەرئەهێنا و جەیران ئارەقەی دەور مل و هەنیەی، لە بن تیرێژی چاوەکاندا بە دەسرە هەورێشمە ناسکەکەی ئەسڕییەوە و ئامادەی نانخواردن ئەبوو.

بەشی یەکەمی کاری چاوەشەکان خەریک بوو کۆتایی پێ ئەهات، بەڵام وتووێژەکان هێشتاش ناوبەناو بەردەوام بوو. بابەتی مەزنی وتووێژەکان گلەیی و بناشتی دوو کەس لە میوانەکان بوو: حاجی خورسوفی و میرخان. میرخان هەرچەند سەبارەت بەو شتەی کە گوڵمحەمەدەکان بە سەریان هێنابوو، زۆر لە پەردەدا قسەی ئەکرد، بەڵام بە هەموو بیانوویەک باسی بڕینی دارەکان و هێرشی جووتیارەکانی بە پشتیوانی گوڵمحەمەدی سەردار ئەهێنایەوە بەرەوە. حاجی خورسوفیش، نەک لەو کەمتر، لەهەر هەل و دەرفەتێکدا لەو بێڕێزییە ئەدوا بە سەر خۆی و زاوای داهاتووی نەجەف ئەرباب هێنراوە. ئەو شێوازەی کە گوڵمحەمەد بەکاری هێنابوو بە فڕ و فیشاڵەوە ئەگێڕایەوە و بە هەزار واتا داوای ڕێگە چارەی لە ئالاجاقی ئەرباب و سەرتیپ فەربەخش ئەکرد:

ـ کار ئیتر لە دوژمنی تایبەتی تێپەڕیوە و خەریکە ڕەنگیتر بە خۆیەوە ئەگرێ. ئەگەر بەم جۆرە بچێتە پێشێ ئێمە و مانان ئیتر بێکەس ئەکەوین. نە ماڵمان پارێزراوە و نەگیانمان و نە نامووسمان. مەگەر مرۆڤ ئەتوانێ لەو هەلومەرجەدا بژی؟!

ئەتوانیٚ؟!

میرزا سینی پڕ لە شووشە و پیاڵە و قاپی ماستی دایە دەست عەباسجان و دەرفەتی لە دانیشتوان وەرگرت بۆ داخستنی سفرە:

ــ یارمەتی هەیە؟!

عەباسجان هێشتاش خێسەی لە پەنجەکانی جەنابی فەربەخش بوو لە دەور ملی شووشەی ئارەقەکە. میرزا ئاوڕی لێدایەوە و لە کاتێکا پاڵی پێوە ئەنا بۆ دەرەوە وتی:

ــ راوەستاوی وێنەی من بگری؟!

عەباسجان کە زۆرتر هیوای بە قاپە نیوەکەی دەستی فەربەخش بوو، بەناچار لە دەرگای دیواخان چووە دەرەوە. بەڵام لەبری ئەوەی لە پلیکانەکان بچێتە خوارەوە، چووە سووچی بانیجە، سینیەکەی لە بەر پلیکانەکانی سەربانی دیواخان دانا و لە چاوترووومانیکدا، پاشەڕۆکی هەموو پیاڵە و شووشەکانی کردە ناو جامێکی ماست، سەیرێکی خێرای دەوروبەری کرد و بە یەک بین کاسەی ماست و ئارەقی نا بە سەرەوە. ئەتوت ناوسکیان پڕ کرد لە پێمەڕەیەک پۆلوو. چاوەکانی دەسبەجیٚ زیت بوونەوە و وەک بلێی دوو شیشی سوورەوەکراویان کردبیٚ بە کوونەلووتەکانیدا.

ــ ئەوە بۆ لەویٚ پانەوە بوویت عەباسجان؟! زووبە سینیەکە ببە خوارەوە. پێیان بلیٚ زووش بیانشۆن و خاوێنی بکەنەوە!

نان تێکردن دەستی پێکردبوو. قاپی خۆرشت و دەوری پلاو لە ژووری چاپەزخانەوە دەستاودەست ئەهاتە دەرەوە و لە بەر دەرگای دیواخان ئەدرا بە میرزا و ئەویش بە یارمەتی شەیدا لەبەردەمی میوانەکان دای ئەنا. عەباسجان هەڵسابوو و لە کاتێکا هەستی ئەکرد کە سەری گڕی تیٚبەربووە، بەرەو پلیکانەکان ئەڕۆیشت. بەرامەی پلاو، بۆنی ڕۆنی زەردی مەڕ، ئیشتیای ئەکردەوە و برسیەتیەکەی عەباسجانی تا ڕادەی لەرزین ئەبزواند.

بەڵام تازە چارە نەبوو. عەباسجان بە ورگی بەتاڵ کاسەی ئارەقی نابوو بە سەرەوە و کار لە کار ترازابوو. ئەبوایە خۆی لە بەر سووتانەوی دڵ و ژانی ڕیخۆڵەیدا ڕابگرێ تاکوو خۆی ئەگەیەنێتە پاروە نانێک. هەروەها خۆشی ڕابگرێ و ئاگادار بێ گێژیی بەهێزی ئارەقەکە لەپێی نەخات. یەکەم چێشتخانە. یەکەمجار ئەبێ خۆی بگەیەنێتە چێشتخانە و پارووییەک بقاچێنێ، بەر لەوەی جەرگ و ڕیخۆڵەی لە دەمیەوە بێتە دەرەوە. بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. گێژ و حۆل لە دالان تێپەڕی و خۆی گەیاندە حەوشە. حەوشە پڕ بوو لە خەڵک و عەباسجان هەستی کرد ناتوانێ دەموچاوی میوانەکان بەباشی لێک بداتەوە.

جووتیارانی ئاغە لە دەشت گەڕابوونەوە، گاکانیان کردبوویە گەوڕ و بۆ خواردنی نانی زەماوەن، ڕاستەوخۆ هاتبوون بۆ ماڵی بوندار. ئەولحسێنی مێلوورە و داوەر -خاڵی قەدیر- یش دەرکەوتن. بەس گۆدەرزی بەڵخی و عەلی خاکی نەبوون و بەراتی سالار ڕەزاقیش نەئەبینرا. دلاوەر و محەمەمەدڕەزای گوڵخانمیشی لێبوو. بەراتی سالار ڕەزاق هێشتاش لنگ لە حەوا بوو و بەڕای عەباسجان، ئەوەندەت نەزانی سەر و سەکوتی دەرکەوت. بەڵام بەڵخی و خاکی؟ عەباسجان لە کاتێکا بە لەتردان بەرەو دەرگای چێشتخانە ئەچوو، لە بەر خۆیەوە پرتەی ئەکرد:

ـ «پیاوانی مەمرە بەهارە! یەکێک نەزانێ هەموو ئەمانەی هاتوون پلاوی زەماوەن بخۆن، شەیدای چڕوچاوی بابقولی بوندارن! هەه! کەرانی گەوج، گەوجی کەرانە، بەس کەرانی وەکوو بەڵخی و خاکی پێیان وایە ئەوەی لە دڵیان دایە ئەبێ دەریببڕن! کەرانەی نەزانانە! چەفتیان کردووە، چەفت و چەوێڵ. هیچ لە پەرجووی درۆکردن تێناگەن! نازانن لەم وڵاتەدا مرۆڤ تەنها بە درۆکردن ئەتوانێ لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ!»

مووسا لە بەر دەرگای چێشتخانەوە بە عەباسجانی وت:

ـ عەباسجان بۆ ئەو سینیە ئەبەی بۆ گەوڕ؟!

عەباسجان بە دوای وڕینە کردنەکەیدا بەرەو لای مووسا خواری کردەوە و وتی:

ــ هەمووومان بە درۆکانمانەوە لە سەر پێین؛ مووسا خان! تەنها کەری وەکوو تۆ ئەیانەوێ ڕاستیەکەی بڵێن؛ ڕاستی!

مووسا چوو کە سینیەکەی لێ وەربگرێ. لەم وەختەدا قەدیر لە دەرگای چێشتخانە هاتە دەرەوە و لە کاتێکا قۆڵی عەباسجانی ئەگرت، لە مووسا گەڕا سینیەکە ببات و خۆیشی عەباسجانی لە قەڵەشی دیواری گەورەکەوە کرد بەو دیودا و بە ددانی لێک جووتکراوەوە پێی وت:

ــ ئەگەر بێت و گەنکاریی بکەی قورقوڕاچکەت ئەپچڕم، ها! ئا لێرە لە بن ئەم دیوارە دابنیشە تا پارووبەکت بۆ بهێنم، بیکەی بە قوزەڵقورتت.

عەباسجان بە زەبر و زۆری براکەی، لای کوانووی بن دیواری گەورەکە دانیشێنرا و هەروا کە چاوە گڕگرتووەکانی لە قەدیر بڕیبوو، وتی:

ــ من خۆ کەر نیم، من خۆ کەر نیم براگیان! بەس کەرەکان ئەوەی لە دڵیاندایە دەری ئەبڕن. ئەگەر بڕیار وابوایەت کە مرۆڤ هەرچی هەیە بە زمان بیڵێت، خوای گەورە ئەوسا مێشک و مژی بە خەڵک نەئەدا! وانییە؟!

قەدیر لە نیگای عەباسجان دوور کەوتەوە و وتی:

ــ هەر ئێستە پڵاو و خۆرشتت بۆ ئەهێنم، بەڵام لەو ناوە نەتبینم!

عەباسجان لەخت و بڕاو، سەروشانی نا بە دیوارەکەوە و پێڵووەکانی قورس بوون:

ــ «براگیان من بە کەر مەزانە! وا ئەزانی سەرخۆش بووم. هەه، ورگی بەتاڵ، ورگی بەتاڵ و خوماری، بێدین. خۆیشی ئەم شتانە ئەزانێ. بەڵام، بەڵام وا ئەزانێ کە من کەرم و ئەو شتانەی لە کەللەم دایە، هەڵی ئەڕێژم! هەه! لە کەللەی

منداڵ، لە کەللەی مندا زۆر شت هەیە. زۆر شت! بەڵام، بەڵام کێ چووزانێ کەللەی من چی تێدایە؟ کێ چووزانێ ئەو شتەی ئەیڵێم، هەمان ئەو شتەتە کە بیری لێ ئەکەمەوە؟ کێ چووزانێ. کێ چووزانێ چی لە کەللەی مندا ئەجووڵێتەوە؟! درۆ، درۆ، درۆ! درۆ حەشارگەی منە، درۆ پەناگەی هەموانە! درۆ پەسێری بێوەی هەمومانە! کێ ئەڵێ نابێ درۆ بکەین؟ بۆ نابێ درۆ بکەین؟ کاتێکە مرۆڤ ئەتوانێ بە چواردانە درۆ کە ئەیکا، ڕۆژی بگەیەنێتە شەو و شەوی بکات بە ڕۆژ، ئەی بۆ ئەبێ خۆ بپارێزێ لە گوتنی چوار تاقە درۆ؟! چی ئەبێ مەگەر؟ ئاسمان دێتە خوارەوە؟ ئاسمان تێک ئەترنجێ؟ هەر لە بەیانیەوە هەتا شەو هەر هەموو درۆ ئەکەن. هەزار هەزار درۆ! بۆ ئەبێ مرۆڤ بە گوتنی ڕاستی و ڕاستەقینە ڕۆژگاری خۆی ڕەش بکات و تەنانەت سەری بدا بەبادا؟ لە کوێن ئەو خاکی و بەڵخیە تا ئەو ڕاستیانەیان پێ بڵێم! لە کوێن ئەو دوو گەوجە تا پێیان بڵێم خودی ڕاستەقینەش درۆیە! هەه، ڕاستی و ڕاستەقینە! لە کوێ ئەتوانم ڕاستیەکەی بڵێم؟ لە کوێ و چۆن ئەتوانم باسی ڕاستی و ڕاستەقینە بکەم کاتێکە دەستم وا لە بن بەردی ئەو کەسانەدا کە ڕسقی من بەدەس ئەوانە؟ لە کوێ ئەتوانم باسی ڕاستەقینە بکەم کاتێکە گەووادیم پێ ئەکەن؟ بۆ ئەبێ ڕاستگۆ بم کاتێکە ئەو کوتە ئێسقانەی ڕۆزیم لە دەستی سەگبابتر لە خۆم وەرئەگرم؟ جەنابی سەرتیپ فەربەخش بۆچی لە لای دەستی منەوە دانانیشێ ئارەق بخواتەوە؟ جەنابی سەرتیپ خۆ من خزمەتم بە تۆ کردووە؟ کەم سیخوڕی و زیرانیم بۆ کردی؟ کەم ناو و نیشانی خەڵکم پێدای؟ ئەی بۆچی تەنانەت سەیرێکیشم ناکەی؟! بۆچی بە سەگیشم نازانی؟ ها، جەنابی سەرتیپ؟ جەنابی سەرتیپ، جەنابی خانەکان چ کارێکتان لە من ویست و بۆتانم جێبەجێ نەکرد؟! لانیکەم بە چاوی نۆکەری خۆتان سەیرم بکەن، بێویژدانانە! لانیکەم کاتێکە فەرمانم پێ

ئەدەن، سەیرێکم بکەن، بێ خێرانە! لانیکەم، تێم بگەیەنن کە من خزمەتکاری ئێوەم! جەنابان ئەو گەنمەی کە لێرە هاتۆتە بەرهەم، باری ئەکەن و ئەیبەن بۆ هەمارەکانی موغیسە، ئەو گەنمە ڕسقی منیشە! بەڵام خۆ من کەر نیم ئەو قسەیە بکەم! کە وا بوو چی؟ کە وا بوو بە بۆچوونی من ڕاستەقینە هەمان ئەو کارەیە کە ئالاجاقی ئەیکات. ڕاستەقینە ئەو زۆر و دەسەڵاتەیە کە ئالاجاقی ئەرباب هەیەتی. ڕاستەقینە ئەسپەکانی فایتوونەکەی جەنابی تالاواییە. ڕاستەقینە ئەو قاحبەیە کە ئەو لە لای خۆیەوە ئەیخەوێنێ! ڕاستەقینە واتە قەڵاتی خوێناڵ و پەزەکانی عەلیئەکبەری حاجیپەسەند. بەڵام من، من کە ئەم شتانەم نییە درۆی ڕەسەنم. خودی درۆم. من خۆیشم درۆم. خوێنیشم درۆیە. هەناسەکێشان و ڕێکردنیشم درۆیە. جا بۆیە ئەبێ بیدەمە بەر مست و کەللەی بدەم بە بەردردا! سەری خۆم بکوتم بە دیواردا، چونکە من هیچکام لە پێداویستیەکانی ڕاستەقینەم نییە. چونکە ڕاستەقینە، واتە دەسەڵات! جەنابی بەڵخی، جەنابی عەلی خاکی، ڕاستەقینە واتە دەسەڵات! بڕۆ بمرە ئەگەر دەسەڵاتت نییە. بڕۆ سەر بنێرەوە و بمرە بۆخۆت، یان لانیکەم دەمت داخە! تۆ لە سەر بناغەی کامە ڕاستەقینە ئەتوانی خۆڕاگرتر لە دەسەڵات ڕاوەستی و بە ئالاجاقی ئەرباب بڵێی: ئاغە، گەنم هی جووتیارەکانە! گەنم هینی جەماوەرە! تەنانەت زەوییەکان، زەوییەکانیش هینی خەڵکە، ئاغە! ئەی بۆچی نانی خەڵک ئەبەیت و ئەیکەیتە هەمار بۆ ئەوەی زستان بە ڕەشورووتی خوای بفرۆشی؟! هەه، پێتان وایە من ئەم قسانە نازانم، پیاوانی کەر؟! بەس ئێوە سێ-چوار کەسن کە ئەو قسانە ئەزانن؟»

ــ بۆ لێرە خۆت مەڵاس داوە عەباسجان؟ ڕابە، ئەو هەموو کارەمان هەیە!

بە دەنگی ژنی سەیدی تەلەفوونچی کە لە هەماری

ئاغەڵەکە ئەهاتە دەرەوە، عەباسجان ڕابوو و دەستی گرت بە دیوارەکەوە و بە دوای ئەودا لە درزی دیواری ئاغەڵەکەوە چووە حەوشە و تا لابکاتەوە سوێنەی پڕ لە قاپ و دەوری لە سەر سەری دانرا و ژنی سەید خۆیشی لە کاتێکا سینیەکی پڕ دەفر و ئامانی ئەنا بە سەریەوە بەرەو دەرگای حەوشە کەوتە ڕێ و بە عەباسجانی وت:

ــ بیانهێنە بۆسەر جۆگەکە، ئەبێ بیانشۆم.

عەباسجان دەستێکی گرت بە سوێنەی سەر سەریەوە و لە کەوتنە ڕێدا وتی:

ــ دۆزیمەوە، ئاخرەکەی دۆزیمەوە!

ــ بەملادا عەباسجان، دەرگای حەوشە لەملاوەیە، دەفری نەشۆراو بۆچی ئەبەی بەرەو دالان؟

ــ نەیخواردۆتەوە مەستی کردووە! سەیری کە چ لەترێک ئەدا!

عەباسجان گەڕابوویەوە و بەرەو چاڵەکە ئەڕۆیشت، بەڵام گرنگی بە پلار و تەوسی ئەم و ئەو نەئەدا:

«ــ باشە بە تۆ چی ئەم جۆرە ئەندێشەانە؟!»

ــ پەنجەی پێت نەچێ بە چاوتا کوڕی کەلایی خواداد!

عەباسجان بە وریایی بە قەراخ چاڵەکەدا تێپەڕی.

ــ چاو چاو، چۆن گەشاوەتەوە، ئەڵێی سکڵی سوورە و لە بیری ئێمەشدا نییە!

لە وەڵامی عەبدولە ڕەشدا عەباسجان ئاوڕی دایەوە، خەندەیەکی کرد و وتی:

ــ سەرم لێ تێکمەدە ئیتر نامەرد! چ ڕاستەقینەیەک؟

عەباسجان بە لای عەبدولە ڕەشدا تێپەڕی، بەڵام بەر لەوەی بگاتە دەرگای حەوشە لە بن قورسایی سوێنەی قاپ و دەوریدا وەرگەڕا و نەک لەگەڵ کەسێکی تایبەتی بێ، وتی:

ــ ئێستە خۆم ئەگەڕێمەوە بۆ لای بوندار و هەموو کارەکان

جێبەجێ ئەکەم. بوندار ئەبێ ئەمڕۆ کەللەی هەموان گەرم بکات. تا ئێستە تۆزێ گێژ بووم، بەڵام ئێستە، ئەگەڕێمەوە و ئەچمە سەر. ڕۆژێک خۆ نابێ بە هەزار ڕۆژ! ئەسلان خانیش خۆ هەموو ساڵێک زەماوەن ناکات. کە وا بوو هەر هەموو ئەمڕۆ ئەبێ نەشە بن، هەر هەموو. پاشانیش ئەمەوێ بڕۆم پاڵەوان بەڵخی و عەلی خاکی بهێنم بۆ ئێرە و ئاشتیان بکەمەوە!

ـ وتت چی؟!

ژنی سەیدی تەلەفوونچی بوو. موجومعەکەی خۆی لە سەر جۆگەکە دانابوو و لە ناودەرگا لە کاتێکا لۆی چارشێوەکەی لە پشت ملی گرێ ئەدا، وتی:

ـ پیاوی بەکارتر لە تۆم نەبینیوە، نۆبەرە! دە بجووڵێرەوە ئیتر لۆترەوان!

عەباسجان کە بە ئاشکرا لەتری ئەدا، لە کەوتنە ڕێدا شانی دا لە بابە گولاو و ئەوی هەڵدا بە لایەکدا و بۆخۆی لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەوە پێی نایە کۆڵان. لەم کاتەدا قەدیری کەلایی خواداد زیاتر لە بیست نان بە شانیەوە لە دەرگای ماڵی سەید هاتە دەرەوە، لە جۆگەکە پەڕیەوە و لە سەر ڕێیدا، بەرامبەر عەباسجان، کە سوێنەی دەفرەکانی هەروا بە سەرەوە بوو وەستا و وتی:

ـ ئەوە خۆ دیسان خۆت تێهەڵقورتانەوە، گەمژە!

عەباسجان چەماوەی بن باری دەفر و ئامان، ڕوانیە شۆپی قەدیر و وتی:

ـ جا وەرە مەمرە لە داخا! یەکێک ئەڵێ وەرە و یەک ئەڵێ بڕۆ! برام بمخەن بە لایەکدا ئاخر!

ژنی تەلەفوونچی سوێنەکەی لە سەر سەری عەباسجان داگرت، لە کاتێکا کە عەباسجان لە بەر خۆیەوە بۆڵەی ئەهات، پاڵی پێوە نایەوە بۆ حەوشە و وتی:

ـ لەبن خاک وەیشێرم ئەم بەژن و باڵایەت!

عەباسجان لەتری دا و بەر لەوەی بگاتە لێوار چاڵەکە، دەستەکانی لە شانی یۆنسی کەردار گیردا و خۆی گرتەوە:

ـ بڕوانە، بڕوانە چ جۆرە گاڵتەیەک لەگەڵ مرۆڤ ئەکەن! دەستیشی بۆ ببەی هەزار قسەت بۆ ساز ئەکەن!

ئەولحەمی قاتمەش لەو شوێنەوە کە دانیشتبوو، بە پێکەنین و قۆشمەیی وتی:

ـ گوێی مەدەرێ پاڵەوان عەباس، گەورە ئەبێ لێبوردنی هەبێ!

برایم چلپیاو کە لە تەنیشت قاتمەوە دانیشتبوو و بە چاوە خڕ و بچووکەکانی سەیری عەباسجانی ئەکرد، ئانیشکی لە کەلەکەی قاتمەوە ژەند و وتی:

ـ سەما! عەباسجان ئەبێ سەما بکات! سەما!

دەنگی قاتمە بەرزتر لە جاری پێشوو بەرزبوویەوە و وتی:

ـ سەما، عەباسجان سەما! وەرە ناو مەیدانەکە، یاڵڵا بیهێنە نا مەیدانەکە، یۆنس!

عەباسجان ئەوەندەی لابکاتەوە تاجعەلی کۆڵبەر و عەبدولە ڕەش پاڵیان پێوە نا بۆ ناو مەیدانەکە و جافری سدیقە تورومبۆ، دەهۆڵ ژەنەکانی لە بن دیوارەکە هەڵساند و جووتیارەکان بەکۆ دەنگیان هەڵێنا:

ـ دوو دەسماڵە، دوو دەسماڵە عەباسجان!

ـ بە یادی گەنجێتیت عەباسجان!

ـ عەباسجان، عەباسجان، سەمایەک بکات کوڕانی لۆتی ڕوخەک ئافەرینی لێ بکەن!

ـ بڕۆ ئەولاترەوە تەتۆ، مەیدانەکە بکەرەوە.

ـ وەرە بەرەوە کلۆ، ڕێی بۆ چۆڵ کەن بێتە بەرەوە. وەرە بۆ ئێرە، مەرحەبا. لە ناو دالانەکە وەرە ئەملاترەوە! ئەوەتانێ!

عەباسجان کە خۆی لە ناو مەیدانەکەدا ئەبینی، دەسرە گرمۆڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و ڕووی لە چاوەشەکان

دەسرەکەی ڕاوەشاند:

ــ بیکوتە بابە گیان، بیکوتە! قەبری باوکی ئەوەی لە نیو مەن زیاتر هەڵوا ئەخوات! بیکوتە گیانم! ئائە، ئائە، ئائە!

جووتیارەکان لە بن دیوارەکە هەڵسابوون، دەوری عەباسجانیان گرتبوو و بەهەوای دەهۆڵ و زوڕنا و بە هەوای سەماکەی عەباسجان چەپڵەیان لێئەدا. زرمەی دەهۆڵ و نەوای زوڕناکە لەسەرخۆ بوو، چونکە عەباسجان نەرم و نیان سەمای ئەکرد. پێڵوەکانی نابوویە سەریەک و دەستەکانی بەرز کردبوویەوە و لەگەڵ دەستەکانی باڵەکانی جاکەتەکەشی کرابوویەوە و نەرمە سووڕەکانی ڕواڵەتێکی هەماهەنگ و لەباریان وەرگرتبوو:

ــ دەک قەزات لە ئەولحسێنی مێلوورە کەوێ، عەباسجان!

ــ دووکەڵ لە کۆتەدار هەڵئەسێ بابە گیان!

ــ بە ڕاستی کە شیری حەڵاڵت خواردووە عەباسجان، حەڵاڵت!

پیاڵەیەکی بەتاڵی بۆ بهێنن لانیکەم، ئەوەتا خەریکە خۆی ئەچەمێنێتەوە!

ڕەجەب گوزار غاری دایە لای چاڵەکە، کلۆیەکی هەڵگرت و لە هەمان کاتدا کە عەباسجان بە نەرمە سەما چۆکی ئەنووشتاندەوە و سەری ئەبرد بۆ دواوە، کلۆکەی نایە سەر تەوێڵی و ئاپۆرەی بینەران بە دەم پێکەنینەوە کردیان بە قریوە. عەباسجان لە سەر ئەژنۆکانی بە سەماکردن نیشتە خوارەوە، پارچە کلۆکەشی لە سەر تەوێڵی ڕاگرت. بەڵام بەو جۆرەی کە بەپشتدا نووشتابوویەوە، نەیتوانی ئیتر ڕاست ببێتەوە. بۆیە دانیشت و لە سەر گازەرەی پشت تەخت لێی ڕاکشا و پەلکی لووتی لە خێرایی هەناسەدان کەوتنە فڕین.

ــ ئاو، زەرکێک ئاو، لە سەرخۆ چوو قوڕ بە سەرە!

عەبە خڕە بەرەو چێشتخانە هەڵات و حەمید کڵاو لای شانی عەباسجانەوە چۆکی دادا و سەری لە سەر خاکەکە بەرز

کردەوە و لە سەر ڕانی دانینا. تاجعەلی کۆڵبەر، خەڵکەکەی دایە دواوە و عەبدولە ڕەش لە نیوەی ڕێ جەڕەی ئاوەکەی لە دەس عەبە خڕە وەرگرت، دڕی بە حەشاماتەکە دا و هەر لەو سەرەوە جەڕەی ئاوەکەی کرد بە سەر چرۆچاوی عەباسجاندا. حەمید کڵاو دەستی خستە سەر جەڕەکە و عەبدولە ڕەشی بە جەڕەکەوە پاڵپێوە نا بۆ دواوە:

ــ هیچیت نەهێشتم ماڵکاول! بڕۆنە دواوە، بابە گیان!

ــ بکشێنەوە بابە گیان، بڕۆنە دواوە!

ــ دەوری چۆڵکەن دەی، کەستان نەدیوە، فێی لێبێ.

ــ سفرەیان هێنا سفرە! دانیشن، دانیشن خوا لە باوکی هەمووتان خۆش بێ!

قەدیر سفرەکەی هێنا و کەوتە کردنەوەی. حەمید کڵاو عەباسجانی لە ناو هەراکەوە ڕاکێشا بۆ لای دیوارەکە. دلاوەر نانی هێنا. قەدیر دەوری سفرەکەی دایەوە و چوو بۆ لای عەباسجان، لە حەمید کڵاوی وەرگرت و پاڵی دا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ ئاخرەکەی کاری خۆتان کرد؟! ئاخر ئەمە گیانی ئەوەی تیایە سەما بکات؟!

حەمید کڵاو عەباسجانی بۆ قەدیر بەجێ هێشت و خۆی چوو بۆ سەر سفرەکە دانیشت. قەدیر بە سەری پەنجە کیشای بە گۆنای براکەیدا و سەروشانی ڕاتەکاند. عەباسجان بە قورسی چاوی هەڵێنا و وتی:

ــ پاروویەک، پاروویەکم پێ بگەیەنن، خوا نەناسانە! ئەی کوا قەدیر؟!

قەدیر لە قەراخ دیوارەکە دایمەزراند و وتی:

ــ هەر ئێستە، هەر ئێستە بۆت ئەهێنم، ئەیهێنم، خۆت ڕاگرە!

ــ جەرگ و ڕیخۆڵەم خەریکە لە گەرووممەوە دیتە دەرەوە!

ــ ئارەقت خواردەوە؟

ــ وابزانم ئارەق بوو؟

ــ بە قوزەڵقورتت بێ، باشە؟! هەڵسە برۆ لە شوێنێک خۆت ون کە، هەڵسە برۆ!

ــ ناتوانم، نا!

ــ نامەوێ بەم جۆرە بتبینن، نەگبەت!

ــ ناتوانم، پاروویەک، پاروویەک!

دلاوەر نانەکانی خستبوویە سەر سفرەکە و دەستەکانی خەریکی نان لەتکردن بوون. قەدیر هەڵسا و بەرەو چێشتخانە هەڵات. دلاوەر بە دوایدا ڕۆیشت. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم و مووسا بە سینیەکی پڕ لە بایەی ئاوگۆشت لە دەرگای چێشتخانە هاتنە دەرەوە. قەدیر دلاوەری خستە تەکیان و خۆی چووە ژوورەوە. پارچەیەک گۆشتی سوور و کاسەیەک ئاوگۆشت، نان و زەرکێک ئاوی لە سەر سینیەک دانا، بردی بۆ عەباسجان و لای دەستیەوە داینا. عەباسجان هێشتا نەهاتبوویەوە سەرخۆی. قەدیر تۆزێک نانی هەڵگرت و لە بەر لووتی برادا گرتی. بۆنی نان هێزی هێنایەوە بەری، چاوی هەڵبڕی و کوتە نانەکەی لە دەستی برا وەرگرت و خستیە دەمی و تۆزێک لە ئاوگۆشتەکەی هەڵقوڕاند بە سەریدا. قەدیر عەباسجانی جێ هێشت و خۆی ڕۆیشت بە دوای کارەکانیدا.

ــ دەشتەوانی قەدیر مسۆگەرە ئیتر، وانییە؟!

ــ مسۆگەری مسۆگەر، ڕوون، وەک بەری دەست!

ــ دەی، دەی، پیرۆز بێ، پیرۆز، بەخۆشی!

عەباسجان قاپ و نانی هەڵگرت، خستیە سەر ڕانی و بە بێ گوێدانە پلار و پێکەنینی خەڵکی سەر سفرەکە، کەوتە خواردن. وتووێژی دانیشتوانی سەر سفرە زیاتر باسی کوڕانی کەلایی خواداد و تێکەڵ بە گاڵتە و تەشەر بوو. بەڵام عەباسجان ئەو تەوس و قسەڵۆکانەی لا گرنگ نەبوو. بە پێچەوانەی عەباسجان، قەدیر هەڵچووبوو و لەگەڵ ئەوەی سەرپەرشتی سفرەی جووتیارەکانی

ئەکرد، لە هەر هەڵسوکەوتێکیدا ئەیدی نیشانەی تەوس و توانجی هەر هەمویانە. بەڵام بە ناچاری تاوی ئەهێنا. چونکە نە جێگەی وەڵامدانەوە بوو و، نە ئەو هێشتا ئەوەندە خۆی گرتبوو کە دەسبەجێ وەڵامی هەموو تانە و تەشەرێک بداتەوە. بۆیە لە بەر ئەوەی نەتەقێتەوە و نەکەوێتە وەڵامدانەوە، بەرەو عەباسجان گەڕایەوە و پێی وتەوە:

ــ پێم وتی بڕۆ خۆت ونکە و لە بەر چاوان مەمێنە!

عەباسجان نان و قاپەکەی هەڵگرت و لە کاتێکا ئەڕۆیشت خۆی وەشێرێ، لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئێستە ئیتر ئەبێ بڕۆم و خۆم وەشێرم، ئەبێ بڕۆم و خۆم ون بکەم!

سالار ڕەزاق لە دەرگای باڵەخانەوە سەری هێنایە دەرەوە و قەدیری بانگ کرد بۆ بانیجە:

ــ وەرە سەر، وەرە سەر خۆت تووڕە مەکە!

قەدیر تاوی دایە بەرەو ناوداڵان و عەباسجان، کە بەرەو ئاغەڵ کەوتبوویە ڕێ سەیری شۆپی قەدیری کرد و ناخودئاگا ڕێگەی خۆی لار کردەوە، چووە ناو داڵان و لەبنی داڵان، لە سووچی پلیکانەکەدا هەڵتووتا. لە تاریک و ڕوونی بەرپلیکانەکان قاپەکەی نایەوە سەر ڕانی و کەوتەوە خواردن.

وتووێژی ناو دیواخان ببوو بە مشتومڕ و عەباسجانی کەلایی خواداد ئەگەر بیتوانیایەت تاوێک چەنەکەی لە جووڵان ڕابگرێ، بە ڕوونی دەنگەکانی ئەبیست. ئەوە دەنگ حاجی خورسوفی بوو کە بەرزەوە ببوو:

ــ ئەرباب ئالاجاقی، جەنابی فەربەخش، گوێ لە سکاڵام ڕابگرن، گوێ لە قسەم ڕابگرن. ئەمکارانە خۆ ئیتر گاڵتە نییە؛ ئەو خەڵک بەدیل ئەگرێ. بۆخۆی ڕێسا دائەنێ و خۆشی ڕێساکەی ئەبا بەڕێوە. ئەسووتێنێ، تاڵان ئەکات، ئەکوژێت و یەخسیر ئەگرێ! ئەوەتانێ هەر ئێستاکانێ نەجەف ئەربابی بە

دیلی بردووە؛ ئەمکارانە خۆ گاڵتە نییە! مەگەر بڕیار نییە ئێمە لەم وەڵاتە بژین؟ بەیانیش دێت و هەمارەکانی ئێوەش بەتاڵ ئەکا، پاشان ناموسەکەی منیش ئەدزێ و ئەیبات. ڕۆژی دواتریش نۆرەی ئەوانیترە! من بینیم، من بۆ خۆم لەوێ بووم و بەچاوی خۆم بینیم کە چۆن دەرگای هەمارەکانی نەجەف ئەربابی شکاند و بە جووتیارەکانی وت بێن و چەندەیان پێخۆشە تێرەکانیان پڕ کەن! من بەم چاوانەی خۆم شایەت بووم، خۆم بەچاوی خۆم بینیم! کویر بم و ئەم نمەکە کوێرم کات ئەگەر بمەوێ درۆ بکەم و بۆختان هەڵبەستم! خۆ گاڵتە نییە ئەمکارانە، گاڵتەیە؟

وەڵامی حاجی خورسوفی بە ئەسپایی درایەوە و عەباسجان نەیتوانی ئەوەی کە وترا ببیسێ. بۆیە چوویەوە ناو ئەندێشەی خۆی و کاری خۆی، بیری خۆی و قەدیر، بەرەوژوور بوونی قەدیر:

...قسەی شەو، ڕۆژی نییە! باشە، باوابێ. کەم نین و کەم نەبوون ئەوانەی کە شەو قسەیەکیان کردووە و بەیانی داویانە بە ژێر هەمان قسەدا. ئەم جۆرە کەسانە پیاو نین، حولحولین، وازوازین! سەرم، سەرم بۆ وا ئەزررینگێتەوە؟ نەکا تێکەڵم خواردووە و خۆیشم نەمزانیوە؟ نەء، نەخێر، لاواز بووم، بێواز بووم! هێز، هێزم نییە! هەه، هەر ناشی خاتە خۆی. بە هیچ کلۆجێک نایخاتە خۆی! وامەزانە کە من و ئەو پێکەوە پەیمان و بەڵێنمان دا. هەقیشیەتی، ئەوەتا ئەبینێ خەریکە دەستی بە جێگە و کارێکەوە بەند ئەبێ! فەرامۆشکاری؛ ئادەمیزاد کاتێکە بە قازانجی بێ، ئەبێ بە فەرامۆشکاریش! فەرامۆشکار کە هیچ، ئەبێ بە قوڕمساخیش! وامەزانە قەدیر خان ئەشم ناسێ! ئەبێ بڕۆم و لە جەهەننەمێک خۆم ونکەم، ئەرێ؟! هەه! ئەی ئەو پیرەمێردە ڕەبەنە چی لێدێ؟ ئەو بەدبەختەمان هەروا چاوەنواڕ و بێ چارەنووس بەجێ هێشتووە کە چی ببێ؟!»

ــ نەکا چاوەڕوانی هەموو سەرئێشەکانی بخەیتە ئەستۆی من، قەدیر خان؟!

قەدیر کە بەپەلە بە پلیکانەکانی بانیجەدا هاتبوویە خوارەوە، بە دەنگی عەباسجان لە قووڵایی داڵانەکەوە، ڕاوەستێنرا، بە سەرسووڕمانەوە ڕوانیە عەباسجان کە لەو سووچەدا خۆی کز کردبوو و پرسی:

ــ لەگەڵ کێتە ئەوە؟ لە بەر خۆتەوە وڕێنە ئەکەی؟

ــ نەخێر، لەگەڵ تۆمە! ئەڵێم ڕەنگە پێت وایە من ئەبێ هەموو کارەکانی بکەم بۆ ئەوەی تۆ بتوانی هەموو بڕوبیانووەکانی بخەیتە ئەستۆی من؟ ئەتەوێ پارووی ساخ قووت بدەیت و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەربچیت؟ بەم جۆرە وەکوو شتێ ڕێگەکە لەبارترە بۆت، بەڵێ؟!

قەدیر لەبری وەڵام دانەوە، دانەویەوە، مەچەکی دەستی براکەی گرت و هەڵیساند. پاشان لە کاتێکا لەگەڵ خۆی بۆ حەوشەی ئەبرد، بە هێوری و خزمانە پێی وت:

ــ تۆ بۆ بەردەماوی ئەم و ئەوت هەڵگرت و نات بە سەرەوە قوڕ بە سەر؟ تۆ ئەگەر حەزت لە ئارەق بوو بە خۆمت بوتایەت!

مابووی قەدیر و عەباسجان بگەنە بەر ناوداڵانەکە، دەنگی تۆکمە و فەرماندەرانەی ئالاجاقی ئەرباب بەرزەوە بوو:

ــ تا خودی گوڵمحەمەد لێرە نەبێ، ئەم قسە و تۆمەتانە بەڕاست وەرناگیرێ حاجی سوڵتانخورد! ئەبێ خودی گوڵمحەمەدیش لێرە بێ!

ــ ئەی کاری من چی لێدێ جەنابی تاڵاوایی؟ خودی گوڵمحەمەد کۆمەڵێ ڕەشوڕووت و برسی وەکوو سپای مەغوول هێناوە و ڕژاونەتە ناو قەڵات!

ــ بیبڕێنەرەوە، میرخان!

ئەمە دەنگی ئالاجاقی ئەرباب بوو کە داوای لێ ئەکردن ئارام بن. بەڵام دەنگی حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی جارێکی تریش بەرز بوویەوە و وەک بڵێی هەڕەشە لە دانیشتوان ئەکات، وتی:

ــ من ئەچم بۆ مەشهەد و ئەبم بە پەنابردە. ئەڕۆم بۆ

پارێزگە و لەوێ مان ئەگرم!

خانی تالاّوایی لە سەر قسەکەی حاجی خورسوفی دەنگی هەڵێنا:

ـ هەر کەس ئەتوانێ هەر کارێک بکات!

لە دەرەوەی دالان، عەباسجان ڕوانیە قەدیر و وتی:

ـ گوێت لەو قسانەیە؟! ئەی قوربانی ئەو دەمتە جەنابی تالاّوایی! ئەو قسەیە ڕاستە، ئەمەیە ڕاستەقینە: هەر کەس هەر کارێک ئەتوانێ بکات!

قەدیر هەروا قۆڵی عەباسجانی بە دەستەوە بوو و بەرەو گەوڕی ئەبرد. بەڵام عەباسجان حەزی لە چێشتخانە بوو. قەدیر تاوێک عەباسجانی بەردا، بە فڕکە چوو بۆ چێشتخانە و بە پلێک گۆشتەوە گەڕایەوە. عەباسجان کە شانی نابوو بە دیوارەکەوە، کاسەکەی بردە بەرەوە و قەدیر پلە گۆشتەکەی خستە ناو قاپەکەی و وتی:

ـ خۆت لە سووچێکەوە بشارەوە تا میوانەکان بەڕێ ئەکەم!

عەباسجان لە بن دیوارە شکاوی گەوڕەکە پێی چەقاند و بە برای وت:

قسە لە دەمی پیاو دێتە دەرەوە! خۆت ئەمەت وتووە قەدیر، لە بیرت بێ!

قەدیر لە کاتێکا عەباسجانی لە قەڵەشی دیوارەکەوە ئەکرد بەو دیوا، ددانی لە کیرەوە هێنا و وتی:

ـ لە بیرمە بێپیر! فجووقت پێکردم ناکەس، بڕۆ لە لایەکەوە هەڵتووتێ ئیتر!

ـ هەر لێرە، هەر لێرە لە بن ئەم دیوارە دائەنیشم! لە بن ئەم دیوارە.

قەدیر گەڕایەوە و تاوێک -ناخودئاگا- نیگای لە نیگای خاڵی، داوەر گیرا و گومانی کرد کە خاڵۆی ئەو و براکەی خستۆتە بن چاودێری. چارەش نەبوو، چونکە میرزای دەلاک بە سەر محاجەرەی

بانیجەدا خۆی چەماندبوویەوە و بانگی لە قەدیر ئەکرد:

ــ قاپە بەتاڵەکان، قەدیر! لە سەر سفرە کشانەوە، قاپە بەتاڵەکان!

قەدیر چوو بۆ داڵان و تاوێکی دی بە سینیەکی پڕ لە دەفر و دەوری هاتە خوارەوە و یەکسەر چوو بۆ چێشتخانە. عەباسجان لە بن دیوارەکەوە ملی کێشا و بە بینینی براکەی، هەڵسا، هاتە حەوشە و بە دوای قەدیردا بەرەو چێشتخانە بوویەوە. قەدیر بە سینی بەتاڵەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و لووتی تەقی بە لووتی عەباسجانەوە. عەباسجان بەر لەوەی براکەی جارێکی دی لێی زەق بێتەوە و -رەنگە- فڕێی داتە لایەکەوە، قاپە بەتاڵەکەی پیشان دا و وتی:

ــ ئەیبەم لە چێشتخانە دای ئەنێم!

قەدیر ددانی لە کیرەوە هێنا و لەکاتی تێپەڕین بە لای عەباسجاندا تفی فڕێ دایە چاڵەکەوە و بەرەو داڵان هەنگاوی نا. لەم کاتەدا ئالاجاقی ئەرباب، حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی، سەیدی تەلەفوونچی و بوندار بە پلیکانەکانی بانیجەدا هاتنە خوارەوە ئەیانویست بچن بۆ حەوشە. قەدیر خۆی لادا و لە بن دیوارەکە ڕاوەستا تا ئەوان تێپەڕن.

ئالاجاقی، خورسوفی و سەیدی تەلەفوونچی لە ناو داڵان هاتنە دەرەوە و بەرەو دەرگای حەوشە چوون. جووتیاران و چاوەشەکان لە بەر ئالاجاقی هەڵسان. ئالاجاقی چاڵەکەی دەور دایەوە و سەیدی تەلەفوونچی و حاجی خورسوفی بە دوایدا ڕۆیشتن. قەدیر لە ناو داڵان ون ببوو و بوندار لە کاتێکا دەستە کلیلەکانی لە گیرفانی دەرئەهێنا، بەرەو پلیکانەکانی ژێرزەمینی کارگە ئەڕۆیشت، عەباسجانی بانگ کرد.

عەباسجان وریای لەنگەرگرتنی خۆی، هەمیش سەرخۆشی ئەوەی کە جارێکی دی کارێکی پێ ڕاسپێردراوە، بە دوای بابقولی بوندار چووە ناو ژێرزەمین و پاش تاوێک توورەکەیەک شووشەی

ئارەق بە پشتیەوە، لە پلیکانەکان هاتە سەرەوە و لە سەر داوای بوندار، بەرەو ماڵی تەلەفوونچی کەوتە ڕێ.

ــ یەکیان هەڵدە بۆ ئەم لایە بێغیرەت!

عەباسجان دەستی گرت بە باڵشمەی دەرگاکەوە و ڕاوەستا، بەڵام نەک بۆ ئەوەی وەڵامی لاتاوی جووتێرەکان بداتەوە کە بە یارمەتی دلاوەر خەریک بوون سفرەکەیان کۆ ئەکردەوە، بەڵکوو وەستا بۆ ئەوەی بەڵکوو گێژیی سەری و ڕەشایی بەرچاوی بڕەوێتەوە و بکەوێتەوە ڕێ. چونکە ئەوەندەی ئەزانی کە بار -ئەویش باری شووشە- ئەبێ بە ساخی بگەیەنێتە مەزڵ.

بابە گوڵاو خۆی لە سەر ڕێی عەباسجان لادا و عەباسجان لە دەرگای حەوشەوە پێی نایە ناو کۆڵان. خۆڵی کۆڵان هێشتاش بە خوێنی وشترەکە سوور بوو. لە جۆگەی ئاوەکە نزیک بوویەوە، جارێکی دی وەستا و توورەکەکەی لە سەر پشتی ڕاست کردەوە، پێڵووی لێکنا و چاوەکانی بە لەپی دەستی هەڵگلۆفی. پاشان بە قەراخ جۆگەکەدا سەرکەوت و لەوێ، لە شوێنی باریکە جۆگەکەوە، بە وریایی پێی نایە ئەوبەر جۆگەکەوە و خۆی کرد بە ماڵی سەیدی تەلەفوونچیدا. پێی خستە سەر پێپلیکانە و دیسانەوە پشووی هێنایەوە بەرخۆی.

دەرگای دیواخان کراوە بوو و تەختی ژوورەکە سووچاوسووچ قاڵی لێ ڕاخرابوو. دیواخان بۆ پەزیرایی ئامادە کرابوو، بەڵام هێشتا بەتاڵ بوو. وا دیار بوو ئالاجاقی ئەرباب و حاجی خورسوفی لەگەڵ سەید چوونەتە ژووری تەنیشتەوە بۆ تەلەفوون کردن. عەباسجان چووە ژوورەوە، توورەکەکەی لە سووچی ژوورەکە دانا و خۆی بۆ تاوێک ڕاوەستا. هێشتا کەس دیار نەبوو. سیگار و شەمچە لە سەر تاقەکە لە سەر شیرینی خۆرییەکی بلوور دانرابوو. چوو بۆ لای تاقەکە، چەند دانە سیگاری هەڵگرت و خستیە گیرفانی. پاشان گەڕایەوە جێگەی خۆی، دەستی برد بۆ توورەکەکە و شووشەیەک ئارەقی دەرهێنا و تاوێک ڕاما لە کوێی

جلەکانی بیشارێتەوە. گیرفانەکانی هێڵ و هەراو بوون، بەڵام بۆ قاپی ئارەق دروست نەکرابوون. شووشەکەی دایە بن باڵی، لە دەرگاکە چووە دەرەوە و بە پلیکانەکانی دیواخاندا شۆڕبوویەوە.

پلیکانەکانی دیواخانی سەیدی تەلەفوونچی سوابوون. عەباسجان قاچی هەڵخلیسکا و یەک دوو پێ پلیکان بەربوویەوە، بەڵام سەرەڕای گێژی و حۆلی خۆی توانی شووشەکە بەساخی بپارێزێ. خۆی کۆکردەوە و بۆ ئەوەی بتوانێ هۆشی بهێنێتەوە سەرخۆی، تۆزێک لە سەر دوا پلیکان دانیشت، بەبەری دەست جارێکیتر چاوەکانی هەڵگلۆفی و وەک بڵێی ئەیەوێ مەستی لە سەری دەربکات، سەروشانی خۆی ڕاوەشاند و پێڵوەکانی بە خێرایی بەست و کردەوە.

نانکردن هێشتاش تەواو نەببوو و ژنان خەریکی نان و تەنوور و ئاگر بوون. عەباسجان ئەیویست خۆی بگەیەنێتە هەمار و شووشەکەی لە بن کا و پووشدا بشارێتەوە. لەم کاتەدا خوشکەزای ئالاجاقی ئەرباب و میرخان و کوێخا حەسەنی زەعفەرانی پێیان نایە حەوشەی ماڵی تەلەفوونچی. عەباسجان ناخودئاگا هەڵسێنرا و وەستا تا جەنابان تێپەڕن. تێپەڕین و لە پلیکانەکان سەرکەوتن. دەنگی سەیدی تەلەفوونچی کە خۆشامایی لێ ئەکردن لە سەرەوە هات. عەباسجان گوێی هەڵخستبوو و ئەیویست لە یەکەم دەرفەتدا خۆی بگەیەنێتە کادێنەکە. بەڵام دەرفەتی نەکرد، چونکە بوندار خۆی کرد بە ژووردا و بەر لەوەی لە پلیکانەکان سەربکەوێ، بە عەباسجانی وت:

ـ بۆ پۆپکەت کردووە؟ بڕۆ بە دوای مەزە و پێداویستیدا!

ـ هەر ئێستە، بوندار!

بابقولی بوندار بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و عەباسجان دەسبەجێ خۆی هەڵدایە کادێنەکە، شووشەکەی شاردەوە و هاتەوە دەرەوە بۆ ئەوەی بەرەو دەرگای حەوشە بڕوات؛ بەڵام

دەنگی لالا لە سەر جێی خۆی ڕایگرت:

ــ بۆ کوێ ئەڕۆی بەدەستی بەتاڵ؟ وەرە باوەشێک نان هەڵگرە و بیبە!

عەباسجان گەڕایەوە و بەرەو سەرتەنوور چوو. لالا ئەماژەی بە ئێزنگەکان و ئەو نانانەی لە سەر دار و گەونەکە هەڵی خستبوون کرد و وتی:

ــ دێی بۆ لای من وێنەم لێ بگری؟ نانەکان ئەوەتا لەوێ!

عەباسجان ملکەچ و ناچار، وەکوو منداڵێکی مەنگ بەرەو لێژنەی دارەکان چوو، نانەکانی لە سەر یەک هەڵچنی، بە سەر دەستەوە گرتی و بەرەو کۆڵان کەوتە ڕێ. دەنگی لالا لە دوایەوە بەرز بوویەوە:

ــ بیاندە دەس نوورجیهان!

عەباسجان بە بێوازی وتی:

ــ ئەزانم بابە گیان، خۆ کەر نیم!

بابقولی بوندار لە سەر بان پەیدای بوو و بە گاڵتەوە زاری هەڵپچڕی و بە لالای وت:

ــ ئیتر چ فرمانێکت بە عەباسجان ڕاسپارد؟!

لالا کە بۆ یارمەتیدانی نانەوای شۆڕاوی، خۆیشی جلی نانکەری لە بەر کردبوو، بە بێ گوێدانە بوندار، دەست و سەر و شانی بردە ناو تەنوورەکەوە و هەر لە ناو تەنوورەکەدا وتی:

ــ دەمت بلکێنە بە قنتەوە، پیاوی ناقۆڵا!

بوندار کە هەروا پێ ئەکەنی، وتی:

ــ ماشەڵڵا، ماشەڵڵا! کار کردنەکەشت لەگەڵ خەڵکی جیاوازە!

لالا لە نیگای ژنەی شۆڕاوی و کچی سالار ڕەزاقدا خۆی بە ناچار زانی وەڵامێک بداتەوە، سەری بەرز کردەوە و وتی:

ــ ئیشەڵڵا نوخشە بێ لە شەیداش، بوندار!

بوندار بە دەنگی ئالاجاقی وەرگەڕا و لە چاوان ون بوو.

ـ بۆچی نایەیتە ژوورەوە دابنیشی بوندار؟

ـ لە خزمەتودام قوربان!

بابقولی بوندار چووە ژوورەوە و لای دەرگاکەوە لە سەر دوو چۆک دانیشت، دەستی هێنا بە تەوێڵیدا و خاچ چاوی بڕییە دەمی ئالاجاقی. ئالاجاقی وتی:

ـ بە ڕوخەکت بوتایەت جەوانەکان سەرگەرم بکات!

بوندار بە کڕنۆشەوە پێکەنی و وتی:

ـ خۆی لە دوێشەوەوە چاوەڕوانی ئەوەیە هونەر نەمایی بکات! جەنابی تاڵاواییشی گیر هێناوە!

خوشکەزای ئالاجاقی بە پێکەنینێکی ساختە و بێدەنگ پێستی ڕەنگ پەڕیوی ڕوخساری بە چرچی ناسک ڕازاندەوە. کوێخا حەسەنی زەعفەرانیش لێوی بە بزەیەک خوار کرد. بەڵام خورسوفی و میرخان هەروا داگیرابوون و مۆن. ئالاجاقی ڕووی لە حاجی خورسوفی کرد و بە تەشەرەوە وتی:

ـ ژن و ژنخواز لەگەڵ کەلمیشیەکان زۆریش بێ سوود نییە، حاجی خان. ئیتر بۆ نکووڵی لێ ئەکەی؟ کچەکەت بەگمحەمەد داوای کردووە، بیاندەرێ تۆش!

حاجی سوڵتانخورد ددانی لە ددان ڕێک گووشا و ناوچەوانی تێکنا و سەری داخست. خامۆشی خورسوفی و بە دوایدا بێدەنگی دانیشتنەکە، دەریخست ئەوەی کە میرخان و خورسوفی تووشی هاتوون ئەوەندە لە لایان گرنگ و ژیانییە کە جیگەی بۆ هیچ گاڵتەیەک -هەرچەند بە ڕاگوزاری- ناهێڵێتەوە. ئالاجاقی خۆی بەر لە هەر کەس گومانی ئەوەی کردبوو و بەوەی زانیبوو، بەڵام نەی ئەویست لە بەرامبەریاندا کۆڵ بدات. بۆیە ڕووی کردە خوشکەزاکەی و بە هەمان شێوازی تەوساوی پرسیاری کرد:

ـ رای تۆ چییە، جەنابی ئەندازیار؟

ئەندازیار دەستە سپیکەڵانەکانی تۆزێ هەڵێنا، سەری خوارکرد و وتی:

ــ من ئاگام لە بابەتەکە نییە!

ئالاجاقی بابەتەکەی گۆڕی و بە شێوازێکی گاڵتە و بەڕاست وتی:

ــ لە مەڵبەندی ئێمە، وڵات سەرۆکێکی تازەی بۆ پەیدا بووە!

ئالاجاقی بە دەم وتنەکەی خۆیەوە پێکەنی و تەوسی قسەکەی ئەوانی دیکەی -هەرچەند بە ڕواڵەت- خستە پێکەنین. ئالاجاقی پەیشوێنی قسەکەی خۆی گرت و بەڕواڵەت، ڕووی دەمی لە خوشکەزاکەی، وتی:

ــ ڕەنگیشە شا! پادشای وڵات، گوڵمحەمەدی بەلووچ! بەلووچن کەلمیشیەکان، یان کوردن؟ ها؟

لە وەڵامدا وترا:

ــ کورد و بەلووچ، تێکەڵن!

ئالاجاقی درێژەی دا:

ــ هەر کەس هەیە، گرنگ ئەوەیە فەرمان دەرئەکات، باج وەرئەگرێ و دارکاری ئەکات، لە داری ئەکاتەوە، مارە ئەبڕێ و تەڵاق ئەدات!

میرخان وتی:

ــ هەمارەکان بەتاڵ ئەکات، جووتیارەکان ڕائەپەڕێنێ و!

حاجی خورسوفی وتی:

ــ جەندەرمەکان ئەکوژێ، لووت و گوێیان ئەکات، دیل ئەگرێ و بە زۆری تفەنگیش ئەیەوێ کچەکەم لە من بسێنێ، من، من ئەگەر ئاغە ڕای لێبێ حەزم ئەکرد بە جەنابی فەربەخشیش!

ــ پەلە مەکە، کاتی خۆی!

خورسوفی سەیری ئالاجاقی کرد و پرسی:

ــ کۆتاییەکەی ئێوە ئەفەرموون چی! ئەبێ چی بکەین ئێمە؟

ــ ئا بەڵێ ئەرباب. چاری ئێمە چییە؟ ڕاستەکەی ئێمە ئیتر پارێزمان نییە! نە گیانمان پارێزراوە و نە ماڵمان. ئیتر

ناتوانین بە شەو لە ناو چوار دیواری ماڵەکەی خۆشمان بە ئاسوودەیی سەربنێینەوە. هەر ئێستە کە من لێرە دانیشتووم نەجەف ئەرباب یەخسیری گوڵمحەمەدەکانە. ئەگەر شەوێک - نیوەشەوێک لە بیابانی خودا خرِ سەری ببرِن و بیخەنە سەر سینەی، کێ وەڵامی خوێنی جەوانی خەڵکی ئەداتەوە؟

خورسوفی دەنگی بەرز کردەوە:

ــ گریمان بە ساخیش دەربازی ببێ، نەجەف ئەرباب هەتا مابێ ناتوانێ سەری بەرز بکاتەوە. رِێز و رِوومەتی نەجەف ئەرباب شکا ئیتر!

کوێخا حەسەنی زەعفەرانی وتی:

ــ ئیشەڵڵا چاک ئەبێ. کارەکان دروست ئەبێ. دەنگۆ هەیە ئەڵێن دەوڵەت ئەیەوێ بوورین بدات بە گوڵمحەمەدەکان!

ئالاجاقی سەری لەقاند و سەلماندی:

ــ کاتی خۆی، ئەویش بەکات خۆی!

عەباسجان هات. سەیدی تەلەفوونچی هەڵسا و سینیەکەی لە دەستی عەباسجان وەرگرت و هێنایە پێشەوە. عەباسجان رِوی وەرگێرِا برِوات، ئالاجاقی بانگی کرد. عەباسجان لای دەرگاکەوە، سەر و شانی چەماندەوە و رِاوەستا:

ــ فەرمایش، ئەرباب!

ئالاجاقی وتی:

ــ بە جەنابی سەرتیپ بڵێ بێت بۆ تەلەفوون. بڵێ بە تەلەفوون کاریان پێیەتی!

سەیدی تەلەفوونچی کە سینی پرِ لە ئاجیل و مەزەی لە بەردەست ئاغە دانابوو، ئەوا خەریک بوو پیاڵەکان رِیز بکات، وتی:

ــ ئەگەر دەرفەت بفەرموون خۆم بچم بە دوایدا؟

ــ باشتریشە، خۆت برِۆ و بڵێ بابێ.

عەباسجان رِێگەی بە سەید دا تێپەرِێ. خۆیشی چووە

سووچی بانیجەکە، لە بن دەرگای ژوورۆچکەی تەلەفوونەکە دانیشت. بەو بیرەی پاش تاوێک کە میوانەکان سەریان گەرم ئەبێ، ئەم خۆی باریکەوە بکات و بۆی دەربچێ.

لە ناوەوەی دیواخان، وتووێژەکان لە سەر هەمان شێوازی پێشوو درێژەی هەبوو. هەرچەند دەنگەکان بەرز و نزم ئەبوونەوە و عەباسجان بە نیوەچڵی گوێی لێ ئەبوو، بەڵام مایەی قسەکان هەر ئەوە بوو کە بوو: گوڵمحەمەد. مەبەستیش ئەوەی کە لەگەڵ گوڵمحەمەد ئەبێ چی بکرێ و چیان پێ ئەکرێ؟ لە هەمووان قوشقیتر حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی بوو کە گەرووی خۆی ئەدڕی و لە هەمووانیش شۆختر خودی ئالاجاقی ئەرباب بوو:

ــ دیسانەوە ئەدەمەوە بە گوێتدا حاجی، خزمایەتی لەگەڵ کەلمیشیەکان زۆریش بێسوود نییە. بەگمحەمەد شۆڕەلاوێکی خۆش بەژن و بالایە!

ئەمجارەیان حاجی خورسوفی وەک بلێی قیژاندی:

ــ زاوای من نەجەف خانی سەنگردییە ئەرباب، نەجەف خانی سەنگردی!

دەنگی تەلەفوونچی بۆ ڕێنموونی کردنی سەرتیپ فەربەخش، هۆشی عەباسجانی لە وتووێژی ناوەوە دابڕی. سەرتیپ لە پێشەوە بە پلیکانەکاندا هاتە سەر و سەیدی تەلەفوونچی فەرمووی لێکرد بۆ ژووری دیواخان:

ــ لێرەوە جەنابی سەرتیپ، فەرموون!

عەباسجان لە بەرپێی سەرتیپ فەربەخش هەڵسابوو و ڕاوەستابوو. سەرتیپ چووبوویە ژوورەوە و عەباسجان هەروا لە سەر جێگەی خۆی مابوویەوە. ئەوەی لە ناو دیواخان لە ئارادا بوو و هەر بەرەنجامێکی کە هەبوایە، لە هیچ سووچ و لایەنێکیەوە پەیوەندی بە عەباسجانەوە پەیدا نەئەکرد. بەڵام هەستێکی نامۆ، مەراقێکی پێوار وای لێ ئەکرد، بەر لە ڕۆیشتن دوا وشەی

گوێ لێبێ. ئەوەی کە لە گومان و حەزی ئەودا دوا گوتە کامە ئەبێ، عەباسجان خۆیشی نەی ئەزانی. بەڵام ئەوەی ئەزانی کە بە هەستێکی مێملانەوە هۆگری ئەوەیە لە دوا بڕیاری کۆڕەکە تێبگات و پاشان بچێ بە دوای کاری خۆیدا.

ــ جەنابی فەربەخش، ئەمانە ئەیانەوێ بزانن ئێوە سەبارەت بە کارەکانی گوڵمحەمەدی بەلووچ چی ئەڵێن؟ ڕاستەکەی ئەیانەوێ بزانن جەنابت سەبارەت بە کوڕی کەلمیشی چ ڕا و بۆچوونێکت هەیە؟

لە وەڵامی ئالاجاقیدا، هیچ قسەیەکی فەربەخش نەبیسرا. بە گومانی عەباسجان، فەربەخش ڕەنگە بە نیگایەک، بە بزەیەک، شان هەڵتەکاندنێک، یانیش بە بەرز کردنەوەی پیاڵەکەی وەڵامی دانیشتوانی دابێتەوە. بەڵام ئەم ئەگەرانە بە دوور بوو لە چاوی عەباسجان و ئەو ئەبوایە چاوەڕوانی بکردایەت و چاوەروانیشی کرد. لە ئەنجامدا بیسرا کە فەربەخش هاتە گۆ:

ــ لەو دیواخانەی ئەو بەرەوە بەزم بوو، خۆشتر ڕائەبوورا! هەڵبەت ئەگەر جەلیل و جەنابی تالاوایی لە سەر ئەو ژنە سەماکەرە شاخیان لێک نەگیرێ!

دەنگی تار و دمەک و سەنج لە دیواخانی بوندار جارێکیتر بەرز ببوویەوە. ڕەنگە بەر لەمەش دەنگی تار و دمەک بەرز بووە، بەڵام ڕاستەکەی عەباسجان وەکوو نەی بیستبێ وابوو. ئیتر ئەبوا بڕوات.

ــ ئەبێ بنێرین بە دوای بووکدا، خۆ خەریک بوو لە بیرم ئەچوو! سەیر کە چ ڕۆژ و هەوایەکە، شەو و ڕۆژ ڕووخاوە بە سەر یەکا!

بوندار بەپەلە لە دەرگا چووە دەرەوە و بە بێ سەرنجدانی عەباسجان بە پلیکانەکاندا هەڵاتە خوارەوە. تایەکی گیوەکەی لە پەلەپەلیدا لە پێی داکەوت و بەر لە خۆی بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. بوندار بە دوای تا گیوەکەیدا پلیکانەکانی دوان بە

دوان تێپەڕاند و عەباسجان بە دوایدا کەوتە ڕێ. عەباسجان پێی وابوو بوندار تای گیوەکەی ئەکاتەوە پێی و بەرەو کۆڵان ئەڕوات و ئەو ئەتوانێ خۆی بگەیەنێتە کادێن. بەڵام بوندار وەک شتێکی لە بیر چووبێت، یان شتێکی کەوتبێتەوە بیر، لە کاتێکا تای گیوەکەی گرتبوو بە دەستیەوە، بە پلیکانەکاندا سەرکەوتەوە و لووتی تەقی بە لووتی عەباسجانەوە. عەباسجان خۆی ڕەقاند بە دیوارەکەوە و بوندار ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ عەباسجان بە جنێوێک تێپەڕاند و هەر بەو خێراییە خۆی گەیاندە بانیجە.

عەباسجان هەنگاوی بەرەو خوارەوە هەڵێنا و لە هەمان کاتدا بیستی کە بوندار تکا لە ئالاجاقی ئەکا، ڕێگە بدات جەلیل ئاغەش بۆ هێنانی بووک لەگەڵ ئەوانی دی بڕوات. عەباسجان زانی کە داواکەی بوندار لە ئالاجاقی فێڵێکە بۆ ئەوەی بەڵکوو بەو جۆرە ڕێگە لە قڕەی نێوان جەلیل و تالاوایی لە سەر جەیران بگرێ:

ــ ئەگەر یارمەتی هەبێ بە جەلیل ئاغە بڵێم بێتە خزمەتی بەڕێزتان؟

عەباسجان دەنگی ئالاجاقی لە وەڵامدا نەبیست، بەڵام دەنگی هەنگاوە بڵیندەکانی بونداری بیست کە بەرەو پلیکانەکان ئەهات و بەر لەوەی بوندار خۆی بگەیەنێتە حەوشە، عەباسجان بای دایەوە بۆ کادێنەکە و لە سووچێکدا خۆی حەشار دا. دەنگی پێی بوندار لە کۆڵان ون بوو. بەس دەنگی تارەکەی ڕوخەک بوو کە دابەزیبوو و بە نەرمی پەلی ئەکێشا. عەباسجان بە ئاسوودەیی هەناسەیەکی دا، لای کۆما کاکەی شووشەی لەبنیدا شاردبوویەوە، چۆکی دادا و بە ئارامی دانیشت.

«با جەلیل ئاغەش بهێنێ بۆ خزمەتی! نامەوێ چاوم بە چاویان بکەوێ! مرۆڤ نەبینن باشترە. هەموویان شەڕن، یەک بە یەکیان. لە دیواری تەقیو ئەچن. مرۆڤ ئەبێ خۆی لە دیواری درزبردوو بپارێزێ. چاویان کە پێت ئەکەوێ داوای کرێ چاوت لێ

ئەکەن! ئیتر خۆمتان پیشان نادەم. هەتا ئێوارە خۆمیان پیشان نادەم. بەس ئەبێ بتوانم بە جۆرێک دزە بکەم و بڕۆم کە چاویان بە ڕووی نگریسم نەکەوێ. دڵ و دەماخی وردە فەرمایشی ئەم و ئەوم نییە. ئەڕۆم! ئەبێ بڕۆم و دەرگاکە لە خۆم داخەم. قەبری بابی هەر هەموویان! ئەگەر کارێکم پێ بکرێ، لەم قەرەباڵخیەدا ئەبێ بیکەم. لەم قەرەباڵخیدا. دزیان وتوە و بازاڕی شێواو!»

دەنگی بوندار بوو لەگەڵ جەلیل ئاغە. دەنگی کپی بوندار تێکەڵ بوو بە کڕنۆش و پاڕانەوە:

ـ لەپای خۆم، ئەویتری لەپای خۆم. مەگەر جگە لەوەیە کە تۆ جەیرانت ئەوێ؟ خۆ بۆ شەوێک زیاتر ناتەوێ؟ زۆر چاکە، ئەمەیان لەپای من. بەڵام مەهێڵە ئاغەی گەورە بزانێ. خۆت باوکت باشتر ئەناسی. ئەوەندەت نەزانی تووڕە بوو و بەڕێی کردیتەوە بۆ شار!

دەنگی بوندار هەنگاو بە هەنگاو کە لە پلیکانەکان سەرئەکەوت، کز و کزتر ئەبوو. بەجۆرێک کە عەباسجان بە زۆر دوا وشەکانی بیست. لە بێدەنگی خۆیدا وای دانا کە بوندار، جەلیل ئاغەی بردە ژوورەوە. پاشان شووشەکەی لە بن کا دەرهێنا، خستیە بن باخەڵی جاکەتەکەی، هەڵسا و لای ژووری دەرگاکەی کادێن وەستا. ژنان هەروا دەوری تەنوورەکەیان گرتبوو و وا دیار بوو کچانی حاجی خورسوفیش تاقەتیان چووە و هاتوونەتە خوارەوە و کەوتوونەتە کار.

عەباسجان ئەبوایە خۆی دەرباز بکات. بەڵام بەر لە هاتنە خوارەوەی بوندار و جەلیل ئاغە، هەروەها لەو کاتەشدا کە لالا سەر و شانی ئەکرد بە تەنووردا بۆ نان پێوەدان یان نان دەرهێنان. ئەو ساتەی ئەو هەڵی ئەبژارد ئەبوایە ڕێک لە کاتی خۆیدا بوایەت. بە دزەکردن و سووکەڵە لە دەرگا بچێتە دەرەوە و بە بێ ئەوەی سەیری چەند و چۆنی خەڵکی ناو حەوشەی ماڵە بوندار بکات، بە قەراخ دیواری کۆڵاندا وەکوو سێبەرێک بەرەو ماڵی

خۆیان بڕوات.

راستەکۆڵانەکە کەسی لێ نەبوو. خەڵکی یان لە زەماوەن بوون، یان لە ژوورەوە بوون. نەخوازە بەڵخی و خاکیش لە کۆڵان نەبوون. ئەمە بۆ عەباسجان زۆر دڵخۆشکەرە بوو کە کەس نەبینێ و کەس نەیبینێ. چونکە نیگای ئەم و ئەو بە ڕادەیەک قورساییان هەبوو کە بە زۆر ئەیتوانی خۆی لەبەریان ڕابگرێ. هەر بەو جۆرەی کە بینینی کەسێک، هەندێ جار ڕزگار بوونە، لەم وەختەدا بۆ عەباسجان نەبینینی کەسان ڕزگاریی بوو. چەق بەستنەوەی بیر و هۆشی لە سەر بابەتێک و تەوەرێکی دیاریکراو، خۆبەخۆ تووشی ئەو دارەتەی کردبوو کە چاو و نیگای خەڵکی بە غەوارە و ئازاردەر ئەزانی. ناچاری بوون و نەبوون، ناچاری ئەوەی کە کەسێک لەیەک کاتدا هەم هەبێ و هەمیش نەبێ. هەم خۆی پیشان بدات و هەمیش خۆی بشارێتەوە؛ کارەکەی چەند چەندان دژوارتر ئەکرد. لەم کاتەدا بەڵام نەی ئەویست خۆی تووشی ئەو دژواری و ناچارییە بکات. هەموو حەز و خواستی ئەوە بوو کە کەمتر ببینرێت، کەمتر نیگای لە نیگا بگیرێت و لەوەش کەمتر، ببێت بە هاودوو.

لە پشت دەرگای ماڵەوە وەستا. دەستی برد بۆ درزی دەرگاکە. زنجیرەکەی لە قوڵفەکە دەرهێنا. پێی نایە ناوداڵان و دەرگاکەی لەدوای خۆی داخستەوە. گێژانەوەی سەری کەمی کردبوو و ئەم خاوبوونەویە یان بە هۆی هەڵچوونەوە بوو یان لە دابەزینی خۆبە خۆی کارگەرێتی ئارەقەکە. هەرچی چۆن بێ هەستی ئەکرد هۆش و هزری لە سەر جێی خۆیەتی و دەست و لاقی لە بن فەرمانی دایە. بەڵام خۆف، خۆف و دڵەڕاوکەیەکی شاراوە لە دەروونیدا بوو. پشتی بە دەرگاکەوە تۆزێ ڕاوەستا و گوێی دایە بێدەنگیەکە. هیچ دەنگێکی نەئەبیست. ئەتوت هیچ دەنگێک نەبوو، مەگەر دەنگی کۆتایی دڵی خۆی. ئاوی دەمی ـنەک ئاوی

دەم کە دەمی تەختەیەکی وشک بوو- بەپێی ڕاهاتن قووت دا و پاشان کەوتە ڕێ. لە دالان پەڕیەوە و لە قەراخ بەردالان لە باوکی، کەسێکە تا ئەم کاتە لە ڕادەبەدەر لە ئەندێشەی خۆیدا بینیبووی، مۆڕ بوویەوە.

پیرەمێرد، ئەتوت لەو هەموو کاژێرانەی تێپەڕیبوو یەک تۆزیش خۆی نەبزواندبوو. بەو جۆرە بوو کە بوو. پاڵی بە جێوبانەکەوە زەق لە بەرەورووی ئەڕوانی. عەباسجانیش بە بێ جووڵە مایەوە. بەس توانی دەست بگرێ بە دیوارەکەوە و درێژە بە سەیرکردنی خۆی بدات. هەستی ئەکرد ناتوانێ هەنگاو بنێت بۆ پێشەوە. بۆ دواشەوە نەی ئەویست بگەڕێتەوە. نیگای لە سەر باوکی گواستەوە و ڕوانیە ئاسمان. هەوا هەروەها بوو کە بوو. داگیراو، خەفە و قفڵ. نیگای سووڕاند. توانی تەنوورەکە ببینێ. بێ ئەڤان چوو بۆ لای تەنوورەکە. لە بەر تەنوورەکە وەستا و دەستی گرت بە لێوارەکەیەوە و ڕوانیە ناوی. تەنووری سارد و بێ خۆڵەمێش، ناوبەناو هەڵوەریو. تەنووری خامۆش، کە بڵێسەکانی لە سالانی ونبوودا، مردبوون. تەنوورێکی بە کڵپە و بڵێسە بەدەست ژنێکی بالابەرزەوە. ژنێکی بالابەرز و بەژن زراڤ، بە چارشێوێکی کۆن و پینەپینە، خەریکی کار و نانکردن بوو. ژنێکی ڕەقەڵە و خەمخۆر؛ دایکی عەباسجان.

عەباسجان لە تەنیشت تەنوورەکەوە سەرکەوت و لە بن تاقەشکاودا، پاڵی دا بە سووچی دیوارێکەوە کە ڕەشاییە کۆنەکەی پێوە مابوو. دەستی کرد بە گیرفانیدا، سیگارێکی دەرهێنا و دایگیراند. گڕی شەمچەکەی بە سەری پەنجە مراند و لەپڕ حەزیکرد ئاگرێک لە ناو تەنوورەکەدا بکاتەوە. شووشەکەی لە بنباخەڵی جاکەتەکەی دەرهێنا و لە لایەکەوە داینا. سیگارەکەی نا بە لێویەوە و هاتە خوارەوە. باوەشێک دار و گەوەنی هێنا، خستیە ناو تەنوورەکە و ئاگری کردەوە. دووکەڵ زۆری نەخایاند، بوو بە گڕەمەشخەلان. ئەکرا لە سەر تەنوورەکە پاڵ بدا بە

دیوارەکەوە و هالاوی ئاگرەکە پەل و پۆی گەرم دابێنیّ. وای کرد.

سیگار بە دوو پەنجە، دەستەکانی بە سەر تینی ئاگرەکەوە، زەق بوویەوە لە چاوە زەقەکانی باوکی. ڕاست بەرامبەر یەک بوون. کەلایی خواداد لە ناو دەریزانی دەرگاکە و عەباسجان لە ژێر تاقەشکاوی تەنوورەکە. مژێکیتر لە سیگارەکە، مژێکی قووڵ. بەڵام دووکەڵی سیگار بەس نەبوو. خۆی لە بیر بردەوە و سەری شووشەکەی هەڵپچڕی.

دەنگی هەڵبوونی مەکینەی ترۆمبێل و پاشانیش کەوتنە ڕێیان، ئاوای دەهۆڵ و زوڕناکەی ڕووشاند و تێپەڕی. ئەوا دەنگی شاواش کردن بوو بەر گوێی ئەکەوت. عەباسجان دەمی شووشەکەی نا بە لێویەوە. بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەیەویّ هەموو لەمپەرەکانی سەرڕێی خۆی بە هێزی خێرای ئەلکول تێک بشکێنیّ و هەموو پەردەکان لە بەر نیگای خۆی لابدات. قومێکیتر. ناوچەوانی گرژ بوو و سیلەی چاوەکانی هاتنەوە یەک. هیچ لەوە پەشیمان نەبوو کە نەیتوانیوە تۆزێک مەزە لەگەڵ خۆی بهێنیّ.

«بە جاری جەهەننەم! تاڵی مەزەی تاڵی!»

پاڵی دا بە دیوارەکەوە و شووشەکەی لای دەستیەوە دانا. پێڵوەکانی نایە سەریەک، مژی دا لە سیگارەکە و ڕاوەستا گەرمای ئەلکول بەگیانیا بگەڕیّ. مەگەر هێزێکی درۆیین، هێزێکی لەپڕ بۆ ئەوەی بتوانیّ کارێک بکات، جارێکیتر بیری باوکی، دەرفەتێک بۆ بیرکردنەوە لەکاری پیرەمێرد:

«، کارێکی نییە، هیچ کارێکی نییە. ئەوەندەی کە بتوانم دەستی چەپم بخەمە پشت سەری و بەدەستی ڕاست کلاوەکەی بنێم بە دەرگای دەمیەوە، هەر ئەوەندە، بەقەد ئاو خواردنەوەیەکیشی پیّ ناچیّ. بەقەد داگیرانی سەبیلەیەک. بەقەد خواردنەوەی زەرکێک ئاو. بەس بتوانم تێوەچم، بەس بتوانم دەس پیّ بکەم. هێز و جەربەزە. بەس هێز، پێویستم بە

هێز هەیە. هێز! بەڵام، بەڵام ناتوانم لە شوێنی خۆم ببزوێم، ناتوانم! ئەوەتا، وەکوو گەنە لکاوم بە دیوارەکەوە. لەشم هێزی تیا نەماوە. خوێن لە دەمارەکانمدا ناگەڕێ. هەرگیز ئەوەندە سست و لەق نەبووم. ئەڵێی دەمارەکانیان بڕیوم. ئەڵێی گیانم لەلەشدا نییە، گیانم لە لەشدا نییە. ئەوەندەی بتوانم دەستی چەپم بخەمە پشت ملی و بە دەستی ڕاست کڵاوەکەی بنێم بە دەرگای دەمیەوە، هەر ئەوەندەی کە بتوانم ڕێگە بە هەناسەدانی بگرم، خۆبەخۆ خەفە ئەبێ. بەڵام هێز، بەس پێویستم بە هێزی ئەو کارە هەیە. هێز! هێز!»

«خوێڕی، خوێڕی، خوێڕی. هیچ نامەوێ بە کەسی بسەلمێنم کە خوێڕی نیم. نەک هەر بیر لەوەش ناکەمەوە کە کوشتنی باوکم ـباوکێک کە ڕەنگە باوکیشم نەبێ ـ کارێکی دزێوە بەڵکوو، نامەوێ بە هیچ جۆرێک خۆم تووشی ئەو ئەندێشە بکەم کە ئادەمیزادێکی خوێڕی و هیچ و پووچ نیم. هیچ نامەوێ خۆم بکەم بە گیرۆدەی ئەو درۆیەی کە "هێشتا ئەوەندە خوێڕی و نەگبەت نیم کە بتوانم باوکم بکوژم." نەء! من ئەمکارەم کردووە. بەر لە ئەمڕۆش ئەمکارەم کردووە. لە هەر شەو و ڕۆژێکدا من لانیکەم سەد جار ئەم پیرەمێردەم بەم دەستانەی خۆم خنکاندووە. زیاتر، زیاتریش! ئەوەندە ئەوم کوشتووە، ئەوەندە ئەوم لە ئەندێشەی خۆمدا کوشتووە، کە کوشتنی ئەو ئیتر وەکوو ئاوخواردنەوە وایە. ئەوم کوشتووە و کوشتوومەتەوە. بەڵام ئێستە، ئێستە توانای ئەو کارەم نییە. ئیتر هێزی ئەو کارەم نییە. ئیتر وزەی ئەو کارەم نییە. جگە لەوەش، بەر لەوەی کە بینێرم بۆ دۆزەخ ئەبێ بزانم دراوە گەڵاکانی لە کوێ شاردۆتەوە. ئەبێ لێم مسۆگەر بێ کە پارەکانی لە کوێ شاردۆتەوە. یەکەم دۆشەکەکەی، بەڵام ئەگەر لە ناو دۆشەکەدا نەبوو؟، نەء، ئەبێ لێم مسۆگەر بێ. ئەبێ بە ئەرخایەنی بزانم. نابێ ماندوو بوونەکەم بەفیرۆ بچێ. ماندوو بوون، بەڵام، بەڵام خۆزگە ئەمتوانی لە بیری بکەم.

خۆزگە ئەمتوانی ئەندێشەی کوشتنی ئەم سەگە لە مێشکم بکەمە دەرەوە. خۆزگە ئەمتوانی! ئەوسا، ئەوسا ئیتر ڕەنگە ئەوەندە دڵەڕاوکێم نەئەبوو. دڵەلەرزێ، بەڵام ئێستە، ئێستە هەر هەمووی دڵەلەرزێمە. هەر ئەترسم، ئەلەرزم و خۆم بە تاوانکار ئەزانم. ئیتر خەریکە خۆیشم باوەڕ ئەکەم. خەریکە لە خۆیشم ئەگۆڕێ. خەریکە وابزانم ئەوا کوشتوومە، هەڵۆسە هەڵیگرتووم ئەوا هەموو خەڵکی دنیاش ئەزانن کە من ئەوم کوشتووە! لەحنەت لە تۆوت عەباسجان. نەفرەت لە تۆوی خۆم! بڕوانە چیم بە سەر خۆم هێناوە؟ سەیرکە چیم بە ڕۆژگاری خۆم هێناوە؟ دەستەکانم ئەلەرزین، دەستەکانم ئەلەرزین. شەپڵەم گرتووە، ئەڵێی شەپڵە لێیداوم. ئاخ، لەم ڕۆژ و هەوا شووم و نگریسە!»

قنچکە سیگارەکەی هەڵدایە ناو تەنوورەکە و قومێکی‌تر. ئەمجار قومێکی ئەوەندە درێژ کە چاوی ئاوی تێزا. شووشەکەی لە لایەوە دانا، نیوەی بەتاڵ ببوو. لاجانگەکانی گڕی گرتبوو، بەڵام لەشی -سەرەڕای هالاوی ئاگری تەنوورەکە- ئەلەرزی. دەنگی دەهۆڵیەکان، دەنگی یەک هەوای دەهۆڵ و زوڕنا. زەماوەنی بەو سارد و سڕییە کەس لە بیری نەبوو.

عەباسجان هەوڵیدا خۆی بجووڵێنێ و لەوەی کە توانی خۆی ببزوێنێ سەری سووڕما. ئەتوت باوەڕی کردبوو کە ناتوانێ خۆی ببزێوێ. جووڵا و خۆی خشان و وەکوو کاکڵەمێشانێکی حەپۆل بە قەراخ تەنوورەکەدا هات و بە ئارامی خزایە خوارەوە و هەر لەوێ -بە بێ ئەوەی بتوانێ ڕاست بوەستێ- ڕاما. هێشتاش نەی ئەوێرا دەست و لەشی لە دیواری تنوورەکە بکاتەوە. نە بڕوای بە قاچەکانی هەبوو و نە بە هیچ شتی‌تر. بەڵام لەپڕ هاتەوە بە خۆیدا و زانی چاوی بڕیوەتە چاوی باوکی؛ هەروەها هاتەوە بیریشی کە چارە و هەڵاتنی لەو کارە نییە کە بڕیاری لێداوە. چونکە عەباسجان لە گیان و گومانی خۆیدا تا ئەو

ڕادەیە لە مەبەستەکەی خۆیدا چووبوویە پێشەوە کە هەستی ئەکرد جگە لە درێژەدان بەو ڕێگەیە، هیچ دەروو و دەربازبوونێکی بۆ نییە:

«رزگاریی، ڕزگاریی لەمەدایە! ئیتر چ چارەیەکم بۆ ماوەتەوە؟ یان ئەبێ درێژە بەم نەگبەتی و کوولەمەرگیە بدەم، یان ئەوەی کە تیابچم و ببینم ڕۆژێک لە بەر چاوی خۆم سەری خوارەوە بوویان گرتووم و خەریکن تەرمەکەم لە کەلاوەیەکەوە دەرئەکێشنە دەرەوە. بۆیە ئەگەر نەمەوێ ئەو ڕۆژەم ببێ بە تووشەوە، ئەبێ ئەم گیانەوەرە بێبەزەییە بکوژم! ئەبێ ئەم بەردە جەهەننەمیە بشکێنم! ڕزگاریی، ڕزگاریی لەمەدایە. کوشتن، کوشتنی کەسێک کە باوکمە! ئەبێ بیکوژم، ئەگەر ئەمەوێ زیندوو بم. ئەمەیە. ڕاستەقینە ئەمەیە. من جگە لەم ڕاستیە، پێویستم بە هیچیتر نییە. بڕواشم بە هیچیتر نییە. خەڵکی دیکەش هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕاستیەدا هەناسە ئەدەن. کوشتن یان کوژران. ئەکوژن یان ئەکوژرێن. ئەخۆن یان ئەخورێن. هەر ئەم چوارچێوە و ئەم ڕاستیەیە! ئەفەوتێم، خەریکم ئەفەوتێم. ڕۆژەڕەشی خەریکە تیاما ئەبا. ئەی بۆ نابێ بڕوا بەو ڕاستیە بکەم؟! من خۆ ئەزانم، من کە لە هەموو تەمەنمدا ئەو ڕاستیەم ناسیوە، بۆ نابێ بڕوای پێ بکەم؟ دەسەڵات، ڕاستەقینەی من هەر ئەمەیە! دەسەڵات و دیسانەوەش دەسەڵات؛ بەڵام، من نیمە! بۆچی؟ بۆچی نیمە؟ گومان و دوودڵی، ترس و دڵەڕاوکە هەموو ئەو شتانەی لە دەروونمدا بووە، تاشیوێتی و سافی کردووە. هیچم نییە، هیچ دەسەڵاتێک! ئەشزانم کە ڕاستەقینە هەمان ئەو شتەیە کە من نیمە. کە من نیمە! کێیە لەم نەداریەدا یارمەتی من بدات؟ هیچ کەس، هیچکەس نابینم. هیچکەس نییە. ناشبێ هەبێ. نابێ چاوەڕوانیم لە کەس هەبێ! ئەبێ بیدۆزمەوە، ئەبێ دەستی بخەم، ئەبێ دەسەڵاتەکەی بەدەست بهێنم. ئەمەوێ، من ئەمەوێ ئەو شتەی کە نیمە. بڕوام هەیە، بڕوادارم ـ تەنهاـ

بەو شتەی کە نیمە؛ بە دەسەڵات، دەسەڵات. ئەتوانم، ئەبێ بتوانم. ئەبێ بتوانم!»

ـ منت کردووە بە گاڵتەجاڕی خۆت پیرەمێردی خواگرتوو! منت بە گاڵتە وەرگرتووە؟! هێشتاش ناتوانی زمان بکەیتەوە، هێشتاش ناتەوێ وشەیەکی هەق بڵێی؟ بڵێ! یەک تاقە قسەی ڕاست کە توانیوتە لە هەموو ژیانتدا بیکەی ئەوەیە کە بە من بڵێی جێگەی پارەکان لە کوێیە! لە کوێت شاردوونەتەوە، بڵێ! بە چ کارێکت دێن ئەو پارانە؟ بڵێ بە کوێتەوە دادووریون؟، قسە ناکەی، ئێستە ئەتخەمە قسە، هەر ئێستە!

عەباسجان شیشی تەنوورەکەی هەڵگرت و بە بێ ئەوەی چاوی لە چاوی باوکی بترازێنێ، شیشەکەی خستە ناو تەنوورەکە و جارێکی دی، گڕی تەنوورەکەی خۆش کرد. شیشی تەنوور تاوێکی دی لە ناو ئاگردا سوور ئەبوویەوە. سووری سوور. ئاسنی سوور. پێستی لەشی ئادەمیزاد و لەویش گرنگتر، گلێنەی چاو خۆیان لە بەر ئاسنی داخ ڕاناگرن. هەڵچزانی بیبیلەی چاو، زمانی لاڵیش ئەکاتەوە.

شیشی تەنوورەکە ئەوا سوور بوویەوە. سوور و گەش. عەباسجان شیشەکەی لە تەنوورەکە دەرهێنا، دەسکەکەی بە هەر دوو دەست گرت و هەوڵی دا چاوی لە چاوی باوکیدا، بچێ بۆ لای. پێی بزواند. هەنگاوێک و هەنگاوێکیتر. لە لێواری چاڵەکە هەڵوەستەی کرد بۆ ئەوەی بەڵکوو تاودانەوەی ڕەفتارەکەی خۆی لە ڕوخساری باوکیدا ببینێ. بەڵام هیچ کاردانەوەیەک لە ڕوخساری پیرەمێرددا بەدی نەئەکرا. ئەو هەروا بوو، کە بوو. خامۆش و زیت و بە بێ هیچ جووڵەیەک لە لەش و ڕوومەتیدا. هەر ئەمەش زیاتر عەباسجانی هەراسان ئەکرد و خێورانەوەی دڵی پتر ئەکرد.

عەباسجان ئەوا وەکوو خوڵامێکی قولڕەش بە نێزەیەکەوە ـبابڵێین ـ بە دەستەوە، وشک بوو بە سەر پێوە، لە لێواری

چاڵەکە وەستابوو و لە چاوە زەقەکانی باوکی زەق ببوویەوە. سەری شیشی تەنوورەکە، ئەوەندی کە چاو بترسێنێ، هێشتا سوور بوو. بەڵام ئەگەر تاوێکی تریش خۆی بخلافانایەت، شیشی تەنوور مۆر هەڵئەگەڕا و ڕەش ئەبوویەوە. بۆیە عەباسجان ئەبوایە دەست و برد بکات و پێ هەڵگرێ و بەرامبەر باوکی شیشی تەنوورەکە خاچ لە بەر چاویدا ڕابگرێ و ئەوەی کە ئەیویست، لە باوکی داوا بکات:

ــ شوێنی پارەکان؛ ئەمەوێ شوێنی پارەکان بزانم لە کوێیە!

دەنگی دەرگا!

ئەتوت برووسکە بە لەشی عەباسجاندا گەڕا. تەزوویەک نا، ڕاشەکانێکی سەخت. نەی ئەتوانی لە سەر پێ بوەستی و ئەژنۆکانی توانای ڕاگرتنی لەش و ئەندامەکانی نەبوو. بەر لەوەی بە پشتا بکەوێتە ناو چاڵەکە، گەڕایەوە و شیشی تەنوورەکەی بە گوشاری لەش لە خۆڵەمێشەکە چەقاند و چاوە لەترسان داچەقاوەکانی بەرەو دالان وەرگێڕا و لە سەر جێی خۆی وشک بوو. تۆ بڵێی کێ بێ؟ قەدیر؟

دیسانەوەش دەنگی دەرگا!

نەخێر! ئەگەر قەدیر بوایەت ئەیتوانی بە سەری پەنجە ئاڵقەی زنجیرەکە لە قوڵفەکە دەربهێنێ. واتە قەدیر نەبوو. عەباسجان ویستی بپرسێ کێیە لە دەرگا ئەدا. بەڵام هەستی کرد کەڕ و لاڵ بووە. زمان و دەمی وەکوو دەشتی شۆر وشک بووە. ئەبوایە هەنگاو بنێ و هەرچی چۆن بێ تا پشت دەرگای داخراو بڕوات، بەڵام قاچەکانی لە زەوی چەقێنرابوون.

جارێکیتر دەنگی لێدانی دەرگا.

هەرجۆر و بە هەر کلۆجێک عەباسجان ئەبوایە تەکانێک بدات لە خۆی. چاوی ترووکاند. هەوڵی دا چاو بترووکێنێ. چڵمەکەی هەڵلووشی و لە ئەنجامدا توانی پەنجەکانی نەرمە نەرمە سست بکات و شیشی تەنوورەکە بەر بدات. دەنگی کپی

شیشەکە لە سەر لێواری چاڵەکە خۆی بوو بە هاندەرێک کە ئەو بتوانێ پێ لە خاک ئازاد بکات. پاشان، سەر و شانی کە بەقەد کێوێک قورس ببوون، بە دژواری بزواند و بە خەروارێک شەکەتی، شەکەتی مەرگ لە لەش و ئێسک و دەماریدا، بە لەتردان کەوتە ڕێ و بۆ ئەوەی بە سەرەوە بەر نەبێتەوە، دەستی گرت بە دیوارەکەوە. بە هەر شێوەیەک بوو خۆی گەیاندە دالان و پشت دەرگاکە و زنجیری لە قوڵفە دەرهێنا. زنجیرەکەی ڕاکێشا و وەک بڵێی قورسایی دنیا لە سەر شانەکانیەتی، تای دەرگاکەی بە نەرمی کردەوە:

ـ «کێیە؟، ها؟!»

نادعەلی بوو. بەڵێ خۆی بوو. نادعەلی چوارگوێشلی بە سەر ئەسپە سپیەکەیەوە و بە سەر بەرکۆی زینەکەدا چەمابوویەوە و، بەو چاوانەوە وەک بڵێی بە سەر تەنووری وەیلدا هەڵاتووە، ئەیڕوانیە عەباسجانی کەلایی خواداد. عەباسجان نەی ئەتوانی هیچ بڵێت. نە بە ئەرێ و نە بە نەرێ. هەروا ڕامابوو. ئەتوت ئەفسوون کراوە، حەپ و حۆل لە ناو دەرگاکەدا وەکوو کەلاکێکی هەڵواسراو بەدارەوە.

گوێ بڕاوەکەی نادعەلی بە دەسرەیەک بەسترابوو. دەسرەکە گوێی داپۆشیبوو، بە ژێر چەناگەیدا ڕۆیشتبوو و لە لای لاجانگی گرێ درابوو. زێدە لە ڕواڵەت و قەبارەی تەماوی نادعەلی چوارگوێشلی، گرێی دەسرەکەی لاجانگی تەنها شتێک بوو کە نیگای حەپەساوی عەباسجان ئەیتوانی بیبینێ و یادی ڕۆژی پێشووی لەلا زیندوو بکاتەوە. پیاوێک و ئەسپێک، بە بیابانێک شەکەتی و کێوێک کەسەرەوە:

ـ بیکەرەوە دەرگاکە!

نە گوتەی نکووڵی شیاو بوو و نە عەباسجان ئەو جەربەزەیەی لە خۆیدا شک ئەبرد کە بەرامبەر بە میوان، ئەویش بە وشەی "نا" دەم بکاتەوە. خامۆش و ملکەچ هەر دوو

تای دەرگاکەی کردەوە و نادعەلی بە سواری هاتە ژوورەوە. نیاز بە دانەواندنی سەر، بۆ هاتنە ژوورەوە نەبوو. چونکە داری سەرەوەی باڵشمەکە، ساڵەها بەر لە ئێستە، بۆ هاتوچۆی وشتر لابرابوو. عەباسجان پاش پەڕینەوەی ئەسپ و سوار، تایەکانی دەرگاکەی هێنایەوە یەک و دایخست. گەڕایەوە و هات و لای بەردالان چاوی بڕییە دابەزینی نادعەلی. نادعەلی زەنگۆی بەتاڵ کرد و ئەسپەکە بەرهەڵدا بوو. عەباسجان سەکۆی لێواری تەنوورەکەی پیشانی ئاغەزادەی چوارگوێشلی دا و بە زۆر زمانی کردەوە:

ــ قەدیر بانگ بکەم؟ کلیلی دەرگای هەمارەکە لای خۆیەتی!

ــ نەء! ئێرە باشە.

نادعەلی بەرەو تەنوورەکە کشا و دەستی خستە سەر سەکۆکە، وەستا و سەری گرت بە سەر تەنوورەکەدا. ماندوێتی و شەکەتی. شانە دەرپەڕیوەکانی لە ناو کەسەخی ڕەشدا، لە پشتەوە ئەوی وەکوو هەڵۆیەکی باڵشکاو لێکردبوو. عەباسجان چووە بەرەوە و شوێنێکی لە بن دیوارەکە پیشانی نادعەلی دا. نادعەلی خۆی هەڵکێشایە سەر و لۆی کەسەخەکەی لە هالاوی دەمی تەنوورەکە ڕاکێشا. لە بن دیوارەکە جێی خۆی خۆش کرد و پاڵی بە دیوارەکەوە، بە جارێ خۆی بەردایەوە و پێڵووەکانی نیشتنە سەریەک. ماندوێتی و شەکەتی.

عەباسجان هەروا لە بەر تەنوورەکە وەستابوو و ئەیڕوانیە نادعەلی کە پانیەی سەری نابوو بە دیوارەکەوە و، سێوکەی بن گەرووی دەرپەڕیبوو. ئەیویست و ئەبوایە لە سەکۆی قەراخ تەنوورەکە سەرکەوێ و لە سەر جێگەی خۆی، بەرامبەر بە نادعەلی، سووچەکە بگرێ. بەلام ئەتوت بوونی نادعەلی بە ڕێگری خۆی ئەزانێ. نەشی ئەتوانی ڕابوەستێ. ئەوەی کە مسۆگەر بوو، ئەوە بوو کە عەباسجان بە گوێرەی نەریت بەباشی ئەزانی لە بەر تەنوورەکە ڕابوەستێ و چاوەڕوانی وتە و قسەیەک بێت لە لایەن نادعەلیەوە. هەرچەند نادعەلی دەوڵەمەندزادەیەکی مافنگی

بوو، بەڵام بۆ عەباسجان ئەوە ئاسان نەبوو بتوانێ لەو جێگایە دابنیشێ کە نادعەلی دانیشتبوو. هاوسەنگ و هاوتا بوون لەگەڵ نادعەلی بۆ عەباسجانی کەلایی خواداد، کارێکی سەخت و دژوار بوو. لە هەمان کاتدا چاوەڕێکردنی شتێکی نامۆش سانا نەبوو. ئەوەی کە دیار بوو ئەمە بوو کە عەباسجان بە هاتنی نادعەلی چوارگوێشلی، لە هوروژمی ئەندێشە و ویستی کردار ـلانیکەم بۆ ماوەیەکـ بەتاڵ ببوو و خەریک بوو شوێنی خۆی وەکوو خزمەتکارێک لای نادعەلی ئەدۆزییەوە:

ــ حەزت لە خواردنە ئەرباب؟

ــ هیچ!

ــ نانی نیوەڕۆت خواردووە ئەرباب؟

ــ ئیشتیام نییە.

ــ چۆن بوو نەچوویت بۆ زەماوەن، ماڵی خاڵۆت بوندار!

ــ نامەوێ بیانبینم!

ــ ئاخر خۆ لێیان گێڕابوویتەوە!

ــ ئەزانم.

ــ بابقولی بوندار، خاڵۆت، چاوەڕێ بوو. زۆر چاوەڕێی کردی!

ــ چاوی دەرات، لێرە ئاسوودەترم!

ــ ماڵی خۆتە ئەرباب، بەڵام، دڵی لە ئێمە نەیەشێ بوندار!

نادعەلی چاوی بە ڕووی عەباسجاندا هەڵێنا و پرسی:

ــ قەدیر لەوێیە، لە گۆڤەند؟

ــ بەڵێ ئەرباب، بچم بە دوایدا؟

نادعەلی جارێکی دی پانیەی سەری نایەوە بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ ئێستە نا. نامەوێ بزانن من هاتووم. ماندووم، ماندوو! بە پشت ئاوایىدا هاتم. ڕاستەوخۆ هاتم بۆ ئێرە. لێرە ئاسوودەترم. لەوێ غەوارەم. خۆیشم نازانم بۆچی هاتم! نابێ کەسم و شێوەیم لە بیر چووبێتەوە، وانییە؟

ـ کەسم و شێوەی کێ، ئەرباب؟
نادعەلی بە بێ ئەوەی سەری لە دیوارەکە بکاتەوە، چاوی هەڵبڕی و پرسی:
ـ تۆ لەوێ بووی؟
ـ لە کوێ ئەرباب، لە زەماوەن؟
ـ لە چاخانەی مەلەک مەنسوور!
ـ بەڵێ، لەوێ بووم.
ـ بینیت؟!
ـ بینیم ئەرباب!
ـ خۆی بوو، خۆی نەبوو؟
ـ نازانم ئەرباب، نازانم!
نادعەلی ڕووی لە عەباسجان وەرگێڕا و نیگای لە سەر شووشەی قەراخ دیوارەکە گرسایەوە. عەباسجان کە خافڵگیر ببوو، شەڵەژا و وتی:
ـ نۆشی کە ئەرباب، فەرموو!
نادعەلی وتی:
ـ تۆیش بە تەنها ئارەق ئەخۆی؟
ـ بەڵێ ئەرباب!
ـ تاسام!
ـ ئەرباب!
ـ ئیتر ئەمەم پێ مەڵێ! ئەربابەکان وان لە ماڵی بابقولی بوندار سەریان لێکئالاوە، ئیرە ئەربابی لێ نییە. لێرە هیچکەس نییە. لێرە، بەس ئێمەین! تۆ، بۆ هەر لەوێ ڕاوەستاوی؟ بۆ نایەیتە سەر و دابنیشی؟ جێگە زۆرە. وەرەسەر دانیشە. ئەم هەموو جێگا، تەنوورەکەش خۆ هێشتا گەرمە، بیدە بە من ئەو شووشەیە، نەیخەیتە ناو تەنوورەکە!
عەباسجان شووشەکەی دایە دەست نادعەلی و خۆی بەرامبەر ئەو لە سووچی دیوارەکە هەڵترووشکا. نادعەلی دەمی

لە شووشەکە بەردا، دایەوە بە عەباسجان و وتی:
ــ بەشەکەتم خوارد، ئەویتریشی تۆ بیخۆ!
عەباسجان شووشەکەی وەرگرت و وتی:
ــ بەشی خۆت بوو ئەرباب، چارەنووس! هەر کەس بەشی خۆی ئەخوا!
نادعەلی وتی:
ــ سوێندت ئەدەم بە گیانی هەر کەس کە خۆشت ئەوێ؛ ئیتر بە من مەڵێ ئەرباب! من ناوم نادعەلیە، نادعەلی چوارگوێشلی!
عەباسجان یەک و دووی لێنەکرد:
ــ ئاخر من کەسم خۆش ناوێ ئەرباب!
نادعەلی ئەمجارەیان نەک لە قیرسیچمەیی عەباسجان، بەڵکوو لە ڕاشکاوی ئەو لە دەربڕینی ئەوەدا کە کەسی خۆش ناوێ، سەر سووڕما و خامۆش لێی مۆڕ بوویەوە. عەباسجان نیگای لە نیگای نادعەلی چوارگوێشلیدا بزەیەکی سارد بە سەر لێویەوە، شانی هەڵتەکاند و وتی:
ــ بڕوام پێ بکە ئەرباب، من هیچ کەسم خۆش ناوێ!
نادعەلی سەری ڕاوەشاند، ڕووی لە عەباسجان وەرگێڕا و وتی:
ــ بڕوا، ئەکەم!
عەباسجان دەسبەجێ پرسیاری کرد:
ــ تۆ چی؟ تۆ چیت خۆش ئەوێ؟
لەبری وەڵام، نادعەلی قاپی ئارەقەکەی لە عەباسجان وەرگرتەوە و قومێکی لێدا. بەڵام عەباسجان لێی نەگەڕا و پرسیەوە:
ــ خۆشت ئەوێ؟
لەبری وەڵام، نادعەلی قاپی ئارەقەکەی دایەوە بە عەباسجان و وەک بڵێی ئەڕوانێتە ئاگری نیوەسووتی تەنوورەکە، سەری داخست. هەموو دارەتەکانی نادعەلی وای دەرئەخست کە ئەو

خامۆشی هەڵبژاردووە و پێی خۆشە لە پێچی ئەو پرسیارە، بە بێدەنگی لابدات، بەڵام عەباسجان لێی نەگەڕا و تێ هەڵچوویەوە:

ــ دڵنیام کەست خۆش ناوێ تۆش، ئەگینا دەرگای ئەم کاولبووەت نەئەکوتی.

نادعەلیش لە هەمان دارەتدا، خێسەی لە ئاگری تەنوورەکە، وتی:

ــ بۆ ئەبوا دەرگای ئەمماڵە نەکوتم؟ ئەم ماڵە چییەتی؟

عەباسجان وتی:

ــ لەم ماڵەدا، هیچکەس، هیچکەسی خۆش ناوێ! بەڵام تۆ، تۆ، کەست خۆش ئەوێ؟! نازانم! بەڵام من زۆر جاران لە خۆمم پرسیوە، پرسیومە بۆ ئەبێ خەڵکیترمان خۆش بوێ؟ لە بەر چی؟ ها؟

نادعەلی سەری هەڵێنا و ڕوانیە عەباسجان، تاوێکی دی لە دیم و ڕوخساری وردبوویەوە و پاشان پرسی:

ــ ئەتەوێ چی لە زمانی من ببیسی؟

عەباسجان وتی:

ــ ئەمەوێ ئەو شتە ببیسم کە کەس ناوێری بەیانی بکات، ڕاستی، ڕاستەقینە!

ــ ئەمە چ دردێک چارە ئەکا؟

ــ من کارم لە دەرماندا نەماوە ئەرباب، هەرگیز گولەکانت بینیوە؟

نادعەلی وتی:

ــ وا دەرئەکەوێ تۆ لە منیش خراپتری! جارەکانی پێشوو کە تۆم ئەبینی، ئاوا شپرزە نەبوویت!

ــ جارەکانی پێشتر جەربەزەی ئەوەم نەبوو دارەتی خۆم بەو جۆرەی کە هەبوو، پیشان بدەم. جارەکانی پێشووتر درۆم ئەکرد! هەڵبەت ئەوە نییە ئێستەش کەم درۆ بکەم! بەڵام جەربەزەی ئەوەم پەیدا کردووە کە بیڵێم. جەربەزەی ئەوەم پەیدا کردووە

دەربارەی هەندێ لە شتەکان بە ڕاستگۆیی بدوێم. بۆ نموونە ئەوەی کە بوێرم بڵێم من درۆ ئەکەم، وەک ئەم نموونەیە!

لە چاوە ڕەش و یاو کردووەکانی نادعەلیدا کە حەپەسان و بێبڕوایی تێدا ئەبینرا، عەباسجان وتی:

ــ ڕەنگە تۆش لەو قسەیەی من سەرت سووڕ بمێنێ ئەرباب، بەڵام بەڕای من زۆربەی خەڵکی، زۆربەی کاتەکان درۆ ئەکەن. نەک زۆربەیان، بەڵکوو هەموو خەڵکی هەموو کاتێک درۆ ئەکەن! بەس ئەو کاتانەی کە تەنهان، ڕەنگە ڕاستیش بڵێن. بەڵام زۆر کەم! چونکە مرۆڤ ئەوکاتەی کە تەنهاش ئەبێ، تەنهاییەکەی پڕە لەو درۆیانەی کە لە ناو خەڵکدا و لەگەڵ ئەوانیدی گوتوویەتی. هەقیشیانە کە درۆ بکەن ئەرباب. چونکە ڕاستەقینە مرۆڤ شێت ئەکات! بۆیەشە کە ئادەمیزادەکان درۆ ئەکەن و شوورەییش نییە. بۆ خراپە؟ کاتێکە هەر هەموو درۆ لەگەڵ یەکدی ئەکەن، کێماسی ئەمکارە لە کوێدایە؟ بۆ وێنە سەیری من بکە؛ خودی من! هەر ئەوەندە کە لێرە دانیشتووم، مەگەر کەمم درۆ کردووە؟ لا ئەکەمەوە، ئەبینم لە هەموو ژیانی خۆمدا درۆم کردووە. هەموو ڕۆژان و کاتەکانی ژیانی من پڕن لە درۆکردن. ئەوانەش کە گوێیان لە درۆکانی من ڕاگرتووە، خۆیشیان درۆزنی وەکوو من بوون. مەگەر وانەبووە؟ چۆن ئەکرێ ئەوانی دیکە خۆیان درۆزن نەبووبێتن و تەمەنێک گوێیان لە درۆکانی من ڕاگرتبێت و لە من وەڕەز نەبووبێتن؟ جگە لەوەش، من لەو بەخت وشکانەم کە هیچ قازانجێکم لە درۆکانی خۆم دەس نەکەوتووە. جا سەرنج بدە لەوانە کە لەبری هەر درۆیەکیان سوودێکیان دەس کەوتووە، بزانە چ بێدادێکیان کردووە! بۆیە من دڵنیام کە هەموو خەڵکی لە کەشتیەکی گەورەی درۆدا لێک ئالاون و بەم کەشتیەوە لە زەریایەکی بێ سەروبندا سەرگەردانن. پاش تەمەنێک، پاش تەمەنێک ژیانی پڕ لە نەگبەتی و درۆ و دزی و خوێڕیەتی و بەرەڵلایی نادعەلی

خان، تازە بە هەندی بەرەنجام گەیشتووم! ئەتەوێ بزانی ئەو بەرەنجامانە چییە، ئەرباب؟ ئەتەوێ بزانی؛ ئەرێ؟!

ــ بڵێ، گوێت لێئەگرم!

عەباسجان وتی:

ــ گەیشتوومەتە ئەو بەرەنجامەی کە هەموو کارەکان ڕەوا و ڕاستن! گەیشتوومەتە ئەو بەرەنجامەی کە هەندێ جاران لە خوت و خۆڕایی لە بەر ئەو جۆرە ڕەوشتانە خۆمم سەرکۆنە کردووە. ویژدانی خۆم لە خۆڕا ئازار داوە. بەڵام کەلیلان، زۆر درەنگ گەیشتمە ئەو بەرەنجامە، زۆر درەنگ! هەرچەند، هیوادارم کە زۆریش درەنگ نەبووبێت هێشتا! چونکە گەیشتوومەتە هەندێ بەرەنجام، خەریکم ئەگەمە ئەو ئاکامەی کە هەرچەند تەمەنم لە چەپەڵی و نەگبەتی‌دا تێپەڕ بوو، بەڵام بە فیڕۆم نەداوە. خۆیشم نەمزانیوە کە لە ڕۆژانی ژیانم‌دا ئەم مێشکە گەنیوەی من لە هەوڵ و گەڕان‌دا بووە کە بە بەرەنجامێک لەم ژیانە بگات. ڕاستەکەی خۆیشم نەمزانیوە، بەڵام مێشکی من لە کار و هەوڵدانی خۆی‌دا بووە. بۆیەشە لەپڕ تێگەیشتم کە خەریکم دنیا بە ڕۆشن و ئاشکرا ئەبینم. بیری لێ ئەکەمەوە ئەبینم لە هەموو ژیانم‌دا لە سەر ئەم بەرەنجامە گرنگانەی ژیان کارم کردووە، بەڵام خۆم ئاگام لێ نەبووە. ئێستە تێگەیشتووم. پێشتر وەکوو هەموو خەڵکی ژیاوم. بەڵام منیش وەکوو هەندێ لەو خەڵکەی کە تازە تێئەگەن ژیان یانی چی، خەریکم تێئەگەم کە ژیان چ واتایەکی هەیە. بەڵێ ئەرباب، هەمووان ئەژین. بەڵام تەنها هەندێک لە ژیان تێئەگەن! من ئێستاکانێ سەر بە هەر دوو دەستەکەم. هەم لە ڕیزی ئەوانەدام کە ئەژین و هەمیش لە ڕیزی ئەو تاک و تەرایەدام کە لە ژیان تێئەگەن. چونکە ئێستەیە کە من دوزیومەتەوە، هەڵم هێنجاوە. ئێستەیە لەوە ئەگەم کە لە هەموو ژیانی خۆم‌دا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بە خوێڕێتی ژیاوم. خوێڕێتی بۆ بەدەسهێنانی دەسەڵات. من لە هەموو

خولەکانی تەمەنمدا هەموو جۆرە خوێڕیگەریەکم کردووە، هەر جۆرە گەنکارییەک کە تۆ بیری لێ بکەیتەوە من کردوومە. هەر قرِەیەک کە بە پێویستم زانیبێ بەرپام کردووە. هەر دووبەرەکیەک بە سوودم زانیبێ ناومەتەوە. بەڵام خۆیشم ئاگام لەو کارانەی خۆم نەبووە. نەمزانیوە بۆچی ئەو کارانەم کردووە. لە مەبەست و ئامانجی خۆیشم ئاگادار نەبووم، مەبەستم پێم نەزانیوە. لە بەر ئەمەش بوو کە هەندێ جار دڵم بەزەیی پێدا هاتۆتەوە و ویژدانم نارِەحەت بووە. بەڵام ئێستە، نا. ئێستە تێگەیشتووم. تەمەنم، ژیانم و هەموو شتەکانی دنیا فێریان کردم کە هەموو کارەکانی ئەم دنیایە رِەوایە، هەر هەمووی! تەمەنم و ژیانم و ئەو دنیایەی کە تێیدا ئەژیم تێی گەیاندووم کە یەک شت راستەقینەیە، تەنها یەک شت. ئەو یەک شتەش، ئەتەوێ بزانی چییە؟! دەسەڵات، دەسەڵات، تەنها دەسەڵاتە!

نادعەلی لە حەپەسانە ئارامەکەیدا، رامابوو. عەباسجانیش قسە کردنەکەی خاو کردەوە و بە دەنگێکی جیاواز، دەنگێک کە تا ئەوپەڕی خۆی شکاو و لێقەوماوانە بوو، وتی:

ـ هەمان ئەو شتەی کە من نیمە، دەسەڵات!

ـ باشە، باشە، لانیکەم تۆ شتێکت دۆزیوەتەوە! دیسانەوەش تۆ! تۆ، دۆخی تۆ زۆر لە من باشترە. شتێکت لێ هەڵکرِاندووە، بەڵام، من ونم کردووە. من ونم کردووە. من ونم کردووە! ئەگەرِێم، ئەگەرِێم، ئەگەرِێم، بەڵام بە دوای شتێکدا ئەگەرِێم کە ئیتر خۆم نازانم چییە! تەنانەت بیچم و شێوەشم لە بیر کردووە. نازانم، نازانم چییە یان کێیە ئەوەی کە من بە دوایدا ئەگەرِێم. چییە و کێیە؟ بۆچی چەندە زیاتر لێی ئەگەرِێم، زیاتر خۆم بە دوورتر لەو ئەبینم؟ دوور و دوور و دوور! ئەوەندەی کە پێم وایە گەرِان، گەرِان لە دووی شتێک بۆ من بووە بە خوویەک بۆ رابردنی ژیان! من، لە راستیدا بە دوای چ شتێکدا ئەگەرِێم؛ بە دوای چ کەسێکدا ئەگەرِێم؟ بە دوای

کـێدا ئەگـەڕێم من، عـەباسـجان؟

عـەباسـجان چـەماوە و خـێسـەی لـە ناو تـەنوورەکـە وتـی:

ــ ڕۆژگارێک بە دوای کیژێکـدا ئەگـەڕای، بە دوای کچێکـدا، چـی بوو ناوی؟!

ــ ئا، کچێک! ئیتر شـێوە و شـێوازیشـی لـە بیرمدا ون بووە. خـەریکە گومان هـەڵم ئەگرێ. وردە وردە خـەریکە گومانم بۆ ئەوە ئەچـێ کە نەکا بە دوای خۆمدا گـەڕابێتم! هـەه، بە دوای خۆمدا! بەڵام، کـێ پشـت گوێـی خۆی بینیوە؟ پشـتـی، گوێـی، خۆی!

بێدەنگـی. شـووشـەی بەتاڵ، عـەباسـجان خلۆری کـردەوە و سـەری پەنجـەکانی خسـتە سـەر لاجانگـەکانی. لاجانگـەکانی چڵێان ئەدا و پێڵووەکانی گرپیان گرتبوو. نادعـەلـی پاڵـی دابوو بە دیوارەکـەوە و خـەریک بوو لاقی ڕائەکێشا:

ــ ئەمـەوێ بخـەوم! ئەو قسانەی کە کـردت، ئێسـتە کە بیریان لـێ ئەکـەمـەوە، گاڵتەم پێیان دێ. دەسـەڵات و خوێڕێتـی! پف، ئەو دنیایەی کە بەو جۆرە تۆی جـەڕاندووە، ئەو دنیایەی کە تۆ هـەر کارێک تێیدا بەڕەوا ئەزانی، لـە لای من بەقەدەر پووشـێکیش نرخ و ڕێزی نییە. دزێوی و خوێڕیگـەری، بێزارم ئەکا و دەسـەڵاتیش دڵم ئەهێنێ بەیاکا. باش کە بیری لـێ ئەکـەمـەوە ئەگـەمـە ئەم بەرەنجامـە، گـەیشـتوومـەتە ئەم بەرەنجامـە کە تەنها مـەرگ، بەس مـەرگ ڕاسـتـەقینەیە. ڕاسـتـەقینە ئەبێ ڕەها بێ، ڕاسـتـەقینە ئەبێ تەکووز و پوخـت و سـەرومڕ بێ و، مـردن بێ کێماسیە. نەخـت و پوختە. دڵـی شـین و ڕۆڕۆی دنیام نییە. با بگوزەرێ، چاکـەکاری دنیا ئەوەیە کە ڕائەبرێ. ئادەمـیزاد بە مـردن ڕزگاریی پەیدا ئەکا. من خـەوم دێ، من ئەخـەوم، ئەگـەر گوڵمحـەمـەد دەرکـەوت، هـەڵمسێنە!

ــ گوڵمحـەمـەد؟! هیچ لـە بیریشـم نەبوو!

نادعـەلـی لـە سـووچـی دیوارەکـە، سـەری لـە سـەر لـەتە خشـتێک دانا، چاوی لێکنا و وتـی:

ــ ژیانی ئەویش خەریکە کۆتایی دێ، ئەیانەوێ بیکوژن. مەرگ؛ کۆتایی کاری گوڵمحەمەدیش مەرگە.

عەباسجان بەو جۆرەی دانەویبوویەوە بە سەر تەنوورەکەدا، قەپۆزی خوراند و وەک بڵێی نە لە وەڵامی نادعەلیدا، وتی:

ــ هەق بەو کەسەیە کە ئەکوژێ! ئەگەر حکوومەت بە سەر گوڵمحەمەددا زاڵ ببێ، هەق بە حکوومەتە. ئەگەر گوڵمحەمەد بە سەر حکوومەتدا زاڵ ببێ، ئەوا هەق بە گوڵمحەمەدە؛ لە هەموو کاتێکدا، هەق بە دەسەڵاتە!

نادعەلی لە قورسایی نێوان خەو و بێداریدا وتی:

ــ بە بێ ئەوەی کە خۆم بمەوێ گوڵمحەمەدم خۆش ئەوێ!

عەباسجانیش بە هەمان سەنگینی و خاوی وتی:

ــ دەسەڵاتی گوڵمحەمەدت خۆش ئەوێ؟

نادعەلی وەرگەڕا سەر لا، گوێ ساخەکەی نایە سەر لەپی دەستی، دەست و سەری کردە سەر لەتە خشتەکە، ماندوو و بێواز وتی:

ــ خەفەت کردم، تاساندمت، چ کاتی ڕۆژە؟

عەباسجانیش بە هەمان هەوا، وەڵامی دایەوە:

ــ نازانم، نازانم! لەم ڕۆژ و هەوا شوومەدا کاتم ون کردووە. وەکوو منداڵێکی شیرەخۆرە کە شەو و ڕۆژی خۆی ون کردووە، من کاتم ون کردووە. نازانم، نازانم!

نادعەلیش نەک لەگەڵ عەباسجان بەڵکوو بە خۆی وت:

ــ جیاوازی نییە، تەوفیر ناکا. کەیە با ببێ. ڕۆژ بێ یان شەو. شەو بێ یان ڕۆژ. ناچارە هەر ڕاببووریێ، ڕائەبووریێ. تەوفیر ناکا، تەوفیر ناکا!

نادعەلی لاقی ڕاکێشابوو و عەباسجان ئەبوا خۆی کۆ بکاتەوە و جێی بۆ بکاتەوە. نادعەلی سەری نابوویەوە و خەوتبوو، یانیش خەریک بوو خەوی لێ ئەکەوت. عەباسجانیش هێشتا و هەروا گرفتاری بیری پووچ بوو. بە دەرکەوتنی نادعەلی بۆ تاوێک لە

تەنگژەی خۆی خافلاّبوو، بەلاّم زۆری پێ نەچوو کەوتەوە ناو داوی ئەندێشە و ئەوا درێژەی کرداری لەگەڵ باوکی و وتووێژی لەگەڵ نادعەلی، هەزار قۆرت و ئەندێشە و گومان ورووژاندبووی. خۆی لە سووچی دیوارەکەدا کۆ کردبوویەوە، شانەکانی چەماندبوویەوە و خۆی کۆم کردبوو، ئەژنۆکانی لە قولاپی پەنجەکانیدا و نیگای لە ناو تەنوورەکە و ڕووی دەمی لە نادعەلی کە خەوتبوو، لە بەر خۆیەوە ورتەی ئەهات:

ـ نابووت، نابووت، نابووت! من و تۆ، هەر دووکمان نابووت بووین. تۆ لە بەر ئەوەی کە دەسەڵاتت ون کردووە و، من بۆ ئەوەی دەسەڵاتم بەدەس نەهێناوە. تۆ دەسەڵاتت لەدەس داوە و من دەسەڵاتم بە دەس نەهێناوە. هیچ. دەسکەوتی هەر دووکمان هیچە. هەر دووکمان تەفر و توونا بووین. نابووت! ئەو شتەی کە هەمیشە تێیدا خنکاوم، بەلاّم هەرگیز بەم جۆرە، پێم نەزانیبوو. تیاچوون! ئەمە یەکەمجارە خەریکم چەمکەکەی ئەدۆزمەوە. تیاچوون، نابووتی! هەمیشە بە دارای مایەپووچ وتراوە: "نابووتی کرد." بەلاّم بە هی وەک من وتراوە و ئەوترێ: "مایەپووچ". نابووت. من ئەتوانم بە خۆم بڵێم: "نابووت". چونکە بەر لەمەش مایەپوچ بووم. بەلاّم ئێستە نابووتم. من نابووتم، چونکە ئیتر خۆیشم نەماوم. ئەگەر دیسانەوەش لەگەڵ خۆم درۆ نەکەم، ئەو شتەی کە من بم تەنها حەزێکی لێ ماوەتەوە. حەزێکی سەمەرە. ڕەنگە ئەم حەزەش درۆیین بێ. ڕەنگە ئەم حەزەش بیانوویەک بێ بۆ ئەوەی کە من بمەوێ لە پێناویدا هەرکارێک بکەم، هەموو جۆرە ئاژاوەیەک بنێمەوە. بەلاّم حەزێک، یەک حەز لەمندا هەیە. حەزێک کە ڕەوایی هەموو کارێکم بۆ ئەسەلمێنێ، هەر کارێک! بەلاّم تۆ چی، چوارگوێشلی؟!

هەڵسا و لە سەر لێواری تەنوورەکە هاتە خوارەوە و هەر لەوێ تاوێک خۆی لە باوکی مەلاّس دا. شیشی تەنوورەکە لای چاڵەکە

کەوتبوو. عەباسجان ئاوڕی دایەوە و ڕوانیە نادعەلی. نادعەلی خەوتبوو. عەباسجان بە قاچی لەرزۆکەوە بەرەو چاڵەکە کەوتە ڕێ. شیشی تەنوورەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە. شیشەکەی نا بە دیوارەکەوە و خۆی پاڵیدا بە لێواری تەنوورەکەوە و وەستا.

کەلایی خواداد، ئەتوت سەیری عەباسجان ئەکات. نیگای بەیەک ئاقاردا ئاراستە بوو، سارد و سڕ. هیچ واتا و دارەتێکی تیا نەبوو. دوو پارچە شووشەی لێڵ و یەکباو بوون. بەڵام عەباسجان هەستی ئەکرد چاوەکانی کەلایی خواداد تێی ئەڕوانن. لە تەنوورەکە بوویەوە و بەرەو دالان چوو و ڕاوەستا. چاوەکانی کەلایی خواداد دیسانەوەش سەیریان ئەکرد. شانی لە دیوارەکە کردەوە، بە لای ئەسپەکەی نادعەلیدا تێپەڕی و بەرەو دیواری هەمارەکە چوو، دیسانەوەش گزنگی ساردی نیگای باوکی بە ناوچەوانی خۆیەوە ئەبینی. لەهەر کوێ بوو، ئەم نیگا ساردەش لەگەڵی بوو و لەهەر شوێنێک کە عەباسجان ئەوەستا، نیگای کەلایی خوادادیش لە سەر ئەو شوێنە ئەچەقی.

عەباسجان بەرەو باوکی کەوتە ڕێ، چووە بەرەوە، لە بەرامبەر چاوەکانی پیرەمێرددا وەستا و وتی:

ــ لەبەر ڕەزای خواش بووە، هەر ئەتکوژم!

**بەندی چوارەم**

دەنگی تەقەی گوللەیەک ئاسمانی کپ و مۆری قەڵاچیمەنی شەق کرد و بە دوایدا، بێدەنگیەکی ترسناک باڵی ڕاکێشا. لەپڕ هەموو قەڵاچیمەن بێدەنگ بوو. بەڕادەیەک کە هەر کەس دەنگی هەناسەی خۆی بە ئاشکرا ئەبیست. کەم نەبیسرابوو یان نەبینرابوو کە خانەکان لە شاییدا مەست بکەن و بۆ پاککردنی قڕەی کۆن و نوێیان یەخە بە یەکدی بگرن. بەڵام ئەو جۆرە فەرتەنانە، ئاژاوەی بە دواوە بوو، قڕەکە پەرەی ئەسەند و دەسبەجێ هەموو شت ئەشەڵەژا. نە بەو جۆرە کپ و ترسناک، نە بەو جۆرەش بە بێ درێژبوونەوە و بەردەوامی.

بەڵخی و خاکی پەرسا، بەڵام نەک بەپەلە کردیانە کۆڵان و ملیان کێشا بۆ لای ماڵی بوندار. عەباسجان لە بن تاقە شکاوی بەردەرگای خۆیان وەستابوو و وەک شەقشەقە ئەلەرزی. بە ئاقاری نیگای بەڵخی و خاکیدا ئەیڕوانی، بەڵام ئەتوت نایەوێ لێیان نزیک ببێتەوە. پاڵەوان بەڵخی پاڵتاوەکەی بە سەر شانیەوە ڕێک کرد، ئاوڕی لە عەباسجان دایەوە کە وەکوو داوەڵێک لە شوێنی خۆی وەستابوو و بە تەشەرەوە پێی وت:

ــ ئاغەکانت ئەڵێی بەربوونەتە گیانی یەک!

عەباسجان بۆ ئەوەی بەرگری بکات لە هاتنی بەڵخی و خاکی بۆ لای خۆی، ناچار پێی بزواند و بەرەو ڕوویان چوو. لە

ڕێکردندا، عەباسجان بە ئاشکرا ئەلەرزی. هەم لە ناخەوە و لەترسان ئەلەرزی و، هەم خواردنی ئارەقەکەش لەنگەری ڕێ ڕۆیشتنەکەی لێ تێکدابوو. عەلی خاکی هاتنەکەی عەباسجانی بە نیگا و پێکەنینێکی شیرین کە لێوە ترەکاوەکانی کردبوویەوە، پێشوازی کرد و پرسی:

ــ تۆ بۆچی لە گۆڤەند و زەماوەن نیت عەباسجان؟

عەباسجان کە ئەیدی لەپڕ خافڵگیر بووە، ناخودئاگا ڕوانیە دەستەکانی و هێنای بە یەکا و وتی:

ــ باوکم زۆر نەخۆشە عەلی گیان. زۆر پەرێشانە. قرخەی دەرنایەت. ئەترسم بە تەنها بەجێی بهێڵم!

پاڵەوان بەڵخی تەزبێحە دەنک درشتەکەی بە دەور دەستیدا ڕاوەشاند و بە بێ ئەوەی سەیری عەباسجان بکات، شانی نا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ توپیوخۆر، چەقەڵی مردووخۆر! دەق وەک چەقەڵ، قەپاڵ لە گۆشتە تۆپیو ئەدا و ئەیبا لە بنی کونەکەیدا بە تاقی تەنها ئەیخوات! بۆنی گەنی ئارەق ناو کولانەکەی داگرتووە. سەیری کە، بە سەر پێوە خۆی ڕاناگرێ! ئاگات لە خۆت بێ نەڕشێیتەوە، داڵە کەرخۆر.

ڕاست وابوو و عەباسجان نەی ئەتوانی خۆی بە سەر پێوە ڕابگرێ. بۆیە بە لەتردان لە ناو کۆڵانەکە کشایەوە، دەستی نا بە دیوارەکەوە و لاجانگی چەپی نایە سەر قۆڵی و بە بێ ئەوەی بتوانێ بەرگری لە لەرزینی دەنگی خۆی بکات، بە هێوری بە عەلی خاکی وت:

ــ بە ڕاستی قسەکەی پاڵەوان، هەقە. بەڵام، بەڵام خوا لەو سەرە ئاگای لێیە نەم ئەویست سەرخۆش ببم. دڵم زۆر ڕەش بوو. ویستم چووبێتمە سووچێک و خۆم لە دەس خۆم ڕزگار کردبێت. ئەزانی گۆدەرز خان، من لە بەرامبەر تۆدا خاکم. بە ڕاستەقینە سوێند بێ من خاکی بەرپێتم. تۆ، تۆ هەرچی

چۆن بێ جوامێر و لێبوردووی. دەست و دڵت ئاواڵەیە، هەرچەند، کیسەشت بەتاڵ بێ، من، من نرخی پیاوەتی تۆ ئەزانم، پاڵەوان! من، من!

گۆدەرزی بەڵخی تەزبێحەکەی دەساودەس کرد و هەروا سەربەخۆ پرسی:

ــ بەم بارودۆخەی بۆ خۆتت دروست کردووە، ئەرکی خزمەتکاری خۆت چۆن بەجێ ئەهێنی؟!

خاکی لە بن دیوارەکەی ئەو بەرەوە چیچکانی کردبوو و کلۆیەکی خۆڵی لە ناو دەستی‌دا ئەساوییەوە، سەیری پاڵەوانی کرد و بە تەوسەوە پرسی:

ــ مەگەر عەباسجان چ جۆرە ئەرکێکی پێ ڕائەپەڕێنرێ؟!

بەڵخی نیگای لە سەر تەوێڵی عەباسجان چەقاند و وتی:

ــ سیخوڕی!

عەباسجان بە کزییەوە نیگای داماوی لە چاوەکانی بەڵخی گیراند و وتی:

ــ ئازارم مەدە، پاڵەوان! تۆ ئیتر ئازارم مەدە. چ کارێکی خراپە بە من ئەکرێ؟ من ئەگەر ئاویش بم کوێم پێ خراپ ئەکرێ، ئەگەر ئاگر بم کوێم پێ ئەسووتێنرێ؟!

بەڵخی شانی لە دیوارەکە کردەوە و لە کاتێکا پەنجەکانی خۆبەخۆ خەریکی گەڕانی دەنکەکانی تەزبێحەکەی بوو، هەنگاوێکی بەرەو عەباسجان نا و وتی:

ــ هەر کەس بە ئەندازەی توانا و لێهاتوویی خۆی عەباسجان. خەرمانێک بە چڵە شقارتەیەک ئاگر ئەگرێ و دەشتێک بە خۆیەوە ئەسووتێنێ و ئەیکا بە خۆڵەمێش. مەگەر برا نارەسەنەکەی تۆ بەو کارە بچووکەی خۆی نانی گوندێکی نەبڕی؟!

عەباسجان دەروویەکی بۆ هاو زمانی دۆزیبوویەوە. لە بەڵخی نزیکتر کەوتەوە و وتی:

ــ ئەمە وایە، ئەمەم قەبووڵە پاڵەوان. هەر کارێک کە تۆ

بلێی لە قەدیر ئەوەشێتەوە، هەر کارێک. تەنانەت ئەگەر بە من بلێی مەمکی دایکیشی بڕیوە من قبووڵی ئەکەم. بەڵام من، من ئەوەندەش خوێڕی نیم. مەبەستم من ناتوانم تا ئەو ڕادەیە خوێڕی و نانەجیب بم، پاڵەوان. بە سەری خۆت ناتوانم، دەسەڵاتم نییە، توانایم نییە، تێم ئەگەی؟ تێم ئەگەی چیٔ ئەڵێم، پاڵەوان؟ من زەلیلم، زەلیل. لە من زەلیلتر خوا دروستی نەکردووە؛ من، من ئەگەر بشم هەوێ خوێڕی بم، ناتوانم، ناتوانم پاڵەوان. ئەمەش یەکێکی ترە لە بەدبەختیەکانی من. جا، جا چیت پێخۆشە پێمی بڵێ. بەڵام من ئامادەم تۆ چیت بوێ بڕۆم و بۆتی دابین بکەم. ئەتەوێ بڕۆم شووشەیەکت بۆ بخەمە بن باخەڵم و بۆتی بهێنم؟ بڕۆم؟ تۆ بەس بڵێ ئەرێ! نا، شتێکیتر، ئەتەوێ خودی بابقولی بوندار بێت و بانگهێشتنت بکات بۆ زەماوەن؟ یانە ئەتەوێ، بڕۆم و دەورییەک پلاو و خۆرشت هەڵگرم و بیهێنم بۆ ماڵتان؟ چیت ئەوێ، هەرچی ئەتەوێ، بەس لێو ببزێوە. بەس لێو ببزێوە پاڵەوان تا بڕۆم چیت ئەوێ بۆتی بهێنم! بەس تۆ بڕوا بکە کە من ناتوانم خوێڕی بم. خۆت شایەت بە کە من، کە من چ کاتێک ئەو قسەیە بە تۆ ئەڵێم؟ ئا، پاڵەوان، بڵێ چیت ئەوێ؟!

بەڵخی وتی:

ــ ئەمەوێ لە بەر چاوم ون ببی، بڕۆ ون بە!

ــ بە سەر چاو، بە سەر چاو پاڵەوان. ئەڕۆم، ئەڕۆم، ئەمەشیان بە سەر چاو! بڵێ بمرە، پاڵەوان؛ من ئەڕۆم ئەمرم. هەرچی تۆ بفەرمووی گۆدەرز خان. من خۆ مەبەستێکی خراپم نەبووە. مەبەست و ویستێکی خراپم نییە پاڵەوان. ئەڕۆم، ئەڕۆم، بە چاوان، بە چاوان!

عەباسجان وەکوو سەگێکی ترسێنراو، کلکی خستە ناوگەڵی و بەرەو ماڵی بوندار کەوتە ڕێ. خاکی لە بن دیوارەکە هەڵسا و لە کاتێکا سەیری ڕۆیشتنەکەی عەباسجانی ئەکرد،

بەرەو ئەوبەری کۆڵانەکە کەوتە ڕێ و بە بەڵخی وت:

ــ مرۆڤ دڵی بۆی ئەسووتێ!

گۆدەرز لە خاکی وەرگەڕا و لە وەڵامدا وتی:

ــ بە پێچەوانە، من هیچ دڵم بۆی ناسووتێ! من لەو جۆرە جانەوەرانە بێزارم. ئەمجۆرە جانەوەرانە ئامادەن هەر کارێک بکەن کە لێی خراپتر نەبێ. هەر تاوانێک، ئامادەن دەست بۆ هەر جنایەتێک ببەن. هەر کامیان ئەتوانن بە ئەندازەی بوومەلەرزەیەک وێرانی بەدی بهێنن. سەیری ئەو کلکەسووتێ کردنەوی مەکە. لەکاتی خۆیدا لە لەشکرێک مەترسیدارترە!

هەرا و هوریایەک لای سەرووی کۆڵانەکەوە بەرزەوە ببوو. خاکی و بەڵخی لە سەر پەنجەی پێ بەرز بوونەوە و ملیان کێشا:

ــ ئەڵێی شتێک ڕووی داوە! بڕۆینە نزیکترەوە بزانین چییە!

گۆدەرز شانی لە بن سەرشانەی پاڵتاوەکەیدا هەڵتەکاند و لەگەڵ خاکی کەوتە ڕێ.

دەهۆڵ ژەنەکان لە مەیدانی بەر گەرماو نەبوون، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە شوێنێکی تریشەوە نەئەبیسرا. خەڵکی لە دەوروبەری بەردەرگای ماڵی بابقولی بوندار کۆوە ببوون و سەریان ئەکێشا بۆ لای سەرووی کۆڵانەکە.

گۆدەرز و خاکی، بەر لەوەی بگەن بە حەشاماتەکە، پێیان سست کرد و لای دیوارەکە وەستان. جموجۆڵ لە ناو ئاپۆرەکەدا پەیدا بوو. ئالاجاقی، سەرتیپ فەربەخش و یەک دووانیتر کە ناسینەوەیان لە دوورەوە ئاسان نەبوو، لە دەرگای ماڵی سەیدی تەلەفوونچی هاتنە دەرەوە و خەڵکەکە ڕێیان بۆ کردنەوە. لە سەر بانیجەی ماڵی بونداریش هەندێ کەس پەیدا بوون. تالاوایی کەولێپۆسەکەی بە شانیەوە، لە ناو دەرگای دیواخانوە هاتە دەرەوە، هاتە لای محاجەرەی بەر بانیجە کە ئەیڕوانی بە سەر کۆڵاندا ڕاوەستا. ئەوانەی پێشتر هاتبوونە ئەوێ، جێیان بۆ کردەوە و جەنابی تالاوایی جێی خۆش کرد. میوانەکانی تری

بونداریش لە دیواخانوە هاتنە بەر بانیجە و تۆزێک نێوانیان هەبێ لەگەڵ تالاوایی وەستان.

بابقولی بوندار کە ملی بەختەیەکی بەدەست گرتبوو، لە دەرگای حەوشە هاتە دەرەوە. دلاوەر خەڵکەکەی لادا و لە بەر دەرگای حەوشە مەیدانێکی کردەوە. قەدیر کێرد و هەسانی لە بن پشتێنەکەی دەرهێنا و مووسا بە مەسینەی حەوجۆشەوە هاتە کۆڵان و لە بەر دەستی قەدیر ڕاوەستا. قەفی دووکەڵی ئەسپەندەر و دەنگی سەڵەوات بەرز بوویەوە و محەمەمەدڕەزای گوڵخانم بە خێرایی دیواری خەڵکەکەی دابڕی و هەڵات. عەبدولە ڕەش چاوەشەکانی هێنایە کۆڵان و ڕێگەی بۆ کردنەوە:

ـ تۆزێک خۆتان لادەن، تۆزێک بچۆرە ئەولاوە بابە گولاو!

کوڕانی ڕوخەک بە گەردنی باریک و پرچی کرووزیانەوە، لە سەر شانی ئەوانەی لە بانیجە ڕاوەستابوون سەریان ئەکێشا. لە بن پێی تالاوایی، لای دیواری کۆڵان، زاوا بە دەستی نەخشێنراو لە سەر سەکۆی بەر دووکانەکەی ڕاوەستابوو و دەستی لە بەر پشتێنەیدا هەڵپێکابوو. شەیدا لە ناو ئاپۆرەکەدا نەئەبینرا. وا دیار بوو لەگەڵ جەلیل ئاغە و سەیدی تەلەفوونچی، ژنەکان و ئەوانیتر بۆ هێنانی بووک ڕۆیشتووە بۆ قەڵاتی خوێناڵ.

محەمەمەدڕەزای گوڵخانم ئەوا لای سەرووی کۆڵانەکەوە، لە بەردەمی سوارێکەوە بەرەو ئاپۆرەکە ئاهاتەوە. محەمەمەدڕەزا بە هەڵاتن، بەڵام تیژ ئەهات. سوارەش نە زۆر بەلەز، بەڵام نە زۆریش لەسەرخۆ، بەرەو خەڵکەکە ئەهات. لەغاوی ئەسپەکەی ڕاگرتبوو و بە سەروملی هەڵۆ ئاسا، چاوی لە بەردەمی بوو. بە گومانی بەڵخی، سوار، پێشەنگ بوو.

بیمێنێ بۆ ئاپۆرەی خەڵکەکە، محەمەمەدڕەزای گوڵخانم بن لەغاوی ئەسپەکەی گرت و لە قەراخ دیوارەکە ڕایگرت. سوار ئەبوایە دابەزێ. بەڵام وای نەکرد. بەپێچەوانە، لە سەر زینەکە هەڵسایە سەرپێ و بە قەڵەمبازێک خۆی هەڵدایە سەر بانیجەی

ماڵی بوندار و بە بێ گوێدانە ئەربابی پێشووی ـ تاڵاوایی ـ بە لای کوڕەکانی ڕوخەکدا بە پلیکانەکانی سەربانی باڵەخانەدا سەرکەوت، بە خێرایی و چالاکانە خۆی گەیاندە سەربان و لە سەر بەرزایی سەربان دامەزرا.

ــ ئەوە بەگمحەمەدە!

بینەران هەروا حەپەسابوون و زۆربەی کەسان هێشتاش ئەیانڕوانیە سەربان. بەگمحەمەد لە سەر بان، لە سەر پێ سووڕا، سەیری دەوروبەری کرد و پاشان کڵاوی لە سەر کاکۆڵی هەڵگرت و بەرەو لای سەرەوە ڕایوەشاند. لەم کاتەشدا قوربان بەلووچ گەیشت و لەغاوی ئەسپەکەی بەگمحەمەدی لە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم وەرگرت و ڕۆیشت ئەسپەکە ببات بۆ گەوڕ. بەگمحەمەد هاتە بەر گوێسوانەی بانەکە و محەمەمەدڕەزای گوڵخانمی بانگ کرد بۆ بەر دیوارەکە. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم چووە بەر دیوارەکە. بەگمحەمەد تفەنگەکەی بۆ محەمەمەدڕەزای گوڵخانم هەڵدایە خوارەوە و وتی:

ــ کۆڵان و دەرگای حەوشە لە ئەستۆی تۆ!

قوربان بەلووچ گەڕایەوە بۆ ناو کۆڵان، بونداری برد بۆ لایەکەوە و شتێکی بە گوێیدا چرپاند. بوندار چرپەکەی بەلووچی برد بۆ ئالاجاقی و فەربەخش. ئالاجاقی برۆی بەرز کردەوە و فەربەخش پێکەنی و قنچکە سیگارەکەی هەڵدایە ناو جۆگەی ئاوەکە. بوندار خۆی لە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم نزیک کردەوە بەڵکوو شتێک لە زمانی ئەو بکێشێتەوە، بەڵام کوڕی گوڵخانم لێوی نەبزواند و تفەنگەکەی بە شانیەوە ڕێک کرد. بوندار پێ ئەچوو گێژ بووە. لەپڕ لە دەهۆڵ ژەنەکان وەرگەڕا و پلاری تێگرتن:

ــ ئێوە ئیتر بۆ وشک هەڵاتوون؟! نەکا ئێوەش هاتوون بۆ تەماشا؟! وەرنە بەرەوە!

عەبدولە ڕەش، ڕێگەی بۆ مەرحەبا و کلۆ کردەوە و

چاوەشەکان بە دوای عەبدولە ڕەشدا کەوتنەڕێ.

دەنگی بوندار جارێکیتر بەرز بوویەوە:

ــ بەرەوپیری گوڵمحەمەد خان، بیکوتن بۆ پێشوازی گوڵمحەمەد خان!

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بوویەوە. بەلووچ بە لای چاوەشەکاندا تێپەڕی و بەرەو لای سەرووی کۆڵانەکە چوو، لە پێچی نەرمی کۆڵانەکەدا ون بوو و ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە و بە ئەماژەی دەست، دەهۆڵ ژەنەکانی بانگ کرد. دەهۆڵ ژەنەکان بە بێ ئەوەی دەست و دەمیان ڕاوەستێ، پێیان هەڵگرت.

دوو سوار لە پێچی کۆڵانەکەوە دەرکەوتن و دووکەڵی ئەسپەندەرەکەی بابە گولاو بەرز بوویەوە. سوارەکان هێور و لەسەرخۆ ئەهاتن. یەکیان لە سەر ئەسپێکی ڕەش و ئەوی تریان بە سواری ئەسپێکی کوێتی چوار هەنگڵ؛ گوڵمحەمەد و خانئاپۆ.

بابقولی بوندار کەوتە بەرەوە و چەکدارەکانی گوڵمحەمەد بە ماوەیەکی کەم دەرکەوتن. فەربەخش و ئالاجاقیش پێیان هەڵگرت و چوونە بەرترەوە و قەدیر بەختەکەی هێنایە پێشترەوە و بە یارمەتی دلاوەر دای بە عەرزدا. مووسا مەسینەکەی لە ئاوی جۆگەکە پڕکرد و دای بە دەستی قەدیرەوە و ئاپۆرەکە مەیدانیان کردەوە. سواران گەیشتن و گوڵمحەمەد پێی لە ئاوزەنگی بەتاڵ کرد و دابەزی. قەدیر کێردی لە ملی مەڕەکە نا. دەنگی بابە گولاو بۆ شاواش گوتن بەرز بوویەوە و خوێن لە گەرووی بەختەکە بازرەقەی بەست.

خانئاپۆ دابەزی. ئالاجاقی و فەربەخش بەرەو گوڵمحەمەد چوون و دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا گەیشتە ئاسمان. دەست گوشین و بەخێر هێنان. چەکدارەکان لە پشت سەر و بەڕیز وەستان. چەند کەسێک زیاتر نەبوون، سوار و پیادە. گوڵمحەمەد هەوساری قەرەی دا بە قوربان بەلووچ و بەلووچ هەوساری ئەسپەکەی

خانئاپۆی وەرگرت. بوندار لە پێشیانەوە ڕێی بۆ کردنەوە و بابە گوڵاو جارێکیتر ئەسپەندەری کردە سەر ئاگر و نزای کرد. گوڵمحەمەد دەستی کرد بە گیرفانیدا و خانئاپۆش گەڵایەکی کردە شاواشی چاوەشەکان.

ــ ئاڵات شەکاوە بێ سەردار، ئاڵات شەکاوە. ڕێزتان زیاد و تەمەنتان درێژ!

گوڵمحەمەد، ئالاجاقی و فەربەخش چوونە ژوورەوە و خانئاپۆ و بوندار بە دوایاندا. جەنابی تاڵاوایی تاسەر پلیکانەکان هات بە پێشوازیانەوە و تەوقەی لەگەڵ گوڵمحەمەد کرد. زەریفی ڕوخەک بە سێ تەقڵەی لە سەر یەک بانیجەکەی بڕی و لەبەردەمی گوڵمحەمەد لە سەر پێ ڕاوەستا و پرچی بە ڕاوەشاندنی سەر لە سەر تەوێڵی لادا و ڕوخەک تارەکەی لە لای سەری بەرز کردەوە و زەخمەی بە سەر ژێکاندا هێنا و ستایشی کرد:

ــ ناوبانگت بەرز و شکۆت پایەدار، گوڵمحەمەد خانی سەردار!

کووچک پەنجەی لە سەر دمەکەکە گەڕا و گوڵمحەمەد دەستی برد بۆ گیرفانی. بوندار کووچکی لادا و بەرەو دەرگای دیواخان ڕێی کردەوە. ژنی ڕوخەک سینی ئەسپەندەر سووت بە سەر دەستیەوە لە ژووری چاپەزخانە هاتە دەرەوە، چوو بەرەوە و بێباکانە سینی ئەسپەندەرەکەی بە سەر سەری گوڵمحەمەددا گێڕا:

ــ ئیشەڵڵا لە زەماوەنی بەگمحەمەد خان، ئیشەڵڵا بۆ زەماوەنی براکەت، سەردار!

بەگمحەمەد لە سەر بانی دیواخانەوە ئەیروانی بە سەر بانیجەدا. گوڵمحەمەد سینی ئەسپەندەرەکەی بە بەخشینی گەڵایەک لە بەر سینەی خۆی لادا و بەرەو دەرگای دیواخان کەوتە ڕێ. بەگمحەمەد لە دەریزانی دەرگاکە، براکەی بە پرسیارێکی

کورت ڕاگرت. گوڵمحەمەد سەری بەرز کردەوە و وەڵامی براکەی بە زمانی خۆیی دایەوە و پێی نایە ناو دیواخان.

بانیجە میوانی لێ نەما. بەڵخی و خاکیش سەیری یەکدیان کرد و تازە بەوەیان ئەزانی کە لە ناو کۆڵان، لە ناو خەڵکەکە وەستاون و پێیان لە سەر خوێنی ڕژاوی مەڕی قوربانی داناوە و دەنگی کێرد و هەسانەکەی قەدیری کەلایی خواداد ئەبیسن.

دەهۆڵ ژەنەکان جارێکیتر دەستیان ڕاگرتبوو و لای دیواری ئاغەڵەکە وەستابوون. قوربان بەلووچ تفەنگچیەکانی بەرەو ئاغەڵ برد. بابقولی بوندار هاتە بانیجە و زاوای بانگ کرد کە حەپ و حۆل لە ناو حەوشە وەستابوو. عەباسجان لە بن دیوارەکەوە خزی و خۆی گەیاندە لای قەدیر. قەدیر لە ساوینەوەی کێردەکەدا لە براکەی وەرگەڕا و سەری بە پرسیار ڕاوەشاند. عەباسجان پێی وت میوانی بۆ هاتووە و کێرد و هەسان لە دەستەکانی قەدیردا ڕاوەستا:

ــ میوان؟! کێ؟!

ــ نادعەلی!

دلاوەر، بۆ ڕاکێش کردنی مەڕی قوربانی بۆ حەوشە، قەدیری بانگ کرد یارمەتی بدات. قەدیر کێرد و هەسانی نایە بەر پشتێنەی و دەستی دایێ. عەباسجان ڕاوەستا تا قەدیر و دلاوەر مەڕەکەیان بردە ژوورەوە، پاشان پشت لە ماڵی بوندار بەرەو خواری کۆڵانەکە کەوتە ڕێ.

بەڵخی و خاکی لە بن دیواری گەرماو، لە سووچی درزی مەیدانەکە وەستابوون. لە لایانەوە بەراتعەلی سالار ڕەزاق بە چاوی پف کردووەوە وەستابوو و وا دیار بوو تا ئەم کاتە خەوتووە و تازە لە ماڵ هاتۆتە دەرەوە. عەباسجان هێشتاش سەرخۆش و نەزۆر ئاگا لەخۆ، هات و بە لایاندا تێپەڕی و سەری لە ناو خۆیدا بەرەو ماڵیان ڕۆیشت. عەباسجان نەک بە ئەنقەست کە بیەوێ گرنگی بە بەڵخی و هەڤاڵەکانی نەدا، بەڵکوو دووچاری خۆی بوو،

بۆیە بە بێ دەنگ و قسە ڕابرد و درێژەی بە ڕێی خۆی دا. هەر سێ پیاوەکەش کەوتنە دوای.

نزیک دیواری ماڵی بەڵخی، عەباسجان بە دەنگی قاچیان وەرگەڕا و ڕاوەستا. پیاوەکان پێی گەیشتنەوە. عەباسجان هەروا وەستابوو و گوایە سەیریانی ئەکرد. پیاوەکان تاوێک ڕاوەستان. عەباسجان ناخودئاگا چووە ئەوبەر کۆڵانەکە و پشت بە دیوارەکە ڕاوەستا و چاوی تێبڕین. نیگای عەباسجان زیاتر ئەبوو بە گومان و ئەبوو بە ترس. بێدەنگی سێ پیاو ترس و دڕدۆنگی ئەوی زیاتر ئەکرد. گۆدەرزی بەڵخی لەبری تەزبێحە دەنک درشتەکەی کە هەمیشە بە دەستیەوە بوو، ئێستە زنجیرە ئاڵقە وردە ئەردەکانیەکەی لە دەور دەستی ئاڵاندبوو و دەستی بەراتعەلی سالار ڕەزاق لە گیرفانی جاکەتەکەیدا، ئەتوت بۆ شتێک ئەگەڕێ.

عەباسجان ـخۆیشی نەیزانی بۆ و لە بەر چیـ وتی:

ــ میوان هاتووە بۆ لای قەدیر، ئێوەش ئەیناسن. خەریکم ئەچم بۆ لای میوانەکە. باوکیشم زۆر ناساخە، خۆ ئەمەم پێ وتن!

بەڵخی لە جۆگەکە پەڕیەوە و شان بە شانی عەباسجان، خستیە ڕێ. بەرات و خاکیش بە قەراخ دیواری ماڵی خاکیدا، هاوتەریب لەگەڵیان کەوتنە ڕێ. عەباسجان شەڵەژابوو. تاوێک ئەیڕوانیە بەڵخی و تاوێکیش ئەیڕوانیە دووانەکەی تر، بە بێ ئەوەی لە چاو و ڕوخساریان هیچ وەڵامێک هەڵهێنجێ. عەباسجان بەو هیوایەی کە بەڵخی و هەڤاڵانی لێی بگەڕێن، هەنگاوی توند کرد بەڵکوو خۆی بگەیەنێتە دەرگای ماڵەوەیان. بەڵام بەر لەوەی بگاتە بن هیلالی تاقە شکاو، بەڵخی قۆڵی گرت و لە باریکەی جەمسەری کۆڵانەکەوە، بەرەو دەرەوەی ناو دێ خستیە ڕێ:

ــ بڕۆین تاوێک لەو سەرەولێژییە دابنیشین!

عەباسجان قۆڵی لە پەنجەکانی بەڵخی ڕزگار کرد، پشتی

نا بە دیواری ماڵیانەوە و بە چاوانی بە ئاشکرا ترساوەوە، ڕوانیە پیاوەکان و بە هەمان بەدگومانیەوە پرسی:

ــ چیتان لە من ئەوێ؟ چیت گەرەکە پاڵەوان؟!

ــ خۆت چیت پێ وتم تۆزێک لەمەوبەر؟ نەتوت ئەگەر لێو ببزێوم هەر کارێکم بۆ ئەکەی؟!

ــ با، با وتم. بەڵام ئێستە، ئێستە نازانم ئێوە بە هەرسێکتان چیتان لە من ئەوێ؟ نازانم!

ــ شتێکی بێ باییمان لەتۆ ئەوێ، بەس شتێکی بێ بایی!

ــ چی؟، ئەو شتە چییە؟

ــ بکەوە ڕێ، پیاسە ئەکەین، بە دەم پیاسە کردنەوە پێتی ئەڵێم!

جارێکی دی کەوتنە ڕێ. بێدەنگی. بەڵخی خامۆش بوو و ئەمە خەریک بوو دڵی عەباسجان بتۆقێنێ. خاکی و بەراتیش خامۆش بوون. گەیشتنە دەرەوەی ناودێ. لای سۆلاقی جۆگەکە پێیان سست کرد. عەباسجان وەرگەڕابوو و بە پرسیارەوە تێیانی ئەڕوانی. بەڵخی ئاتەکەکانی پاڵتاوەکەی کۆ کردەوە و لە سەر تەلە بەردێک دانیشت. خاکی و بەراتیش لەو بەر جۆگەکە دانیشتن. عەباسجان هەروا واقی وڕمابوو. بەڵخی پێی وت:

ــ دانیشە!

عەباسجان لە سەر چۆکە لەرزۆکەکانی نووشتایەوە، چیچکانی کرد و باسکی نایە سەر کەشکەی ئەژنۆی و چاوەڕوان بوو. بەڵخی ڕووی کردە عەباسجان و وتی:

ــ باسی ئازاردانی تۆ لە ئارادا نییە، عەباسجان. بەڵام شتێک هەیە ئەمانەوێ بیزانین. شتێک کە بەس تۆ ئاگات لێی هەیە. ئەشمانەوێ ڕاستیەکەیمان بۆ بڵێی. خۆ لە قسەکەم ئەگەی؟ ئەرێ؟

ــ ئا، بەڵێ. بەڵام، ئاخر، چی؟

بەڵخی زیخێکی هەڵدایە ناو ئاوەکە و پاشان لە کاتێکا

برۆکانی خۆبەخۆ کۆ ئەبوونەوە چاڵی شاوڵی نێوان برۆکانی قووڵتر ئەبوو، وتی:

ــ ڕاست و ڕەواکەی ئەمانەوێ لە زمانی تۆی ببیسین عەباسجان. لە قسەکەم تێ ئەگەی خۆ! ڕاست و ڕەوا. لەبری ڕاست گوتنەکەت کرێی زمانیشت وەرئەگری. ئەگەر نەشت هەوێ ڕاستیەکەی بڵێی، ئەوەندەت نەزانی لەپڕ ئەم زنجیرە دابەزییە سەر تەوقی سەرت. جا خۆت کامیان هەڵئەبژێری!

عەباسجان بە لالانەوە و هەناسە سوارییەوە وتی:

ــ گیانت کێشام، گۆدەرز. دە بیڵێ ئیترا!

ــ داو!

بەڵخی ئەمەی وت، تاوێک لە چاوەکانی عەباسجان مۆڕ بوویەوە و پاشان درێژەی دا:

ــ دەنگۆیە داویان بۆ گوڵمحەمەدەکان ناوەتەوە! ئەگەر ئەو دەنگۆیە ڕاست بێ، مسۆگەر تۆ ئاگات لێیە!

ــ من ئاگام لێ نییە!

ــ ئاگات لە چی نییە؟ لەوەی کە داویان نەناوەتەوە، یان لەوەی کە داویان ناوەتەوە؟

ــ من ئاگام لە هیچیان نییە!

ــ نەگبەت بۆ تۆ چ جیاوازییەکی هەیە؟ جگە لەوەیە کە تۆ هەواڵ ئەفرۆشی؟ چاکە دەی، ئەم هەواڵەش بە ئێمە بفرۆشە!

ــ بە پێغەمبەر من ئاگام لێ نییە، پاڵەوان!

بەڵخی کە سەری زنجیرەکەی بەردابوو، وەک کلکی مار لە سەر خاکە شێدارەکە وەک ئاڵقەی لێکرد، تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان بە بێ ئەوەی سەیری عەباسجان بکات، وتی:

ــ گوێ لە قسەم ڕابگرە عەباسجان. جێگەی لە سەر ڕۆیشتن نییە، دەرفەتی ئەوەش نییە. لە بن زمانتدا تا دە بژمێرە و پاشان بیڵێ. ئەوسا ڕاستەکەشی بڵێ. ئەگەر جگە لەوە بێ، هەر لێرە ئەت نێژم و دنیایەک لە شەڕی نگریست ڕزگار ئەکەم!

بەڵخی سەری زریزەکەی توند و تووڕە لە دەور دەستی ئاڵاند. خاچ ڕوانیە چاوەکانی عەباسجان و وتی:

ــ بڵێ! پێت ئەڵێم بیڵێ! چی ئەزانی، هەرچی کە ئەیزانی بیڵێ! بڵێ چیت بیستووە. ئەوەی کە بیستووتە. هەرچی بێ، هەر شتێک کە گومانت بۆی چووبێ. هەر شتێک کە شکت لێکردبێ. هەمووی بڵێ! تۆ لە سەرەتای ئەم زەماوەنەوە دەستت لە ناو کارەکاندا بووە، بەر لەوەش هەر وەتر. فەرمانت بردووە، هەواڵت هێناوە و بەملا و ئەولادا هاتوویت و ڕۆیشتوویت. ئێستە، ئێستە ئەبێ زمان هەڵبڕی، ئەگینا زمانت لە پشت سەرتەوە دەر ئەکێشمە دەرەوە!

عەباسجان لە بن نیگای زاڵی بەڵخیدا، گلێنەکانی ئەلەرزی و هەوڵی ئەدا تا بە نیگای پڕ لە پاڕانەوەوە داوای یارمەتی لە بەرات و خاکی بکات. بەڵخی بەڵام دەرفەتی نەدا، دەستی کرد بە گیرفانیدا و گەلایەکی دوو تمەنی گرمۆڵەکراوی لە گیرفانی ئێلەکەکەی دەرهێنا، خنی بە ناو دەستی عەباسجاندا و وتی:

ــ ئەمەش، دەی، جا بیڵێ!

عەباسجان دەستە ڕەقەڵەکەی بە دەور گەلا گرمۆڵەکەدا هێنایەوە یەک، چاوی بە دەوروبەردا گەڕاند و وتی:

ــ لێرە، لێرە، ئەگەر من لەگەڵ ئێوە ببینن، هەر کەس بتان بینێ بەدگومان ئەبێ، گومانتان لێ ئەکا!

بەڵخی لە سەر بەردەکە هەڵسا و ئاتەکەکانی پاڵتاوەکەی تەکاند و وتی:

ــ وایشە، ڕاست ئەکا، ڕاست ئەکا، پیاسە ئەکەین. ئەڕۆین بەرەو ماڵەوە! ئەڕۆین بۆ ماڵی ئێمە!

لە ماڵی بەڵخی، عەباسجانیان یەکسەر برد بۆ وشترخانەکە و لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دایاننا. عەباسجان ئەوەی کە لە ناو ڕێگە بە پچڕ پچڕی وتبووی، جارێکی دی وتیەوە. هەم ئەوەی لە دیواخانی ماڵی بوندار بیستبووی، هەمیش ئەوەی لە دیواخانی

تەلەفوونچی بەرگوێی کەوتبوو. ئەوەندەی لە بیری مابوو، وشە بە وشە گێڕایەوە و وتی: بەرەنجام ئەوەی کە ئەو مەبەستیەیان هەیە، بەڵام ئایە ئەمڕۆ یان ئەمشەویان بۆ ئەو کارە دانابێ، ئاگام لێ نییە.

ــ هەر ئەوەندە؟

عەباسجان قنچکە سیگارەکەی لە بن پێیدا کوژاندەوە، لە سەر لێواری ئاخوڕەکە هەڵسا و وتی:

ــ من ئەزانم کە ئێوە بڕوا بە سوێندەکانی من ناکەن، بەڵام بەو پێغەمبەری خوایە سوێند ئەخۆم لەوە زیاترم نەبیستووە. حەز ئەکەی ئەوەش پارەکەتان!

بەڵخی مشتی عەباسجانی دایە دواوە کە پارەکەی بۆ ڕاگرتبوو. لەگەڵی لە دەرگای وشترخانە هاتە دەرەوە، تا کۆڵان بەڕێی کرد و بەرلەوەی عەباسجان جیا ببێتەوە، وتی:

ــ نرخەکەت خۆ بۆ دەرکەوت؟ زیادیشی ئەکەم. ئیتر چاوەڕێی ئەوە مەبە من بێم بە دواتدا و بۆت بگەڕێم! هەر کات خۆت شتێکی بەکەڵکت دەست کەوت وەرە بۆ ئەم ناوە!

ــ مسۆگەر، دڵنیابە درێخی ناکەم پاڵەوان. دڵنیابە!

عەباسجان ئەمەی وت و بەرەو ماڵی خۆیان کەوتە ڕێ. بەڵخی گەڕایەوە و چوو بۆ وشترخان. لە سەر لێواری ئاخوڕەکە دانیشت و وتی:

ــ مووسا! ئەبێ بە جۆرێک مووسا ببینم!

خاکی وتی:

ــ مووسا چی پێ ئەکرێ؟ ئەبێ بەلووچ ئاگادار بکەینەوە!

ــ بەلووچ؟!

خاکی وتی:

ــ چارە نییە. ئێمە زۆر خراپ خۆمان جیا کردۆتەوە. خراپمان کرد نەڕۆیشتین و خۆمان تێکەڵی زەماوەنەکە نەکرد. مرۆڤ لە ناو شەڕەکەدا بێ باشترە لەوەی لە دەرەوە ڕابوەستێ. ئەوسا

ئەبێ لەگەڵ ئەم و ئەویش وەکوو دز قسان بکەین!

بەڵخی وتی:

ـ نەمان ئەتوانی خۆمان تێکەڵ بکەین، نەمانتوانی! چۆن ئەمانتوانی بڕۆین لە هەمان ماڵ، لە سەر سفرەی زەماوەنیان دابنیشین، کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر هەر لەوێ ئەشکەنجەیان کردووین؟! سەخت بوو ئیتر، سەختە، ئیترا!

خاکی وتی:

ـ منیش ناڵێم سادەیە. زۆریش سەختە، زۆر زۆر. بەڵام، هەر جۆرێک بوایە نەئەبوا خۆمان جیا بکەینەوە.

بەڵخی وتی:

ـ هیشتاش درەنگ نەبووە. هێشتاش درەنگ نەبووە. ئێتر ئەهێنێ کە مرۆڤ خۆیشی بشکێنێ ئەگەر پێویست بکات.

بەراتی سالار دەستی هێنا بە ڕوومەتی‌دا و وتی:

ـ من ئەڕۆم بۆ زەماوەن. هەرچی چۆن بێ کوڕی سالار ڕەزاقم. درەنگ لە دەشت گەڕاومەتەوە و پاشانیش خەو بردوومیەتەوە، ئێستەش خەریکم ئەچم بۆ شایی. ڕاست ئەچم بۆ چێشتخانە، بۆ بەردەستیی باوکم. کێ ئەتوانێ قسە لە کاری مندا بکات؟ ها؟ مەگەر یەک دوو بێتام، پلارێکم تێبگرن، ئەویش گرنگ نییە.

لەگەڵ بەراتی سالار، خاکی و بەڵخیش هەڵسان. لە وشترخانەوە چوونە حەوشە. بەر لەوەی بەرات جیا ببێتەوە، خاکی وتی:

ـ بەلووچ! یەکەم ئەبێ بەلووچ ئاگادار بکەی. ئێمە بە دواتدا دێین بۆ ئەو ناوە.

بەراتی سالار پێی نایە کۆڵان و بەڵخی دەرگای وشترخانی بەست و چووە سووچی بەرهەیوانی ژوورەکە بۆ ئەوەی تۆزێک ئاو بخواتەوە. خاکیش ڕۆیشت گەرووی تەڕکا، هەمیش تۆزێک کاتەکە تێپەڕێنێ. ئاویان خواردەوە و هەڵسان و چوونە کۆڵان.

کۆڵان چۆڵ بوو. تاک و تەرا، ئەم و ئەو، لەملا و لەولا

ئەبینران. میوانە خۆییەکان هەروا لە ماڵی بوندار و سەیدی تەلەفوونچی بوون. میوانەکانی قەڵاچیمەن ـلە جووتیار و پاکار و خۆش نشین ـ گەڕابوونەوە ماڵە خۆیان و ڕۆیشتبوون بۆ ئەوەی جارێکیتر، شەو بێن بە پێشوازی بووکەوە. عەباسجانیش لە کۆڵان نەبوو. دەنگی دەهۆڵ و زوڕناش خەوتبوو و دواین کەس عەبدوله ڕەش بوو لەماڵی بوندار ئەهاتە دەرەوە و، چاوەشەکان ـمەرحەبا و کلۆ-ی بە دوای خۆیدا بۆ ماڵی خۆی، بۆ ماڵی سەنەما ئەبرد و ـرەنگەـ ئەیانی برد بۆ پێشوازیکردنی بووک، گەرم و ئامادەیان بکات.

محەمەمەدڕەزای گوڵخانم لە بن دیواری ماڵی تەلەفوونچی و بەرامبەر دیواری بانیجەی بوندار وەستا بوو. بەگمحەمەد لە سەر بانی بەرز ئەبینرا و تفەنگچیەکانی گوڵمحەمەد، بەس ئەو چەند کەسەی لەگەڵی هاتبوونە ناودێ، لێرە و لەوێ لە سەر بەرزایی بانەکان کێشکیان ئەکێشا. قوربان بەلووچ لە بانیجەی دیواخان و لە هەمان کاتدا گوێی لە وتووێژەکانی ناو دیواخان ڕاگرتبوو. بەڵخی و خاکی لە کۆڵان درێژەیان بە پیاسەکەیان دا. بە بەرماڵی بونداردا تێپەڕین و ماندوو نەبی‌یان لە محەمەمەدڕەزای گوڵخانم کرد.

ــ بەخێر هاتی پاڵەوان، کەم دەرئەکەوی؟!

ــ هەر کەس لە شوێنی خۆی دەرئەکەوێ، مەمەدڕەزا خان! زەماوەنی بوندارەکان جێی ئێمە نییە!

ــ مەبەست؟!

بەلووچ سەرنجی بۆ وتووێژەکەی بەڵخی و کوڕی گوڵخانم ڕاکێشرا و هاتە بەر محاجەرەکە. خاکی ڕوانیە بەلووچ و بەڵخی بە شێوەیەک کە بەلووچ ببیسێ وتی:

ــ لە لایەن ئێمەوە سڵاوی سەردار بگەیەنە و هەمیش لە لایەن ئێمەوە پێی بڵێ ئێمە سەری سەردارمان بە سڵامەتی و سەرفرازی ئەوێ، چاوی دوژمنەکانی کوێر!

قوربان بەلووچ بە پێکەنینێکی پوخت سەری بۆ محەمەمەدڕەزای گوڵخانم ڕاوەشاند و خۆی کەوتە پیاسەکردن.
محەمەمەدڕەزای گوڵخانم لە وەڵامی بەڵخیدا وتی:

ــ قەڵاچیمەن بەدەس خۆمانەوەیە، پاڵەوان؛ دەوراندەوری! کێ بێ بوار لە ناو ئەدا؟

بەڵخی بە دەم تێپەڕینەوە، وتی:

ــ ئێمە لەسەرمانە بیڵێین. ئێمە زمانی دۆستین. چاوی دوژمنانی کوێر. ئێمە سڵاومان هەیە بۆ سەردار!

خاکی و بەڵخی بەرەوخوار بوونەوە. بەگمحەمەد لە سەر بانەوە ڕوانیە قوربان و پرسیاری کرد ئەو دووانە کێن و چکارەن و چییان ئەوت. بەلووچ ئەوەی تێی گەیشتبوو و ئەیزانی بۆ بەگمحەمەدی وت. بەگمحەمەدیش بە هەمان زمانی خۆیی کە بەلووچ لەگەڵی دووابوو، شادمانی و خۆشی خۆی دەربڕی و وتی:

ــ کەوابێ زۆر بە تەنها نییە کاکەبرام!

ئەوا بەراتی سالار لە ناو حەوشەی ماڵی بوندارەوە هاتبوویە بانیجە و لای بەلووچ وەستابوو و ئەیڕوانیە بەگمحەمەد. بەگمحەمەد دەستەکانی بە شەوقەوە هێنا بەیەکا و دوربینەکەی لە بەر پشتێنەی دەرهێنا و نای بە چاوییەوە. بەلووچ ڕووی کردە بەراتی سالار و چاک و چۆنی کرد. بەراتی سالار وای دەرخست بۆ دیتنی گوڵمحەمەد هاتۆتە بانیجە. ڕاستیەکەشی خەڵکێکی زۆر، زۆربەیان گەنج و مێرمنداڵ، لە بەر دەرگای دیواخان بۆ بینینی گوڵمحەمەدی سەردار کۆ ببوونەوە و بەلووچ ئەبوایە بیانکاتە خوارەوە. بۆیە دەستەکانی کردەوە و خەڵکەکەی بەرەو پلیکانەکان دەنگ دا:

ــ چۆڵی کەن، چۆڵی کەن! زووبن، یاڵڵا! خوارەوە، خوارەوە، خوارەوە!

قوربان بەلووچ بێکارەکانی لە پلیکان ناردە خوارەوە و خۆی گەڕایەوە بۆ لای بەراتی سالار. ئەوا جگە لە بەلووچ و

بەراتی سالار، ئەسڵانی بوندار و چەکدارێکیش لە بانیجە بوون. چەکدارەکە لە نزیکی پلیکانەکان و لای دیواری ڕوو لە ئاغەڵەکە وەستا بوو و ئەسڵانی بونداریش بە جلی زاوایەتی و بەدەستی خەناوی، لە قەراخ محاجەرەی ڕوو بە حەوشە پیاسەی ئەکرد. زاوا بە ڕواڵەت ئارام بوو، بەڵام بە تۆزێک لێوردبوونەوە دەر ئەکەوت کە ناخێکی هەژاو و نیگەرانی هەیە.

بەراتعەلی سالار ڕەزاق لە سەر لێواری پلیکانەکانی سەربانی بەرز دانیشتبوو و سەیری ئەسڵانی ئەکرد. ئەسڵان تا لێواری دیوارە کورتەکەی بەرەو کۆڵان ڕۆیشت و بە بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە گەڕایەوە و کەوتە پیاسە کردن. بەراتی سالار نیگای لە سەر ئەسڵان گواستەوە، ڕوانیە بەلووچ و بە پرسیار سەری ڕاوەشاند. بەلووچیش بە نیشانەی نازانم، شانی هەڵتەکاند. بەراتی سالار بە ئەمازەی سەر، بەلووچی بانگ کرد بۆ لای خۆی و بەلووچ لێی نزیک کەوتەوە و شانی بە دیوارەکەوە و نیوروخی لە بەراتعەلی ڕاوەستا و وای دەرخست کە هۆش و ئاگای لە ناو دیواخانە. بەراتی سالار بە پرسین پرسی:

ــ چ باس هەیە ئەمڕۆ؟

هەر بەو کپیە، بەلووچ پرسیەوە:

ــ چ جۆرە باس و هەواڵێک؟!

ــ بۆ سەردار، بۆ گوڵمحەمەد پیلانێک، داوێکیان ناوەتەوە؟

ــ بۆچی، مەگەر شتێکت بیستووە؟

ــ نەک ڕاستەوخۆ، بەڵام لەملا و لەولا هەندێ شتم بەرگوێ کەوتووە.

ــ لە زمانی کەسێکت بیستووە؟

ــ لە عەباسجان، ئەو هەندێ شتی ئەوت.

ــ کە وا بوو وریا بن!

ئەسڵان جارێکیتر گەیشتە دەنگبیسی بەلووچ و بەرات. پیاوەکان خامۆش بوون و ئەسڵان بە لای بەرەو کۆڵاندا، لای

محاجەرەکە وەستا. بەراتی سالار پەنجەی لە پەنجە هەڵپێکا. سەری داخست و بە تەختی گیوەکانی لە سەر خۆڵی بانیجە کەوتە پێ کوتان. بەلووچیش لە درزی دەرگای دیواخانوە، سەری کێشایە ژوورەوە.

قوربان بەلووچ، خۆیشی کەمتر لە بەراتی سالار نیگەران نەبوو. ئەو بەگوێرەی پێشینە و ئەزموونی خۆی، لە هەر ساتێکدا چاوەڕێی ڕوودانی ڕووداوێک بوو. ڕووداوێک کە خۆیشی نەی ئەزانی چۆن ئەتوانێ ڕوو بدات. نەی ئەزانی ڕووداوەکە چ شێوە و شێوازێکی ئەبێ، بەڵام ئەیزانی ڕووداو شێوە و شێوازی جۆراوجۆری زۆری هەیە. شێوە و شێوازی جۆراوجۆر و گونجاو. لەو جۆرەی کە بەر لە ڕوودانی هیچ گەڵاڵەیەکی لە مێشکی مرۆڤدا نییە.

بەلووچ لە یەکەم نیگای بۆ ناو دیواخان تێگەیشتبوو کە سەرتیپ فەربەخش لای سەرووی ژوورەکە، لە ژێر پەنجەرەکەدا دانیشتووە. ئالاجاقی لای ڕاستیەوە، لە سووچی لای سەرەوە، ئانیشکی داداوەتە سەر جێوبانەکە و لە سەر چۆکێک بەرامبەر بە گوڵمحەمەد دانیشتووە. گوڵمحەمەد لە چەپی فەربەخشەوە، بە بێ ئەوەی پشتیی یان جیوبانێکی خستبێتە بن باڵی، بەرامبەر ئالاجاقی بوو. گوڵمحەمەد چوارمیلکان لە سووچی لای ژوورەوە و بڕنەوەکەی نابوویە سەر ڕانی. تۆزێک لە خواری گوڵمحەمەدەوە خانئاپۆ دانیشتبوو و هەرچەند گوێی لە وتووێژەکان بوو، بەڵام نیگای زیاتر لە دەرگاکە بوو و سەیری دەرەوەی ئەکرد. بە جۆرێک کە لە کەمترین کاتدا ئەیتوانی لە ئەماژەی بەلووچ تێبگات. بابقولی بوندار لای خوارەوەی ژوورەکە و لە نێوان میوانە نە زۆر گرنگەکانی خۆیدا لە سەر هەر دوو چۆک دانیشتبوو. پشتی لە دەرگاکە بوو و شانی دەرپەڕیو و پشت گوێ و دەمارەکانی ملی دیار بوو. لای سەرەوە، لە خواری ئالاجاقی، خانی تاڵاوا دانیشتبوو و خامۆش پاڵی دابوو بە پشتیی بەر هەورێشمەوە و یاری بە

پەنجە قەڵەو و ئەستوورەکانی ئەکرد.

بەلووچ ئەیتوانی لە بن دەرگاکە دابنیشێ و گوێ لە وتووێژەکان ڕابگرێ، بەڵام ئۆقرەی نەئەگرت. بۆیە هەروا خۆی ڕەقاندبوو بە دیوارەکەوە و خۆی بە بەرپرس ئەزانی گوێی لە هەر دەنگێگ بێ و هەر بزووتنێک لە بەر چاو بگرێ. گفتوگۆ لە نێوان میوانەکانی بوندارردا درێژەی پەیدا کرد و ئالاجاقی، لە درێژەی وتووێژەکاندا، پرسی:

ــ دەی، پێمان بڵێ با بزانین یەخسیرەکەت لە کوێیە؟!

گوڵمحەمەدیش بەهەمان مایە لە تەوس و تاڵی وەڵامی دایەوە:

ــ هێشتا زیندووە!

ئالاجاقی بە پرسیارەوە وتی:

ــ وای بۆچووبووین ئەتەوێ بیهێنی و بیدەیتە دەس ئێمە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ڕەنگە مەبەستێکی واشمان هەبووبێ!

ئالاجاقی ئەرباب، بەباشی زانی، ئاشناکەی خۆی گوڵمحەمەد، بە تەوس و پلار نەورووژێنێ. چونکە ئەمجارەیان گوڵمحەمەدی بە شێوەیەکی دی ئەبینی و ترسی ئەوەی هەبوو کە گوڵمحەمەد زمان نەپارێزێ و لە ئەنجامدا ئەو پەردە درۆینەی لە نێوان خۆی و ئەوانیتردا هەڵیواسیبوو بە خەنجەری تیژی گوتەکانی سەردار دادڕێ و نەمێنێ. بۆیە لەبری درێژەدان، بێدەنگ بوو و وا دەرئەکەوت بۆ ئەوەی وتووێژکە بدا بە سەرتیپ فەربەخش، ڕووی کردە فەربەخش.

سەرتیپ فەربەخش قنچکی سیگارەکەی کوژاندەوە. بە پێکەنینێکی نەرم، بە پرسەوە ڕوانیە گوڵمحەمەد و وەک بڵێی گوڵمحەمەد وەڵامی پرسیارە خامۆشەکەی فەربەخش بداتەوە، وتی:

ــ نەجەف سەنگردی دوو مرۆڤی کوشتووە، دوو کەس

لە جووتیارەکانی خۆی بە کادوو خنکاندووە! کامە مرۆڤی بە ویژدان کاری وا ئەکات؟ هیچ تاوانێکیان نەبووە ئەو دوو پیاوە ڕۆژە ڕەشە، هیچ تاوانێک. تەنها لە بەر ئەوە کوژراون کە تاوانی کوشتنەکەیان بخرێتە ئەستۆی گوڵمحەمەدەکان! ئێستەش، جەنابی فەربەخش تۆ بڵێ، ئەگەر تۆ لەبری من بوایەتی چیت ئەکرد؟!

لەبری فەربەخش، ئالاجاقی وتی:

ــ ئازادم ئەکرد!

ــ کێت ئازاد ئەکرد خان!

ــ نەجەف ئەرباب!

ــ ئەی خوێنی ئەو دوو جووتیار چی لێدێ؟

ــ پاشان، پاشان ڕوون ئەبێتەوە کە چی ئەبێ. لە کوێوە دیارە تاوانی خودی جووتیارەکان نەبووە؟! ئەوەندەی دڵۆپە نەوتێک لە فانۆسەکە بڕژێتە سەر کای وشک و گڕ بگرێ، کادێن پڕ ئەبێ لە دوومان. کای وشک و تەڕە ئیتر!

ــ ئەی حاجی سوڵتانخورد کردوویەتە سەربان و ناوی ئێمەی داوە بە گوێی خەڵکەکەدا چی؟ خوێنی ئەو دوو جووتیارەیان خستۆتە ئەستۆی ئێمە ئێستە!

ــ ئەمە خۆ شتێکی گرنگ نییە، گوڵمحەمەد خان! تۆ مەگەر خوێنت نەکردووە، یان خوێنت نەدیوە کە بەو جۆرە خۆت قەڵس کردووە؟ قسەیەکە کراوە و ئێستەش وەرئەگیرێتەوە. چی تێ ئەچێ؟! حاجی بانگ کە با بێت بۆ ئێرە، بوندار!

لەسەر داوای ئالاجاقی و لە بێدەنگی گوڵمحەمەددا، بوندار هەڵسا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە و لە بانیجەوە حاجی سوڵتانخوردی لە ماڵی سەیدی تەلەفوونچی بانگ کرد. حاجی خورسوفی لە دەرگای دیواخانی ماڵی تەلەفوونچی هاتە دەرەوە، مێزەرەکەی بە سەریەوە ڕێک کرد و گیوەکانی لەپێ کرد. بوندار پەیامەکەی ئالاجاقی بە حاجی سوڵتانخورد ڕاگەیاند و خۆی

گەڕایەوە ناو دیواخان و وتی:

ــ ئەوا هات، ئەربابا!

ئالاجاقی بە بێ گوێدانە ڕاپۆرتە نە پێویستەکەی بوندار، درێژەی دا:

ــ ، لە سەر ئەم بناغەیە، جەنابی گوڵمحەمەد خان، لە سەر ئەم بناغە و بۆچوونە بە هەر هەمووومان ئەبێ چەرخی ڕۆژگار بگەڕێنین. تۆ بە پیاوانی تفەنگ بە شانت، سەرتیپ فەربەخش بە جەندەرمەکانی و ئێمەش بە جووت بەندەکانمان. هەمووومان ئەبێ لەم وڵاتەدا پێکەوە بژین. بۆیە ئەبێ لە زمانی یەکدی تێبگەین. ئێمە نابێ بهێڵین بێگانە دزە بکاتە ناومان و ئاگر بکاتەوە. خراپم وتووە، جەنابی تاڵاوایی؟!

ــ نەخێر، نەخێر.

ئالاجاقی بە دوایدا وتی:

ــ لەسەر ئەم بۆچوونەیە کە من حەز ئەکەم پەیوەندی و دۆستایەتی لە نێوانمان هەبێ. لە سەر ئەم بناغەیە کە من حاجی سوڵتانخورد ناچار ئەکەم!

حاجی سوڵتانخورد پێی نایە ناو ژوورەکە، سڵاوی کرد و بە لای بونداردا تێپەڕی و لە خوار تاڵاواییەوە لە سەر هەر دوو چۆک دانیشت. دەستەکانی خستە نێوان ڕانەکانی و سەری داخست. ئالاجاقی ئەرباب دەستی پێکردەوە:

ــ لەسەر ئەم بۆچوون و بناغەیە کە من حاجی سوڵتانخورد ناچار ئەکەم دەستی کچەکەی بخاتە ناو دەستی براکەت، بەگمحەمەد! خێر و چاکەی هەموان من لەوەدا ئەبینم.

ئالاجاقی ساتێک بە بێدەنگی ڕوانیە کۆڕەکە و پاشان وتی:

ــ خۆت ئەڵێی چی حاجی؟

حاجی سوڵتانخورد بەر لەوەی زمان بکاتەوە، تاوێک بە نکووڵی خۆی دوا خست. بەڵام ئالاجاقی دەرفەتی ئاخاوتنی پێ نەدا و وتی:

ــ زۆر چاکە ئیتر، بەسە! هەر لێرە بەڵێنەکەی بە خانئاپۆ بدە. بەڵێن بدە، هەر لێرە. لە بوونی جەنابی تاڵاوایی و جەنابی فەربەخشدا بەڵێن بدە! منیش هەر ئێستە ئەرێی تۆم ئەوێ، یاڵڵا!

حاجی سوڵتانخورد لووتە لارەکەی بەرەو ئالاجاقی گرت، تاوێکیش بەو دارەتە مایەوە و پاشان سەروملی بە سەر شانیدا خوار کرد و وتی:

ــ بڕیار، بڕیاری گەورەکانە. ئەگەر بەڕێزتان وای بە باش ئەزانن، من قسەیەکم نییە، خۆتان خاوەن بڕیارن!

ئالاجاقی ئەرباب دەستەکانی ڕاوەشاند و وتی:

ــ ئێشەڵڵا لە زەماوەنی بەگمحەمەد و لەیلێ لە خورسوف! بوندار، بڵێ پیاڵەکان پڕکەن، گوڵمحەمەد خان و خانئاپۆ ماندوون. ئەی کوانێن ئەم چاوەشانە؟!

بوندار هەڵسا و بە خێرایی چووە دەرەوە و پاش تاوێک لۆتی ڕوخەک و دەستەکەی لە چاپەزخانە هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی بە ساز و سڵاوەوە بێنە ناو کۆڕەکە. بوندار سینی و پیاڵەکانی دایە دەست ئەسڵان بۆ ئەوەی بیباتە ژوورەوە و شووشەیەکیشی خستە ناو دەستی جەیران بۆ ئەوەی ساقیگەری بکات. ناردیانیە ژوورەوە و خۆی لە لای بەلووچ پێی سست کرد و بە شادمانی وتی:

ــ بە بەگمحەمەد خان بڵێ بوو بە زاوا، زاوایەتی پیرۆز بێ!

بوندار پێی نایە ژوورەوە، بەڵام لە ناو دەرگاکە ئاوڕی لە قوربان بەلووچ دایەوە و وتی:

ــ بە بەگمحەمەد بڵێ ترۆمبێلمان ناردووە بە دوای بووکدا، لە نکاو تەقەیان لێ نەکا!

بەلووچ لە قەراخ دەرگاکە کشایەوە و ئەوەی بوندار وتبووی بۆ بەگمحەمەدی گێڕایەوە. بەگمحەمەد بە ناباوەڕییەوە شانی هەڵتەکاند، بزەیەک گرتی و بە زمانی خۆیی وتی:

ـ چەن کولۆگورج؟!

بەلووچ ئیتر هیچی نەوت. بەڵام لەپڕ هاتەوە بیری کە ئەتوانێ بەو بیانووە بچێتە سەربان و بەرەو پلیکانەکان کەوتە ڕێ. ئەسڵانی بوندار کە هەروا دڵنیگەران بوو، لە ناو جلە شەق و ڕەقەکانیدا بە دەور خۆیدا ئەخولایەوە، بەلووچی لە سەر یەکەم پلیکان ڕاگرت و وتی:

ـ ئەچیتە سەر چاوێک بگێڕە بەرەو ڕێگەی قەڵات بزانە کەس دیار نییە؟ خۆ ئەوەندە دوور نییە!

بەلووچ وتی باشە و سەرکەوتە سەربان و لای بەگمحەمەدەوە، بۆ سەیرکردنی ڕێگەی قەڵاتی خوێناڵ دەستی گرت بە سەر برۆیەوە.

ـ ها، دەنگوباس؟

لە وەڵامی بەگمحەمەددا، بەلووچ ئەوەی لە ناو دیواخان ڕووی دابوو بۆی گێڕایەوە. بەگمحەمەد دیسانەوە پرسی:

ـ ئەو دووانەی لەگەڵ کوڕی گوڵخانم قسەیان کرد، چییان ئەوت؟

بەلووچ وتی:

ـ بەد گومانن، خۆیین.

ـ گومانیان لە کێ هەیە؟

ـ لە ئاغەکان!

ـ بڵێ لە ئالاجاقی ئیتر، وانییە؟

ـ وای دابنێ.

ـ خۆت چۆنی بۆ ئەچی؟

بەلووچ وتی:

ـ لەگەڵ سەردار گفتوگۆم کردووە لەم بابەتەوە لە قەڵامەیدان. بەرد و شووشە لە توورەکەیەکدا ناگونجێ!

بەگمحەمەد پرسی:

ـ بۆیەشە ئەمڕۆ داویان ناوەتەوە؟

ــ نه بۆ ئەمڕۆ. ئەمڕۆ نەجەف ئەربابیان ئەوێتەوە. لەوە زیاتر لای تۆ نەبم باشترە. دیسانەوەش پرس و جۆ ئەکەم!

ــ بڕۆ!

قوربان بەلووچ لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و سینە بە سینەی ئەسڵان ڕاوەستا. ئەسڵان پرسی:

ــ هیچ دیار نەبوو؟

ــ من کە نەمبینی. کێ ڕۆیشتووە بۆ بووک هێنان؟

ــ سەیدی تەلەفوونچی، دایکم، جەلیل ئاغە و شەیدا. کوێخا حەسەنیش وابزانم لەگەڵیان چووە.

بەلووچ وتی:

ــ ڕەنگە ئەیانەوێ بە جۆرێک بێنەوە کە شەو لێرە بن. بە دوو ترۆمبێل ڕۆیشتوون؟

ــ وابزانم.

ئەسڵان لەوە زیاتر بۆ وتووێژ ڕانەوەستا. وەرسووڕا و بە ئەندێشەی خۆیەوە کەوتەوە ڕێ. بەلووچ ڕوانیە ناو دیواخان. چاوەشەکان خەریکی سەما بوون. سووڕی داوێنی کراسەکەی جەیران، وەکوو پەلکە زێڕینە بەبەر چاوی بەلووچدا تێپەڕی. بەلووچ ڕووی وەرگێڕا و بوندار هاتە دەرەوە و بە بەلووچی وتی:

ــ میرخان بانگ کە، بە جارێ لە بیرم کردبوو. ڕەنگە ئەویش بۆ خۆی خەو بردبێتیەوە! بڕۆ هەڵیسێنە و بیهێنە!

بەلووچ بە پلیکانەکانی بانیجەدا چووە خوارەوە، لە حەوشە پەڕیەوە و پێی نایە ناو کۆڵان و بەر لەوەی لە جۆگەکە بپەڕێتەوە، چاوی بە نادعەلی چوارگوێشلی کەوت لە لای خواری کۆڵانەکەوە ئەهات. نادعەلی دەسکەوساری ئەسپەکەی دابوو بە شانیدا و تلی ئەدا. نادعەلی و ئەسپەکە، هەر دووکیان خەوتوو و شەکەت بوون. بەلووچ لە جۆگەکە پەڕیەوە و پاش تاوێک، لە باریکە بانیجەی ماڵی تەلەفوونچیەوە بانگی لە ئەسڵان کرد و پێی وت کە پوورزای بەڕێوەیە. ئەسڵان هاتە بەر محاجەرەکە و ڕوانیە ناو

کۆڵان و بە نارەزاییەوە سەری لەقاند.

نادعەلی وڕ و گێژ، چوارینەیەکی لە بەر خۆیەوە ئەوتەوە و لە ماڵی بوندار نزیک ئەبوویەوە. لە ماڵەکە نزیک کەوتەوە، ڕاوەستا و دەستی بە دیوارەکەوە گرت و سەری ڕاوەشاند، بە جۆرێک کە ئەتوت خەریکە مەتەڵێکی دژوار لە ناو مێشک و کاژەرەیدا شیکار ئەکات.

قوربان بەلووچ، میرخان و یەک دوو میوانی دی لە دەرگای ماڵی تەلەفوونچی هاتنە دەرەوە، دایان بە لای نادعەلیدا و چوونە حەوشە. بەلووچ لە ناو کۆڵان، لای چوارچێوەی دەرگاکە ڕاوەستا و چاوەڕێی کرد تا نادعەلی بچێتە ژوورەوە، بەڵام نادعەلی هەرا لەگەڵ خۆی و بە خۆیەوە خەریک بوو و گوتەیەکی نامۆ، شتێکی بە ئاوایەکی یەک هەوا ئەوتەوە و لە هەموو ڕاوەستانێکدا بە خاوی سەری ئەجووڵاند.

ئەسلانی بوندار، لە سەر سەری نادعەلی و بەلووچەوە، دەق و بە پۆز لە بەر محاجەرەی بانیجە وەستابوو و لە کاتێکا جارجارە سەروشانی هەڵئەتەکاند، سەیری نادعەلی ئەکرد. نادعەلی چەند ساتێکی نەبزووت سەری داخستبوو و چەناگەی نابوو بە چەڵەمەی سینەیەوە و پاشان سەری هەڵێنا و لە چاوەکانی بەلووچ مۆڕ بوویەوە، باش سەیری کرد و وتی:

ـ ڕۆژێک دێت کە، تۆیش ئیتر لێرە، لەم شوێنەی ئێستەدا نەبی، بەلووچ! نە تۆ، نە من و نە ئەم دەمە. ئا ئەم کاتە! وای بۆ ئەچم، ئەمە. تێم ئەگەی ئەمەوێ بڵێم چی؟! واتە، مەبەستم ئەوەیە کە من و تۆ لێرە ڕاوەستاوین و خەریکین سەیری یەکدی ئەکەین. بەڵام ئەوەندەی خەریکین سەیری یەکدی ئەکەین، سەیری یەکدی ئەکەین! ئاخ، خوایە گیان زمانێکم پێ بدە بۆ ئەوەی بتوانم ئەو بیرەی خۆم. ئەوەی کە بیری لێ ئەکەمەوە بە زمان دەری ببڕم. چەندەی ماوە بۆ کاتی شێوان، بەلووچ!

ـ باش نازانم ئەرباب، هەوا لە بەیانیەوە بەم جۆرە هەورە.

ـ لەوە ناچێ خۆر داچووبێ؟

ـ پێم وانیە!

ـ کە وا بوو، ئەم ئەسپەی من ببە بۆ گەوڕ و ـ سوێندت ئەدەم بە هەرچی ئەیپەرستی ـ کۆزەرە جۆیەک بکەرە بەری. ئاخر، ئەو نەگبەتە چ تاوانێکی کردووە کە بووە بە مینەگی من؟! وەرە، وەرە کاکە گیان، وەرە، تۆ مرۆڤێکی بە ویژدانی، من ئەم ئەسپە بێ زمانەم ئەدەمە دەس تۆ. وەرە دەسکەوسارەکەی بگرە براگیان!

بەلووچ چووە بەرەوە و نادعەلی ڕەشمەکەی دایە دەستی. بەلووچ ئەسپە سپی نادعەلی بردە حەوشە و نادعەلی کەسەخەکەی داکەند و دای بە شانیدا، قۆڵی هەڵکرد و بە هەمان وڕی و گێژی لە سەر جۆگەکە دانیشت و دەستی برد بۆ ئاوەکە. ئەسلان لە سەر بانیجەوە هەروا سەیری پوورزاکەی ئەکرد و بە تاڵی تەوسخەندەی ئەکرد. نادعەلی لەپڕ ئەتوت ورووژا، مشتی کوتا بە ئاوەکەدا و ڕق هەستاو وتی:

ـ «گێژ و پووچ بووم! لەوەش خراپتر ئاوەزی خۆم ون کردووە. چۆن ئەتوانم دەستنویژ بگرم؟! خاک، دەستنوێژ ئەبێ بە خاک بگرم. خوا هۆش بە من و پارە و داراییش بە دزە گەنخۆرەکان بدات! ڕزگاریی، ڕزگاریی!»

لەسەر چۆکی ڕاست بوویەوە و سەری بە لای چەپدا، بە لای گوێ ساخەکەیدا خوار کرد. تۆزێک بەو دارەتە ڕاوەستا و پاشان دەستە تەڕەکانی بردە بن باخەڵەکانی و بێ توانای بەرگری لە لەرزینی ئەژنۆکانی، خۆی هاویشتە ناو حەوشەکە و بەرامبەر بابە گولاو ـ یەکەم کەس کە توانی ببینێ ـ وتی:

ـ دزەکان، دزە مردوو خۆرەکان! ئەمڕۆ چەن دزی ئابڕوودار هاتوون بۆ زەماوەن؟!

بابە گولاو دەرفەتی نەکرد دۆعا بکات و نەشی زانی ئەبێ چی بکات. ئەسلان ڕووی لە کۆڵانەوە وەرگێڕا بۆ حەوشە و بەچاوی

هەموو شوێنێکی ئەکرد بە دوای نادعەلیدا. بابقولی بوندار بە هاتنی نادعەلی زانی، لە دالانەوە غاری دایە حەوشە و قۆڵی خوشکەزاکەی گرت و بەرەو ژووری نوورجیهان پەلکێشی کرد. لە بەر دەرگای ژوورەکەی نوورجیهان، ئەتوت یەکەمجارە نیگای بوندار سەر و سەکوتی نادعەلی ببینێ و خوشکەزاکەی بەو دەسرەیەی بەو شێوە ناحەزە لە سەر و گوێی هەڵبەسترابوو، بەرچاو بکەوێ. نادعەلیش بە بێ گوتە لە خاڵی مۆڕەوە ببوو و سارد و تاڵ تێی ئەڕوانی. دیداری خانەخوێ و میوان، خاڵۆ و خاڵۆزا، بە بێ سڵاو و گوتە پێک هاتبوو و بوندار لە خۆڕا چاوەڕوانی گوتەیەک بوو لە لایەن نادعەلی حاجی حسێنەوە. پاشان لە کاتێکا جەوانەکەی ئەبردە ژوورەکەی نوورجیهان، پرسی:

ـ ئەمە چ سەر و سەکوتێکە بۆ خۆتت دروست کردووە؟

نادعەلی بە تەشەرەوە وەڵامی دایەوە:

ـ زەماوەنە خاڵۆ گیان، مەگەر زەماوەن نییە؟! جا، منیش لە قەشمەرەکانی ئەم "شەوگەڕ"ەی تۆم. شتێک وەکوو یەکێک لە چاوەشەکانی لۆتی ڕوخەک!

بوندار پاڵی نا لە تایەکی دەرگاکەوە و لە کاتێکا پیشی ئەخواردەوە، ددانی لە کیرەوە هێنا و وتی:

ـ کەی ئەتەوێ ببی بە ئادەمیزاد، نادعەلی؟!

نادعەلی لە سەر باوەڵی نانەکە دانرا و بە هەمان تاڵی و تەوسەوە وتی:

ـ من ئادەمیزاد بووم خاڵۆ گیان. بەڵام کوڕی ئەربابەکەی تۆ ـ بە گومانی ئەوەی کە من بەرخمـ گوێی بڕیم! ئێستە ئیتر نیشانە کراوم. لە ناو ڕانێکی هەزار سەریدا ئەم بەرخە گوێ بڕاوە ئەناسرێتەوە. شوان و ئاغەم ئەتوانێ دڵنیا بێ ئیتر ونم ناکات. دڵنیای ئەوەش لە کوشتارگەش لێی ون نابم!

ـ گوێی تۆی بڕی؟! ئەوە ئەڵێی چی؟! کوڕی ئەربابەکەی من

گوێی تۆی بڕی؟ جەلیل ئاغە؟ ئەرێ؟

ـ بەڵێ خاڵۆ گیان! گوێی منی بڕی، ڕۆژی دوێنێ، جەلیل خانی ئەرباب! ئەم دوێنێی خودا، لە چاخانەی مەلەک مەنسوور، لە بەر چاوی هەموان! لە بەر چاوی ئەو لۆتیانەی کە ئەو ئەیهێنان بۆ زەماوەنی کوڕی خاڵم، گوێی منی بڕی! بە ڕاستمە، بە خوا بە ڕاستمە! بڕوا بکە درۆ ناکەم، بەخوا! وەرە، ئەوە پەڕۆکە ئەکەمەوە بۆ ئەوەی بڕوا بکەی. ئەها، ئەیکەمەوە. بەم جۆرە، ئا، ئا! جا ئێستا باش سەیر بکە، بۆ ئەوەی بزانی درۆ ناکەم! نازانم، نازانم جەلیل ئاغە بۆ ئەو کارەی کرد؟ نازانم، تۆ ئەزانی بۆ! دەفەرموو چاوەکانت بکەرەوە. چاوەکانت بکەرەوە و گوێم ببەستەوە. ئەم پەڕۆی پێوە ببەستەوە، ئەتوانی؟ خوێنەکەی ئەبێ وشک بووبێتەوە ئیتر، وانیە؟ بیبەستە، بیبەستە، خوێنەکەی وشک بووە، ناچێ لە دەستەوە! مرۆڤ دڵی ئەسووتێ سەیری ئەکا، هەهێ!

بوندار دەسرەکەی لە سەر برینی گوێی خوشکەزاکەی بەست، لە سەر باوەڵەکە هەڵیساند و لە سەر دۆشەکەکەی نوورجیهان داینا و وتی:

ـ بڕۆم، بڕۆم بڵێم پارووێک نان و گۆشتت بۆ بهێنن!

ـ بەرماڵێکم بەرێ!

بوندار لە دەریزانی تەنگەبەری ناو دەرگاکەدا ڕاوەستێنرا. نادعەلی پرسی:

ـ ناشێ خۆر داچووبێ، وایە؟

بوندار دەستی ڕاکێشا بۆ تاقچەکەی لای سەری نادعەلی و وتی:

ـ نا، وابزانم. بەرماڵەکەی نوورجیهان لەوێیە، لە سەر تاقچەکە.

نادعەلی سەروشانی وەرگێڕا، دەستی برد و بەرماڵەکەی هەڵگرت و جارێکی دی بونداری بە پرسیار ڕاگرت:

ـ ئەی خاڵۆژن لە کوێیە؟ ئەو خۆ هەمیشەی خوا لەم گۆشەیەی دنیادا دانیشتبوو!

ـ چووە بووک بهێنێ!

بوندار لەوە زیاتر نەوەستا و بەو ئەندێشەی کە نادعەلی خەریکی نوێژکردن ئەبێ، لە دەرگا چووە دەرەو و دەسبەجێ بای دایەوە بۆ ئاغەڵ و خۆی گەیاندە قەدیر کە خەریکی لەت و کوتکردنی بەختەی قوربانی بوو، وتی:

ـ هاوتاکەت پەیدا بووە، ڕابە و بڕۆ خڕی کەرەوە!

ـ هاوتاکەم ئیتر کێیە؟!

ـ نادعەلی!

ـ نادعەلی؟!

ـ بەڵێ! هەڵسە، ئەمکارە بدە بە مووسا و یەکی دی، سالار ڕەزاق یان عەبدولە ڕەش. ڕابە!

قەدیر هەڵسا و بە مووسای وت ئاو بکات بە دەستیدا. بوندار خۆی مەسینەکەی هەڵگرت، مووسای نارد بۆ گۆشت جنین و لە کاتێکا ئاوی ئەکرد بەدەستی قەدیردا، چرپاندی بە گوێیدا:

ـ دووری خەرەوە، بە جۆرێک لەم ناوە دووری کەرەوە. لێرە بیبە دەرەوە. بیبە بۆ ماڵی خۆتان، یان بیبە بۆ ماڵی سەنەما. قاپێک ئارەق و باییەیەک گۆشت هەڵگرە و نادعەلییش لەگەڵ خۆت بەرە. بیانوویەکی بۆ بینەوە، خۆت باشتر لێی ئەزانی. ئەگەر لێرە بێ قڕەیەک ئەنێتەوە. ئێستەشی مەست و گێژە. بیبە و دیسانەوەش بیدەرێ بەڵکوو لێی بکەوێت و خەوی لێبکەوێ.

بوندار مەسینە بەتاڵەکەی دانا و لەگەڵ قەدیر بەرەو حەوشە کەوتە ڕێ و وتی:

ـ گوایە لەگەڵ جەلیل ئاغە لە چاخانەی مەلەک مەنسوور بووە بە دەمەقاڵەیان، گوایە دەسیان داوەتە یەخەی یەک و

جەلیل ئاغەش دەستی داوەتە چەقۆ و کوتێکی گوێی بڕیوە!
ــ ها؟!

قەدیر لە قەراخ دیوارەکە بە حەپەساوی ڕاوەستا. بوندار لە قەڵەشی دیوارەکە پەڕایەوە و لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ــ سەیر کە ئەبێ چ ڕۆژێکم هەبێ من؟ پاش تەمەنێک بە ناخێری خەریکم ژن بۆ کوڕەکەم ئەهێنم! هەموو کارەکانی دنیا ئاڵۆسکاوە بەیەکا، هەموو شت تێکەڵ و پێکەڵ بووە.

بوندار و قەدیر لە بەر دەرگای ژوورەکەی نوورجیهان وەستان. قەدیر دەستی گرت بە باڵشمەی دەرگاکەوە و سەری بردە ژوورەوە، تاوێک ڕوانیە نادعەلی کە دەستی هەڵێنابوو و دۆعای ئەکرد، پاشان سەری هێنایەوە دەرەوە، بە دڕدۆنگی و حەپەسانەوە چاوی بڕییە بوندار و وتی:

ــ رووگە، ڕووگەی ون کردووە، ئەڵێی؛ وانییە؟!

بوندار کپ و نائارام وتی:

ــ خوا لە هەموو شوێنێک هەیە، لێی گەڕێ چۆنی پێخۆشە با وا بکات! نوێژەکەی کە تەواو بوو هەڵیگرە بیبە. هەر جۆر بووە هەڵیگرە و بیبە و لە بەزمەکە دووری بخەرەوە. هیوام بەس بە تۆیە، قەدیر. ئەگەر وانەبێ قڕە ساز ئەبێ. ئەوەندەت نەزانی جەلیل ئاغە لە قەڵات گەڕایەوە. ئەوانە بوون بە خوێنەخۆری یەکدی. ئەگەر لێرەش ددان لێک گیر بدەن، هەموو ماندووبوون و هەوڵدانەکەی من بەفیڕۆ ئەچێ. من ئیتر ناتوانم. ئەوی کەی لە ئەستۆی تۆ، من ئەڕۆم بۆ لای میوانەکان. ئەوی کەی لە ئەستۆی تۆ!

ئالاجاقی ئەرباب لە دیواخان هاتبوویە دەرەوە و لە بەر بانیجە وەستابوو. قوربان بەلووچ جارێکی دی لە شوێنی خۆی، لای دیوارەکەی دیواخان ڕاوەستابوو و سەیری ئالاجاقی ئەربابی ئەکرد. بەراتی سالار نەبوو و ئەسلانی بوندار، لە سەر یەکەم پێ پلیکانی دیواخان، دانیشتبوو و کزی کردبوو. بوندار هاتە بانیجە،

لە ئالاجاقی نزیک بوویەوە و بێدەنگ ڕاوەستا. نەی ئەوێرا قسە بکات و نەشی ئەوێرا بە بێ ئەوەی خۆشامایییەک بکات بە لایدا تێپەڕێ. بۆیە ناچار ئەبوایە ڕاوەستێ تا ئەو کاتەی ئالاجاقی فەرمان ئەدا:

ــ بڕۆ بانگی بکەرە دەرەوە ئەگەر دەم و زمانیت هەیە! ئەم بەلووچ ڕەش ـ سووتاوەش بکەرە خوارەوە!

بە دوای فەرمانی ئالاجاقیدا، بوندار بەرەو دەرگای دیواخان چوو و بەر لەوەی پێ بخاتە ژوورەوە، بە بەلووچی وت:

ــ بڕۆ بۆ یارمەتی سالار ڕەزاق بزانە چی لە گۆشتەکان ئەکات! بێکار لێرە ڕاوەستاوی کەچی؟

قوربان بەلووچ چوو بە دوای فەرمانەکەدا و بوندار پێی خستە ژوورەوە.

ــ بۆ وا شەڵەژاوی کوڕە؟

بە دەنگی ئالاجاقی ئەرباب، ئەسڵانی بوندار هاتەوە بە خۆیدا و لە سەر پلیکانەکە هەڵسا، ڕاست ڕاوەستا و وتی:

ــ بەڵێ ئەرباب؟! نەخێر ئەرباب!

ــ بۆ وا شەڵەژاوی؟ هەموو زاواکان شەوی یەکەم هەروان. بەڵام پاشتر بۆیان دەرئەکەوێ کارەکەیان سەرکەوتنی "نادر"ی نەبووە! پشتە نینۆکێک پەردە، خۆ دەزووی نەبڕ نییە! بڕوات بە خۆت هەبێ!

لە پێشدا خان ئاپۆ هاتە دەرەوە و دەستی لە سەر پیلکەی تفەنگەکەی ڕوانیە دەوروبەر، پاشان بە زمانی خۆیی شتێکی وت و گوڵمحەمەدیش هاتە دەرەوە و لە بن تاقی ناو دەرگای دیواخان ڕاوەستا. ئالاجاقی لێی نزیک بوویەوە و ئەماژەی بەوەی بکەونە ڕێ، وتی:

ــ ئەمویست پێکەوە پیاسە بکەین. هەوای ژوورەوە خەفەیە و منیش ڕەبووم هەیە!

گوڵمحەمەد لە وەڵامدا وتی:

ــ خراپ نییه. ئەژنۆکانی منیش بە دانیشتن ڕانەهاتوون.

شان بە شان کەوتنە ڕێ. ئالاجاقی ئاوڕی لە خانئاپۆ، کە لە نزیک دەرگای چاپەزخانە جێگیر ببوو، دایەوە و وتی:

ــ تۆیش گوێت لێبێ خانئاپۆ! هەندێ قسە هەیە نەمویست لە بەر چاوی بێگانە بیکەم. ئەوەی کە ئەمەوێ بیڵێم ئەو قسانەیە کە ڕۆژێک ئەبوایە بوترایەت. کە وا بوو چ باشتر کە ئەمڕۆ بکرێن!

ــ گوێم لێتە خان!

ئالاجاقی ئەرباب قۆپچەی ئێلەکەکەی کردەوە، کاتژمێرەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، سەیری کرد و وتی:

ــ ڕاستەکەی ئەوەیە کە ناوی گوڵمحەمەدی سەردار و ئالاجاقی ئەرباب لێک گرێ دراون و ئاوازەشی هەموو ناوچەکەی داگرتووە. تەنانەت لە سنووری ئەم مەڵبەندەش تێپەڕیوە. ئێستەش ئەگەر قسەیەک ئەکەم، ڕاستیەکەی لە بەر ئەوەیە کە لە سوود و زیانی ئەم کارەدا بەشدارم. تۆیش بەشداری. خۆ لە مەبەستەکەم تێ ئەگەی؟

ــ ئا، بەڵێ!

لە گەڕانەوەدا، ئالاجاقی کاتژمێرەکەی خستەوە شوێنی خۆی و وتی:

ــ هەر ئادەمیزادێک کە هەناسە ئەدا، دوژمنیشی هەیە. چ بگات بەوەی کە ئەو ئادەمیزادە گوڵمحەمەدی سەردار یان ئالاجاقی ئەرباب بێ.

ــ وایە!

ئالاجاقی وتی:

ــ خەریکن پیلان بۆ من ساز ئەکەن. هەم سەبارەت بە هەڤاڵەتی لەگەڵ گوڵمحەمەدی سەردار کە تۆ بی، هەمیش بەو مەبەستەی کە ئەو دۆستایەتیەی من لەگەڵ گوڵمحەمەد تێک بدەن. لە لایەکەوە هەوڵ ئەدەن نێوانی من و تۆ بشێوێنن

و لە لایەکیشەوە خەریکن منیش لەگەڵ تۆ بسووتێنن. خۆ لە مەبەستم ئەگەی؟!

ــ دڵم لە لاتە خان!

ئالاجاقی وتی:

ــ ئەو پینەچییە! ئەویش بۆ تۆ بۆتە هۆی بەدناوی و دەردەسەر، هەم بە ناوی تۆیشەوە خەریکە گیروگرفت بۆ من ساز ئەکا. نوێنەرانی حکوومەت لێی بەدگومانن. لە هاتوچۆکانی بۆ لای تۆیش ئاگادارن. لە ڕاستیدا کاربەدەستان ڕەنگە بتوانن سەرپۆش بدەن بە سەر کارەکانی گوڵمحەمەدی سەرداردا، بەڵام کاتێکە پێی ستاری پینەچی لە ئارادا بێ ئەو کارە ناگونجێ. خۆ لە مەبەستم تێ ئەگەی؟

ــ فەرموو، بەڵێ!

ــ هەر بەو جۆرەی کە بەر لەمەش وتم ، من و تۆ، تۆ و هی وەک من لەم مەڵبەندەدا، ئەبێ لە سەر بناغەی پێکەوە ژیان هەلسوکەوت بکەین. غەوارە نابێ دزە بکاتە ناومان. بەڵام تۆ، تا ئێستە ئەم خاڵەت ڕەچاو نەکردووە هیچ، لەم دواییانەدا لەوەشت تێپەڕاندووە! هەڵبەت هەتا ئەمڕۆ من توانیومە پاساوی کارەکان بە جۆرێک بدەمەوە و حکوومەت قانع بکەم. بەڵام وەڵامی هەندێ کردەوە نادرێتەوە، چونکە هەندێ هەڵسوکەوت هەیە کە وەڵامیان نییە. ئەم دواییانە، کارەکانی تۆ ڕەنگدانەوەی وای هەبوو کە بۆنی تایبەتی لێدێ. ڕەنگە خۆشت هەستت پێ نەکردبێ، بەڵام خەڵکی ئەبینن، چاو و گوێیان هەیە. وشیارن و ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لە لای خۆیان تاوتوێ ئەکەن و هەندێ بەرەنجامی لێ هەڵئەهێنجێنن. کارەکانی تۆ لەم دواییانەدا، گومانێکی وای بەدی هێناوە کە هەندێک بیری تر بکەنەوە!

گوڵمحەمەد پێی ڕاگرت، ڕاوەستا و خاچ لە ئالاجاقی ئەربابی ڕوانی. ئالاجاقی بن باڵی گوڵمحەمەدی گرت و لە کاتێکا بەرەو ژووری چاپەزخانەی ئەبرد وتی:

ـ هەلومەرجەکە خەریکە بەو باریدا وەرئەگەڕێ.

خانئاپۆ بە دوایاندا سەری کێشایە ناو چاپەزخانە، ناو ژوورەکەی بە چاو پشکنی و جارێکیتر گەڕایەوە سەر جێگەی خۆی، پەترۆکەی سەر لێوی بە نینۆک خوراند و گوێی لە گفتوگۆی ئالاجاقی و گوڵمحەمەد ڕاگرت.

ـ بوندار، بوندار!

بە دەنگی مووسا کە سووکەڵە لە پلیکانەکان سەرکەوتبوو، بوندار ـنیگەرانی هەموو شت و هەموو کەسـ لە دیواخان دەرپەڕییە دەرەوە و لە سەر پلیکانەکان مووسای ڕاگرت. مووسا وتی:

ـ نادعەلی ئەرباب، وڕکی گرتووە ئەڵێ ئەمێنێتەوە!

بوندار بە بێ وەڵامدانەوەی مووسا، خۆی گەیاندە بەر محاجەرەکە، شانی چەماندەوە و ڕوانیە ژوورەکەی نوورجیهان و چاوەڕێی کرد. بەگمحەمەد لە سەر بانەوە ڕایگەیاند کە ترۆمبێلەکان لە ڕێگەی قەڵاتەوە دێن. ئەسلان و پاشان بوندار بە پلیکانەکانی بانی بەرزدا سەرکەوتن و چاویان بڕییە ڕێگەکە.

ـ خۆیانن، خۆیانن!

بوندار فڕکەی کردە خوارەوە و بانگی قەدیری کرد:

ـ ئەی کوان ئەو دەهۆڵ کوتانە؟!

ـ وابزانم لەگەڵ عەبدولە ڕەش چوون بۆ ماڵی میمکە سەنەما سەریان گەرم بکەن!

ـ سەریان بە قەبری بابیان، خەریکن بووک ئەهێنن! بنێرە بە دوایاندا!

قەدیر مووسای بانگ کرد و پەیامەکەی پێ ڕاگەیاند:

ـ بەو ماڵکاولانە بڵێ ئەبێ بچن بە پێشوازی بووکەوە!

مووسا لۆتەر و چالاک تێی تەقاندە دەرەوە و بابە گوڵاو خۆی لە بن دیوارەکە خڕ کردەوە و بەرەو چێشتخانە کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی ئاگری ئەسپەندەر سووتەکەی نوێ بکاتەوە. لالا

بە باوەشێک نانی گەرمەوە هاتە حەوشە، یەکسەر بەرەو ژوورەکەی نوورجیهان ڕۆیشت و نانەکانی کە ئەدایە دەست قەدیر وتی:

ــ بیکە بە خاتری خوا یەکێک لەم بێکارانە بنێرە نان بهێنن. من ئیتر لە پەلوپۆ کەوتم!

قەدیر وتی:

ــ خۆت بڕۆ دلاوەر هەڵسێنە. وابزانم لە سەر جێگەی مووسا خەوتووە، لە ئاغەڵ!

لالا خۆی کرد بە ئاغەڵدا. سالار ڕەزاق بە سوێنەی گۆشتەوە، لە ئاغەڵەوە پێی نایە حەوشە و چوو بۆ چێشتخانە. قوربان بەلووچیش بە پێستە و سەروپێ و جەرگ و دڵی مەڕەکەوە بە دوایدا بەرەو چێشتخانە. سالار ڕەزاق لە ناو چێشتخانەوە هاواری کرد:

ــ یەکێک بێ نەوت بکاتە ئەم فانۆسانە بابەگیان. ئاخر خۆ ئەبێ چاوەکانی من بتوانن ببینن! بە کوێرە کوێر خۆ ناتوانم شێو پێک بێنم، ئەرێ کچێ!

لالا لە ئاغەڵەوە هاتە حەوشە و لە وەڵامی سالاردا وتی:

ــ ئەگەر کچەکەت بانگ ئەکەی، ئەو ڕۆیشت جلی تازە لە بەر بکات بۆ پاتەختی.

ــ ئەی ژنی سەید لە کوێیە؟

ــ خەریکە قاپ و قاچاخ ئەشوا، خۆ هەر کەس دوودەس زیاتری نییە!

ــ ئەی خۆت چی؟

ــ هێشتاش نانەکانم لە سەر دارەکانە، ئەبێ کۆیان کەمەوە تا کاژیلە هەموویان لەت و کوت نەکردووە. سفرەی هەویرەکەم خڕ نەکردۆتەوە، بەردۆڵەکانم نەشۆردوون. ژنەتیوەی شۆراوییش ئەوەندە ماندووە خەریکە لەسەرخۆ ئەچێ.

ــ لانیکەم نەوت، نەوتم بدەنێ، بوندار!

دەنگی دەهۆڵ بەرز بوویەوە. وا دیار بوو مەرحەبا و کلۆ بەر لەوەی خۆیان بدەن بە دەم تەوس و توانجەوە، هەر لە کۆڵانەوە دەستیان کردبوو بە کوتان. مووسا دەهۆڵ ژەنی بەجێ هێشتبوو و خۆی فڕکەی کردە ژوورەوە. بوندار تێی خوڕی بچێ بۆ یارمەتی سالار ڕەزاق. مووسا خۆی کرد بە چێشتخانەدا و بوندار لە ناو دالانەوە هاتە حەوشە و بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەسی بێ وتی:

ـ کۆ ببنەوە بچین بە پێشوازی بووکەوە!

بابە گولاو ئەسپەندەری کردە سەر ئاگرەکە و وتی:

ـ میوانەکان، میوانەکان فەرموو بکە با بێن بوندار!

بوندار هەڵاتەوە بۆ دالان، لە پلیکانەکانی بانیجە سەرکەوتەوە، یەکسەر خۆی کرد بە ژووردا و لە ناو دەریزانەکەدا وەستا لە کاتێکا دەستەکانی لێک ئەخشاند، بە کڕنۆش و لێبوردنەوە وتی:

ـ بووکیان هێنا، ببوورن کە!

دەنگی ساز و دمەک دامرکایەوە و ئەسلان قۆپچەکانی جاکەتەکەی داخست. ئەو هەروا گێژ بوو و نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات. لای دیوارەکە وەستابوو و پێپەڵکەی ئەکرد. بوندار لە دەرگای دیواخان هاتە دەرەوە، دانەویەوە بەرەو حەوشە و هاواری کرد:

ـ میرزا، میرزا، وەستا میرزا لە کوێیە؟!

دلاوەر گێژ و وڕ و خەواڵوو لە ئاغەڵەوە هاتە حەوشە و یەکسەر بەرەو دەرگای حەوشە چوو. بوندار لە بەر بانیجەوە هاواری لێکرد:

ـ بڕۆ میرزا بانگ کە بابێت، ماڵی کاول بێ! هێشتا چراکانی هەڵ نەکردووە!

دلاوەر چووە کۆڵان و عەبدوڵە ڕەش هاتە حەوشە. بوندار جارێکیتر نەڕاندی:

ـ یەکێک بێت ئەو چراتۆڕانە هەڵکات؛ قەدیر! بە بێ ڕووناکی

خۆ ناچن بە پێشوازی بووکەوە!

قەدیر، نادعەلی بەجێ هێشت و لە ژووری نوورجیهان هاتە دەرەوە. بەرەو دیواخان چوو بۆ ئەوەی لۆکسەکان هەڵبکات. میوانەکان لە بانیجە کۆ ببوونەوە. ئالاجاقی ئەرباب و گوڵمحەمەدی سەرداریش لە چاپەزخانە هاتنە دەرەوە و چوونە ناو ئاپۆرەکە. ڕێگەیان کردەوە و ئالاجاقی ئەرباب پێی نایە سەر پلیکان بۆ دابەزین و ئەوانیتریش بە دوایدا. بونداریش لە بانیجەوە پلارێکی گرتە عەبدولە ڕەش کە هەڵێ و بلێ با ترۆمبێلەکان لای خواری قەڵاوە بێن بۆ مەیدانی بەر کاروانسەرا:

ــ لەبەر کاروانسەرا، لە بەر مەیدانی کاروانسەرا. بلێ بووک دانەبەزێنن بێخەنە ڕێ، هەتا ئێمە ئەگەین!

عەبدولە ڕەش کردبوویە دەرەوە و هەڵئەهات. بوندار بە دوای میوانەکاندا، بە پلیکانەکاندا شۆڕ بوویەوە و لە حەوشە خۆی گەیاندەوە بە میوانەکان. بابە گوڵاو بە سینی ئەسپەندەرەکەیەوە لای چوارچێوەی دەرگاکە وەستابوو، بەڵام ئەسڵان هەروا نائارام بوو و پێپەڵکەی ئەکرد. بوندار خۆی گەیاندێ:

ــ نوقڵ و نەباتێک ـ شتێک لە گیرفانتدا هەیە؟

ئەسڵان ناخودئاگا دەستی لە ناو گیرفانەکانیدا کەوتە گەڕان و پرسی:

ــ نوقڵ و نەبات؟!

بوندار دەستی زاوای گرت و لە کاتێکا بەرەو ژووری نوورجیهان پەلکێشی ئەکرد، وتی:

ــ قوڕبە سەری تۆ و خاک بە سەری من! تۆ نابێ دەدانە نوقڵ و هەندێ پارە بکەی بە سەر بووکەکەتدا؟! بە لای ناخێرتەوە تۆ زاوای! ئەی!

بوندار خۆی کرد بە ژوورەکەی نوورجیهاندا و بە بێ گوێدان بە نادعەلی لە سەر دۆشەکەکە ڕاکشابوو، مشتێک قەندی

هەڵگرت، هاتە دەرەوە و قەندەکانی کردە گیرفانی ئەسڵان و لە کاتێکا میرزای دەلاکی دابوویە بەر جنێو، وتی:

ــ پارە، وەرە، چل پەنجا دانە پەنابات و قەرانی، هەڵێ، خۆت برۆ لە دووکان بیهێنە، خۆت برۆ!

دلاوەر میرزای دەلاکی هێنا. بوندار لەپڕ پەلاماری دا، بەڵام بە سەر خۆیدا زاڵ بوو، لە بەرامبەریدا ڕاوەستا و کەوتە ددانە کیرێ:

ــ فەرموو دەی! تۆ ئەبێ زاوا بخەیتە ڕێ وەستا میرزا! لە کوێ خۆت ون کردووە؟ کە گورگ ئەدا لە ڕان، سەگیش گووی دێ! یاڵڵا فەرموو، بزانە هیچی کەم نەبێ! وردە، پارەی وردە، پارەی سپی!

قەدیر لۆکسەکە بە سەر دەستیەوە لە دیواخان هاتە دەرەوە و بانیجەی ڕۆشن کردەوە، بە لای کابرای چەکداردا تێپەڕی و بە پلیکانەکاندا بەرەوخوار بوویەوە، لە ناوداڵان هاتە دەرەوە و بەرەو کۆڵان تاوی دایە و نزیک دەرگای حەوشە لەبەردەم حەشاماتەکە ڕاوەستا و چراتورەکەی نایە سەر سەری.

دەنگی بەگمحەمەد، زمانی هێما و ئەماژە، لە سەر بانی باڵەخانەوە بەرز بوویەوە و دەسبەجێ تفەنگچیەکان وەکوو پشیلە کەوتنە هەڵبەز و دابەز و زۆری نەبرد لە ماڵی بوندارەوە تا بەر دەرگای کاروانسەرا لە هەر دوو بەری کۆڵانەکە لە سەر بانان دامەزران.

بابە گوڵاو لە ناو گرمە و زیرەی دەهۆڵ و زوڕنادا، جارێکی دی ئەسپەندەری کردە سەر ئاگر و کەوتە شاباش خوێندن. تەوەنەی حەشامات هەموو کۆڵانەکەی داگرتبوو. بە دەنگی سەڵەوات و بانگی دەهۆڵ، تاکوتەرا لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرێ و تێکەڵی ئاپۆرەکە ببوون. ترۆمبێلەکان لە بەر دەرکی کاروانسەرا ڕاگیرابوون و تیشکی گڵۆپەکانیان تا پێچی ڕاستە کۆڵانەکەی ڕوون کردبوویەوە. خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ بابە گوڵاو ئەکردەوە

تا بە شاباش خوێندنەوە بچێتە پێشەوە. بابە گوڵاو دەستی لە دەستی دلاوەردا، لای دەستی قەدیرەوە چراتۆڕ بە سەر، بۆ بەرەوە ئەبرا. سەیدی تەلەفوونچی لە لای کاروانسەراوە بەرە ئاپۆرەکە هات و بابقولی بوندار پێش کەوت و چوو بۆ لای. میرزای دەلاک قۆڵی زاوای گرتبوو و لە بەر ڕووناکی لۆکسەکەدا شان بە شان لەگەڵ خۆی ئەبرد بە ڕێدا. بەگمحەمەد هاتبوویە بەر گوێسوانەی بانەکە و سەیری ناو کۆڵانی ئەکرد. گوڵمحەمەد و خانئاپۆی بن دیواری ماڵی تەلەفوونچیان گرتبوو و بە ئەسپایی ئەڕۆیشتن. محەمەمەدڕەزای گوڵخانمیش بە دوایاندا ئەڕۆیشت و پەرۆای ئەوەی نەبوو جارجارە ئاوڕ بداتەوە و سەیری ئەملا و ئەولا بکات.

شاباش خوێندنی بابە گوڵاو و دەنگی سەڵەواتی حەشاماتەکە، دەرفەتی بە خانئاپۆ و گوڵمحەمەد دابوو پێکەوە بدوێن. خانئاپۆ ئەیویست بزانێ لە ناو چاپەزخانە لە نێوان ئالاجاقی ئەرباب و گوڵمحەمەددا چی گوتراوە. گوڵمحەمەدیش بۆ ئەوەی لە گێژەنەکە دەربازی ببێ، ئەبوایە لەگەڵ ئاپۆی خۆی بدوێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی ئەوە نەبوو بابەتەکە زۆر بە دوورودرێژی باس بکرێ، بۆیە بە زمانی خۆیی و بە چڕی گوڵمحەمەد وتی:

ــ داوامان لێ ئەکەن ستار بکوژین!

ــ چی؟!

ــ ئارام بە و گوێ لە گوتەم ڕابگرە خانئاپۆ! ئالاجاقی ئەیەوێ من ستار بکوژم، ئەمە یەک. پێی لێ چەقاندووە بە هەر جۆر بووە کچی خورسوفی لە بەگمحەمەد مارە ببڕم، ئەمەش دوو. پاشانیش ئەوەی کە نەجەف ئەرباب ئازاد بکەین و شەوێکی ئاشت کردنەوەشمان لە سەنگرد هەبێ، ئەمە سێ. ئێمە ئەمکارانە ئەکەین ئەویش "بوورین" مان لە حکوومەت بۆ وەربگرێ، ئەمەش چوار. پاشی هەموو ئەمکارانە قەڵاتی خوێناڵ

لە میراتگرەکەی بکڕین و!

خانئاپۆ لە بن لێوەوە بزەیەکی تەوساوی گرتی و وتی:

ــ ببین بە ئاغەوات!

ــ شتێکی لەو بابەتە.

ــ سەبارەت بەو پارەیەی دابوویان بە من سەری تۆیان بۆ ببڕم چی؟ باسی نەکرا؟

ــ هەر هیچ. من نەمخستە خۆم و ئەویش وای بۆ چووبوو کە تۆ پارەکەت کردۆتە کیسەی خۆتەوە!

ــ دەی، دەی، کە وا بوو مەرجی گەورە ئەوەیە.

ــ کوشتنی ستار!

چەند هەنگاوێک لە بێدەنگیدا نرا و پاشان خانئاپۆ پرسی:

ــ تۆ چیت وت؟

گوڵمحەمەد ڕوانیە خانئاپۆ و وتی:

ــ تۆ ئەڵێی چی؟!

لە مەیدانی بەر کاروانسەرا نزیک ئەبوونەوە.

سەیدی تەلەفوونچی کە لەگەڵ بووک هاتبوو و ئێستە لە ناو خەڵکەکەدا بوو، بە یارمەتی ئالاجاقی ئەرباب و گەورەکانی دی قۆڵی زاوای گرت و لە پێشوازکەرانی جیا کردەوە و چەند هەنگاوێک بردیە بەرەوە. هاورێکان بووکیان لە ترۆمبێل دابەزاندبوو و لە ناو مەیدانەکەدا چاوەڕێی زاوا بوون. جەلیل ئاغە و شەیدا و کوێخا حەسەنی زەعفەرانی لە لایەکەوە، بووک، نوورجیهان و گوڵەندام لە لاکەی دی. گوڵەندام گۆچانی بە دەستەوە بوو و سەری داخستبوو. وا پێ ئەچوو پیرێژن بە بێ باقی کوێر بووە.

بینەران لە جەمسەری کۆڵانەکە، ئەو جێگەی ئەڕژایە مەیدانەکەی بەر کاروانسەرا ڕاوەستابوو و لۆکسەکەی بە هەر دوو دەست بەرز ڕاگرتبوو. سەیدی تەلەفوونچی لە بەر ڕۆشنایی لۆکسەکەدا، زاوای لای دەستی خۆیەوە ڕاگرت و بە پیرۆزی و پیرۆزبایی، یەک دوو دێڕی بە ئاواز خوێند و سەڵەواتی نارد. لە

دەنگی سەڵەوات سەندنەوەکەدا، سەیدی تەلەفوونچی چەند هەنگاو زاوای بردە بەرەوە و شتێکی لە بن گوێیدا وت. زاوا تەنها و بە دژواری هەنگاوێکی تری نا، دەستی کرد بە گیرفانیدا و مشتێک قەند و وردە پارەی کرد بە سەر وەویدا و دەسبەجێ، وەک بیەوێ خۆی حەشار دا، گەڕایەوە و لە پشت باوکیەوە وەستا.

جارێکی دی نۆرەی سەیدی تەلەفوونچی بوو کە بڕواتە بەرەوە و یارمەتی لە گوڵەندام بخوازێ ڕێگە بدات وەوی بەرەو ماڵە زاوا بکەوێتە ڕێ. بەڵام گوڵەندام کە بە دەستێکی گۆچان و بە دەستێکیش مەچەکی نەوەکەی گرتبوو، سەری بە نکووڵی ڕاوەشاند و بە بونداری وت:

ــ بەربووکانە! پوورە گوڵەندام خەڵاتی بەربووکانەی ئەوێ، بوندار. ئەبێ بۆ بووکەکەت دەست ببەی بۆ گیرفانت!

تاڵاوایی و ئالاجاقی نیگایان لە بوندار، قاقا پێکەنین:

ــ چار نییە بابقولی، بە خوت و خۆڕایی خۆ ناتوانی کچ ببەیتە ماڵەوە!

بوندار بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند:

ــ بەختەیەکم دا!

سەید ڕووی کردە گوڵەندام و وتی:

ــ باوکی زاوا بەختەیەکی دا!

گوڵەندام وتی:

ــ دایکی زاوا؟

نوورجیهان وتی:

ــ تۆپێک شاڵی هەورێشمم دا!

گوڵەندام وتی:

ــ برای زاوا؟

شەیدا وتی:

قاڵیچەیەکم دا!

گوڵەندام وتی:

ــ ئەربابی زاوا؟

لە ناو قاقای پێکەنینی ئاپۆرەکەدا، ئالاجاقی وتی:

ــ خەروارێک ئاردی گەنم!

سەیدی تەلەفوونچی دۆعای کرد:

ــ خوا تەمەنی درێژ و تەندروستی و بەختەوەری بدا بە زاوا، هەمیش بە ئەربابی ئێمە ئالاجاقی و هەم بە گەورە و ئاغەی ئێمە جەنابی تالاّوایی، هەم بە جەنابی سەرتیپ فەربەخش و هەموو میوانەکان کە زەحمەتیان کێشاوە و هاتوون و هەم لە سایەی سەری بەڕێزانەوە بە ئێمەش. خوا پیرۆزی بکات. بە خۆشی بەڕێزان بکوتە کلۆ، مەرحەبا، بکوتن بابە گیان!

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بوویەوە و سەیدی تەلەفوونچی چووە بەرەوە و دەرفەتی لە گوڵەندام وەرگرت بۆ ئەوەی بووک بکەوێتە ڕێ. ژنەکان چوونە بەرەوە و ئاڵقەیان دا لە دەوری بووک و بینەران بوون بە دوو کەرتەوە، ژنان و بووک بە شانێکی جۆگەکەوە و لەبەرەوە و پیاوەکان و زاوا لە بەرەکەی ترەوە کەوتنە ڕێ. قەدیر لەو نێوانەدا هەروا چراتۆڕەکەی گرتبوو بە سەر دەستە درێژەکانیەوە و ڕێگەی بەر پێی خەڵکەکەی ڕوون ئەکردەوە.

سەما و داربازی بە نەوای دەهۆڵ و زوڕنا.

تا کۆتایی شەو و کاتی پەردە، بووک ئەبرا بۆ دیواخانی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی. بۆیەش بوو لای دەرگاکە پیاوان چوونە حەوشەی ماڵە بوندار و ژنان و کچان لەگەڵ بووک و زاوا ورووژمیان برد بۆ ماڵی سەیدی تەلەفوونچی و دەنگی قریشکە و هەڵلاّ لەپڕ هەموو کۆڵان و ناوماڵی پڕ کرد. ژنەکان ئەڕۆیشتن تا بووک و زاوا لە سەر تەخت دابنێن و پارەی پاتەختی کۆ بکەنەوە و پاشان زاوا بگەڕێننەوە بۆ کۆڕی پیاوان بۆ شاواش کردن.

چوون بە پێشوازی بووکەوە، ماڵی بونداری چۆڵ کردبوو و تا

گەڕانەوەی خەڵکەکە، بەس سالار ڕەزاق و نادعەلی چوارگوێشلی لە ژوورەکەی نوورجیهاندا بە خواردنەوەی پیاڵە چایەک ببوون بە هاودەم و هاودوو:

ــ ئەو کەسەی کەسێک بکوژێ، خۆیشی کوژراوە سالار ڕەزاق، وایە؟

ــ نەک هەر کەسێک نادعەلی خان، نە هەر کەسێک! بەڵام ئەوە ڕاستە، قسەکەی تۆ لە بنەڕەتدا ڕاستە. ئەگەر ئادەمیزاد ئێنسان بێ، ئەم قسەیەی جەنابت واتایەکی هەیە. بەڵام، بەڵام، هاتن، هاتنەوە!

پیاوەکان لەگەڵ دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا ڕژابوونە ناو حەوشەی بوندار و دەنگی گۆڤەند و دار و داربازی، هەمیش ئەوەی کە سالار ڕەزاق ئەبوایە شێو ئامادە بکات، ڕێگەی لەو وتووێژە ئەگرت کە پێویستی بە کاتێکی ئاسوودە هەبوو. بۆیە سالار ڕەزاق پێی لە ژوورەکەی نوورجیهان خستە دەرەوە و بەرەو چێشتخانە بوویەوە. نادعەلی چوارگوێشلیش مایەوە تا لە قووڵایی تەنگ و تاریکی ژوورەکە لەگەڵ ئەو ژیان و جیهانەی بۆ خۆی بەدی هێنابوو، خۆی بگونجێنێ.

نادعەلی دەرگای ژوورەکەی لە هەرا و هوریای دەهۆڵ و زوڕنا و قرم و قاڵی ناو حەوشە داخست و هەنیەی نا بە باڵشمەی دەرگاکەوە و چاوەکانی بەست و لە بەر خۆیەوە کەوتە وڕینەکردن:

ــ «خۆیشی، ئەکوژرێ! خۆیشی ئەکوژرێ! زیندوو، زیندوو ئەو کەسانەن کە پێ ئەکەنن، یان ئەتوانن پێ بکەنن. زیندوو ئەو کەسانەن کە هەڵئەپەڕن، یان ئەتوانن هەڵپەڕن. زیندوو ئەو کەسانەن کە ـهەرچەند دوژمنی یەکتیش بن ـ دڵی دیتنی یەکدیان هەیە. زیندوو، کەسانی ترن. تۆ، هەرچی هەی ببە، بەڵام زیندوو نیت! گشت، گشت، گشت، خوایە، بۆ نازانم لە ناویاندا ئوقرە بگرم؟ بۆچی تاو ناهێنم؟ بۆچی وەهام، خوایە گیان؟! ئەترسم، شەرم ئەکەم، لە خەڵکی، لە چاو و

نیگای خەڵکی ئەترسم و شەرم ئەکەم! ئەترسم. گریانم دێ؛ گریان، بوغز لە گەرووم‌دا پەنگی خواردۆتەوە. شتێک خەریکە خەفەم ئەکات. ئاخ، شتێک خەریکە خەفەم ئەکات، سینەم خەریکە قورس ئەبێ، دووکەڵ لە چاوەکانمەوە دێتە دەرەوە، لاجانگەکانم، لاجانگەکانم گڕیان گرتووە. کەللەم گڕی گرتووە، دڵم وەکوو دەروونی زەل ڕەش و تاریکە، گریان، گریانم دێ، گریانم دێ. گریان، گریان و، ناتوانم بگریم! ئازار ئەبینی خوایە گیان؟! نەء، بەخێڵی بە شادمانی کەس نابەم، نا! بە خوای زەوی و ئاسمان کە بەخێڵی بە شادمانی خەڵکی نابەم. من بەخێڵی ژیانی خەڵکی نیم. بەڵام دڵم ئەگیرێ. دڵم لەم ژیانە ئەگیرێ. بێگانە، هەست بە بێگانە بوون ئەکەم. غەریبی ئەکەم، غەوارەم. من غەوارەم. غەوارە. من نالکێم بەم ژیانەوە. بە سەد مەن سرێشیش بەم ژیانەوە نالکێم. خوایە، بۆ وەهام؟! بڕۆم، ئەبێ بڕۆم. ئەبێ بڕۆم!»

تەوێڵی لە باڵشمەی دەرگاکە هەڵگرتبوو و ڕووی وەرگێڕابوو. بەڵام هەروەها لە سەر شوێنی خۆی وەستابوو و لە تاریکیەکە مۆڕ ببوویەوە. شەوەزەنگ ناو ژوورە دەرگا داخراوەکەی نوورجیهانی پڕ کردبوو و نادعەلی چوارگوێشلیش لە بەرەکە ڕەشەکەی‌دا وەک پارچەیەک لە شەو ئەچوو. ئەو هێشتا لە گیری گرفتارییەکەی خۆی ئازاد نەببوو و هەمیش لە گیری ئەندێشەکانی خۆی:

ــ «باشە من بۆچی هاتم؟ بۆچی و بۆ چ کارێک؟ بۆ لێرەم و بۆ چ کارێک؟ خۆم کردووە بە بەردی سەر سەهۆڵ کە چی؟ چ نابەجێیەکم هەیە کە بیکەم؟ ئەندێشە، بیری خاو! بیری خاو هەڵیگرتبووم کە دێم و لە بەرامبەر خاڵۆم‌دا ڕائەوەستم! بەڵام، بەڵام بۆچی ئەبێ لە ڕووی خاڵم‌دا بوەستم؟ چیم هەیە کە ئەبێ پێی بڵێم؟ قسەم چییە؟ ڕەنگە ئەگەر ئەو کارەشم بکردایەت، قسەی هەقم نەبوو پێی بڵێم. جا باشە قسەی چی و شتی چی؟ جیاوازی چییە؟ چی کەم یان زۆر ئەبێ ئەگەر من قسەکانم

ـکامە قسە؟ـ بڵێم یان نەڵێم؟ ئەموت یان نەم ئەوت؟ چەندە گاڵتە و چەن بێ واتایە؟ لەگەڵ کێ ئەبێ قسە بکەم و بۆچی؟ لای خۆم بیرم کردبوویەوە گوڵمحەمەد لە فێڵی ئەم کەمتیارانە ئاگادار بکەمەوە. بەڵام، لە بیرمە، لە بەر چاخانەی مەلەک مەنسوور ئەوەی کە ئەمویست پێی بڵێم، وتم. ئەبێ پێم گوتبێ، وتم! بەڵام ئەگەر نەشم وتبێ، دڵنیا نیم کە ئێستە پێم بوتایەت. چونکە، ئێستە ناتوانم لەگەڵ کەس بدوێم. دڵی قسەکردنم نییە. زمانم هەر لەبنا هەڵنایە. لە زمانی خەڵکیش تێناگەم. دڵنیام لە زمانی خەڵکیش تێناگەم. باشە من لە کوێی ئەم دنیایەدا ڕاوەستاوم؟ خەڵکی کوێی دنیام؟ دنیا، دنیا، دنیا چەندە لە من دوورە کەوتۆتەوە، چەندە! دنیای سەمەرە، ئەم دنیا سەیرە! غەوارەیی، غەوارەیی، غەریبی، غوربەت، ئەی پیاو، خۆت ون کە، جێی تۆ نییە نادعەلی، جێی من نییە نادعەلی، نادعەلی، نادعەلی!»

بە هەستی سەمەرەی تەنهاییەوە، وەکوو دزێکی ڕیسوا، بەرەکەکەی دا بە سەریدا، بە ئارامی و بە دزیەوە لەتی دەرگای کردەوە، نەرم و بە پەرێزەوە لە دەرگاکە چووە دەرەوە و بە قەراخ دیوارەکەدا، لە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و سەما و قیژە و هەراکە هەڵات و سێبەرەکی کرد بە ئاغەڵدا. ئەسپەکەی، ئەسپە سپیەکەی نادعەلی لە سەر ئاخوڕەکە بەسترابویەوە. دەسکەوسارەکەی لە ماڵبەندەکە کردەوە و ئەسپەکەی بە ناو چوارپێیەکاندا بەرەو دەرگای ئاغەڵ برد.

مووسای تەونکەر دەرگا گەورەکەی ئاغەڵی بۆ نادعەلی کردەوە و پرسی:

ـ ئەڕۆی ئەرباب؟!

نادعەلی لە دەرگای ئاغەڵەکە چووە دەرەوە و هەوساری ئەسپەکە بە دەستیەوە، قەراخ بە قەراخی دیوارەکە کەوتە ڕێ. باریکە ڕێی بن دیواری قەڵاتی بڕی، بە قەراخ دیوارە کۆن

و دارووخاوەکەی بەڵخیدا ڕۆیشت و پاش تاوێک لای سۆلاڤی ئاوەکە، دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای لە خورەخوڕی دارژانی ئاوەکەدا ون کرد. ئەسپ لە دوای تێری قەپۆزی برد بۆ ئاوەکە و نادعەلی لە پشت دیوار و کۆڵەکە ڕووخاو و بنمیچە دارووخاوەکانەوە، ڕوانیە ماڵی کەلایی خواداد و بیری کردەوە:

«تەنوور، تەنووری ماڵی کەلایی خواداد ڕەنگە هێشتاش گەرمە!»

لەغاوی ئەسپەکەی بەرەو پشتەوە ڕاکێشا و بای دایەوە بە ڕێگەی ماڵی کەلایی خوادادا.

لە دەرگای ماڵی کەلایی خوادادەوە، بەر لەوەی کە نادعەلی لە ماڵەکە نزیک ببێتەوە، تارماییەک خزایە دەرەوە، خۆی گەیاندە دیوارەکەی بەرامبەر و لە ناو کەلاوەکەدا لە چاو ون بوو. نادعەلی پێی سست کرد و لە شۆپی ڕۆیشتووەکەی ڕوانی. تاوێک لە بێدەنگیدا ڕاوەستا پاشان، وەک بڵێی ئەندێشە ئەتەرێنێ، سەری ڕاشەکاند و کەوتە ڕێ:

ــ ئەندێشە، بیری خاو هەڵیگرتووم. کێ بەو جۆرە ـوەکوو دزانـ لە دەرگا دێتە دەرەوە؟ بۆچی؟ نەء، نەء، دڵنیام کە هیچکەس نەبوو. هەڵۆسە بوو، تەمار!

تایەکی دەرگاکە نیوە ئاوەڵە بوو. نادعەلی دەرگاکەی کردەوە و ئەسپەکەی بە دوای خۆیدا ڕاکێشایە ناو داڵان و تاریکیەکە قووتی دا.

عەباسجانی کەلایی خواداد زیاتر لە ناو خۆیدا کڕ ببوو. هەستی ئەکرد ڕێک ئەگووشرێ و دەنگی یەک هەوای دەهۆڵەکە زیاتر دەمارەکانی گرژ ئەکا. بەجۆرێک کە ئەو کوتەکە نەک لە دەهۆڵ بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە مێشک و ژێی دەمارەکانی عەباسجان ئەدرا. هەژان و دڵەڕاوکێ، هەروەها لێدانی خێرای دڵی چەند هێندە ببوو. لەش و گیانی بە ئاشکرا ئەلەرزی و

ئەگەر بیویستایەت سیگارێک داگیرێنێ، بە دژواری بیتوانیبا سیگارەکە لە نێوان پەنجەکانیدا ڕابگرێ. هەستی ئەکرد توانای هەر کارێک، تەنانەت توانای کەمترین جووڵە و بزووتنێکی لە بەر بڕاوە. سەرەڕای ئەمەش، ئەبوایە بە هەر کلۆجێک بووە خۆی لەو گێژەنە، لەو گەرداوە دەربکێشێ. هەرچەند بە هیچ جۆرێک لەوە دڵنیا نەبوو کە بتوانێ لە هەلومەرجێکی تردا، لەو شوێنەدا جێگیر ببێتەوە.

بە ناچاری و زۆر بە دژواری پەنجەکانی لە لێواری کەلاوەکە گیر کرد، خۆی هەڵکێشایە سەر و چەناگەی خستە نێوان دەستەکانی و لە دەرگای ماڵەوەیان مۆڕ بوویەوە. ئەوا تایەکی دەرگاکە کراوە بوو و عەباسجان نەی ئەتوانی ئەوە بزانێ کە ئاوەڵە بوونی دەرگاکە یارمەتیدەریەتی یان داخراو بوونی. ئەگەر لێی مسۆگەر بوایەت کە دەرگای داخراو ئەتوانێ تۆزێ ئارامیی پێ ببەخشێ، ڕەنگە بە هەر سەختی و کوولەمەرگیەک، خۆی ئەگەیاندە بن تاقە شکاو و دەرگای دائەخست. بەڵام ڕاستیەکەی توانا و هێزی جیاکردنەوە و بەراورد کردنی تیا نەمابوو.

دەنگی هەنگاوەکانی گۆدەرزی بەڵخی، جارێکی دی لە شوێنی خۆی ترنجاندەوە. دەنگی پێ نەک هەر عەباسجانی لە پشت دیوارەکە دانیشاند، بەڵکوو ئەندێشەیشی سەبارەت بە بەستران یان داخرانی دەرگای ماڵەکە تێک دا و وەکوو ژیشکێکی هەناسە لە بەر بڕاو خزاندیە ناو خۆی و گرموڵەی کرد. ماوەیەک لە بێدەنگیەکی کوشندەدا، بە بێ جەربەزەی هەناسەدان، خۆی ڕەقاند بە دیوارەکەوە و پاشان بە دوورکەوتنەوەی دەنگی پێ، جارێکی دی هەناسەی ئازاد کرد و کەوتە بیرکردنەوەی چارەی خۆ دەربازکردن.

قەدیر!

تاقە ڕێگەی بە بیری عەباسجاندا هات، براکەی، قەدیر بوو. بە هەر سەختی و بە هەر نرخێک کە بووبێ ئەبوا خۆی

بگەیەنێتە ناو زەماوەنەکە و لەوێ، سەرەتا ئەبوایە هۆش و هەستی بداتە کەسان و شتەکان و ـبەشی هەرە گرینگـ لە دەرفەتێکدا قەدیر گیر بهێنێ، بیباتە شوێنێکی چۆڵ و ئەوەی کە ڕووی دابوو بۆی بگێڕێتەوە. لە هەر دۆخ و بارێک و هەرچی چۆن بێ، عەباسجان قەدیری بە برای خۆی ئەناسی و براکەشی بە هاوبەش و هاودەستی خۆی ئەزانی. ئەمەش ڕاستیەک بوو کە قەدیر نەی ئەتوانی بدا بە ژێریدا.

بۆیە بەم مەبەستەوە، عەباسجان وەکوو مشکە کوێرەیەک لە کەلاوەکە دەرکەوت و پێی نایە ناو کۆڵان. تای دەرگاکە هەروا کراوە بوو. عەباسجان جارێکی دی بە دڵەراوکێوە ڕوانیە دەرگاکە و پاشان ڕێگەی ماڵە بونداری گرتە پێش.

بەر لەوەی بگاتە مەیدانی بەر گەرماو، عەباسجان لای دیوارەکە وەستا. تیشکی چراتۆڕ مەیدانەکەی ڕۆشن کردبوو. مووسا لۆکسەکەی نابوویە سەر شانی و ئەهات. وای بۆ چوو کە مووسا چراتۆڕی لە ماڵی سالار ڕەزاق هێناوە بۆ ژووری پاتەختی بووک و زاوا و ئەیبا بۆ ماڵی سەیدی تەلەفوونچی. مووسا لە مەیدانەوە خۆی کرد بە کۆڵاندا و عەباسجان بە بێ ئەوەی سەرنجی مووسا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بە دوایدا هات.

لە نێوانی دەرگای ماڵەکانی بوندار و سەیدی تەلەفوونچی، هەندێک تارمایی لە هاتوچۆدا بوون. مووسا یەکسەر لای دا بۆ ماڵی سەید و عەباسجان لای باڵشمەی دەرگای ماڵی بوندار هەڵوەستەی کرد و هەوڵی دا بەڵکوو قەدیر لە ناو خەڵکەکەدا بدۆزێتەوە. بەڵام قەدیر، ئەتوت ون بووە.

دەنگی زوڕنا و دەهۆڵ خەوتبوو و بەم پێیە تار و دمەک و سەنجی بچووکی سەرپەنجە ڕەنگ و نەوایەکی ڕوونتر و دڵنەوازتریان پەیدا کردبوو. کۆڕی بەزم لە بانیجە بەرپا کرابوو و گەنجان و مێرمندالان بۆ ئەوەی باشتر بتوانن مەیدانی سەما و نەواکە ببینن، کردبوویانە سەر دیوار و سوانەی بانان و هەندێک،

قاچەکانیشیان شۆڕەوە کردبوو. تاک و تەرایەک چووبوونە سەربانی ئاغەڵ و چەند کەسێکیش بە پاساری باڵەخانەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچیەوە بوون.

بانیجە، بەو چراتۆڕەی لە سەر کورسیەکە دانرابوو ڕوون ئەبوویەوە. لە سەر محاجەرەی بەربانیجەش چەند دانە فانۆس بەڕیز دانرابوون. لە ناو دیواخان و هەروەها چاپەزخانە لامپای گڕسۆز هەڵکرابوو، سەرەڕای ئەمانەش لە گۆشەیەکی بانیجە تەشتێکی ئاگر هەڵکرابوو، بە جۆرێک کە نیوڕوخی گوڵمحەمەد و تالاوایی و فەربەخش لە بەر بڵێسەی لەرزۆکی ئاگرەکەدا ڕەنگی ئەرخەوانیان بەخۆوە گرتبوو. ئاگر، ڕەنگە بۆ ئەوە بوو کە کووچکی ڕوخەک بتوانێ جارنەجار دمەکەکەی خۆی پێ زڕ بکاتەوە و هەمیش بۆ ئەوەی کە کزەی سەرمای شەوانە بشکێنێ. ڕەنگیشە ئاگر لە سەر داوای گوڵمحەمەد پێکرابوو.

عەباسجان ڕووی لە بانیجە وەرگێڕا و خەم و چەمی ناوقەدی سەماکەرەکە ـکە لە خۆبادانەدا کاتی تێپەڕین بە لای محاجەرەی بانیجەدا دامێنە ئەتلەسە ڕەنگینەکەی وەک با ئەکشاـ بەجێ هێشت بۆ کۆڕی بینەران و خۆی کەوتە گەڕان بە دوای قەدیردا. بەڵام قەدیر نەبوو و، ئەگەر هەشبوو بەر چاوی عەباسجان نەئەکەوت. تاک و تەرا فانۆس لەملا و لەولا پرتەپرتیان بوو و حەوشەیان بە شێوەیەکی نیوەچڵ ڕۆشن کردبوو و بەو ئەندازەی کە بانیجە ڕۆشن بوو، حەوش لێڵ و تاریک بوو. هەر فانۆسە و لە کەللەیەکی لێڵ ئەچوو لە مەیدانێکی ڕەشدا. میوانەکان لە ناو حەوشە، جگە لەوانەی سووچی کارێکیان گرتبوو، ئەوانی‌تر لای دیوارەکەی بەرامبەر بانیجە تەوەنەیان بەستبوو و سەر و شانیان هەڵێنابوو و سەیریان ئەکرد.

دەنگی هەلهەلەی ژنان لە دیواخانی سەیدی تەلەفوونچیەوە، سەرنجی عەباسجانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە باریکە بانیجەی ماڵی سەید، چەند کەسێک وەستابوون و سەیری سەمای

جەیرانیان ئەکرد. عەباسجان بە یەک نیگا توانی لالا بناسێتەوە. لالا یەکپارچە شەوق و شۆر بوو و دیار بوو ئەفسوون و کێشەری سەما و نەوا گرتوویەتی. چ جایە حەزی ئەکرد ئەوە ئەو بوایەت لەبری جەیرانی ڕوخەک دەست و باڵی بە سەماکردن ڕاوەشاندایەت. ئەمە لە ڕوخساری گڕگرتوو و ددانە مرواریيەکانی بە پێکەنینە بێ کۆتوییەکەی و، هەروەها چەپڵە لێدانی بە هەوای مووزیکەکە ئاشکرا بوو.

عەباسجان بە ناچاری، ئارام خوشایە ناو حەوشە و خۆی نووساند بە درزی دیوارەکەوە و وەستا.

لە حەوشە هەر کەسە و سەرگەرمی کاری خۆی بوو. بابە گوڵاو لای دەرگاکە، لە سەر جێگەی خۆی دانیشتبوو و بە فوو ئاگری ئەسپەندەرەکەی ئەگەشانەوە. مووسا دای بە لای عەباسجاندا و یەکسەر چوو بۆ چێشتخانە. بەلووچ بە سینی گۆشتی پل و قاپی ماستەوە لە دەرگای چێشتخانە هاتە دەرەوە و بەرەو بانیجە چوو. دلاوەر لە ئاغەڵەوە هاتە حەوشە و هەر لەوێ وەستا. قەدیر بە چەند بتڵی پڕەوە لە ژێرخان هاتە دەرەوە و بەرەو دالان پێی کوتا.

عەباسجان ئاخێزی کرد و ناخودئاگا بە دوای براکەیدا پێی هەڵگرت. بەڵام بەر لەوەی بتوانێ بە ناو بانگی بکات، قەدیر لە ناودالاندا ون بوو. عەباسجان بەر لەوەی بگاتە ناودالان ڕاوەستا و بۆ ساتێک هەستی کرد کە خەڵکەکە خەریکن سەیری ئەکەن. پاشان وەکوو یەکێک کە شتێکی ون کردبێ، سووڕێکی دا بە دەور خۆیدا و لە سەر جێگەی خۆی ڕاوەستا. هێشتاش هەستی ئەکرد خەڵکەکە سەیری ئەکەن و بە پەنجە پیشانی یەکدی ئەدەن. داخوڕی بە سەر خۆیدا، پێی هەڵگرت و خۆی گەیاندە لای دەرگای ژوورەکەی نوورجیهان و لەوێ، پشتی نا بە دیوارەکەوە، وەستا و ڕوانی بە هەموو لایەکدا. دەستی ڕاستی چێشتخانە بوو و عەباسجان ئەیتوانی بڵێسەی ئاگری بن مەنجەڵ و قازانی

ناو چێشتخانە ببینێ. هەروەها ئەیتوانی تارمایی ئەو کەسانەش لە چێشتخانە بە دەور مەنجەڵەکانەوە دانیشتبوون یان بەیەکا ئەهاتن، ببینێ.

لای شانی چەپیەوە دالان بوو و لە قووڵایی دالاندا، لای بەرپلیکانەکە فانۆسێک هەڵواسرابوو و پرتەی ئەهات. لەم کاتەدا دەستێک بەرز بوویەوە، گڕی فانۆسەکەی خۆش کرد و بە پلیکانەکانی بانیجەدا سەرکەوت.

بانیجە پڕ بوو لە دەنگ و هەرا. دەنگی تار و دمەک و سەنج، دەنگی چەپڵە لێدان، دەنگی پێکەنین و گاڵتە و قۆشمەیی، دەنگی وتووێژ، دەنگی چاک و چۆنی. دەنگی تێکەڵ و پێکەڵ، تیشکی ناوبەناو و هاموتا، چاو و نیگای دادڕاو و دەمی داچەقاو، دەنگی دەوری لە سەر سینی، دەنگی پیاڵە لە پیاڵە و دەنگی ژنان لە دیواخانی سەیدی تەلەفوونچی ـپاتەختیی بووک و زاواـ بۆ دەرەوە باڵیان ئەکوتا و بە سەر کۆڕی بەزمەکەدا ئەڕژان. دەنگی هەلهەلەی ژنان، دەنگی دەف و شاواش، دەنگی قاقا و قیژە و هەراس و، ئیتر، لە گوێ و گومانی عەباسجاندا، دەنگی باوک، دەنگەکانی باوک، نەعرەتەکانی کەلایی خواداد. دەنگی بێ بانگ، دەنگی بێ دەنگدانەوە، دەنگی بێدەنگ. دەمی داچەقاو بۆ بانگێک کە هەڵنەئەهات، بەو ددانانەوە کە کەللە سەریان ئەهێنایەوە بیر و چرچی سەد ساڵەی پشت برۆکانی. دەمی شەو و بانگی هەراس. خەفەخانی ئاسمان و بڵێسەی کورت و ڕەمۆک. تەنوور و شەوی بێ ئەستێرە، شەو و کەلایی خواداد، بوونی کەلایی خواداد لە ماڵی بوندار، لە لێواری چاڵەکە و لە بەر تیشکی کزی فانۆس. نەء، نەء! ناشێ ئەوە کەلایی خواداد بێ. کەلایی خواداد ناتوانێ لە سەر جێگەی خۆی بجووڵێ. ئەو ئیتر نەی ئەتوانی ببزوێ. تەنانەت نەی ئەتوانی تل بدا. نەء، نەء، گومان، ئەندێشە!

ــ خوایە گیان! قەدیر، قەدیر، براگیان!

عەباسجانی کەلایی خواداد ناخودئاگا بە دەنگی بەرز براکەی بانگ کردبوو و ئەوا وەک جانەوەرێکی تۆقاو و سڵ کردوو بە دالاندا غاری دابوویێ و ناوی قەدیر لە سەر زمانی، خەریک بوو بە پلیکانەکاندا سەرئەکەوت.

ــ قەدیر، قەدیر، براگیان!

قەدیریش بە هەمان خێرایی بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە، چنگی لە شانی عەباسجان وەردا و لە خوار پلیکانەکاندا ڕەقاندی بە دیوارەکەوە، وەکوو لقە دارێکی وشک بە توندی ڕایشەکاند و دەفەی شانی بەو جۆرەی کە بیهێنێتەوە بە خۆیدا چەن جار کوتا بە دیواردا و هەناسەی بە هەناسەیەوە، وتی:

ــ ئەوە چیتە بێباوک، چت بە سەر هاتووە؟! بۆ خەریکی ئابڕوومان ئەبەی؟ چ قوڕێک چووە بە سەرتا؟!

عەباسجان بە هێزێکی سەرسووڕهێنەر، مەچەکە ڕەقەڵەکانی لە ناو پەنجەکانی خۆیدا گرتبوو و لە کاتێکا بە توندی ئەیگووشی و بەس ئەیڕوانیە ناوچاوی براکەی، لاڵ ببوو. هەموو پێست و دەماری ڕوخساری عەباسجان، هەموو لەش و گیانی بە لەرزینێکی دەمارگرژانە ئەلەرزی و قەدیر ئەی بینی کە ئارەقەی دانە دانە بە تەوێڵی براکەیەوە ئەدرەوشێتەوە.

ــ دە قسە بکە ئاخر نەگبەت! بڵێ چیت بە سەر خۆت هێناوە؟

ــ ترس، ترس، ئەترسم قەدیر، ئەترسم! سەیرکە، بزانە کەس نابینی؟ بە دوامەوە، کەس نابینی؟!

ــ دەک دەردت لێدا، دەک ملەخڕە بگری کە هەناسەدانیشت مایەی ژانەسەرە! وەرە دانیشە، هەر لێرە خۆت کزکە و دانیشە با بچم پەرداخێک ئارەقت بۆ بهێنم. خەریکە گیانت دەرئەچێ بەدبەختی چارەڕەش. دانیشە!

قەدیر، براکەی لە بەر تاریک و ڕوونی بەرپلیکانەکەدا دانیشاند و چوو بۆ بانیجە تا خۆی بگەیەنێتە لای دەستی ژنی

ڕوخەک ـساقی ـ یەوە و پەرداخێک ژەهری ماری لێ وەربگرێ.
لەم کاتەدا پیاڵەکان بە خۆشی و سەربەرزی گوڵمحەمەد و لە ستایشی جوامێری و لێبوردنی ئەودا بەرز کرابوویەوە و قەدیر بە ئاسانی تێگەیشت کە پای ئازادکردنی نەجەف ئەرباب لە ئارادایە. بۆیە پەرداخەکەی لە ژنی ڕوخەکی وەرگرت و بەرەو پلیکانەکان بوویەوە.

ــ نیشان بە هەمان نیشان!

گوڵمحەمەد لە بن گوێی قوربان بەلووچدا ئەمەی وت و بەلووچ ئەژنۆی لە نزیک ئەژنۆی گوڵمحەمەد ڕاست کردەوە و لەگەڵ قەدیر بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە. بەلووچ ڕێگەی لە قەدیر وەرگرت و لە کەتێکا بە هەنگاوی بڵیند دالانەکەی ئەبڕی، بە قەدیری وت:

ــ ئەڕۆم نەجەف ئەرباب بهێنم، سەیرکردنی هەیە!

بەلووچ لە دالان دەرچوو و قەدیر لای براکەی مایەوە.

عەباسجان کە پشتی بە دیواری دالانەکەوە دانیشێنرابوو بە ئاستەم لە سەر چۆکی ڕاست بوویەوە و پەرداخە نیوەپڕەکەی بە هەر دوو دەست لە قەدیر وەرگرت و یەک بین نای بە سەرەوە. قەدیر ئەبوایە بگەڕێتەوە بۆ بانیجە، بەڵام عەباسجان دەستبەردار نەبوو، دەستێکی گرتبوو بە لێو و دەمیەوە و بە دەستێکیش قۆڵی قەدیری گرت و داوای لێکرد پێکەوە لە ماڵی بوندار بچنە دەرەوە:

ــ ئەبێ بڕۆین بۆ ماڵەوە، ئەبێ لێرە بچینە دەرەوە!

قەدیر بە زەبرێک دەستی لە ناو چڕنووکی عەباسجان دەرهێنا و لەوەش کە بوو توورەتر وتی:

ــ تۆ چیت لێ بە سەر هاتووە نمەک بە حەرام، چ دەردێکت گرتووە ئەمشەو؟!

ــ بڕۆینە دەرەوە، بڕۆینە دەرەوە لەم کاولبووە. بڕۆینە دەرەوە! وەرە، ئەبێ بڕۆین!

عەباسجان ئەمەی وت و کەوتە ڕێ. قەدیر بۆ ساتێک دوودڵ بوو، بەڵام زوو، زۆر زوو و خێرا ـبەر لەوەی عەباسجان لە دالآن بچێتە دەرەوەـ بە دوای براکەیدا هەڵات، لە پشتەوە شانی گرت و وەریگێڕا، پشتی کوتا بە دیوارەکەدا، خاچ لە ناو چاوەکانیدا، تەوێڵی لە تەوێڵی عەباسجان نزیک کردەوە و کپ، بەڵام بەوپەڕی ڕقەوە قیژاندی:

ـ کوشتت؟! پیرەمێردت کوشت؟!

عەباسجان هیچی نەوت و بەس لە چاوە خوێنگرتووەکانی قەدیری ئەڕوانی. قەدیریش هیچ قسەیەکی نەبوو و بەس چنگی لە یەخەی جاکەتەکەی عەباسجان وەردابوو و مشتێک پەڕۆی لە ناو دەستیدا ئەگووشا و لێوەکانی لە بن ددانیدا ئەکرۆژی. عەباسجان خۆی ڕائەگرت. خۆی ڕاگرت تاکوو قەدیر خۆی سست بوو و دەستی لێ بەردا، ڕووی وەرگێڕا و لە تاریک و ڕوونی لێڵی ناودالآنەکەدا بە داماوی ڕاوەستا.

عەباسجان هەستی کرد دەرباز بووە. پاشان ـنەک بەو شەڵەژان و خێراییەی پێشووـ لە دالآن هاتە دەرەوە و بە بێ گوێدانە هەموو کەس و هەموو شت، بەرەو دەرگای حەوشە کەوتە ڕێ. لە دەرگا چووە دەرەوە و لە قەراخ دیوارەکە خۆی کشاندە ناو تاریکیەکە و خامۆش چاوەڕێی کرد. ئەتوت دڵنیایە تاوێکی دی، قەدیر دێ بە دوایدا.

قەدیر هات. بە ئاشکرا پەرێشان بوو و لەخۆڕا سەیری دەوروبەری خۆی ئەکرد. عەباسجان لە کۆڵان ڕای نەگرت. پشتی لە دیوارەکە کردەوە و تارمایی خۆی پیشان دا. قەدیر پێی هەڵگرت بەرەو براکەی. عەباسجان ڕانەوەستا تا قەدیر جارێکی دی لە تووڕەییدا بیرەتێنێ. پێشاوپێش کەوتە ڕێ و پێی هەڵگرت.

لای دیواری گەرماو، قەدیر گەیشتەوە بە عەباسجان و شان بە شانی بوو. دوو برا لەگەڵ جۆگەکە بەرەوخوار ئەڕۆیشتن و هەر کامەیان سەد گوتەی نەوتراو لە سەر زمان و بێ ئەژمار

ئەندێشەی نەناسراوی لەسەردا بوو. بە لای ماڵی بەڵخیشدا بە هەمان خامۆشی تێپەڕین. هێندەی نەمابوو بگەنەوە ماڵی باوکیان بە دەنگی پێیەک سەریان هەڵێنا. ئەوەی کە لەپڕ پەیدای ببوو، خاڵی قەدیر بوو، خاڵۆ داوەر. ئەتوت کتوپڕ لە زەوی هەڵقوڵابوو. بە کۆکەیەکی کورت بوونی خۆی ڕاگەیاند. خاڵۆ داوەر بە شێوازی هەمیشەی ئەهات و ڕاست لەو شانەی جۆگەکەوە کە براکان ئەڕۆیشتن. قەدیر خۆی لە سەر ڕێی خاڵۆی لادا و پەڕیە ئەو شانی جۆگەکە. عەباسجانیش شانی نا بە دیوارەکەوە و ڕێی بە خاڵۆی دا. خاڵۆ داوەر بە نێوان خۆشکەزاکانیدا تێپەڕی و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشت. قەدیر و عەباسجان جارێکی دیش بۆ لێک ڕوانین سەریان هەڵێنا. قەدیر بۆ نزیک کەوتنەوە لە براکەی، پێی نایە لێواری جۆگەکە و عەباسجانیش لە جۆگەکە نزیک کەوتەوە. وا دیاربوو ئەیانەوێ لەگەڵ یەکدی بدوێن، بەڵام وەک لە یەک کاتدا ڕایان گۆڕیبێ، بە خامۆشی ڕێی خۆیان گرت و بەرەو ماڵەوە چوون.

تای دەرگاکە داخرابوو. عەباسجان سەری وەرگێڕا و بە ڕوخسارێکی وەک گەچەوە ڕوانیە قەدیر و وتی:

ـ من کە هاتم بە دوای تۆدا، تای دەرگاکە، ئەم تایە ئاوەڵە بوو!

دەنگی تەقەی گوللەیەکی لەنکاو سینەی ئاسمانی خەفەخانی قەڵاچیمەنی شەق کرد و هەر دوو برای لە سەر جێگەی خۆیان وشک کرد.

ـ قەدیر، قەدیر، قەدیر!

دەنگی ناقۆڵای عەبدولە ڕەش بوو کە لە بێدەنگی کوشندەی پاش تەقەکەدا، دوو هێندە ڕەق و ـ لانیکەم لەم کاتەدا ـ تەزێنەر بوو. قەدیر دەستی هێنا بە تەوێڵیدا و هەستی سارد و لێنجی ئارەقەی لێ سڕییەوە. عەباسجان سست و بێ ئەڤان لە سەر سەکۆی سواوی قەراخ دەرگاکە دانیشێنرا. عەبدولە ڕەشیش

لەو دوورەوە بە لۆقە لۆق ئەهات و هاواری ئەکرد:

ــ بۆ کوێ خۆت ون ئەکەی کوڕی باش؟ بوندار بانگت ئەکات. خۆت ئەزانی بە بێ تۆ کارەکانی لەنگ ئەبێ. یاڵڵا! ئالاجاقی ئەرباب و جەنابی فەربەخشیان لە شارەوە بانگ کردووە. هەر ئێستە بە تەلەفوون بانگیان کردوون، ئەبێ بڕۆن. جا بۆیە ئەیانەوێ شێو بخەنە بەرەوە و بەر لە ڕۆیشتنی ئەوانیش دەستی بووک و زاوا بدەنە دەس یەک. هەڵێ، هەڵێ تا قیژە و هەرای بوندار بەرز نەبۆتەوە، ها؟! بۆ وا لە شوێنی خۆت ئەبلەق بوویت؟!

ــ بڕۆین، بڕۆ با بڕۆین!

قەدیر، دەرفەتی بە عەبدولە ڕەش نەدا لەوە زیاتر زمانی درێژ بکاتەوە و خۆی تێ هەڵقورتێنێ. بۆیە لە کاتێکا عەباسجانی وەکوو کلۆیەکی تلیساوە لە سەر سەکۆی قەراخ دەرگاکە بەجێ ئەهێشت، شان بە شانی عەبدول بەرەو ماڵی بوندار کەوتە ڕێ و هەروەها، بۆ ئەوەی کە ئەندێشەی هەموو بۆچوونێکی خاو لە مێشکی عبدول بسڕێتەوە، پرسی:

ــ دەنگی ئەو گوللەیە چی بوو؟!

جارێکی دی تەقەی گوللەیەک دڕی بە ئاسمانی قەڵاچیمەن دا و عەبدولە ڕەش و قەدیری بۆ ساتێک لە ڕۆیشتن ڕاگرت و چەقاندنی. ڕوانیانە یەک. گووللەی ئەمجار لە بانی ماڵی بوندارەوە تەقێنرابوو. دوو پیاو، تاوێک لە پاش دەرچوونی گوللەکە ڕاوەستان و کە خامۆشیەکە درێژەی کێشا، کەوتنەوە ڕێ.

بەردەرگای ماڵی بوندار پەڵە پەڵەی ڕووناکی فانۆسەکان پڕی کردبوو. چەند کەسێک لە میوانەکان و زۆر لە خەڵکی قەڵاچیمەن لە کۆڵان وەستابوون. لە سەر بان و دیواری هەر دوو بەری کۆڵانەکەوە خەڵکانێک فانۆسیان ڕاگرتبوو و لای دیواری ڕاستە کۆڵانەکە، لە بەر هەر دەرگایەکدا، فانۆسێک ئەگرا.

لە بانیجەی بوندار، جگە لە گوڵمحەمەد و ئالاجاقی و فەربەخش، میوانەکان ڕوو بە کۆڵان ڕاوەستابوون و چاوەڕێ بوون.

لە ناو میوانەکاندا، خانئاپۆ و خانی تاڵاوا دیار بوون. تاڵاوایی ئەرباب بە سەری زل و تەوێڵی بەرجەستە و کەوڵپۆسەکەی بە شانیەوە بوو لە دێو ئەچوو. تاڵاوایی لای خانئاپۆوە، سەر و شانی بۆ بەرەوە دانەواندبوو و ـ بە بێ ئەوەی پێکەنینە شاد و گەش و تێکەڵ بە قۆشمەیی و قسەی خۆشی لە سەر لێو و ڕوخساری ون ببێ ـ نیگای شۆخ و چەتوونانەی بڕیبوویە ناو کۆڵانەکە.

لەسەر بانیجە باریکەکەی ماڵی سەیدی تەلەفوونچی چەند ژن لە سێبەری دیوارەکە ڕاوەستابوون و لە ناو کۆڵان، حاجی سوڵتانخوردی خورسوفی و زاواکەی و میرخان ڕاوەستابوون. لە پشت خورسوفی و زاواکەی، بەڵخی و خاکی بوون و لای دیوارەکەی ئەو بەرەوە بەراتی سالار ڕەزاق هەڵترووشکابوو و سەیری بانی دیواخانی بونداری ئەکرد. لە سەر بانی دیواخان، بەگمحەمەد ئەیڕوانیە لای خواری کۆڵانەکە، لە پلێنگێکی ئامادەی خۆ هەڵدان ئەچوو. لەولاترەوە، تفەنگدارێک، وەکوو پەیکەر، قاچەکانی بە کراوەیی لە سوانەی بانەکە، ڕاوەستابوو و تفەنگەکەی ئامادەی تەقەکردن لە دەستیدا ڕاگرتبوو.

لە بانەوە وتا:

ــ هاتن؟

لەبەردەمی خەڵکی کۆڵانەکە، ئەولحەمی قاتمە بە تەوسەوە وتی:

ــ هێنایان!

حاجی خورسوفی، بە بێ ئەوەی نیگای لە بەامبەر وەرگێڕێ، سەری بردە بن گوێی زاواکەی و چرپاندی بە گوێیدا:

ــ بڕوانە چییان بە سەر ئەو جەوانە هێناوە، بێ ویژدانانە!

ئەهاتن. دوو سوار و یەک پیادە. سواری لەگەڵ، عەلی چەخماخ بوو کە ڕکێف بە ڕکێفی نەجەف ئەرباب و لە پشت بەلووچەوە ئەهات. نەجەف ئەربابیش وەک لەمەوبەر ماندوو و ژاکاو، بە سەروقژی ئاڵۆسکاو بە بێ بەرگی لەبار سواری ئەسپی

ڕووت کرابوو و چاوی لە یالّی ئەسپەکە نەئەگواستەوە و نەی ئەڕوانیە هیچکەس. بەس پەتی شان و قۆڵی کرابوویەوە و ئیتر هیچ. خانمحەمەدی کەلمیشی کە نەجەفی لەگەڵ چەخماخ دابوویە دەس بەلووچ، ئەسپێکی زینکراوی پیّ ڕەوا نەبینیبوو:

«گۆڤەند بە کامی ڕەوا! ئەمجار تێگەیشتی کە قسەی پیاو یەکە و نابیّ بە دوو؟ پێی وتبووی هەر بەو جۆرە ئەتبا بۆ زەماوەن!»

حاجی سوڵتانخورد و زاواکەی چوون بە پێشوازی نەجەف ئەربابەوە. دەسکەوساریان وەرگرت و نەجەفیان بە سواری بردە ناو حەوشەی ماڵە بوندار. لەم کاتەدا گوڵمحەمەد، ئالاجاقی ئەرباب و سەرتیپ فەربەخش هاتنە بەر محاجەرەی ڕوو بە حەوشە و وەستان. خانئاپۆ و تالاواییش هاتنە لایان و لە پشت ڕیزی ئەو فانۆسانەی لە سەر محاجەرەکە ڕیز کرابوون، ڕاوەستان. لۆتی ڕوخەک چرا لۆکسەکەی نابوویە سەر شانی و هەوڵی ئەدا ناو حەوشە ڕۆشن بکاتەوە. ئالاجاقی ئەرباب ئاوڕی دایەوە و بە بابقولی بونداری وت بچێتە خوارەوە و نەجەف پۆشتە بکاتەوە. بوندار بە پلیکانەکانی بانیجەدا بەرەو خوار بوویەوە و ژوورەکەی نوورجیهانی بۆ حەسانەوە پیشان دا. حاجی سوڵتانخورد و زاواکەی نەجەفیان بردە ژوورەکەی نوورجیهان. گوڵمحەمەد هەروا چاوی لە هەوڵدانەکەی حاجی سوڵتانخورد و زاواکەی سەبارەت بە نەجەف سەنگردی بوو. ئالاجاقی ئەرباب ڕووی کردە گوڵمحەمەد و بزەیەکی کرد. قەدیری کەلایی خواداد لە دیواخانەوە هاتە بانیجە و وتی:

ــ سفرە ئامادەیە ئەرباب. فەرموونە دیواخان. بیسمیلا، فەرموون!

ئالاجاقی ڕووی بەرەو دەرگای دیواخان وەرگێڕا و فەرمووی لە میوانەکان کرد. فەربەخش و تالاوایی، ئالاجاقی ئەربابیان بە کەلاّن و لەپێش دانا. ئالاجاقی فەرمووی لە گوڵمحەمەد

کرد. گوڵمحەمەد بە پرسیارەوە ڕوانیە خانئاپۆ. خانئاپۆ، بە ڕاوەشاندنی سەر بڕیارەکەی خستە ئەستۆی گوڵمحەمەد خۆی.
گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێمە ئەڕۆین!

ئالاجاقی بە ناباوەڕییەوە ڕوانیە گوڵمحەمەد و وتی:

ـ شێو؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ شێوەکەمان لەگەڵ خۆمان ئەبەین!

خانئاپۆ بە بەگمحەمەدی وت چەکدارەکانی لە سەر بان و بەردەرگا بانگ بکا. بابقولی بوندار چووە حەوشە و بەلووچی بانگ کرد بۆ چێشتخانە. قەدیر و میرزای دەلاک لە دەرەوەی دەرگای دیواخان چاوەڕێی میوانەکان بوون. بەڵام بڕیاری گوڵمحەمەد بۆ ڕۆیشتن سفرەکەی دوا خستنوو. نزیک پلیکانەکانی بانیجە، ئالاجاقی و فەربەخش و تالاوایی، گوڵمحەمەدیان لەنیوان خۆیاندا ڕاگرتبوو. هەموو کاتیان ئەگوزەراند. بێدەنگی زیاد لە پێویست زاڵ ببوو. پاشان تالاوایی کە هەروا بێگەم و گومان خۆیای ئەکرد و ڕواڵەتێکی کراوە و بەپێکەنینی هەبوو، وتی:

ـ ئیشەڵڵا لە زەماوەنی بەگمحەمەد، سەردار!

ـ بە هیوای خوا، ئەرباب!

لۆتی ڕوخەک لای دەرگای ژووری چاپەزخانە ڕاوەستابوو، چراتۆڕییەکەی هەروا بە سەر دەستەوە بوو و بە هەر بیانوویەکەوە خۆی دەرئەخست. بۆیە بە دوای قسەکەی تالاوایی ئەرباب و "بە هیوای خوا"کەی گوڵمحەمەدی سەرداردا، هەنگاوێکی نایە بەرەوە و وتی:

ـ بە هیوای خوا، ئومێد بە خوا. لە زەماوەنەکەی بەگمحەمەد خان ئەیکەین بە شایی شاهان!

گوڵمحەمەد بە پێکەنینەوە ـ کە زیاتر ئەفسووسی تێدابوو هەنگاوێکی بەرەو ڕوخەک نا، گەڵایەکی خستە گیرفانی

ئێلەکەکەی ڕوخەک و وتی:

ـ شادت کردین ڕوخەک، پەنجەت نەوەرێ!

ڕوخەک، لە گەڕانەوەی گوڵمحەمەد بەرەولای فەربەخش و خانەکان، وتی:

ـ شکۆت شکۆدارتر، سەردار!

گوڵمحەمەد دەستی بۆ تەوقەکردن بردە پێشەوە و ئالاجاقی دەستی گووشی. گوڵمحەمەد دەستی تالاّوایی ئەربابی گووشی کە بەرەو ڕووی هاتبوو و وتی:

ـ هەمیشە لە شادی و خۆشیدا!

تالاّوایی ئەرباب دەستی گوڵمحەمەدی لە دەستی خۆیدا ڕاگرت و وتی:

ـ تالاّواش بە هی خۆت بزانە سەردار، هەندێ جار سفرەی ئێمەش بە بوونی خۆت برازێنەوە!

گوڵمحەمەد دەستی لە ناو دەستی دەرهێنا و وتی:

ـ تا چۆن نووسرابێ، خان. سفرەت ڕەنگین!

سەرتیپ فەربەخش دەستی گوڵمحەمەدی گووشی و وتی:

ـ دێم بۆ بینینت، گوڵمحەمەد.مسۆگەر ئەبێ بتبینم. لە بیرت بمێنێ.

گوڵمحەمەد دەستی فەربەخشی گووشا و وتی:

ـ شادم ئەکەی، پێوقەدەمت فراوانی!

گوڵمحەمەد بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە و خانئاپۆ کەوتە تەکی. ئالاجاقی، فەربەخش و تالاّواییش بۆ بەرێکردنی گوڵمحەمەد بە پلیکانەکاندا چوونە خوارەوە و ڕوخەک بە دوایاندا، لۆکسەکەی برد بۆ حەوشە. بوندار و بەلووچ لە چێشتخانە هاتنە دەرەوە. بەلووچ، مەنجەڵی گۆشت و برنجەکەی لای دیوارەکە دانا. خانئاپۆ، عەلی چەخماخی بانگ کرد. عەلی چەخماخ بە هاوکاری بەلووچ مەنجەڵەکەیان هەڵگرت و بردیانە کۆڵان.

چەکدارەکان سەریان ئەبوو بە یەک. یەک یەک ئەگەیشتن و لە بەر ماڵی بوندار ڕائەوەستان. سوارەکان لەغاوی ئەسپەکانیان گرتبوو و چاوەڕێی فەرمانی ڕۆیشتن بوون. پیاوەکان لە بیری هەڵگرتنی مەنجەڵ و بارکردنی لە سەر ئەسپ بوون. چارشێوێکیان هێنا و مەنجەڵەکەیان خستە ناوی. قوربان بەلووچ سفرەیەک نانی بۆ هێنان و گەڕایەوە بۆ یارمەتیدانی محەمەمەدڕەزای گوڵخانم. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم ئەسپەکانی لە ئاغەڵەوە هێنایە حەوشە و هەوساری وەرەی لە بەرکۆی زینەکە کردەوە و دای بە گوڵمحەمەد و لەغاوی ئەسپەکەی خۆی گرت.

گوڵمحەمەد، هێشتاش فەربەخش و خانەکان بە قسەوە ڕایانگرتبوو. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم و بەلووچ چوونە کۆڵان. محەمەمەدڕەزا هەوساری ئەسپە ڕووتەکەی دا بە بەلووچ و ئەسپەکەی بەگمحەمەدی بردە بن دیوارەکە و ڕایگرت. بەگمحەمەد لە بانی دیواخان دابەزییە بانیجە و لە سەر دیوارەکەی بانیجەوە خۆی هەڵدایە سەر زینەکە و جێی خۆشکرد.

گوڵمحەمەد و خانئاپۆ لە دەرگای حەوشە هاتنە کۆڵان و بەگمحەمەد، چەکدارەکانی سەر بانیجەی بانگ کرد. محەمەمەدڕەزای گوڵخانم سفرە نانەکەی لە تەختی پشتی بەستبوو و مەنجەڵی پڵاوەکە عەلی چەخماخ لە بەردەم خۆی، لە سەر بەرکۆی زینەکە ڕایگرتبوو. خانئاپۆ پێی لە زەنگۆ نا و گوڵمحەمەد جارێکی دی ماڵاوایی لە بەڕێکەران کرد، سواری قەرە بوو و پرسی:

ـ خانمحەمەد؟

وترا خانمحەمەد لەگەڵ سوارەکانی لە کاروانسەراوە دێت بۆ لای سەرووی قەڵات و لە دەرەوەی ئاوایی تێکەڵ ئەبنەوە. گوڵمحەمەد ئاوزەنگی ڕاوەشاند و بابقولی بوندار بۆ ڕێز لێنان کڵاوەکەی لە سەر داگرت. فەربەخش، تاڵاوایی و ئالاجاقی خۆیان کشاندەوە و سوارەکان بەبەر ڕووناکی لۆکسەکەدا تێپەڕین.

بابقولی بوندار چەند هەنگاو لەگەڵیان ڕۆیشت و دەنگی سمی ئەسپەکان دوورکەوتەوە. ئالاجاقی و فەربەخش، بەر لە تاڵاوایی گەڕانەوە حەوشە و ڕوخەک چرای بۆ گرتن بەرەو داڵان. ئالاجاقی و هاوڕێکانی چوونە ناو داڵان و حاجی خورسوفی کە تا ئەم ساتە لە ژوورەکەی نوورجیهان مابوویەوە و خۆی بە نەجەفەوە خەریک کردبوو، هاتە دەرەوە و بە دوای خانەکاندا سەرکەوت بۆ بانیجە. قەدیر و میرزای دەلاک فەرمووی میوانەکانیان کرد بۆ ژوورەوە. ئالاجاقی و خەڵکەکە چوونە ژوورەوە و حاجی خورسوفی بە دوایاندا پێی نایە ناو دەریزانی دەرگاکە، چراتۆڕەکەی لە دەستی ڕوخەک وەرگرت، ئەوی ناردە دەرەوە و هەر دوو تای دەرگاکەی داخست و لە بەر نیگای حەپەساوی هەر دوو خان و سەرۆکی جەندەرمەدا، بە سەر پێوە ڕاوەستا.

ئالاجاقی، فەربەخش و تاڵاوایی لە سەر سفرە دانیشتبوون و ئەیانڕوانیە حاجی خورسوفی. حاجی خورسوفی کە پێ ئەچوو لووتی زیاتر خوار بووە، تاوێک بە هیوای پرسیارێک لە لایەن ئەوانەوە خامۆش ما و کە بێدەنگیەکە درێژەی کێشا، بێ ئوقرە و شەڵەژاو چراتۆڕیەکەی لە عەرز دانا، خۆی لە سەر هەر دوو ئەژنۆ دانیشت و لە کاتێکا خاچ خێسەی لە چاوەکانی ئالاجاقی بڕیبوو، وتی:

ــ من کچ بە گوڵمحەمەدەکان نادەم، ئەرباب. من زاوای دزم ناوێ! ئەوسا کە ئێوە قسەتان کرد نەمویست قسەی بەڕێزتان بخەمە زەوی. نەمویست قسە لە سەر قسەی بەڕێزتان بکەم. بەڵام ئێستە، ئێستە ئەڵێم کە من کچ بە گوڵمحەمەدەکان نادەم! ئەم پارووە بۆ دەمی من گەورەیە!

ئالاجاقی قۆڵی دەستی ڕاستی هەڵکرد، دەستی چەپی کرد بە کۆڵەکەی لەشە قورسەکەی، دەستی برد بۆ دەوری پڵاوەکە و بە شێوەیەک کە لای گرینگ نییە وتی:

ــ چاکەی کاری خۆت، خۆت ئەیزانی حاجی. هەر کەس ئەو

کاره ئەکات کە ئەبێ بیکا!
حاجی سوڵتانخورد کە تەواو شپرزە ببوو و وا پێ ئەچوو بۆ ڕەچاو کردنی ئەدەب، تووڕەییەکەی ئەشارێتەوە، وتی:
ـ من سکاڵام لە گوڵمحەمەدەکان هەیە. من لە ترسی گوڵمحەمەد ئەچم بۆ مەشهەد و لە بەڕێوەبەرێتی گشتی جەندەرمە ئەبم بە پەنا بردە، جەنابی فەربەخش! من ناهێڵم کچەکەم ببێ بە قوربانی، ئالاجاقی ئەرباب! من ئەگەر لە ئاگریشدا داوە، ئەڕۆم و مان ئەگرم. من ناتوانم بە بێ ئاسایش بژیم. ناتوانم! من ئەڕۆم ئەبم بە پەنابردە. دەستی کچەکەم ئەگرم و لەگەڵ خۆم ئەیبەم بۆ مەشهەد و لە بەڕێوەبەرێتی گشتی جەندەرمە مان ئەگرم!
فەربەخش و تالاوایی ئەرباب خامۆش بوون و ئالاجاقی بە بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی هەڵچوونی پێوە دیار بێ، پلە گۆشتەکانی بە پەنجە قەڵەوەکانی لە سەر بلووتی پلاوەکە ڕیز ئەکرد و گوێی لە قسەکانی حاجی خورسوفی ڕاگرتبوو. حاجی خورسوفی کە چاوەڕوانی کاردانەوەی قسەکانی خۆی لە سەر کۆڕەکە بوو، تاوێک ئارامی گرت. ئالاجاقی ئەرباب قسەی هەمیشەیی خۆی دووپات کردەوە:
ـ هەر کەس ئەو کارە ئەکات کە ئەبێ بیکا، حاجی!
حاجی خورسوفی کە دیار بوو خوێن خوێنی ئەخواتەوە، وتی:
ـ جەنابت ئەبێ نەجەف ئەرباب ببینی. ببینێ چییان بە سەر جەوانی خەڵکی هێناوە ئەرباب گیان. ڕووی نایەت خۆی پیشانی کەس بدات. بووە بە قالۆرەیەکی وشک.
ئالاجاقی وتی:
ـ سەختە، ئەزانم. بەڵام ئەوەشت لە بیر بێ کە بە نێوبژی کردنی خۆت لە مردن ڕزگارت کرد!
ـ بەڵێ قوربان، نەجەف ئەرباب ئەبێ منەتی ئێوە هەڵبگرێ، ئەوە شتێکی مسۆگەرە. بەڵام، بەڵام ئێستە ئەبێ چی بکرێ

ئەرباب؟ ئێوە چ ڕێگەیەک ئەخەنە بەر دەممان؟ من دامناوە ئەو کارە بکەم کە وتم و، ڕاوێژ بە بەڕێزتان ئەکەم!

ئالاجاقی جارێکی تریش وتیەوە:

ـ تۆ خۆت ڕیشت لەم کارانەدا سپی کردووە حاجی. منیش خۆ وتم: هەر کەس ئەو کارە ئەکات کە ئەبێ بیکا!

ـ کە وا بوو ئێوە ئەفەرموون من ئەو کارە بکەم؟

ئالاجاقی ئەمجارەیان لە چاوەکانی حاجی سوڵتانخورد مۆڕ بوویەوە، لێوە چەورەکانی بە پێکەنینێکی نەرم پان کردەوە و وتی:

ـ من خۆ وتم، حاجی گیان! ڕەنگیشە چارەی کارەکە ئەوە بێ کە تۆ بیرت لێ کردۆتەوە.

حاجی سوڵتانخورد دەستی خستە سەر دەستی و سەری داخست و ئیتر هیچی نەوت. تالاوایی بزەیەکی بۆ ئالاجاقی ئەرباب کرد، ئالاجاقی ڕوانیە فەربەخش و فەربەخش بە حاجی سوڵتانخوردی وت:

ـ جارێ برۆ نەجەف خان هەڵگرە بیهێنە با شێوەکەی بکات، هەڵسە. پاشانیش ئەکرێ باسی ئەم شتانە بکەین!

ـ بە چاوان، بەچاوان. ئەیهێنم!

حاجی سوڵتانخورد هەڵسا، دەرگای دیواخانی کردەوە و چووە دەرەوە. بابقولی بوندار گەڕابوویەوە و لەگەڵ میوانەکان لە بانیجە دانیشتبوو و خەریکی ئاخافتن بوون. لای دیواری بانیجەش سفرەیان ڕاخستبوو و شێو ئامادە بوو. میرخان و کوێخا حەسەن، گزیری تالاوایی و کەسانی تری لەو بابەتە ئەبوایە لە بانیجە نان بخۆن و بۆ چاوەشەکانیش لە چاپەزخانە سفرەیان ڕاخستبوو.

میرزای دەلاک، قەدیری ناردە خوارەوە و خۆی چوو بۆ خزمەتکردنی میوانەکانی دیواخان. قەدیر بە دوای حاجی خورسوفیدا لە پلیکانەکان چووە خوارەوە بۆ ناندانی میوانەکانی خوارەوە یارمەتی دلاوەر و بەلووچ و سالار ڕەزاق بدات. قەدیر

ئیتر ئەوەندە دەستی نەئەچووبە کار، یان باشتر وایە بوترێ نەی ئەتوانی دڵ بەکار بدات. قاچی ڕێگە و دەستی کاری لە ماڵی بوندار بوو و ئەندێشەی لە ماڵی باوکی. لەو ساتەوە کە عەباسجانی لە سەر سەکۆکەی بەرماڵی خۆیان بەجێ هیشتبوو و بەناچار لەگەڵ عەبدولە ڕەش گەڕابوویەوە، بۆ تاوێکیش بیری ئاسوودە نەببوو. بەو ڕادەیەی کە ئەوەی لە بەر چاوەکانی لە ئارادا بوو، ئەتوت ئەو ناتوانێ بیانبینێ. تەنانەت هەندێ جار لە کار و سەرگەرمی دوور ئەکەوتەوە و بیر ئەیبردەوە. بەڵام لە ئەنجامدا چارەی کارەکەی لەوەدا بینیبوو بە خێرایی کارەکان جێبەجێ بکات، سفرەکە داچنێ و ئەوەندەی چڕەبەندان بۆ گۆڤەندی پاش شێوان کەوتنە ڕێ بۆ مەیدانی بەرگەرماو، خۆی لە بەر چاوان بدزێتەوە و بەرەو ماڵی خۆیان ببێتەوە:

ـ دەهۆڵ ژەنەکانت دیسان ونن، عەبدولە ڕەش!

عەبدولە ڕەش لە وەڵامی قەدیردا کە سینی بەدەست بە لایدا تێئەپەڕی، وتی:

ـ خەمی دەهۆڵ ژەنی منت نەبێ، داربازەکانی خۆت ڕایی بکە!

قەدیر سینیە پڕەکەی دایە دەست بەلووچ، سینیەکی بەتاڵی لێوەرگرت و لەکاتی بەرەو چێشتخانە وتی:

ـ ئەگەر شێویان خواردووە، بیانبە بۆ مەیدانی بەر گەرماو با دەس پێبکەن. نان کە خورا میوانەکانیش ئەهێنین. جارێ با مناڵە وردەکەیان لێ خڕببێتەوە بۆ ئەوەی بەزمەکەیان گەرم ببێ.

عەبدولە ڕەش پاروویەک لە دەمیدا، بۆڵاندی و بەرەو دەرگای کۆڵان کەوتە ڕێ:

ـ منیش کارم بۆخۆم دۆزیوەتەوە. بڵێ پیاوی حەسابی، تۆیش وەکوو ئەوانیتر!

مووسا و دلاوەر، قازانیان لە ئاغەڵەوە هێنایە حەوشە. قەدیر ڕێگەی بۆ کردنەوە بۆ ئەوەی قازانەکە ببەن بۆ چێشتخانە.

خۆیشی لە دەرەوەی دەرگاکە بە سالار ڕەزاقی وت:

ــ دەستوبرد بکە سالار. ئەوەندەی نەماوە جووتیارەکان سەری منیش بخۆن.

دەنگی سالار ڕەزاق لە چێشتخانەوە لە وەڵامدا هاتەوە:

ــ مەگەر من چەن دەستم هەیە، بێ قەزا بی؟ ئەو هەموو دەمە داچەقاوە چوار ئاشپەزیش دەرەقەتیان نایەت!

دلاوەر بە سینیەکی پڕ لە بەلەمی پلاوەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە. قەدیر سینیەکەی لێوەرگرت و بۆ لای سفرەکەی برد. سینی دایە دەست بەلووچ و خۆی کەوتە هەڵگرتنی دەورییەکان بۆ ئەوەی لە سەر سفرە دایانبنێ؛ بەڵام دەستەکان بە حەواوە بەلەمەکانیان لە دەستی ئەفڕاند و ئەمە کارەکەی خێراتر ڕائەپەڕاند:

ــ خۆرشت، کاکە خۆرشت!

ــ ئەوەتا، خۆرشت هەیە؛ بۆ لە خۆتانەوە هاوار ئەکەن؟! ئەوەش خۆرشت!

قەدیر سینیەکەی لە قاپی خۆرشت چۆڵ کرد و خۆی بەرەو چێشتخانە کەوتە ڕێ. مووسا لە ژێرزەمینی کارگەکەی بە باوەشێک نانەوە هاتە دەرەوە و کەوتە دابەشکردنی نان لە نێوان ئەو دەستانەدا لە دووبەری سفرەکەوە درێژ ببوون. دلاوەر بە سینیەکی ترەوە لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و لەم کاتەدا بوندار هاتە بەربانیجە و قەدیری بانگ کرد:

ــ شێوی نەجەف ئەرباب، قەدیر! گۆشت و بەزەکەی کەلان بێ!

عەباسجان لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەئەگیرا. نەشی ئەزانی ئەبێ بچێ بۆ کوێ. شتێک و کەسێک جگە لە قەدیر لە مێشکیدا نەبوو. بەڵام قەدیر، بەو جۆرەی کە قەدیر تێکەڵی ژیان و کردەی بوندار ببوو، پێ نەئەچوو دەرفەتی ئەوە پەیدا بکات

نیگەرانی ئەو شتە بێ کە ڕووی دابوو. تەنانەت لەوە نەئەچوو لە بیریشی مابێ. گریمان ویستی کوشتنی باوک لەئارادا نەبوایەت. بەڵام ئەی ئەو ڕووداوەی کە ڕووی دابوو، چی؟ کە وا بوو ئەم قەدیرە، ئەم قەدیرە!

عەباسجان ڕابوو. خۆیشی نەی ئەزانی چ هەست و هۆشێکی هەیە. غەمگین نەبوو. پەشیمان نەبوو. بەداخەوە نەبوو، دڵگیریش نەبوو. بەڵام پەرێشان بوو، بەڵام نیگەران بوو. هەرچەند بێ بایەخ، بەڵام ڕووداوێک ڕووی دابوو:

«هەرچی بم و هەرچەندەش نەگبەت بم، خۆ بەرد نیم، مرۆڤم ئاخر منیش!»

عەباسجان ئەوا لە کۆڵان خولەی ئەهات و بە بێ ویست و مەبەست پیاسەی ئەکرد. ڕەنگیشە نەئەڕۆیشت بەڕێدا؛ وەستابوو. دوور و نزیک ئەبوویەوە. نزیک و دوور ئەبوویەوە. دەنگێکی ڕوونی نەئەبیست، دەنگەکان لە گوێیدا کۆن ببوون. بیمێنێ بۆ مەیدانی گەرماو، خۆی لە تاریکی بن دیوارەکەدا شاردەوە تا عەبدولە ڕەش و دەهۆڵ ژەنەکانی تێپەڕن. تێپەڕین. عەباسجان شانی لە دیوارەکە کردەوە و جارێکی دی کەوتە ڕێ. کۆڵان خامۆش بوو. عەباسجان دەستی کردبوو بە گیرفانەکانیدا، ملی چەقاندبوویە ناو شانەکانی و خۆی کز کردبوو. جارێکیکە بەرەو ماڵەوە. خۆیشی نەی زانیبوو، گەڕابوویەوە و بەرەو ماڵەوە ئەڕۆیشت. چەند هەنگاوێک زیاتری بۆ دەرگای ماڵەوە نەمابوو. هێمای تاق و دەرگاکە ئەبینرا. بەڵام عەباسجان بە پێویستی نەزانی چەناگەی لە چاڵی سینەی هەڵگرێ و بڕوانێتە دەرگای ماڵی باوکی. بە لای دیواری ماڵی بەڵخیشدا تێپەڕی و چووە بن تاقی دەرگای ماڵی باوکی، بەو جۆرەی وەک بڵێی تەوێڵی نابێ بە دەرگاکەوە، ڕاوەستا.

ڕامان، خامۆشی و دڕدۆنگی. دڕدۆنگی، خامۆشی و ڕامان. خامۆشی؛ خامۆشی. کوندەکەش ئەمشەو ئیتر نەی ئەناڵاند:

ـ «سارد، سارد، سارد. ئەبێ سارد بووبێ. مسۆگەر، مسۆگەر ساردی کردووە!»

وەک بڵێی یەکێکی دی لە دەروونی عەباسجاندا لەپڕ بڕیاری دابێ، لە سەر سەکۆی قەراخ دەرگاکە دانیشت، ئەژنۆکانی گرتە باوەش و سەری داخست. دەنگ، هیچ دەنگێک، هیچ جگە لە دەنگی دڵی خۆی نەبوو. دڵی، ئەتوت شتێک لە دڵیدا گرمۆڵە ببوو. گرێیەک، گرێیەک ئەتوت لە قەفەسەی سینەیدا ئەگووشرا. گیانی، سەرتاپا موچوڕکەیەکی بێ نموود بوو. دەمارەکانی، ناو دەمارەکانی گڕی تیا بوو. هەستی سووتان، سووتانی سینە و سەر. گریان؛ گریان. ئەو شتەی کە بە هیچ جۆر لە خۆیدا بەدی نەکردبوو. گریان، شتێکە نەی ئەتوانی بڕوای پێی هەبێ. گریان، گریانی لەپڕ. بەرد لە ناو سینەدا شەقاری برد و هەموو لەشی بە ترپەی بە تەوژمی دڵی کەوتە ڕاشەکان. گریان و، دیسانەوەش گریان.

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا. جارێکی دی دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە هەوای خنکاوی قەڵاچیمەندا دەنگی دایەوە و، هەوای گریانەکەی عەباسجانی خواردەوە. بەڵام عەباسجان دەنگەکەی نەئەبیست. عەباسجان هیچ دەنگێکی نەئەبیست و ئەتوت هیچیش نابینێ. گریان و هەروا گریان و گریان.

دەهۆڵ و زوڕنا وا خەریک بوو زەمینە بۆ ڕۆیشتنی زاوا بۆ پەردە ئامادە بکات. شێو ئەبێ خورابێ. پاش شێویش دەستی بووک و زاوا ئەدەنە دەست یەک. میوانانی دەوروبەر یان ئەڕۆیشتن یان لە شوێنێک کە بۆیان ئامادە کرابوو، جێگیر ئەبوون و گەنجەکانیان لە گۆڤەندی شەوگەڕدا بەشدارییان ئەکرد. لە کۆتایی خۆشی زەماوەندا گەنجەکان مەیدانیان ئەگرت. دەهۆڵیەکان ئەیانکوتا و تا هێز لە لاق و ئەژنۆدا بمایەت و تا باری زەماوەنەکە دەرفەتی بدایەت، سەما و داربازیان ئەکرد. لەو نێوانەدا، چاوەشەکان ئەکەوتنە شانۆگەری: لێبووک. ئەو هونەرەی کە لە ناو هەموو

چاوەشەکانی ئەو مەڵبەندە، ڕوخەک لە هەمووان بەناوبانگتر بوو تێیدا. ئەم هەمووە بەڵام بە عەباسجان چی؟ کەم نین ئەو کەسانەی کە لە ماڵی خۆیاندا نامۆیی درک پێ ئەکەن و ملی لێ ئەنێن. ئەو شتەی کە عەباسجان پاش ئەو هەموو چەپەڵی و بێدادە و بە دوای ئەو هەمووە هەوڵ و تێکۆشانە دزێوەیدا خەریکە بڕوای پێ بکات. غەریبی!

ـ «تۆ کێی زەلام، ئادەمیزاد؟ تۆ کێی و بەرەو کوێی؟ تۆ کێیت و هی کام مەڵبەندی؟!»

جارێکی دی دەنگی شاواشکردنی سەیدی تەلەفوونچی و، جارێکی دی سەڵەوات. هەلهەلەی ژنان. بابە گوڵاو ڕەنگە دیسانەوەش ئەسپەندەری ئەکردە سەر ئاگر. هەڵڵا و کوتانی بەزرمەی دەهۆڵ. فەرتەنە و هەراوهوریا. دەنگ، دەنگی ئادەمیزاد. هاتوچۆ. ماڵەوماڵ. دیواخان ئەبوا بۆ ژووری پەردە ئامادە بکرایەت. میوانەکان، میوانەکان. پاشماوەی میوانەکان، ئەبێ لە قەراخەوە وەستابێتن و ڕێگە بە ڕۆیشتنی زاوا بدەن. ژنەکان، ژنەکان ئەبێ دەوری بووکیان دابێ. داڵان، شوێنی تێپەڕینی بووک ئەبوا بە لۆکس رووناک بکرێ. ئەبوا، ئەبوا کارەکان بە تەوەری خۆیاندا بڕۆن. ماڵ بۆ ماڵ ڕێگە نییە و مەیدان و کۆڵانێکیش کە کوڕەکانی ڕوخەک بە سەما و یاری پڕی بکەنەوە. لە کۆتانی بە گرمەی دەهۆڵ و زوڕنادا، ژنەکانیش دەف و دایەرەی خۆیان لێ ئەدا. ئەمە ئەبێ دەنگی دەستی لالا بێ لە سەر پێستی وشک و کشاوی دەفەکە.

چراتۆڕی بانیجە و کۆڵانیان ڕووناک کردبۆوە و شەیدا، نوقڵ و پارەی ئەکرد بە سەر براکەی و بووکدا. لە بانیجە هەڵڵایە و ژنەکان بەیەکا دێن. پەردوو، ژنی سەیدی تەلەفوونچی ڕازاندبوویەوە. ئەبوا ئاگایان لە گوڵەندام بێ. ژنی ڕوخەک ئەسپەندەر ئەگەڕێنێ و بووک و زاوا ئەچن بۆ پەردە. دەستەکانی نوورجیهان دەرگای دیواخانیان لێ دائەخا. ژنی سەیدی تەلەفوونچی و لالا، ژنەکان

لە بانیجە دوور ئەخەنەوە بەرەو پلیکانەکان. شەیداش ئەبێ دوور بخەنەوە. بەس نوورجیهان و گوڵەندام و ژنی سەیدی تەلەفوونچی لە پشت پەردە ئەمێننەوە. لالاش خۆی ئەبێ بە دوای ژنەکاندا ڕۆیشتبێ.

سەیدی تەلەفوونچی و عەبدولە ڕەش دەهۆڵیەکان بەرەو مەیدانی گەرماو ئەبەن. ژنەکانیش ئەتوانن لە لایەکی مەیدانەکە بۆ سەیرکردنی گۆڤەند ڕابوەستن. خەڵکی بە دوای دەهۆڵ و زوڕناکەدا بەرەو مەیدان ئەکشێن. حەوشەی ماڵە بوندار ئەبێ چۆڵ و بێدەنگ بکرێ. دەوروبەری پەردە ئەبێ خامۆش بێ. چەند کەس زیاتر نابێ لە ماڵەوە مابێتەوە بۆ کۆکردنەوەی دەفر و ئامان و سفرە و ورتکە و پرتکەی ئەملا و ئەولا. ڕوخەک و دەستەکەشی ئەبێ خۆیان گەرم کردبێ و وردەوردە بەرەو مەیدان بکەونە ڕێ بۆ ئەوەی کاتێکە بەزمەکە گەرم بوو ئەوانیش دەسبکەن بە شەوبازی. ئالاجاقی و فەربەخش، وادیارە لەوە زیاتر نامێننەوە. کاتێکە بووک و زاوا دەستیان درا بە دەستی یەکەوە، ئەوان ئەڕۆن. ئەوە نییە لە شارەوە بانگ کراون؟! خوشکەزای ئالاجاقی، جەلیل ئاغە، گزیرەکەی تالاوایی و زۆریتر ئەڕۆن. ڕەنگیشە تالاوایی و جەلیل ئاغە بە بیانوویەک شەو لە قەڵاچیمەن بمێننەوە. بەڵام زۆربەیان ئەڕۆن. چ جایە تا ئێستا ڕۆیشتبێتن. دەهۆڵ ژەن ئەبێ بیکوتن. ئەبێ لە ناو مەیدان ئەوەندەی بکوتن تا هەواڵی بە شا بوونی زاوا لە پەردەوە بگات.

ــ «هەر بژی زاوا زێڕینە. بە خۆشی برای زاوا زێڕینە. دارەکان بدە بە شەیدا. بیکوتە مەشەدی کلۆ!»

عەباسجان تەوێڵی لە سەر مستە قووچاوەکانی بەرز کردەوە، پانایی پڕ لە فرمێسکی ڕوومەتی بە بەری زبری دەستەکانی سڕییەوە، دەستی برد بۆ گیرفانی جگەرەیەک دەربهێنێ. بەڵام ساتێک ڕاما. هەڵۆسە و گومان؟ نادعەلی چوارگوێشلی ئەتوت لە نزیکی وەستاوە، بە سەر زینەکەوە و تۆزێ چەمابوویەوە

بە سەر یاڵی ئەسپە سپیەکەیدا. ئەتوت ماوەیەکە نادعەلی چەند هەنگاوی بمێنێ ڕاوەستابوو، ماوەیەک ڕەنگە تێپەڕیبوو. بەڵام بوونی لە تاپۆ ئەچوو. تارماییەک، سێبەرێکی هەورئاسا. عەباسجان نەیتوانی هیچ بڵێ. ئەگەر بشی ویستایەت شتێک بڵێ، توانای دەربڕینی نەبوو. هەم ئەوەی کە دەرفەتیش نەبوو. دەرفەتی هیچ گوتوبێژێک نەبوو. چونکە سوار، بە سەر ئەسپەکەیەوە وەکوو هەور لە بەرامبەر عەباسجانەوە تێپەڕی و بەکاوەخۆ دوور کەوتەوە.

هەڵۆسە؟ هەڵۆسە و گومان؟ چ هەڵۆسەیەک و چ گومانێک؟

عەباسجان چاوی ترووکاند، سیگارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دایگیراند. چۆکی ئازاد کرد، ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی، جگەرەکەی لە نێوان پەنجەکانیدا ڕاگرت و خێسەی بڕییە لێلایی شەو.

گۆڤەند برا بۆ مەیدانی بەردەم گەرماو و بەزمی سەما و وازی گەرم بوو. دەنگەکان نزیکتر ببوونەوە، یان باشترە بوترێ عەباسجان دەنگەکانی نزیکتر بە خۆی هەست پێ ئەکرد. تیشکی چراتۆڕەکە بەشێک لە کۆڵان و دیواری بەرامبەر مەیدانەکەی ڕووناک کردبوویەوە. بەڵام عەباسجان نە سەیری ڕووناکی ئەکرد و حەزیشی لەوە بوو سەیری بکات. بەڵام بە بێ ئەوەی بیەوێ، دەنگەکانی ئەبیست. دەنگی چێوبازی. دەنگی لێکدانی دار بە دەستەکانی دوو خەنیمەوە، بە هەوای کوتانی دەهۆڵ و زیڕەی زوڕناکە بە ئاشکرا ئەبیسرا. عەباسجان نەی ئەتوانی دەنگەکان بە گوێ نەبیسێ، بەڵام ئەیتوانی بە نەبیسیان بگرێ و مژی دا لە سیگارەکەی:

ــ «ئەمەش ئەمڕۆ، ڕۆژی سەگی! ڕۆیشت، ئەمڕۆش ڕۆیشت!»

دەنگی هەڵکردنی مەکینەی ترۆمبێل لە لای سەرەوە، لە مەیدانی بەردەم کاروانسەراوە هات. عەباسجان بیری کردەوە

ئالاجاقی نەڕۆیشتبوو. ئەمەش مەکینەی جیبەکەی بەرپرسی جەندەرمە کە هەڵکرا. عەرەبانەچیەکەی تاڵاواییش ڕەنگە خەریک بوو ئەسپەکانی لە فایوونەکە ئەبەست. ئیتر، ئەوەش بوندار کە لە بەر دەرگای تڕۆمبێلەکە وەستاوە و خەریکی کلکە سووتێیە:

ــ «من، من، قوڕ بە سەری من! منی عەباسجانی جڵەودار تەنانەت شیاوی نۆکەری کردنیش نیم. توانای نۆکەری کردنیشم تێدا نییە. تیامدا نەبووە! ڕۆیشتن،ڕۆیشتن. شیاون، شیاوی شان و شکۆیانن.»

مژێکی تر:

ــ «ئەو کیژە نەگبەتە، جەیرانی ڕەبەن، مەگەر لە پشت حەوت دیوار و حەوت دەرگادا بیشارنەوە، ئەمشەو. دیسانەوەش، دیسانەوەش، بەرمراد نیم بەساخی لە دەستیان دەربچێت. کەس نازانێ تاڵاوایی و جەلیل ئاغە ڕۆیشتبێتن. بۆ چاوەشەکانیش مسۆگەر لە دیواخانی سەیدی تەلەفوونچی جێگایان ئامادە کردووە. کوێ لەوێ باشتر؟ تاڵاوایی و جەلیل ئاغە! خۆم گوێم لێ بوو بوندار بەڵێنی جەیرانی بە جەلیل ئاغە ئەدا. ئەشبێ وابێ! هەر کەسە و نانی لێوەشاوەیی خۆی ئەخوا! چووزانم، ڕەنگیشە هەتا ئێستە لە کەین و بەینی کارەکانی زەماوەندا، جەلیل ئاغە و جەیرانی کردبێتە خەڵوەتەوە. ئەمێنێتەوە شەیدا. ئەگەر تاڵاوایی و جەلیل ئاغەش ڕۆیشتبێتن، کچە ئەبێ بە یەخسیری ئەمیان. یەخسیری شەیدا. ئەشبێ. ئەبێ. هەر کەسە و نانی لێوەشاوەیی خۆی ئەخوا. ئەبێ، ئەشبێ وابێ!»

زیڕەی درێژ و بەردەوامی زوڕنا، ئەتوت پێستی شەوەزەنگی دادڕی. کوتانی دەهۆڵ لەگەڵ هەلهەلە و قیژە و هەرا تێکەڵ بوو و وا دیار بوو بە یەکجار هەموو شت لێک ئالا. وا پێ ئەچوو گۆڤەند خەریکە کۆتایی پێ دێ. پێخەسوو و ژنانی پشت دەرگای پەردە ئەبێ دەسرەی سپی خوێناویان دیبێت و شایەتیان دابێ.

شۆر و هەلهەلە. زاوا ئەبێ بووبێ بە شا:

ـ «لەوە نەئەچوو ئەوەندە لێهاتوو بێ ئەسڵانی بوندار؟!»

عەباسجان ڕووناکی نووکی سیگارەکەی لە ناو مشتیدا شاردەوە و پشتی لە دیوارەکە توند کرد و هەناسەی لە سینەیدا تاساند. نەی ئەویست ڕێبوارەکان ـئەو تاک و تەرایەی بە شکانی گۆڤەند بەرەو ماڵەوەیان ببوونەوەـ لە سەر سەکۆی بەردەرگا ببینن. هەروەها نەی ئەویست خۆیشی بزانێ ئەوەی کە تێ ئەپەڕن کێن و کێ نین. ئەیویست هەر کەس هەن زووتر تێپەڕن و بڕۆن.

دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا خاو ببوویەوە و لە بڕاندا بوو. دڵنیا بوو ئەمشەو ئیتر دەنگیتر نابێ. تەوەنەکە لێک هەڵبڕابوو و خەریک بوو بڵاوەی ئەکرد و هەر کەسەبەرەو ماڵی خۆی ئەبوویەوە. کلۆ و مەرحەباش بێگومان ئەچوون بۆ ماڵی میمکە سەنەما و چاوەشەکانیش لە ماڵی سەیدی تەلەفوونچی. ئەوسا کە هەراوهوریا ئەخەوت و شەو کز ئەبوو، بۆ دڵ نزیکانی زۆر نزیکی زەماوەنەکە بەزمێکی تایبەت ڕێک ئەخرا. شەوگەڕێکی ناو دیواخان و پشت دەرگای داخراو بۆ ئەوەی کەسوکار ماندوێتی ئەو ڕۆژەیان بتەرێنن. کە وا بوو، شەوی نیوەشەو ئەگەر سەرگەردانێک بە لای دیواری ماڵی تەلەفوونچیدا تێپەڕیایەت، ڕەنگە ئەیتوانی دەنگی ئارامی تارەکەی لۆتی ڕوخەک ببیسێ و ڕەنگە دەنگی سەنجەکانی سەرپەنجەی جەیرانیش. ئەم هەمووە بەڵام بە عەباسجان چی؟

مژێکی دی:

ـ «ئەی ئەم قەدیرە، ئەم قەدیرە ئەستۆ شکاوە کوا؟ ئەیەوێ لەوێ بمێنێتەوە بەرچایی بۆ بووک و زاواش ببات؟، کوای تۆ، مردوو مراو!»

دەنگێکی تر نەبوو و ئەگەر هەبوو دوور ئەکەوتەوە، یان تای دەرگایەک کە دائەخرا. زۆری پێ ناچێ لە هەموو قەڵاچیمەندا،

تەنها یەک پەنجەرە ڕۆشن بێت و بەس لە بن یەک دیوار هەندێ زەمزەمە و سرتە ببیسرێ. دوو ڕێبواریتر. عەباسجان ڕووناکی سیگارەکەی لە ناو دەستیدا شاردەوە تا هەست بە بوونی لە سەر سەکۆی بەردەرگا نەکەن:

ــ تالاّوایی ئەربابیش مایەوە ئەمشەو!

ــ لەو شەوە مێژووییانەیە ئەمشەو! ئەگەر لە منی ئەبیسی بەڵێنت پێ ئەدەم جەلیل ئاغەش ئەگەڕێتەوە بۆ قەلاّچیمەن. ئەگەر کرابێ ئالاجاقی ئەگەیەنێتەوە بۆ شار و ڕائەوەستێ تا خەوی لێ بکەوێ و خۆی ئەگەڕێتەوە. دەمەو بەیانیش بووبێ هەر دەر ئەکەوێتەوە!

ڕێبوارەکان تێپەڕین و دوور کەوتنەوە. وای بۆچوو ئەولحەمی قاتمە و تاجعەلی کۆڵبەر بوون. عەباسجان سیگارەکەی نایەوە بە لێویەوە و چاوی بڕییە ناو کۆلاّن. هەستی ئەکرد ئەتوانێ بە ئاشکرا چاوەڕوانی قەدیر بکات. کۆلاّن وردە وردە خەریک بوو چۆڵ ئەبوو و ئەبوایە قەدیریش دەربکەوێ. هەرچەند گۆپاڵی دەشتەوانی، ئەو کۆڵەکەی هیوایە بوو کە قەدیر پاڵی پێوە بدات، بەلاّم ئەم دەسمایەیە پێ ئەچوو قەدیری بێ ئەندێشە و بێ نیاز کردبێ.

قەدیر هات و عەباسجان هەر لە دوورەوە دەنگی پێی ناسیەوە. بەلاّم نە ویستی ببزوێ و نە وزەی ئەوەی تیا بوو کە ڕابێ، یان شوێن بگۆڕێ. بۆیە هەروا مایەوە تا قەدیر بەرەو سووری سیگارەکەی ڕاکێشرا، هاتە پێشەوە و لە بەر دەرگای ماڵەوە وەستا. عەباسجان هەروا لە ناو خۆیدا بوو و سەری داخستبوو. قەدیریش ئەتوت ئاخافتنی لەگەڵ عەباسجان نەبوو. یان ئەوەی کە قسەی زۆر بوو و لە سەر فرەیی قسە لێی بێدەنگ ببوو. ساتێک ڕاما و پاشان دەستی گرت بە تای دەرگاکەوە و بە نیوەکراوەیی ڕایگرت. عەباسجان خۆبەخۆ هەڵسێنرا و لە بن گوشاری نیگای قەدیردا، لە بن دەستی ئەوەوە بە درزی دەرگاکەدا

خزایە ژوورەوە و لە ناودالان ڕاوەستا. بە دوای عەباسجاندا، قەدیر پێی نایە ناو دالان، چاوی بە تاریکیەکەدا گێڕا و دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست.

عەباسجان لە شوێنی خۆی نەئەبزوا. هەروا وەستابوو و چاوەڕوانی هەڵوێستی قەدیر بوو. قەدیر بە بێ ئەوەی بڕوانێتە عەباسجان، چنگی دا لە شانی و بەرەو حەوشە پەلکێشی کرد. ماڵ خامۆش و تاریک بوو. پێکەوە دەوری چاڵەکەیان دایەوە. قەدیر بەرەو باوکی چوو و لە بەر دەمیدا وەستا. ئاگری ناو تەنەکەکە دامرکابوویەوە و ببوو بە خۆڵەمێش و پیرەمێرد، لە ناو چوارچێوەی دەرگای ژوورەکەدا، هەروا پاڵی بە جێوبانەکەوە بوو. قەدیر دەستی کرد بە گیرفانیدا و شەمچەی دەرهێنا. تەڵێکی داگیراند و لە بەر چاوی باوکی ڕایگرت. تەڵە شقارتە کوژایەوە. چرا. عەباسجان لە سەر جێوبانەکەوە چووە ناو ژوورەکە و لامپاکەی هێنا. قەدیر لامپای پێکرد، پلێتەی هەڵکێشا و لای ڕوخساری باوکیەوە ڕایگرت. ڕوخساری کابرا وشک و خامۆش و مۆر بوو. دەمی داچەقاندبوو و چاوەکانی ـدوو کلۆ سەهۆڵـ داخزابوو بۆ بەردەمی. قەدیر لامپاکەی دانا و ڕووی لە عەباسجان کرد، پشتی ڕاست کردەوە و دەستەکانی ـوەک بەهۆی شەکەتیەوەـ نایە کەلەکەی و لە براکەی ورد بوویەوە. عەباسجان بە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، دەستەکانی کەوتنە باڵ وەشاندن و بە لاڵەپەتی وتی:

ــ نەء، نەخێر، نەبەخوا، بە ئێمام ڕەزای غەریب. بەم قیبلەی ئاواتە، نەء! نا، من، من، من نەمکوشتووە، من ئەوم نەکوشتووە!

قەدیر تۆقاو و شەڵەژاو بە ترسەوە، بە ترسێکەوە کە تاوبەتاو پەرەی ئەگرت، هەڵکەنرا و هەڵات بۆ دالان، ئاڵقەی زنجیرەکەی کرد بە قوڵفەکەدا، گەڕایەوە و یەکسەر بەرەو عەباسجان هات. دەستی برد بۆ مشتەی کێردەکەی و لە بەر

پشتێنەی دەری هێنا و لە نیگای واق و وڕ و ـ ئەتوت ـ جنۆکە لێدراوی عەباسجاندا بۆقەتەی ملی گرت، ڕایکێشا بۆ بەرەوە و بە زەبرێک دای بە عەرزا و ڕای کێشا بەرەو چاڵی زبڵەکە. لە لێواری چاڵەکە، پۆستاڵی خستە سەر ملە بێگیانەکەی عەباسجان، نووشتایەوە بە سەریدا و بە چاوانی لە تووڕەییدا داچەقاو و بە ڕوخسارێکەوە کە ماسوولکە بە ماسوولکەی ئەلەرزی، وتی:

ــ نان حیزی، کوڕی نابیسمیللا، بڵێ، بڵێ بزانم چۆن کوشتت، بەر لەوەی ئالێرەدا وەکوو سەگ بتتۆپێنم! بڵێ چۆن کوشتت؟ چۆن زۆڵەزادە، چۆن؟ خنکانت؟ پاڵت پێوە نا؟ چیت لێکرد، ها، چی؟

عەباسجان لەو دەمی مەرگەدا، چاوەکانی لە کالانە دەرپەڕیبوو و دەمی لە بن گوشاری پۆستاڵەکەی قەدیر و هەمیش لە ترسی مەرگ داچەقابوو. مردن سەدجار بۆ عەباسجان ئاسانتر لەوە بوو تاقە وشەیەک دەرببڕێ. لە هەمان کاتیشدا بەس ترسی مردن و کەمترین هیوای زیندوومانی بوو، زمانی هەڵپچڕی:

ــ ڕاستیەکەی، ڕاستیەکەی، من، من، من مەکوژە، من مەکوژە قەدیر! بەو شیرەی خواردوومانە، بە برایەتیمان سوێندت ئەدەم، مەمکوژە! من ڕاستیەکەیت پێ ئەڵێم. جارێ ملم، ملت ورد کردم! قرخەم دەرنا!

قەدیر پێی لە سەر گەردنی عەباسجان لابرد، بەڵام عەباسجان نەیتوانی خۆی خڕ کاتەوە. کۆکە گرمۆڵەی کرد، بەڕادەیەک کە ڕەگەکانی ملی ئەستوور بوون و لەشی وەکوو ژیشک کۆبوویەوە و لێک ئالا. گوشاری کۆکە ڕێگەی لەوە ئەگرت عەباسجان بتوانێ ڕوومەت و گۆنای لە خاک و خۆڵی قەراخ چاڵەکە دوور بکاتەوە و نەهێڵێ لێی بگەوزێ. ڕەش و شین هەڵگەڕابوو و چنگی لە هەوا و خاک گیر ئەدا و وا پێئەچوو جەرگ و ڕیخۆڵەی خەریکە لە گەروویەوە بێتە دەرەوە.

قەدیر بە هەستێکی پڕ لە نەفرەت و هاودەردی، پڕی دایە قۆڵی و لە سەر جێ هەڵیساند؛ بەڵام لەبری ئەوەی لە سووچێکا دایبنێ، توند کۆتای بە دیوارەکەدا و لەو دارەتەدا ڕایگرت، یەخەی تابن چەناگەی بەرز کردەوە، ئاژ و ڕق ئەستوور و دەم بەجنێو وتی:

ــ زمانت هەڵپچڕە نەگبەتی خوێڕی، زمانت هەڵپچڕە!

هەناسەی عەباسجان تاسابوو و ڕوخساری زەردەڵی گڕی گرتبوو و شین هەڵگەڕابوو. لە هەمانکاتدا نیگای لە تیغی کێردەکەی قەدیر هەڵنەئەگرت کە ئێستە هەستی بە ساردییەکەی ـبە بێ ئەڤانی قەدیرـ لە سەر سینە ڕەقەڵەکەی خۆی ئەکرد:

ــ کێرد، کێرد، ئەو کێردە بکەرەوە بەبەر پشتێنتدا. یەکەم، یەکەم ئەو کێردە! بەڵێنت پێ ئەدەم ڕاستیەکەی بڵێم. بە ڕۆحی ڕەسووڵەڵڵا، بەو خوایەی من و تۆی ئافراندووە ئەگەر وشەیەکی بگۆڕم. بەس دەرفەتم بەرێ. بەس دەرفەتم بەرێ. مەمترسێنە، مەمترسێنە بێپیر! لێم گەڕێ با دابنیشم. بهێڵە هەناسەم بێتەوە بەر. من خۆ وام لە بەردەستی تۆدا، خۆ هەڵنایەم، قەدیر! لێم گەڕێ با دابنیشم. سینگم، سینگم سووتا!

قەدیر لە کۆڵی بوویەوە و عەباسجان لە بن دیوارەکە دانیشێنرا. ڕاستەکەی تراو بوویەوە و تلیسایەوە. قەدیر هەروا لە بەرامبەریدا ڕاوەستابوو و سەیری ئەکرد. عەباسجان لاجانگەکانی بە لەپی دەست گرتبوو و ڕێکی ئەگووشی. لە هەمانکاتدا نیگای پەرێشانی لە ڕوخساری هەڵچووی قەدیر بوو کە زاڵ و باڵ کراوە بە سەریەوە ڕاوەستابوو. ئاخافتن هێشتاش بۆ عەباسجان دژوار بوو. بەڵام ترسی لە قەدیر و، زیاتریش ترسی لە خەنجەرە هەڵکێشراوەکەی قەدیر، وای لێکرد لێوی هەڵپچڕێ و بە دەنگێک کە هێشتاش تاساو و لەرزۆک بوو، بکەوێتە پاڕانەوە:

ــ ئەو، ئەو کێردە بکەرەوە بەبەر پشتێنتدا. من، من هەموو

شتێک بەو جۆرەی کە بوو بۆی ئەگێڕمەوە. بەڵێن، بەڵێنت پێ ئەدەم، سوێند بێ بەو شتەی ئەیپەرەستی، موو بە موو بۆتی ئەگێڕمەوە؛ ڕێزاڵ ڕێزاڵی!

قەدیر هەنگاوێک کشایەوە، ڕوی کردە باوکی، تاوێک تێی ڕوانی و پاشان بەرەو پیرەمێرد، پێی نایە ناو دەریزانی دەرگاکە، بە ئارامی لە کەلایی خواداد نزیک بوویەوە و لە بەرامبەریدا دانیشت. تاوێک سەیری کرد و پاشان ناخودئاگا دەستی گرت بە تەوێڵیەوە و وەکوو باوکی، خامۆش بوو.

ـ سووچی من نەبوو قەدیر، تاوانی من نەبوو. باوەڕم پێبکە ڕاستیەکەت پێ ئەڵێم. من ئەمویست کە، بیکوژم. بەڵام بەس ئەمویست بیکوژم. نەمتوانی، هیچکات نەمتوانی لە ڕادە و سنووری ویستەکەم بچمە پێشتر. من، من هیچکات جەربەزەی ئەو کارە، توانای ئەو کارەم پەیدا نەکرد. بڕوا بکە. هاتمەوە، هاتمەوە بۆماڵەوە و بەو مەبەستەشەوە هاتمەوە. شووشەیەک لەو قوزەڵقورتەم بۆ خۆم دزی و هاتمەوە بۆ ماڵەوە. لە ماڵی سەیدی تەلەفوونچی دەرکەوتم و ڕاست هاتمەوە بۆ ئێرە و لە سەر تەنوورەکە دانیشتم. نیوەی ئەو قوزەڵقورتەم خواردەوە بەڵکوو غیرەت بمگرێ. ئاخرەکەی لە سەر تەنوورەکە هاتمە خوارەوە، هەر چۆن بوو هاتمە خوارەوە، هاتمە خوارەوە و بەرەورووی چووم. ڕێ کەوتم، ڕێ کەوتم. ئا لەوێوە؛ بەم جۆرە!

قەدیر ئاوڕی لە عەباسجان دابوویەوە و ئەوا لە لای دەرگاکەوە، پشتی دابوو بە دیوارەکەوە و لە براکەی ئەڕوانی. عەباسجان لە یادکردنەوە و گوتنەکەی خۆیدا ڕابوو، شیشی تەنوورەکەی لە قەراخ چاڵەکە هەڵگرتبوو و بەهەر دوو دەست ڕوو بە باوکی ڕایگرتبوو:

ـ هاتم، هاتمە بەرەوە، سەری شیشەکە سوور بوو. خستبوومە ناو تەنوورەکە باش سوورەوە ببێ. سووری سوور بوو. ئاگر؛ وەکوو خودی ئاگر. هەروا هاتمە پێشەوە، هاتمە پێشەوە

و شیشە سوورەکەم لە بەرامبەر چاوەکانیدا ڕاگرت. بەڵام ئەو، ئەو، سەیری ئەکردم. بەس سەیری ئەکردم، بە خێسەوە سەیری ئەکردم. ترسام، بڕوا بکە لە ترسان تەز بە هەموو گیانمدا گەڕا. نەم ئەزانی چی بکەم. خواخوام بوو بە جورێک خۆم ڕزگار بکەم. هیچکارێکم لەدەس نەئەهات. خوایەگیان، چەندە لە خۆم بێزارم! ڕاستەکەی من ئەمویست بیترسێنم بۆ ئەوەی لە ترسان دڵیَ بتۆقیَ، بەڵام خۆم، خۆم خەریک بوو لە ترسان دڵم ئەتۆقی. بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕام خۆم دەرباز بکەم، خوایە گیان، لەو کاتەدا بوو کە نادعەلی چوارگوێشلی دای لە دەرگا! هەر خەریک بوو دڵم بتۆقیَ، بەڵام، بەڵام هەر چۆنێک بوو خۆم گەیاندە پشت دەرگاکە. ئەو شێتە هات. هات و پێکەوە دانیشتین و پاشماوەی ئارەقەکەمان نا بە سەرەوە. نازانم ئیتر چیم لیَ بە سەر هات. نادعەلی خەوی لێکەوت و من هەڵسام و هاتم بۆ ماڵی بوندار تۆ ئاگادار بکەمەوە. لەویَ بەتەمای تۆ بووم کە نادعەلیم بینی کەوتۆتە ڕیَ و هاتووە بەرەو ماڵی بوندار. دیسانەوەش لێبڕام بێمەوە بۆ ماڵەوە و کارەکە تەواو بکەم. بەو مەبەستەش بەرەو ماڵ بوومەوە. ئەمجار دڵنیا ببووم، لێبڕابووم و جەختم لە سەر ئەوە بوو پیرەمێرد بکوژم. تەنانەت سوێندم خوارد، سوێندی خۆمم دا بێم و کارەکە یەکاڵا بکەمەوە. بە لێبڕاویی پێم نایە ناوداڵان، دەرگاکەم لە پشت سەرم داخست و هاتمە حەوشە. شیشی تەنوورەکەم هەر لەویَ کەوتبوو و ئاگری تەنوورەکەش دامرکابوویەوە. ئیتر پێویستم بە هیچ نەبوو. بڕیارم دابوو بەدەست بیخنکێنم. یەکڕاست هاتمە بەرەوە، هاتم و لەبەردەمی ڕاوەستام. بینیم، بینیم هەر بەو جۆرە لێم مۆڕ بۆتەوە. تووڕە بووم، جنێوم دا و وتم ئەیکوژم! ویستم سەرینەکە هەڵگرم و بیخەمە سەردەمی تا هەناسەی لە بەر ئەبڕیَ. کارێکی دژوار نەبوو. بەس ئەبوایە سەرینەکە هەڵگرم، لە سەر دەمی دای بنێم و تا دە بژمێرم، بەس هەتا دە! دڵنیا بووم هەناسەی بە

دە ژمارە ئەبڕدرێ. پێم وت: «شادومان بهێنە پیری بێ کتێب!» بەڵام ئەو دیسانەوەش هەر خامۆش بوو و بە خێسەوە تێی ئەڕوانیم. ئەتوت ڕق ئەداتە ڕقم. هیچی نەئەوت؛ هەر هیچ! لەو کاتەوە من لێم هەڵپێچابوو، تەنانەت یەک وشەشی نەوتبوو. وەڵامی هیچ پرسیار و بزووتنێکی منی نەدابوویەوە. غەزریبوو. خەریک بوو شێتی ئەکردم. دیسانەوە پێم وتەوە: «ئەمەوێ لە کۆڵت بکەمەوە پیرە سەگ!» بەڵام ئەو دیسانەوەش هیچی نەوت. هەر بەو جۆرەی کە لە بەیانی زووەوە لێم مۆڕەوە ببوو، بە چاوی مۆڕەوە مایەوە. هاتمە بەرترەوە، بۆ ئێرە، تا ئێرە. هەر بەو جۆرەی کە سەر و ملی پاڵ دابوو بە سەرینەکەوە، دەستی چەپم خستە سەر تەوێڵی و بە توندی و بێ ڕاوەستان دەستی ڕاستیشم خستە سەر دەمی؛ بەڵام، بەڵام!

ــ بەڵام چی؟ پاشان؟ پاشان چی؟

قەدیر بەپەلە و ناخودئاگا چۆکی دادا و چنگی لە شانی عەباسجان ـکە بەپێی گێڕانەوەکەی خۆی، لەبەردەم باوکیدا چۆکی دادابوو‌ـ گرت و بە توندی ڕایوەشاند:

ــ دەی؟!

عەباسجان سست بوو. سست و شل. خۆبەخۆ بە پشتدا کەوت و بە دەم گریانێکەوە کە شانەکانی ئەلەرزاند، وتی:

ــ سارد، سارد بوو، سارد ببوویەوە! خوایە گیان من، من لە بەیانیەوە لەگەڵ مردوویەک دەوەن بە ئاشم کردووە!

دەستی قەدیر خاو بوویەوە، شانی عەباسجانی بەردا و خۆیشی وەکوو براکەی لە بن دیوارەکە تلیسایەوە و هەستی کرد هەوای ماڵەکە خۆڵەمێشی لێ ئەبارێ. بێدەنگی مەرگ بە سەر گیانە وێرانەکاندا، شەوی درێژ و پڕووکێنەر.

لە دەرگایان دا. دیسانەوەش. سێ جار. نەک بە چەکوش و ئاڵقەڕێز، بەڵکوو بە مشت. براکان بەس دەنگی دەرگاکەیان بیست. خامۆشی و دیسانەوەش خامۆشی. کوتانی دەرگاکە بە

مشت. جارێکی تریش. نەء؛ دیساش توانای وەڵامدانەوە نەبوو. لە پشت دەرگاکەوە، دەنگی ماندووی نادعەلی هات:

ــ من، میوانم ئەمشەو، موسڵمانەکان!

پاڕانەوەی غەریبی لە دەنگی نادعەلی چوارگوێشلیدا بوو. قەدیر ڕابوو و بە بێزاریەوە بەرەو داڵان کشا، ناوداڵانی نووتەکی بڕی و لە پشت دەرگاکە ڕاوەستا، لە درزی دەرگاکەوە ڕوانیە دەرەوە. نادعەلی دەستی لە پاڕانەوە هەڵگرتبوو، هەنیەی نابوو بە باڵشمەی دەرگاکەوە و لە بەر خۆیەوە ئەیوت:


ــ دەرگات لێ ناکەنەوە ئیتر، دەرگات لێ ناکەنەوە، غەوارە! چیت ئەوێ لەم ژیانە، چیت لێی ئەوێ؟!

قەدیر هەروا لە پشت دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو و لە درزی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد. نەیتوانی دەرگا بکاتەوە. دەرگای نەکردەوە. دەنگی نەرمی تارەکەی ڕوخەک، لە دیواخانی سەیدی تەلەفوونچیەوە کە لە سەر پێ پەنجە ئەهات بۆ کۆڵان، لە گوێی قدیردا زۆر دڵتەزێن و ئازاردەر بوو. نادعەلی ڕووی وەرگێڕا و دەسکەوساری ئەسپە سپی بە سەر شانیەوە، بە ناو کۆڵانەکەدا شۆڕ بوویەوە. بە یەک نیگا وا دەرئەکەوت کە بە تەواوەتی دەستی لە خۆی بەرداوە و سەرگەردان و چۆڵگەرد بە ڕێگەی نازانمدا ئەڕوات. قەدیر چاو و کاکیلەکانی ڕێک گووشا و هەنیەی کوتا بە دەرگای داخراودا، تاوێک بەو جۆرە مایەوە و پاشان ڕووی وەرگێڕا و وەک بیەوێ ئەو تۆزقاڵە سۆزەی لە دەروونیدا وروژابوو سەرکوت بکات، پاژنەی پۆستاڵەکەی کوتا بە زەویدا و لە بن گوشارێکی لەڕادە بەدەردا وتی:

ــ نەء!

بۆ بەرگی ١٠

٣٠٨٦
کەیدەر
بەرگی نۆیەم


محمود دەولەت ئابادی
کەلیدەر